
تصویر ابو عبد الرحمن الكردي

# ئەستێرەکانی
# ترۆپکی سەروەریی

## ژیانامەی شەهیدانی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان



ئامادەکردنی
شەریف وەرزێر

بەرگی دووەم

2009

برای بەڕێزم کاک هیوا مەرگە
لەگەڵ ڕێزدا
پێشکەشە
٩/٨/١٢

بەرگی دووەم

# ئەستێرەکانی ترۆپکی سەروەریی

## ژیاننامەی شەهیدانی کاروانی ڕابوونی ئیسلامیی کوردستان

٢٠٠٩ ١٤٣٠

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

(وَلاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَمْوَاتاً بَلْ أَحْيَاء عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ) آل عمران : ١٦٩

(مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُم مَّن قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلاً) الأحزاب : ٢٣


**ناوی کتێب: ئەستێرەکانی ترۆپکی سەروەریی**

**ئامادەکردنی: شەریف وەرزێر**

**تایپ: سالم صدیق**

**دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئەکرەم فەرەیدون**

**ساڵ و نۆرەی چاپ : ٢٠٠٩ - یەکەم**

**ژمارە ( ١٥٨٢ ) ساڵی ٢٠٠٩ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە**

---

**لە بڵاوکراوەکانی**

**مەکتەبی ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان**

لە چاپخانەی کوردستان بەچاپ گەیەنراوە

0770 153 2607 - 0770 153 2640

بەرگی دووەم

# ئەستێرەکانی ترۆپکی سەروەریی

## ژیاننامەی شەهیدانی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان

١٤٣٠ ٢٠٠٩

ناوی كێب: ئەستێرەكانی ترۆپكی سەروەریی
ئامادەكردنی: شەریف وەرزێر
تایپ: سالم صدیق
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئەكرەم فەرەیدون
ساڵ و نۆرەی چاپ: ٢٠٠٩ - یەكەم
ژمارە (        ) وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە
لە بڵاوكراوەكانی مەكتەبی ڕاگەیاندنی كۆمەڵی ئیسلامیی كوردستان

# سوپاس و پێزانین

هەر وەك لە بەرگی یەکەمدا سوپاس و پێزانینی تایبەتیمان بۆ ئەو بەڕێزانەی لە قۆناغە جیاجیاکاندا کەم و زۆر رۆڵیان لە زیندوو راگرتنی یادی شەهیدە ئازیزەکانمان و دارشتن و بڵاوبوونەوەی پۆستەر و ژیاننامەکانیاندا گێڕاوە و ئێمەش سوودمان لە رۆڵ و بەرهەمەکانیان بینیوە، دەربڕیوە، بەهەمان شێوە لەم بەرگەی دووەمیشدا سەر لە نوێ سوپاس و پێزانینیان ئاراستە دەکەینەوە و داوای لێبوردنیش لە هەر بەڕێزێك دەکەین لە هەر بەرگێکیاندا ناوەکەیمان لەبیر چووبێ:

١ – سەربەست موستەفا

٢ _ جیهاد هەولێری

٣ _ حاجی رزگار

٤ _ عەبدوڵڵا عەبدوڕڕەحمان (عەبدوڵڵای ئیعلام)

٥ _ کامەران ئەشرەف قارەمانی

٦ _ نەجمەدین شێخ صدیق

ئەم شەش برایە بەر لە راپەڕین بە پلەی یەکەم رۆڵیان بینیوە لەو بوارەدا .

٧ _ رێبوار کوێستانی، کە ناوی بەرهەمەکەش (ئەستێرەکانی ترۆپکی سەروەریی) داهێنانی ئەو بوو و بە ئەندێشە و قەڵەمە بە بڕشتەکەشی ژیاننامەی بەشێکی بەرچاوی شەهیدانی داڕشتووە.

٨ _ مامۆستا موحەمەد سەنگاوی شەهید

٩ _ کامیل مەحمود

١٠ _ سەلاح عەبدولقادر

١١ _ عومەر میراودەلی

١٢ _ شوان رابەر

١٣ _ كاوە هاوڕاز

١٤ _ كاوە پێنجوێنی

١٥ _ ئەرسەلان تۆفیق

١٦ _ڕێبوار هەورامی

+ زۆر سوپاسی خانەوادە وكەس و كاری شەهیدان و ئۆرگانەكانی كۆمەڵی ئیسلامیی كوردستان بەتایبەتی مەڵبەندەكان دەكەین، كە بە پەرۆشەوە هاوكاریان كردین.

+ سوپاس و پێزانینی تایبەت بۆ ئەو برا بەڕێزانەی بە ناونیشانی لیژنەی كۆكردنەوە لە بەرگی یەكەمیشدا ناویان هاتووە و بریتین لە:

١ — كەمال حەسەن

٢ — سەعید ئەحمەد

٣ — ناجیح حەمە فەرەج

٤ — دارا جاف

٥ — ئارام شوانی

٦ — موحەممەد جەمال

٧ — شاخەوان عەلی

٨ — نایف ئاسوودە

بێگومان ئەو ئەركەی ئەوان دڵسۆزانە رایانپەڕاند، بوو بە بەشێكی بەرچاو لە كەرەسەی وەبەرهاتنی ئەم بەرگەش.

هەروەها لێرەدا بە پێویستی دەزانین، وێڕای ئەم بەڕێزانە سوپاس و پێزانین بۆ هەر كام لەم بەرێزانەی خوارەوە دەربېڕین، كە هەریەكەیان و بە

ئەندازمیەك هەمان ڕۆڵیان بینیوە، جا لە بەرگی یەکەم یاخود دووەم دابووبێ یا هەردووکیاندا:

١ – فازیل کەلاری

٢ –والی خالید

٣- بەرپرس و دەستەی ناوچەکانی (قەڵادزێ، سەنگەسەر، رانیە، چوارقوڕنە، حاجی ئاوا، سەروچاوە، کۆیە).

٤ – حاجی عەدنان

٥– بەهائەدین خالید

٦- توانا بابا عەلی

٧- ئەحمەد سەرسپی.

# ئاگاداری و داواکاری

سوپاس بۆ خوا وا بەرگی دووەمی (ئەستێرەکانی ترۆپکی سەروەریی) کە تایبەتە بە ژیاننامەی شەهیدانی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان و (۲۰۸) شەهیدی لەخۆ گرتووە، خستە بەر دەستی بنەماڵە و کەس و کارە سەربەرزەکانیان و بەردەمی خوێنەر و ناو کتێبخانەی کوردییەوە، بێگومان ژیاننامەکانی ئەم بەرگەش هەر وەك بەرگی یەکەم بە پێی رۆژی شەهید بوونیان ریزبەندی کراون، لێرەشەوە داوا لە کەس و کار و دۆستان و شەهید پەروەران دەکەینەوە کە وەك رابردوو و لە پێناو تەواو کردنی بەرگەکانی تری پرۆژەکەدا لەگەڵماندا هاوکاربن بۆ ئەوەی بە هەموان بتوانین ئەم سەروەری و سەرمایە گرانبەهایانە لە نێو زەمین و دڵماندا بە گەشەداری و زیندوویی بهێڵینەوە و بەردەوام لێیانەوە فێری واناکانی نەبەزین و، خەبات و بەرخودان و گیان بەخشین لە پێناو ئایین و گەل و نیشتماندا ببین، دەخوازین لەهەڵە و کەم و کورتیەکانیش ئاگادارمان بکەنەوە، پێش وەخت سوپاستان دەکەین و چاوەڕێ ی هیممەت و هاوکاری دڵسۆزانەتانین.

# پێشەکی

لە ساڵی ٢٠٠٥ کە بیرۆکەی نووسینەوەی ژیاننامەی شەهیدانی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان لای چەند برایەك گەلاڵە بوو ، زانیمان ئەو ئەرکە قورسە پێویستی بە هەوڵی دەستە جەمعیە، بۆیە بە لیژنەوە نزیکەی دوو ساڵ سەرقاڵ بووین، ئەوجا بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە بە بەرهەم هات و لە ساڵی ٢٠٠٧ بلاو کرایەوە.

هەرچەندە بە نیاز بووین تا ژیننامەی سەرجەم شەهیدان دەنووسینەوە ئێمە کۆڵنەدەین، کەچی هەریەکێکمان سەرقاڵی شتی دی بوو، سەرقاڵیەکەشمان کردە هۆ بۆ دەستبەرداربوونمان لە پرۆژەکە.

تەنها کەسێکمان لە مەیدانەکەدا مایەوە و وەك سەربازێکی ونی کۆڵنەدەر وێڕای سەرقاڵی تر برای بەڕێزمان کاك شەریف وەرزێر بوو ، پاشەکشەی ئیمە و سەختی ئەرکەکە نەك هەر ماندووی نەکرد، بەڵکو وره بەرزانە و لێبڕاوانە تر وەخۆ کەوت و وچانی نەدا تا بەرگی دووەمی بە ئەنجام گەیاند.

راستە لە کۆکردنەوەی ژیاننامەکاندا، مەڵبەند و ناوچەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی هاوکار و یارمەتیدەری زۆر باشی بوون، کە هەوڵ و ماندووبوونیان جێگەی پێزانین و رێز لێگرتنە، بەلام برای بەڕێز کاك شەریف ئەمجارە بە تەنها، داڕشتنەوە و سەپەرشتی و ئامادەکردن و هەڵەچنی ئەم بەرهەمەی لە ئەستۆ گرت.

رەنگبێت بەشێك لەو ماندوونەبوون و بەردەوامبوونەی ئامادەکار زیادە دڵسۆزی و پەرۆشی ئەو پیاوە بێت بۆ شەهیدان و سەنگەرنشینانێك کە بە خوێنی خۆیان مێژوویەکیان بۆ تۆمار کردووین کە بۆ هەمیشە مایەی سەربەرزیمان بێت و شانازی پێوە بکەین.

مەسەلەیەکی دیکە دەمەوێت ئاماژەی بۆ بکەم نرخی ئەم جۆرە بەرهەمانەیە کە وێڕای وەفا بۆ شەهیدان و خەبات و قوربانیان کەرەستەیەکی زۆر باشن بۆ مێژوونووسان کە سبەینێ ئاوڕێکی بابەتیی مێژوو و خەباتی گەلەکەمان دەدەنەوە، ئەم نووسینانە بەهێزترین سەرچاوە دەبن بۆیان.

واشدەزانم نووسینەوەی مێژوو بە تێرو تەسەلی مەحاڵە ئەگەر ئاوڕ لە پێکهاتەکانی نەدرێتەوە، واتە هەر بوارێك بە تەنها تۆمار بکرێت و لە بارەیەوە بنووسرێت، پاشان یەکخستن و رێکخستنیان ئاسان دەبێت، کە خەریکە لەو رووەوە هەنگاو دەنێین، وەك کتێبەکانی (مێژووی رۆژنامەنووسی ئیسلامیی) و (مێژووی رەوتی ئیسلامیی) و (جەولەیەك بە قولایی خاکی نیشتماندا) و (ئەستێرەکانی ترۆپکی سەروەریی) خۆ ئەگەر هەنگاوی دووەمیش بنرێت و ئەو سەرکردە و برا دێرینانەی شایەتحاڵی رووداوەکان بوون یاداشت و ئەرشیفی خۆیان بڵاوبکەنەوە، بێگومان کەرەسەیەکی دەوڵەمەند دەبن بۆ مێژوونووسان، ئەمجۆرە هەنگاوانەش رێزگرتنە لە مێژوو و بەزیندوو هێشتنەوەیەتی و رێگە گرتنیشە لە بەردەم ئەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ دابڕینمان لە مێژووی رزگاریخوازیی گەلەکەمان.

چاوەڕوانین ئەو بەڕێزانە راسپاردەی سەر شانیان بە جێبهێنن و دەستکراوە بن لە بەخشینی ئەو راستییە مێژووییانەی کە لایان پارێزراوە، لەو بوارانەشدا ئێمە وەکو مەکتەبی راگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان ئامادەی هەموو ئاسانکاریەکین، ئومێدەواریشین کاك شەریف وەرزێر بە هەمان نەفەسەوە بەرگەکانی دیکەی ئەم کتێبە سەنگینە ئامادە بکات و دەستبەرداریان نەبێت تا ژیاننامە و بەسەرهاتی یەك بە یەکی شەهیدانمان بۆ تۆمار دەکات، لە ناخەوە ئومێدی سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

**مەکتەبی راگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان**

**٢٦/ ٥/ ٢٠٠٩**

## پوختەیەك دەربارەی شەهید

شەهیدی پلەو پایەیە (رتبة)یەکە خوای میهرەبان لەناو بەندەکانیدا کەسانێك هەڵدەبژێرێتو ئەو ڕێزەیان پێدەبەخشێت، (وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاء) ال عمران - ١٤٠ ئەم پلەیەش دوابەدوای پلەی پێغەمبەرایەتی دێت، هەندێك لەزانایان دەفەرموون لەدوای پلەی پێغەمبەران و راستگۆیان دێ، وەك قورئان دەفەرموێت: (.....فَأُوْلَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاء وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقاً) النساء : ٦٩.

بەڵام شەهیدان راستگۆو ئیسلام بەڕاست زانیشن، چونکە کەسێك گیانی خۆی بەخت بکات لەڕێی خوادا ئەوە بەرزرین پلەی بەڕاست زانینی خواو پێغەمبەری خوایە.

## پێناسەی شەهید

زاراوەی شەهید زاروەیەکی ئیسلامییەو پێشتر لەناو عەرەبەکاندا نەبووە، لەقورئانو فەرموودەدا بەکارهاتووە و مەبەست پێی: ئەو کەسەیە کە لەڕێی خوادا دەکوژرێت.

وشەکەش بەمانای (شاهد) گەواهیدەر هاتووە چونکە بەخوێنی خۆی شایەتی دەدات کە دینی لەژین خۆشتر دەوێ، بۆیە ژین دەکاتە قوربانی دین.

بەمانای (حاضر) (ئامادە)ش هاتووە، چونکە ئەوانە نەمردوونو زیندوون (...بَلْ أَحْيَاء عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ) آل عمران : ١٦٩

بەمانای (مشهودله) شایەتی بۆ دراویش راستە، چونکە خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) شایەتی چوونە بەهەشتیان بۆ داون.

بەمانای (مشهود) لەلا ئامادەبوو، واتە: فریشتەکان لەلای ئامادە دەبنو پێشوازی لەرووحەکەی دەکەن.

بەڵام شایەتی بۆدراوەکە بەهێزترین مانایە، چونکە خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) شایەتی چوونە بەهەشتیان بۆداوە، وەك ئیبن ئەثیر دەفەرموێت :

شەهید بەمانای ئەم ناوانە دێتو بەمانای دیکەش، کە ئیمامی نەوەوی (٧) مانای بۆ هێناوەو ئیبن حەجەری عەسقەلانیش چوار مانای هێناوە.

**پلەی شەهید لە شەریعەتدا**

سەبارەت بەگەورەیی‌و ڕێزی شەهیدان لەئیسلامدا، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَلاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَمْوَاتاً بَلْ أَحْيَاء عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ * (فَرِحِينَ بِمَا آتَاهُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِالَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُواْ بِهِم مِّنْ خَلْفِهِمْ أَلاَّ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ * يَسْتَبْشِرُونَ بِنِعْمَةٍ مِّنَ اللّهِ وَفَضْلٍ وَأَنَّ اللّهَ لاَ يُضِيعُ أَجْرَ الْمُؤْمِنِينَ) ال عمران ١٦٩ – ١٧١

واتە: پێتان وانەبێ کە ئەوانەی لەڕێی خوادا کوژراون مردوون، بەڵکو زیندوون لەخزمەتی پەروەردگاریان‌و بژێوو ڕۆزییان دەدرێتێ، دڵخۆشن بەوەی کەخوا لە بەخششی خۆی پێیداون، وە دڵخۆش دەبن کە مۆژدەی هاتنی ئەوانەیان دەدرێتێ کە جارێ پێیانەوە پەیوەست نەبوون‌و لەدوایانەوەن ، وە دڵنیان کە هیچ ترس‌و پەژارەیەکیان بۆ نییە، دڵخۆشن بە چاکەو بەخششی خوا وە بەوەی کە خوا پاداشتی چاکەکاران زایە ناکات.

سەبارەت بەم ئایەتە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەریش (ﷺ) هاتووە: (عن مسروق قال: سألنا عبدالله (إبن مسعود) عن هذه الأية: (وَلاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَمْوَاتاً بَلْ أَحْيَاء عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ) قال: أما إنا قد سألنا عن ذلك، فقال (ﷺ): أرواحهم في جوفِ طَيرٍ خضرٍ، لَها قناديلُ مُعلقة بالعَرش، تَسرَحُ مِنَ الجنة حيث شاءت، ثم تأوي الى لك القناديل، فأطلع إليهم ربهم إطلاعةً، فقال: هَل تشتهونَ شيئاً؟ فقالوا: أيَّ شيئٍ نشتَهي ونَحنُ نسرَحُ مِنَ الجنة حيثِ شئنا؟!، فَفَعَل ذلك بهم ثلاثَ مراتٍ، فَلما رأوا أنّهم لَن يُتركوا مِن أن يسألوا، قالوا: ياربُّ نُريدَ أن تَردَ أرواحَنا في أجسادِنا حتى نُقتَلَ في سبيلك مَرةً أُخرى، فلما رأى أن لَيس حاجة، تركوا) رواه مسلم.

واتە: (مَسروق) دەڵێ لەبارەی ئەم ئایەتەوە (وَلاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ....)(آل عمران: ١٦٩) پرسیارمان لە (عبدالله بن مسعود) کرد، ئەویش گوێ:

ئاگادارین ئێمە لەو بارەوە پرسیارمانکرد لە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (شەهیدان) رووحەکانیان لەنێو لەشی باڵندەی سەوزدانە چەند چرایەکی بەعەرشەوە هەڵواسراویان هەن، بەکەیفی خۆیان لە بەهەشتێدا دەگەڕێن پاشان دەچنەوە نێو ئەو چرایانە، جا پەروەردگاریان سەرنجێکی لێدانو فەرمووی ئارەزووی شتێك ناکەن؟ گوتیان: جا چ ئەزمان لەچی بێت لە حاڵێکدا کە لە بەهەشتێدا دەگەڕێین؟! ئیدی خوا سێ کەرەتان لێی دووبارە کردنەوە، جا کاتێك زانیان کە وازیان لێناهێنریٚو دەبێ هەر شتێك داوا بکەن، گوتیان: پەروەردگار! دەمانەوێ روحەکانمان بگێڕییەوە نێو جەستەکانمان، تاکو جارێکی دیکەش لەڕێی تۆدا بکوژرێین! ئینجا کە خوا بینی هیچ پێویستییان نییە وازیان لێهێنرا.

لە سوننەتی پێغەمبەریشدا (ﷺ) لەبارەی ڕێزو حورمەتو پلەوپایەی شەهیدانەوە فەرمایشت زۆرن، یەکێك لەوانە ئەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (ما أحَدٌ يَدخلُ الجَنَّةَ يَحبُ أن يَرجِعَ الى الدُنيا الا الشهيد يحب ان يرجع فيُقتَل عَشرَ مرات لِما يرى مِن الكرامة)(رواه بخاري ومسلم عن أنس رضي الله عنه).

واتە: هیچ کەس کە دەچێتە بەهەشت بەئاوات ناخوازێ کە بگەڕێتەوە بۆ ژیانی دونیا ئەگەر هەرچییەك کە لەسەر زەوییە بیدەنێ، بێجگە لەشەهید، لەسۆنگەی ئەو هەموو ڕێزو حورمەتەوە کە دەیبینێ ، خۆزگە دەخوازێ کە دە (١٠) جاران بچێتەوە بۆ دونیاو بکوژرێتەوە. وە هەروەها لە فەرموودەیەکی دیکەدا دەفەرموێ: (للشهيد عِند الله ستُّ خِصالٍ: يُغفَرُ لهُ مِن أولِ دُفعَةٍ مِن دَمِهِ، ويرى مَقعَدُهُ مِن الجنَّةِ، ويُجارُ مِن عذاب القَبر، ويأمَنُ مِنَ الفَزع الأكبر، ويَحلى حُلَّةَ الإمان، ويُزوَّجُ مِن الحور العين، ويُشفَعُ في سبعين إنساناً مِن أقاربِهِ)(رواه الترمذي وقال: حسن صحيح غريب ورواه ابن ماجة وهذا لفظه وصححه الألباني). واتە: شەهید لەلای خوا شەش خەسڵەتو ئیمتیازی هەن: لەگەڵ یەکەمین فیچقەی خوێنەکەی کە لێی دەڕژێ لەتێکڕای گوناحو هەڵەکانی دەبووررێ، شوێنی خۆی لەبەهەشتا پیشان دەدرێت، لەسزا و ئازاری گۆڕ دەپارێزرێ، هەروەها

لەناڕەحەتیو هەژمەتی گەورەی ڕۆژی قیامەت بێباكو دڵنیا دەبێ، بەرگو پۆشاكی ئیمانی دەبەر دەكرێت، لەگەڵ ئافرەتانی سپی چاو گەورەی بەهەشتێ (الحور العين)ی دەبێتە هاوسەر ، دەكرێ بەشەفاعەتكار بۆ لێبوردن لە حەفتا (٧٠) كەس لەخزمانی، هەروەها لەڕیوایەتی (ترمذي)دا لەجیاتی (ويُحلىًّ حُلة الامان) ئەم رستەیە هاتووە: (ويُضَعُ على رأسهِ تاجُ الوقار، الياقوتَةُ، مِنهُ خَير من الدنيا وما فيها) واتە: تاجی ڕێزو حورمەتو ویقاری لەسەر سەر دادەنرێ، كە یەك گەوهەرو مرواری لەو تاجەدا لەدونیاو لەوەی لەدونیادا هەیە چاكترە.

لەفەرموودەیەكی دیكەدا دەفەرموێ: (ما يَجِدُ الشهيدُ مِن مَس القَتلِ الا كَما يَجِدُ أحدُكُم مِن مَس القُرصَةِ) ، (رواه مسلم عن عبدالله بن عمرو بن العاص) واتە: شەهید هەر هێندە هەست بەئازاری كوژران دەكا، كە یەكێكتان هەست بەئازاری گازی مەگەزێك دەكات.

هەروەها دەفەرموێ: (يُغفَرُ للشهيدِ كُلَ ذَنبِ الا الدين) واتە: شەهید هەموو گوناهێكی دەپۆشرێ بێجگە لەقەرز.

بەڵێ، بەڕاستی جەنگو جیهادو فیداكارییو لەمردن سڵنەكردنەوەو هەمووو شتێك پێشكەشی خوا كردن ، تاعەتو بەندایەتییەكی یەكجار گەورەو بەرزو ناوازەیەو بەتەئكید شایستەی هەموو كەسێك نییە، هەر بۆیەش خوای پەروەردگاریش وشەی هەڵبژاردنو گوڵبژێركردنی بۆ شەهیدان بەكارهێناوە، وەك فەرموویەتی: (إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُ وَتِلْكَ الأيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاء وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الظَّالِمِينَ) (آل عمران : ١٤٠ ) ، بەڵێ شەهیدان هەڵبژاردەو گوڵبژێری نێو مسوڵمانانو ئەهلی ئیمانن (ويتخذ منكم شُهداء). هەر بۆیە لەبەهەشتیش لەسەرەوەی هەموانن.

## جۆرەکانی شەهید

وەك لەپێشەوە وتمان شەهیدان ئەوانەن کە لە ڕێی خوادا دەکوژرێن، سەبارەت بەو فەرموودانەش کە باسی جۆرەکانی دی شەهید دەکەن ، دەتوانین بەسێ خاڵ پلەبەندیشەهیدان بکەین:

**جۆری یەکەم:** ئەو کەسەیە کە لەجەنگی دژی کافراندا کوژرابێت بەهۆیەك لەهۆیەکانی جەنگەوە، ئەمە هەم پاداشتی قیامەتیی مسۆگەرەو هەم حوکمە دنیاییەکانیشی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت (واتە: ناشۆریێو نوێژی لەسەر ناکرێت).

**جۆری دووەم:** ئەو جۆرە شەهیدەیە کە پاداشتی دوارۆژی هەیە بەڵام حوکمە دنیاییەکانی شەهید نایگرێتەوە، کە ئەوانەن بەهۆی: ژانەسك، کوڵێرا، شت بەسەردا ڕووخان، سووتان، بەرگری لەگیان‌و سامان‌و ناموس و جگە لەمانەش جۆری دی لەفەرموودەدا باسیان کراوە کە دەگەنە (١٥) جۆر، ئەمانە پاداشتی شەهیدیان هەیە، بەڵام مەرج نییە بگاتە پاداشتی جۆری یەکەم، دەبێت نوێژیان لەسەر بکرێ و کفن بکرێن و بشۆرێن.

**جۆری سێیەم:** کەسێکە لەدەسکەوت (غنیمة) دزی دەکات، هەرچەندە لەجەنگی دژی کافرانیش کوژرابێت، ئەم جۆرە حوکمی دنیایی شەهید دەیگرێتەوە، بەڵام پاداشتی دوارۆژی وەك جۆری یەکەم تێرو تەواو نییە.

## چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ جەستەی شەهیدان

لەبەر ئەوەی مردنی شەهیدان جیاوازە لەمردنی ئاسایی، بۆیە زۆرینەی زانایانی ئیسلام ڕایان وایە دەبێت مامەڵەکردن لەگەڵ جەستەکەشیدا کۆمەڵە جیاوازییەکی هەبێت:

١. شەهیدان ناشۆرێن.
٢. شەهیدان بەبەرگی خۆیانەوە دەنێژرێن‌و کفن ناکرێن.
٣. شەهیدان نوێژیان لەسەر ناکرێت.

٤. شەهیدان لەشوێنی شەهیدبوونیان دەنێژرێن و ناگوێزرێنەوە بۆ شوێنی دیکە، مەگەر بەناچاری.

٥. لەكاتی ناچاریدا دروستە لەشەهیدێك زیاتر بخرێتە گۆڕێكەوە.

## ئەركی سەرشانمان بەرامبەر بەخێزان و كەسوكاری شەهیدان

**١- بەتەنگەوە بوون و ئەمیەتدان بەكوژرانی شەهیدان و دەربڕینی هەست و نەست و هەڵوێستی بەپەرۆشانە:**

بەڵێ ئەوە یەكەمین و سەرەتاییترین هەق و مافی خێزان و كەسوكاری شەهیدانە لەسەر مسوڵمانان، چونكە بێگومان هەرچەندە شەهیدیی پلەوپایەیەكی یەكجار بەرزو ناوازەیە ، بەڵام دیسان خێزان و بنەماڵە و كەسوكاری هەر ناڕەحەت دەبن، بۆیە پێویستە مسوڵمانانیش بەهەست و نەست و هەڵوێستی بەپەرۆشانەوە بەشدارییان بكەن و كەسوكارو بنەماڵەكەی بزانن كە ئەو شەهیدە تەنها هی ئەوان نییەو بەس لەوان نەڕۆیشتووە !

ئەم بەسەرهاتەش باشرین بەڵگەیە لەو بارەوە، كە بێگومان لوێچێكیشە لەتەغارێك:

(عَطاء بن يسار) دەگێڕێتەوە كە ڕۆژێكیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) (كە وادیارە هەر ئەو ڕۆژە بووە كە لەجەنگی ئوحود گەڕاونەتەوەو حەمزەی مامی ·خوا لێی ڕازی بێ) تێیدا شەهیدكراوە، بەلای ئافرەتانی (بني الأشهَل) تێپەڕی ـ كە لەجەنگی ئوحود بووبوونەوە ـ بیستی كە بۆ ئەو خزمانەیان دەگریان كە لە ئوحود شەهید بووبوون، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (ولكن حمزة لابَواكي له) بەڵام هیچ ئافرەت نین بۆ حەمزە بگرین ، (سعد بن معاذ)یش گوێی لەو قسەیەی بوو، بۆیە چوو بۆ لای ئافرەتانی تیرەی (بني الأشهَل)و پێی گوتن كە بچنە ماڵی حەمزەو بۆی بگرین ! ئیدی چوون و دەستیانكرد بەشین و گریان، جا كاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) گریانەكەی بیستن، پرسی: ئەوانە كێن؟ ! گوترا: ئافرەتانی ئەنصارین كە لەسەر حەمزە دەگرین، پێغەمبەریش چووە لایان و فەرمووی: مەگرین خوا لێتان ڕازی بێ، لە منداڵەكانتان،

لەمنداڵی منداڵەكانیشتان، لەریوایەتێكدا هاتووە كە فەرموویەتی: مەبەستم ئەمە نەبوو، هەروەها شین كردنیشی قەدەغەكرد...

٢. سەرەخۆش لێكردنی خێزانو كەسوكاری شەهیدان:

ئەمیش ئەركێكی گەورەو گرنگەو نابێ بەكەم بگیرێو فەرامۆش بكرێ، چونكە بابای خاوەن بەلا (الشخص المُصاب) هەركەسێكی بێت پێویستی بە دڵدانەوەو خەمڕەوێنران هەر هەیە، جا لەوبارەشەوە لەسیرەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) نموونە زۆرن بەڵام ئێمە بەیەكیان وازدێنین:

(الشعبي) گێڕاویەتەوە كە كاتێك هەواڵی كوژرانی (جعفر بن أبي طالب) بە پێغەمبەری خودا گەیشت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ژنەكەی (أسماء بنت عُمَيس) گەڕا هەتا تەواو گریاو فرمێسكی رشتو تۆزێك پەژارەی كەم بۆوە، ئەوجا هاتەلای و سەرەخۆشیی لێكرد و كوڕەكانی جەعفەری بانگ كردو بۆیان پاڕایەوە و دوعای بۆ (عبدالله بن جعفر) كرد كە دەستی پڕ بەرەكەت بێت، جا هەر شێكی كڕیبایە قازانجی لێ دەكرد، ئینجا ئەسما گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەوانە پێیان وایە كە ئێمە لەریزی كۆچكەران (مُهاجرين)دا نین! ئەویش فەرمووی: (كذبوا لكم الهجرە مرتين هاجرتم الى النجاشي وهاجرتُم الىّ) واتە: راست ناكەن ئێوە دوو كۆچتان هەن، چونكە بۆلای نەجاشیش كۆچتان كردووەو بۆلای منیش!

٣. چاودێریكردنو بەسەركردنەوەی خێزانو كەسوكاریان و پێ لێنەبڕینیان:

بەڵگەو نیشانەیەكی دیكەی وەفاداریمان بۆ شەهیدانی سەربەرزمان ئەوەیە كە بەگوێرەی تواناو بۆلوان سەردانی خێزانو بنەماڵەیان بكەین و هەواڵیان بپرسین، لەوبارەشەوە نموونە لەسیرەی پێغەمبەری پێشەوامانداا (ﷺ) زۆرن كە ئەمە یەكێكیانە:

(بوخاری وموسلیم) لە (أنس بن مالك)ەوە خوا لێی رازیبێ گێڕاویانەتەوە كە گوتوویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) بێجگە لەماڵی خێزانەكانی هێندەی دەچووە ماڵی (أُم سُليم) نەدەچووە ماڵی هیچ كەس، جا لەوبارەوە پرسیاری لێكرا، ئەویش

فەرمووی: (إني أرحمهما، قُتل أخوهما معي) مـن بـەزەییم پێیدا دێتـەوە چـونکە برایەکی لەگەڵ من بوو کوژرا.

٤- دەست بەسەرداهێنانی منداڵەکانیان و مشوور لێخواردنیان:

ئەمیش شێوەیەکی گرنگی دیکەی وەفادارییە بۆ شەهیدانی ڕێـی خـوا ، چـونکە ئەو کە بۆ خۆی ڕۆیشتووە خێزانو منداڵەکانی بە ئەمانەت بەسەر مسوڵمانان دا بەجێهێشتووەو ئەمانەتیش پێویستە پارێزگاریی لێبکرێ.

دیارە لەو بارەشەوە دەتوانین گەلێك نموونان لەژیانو سیرەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)و خەلیفە ڕاشیدەکانی (أبوبکر و عمر و عثمان و علی) خوالێیان ڕازی بـێ بێنینەوە، بەڵام تەنها بەم نموونە دڵبزوێنە وازدێنین:

(إبن أبی شیبە) گێڕاویەتـەوە کـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هاتـە لای هاوسـەری جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب دڵی دایەوە پاشان فەرمووی: (إدعي لي بَني أخـي) برازاکانم بۆ بانگ بکە ! دەڵێ: جا ئەسمط سێ کوڕی گچکەی هێنـان دەتگوت بێچووە باڵندەن، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) سەرتاشـی بـانگ کـرد سـەری تاشـین، ئـەوجا فـەرمووی: هەرچـی (محمـد)ە وەك (أبـو طالـب)ی مامـان دەچـێ، (عَون)یش ڕواڵەتو ڕەوشـتی وەك مـن دەچـێ ، بـەڵام (عبدالله) ئینجـا دەسـتی گرتو دەستی بەرزردەوە، پاشان فەرمووی: (أللهمّ بارِك في صفقة يمينه) خوایـە دەستی بەبەرەکەت بکە !

دەڵێ: ئیدی دایکیان پێیان خۆشحاڵ بوو، ئینجـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) پێـی فەرمووی: (لَم تخشَينَ عليهم الضيقة وأنا وليهم في الدنيا والآخرة؟!) ئایا دەترسـی زایەبن، لەحاڵێکدا کە من لەدونیاو دواڕۆژدا سەرپەرشتیاریانم؟!

٥- یادکردنەوەی شەهیدان بەخێرو چاکە:

لەو بارەشەوە کە نموونە زۆرن بە یەکێکیان وازدێنین:

(ابن أبي شيبة) لە (واقد بن عمرو بن سعد بن معاذ)ەوە خوا لێیان ڕازی بـێ کـە نەوەی (سعد بـن معـاذ)ە دەگێڕێتـەوە کـە گوتوویـەتی: چـوومە لای (أنـس بـن مالك) گوتی: تۆ کێی؟ گوتم: من (واقد بن سعد بن معاذ)م ، گوتی: خوا لە سعد خۆشبێ بێگومان زۆر شێوەی سـەعد دەکـەی ، پاشـان گوتی: خـوا لـە سـەعد

خۆشبیٚ لەجوانترین و بالآبەرزترین خەڵکی بووە، گوتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نامەیەکی بۆ (أکَیدرَ) پاشای (دومە) نارد، ئەویش لەبەرانبەرو لەوەلآمیدا – وێڕای نامە– جوببەیەکی ئاوریشمی بەزێڕ چنراوی بۆ ناردبوو، جا خەڵکی دەستیان لەو جوببەیە دەداو پێی سەرسام دەبوون، ئەویش فەرمووی: پێی سەرسامن؟ گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا هەرگیز بەرگی لەوە جوانترو چاکترمان نەبینیوە ! ئەویش فەرمووی: دەجا سوێند بەو کەسەی گیانمی بەدەستە دەستەسڕەکانی (سعد بن معاذ) لەبەهەشتیٚ لەوەی کە دەیبینن چاکرە !

٦- سەردانی گۆڕەکانیان و دوعای خێر بۆ کردنیان:

ئەمیش بەڵگەو نیشانەیەکی گرنگی وەفاداریی مسوڵمانانە بۆ شەهیدەکانیان و لەو بارەشەوە نموونەو بەڵگە لەسیرەو ژیانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) زۆرن، ئێمە تەنها دوانیان لیٚ باس دکەین:

أ– (إبن کثیر) لە (عبدالله بن عمرو بن العاص)و ئەویش لە (أبو مَوَیهِبة)ی غولآمی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هێناویەتی، کە گوتوویەتی: شەوێکیان لەنیوە شەوێدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەدوای ناردم و فەرمووی: ئەی (أبا مُوَیهبَة) من فەرمانم پێکراوە کە داوای لێبوردن بکەم بۆ خەڵکی (بَقیع)، جا لەگەڵم وەرە، منیش لەخزمەتی ڕا چووم، جا کاێك لەنێوەڕاستیاندا وەستا، فەرمووی: (السلام علیکم یا أهل المقابر) سەلامتان لێبیٚ ئەی خەڵکی گۆڕستان...

ب– (البغوي) هێناویەتی کە پێغەمبەی خوا (ﷺ) وەك (عقبة بن عامر الجُهَني) گێڕاویەتەوە، پاش هەشت ساڵان دوعای بۆ کوژراوەکانی ئوحود دەکرد وەك ماڵئاوایی کردن لەزیندووان و کۆچکردووان...

دیارە ئەم فەرموودەیەمان پێشریش هێناو (بخاري ومسلم)یش گێڕاویانەتەوە.

جا ڕەنگە یەکێك لەبارەی برگەی (٦،٥)ەوە پرسیارێکی بۆ دروست بیٚ، چونکە بەڕواڵەت هیچ پەیوەندییان بەخێزانو کەسوکاری شەهیدانەوە نییە، بەلآم لەڕاستیدا وانییەو کەسوکاری شەهیدان، چ هاوسەر چ کوڕو کچ ، چ باب و

دایك... هتد زۆر دڵخۆش‌و شادمان دەبن کە هەست بکەن موسوڵمانان شەهیدەکەیانیان فەرامۆش نەکردووەو یادی خێری دەکەن و سەلام لەگۆڕەکەی دەکەن و دوعای خێری بۆ دەکەن! وە بەدەردی عەرەب گوتوویانە: (مَن جَرَّبَ مِثلَ تَجربتي عَرِفَ مِثل مَعرِفتي).

**٧- مشوور لێخواردنی خێزانی موجاهیدان بەگشتی‌و شەهیدان بە تایبەت لە ڕووی بژێوو گوزەرانەوە:**

سەرجەم شەرعزاان لەکتێب‌و سەرچاوەکانیان باسی ئەو مەسەلەیەیان بەوردی‌و گرنگی پێدانەوە کردووەو ئێمە بۆ نموونە تەنها چەند دێڕێك لەدوان لەو سەرچاوانە نەقڵ دەکەین:

أ- خاوەنی (المهذب) لەوبارەوە گوتوویەتی: (وينبغي للأمام أن يفتَح ديواناً يُثبت فيه أسماء المقاتلهِ وقدر أرزاقهم ويُستحبُّ أن يجعل على كل طائفةٍ عَريفاً، لأن النبيّ (ﷺ) جعل عام خيبر على كل عشرة عريفاً.. ويَقسِمُ بينهم على قدر كفايتم لأنهم كفوا المسلمين أمرَ الجهاد فوَجَبَ أن يفوا أمرَ النفقة ويتعاهَدُ الأمامُ في وقت العطاء عَدَدَ عيالِهم لأنه قد يزيدُ ويَنقُصَ..).

واتە: پێشەوای مسوڵمانان لەسەری پێویستە کە دیوانێك دابنێ ناوو ئەندازەی بژێوی جەنگاوەرانی تێدا تۆمار بکات، واباشە کە لەسەر هەر کۆمەڵێك بەرپرسێك دابنێ، چونکە پێغەمبەر (ﷺ)ساڵی گرتنی خەیبەر لەسەر هەر دەکەس بەرپرسێکی دانابوو.. هەروەها دەبێ بەپێی پێوستییان بژێوییان بە سەردا دابەش بکات، چونکە مادام ئەوان ئەرکی جیهادیان لەکۆڵ مسوڵمانان کردۆتەوە، پێویستە ئەوانیش ئەرکی مەسرەف کێشانیان لەکۆڵ بکرێتەوە، هەروەها دەبێ پێشەوای مسوڵمانان لەکای یارمەتی پێدانیاندا ژمارەی خێزانیان بەسەر بکاتەوە چونکە کەم‌و زیاد دەکەن...

ب- هەروەها خاوەنی (المُغني)ی لەو بارەوە گوتوویەتی: (.. ويَعرِفُ قَدر حاجَتِهم يعني: أهل العطاء وكفايتهم، ويزداد ذو الوَلَد من أجلِ وَلَدِه وذو الفرس من أجلِ فرسِهِ.. وينظر في اسعاره في بُلدانهِم، لأن أسعار البُلدانِ تَختَلِفُ ولغرضَ

الكفاية.. ومَن مات مِن أجنادِ المسلمين رُفِعَ الى زَوجتهِ وأولادهِ الصغار قَدرَ كفايتهم..).

واتە: پێویستە (گەورەی مسولْمانان) ئەندازەی پێویستییان یانی هی یارمەتی وەرگران لەسەر جیهادو چەندە بەشیان دەکات بزانێ، ئەوەی منداڵی هەبن لەبەر منداڵەکانی بۆی زیاددەکرێ، هەروەها خاوەن ئەسپ لەبەر ئەسپەکەی بۆی زیاد دەکرێ.. دەبێ سەرنجی قیمەتی پێداویستییەکانیان بدات لەشارو لەشوێنەکانیان، چونکە نرخی شتان لەشوێنەکان جیاوازەو ئامانجیش ئەوەیە کە یارمەتییەکە بەشیان بکات.. هەرکەس لەجەنگاوەرانی مسولْمانان مرد (یان کوژرا) ئەوە مووچەکەی تەسلیمی ژنەکەی و منداڵە باڵغەکانی دەکرێ، ئەندازەیەك کە بەشیان بکات ..

(١) سەرچاوە کتێبی شەهید کێیەو ..... مامۆستا عەلی باپیر

# ئەوانە کێن؟

فەرمان و فەرمــودەی خوایە
مــەرگ دەرۆستی وان نایە
دڵیان کــانیاوی تەقــوایـە
لیقــای خــودایان هــیـوایە

ئەوانە کێن؟ شــەهیدانن
گــزنگی بــەری بەیــانن

زیندوون لە ژیان هەڵناوێرێن
هەرگیز بە مردوو نا ژمێرێن
ئەمــڕۆن، نەڵێن دوێنێ و پێرێن
مەرگی شەڕن، گیانی خێرێن

ئەوانە کێن؟ شــەهیدانن
هەردەم دەســتەملانی ژیانن

مــەردی ئازا و بەجــەوهەرن
شەفەعتکــاری مەحشــەرن
مرواری و دووڕوو گـەوهەرن
نێرگزن، میسک و عــەنبەرن

ئەوانە کێن؟ شــەهیدانن
هەڵبژاردەی خوای میهرەبانن



سەرومالّ و گیان، خوێن و لەش
هەموویان بەخوا کرد پێشکەش
بۆیە ئاسـۆیان روونە و گـەش
بوونە خـاوەن باشـترین بەش

ئەوانە کێن؟ شـەهیدانن
شاسوار و مەردی مـەیدانن

مایەی شـانازی و سـەروەرین
شـایانن بەکـۆی ئافـەرین
لـە رژدی و ترس بێ بـەرین
یارو هـاوڕێ ی پێغـەمبەریـن

ئەوانە کێن؟ شـەهیدانن
لـە دیوانی خـوا میوانن

رووسـوور و لاشـە خـوێنین
جێی خۆ لە بەهەشـت دەبینن
لـوتکـەی ورە و نەبـەزینـن
مـایـەی هـێز و وزە و تینـن

ئەوانە کێن؟ شـەهیدانن
مەشخەڵی رێی تێکۆشانن

گـوڵاڵـە سـورەی بەنـدەنن
درێشـەی مشتی ئەهـریمەنن
لە ئاسـت دوژمن دا ئەڵـوەنن
شـمشـێر و تیغی رەسـەنن

ئەوانە کێن؟ شـەهیدانن
چقڵی چاوی ناحــــەزانن

هێمای رزگـــــاری میللەتن
دژی زۆرداری و زیللـــــەتن
یەکپارچە هیوا و هیممەتـــن
سەراپا سەنگ و قیمــــەتن

ئەوانە کێن؟ شەهیـدانن
خـاکە لێوەی نیشـتمـانـن

هێزی دڵن، سۆمای چـــاوان
ژیاون لە رێی خوا و چەوساوان
ناویان کـــــەوتوّتە نێو ناوان
چۆنێکی وەســـفیان کەی ئاوان

ئەوانە کێن؟ شـەهیدانن
مایەی شانازی هەمـوانن

خوایە پڕ رێبوار بــــێ رێیان
فیردەوسی ئەعـــلا بێ جێیان
کێش وەفـــــادارنەبێ پێیان
هــەقە بخـــــرێتە ژێر پێیان

چونکە ئەوان شـەهیدانن
بۆ هەموو رێزێک شایانن

# شەهیدی بلیمەت: عەزیز ڕەسوڵ عەزیز
# ناسراو بە: فەقێ عەزیز



زانایی‌و زیرەکیی زۆرجار لە مرۆڤێکدا بە ویستی خوای گەورە بە جۆرێکی ئەوتۆ دەدرەوشێتەوە کە هیچ گرنگی و بایەخێك بۆ تەمەن‌و ئەزموون ناهێڵێتەوە، بەڵکو ئەو زیرەکی‌و بیرتیژیی‌و زاناییە بە شێوەیەکی وا دەردەکەوێت کە مرۆڤ سەری لە بەرانبەردا سورپمێنێ‌و وەك شتێکی موعجیزە ئاسای بێتە بەرنیگا.

جا یەکێك لەو کەسە زیرەك و هەڵکەوتووانەی هەر لە تەمەنی منداڵییەوە زۆر توانا و بەهرەی گەورەی تێدا دەرکەوتن شەهید عەزیز رەسوڵ عەزیز ناسراو بە (فەقێ عەزیز)ە، کە لە ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی (بایەوان)ی دامێنی چیای کونەکۆترو لە ناوچەی ناودەشتی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەر هاتۆتە دونیاوە.

لە ساڵی ١٩٧٢ واتە لە تەمەنی چوار ساڵیدا چۆتە حوجرەو دەستی کردووە بە خوێندن‌و تاکو ساڵی ١٩٧٧ لە ئامێزی حوجرەداو لە لای مامۆستا مەلا خدری شێخەسوور لە رەواندوز خوێندوویەتی، هەمان ساڵ لە چوارقورنە چۆتە قوتابخانەو بە هۆی زیرەکییەوە راستەوخۆ دوای تاقیکردنەوەی توانستی پۆلەکانی تر لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی وەرگیراوە، قۆناغی ناوەندیی لە ناوەندی سەنگەسەر خوێندووە، ساڵی ١٩٨٠ کاتێك لە سەنگەسەر لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بووە لەسەر کاری بانگەوازو زۆری جموجوڵ و چالاکی ئیسلامییانەیەوە لە لایەن دەزگای ئەمنەوە دەسگیر دەکرێ‌و ماوەی ساڵێك لە ئەمنی سلێمانی دەهێڵرێتەوەو دواتر دەگوازرێتەوە ئەمنی کەرکوك و پاشان بۆ ئەمنی بەغداو ساڵی ١٩٨١ بە هۆی کەمی تەمەنیەوە ئازادکراوە.

ساڵی ١٩٨٢بۆ جاری دووەم هەر لەسەر جموجوڵی ئیسلامی‌و روونکردنەوەی راستیەکانی ئیسلام‌و مناقەشاتی گەرم‌و گوڕی لە قوتابخانەو لە ناو خەڵك‌و لەگەڵ بەعسیەکاندا گیراوەتەوەو بۆ ماوەی شەش مانگ بێ سەرو شوێن دەکرێ‌و بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەکرێ، بەڵام دواتر باوکی لە درێژەی بەدواداچوون‌و سۆراغیدا لە تکریت رێی لە پرسەی زڕباوکی صەدام دەکەوێت‌و دوای سێ رۆژ لە رێگەی ریش سپیانی تکریتەوە دایکی صدام دەبینێ‌و لە رێگەی ئەویشەوە دەتوانێ سەردانی صەدام بکات‌و داوای ئازادکردنی کوڕەکەی لێ دەکات کە بەو تەمەنەوە گیراوە، بۆیە دواتر بە قەدەری خوا لە رێگەی ئەمنی پشدەرەوە داوا لە دایك‌و خاڵ‌و مام‌و باوکی دەکرێت‌و رەوانەی بەغدا دەکرێن‌و فەقێ عەزیز لەگەڵ خۆیاندا دەهێننەوە.

دوای ئازادبوونو هاتنەوەی چەند جاری تر دەزگا ئەمنیەکانی رژێم بە شوێنیدا دەگەڕێنو لێی دەخەفتێن، بەڵام خۆی بە دەستەوە نادات و لە لایەکی تریشەوە پەیوەندی لەگەڵ مامۆستا عەلی باپیردا زۆر گەرمو گوڕ دەبێت و لە ئەنجامی ئەمەشەوە دەرفەتێك بۆ مانەوەی نامێنێتەوەو ناچار لەگەڵ مامۆستا عەلی باپیر روو لە ئێران دەکاتو دەچێتە تاران، لەوێش درێژەی بە خوێندن داوەو تاکو پۆلی سێیەمی زانستی جربییە کە هاوتای (٥)ی زانستی بووە لە عێراقدا خوێندوویەتیو بە کەمتر لە یەك مانگیش خۆی فێری زمانی فارسی کردووەو پێشتریش فێری زمانی عەرەبی بووەو بەم پێیەش لە رووی زمانزانیشەوە خۆی دەوڵەمەند دەکات.

هەر ئەو ماوەی دوو ساڵەی کە لە ئێران دەخوێنێ جگە لەوەی پلەی بەرز بەدەست دێنێ، پەیوەندی توندو تۆڵیش لەگەڵ ئیسلامخوازانی کوردستانی ئێران وەکو مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادەو ناصری سوبحانیدا پەیدا دەکات، هەروەها لەگەڵ مامۆستا هەژار موکریانیو چەندانی دیکەشدا پەیوەندیو هاتووچۆی دەبێت و بەردەوام لە هەوڵی خۆ رۆشنبیرکردنی زیاترو خوێندن و خوێندنەوەو موتالاو فراوانکردنی بازنەی پەیوەندییەکانیدا دەبێت، کاتێکیش دەگەڕێتەوە کوردستان، ناچار دەبێت زۆر بە وریاییو ئاگا لە خۆبوونەوە بجولێتەوە، چونکە ئەو هەمیشە بەعسیەکان بە شوێنیەوە بوونو دووجاریش لە لایەن بەعسیەکانەوە گیراوەو رەوانەی بەغدا کراوەو دوو ساڵیش چووە بۆ ئێران بۆ خوێندن، بۆیە دوای ئەوەی کە دەگەڕێتەوە، بە زانیارییو شارەزاییو چاوکراوەیی زیاترەوە گەڕاوەتەوەو کۆڵێکی گەورەتری بە کۆڵەوەو دڕندایەتیەکەی رژێمی بەعسیش زیاتری کردووە.

بەڵام لە هەموو ئەمانەشدا هێشتا ناتوانێ لە ڕق و کینەی ئەو بەعسیە خوێن ڕێژانە رزگاری بێت کە بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی لەناوبردنیدا بوونو بەردەوام لێی دەخەفتان.

هەر بۆیە لە رۆژی ١٩٨٤/٨/٣١دا بە هۆی سازکردنی پیلانێکەوە لە پێناو لەناوبردنیدا بە ئیڤایەکی عەسکەری لە چوارقوڕنە لێی دەدەنو شەهیدی دەکەن، پاشان تەرمە پاکەکەی کاك فەقێ عەزیزی لاوی ئیسلامخوازی زیرەكو بوێرو رۆشنبیر لە گۆڕستانی (کونە سێ) لە رانیە بەخاك دەسپێردرێت.


کاك فەقێ عەزیزی شەهید کە بە هۆی کاریگەرییو نزیکی لە مامۆستا عەلی باپیرەوەو پاشان زیرەکیو لێهاتوویی سەرسوڕهێنەری خۆیەوە لەو تەمەنە کەمەدا بەو

ئاستو پلە زانستیو مەعریفیە دەگات ، بە تەواوی لە ناو خەڵك و قوتابخانە و لای رژێمی بەعسیش ناو و ناوبانگی بڵاودەبێتەوەو تەنانەت لە قوتابخانە بە هۆی زیرەكییەوە وەك مامۆستا وانەی پێ دەڵێنەوە، ئەو بە ئەندازەیەك لە قوتابخانە زیرەك دەبێت كە هەمیشە مەعفو دەبێت، بە جۆرێك وەڵامی پرسیارەكان دەداتەوە مامۆستاكانی سەریان لێی سوڕدەمێنیو تەنانەت جارێكیان ئەوەندە بە دەقیقی وەڵامەكان دەنووسێتەوەو فاریزەكانیش نەقڵ دەكات، لەمەشدا گومانی ئەوەی پێ دەبەن كە قۆپیەی كردبێو لەبەر خودی كتێبەكە وەڵامەكەی نووسیبێتەوە، بۆیە تاقیكردنەوەی پێدەكەنەوەو دەبینن جوانتر لە جاری پێشوو وەڵامی نووسیوەتەوە.

هەروەها یەكێكی تر لە خەسڵەتە بەرزەكانی كاك فەقێ عەزیز ئەوەبوود كە زۆر چاونەترسانەو بوێرانە لە كۆڕو كۆبوونەوەكانی قوتابخانە كە بەعسیەكان بە قوتابیانیان دەكرد، وەڵامی بەعسیەكانی دەدایەوەو چەواشەكارییەكانیانی بۆ قوتابیان دەخستەڕوو، هەر ئەمەش بوو بە هۆیەكی سەرەكی ئەوەی لێی بە داخ دابچنو جار لە دوای جار بیگرن، هەروەها لە بواری گفتوگۆو بەرپەرچدانەوەی بیر وباوەڕی لاڕێییو بیردۆزە دەستكردەكانیشدا كە ئەو سەردەمە گەرمەیان بوو، زۆر گەرمو گوڕ بووەو هەمیشە لە ناو خەڵكو بە تایبەتی لە ناو لاواندا بەرپەرچی داونەتەوەو راسیەكانی روونكردوونەتەوە، تەنانەت جارێكیان لەو مناقەشانەدا كە تەواو تاقەتی بە ململانێكە ناشكێ راستەوخۆ دەڕوا سەردانی مامۆستا عەلی باپیر دەكات لە گوندی سەرسیانو داوای لێدەكات بە هانایەوە بێت بۆ ئەو مناقەشەیە، ئەویش بەدەم داواكەیەوە دەچێو لە مناقەشەكەدا سەركەوتن بەدەست دەهێنێ.

شەهید فەقێ عەزیز كە تا شەهیدبوونی،بەو تەمەنەوە ، دونیایەك بوو لە سەرسوڕمان و بلیمەتی، لە شارەزایی و زمانزانی، لە زیرەكی و جورئەت و مەردایەتی، لە راستی و راشكاوی، لە پەرۆش و مشوور، لە چاوكراوەیی و هۆشیاریی، كە بەو هەموو كوێرەوەریی و گیران و بەندیخانە و چاولێسووركردنەوە و غەریبایەتی و خەم و خەفەتانەوە قوڵی لە كارو جموجوڵی ئیسلامیی و خزمەتی ئایینو گەلو نیشتمانەكەی هەڵماڵیبوو، گیانی خۆشی لەسەر لەپێ دەست دانابوو، لە هیچ شتێك سڵی نەدەكردەوەو كۆڵنەدانی كردبوو بە دروشمی خۆیو لە هەقیقەتدا ئەو پەیمانی بە خودا دابوو كە مەردانە بژیو مەردانەش بمرێو وەك مۆم لە پێناوی ئیسلامو راستیو بەختیاری میللەتەكەیدا خۆی بتوێنێتەوەو ماهیەتی پووچی بەعسیەكانو بیردۆزە دەستكردەكان بۆ گەلەكەی روون بكاتەوە.

# شەهیدی سەرکردە و رۆژنامەنووس:
# ئازاد شێخ عەزیز محێدین
## ناسراو بە: مامۆستا ئازاد بەرزنجی



ساڵی ١٩٥٣ لە شاری سلێمانی لە خێزانێکی ئیسلامپەروەر هاتۆتە دونیاوەو ژیانی منداڵیی لەوێ بەسەربردووەو هەر لەوێش نراوەتە بەر خوێندن و قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی زانستی بە سەرکەوتوویی بڕیوە و لە فەرمانگەی ( ئەجهیزە دەقیقە ) دامەزراوە، پاشان وەك لاوێکی رۆشنبیرو ئیسلامخواز دەردەکەوێ و بە بیرێکی قووڵ و زەینێکی روونەوە سەرنجی ژیانی میللەتەکەیی و دۆزە رەواکەیی و ستەمی داگیرکەران و حاڵ و باڵی موسڵمانان و کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان دەدات و بە تەواوی تێدەگات و چارەسەر تەنیا لە گەڕانەوە بۆ ئامێزی رەسەنایەتی و خەبات و تێکۆشاندا دەبینێتەوە، بۆیە کاتێك تروسکایی جموجوڵێکی ئیسلامیی بەدی دەکات یەکسەر پەیوەندی پێوە دەکات و لە ساڵی ١٩٨١دا دەبێتە ئەندامی رێکخستنەکانی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی کوردستان.


ساڵی ١٩٨٤ رێگای هیجرەت و جیهاد دەگرێتەبەر و لە ریزی بزووتنەوەی ناوبراودا کە هەر لە هەمان ساڵدا بە رابەرایەتی مامۆستا شێخ موحەممەد بەرزنجی ئیعلانی جیهاد دەکات بە دژی رژێمی بەعس، خەباتی شارو شاخ پێکەوە گرێدەدات و چەکی ئیسلام دەکاتە شان.

هاوکات لەگەل پێکهێنانی شووراشدا لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا لەبەر لێهاتوویی و دڵسۆزیی دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی و بە بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندنی بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی دیاری دەکرێت و پاشان دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری (ئاسۆی ئیسلام) کە زمانحاڵی مەکتەبی راگەیاندنی بزووتنەوەی پەیوەندی بووەو لە حوزەیرانی (١٩٨٤)ەوە تاکو ١٩٨٦ بەردەوام بووەو لەم ماوەیەشدا (٥) ژمارەی بڵاوکراونەتەوەو شەهید مامۆستا ئازاد بەرزنجی بەهۆی شەهیدبوونیەوە تەنیا توانی فریای دەرکردنی یەکەم ژمارەی بکەوێت.

مامۆستا ئازاد بەرزنجی لە درێژەی تەمەنی کاری ئیسلامیی و خەباتی ئیسلامخوازانەی خۆیدا هەمیشە بە ورەیەکی بەرزو ئومێدێکی زۆرەوە هەنگاوی بەرەو ئاسۆ دەنا، کە لەگەڵ گۆڤاری (ئاسۆی ئیسلام)یشدا دەستەملان بوو، زەمینەیەکی پڕ پیت و بەرەکەت بۆ فکرو ئەندێشەو قەڵەمی رەخساو بەمەش توانی لە تەمەنی جیهادو تێکۆشانیدا لە زۆر بواری گرنگدا ئەسپی خۆی تاو بدات و خزمەت پێشکەش بە پەیامی ئیسلام و کێشەی رەوای میللەتەکەی بکات و لە پێشەنگایەتی کاروانی

جیهـادی ئیـسلامیی کوردسـتاندا کـە لـە بزووتنـەوەی پەیوەنـدی ئیـسلامیدا خـۆی دەبینییەوە، ئەندامێکی کاراو تێکۆشەر بێت.
سەرەنجام مامۆستا ئازاد بـەرزنجی لـە پێنـاوی هیـواو ئاواتـە بەرزەکانیـداو لـە ڕۆژی (١٩٨٥/٣/١٠)داو لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکەکانی بەعس بۆ سەر شاری مەریوان لەگەڵ مامۆستا تاهیر عەبدولکـەریم بابـان ئەنـدامی سـەرکردایەتیو کاکـە بـەختیار تاهیر باباندا بەر بۆردومانەکە کەوتنو بە پلەی بـەرزی شـەهیدی گەیـشتن، بـەم پێیـە مامۆستا ئازاد بەرزنجی شەهید دەبێـتو بـە سـەربەرزیو بەیـداخی جیهـادەوە بـەرەو قاپی میهرەبانیی خـودا دەگەڕێتـەوەو کـۆڵی خـەمو ئاواتـەکانی بـە هاوسـەنگەرانیو دڵسۆزانی ئایینو گەلو نیـشتمانەکەی دەسـپێرێ و تەرمـە پاکەکەشـی لـە گـۆڕستـانی ( گوڵزاری شەهیدان) لە مەریوان بـە خـاك دەسـپێردرێت ، مامۆسـتا ئـازاد بـەرزنجی خێزاندار بووە و دوای خـۆی کـچێك و دوو کـوڕی بـە ناوەکـانی ( ئاڤـان و هـاودین و ڕێبین) بە دیاری و یادگاری بە جێهێشتووە .

# شەهیدی فەرماندە: بابەشێخ صدیق ئیسماعیل
# ناسراو بە :مامۆستا بابەشێخ سەرگەتی



**هەڵۆیەكە**
**تەماشاكە**
**بەسەر دوندی اسورێن\اەوە**
**پڵنگێكە**
**كام شوێن سەختە بەو شوێنەوە**
**رێبوارێكە**
**شارەزاو راستەڕێیەو**
**لێی بڕوانە**
**پیتەكانی باوەڕو ورەو نەبەزی**
**لە سیمادا بخوێنەوە**
**پێشمەرگەیە**
**بە خۆیو گیانو خوێنەوە**
**سروودی تێكۆشان دەچڕێو**
**هەموو دارو بەردو كانیو رەوەزەكانی نیشتمان**
**لەگەڵیدا دەڵێنەوە**

مێــژووی خــەباتو تێكۆشــانی نەتەوەكــەمان لــە پێنــاو چەســپاندنی مــافی رەواو خواپێداویدا، بە خوێنی هـەزاران قارەمـانو مێرخاسـی وا نەخشاوە كـە لـە بـەرزیو كەڵەگەتیدا هیچیان لە قەنـدیلو سـورێن كـەمتر نییـەو بگـرە ئـەوان لـە پـەنای ئـەو قارەمانانەدا بە خۆیان دەنازنو بە شانازییەوە بە خۆیاندا دەڕوانن.
یەكێك لەو رۆڵە دلێرو پێشمەرگە جوامێرانـەی مایـەی شـانازین بـۆ ئیـسلامو گـەلو نیشتمان ، شەهیدی فەرماندە مامۆستا بابە شێخ سەرگەتییە، كـە سـاڵی ١٩٥٨ لـە گونـدی (زەڵـم)ی دامــێنی ســورێنو ســەر بــە هــەورامانی هەمیــشە ســەربڵند لــە بنەماڵەیەكی ئایینپەروەرو زانستخوازدا چاوی بە دنیا هەڵێناوە، هەر لە منداڵییــەوە لەبەردەستی بـاوكی بەڕێزیـدا (مامۆسـتا شـێخ صـدیق سـەرگەتی) قورئـانی پیرۆزی خوێنــدووەو وردە وردە لەگــەڵ گــەورەبوونی تەمەنیــدا زانــستە ئیسلامییەكانیــشی

وەرگرتووە، لەگەڵ ئەمانەشدا لە خوێندنگا سەرەتاییو ناوەندییەکانیشدا بەردەوام بووە لەسەر خوێندنو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستو خوێندەواریدا.



## کوڕم جوتیار...

باوکی پێشمەرگەت چەکی کردەشان
وای داوە بڕیار
بچێتە مەیدان.. بکا تێکۆشان!
جوتیار کۆرپەکەم
کاتی جیهادە بانگ بێژرا
نەکرا گەورەت کەم..
واچوومە مەیدان تاببمە چرا
پەپولەی هیوای گەلی هەژارم
ببمە روناك کار چونکە هوشیارم
چاوەکەم جوتیار
نەکەی زویربی قەت نەبی دڵگیر
قەینا من بڕۆم تۆ نەبی ئەسیر
بامن بسوتێم بەڵام گڕەکەم
دوکەڵ و ئاهی دڵە پڕەکەم
دوژمنی ناکەس بکاتە قەقنەس
تاتۆی ئازیزم بژی بەسەر بەس
بەڵام وەسیەتم بەجێ بهێنن
گەر هەرقم نەسەند ئێوە بیسێنن!
مەیەڵن ئاڵای ئیسلامی پیرۆز
ببڕێ لە دەستی مرۆڤی دڵسۆز
نەیەڵن چەکی لەمن بەجێ ماو
بەبێ کەس ناهەق دەربچێ لەناو
ئەو مافەی کەوا من بۆی شەهیدبووم
ئەگەر نەسەنراو منیش لەناوچووم
دەخیلە دەخیل ئێوە بیبیسێنن
ریشەی دوژمنان لە بن دەربێنن
ئەو رێگەی باوکت کوژرا لەسەری
ئەبێ تۆش بڕۆی هەتاکو ئەمری
چەکەکەی باوکت بکەرە شانت
تا بیپارێزی دین و ئیمانت
فرمێسی دایکی قەتیس ماو لەچاو
رەنگی هەڵگەڕاو وەك زەردی هەتاو
نەکەن بینە هۆی سستیت لە شۆڕش
بەڵکو هەڵت نێن بۆ جیهاد، کۆشش
رۆڵە وەسیەتم بەجێ بهێنە
ریشەی دوژمنان لەبن دەربێنە
ببە جوتیاری کێڵگەی ئازادی
بۆ گەلت بێنە خەندەی لێو، شادی!
١٩٨٧/٨/٥

هەر بۆیە قوتابییەکی گەلێك زیرەكو هۆشیاری لێدەردەچیو، ئەوەتا لە ساڵی ١٩٧٧دا بە پلەی یەکەم خوێندنگای ئیسلامیی هەڵەبجە تەواودەکات، دوای ئەوە لە زانکۆی بەغدا (کۆلیژی ئاداب) وەردەگیرێتو قۆناغی خوێندنی زانکۆش بەسەرکەوتوویی تەواو دەکات.

مامۆستا بابە شێخ هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە هاوکات لەگەڵ پرۆسەی خوێندندا دەبێتە هاوەڵێکی دڵسۆزو کارای کاروانی ئیسلامیی کوردستانو دەستگەرم دەبێ لە کارو جموجوڵو بانگەوازدا.

دوای تەواوکردنی قۆناغی زانکۆش لە پێناو تێگەیاندنو پێگەیاندنی نەوەکانی دوارۆژدا وەکو مامۆستا دادەمەزرێو دەبێتە بەڕێوەبەری ناوەندیی (ناڵپاریز) هەر لە درێژەی خزمەتی مامۆستایەتیدادەچێتە سەیدسادق و دواجاریش دەگەڕێتەوە هەڵەبجەو دەبێتە مامۆستای ئەو قوتابخانەیەی کە لێی خوێندووەو لێوەی دەرچووە.

پاشان لە راپەڕینە گەورەکەی (١٦ی رەمەزانی ١٤٠٧ ـ ١٩٨٧/٥/١٣) ی هەڵەبجەدا کە بە دژی رژێمی بەعس ئەنجامیاندا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەری راپەڕیو لە زانایانو لاوانی ئیسلامخوازدا رێگای هیجرەتو جیهاد دەگرێتەبەر.

مامۆستا بابەشێخ هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی پێشمەرگایەتییەوە، دەبێتە شۆڕشگێرێکی نەبەردو ئەندامێکی دڵسۆزو کارای قۆناغی نوێو لەبەر ئەم دڵسۆزیو لێهاتووییەش هەر کە هێزی (صلاح الدین) دادەمەزرێ دەکرێتە فەرماندەی ئەو هێزە تێکۆشەرە.

مامۆستا بابەشێخ لەگەڵ موجاهیدانو پێشمەرگەکانی هێزەکەیدا زۆر برایانە دەژیاو وەك ئەوان بەشداری هەموو کارو تیشێکی دەکردو بە هیچ شێوەیەك خۆی لەوان جودا نەدەکردەوە.

هەروەها لە پێناو زەبردان لە رژێمی بەعسو چاندنەوەی هیوا لە دڵی گەلی زۆرلێکراوی کورددا وەك سەرجەم هێزە قارەمانەکانی تری بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو کەوتنە جموجوڵو بەرنامەڕێژی.

لە یەکێك لەو کارو جموجوڵانەداو لە شەوی (١٨-١٩٨٧/١١/١٩) مامۆستا بابەشێخ لەگەڵ مەفرەزەیەکدا دادەبەزنە خوارەوە بە مەبەستی چوونە ناو شارو راپەڕاندنی کۆمەڵێك ئەركو فەرمان، بەڵام هەر لەو شەوەداو لەسەر رێگای نێوان


گوندی (سەرگەت)و شارۆچکەی (خورماڵ) دەکەونە ناو بۆسەی بەکرێگیراوو جاشەکانی رژێمی خوێنخۆری بەعسەوەو دوای شەڕێکی دەستەویەخەو بەرگرییەکی چەند کاتژمێری، مامۆستا بابەشێخی فەرماندەو پێنج پێشمەرگەی قارەمانی ئیسلام بە ناوەکانی (دکتۆر بەختیار، موحەممەد مەحمود، حاجی ئەبوبەکر، کاک شاوەیس، کاک عوسمان) شەهید دەبنو گیانی شیرینی خۆیان لە پێناوی خواو چەوساواندا دەبەخشنو بەرەو لای پەروەردگاری تۆڵەسێن دەگەڕێنەوەو ماڵئاوایی لە خانەوادە سەربەرزەکانیانو خزمو کەسوکارو هاوسەنگەرانیانو کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانو گەلەکەیان دەکەنو مەدالیای سەروەریو شانازی لە بەرۆکی خۆیانو خانەوادەکانیانو کاروانی نور دەدەن، تەرمی پاکی مامۆستا شەهید و هەرپێنج هاوڕێکەشی دەبرێنەوە سلێمانی و لە گۆڕستانی گردی سەیوان بە خاك دەسپێردرێن.

شایانی باسە مامۆستا بابەشێخ زۆر هاوڕێی کتێب بوو، گرنگی زۆری بە خوێندنەوەو موتالآ دەداو بەرهەمی بیریارە ئیسلامییەکانی وەکو شەهیدان (سەید قوتبو حەسەن بەننا و....)ی دەخوێندەوەو لە ژیانی رۆژانەیدا رەنگی پێدابۆوەو لەوەی فێری دەبوو و وەریدەگرت دەیبەخشیەوە، بەتایبەتی لە نێو خوێندکارانو ئەو قوتابخانانەی کە وانەی تێدا دەوتنەوە.

هەروەها شەهیدی فەرماندە کەسێکی خاوەن قەڵەم بوو، لە بواری هۆنراوەشدا ئەسپی خۆی تاودەداو کۆمەڵە شیعرو هۆنراوەیەکی لەدوا بەجێماون و لە دوو تویێی نامیلکەیەکدا کە لە مەکتەبی ناوەندی ئەوکاتەدا بە چاپی گەیاندوون، کە هەموویان تەعبیر لە ناخی جیهادیو شەهیدی دەکەن. شەهید مامۆستا بابەشێخ ساڵی ١٩٨٦ خێزانی پێکەوە نابوو، دوای خۆی تەنها کوڕێکی بەناوی جوتیار بە دیاری و یادگاری بۆ ئیسلام بەجێهێشتووە.

# شەهید: بەختیار جافر تەها حەسەن

## ناسراو بە: دکتۆر بەختیار



ساڵی ١٩٥٧لە ئامێزی خانەوادەیەکی ئایینپەروەری ساداتی سەرگەت هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیشی لە گوندی سەرگەتو لە سێبەری چیا سەرکەشەکانی هەورامانددا بەسەربردووە، لە قوتابخانەی سەرەتایی سەرگەت نراوەتە بەر خوێندن، دواتر قۆناغەکانی لە ناوەندی (شارەزوور)و ئامادەیی هەڵەبجەی کوڕان بڕیوەو دواجار لە بەشی (صحە)ی پەیمانگای بەصرەو موسڵ درێژەی بە خوێندن داوە، دوای دەرچوونیشی ماوەی (٤) ساڵ لە نەخۆشخانەی سیروان دادەمەزرێو خزمەتی میللەتەکەی دەکات.

کاک بەختیار لە پێناو بەدەستهێنانی زانستی شەرعیشدا ماوەیەك لە سەرگەت لای مامۆستا (شێخ صدیق سەرگەتی) خوێندوویەتی.

کاك بەختیار ئەندامێکی کارای ناو ریزەکانی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان بوو، لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٦)ەوە پەیوەندی بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی پەیوەندی ئەوکاتەوە کردووە، لە بواری رۆژنامەنووسیو وەرگێڕاندا شارەزایی هەبوو، کەسێکی بە بیروباوەڕو خاوەن هەڵوێست بوو، لەسەر ئەمەش ساڵی (١٩٧٨) لە خورماڵ کە قوتابی ئامادەیی بووە لەلایەن بەعسییەکانەوە دەگیرێ ، بۆیە دواتر لە بەرامبەر زوڵمو ستەمی بەعسیەکاندا جوانترین هەڵوێستی وەرگرت کە بریتی بوو لە بڕیاری بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتە شوومەکانی رژێم، بۆ ئەم مەبەستەش لە مانگی (٥/١٩٨٧)دا رێگای پیرۆزی هیجرەتو جیهادی گرتەبەرو لە هێزی (سەلاحەدین)ی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو چەکی ئیسلامیی کردە شان، ئەمەشی بە گەورەترین شانازی دەزانی کە خودا لوتفی لەگەڵدا کردووە ببێتە پێشمەرگەی ئیسلامو وەك رۆڵەیەکی موسڵمان بەرگری لە ئایینو گەلو نیشتمان بکات، هەر بۆیە بەوپەڕی دڵسۆزیو رێکوپێکی ئەرکو فەرمانەکانی جێبەجێ دەکردو لە خەم کاروانەکەدا بوو، دەیەویست میللەتەکەی لە ژێر سایەی شەریعەتی خوادا ئاسودە بژی، سەرفرازی دونیاو دوارۆژ بێت، لەگەڵ یەکتردا تەباو برا بێت، دەیەویست زەبر لە دوژمنی بەعس بدات، تۆڵەی تاوانەکانی لێبکاتەوە، لە نیشتمانی ئازیزی کوردستان وەدەری بنێت.

شەهید بەخیار بەم هیواو ئاواتانە بەختیار بوو، هەر ئەم خولیاو ئاواتانەش ئەویان کردە کەسێکی هەڵکەوتوو و دیار، کەسێکی قارەمانو فیداکار، متمانەی هاوسەنگەرانو حزبەکەیی بەدەستهێناو کرایە جێگری ئامر هێز، بەمەش زیاتر ئەرکی قورس بوو، بەو بەرپرسیارێتییە گەورەیەوە قۆڵی لە خزمەتو خەباتو


تێكۆشان هەڵماڵی، زۆر تامەزرۆی شەهیدی بوو، ڕۆژێك بەر لە شەهیدبوونی بە دایكی دەڵێ:

**"كێیە تامەزرۆی شەهیدی زووكا تۆماركا ناوی**
**با بێخەم بێ خوا ئەمێنێ بۆ منداڵی جێماوی".**

شەهید بەختیار ئاوا ژیا، ئاوا لە ئاسۆی ئایندەی دەڕوانی، ئاوا دڵی پەیوەست بوو بە خوداوە، تا سەرەنجام لە شەوی (١٨-١٩/١١/١٩٨٧)دا لە نێوانی سەرگەتی زێدی لەدایكبوونی و خورماڵدا، لە كاتێكدا بە مەفرەزەی پارتیزانی دادەبەزنە ناوچەكە، لەگەڵ پێنج هاوڕێیدا كە بریتی بوون لە (مامۆستا بابە شێخ ، موحەممەد مەحمود، حاجی ئەبوبەكر، كاك شاوەیس، كاك عوسمان) دەكەوێتە ناو كەمینی جاشە چڵكاوخۆرەكانی ڕژێمی بەعسەوەو لەگەڵ یەكەمین ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ هەر پێنج هاوڕێكەیدا شەهید دەبێت و گیانی شیرینی بە خودا دەسپێرێت و بە خوێنە گەش و ئاڵەكەی خاكی كوردستانی ئازیز دەنەخشێنێ، پاشان تەرمەپاكەكەی لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید بەختیار ساڵی ١٩٨٥ خێزانی پێكەوەنابوو، تەنها كوڕێكی بەناوی (موحەممەد) مانگێك و سیازدەڕۆژ لە دوای شەهیدبوونی لە دایكبووە و بە دیاری و یادگاری بۆ ئیسلام و كوردستان بەجێهێشتووە. شایانی باسە دكتۆر بەختیار بەر لە شەهیدبوونی خەونی بینیوە كە كوڕیان دەبێت و ناویشی دەنێت موحەممەد بۆیە هەر لە دوای لەدایكبوونی هەمان ناویان لێناوە.

# شەهید: ئیبراهیم حەمزە عەباس



ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی شەدەڵەو لـە خانەوادەیـەکی ئاییـنپـەروەری عەشـیرەتی جـاف چاوی بە ژیان هەڵێناوە، ژیـانی منداڵیـشی هـەر لەگـەڵ دیمەنـە رەنگینـەکانی دۆڵـی شەدەڵەو لە پەنای باڵای کەڵەگەتی چیای پیرەمەگرونی سەرکەشـدا بەسـەربردووە، لـە قوتابخانەی سەرەتایی گوندەکەیان نراوەتە بەر خوێندن‌و دواتـر قۆناغـەکانی ناوەنـدی‌و دواناوەندیی لە قوتابخانەی (جمهوری) لە سلێمانی بەسـەرکەوتوویی بڕیـوە، پاشـان لـە پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی درێژەی بە خوێندن داوە.
کاك ئیبراهیم کاتێك بەهۆی خوێندن‌و مانەوەی لە شـاری سـلێمانی بەشـێکی گرنگـی ژیان‌و تەمەنی لەوێ بەڕێدەکات، لەگەڵ کەسانی ئیسلامخوازدا زیاتر زانیاری لـە سـەر هەقیقەتی ئیسلام‌و کاری ئیسلامیی بۆ دەسـتەبەر دەبـێ‌و ئـیتر تـا دێ خۆشەویـستی خـواو پێغەمبـەری پێـشەواو ﷺ قورئـانی پـیرۆزی لەدڵـدا دەچەسـپێ‌و دەزانـێ چ ئەرکێکی لە بەرانبەر خواو گەلە چەوسـاوەکەی لەسەرشـانەو دەبـێ بـە چ ڕێبازێکـدا هەوڵی بەختەوەری خۆی‌و میللەتەکەی بدات. کاك ئیبراهیم وەك هەر لاوێکی تری ئەم نیشتمانە بێنازو سوتماکە بـە دنیایـەك هیـواو ئومێـدەوە هـەنگاو دەنـێ‌و سـاتەکانی ژیان‌و تەمەنی بەڕێدەکات، نازانێ (بێسەرو شوێنبوون) وەك زۆر کـوردی سـتەمدیدەو بێ دەرەتان دەبێتە دوادێڕی چیرۆکی ژیانی، بەڵێ کـاك ئیـبراهیمیش بـەو شـێوەیە لـە ساڵی ١٩٨٨دا بێسەروشوێن دەبێ‌و ماڵئاوایی لە ژیانی فانی دونیایی دەکات‌و بەرەو ژیانی هەمیشەیی ڕۆژی دوایی دەکەوێتە ڕێ‌و ئیتر خەمی کاروانی نـوور بـۆ هـاوڕێ‌و ڕێبوارانی بەئەمەکی ڕێگا جێدەهێڵێ.

# شەهید: مەحمود نادر کەریم عەلی



ساڵی ١٩٤٢ لە گوندی (نەیجەڵە)ی سەر بە شاری هەڵەبجەی ئیسلامپەروەر هاتۆتە دونیاوە، هەناسەکانی ژیانی منداڵیشی تێکەڵاوی سیماو هەناسەی دیمەنە رەنگینەکانی چیاو دۆڵو روباری سیروان کردووە، پاشان لەگەڵ گەورەبوونیدا خەمی گەورەی کارو کاسبیو بژێوی ژیانی کەوتۆتە ئەستۆ، هەر لەم رێیەشدا کەوتۆتە هەوڵو تەقەلای جۆراوجۆرو لە ماوەی ژیانیدا کاروباری جەڵەبکریو هێنانو بردنی کەلوپەلی لە سنوورەکاندا ئەنجامداوە.

کاک مەحمود تێکەڵاوی کاروباری سیاسیش دەبێو ماوەی (١٠) ساڵ لە ریزەکانی پارتیدا کاری کردووە.

ساڵی ١٩٨٨ رێگای هیجرەتو جیهاد دەگرێتەبەرو دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلامو لە هێزی (نەصر) چەکی جیهادو تێکۆشان دەکاتە شانو بەوپەڕی شانازییەوە درێژە بە خەبات دەداتو بەرەو ئاسۆی رزگاری میللەتەکەی هەنگاو دەنێو لەگەڵ سەختیەکانی ژیانو پێشمەرگایەتیدا دەکەوێتە ململانێو بە باوەڕو خۆڕاگرییەوە رووبەڕووی کوێرەوەرییەکان دەوەستێتەوە.

کاک مەحمود نادر لە ژیانیدا زۆر حەز بە دۆستایەتی خەڵکو خزمەتو هاریکاریکردنیان دەکاتو لە بوارەکانی سولحو ئاشتەواییو رێکخستنی پرۆسەی هاوسەرگیریدا رۆڵی بەرچاو دەبینێو زیاتریش بە هانای ئەوانەوە دەچێ کە بێ کەسو بێ دەرەتان ماونەتەوە.

کاک مەحمود نادر بە جۆرێك هەستی خواویستییو ئیسلامخوازیی تێدا گەشە دەکات بەردەوام وەسیەتو ئامۆژگاری بۆ خانەوادەو کوڕو کچانی ئەوە دەبێت کە "تەنها رێگای خوا بگرنو بەس".

سەرەنجام کاک مەحمود نادری خواویستو نیشتمانپەروەرو پێشمەرگەی دلێر ، لە ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەی سازان رقی لوغمێکی پێدا دەتەقێتەوەو دەگاتە کاروانی شەهیدانو ماڵئاوایی لە ژیانی دونیاو خانەوادەو هاوسەنگەرانی دەکات، پاشان تەرمەپاکەکەشی لە گۆڕستانی (گوڵانی سەروو) لە هەڵەبجەی شەهید بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید مەحمود ساڵی ١٩٦٦ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی شەش کوڕو پێنج کچی بە ناوەکانی (موحەممەد، ئەحمەد، فەرهاد، فەتاح، یەحیا، بڕیار، ئاواز، چنوور، سەرگوڵ، بەفراو، سومەییە) بەجێهێشتوون.

# شەهید: مەلا کاوە مستەفا حەیدەر عەلی

# ناسراو بە: مەلا مەسعود



ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی (سوسێ)ی دەڤەری خۆشناوەتی پشت چیای سەفینی سەرکەش‌و لە ئامێزی خانەوادەیەکی ئیسلامخوازدا چاوی بە ژیان هەڵێناوە، بەشێك لە ژیان‌و تەمەنی پڕ لە بەرائەتی منداڵیی لەگەڵ دیمەنە رەنگینەکانی گوندەکەیاندا بەسەربردووە، پاشان ماڵەکەیان لە سەرەتای حەفتاکان چوونەتە شاری هەولێرو ماوەی سێ ساڵ لە گەڕەکی (عارەبان) نیشتەجێ بوون.

ساڵی ١٩٧٤ چوونەتەوە گوند، بەڵام بەهۆی ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسی‌و نسکۆی شۆڕشی ئەیلولەوە ماڵیان چووە بۆ کوردستانی ئێران‌و ماوەی چوار ساڵێك لە ناوچەکانی (نەغەدەو شنۆو زێوە) ژیانیان بەسەربردووەو لەگەڵ ئاوارەییدا دەست‌و پەنجەیان نەرم کردووە.

کاك مەلا مەسعود سەرباری ئەو گۆزەگۆزو ئاوارەیی‌و کوێرەوەرییانە لەوێ بۆ ماوەیەك چۆتە قوتابخانەو لەمەشەوە فێری زمانی فارسی بووە.

ساڵی ١٩٧٩ خانەوادەکەیان ماڵ‌و بارگەیان پێچاوەتەوەو لە رێگای حاجی ئۆمەرانەوە هاتوونەتەوە هەولێرو بۆ ماوەی مانگێك لە ئۆردوگای زۆرەملێی کانی قرژاڵە نیشتەجێ کراون‌و پاشان هاتوونەتەوە ناو هەولێرو لە گەڕەکی سێتاقان درێژەیان بە ژیان داوە، لەوێ کاك مەلا مەسعود چووەتەوە قوتابخانەو قۆناغی ناوەندیی خوێندووە، دوای ئەوە کاك مەلا کاوە مستەفا ـ کە هەر بە بنەماڵە ئایینپەروەرو ئیسلامخواز بوون ـ ساڵانی هەشتاکان خولیای فێربوون‌و شارەزایی زانستە ئیسلامییەکان دەبێ‌و لە سەرەتادا بۆ ماوەیەك هامووشۆی کۆڕی وانە و وتارەکانی مامۆستا مەلا عەبدوررەحمانی ئازادی دەکات‌و بە کۆمەڵێك مامۆستای کاریگەرو خاوەن هەڵوێست‌و لاوانی ئیسلامخوازو حوجرە ئاشنا دەبێت‌و لەلایەن خۆشییەوە گرنگی بە خوێندنەوەو موتاڵاو خۆڕۆشنبیرکردن دەدات.

ساڵی ١٩٨٥ لەلای مامۆستا شێخ عەبدوڵڵای زیخانی‌و لە ساڵی ١٩٨٦ لای مامۆستای شەهید مامۆستا مەلا موحەممەدی کونەفلوسەیی دەخوێنێ، هەر لەو ساڵەشدا لە رێگای مامۆستا مەلا موحەممەدی کونەفلوسەیی شەهیدەوە کە یەکێك لە هەرە مامۆستا چالاك‌و هەڵسوڕاوەکانی هەولێرو سەرپەرشیاری رێکخستنەکانی مشورخۆرێکی ماندوویی نەناسی کاری ئیسلامیی‌و زانایەکی تێکۆشەرو نیشتمانپەروەری ناوازە بوو ـ کاك مەلا کاوە دێتە ناو ریزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی

پێشوو، ئیتر هێزی بیروبازووی لە خزمەتی کاروانی رابوونی ئیسلامی کوردستانو تێگەیاندنی خەڵكو بەتایبەتی لاواندا دەخاتەکارو دڵسۆزانەو چالاکانە لە ژێر سەرپەرشتیاری مامۆستای ناوبراودا ئەركو فەرمانەکان جێبەجێ دەکات، شایانی باسە هەر لە ساڵی ١٩٨٦یشدا بە شێوەیەکی نهێنی سەفەرێکی تایبەت بۆ سنوورو ناو هێزی پێشمەرگەی ئیسلام دەکاتو چاوی پێیان دەکەوێتو دوای گفتوگۆو وەرگرتنی ئاراستەو رێنومایی بە کێوێك لە هیواو ورەو دڵنیاییو دڵخۆشبوون بە تەوفیقو پاداشتو رەزامەندیی خوایی دەگەڕێتەوە ناو شارو بە گوڕتر لە جاران قۆڵ لە کاروبارەکانو بانگەوازو رێکخستن هەڵدەماڵێو شەو و رۆژ لە پێناوی خزمەتی ئاینو گەلو نیشتماندا پێکەوە گرێدەدات، تەنانەت لەبەر سەرقاڵبوونی بە ئەركو فەرمانەکانەوە لە ساڵی ١٩٨٧ واز لە خوێندن دێنێ، هەر لەو ساڵەدا بە فەرمانی مامۆستا مەلا موحەممەدی کونەفلوسەییو لەسەر راسپاردەی رێکخستنەکان کاك مەلا کاوە دەچێتە (مەلەکان)و لەوێ لە ریزی پێشمەرگەکانی ئیسلامو لە هێزی شافیعی چەکی ئیسلام دەکاتەشانو دەبێتە پێشمەرگە، بەمەش قۆناغێکی نوێ لە ژیانی پڕ لە کوێرەوەریو کۆچو کۆچبەری دەستپێدەکات، بەڵام ئەم جارەیان بە بەرگو پۆشاكو سەرو سیمایەکی نوێو قەدو قیافەتێکی جیاوە، ئەم جارەیان بە شانازییەکی گەورەو مێژوویی‌و شێوازێکی ترەوە لەگەڵ سەختیەکاندا دەکەوێتە بەربەرەکانیو خەباتو تێکۆشان.

کاك مەلا کاوە خەباتی شاخو پێشمەرگایەتی بە سەروەرییەکی گەورە دەزانی بۆیە لێبڕاوانە کارەکانی رادەپەڕاندنو لە دامەزراندنی بارەگاکانی سماقوڵیو شوێنەکانی تردا بەشداری دەکردو بە بارەگاکانی شێرەو کورتەكو سوسێو کانی هەرمێو سماقوڵیو مەلەکان ئاشنابوو و دەوامی تێدا دەکردن، لەو گوندانە چەندان قوتابی قورئانی هەبوونو بە ئیش‌وکار لەناو بارەگاکاندا شەو و رۆژو بە هاوینو زستان هاتووچۆی دەکرد، بۆ گەیاندنی پەیامو هەواڵی فەرماندەکانو گواستنەوەو گەیاندنی چەكو تەقەمەنی.

ئەو کاتانەی پێویستیش بوایە لەسەر چیا سەرکەشەکانی (پانەسەرو مۆتەو شەونسو بەنەباوی...) سەنگەری لە دوژمن دەگرت، جارجارەش بە جەولە لەگەڵ هاوسەنگەرانیدا بەناو دێهاتەکانی خۆشناوەتیو دۆڵی ئاکۆیەتیو دەشتی کۆیە

دادەبەزیو پەیامی پیرۆزی ئیسلامو زەرورەتی كاری ئیسلامییو جیهادی بە دژی بەعسیەكانو دیفاعكردن لە مەزلوومیەتی میللەتی كوردی بۆ خەڵك روونده‌كردەوە.

هەروەها جەولەی بەرەو بارەگاكانی پێشمەرگەی ئیسلام لەسەر سنوور دەكرد، بۆ وێنە ساڵی ١٩٨٧ جارێكیان لەگەڵ حاجی عەبدوڕڕەحمانی شێخ وەسانانو دەستەیەك پێشمەرگەی تر سەفەرێكی لەو شێوەیان ئەنجامدا.

هەروەها لەو مەفرەزە پارتیزانانەی كە دادەبەزینە سەر جادەی گشتی نێوان (هەولێر - كۆیە) بەشداری دەكرد بە مەبەستی بۆسەنانەوە بۆ دوژمنو هۆشیاركردنەوەی جەماوەر.

جارجارەش لەگەڵ شەهیدان كاكە جیهادو كاكە نەوزاد بە كاروباری رێكخستنو ئەنجامدانی چالاكی دادەبەزینە ناو هەولێر، بێگومان لەو جەولەو مەفرەزانەشدا زۆرجار رووبەڕووی حاڵی دژوارو پڕ لە مەترسی دەبوونەوە، بەڵام باوەڕو وورەو ئیخلاصو دڵسۆزیی كاك مەلا كاوەو هاوڕێكانی زۆر لەو مەترسیو دژوارییانە بەهێزتر بوو، پشتیان بە خودا قایم بوو، خۆیان بۆ خودا یەكلایی كردبووەوەو خەباتو تێكۆشانەكەیان كە لە پێناوی خواو رزگاری چەوساواندا بوو زۆریان بەلاوە پیرۆزو مەزن بوو، بۆیە هەمیشە گیانفیدابوونو تامەزرۆی شەهیدی بوون.


كاك مەلا كاوەی پێشمەرگەی قارەمانی ئیسلامو دڵسۆزی ئایینو گەلو نیشتمان ژیانی پڕ لە كوێرەوەرییو چەرمەسەریی، لەلایەكی تریشەوە پڕ لە قارەمانێتیو سەروەری بەم شێوەیە بەڕێكرد، تا سەرەنجام لە مانگی ئابی ١٩٨٨دا لەگەڵ كاكە (سەروەر) لە كاتی داگیركردنەوەی ناوچە ئازادكراوەكان لەلایەن رژێمی ملهوڕی بەعسەوەو هێرشە یەك لەدوای یەكو دڕندانەكانیدا لە حاڵەتی ئیختیفا لە مەفرەزە پارتیزانەكانی ئیسلام دابڕاو لەلایەن سوپای رژێمی بەعسەوە ئەنفالكراو بێسەرو سۆراغ كراو تەنانەت هیچ هەواڵێك لە تەرمەپاكەكەیو گڵكۆكەی نەزانراو چووە ریزی شەهیدانی سەربەرزی ئیسلامەوەو ماڵئاوایی لە خزمو كەسوكارو هاوسەنگەرانی كرد، دوای خۆشی تەنها كوڕپەیەكی بەناوی (موحەممەد) بە یادگاری لەدوا بەجێما.

# شەهید: عەبدوررەحمان مستەفا عەبدوڵلا



ساڵی ١٩٧١ لە گوندی (تەوەکەڵ)ی سەر بە ناحیەی ئاغجەلەر لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەرو ئیسلامخواز هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیی لە گوندی تەوەکەڵی بچووک بەسەربردووە، لە قوتابخانەی گوندەکەیان نراوەتە بەر خوێندنو پاشان لە ناوەندی ئاغجەلەر درێژەی بە خوێندن داوە، لە قۆناغی دواناوەندی زیاتر بواری خوێندنی نەبووە، ئەمجار بە کارو کەسابەتو دابینکردنی بژێوی ژیانەوە خەریك بووەو لە فەرمانگەی ڕێگاوبان دامەزراوە، لە بواری شۆفێریدا شارەزایی باشی هەبووە.
لە رووی کۆمەڵایەتییشەوە پەیوەندیو دۆستایەتی لەگەڵ خەڵکدا گەرمو گوڕ بووەو حەزی بە بواری کۆمەڵایەتی کردووە.
لە ساڵی (١٩٨٥)ەوە پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە کردووەو باوكو براکانی کاریگەرییان بەسەرەوە هەبووە بۆ راستەرێکردنو تێگەیاندنو پێگەیاندنی.
پاشان وەك ئەندامێکی ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو، ڕۆڵی خۆی لەناو کۆمەڵگەدا گێڕاوەو وەك لاوێکی ئیسلامی ناسراوەو لەسەر ئەوەش زۆرجار لەلایەن کەسانی نەفامو لاڕێوە لەو سەردەمەدا توانجو پلاری تێگیراوە.
کاکە عەبدوڕڕەحمان لەسەر کارو ڕێبازی ژیانی خۆی بەردەوام دەبێتو بە دڵێکی پڕ لە باوەڕەوە بەناو شەوی دەیجوری ستەمو ستەمکاریی بەعسیەکاندا گوزەر دەکاتو هیوا لە روخساریدا پرشنگ دەداتەوە، تا سەرەنجام کاکە عەبدوڕڕەحمانی لاوی ئیسلامخوازو خواویست لە ساڵی ١٩٨٨دا لە رومادی بەدەستی رژێمی بەعس شەهید دەکرێو دەگەڕێتەوە حزوری بارەگای خوای تۆڵەسێنو بەتوانا.
پاشان تەرمەپاکەکەی دەهێنرێتەوەو لە گۆڕستانی (سەید زەنوون) لە تەکیە بەخاك دەسپێردرێت.
بەم شێوەیە کاکە عەبدوڕڕەحمانیش دەبێتە یەکێکی تر لەو لاوە کوردانەی کە بە دەستی رژێمی نەگریسی بەعس شەهید دەبێتو دەبێتە ئەستێرەیەکی تری ترۆپکی سەروەریی.

# شەهید: گوڵ ئەحمەد موحەممەد عەلی
# ناسراو بە: مەلا سەی گوڵ



ساڵی ١٩٥٤ لە خانەوادەیەکی ساداتی جەباری لە شاری کەرکووك چاوی بە ژیان هەڵێناوە، گڕوگاڵی منداڵی تێکەڵاوی خەونە ئەرخەوانییەکانی گەڕەکەکانی کۆماری‌و شوریجەی کەرکووکی بابەگوڕگوڕ کردووە، پاشان دەچێتە قوتابخانەو تا شەشەمی سەرەتایی دەخوێنێ.
ساڵی ١٩٧٩ لە رێگەی مامۆستا مەلا صالحی وتاربێژی مزگەوتی عەبدوڕڕەزاق لە کەرکووك ئیلتیزاماتی ئیسلامیی تێدا بەهێز دەبێ ، لە رووی کۆمەڵایەتییشەوە پەیوەندیی لەگەڵ خەڵك‌و خزم‌و هاوڕێیانیدا گەرم‌و گوڕ دەبێ‌و پاشان لە بەڕێوەبەرایەتی ئەشغالی کەرکووك دادەمەزرێ.
ساڵی ١٩٨١ بۆ ماوەی دوو ساڵ لە دائیرە وەکو (مجهود حربی) ساڵ سەربازی پێدەکرێ.
بەهۆی سەلیقەو خولیای خۆیەوە لە بوارەکانی شۆفێری‌و ئاسنگەری‌و بیناسازیدا شارەزایی پەیدادەکات.
لە تەمەنی لاوێتیدا خولیای شۆڕش‌و رزگاری دەکەوێتە کەللەوەو نزیکەی پێنج ساڵ لە شۆڕشی ئەیلولدا خزمەتی کردووەو بووە بە پێشمەرگە.
ساڵی ١٩٧٥ خێزانی پێکەوەناوەو دوای خۆی سێ کوڕو دوو کچی بە ناوەکانی (ئومێد، ئاراز، ئارام، رەوشت، سروشت) بەجێهێشتوون.
لە ناوەڕاستی هەشتاکان بەدواوە پەیوەندی بە ریزی رێکخستنەکانی کاری ئیسلامییەوە دەکات‌و بە ئومێدەوە لە ئاسۆی ئازادی میللەتەکەی‌و کاروانی رابوونی ئیسلامی کوردستان‌و تێکۆشانی ئیسلامخوازان دەڕوانێ.
تا سەرەنجام (گوڵ ئەحمەد)ی ناسراو بە (مەلا سەی گوڵ) لە پرۆسەی جینۆسایدی بەناو ئەنفال لە گەرمیان لە ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەی جەباری دەکەوێتە بەر شاڵاوی جەللادەکانی بەعس‌و دەستگیر دەکرێ‌و بێ سەروشوێن دەمێنێتەوەو تێلەکەی خەون‌و هیوا رەنگاڵەکانی بە رێبوارانی رێبازی رەسەنایەتی‌و هەقیقەت دەسپێرێ.

# شەهید: زەینەدین قوتبەدین عەلی



# شەهید: صابیر موحەممەد رەشید



ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی (دەرەشیش)ی نزیك هەڵەبجە لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەردا هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵی لە دەرەشیش‌و گوندی عەنەب بەسەربردووە، لە قوتابخانەی عەنەب نراوەتە بەر خوێندن‌و قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووەو پاشان لە ناوەندیی (ئەحمەد موختار جاف) تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە.

دواتر لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیاندا خەریکی کارو کاسبی‌و حەمباڵی دەبێ‌و لەگەڵ کوێرەوەری‌و سەختیەکانی ژیاندا دەستەو یەخە دەبێتەوە.

کاك صابیر خولیای کاری سیاسی‌و رێکخراوەیی دێتە کەللەوەو لە سەرەتادا بۆ ماوەی کەمتر لە ساڵێك لە حزبی (شیوعی)دا کار دەکات.

ئەو بێدارییە ئیسلامییەی دەڤەرەکەی گرتبووەوە کاریگەری بەسەر کاك صابیریشەوە دادەنێ‌و ئولفەت‌و ئاشنایەتییەکی بەهێز لەگەڵ مزگەوت‌و چەند مامۆستاو لاوێکی ئیسلامخوازدا پەیدا دەکات‌و لە کۆتایی حەفتاکاندا هۆگری مزگەوتی ئوسامە دەبێ‌و لەوێوە پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەستپێدەکات.

دوای تێپەڕاندنی چەند قۆناغێکی دژواری سیاسی، چەوساوەیی میللەتەکەی‌و سیاسەتە شومەکانی بەعس لە بەرانبەر ئیسلام‌وموسڵماناندا، رق‌و توڕەیی تێدا بنیات دەنێن‌و لەمەشەوە بڕیاری گرتنەبەری رێگای جیهادو بەرەنگاربوونەوەی بەعسیەکان دەدات.

بۆیە لە ساڵی ١٩٨٧دا پەیوەندی بە کاروانی جیهادەوە دەکات‌و دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلام‌و بە ئەوپەڕی شانازییەوە چەکی ئیسلام دەکاتە شان‌و بە دڵسۆزی‌و فیداکارییەوە ئەرك‌و فرمانەکانی رادەپەڕاندن.

کاك صابیر لەگەڵ شەهیدی سەرکردە مامۆستا مەلا عەلی بیارەدا زۆرجار بە ئەرکی پێشمەرگانە دەردەچوو، بە دڵ دەیویست زەبر لە عەفلەقیەکان بسرەوێنێ و لە پێناو ئایین‌و گەل‌و نیشتماندا تێکۆشێ‌و بۆ دەستەبەرکردنی ئاییندەیەکی گەشەدار نەقشی هەبێ.

کاك صابیر بەو هیواو ورەو باوەڕەوە تێدەکۆشا، تا سەرەنجام لە رۆژی ١٩٨٨/٣/٩دا لە کاتێکدا لەگەڵ شەهیدی سەرکردە مامۆستا مەلا عەلی بیارەدا دەبێت لە بەسەرکردنەوەی بارەگاکانی ناوچەی (سیمان) لە نزیك هەڵەبجە ، رژێمی بەعسی درندە دەکەوێتە بۆردومانی ناوچەکەو لە ئاکامدا کاك صابیری پێشمەرگەی قارەمانی

ئیسلام لەگەڵ مامۆستای ناوبراو و هاوڕێیەکی تریدا شەهید دەبێ‌و دەبێتە ئەستێرەیەك لە ئەستێرەگەشەکانی ترۆپکی سەروەریی، پاشان تەرمەپاکەکەی لە گۆڕستانی (رەوان) لە کوردستانی ئێران بەخاك سپێردرا.

کاك صابیر خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێزو کراوەبوو لەناو خەڵکداو زۆر حەزی بە سەردانو هاوکاری خەڵك‌و خزمان‌و دۆستان دەکرد، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٢دا خێزانی پێکەوە نابوو، دوای خۆی دوو کوڕو کچێکی بە ناوەکانی (ئیحسان، خوبەیب، سومەییە) بە دیاری‌و یادگاری بۆ ئیسلام‌و کوردستان بەجێهێشتوون.

# شەهید:ئەبوبەکر حەمە عەبدولقادر رەسوڵ[٧] قەرەداغی




ساڵی ١٩٦٧ لە گەڕەكی خەباتی شاری سلێمانی لە ئامێزی خانەوادەیەكی ئیسلامپەروەردا هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیشی لەوێ بەسەربردووەو لە قوتابخانەی (١١)ی ئازاری گەڕەكی خەبات نراوەتە بەر خوێندنو دوای قۆناغی سەرەتاییش لە ناوەندی (جمهوری)ی سەرشەقام درێژەی بە خوێندن داوەو دواتر بەشی كارەبایی لە ئامادەیی پیشەسازی ١٧/تەمموزی لە ساڵی (١٩٨٦) تەواوكردووە.

هەروەها ماوەیەكیش لە مزگەوتی خەبات لای مامۆستا مەلا حەسەن خوێندوویەتی.

كاك ئەبوبەكر قەرەداغی بەهۆی خانەوادەكەیانو بەتایبەتی حاجی موحەممەد قەرەداغی باوكییەوە ئاگاداری جموجوڵی كاری ئیسلامیی دەبێتو دەزانێ چ ئەركێك لەسەرشانی ئیسلامخوازانی ئەمڕۆی میللەتەكەیەتیو رۆژی جیهادو تێكۆشانە بە دژی رژێمی كافرو ستەمكاری بەعس، هەر بۆیە كاتێك حاجی موحەممەد قەرەداغی باوكی بڕیاری هیجرەتو جیهاد دەداتو داوای مانەوەی لێدەكات لە لای دایكی تا كاتێكی گونجاو، كاكە ئەبوبەكر بەسەرسوڕمانەوە روو لە باوكی دەكاتو دەڵێ: " باوكە! تۆ كوڕی خەڵك بانگ دەكەیت بۆ موجاهیدیی لە رێگای خواداو كەچی مەنعی من دەكەیت!"، هەر لەسەر ئەم دڵسۆزیو دڵگەرمیو را جوانەش وەك باوكی دەگێڕێتەوە رێگەی هیجرەتو جیهادیش بە ئەو دەداتو لە ١٩٨٧/١/١دا چەكی جیهاد دەكاتە شانو لە هێزی خالیدی كوڕی وەلیدی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی ئەوكات دەبێتە پێشمەرگە.

هەر ئەو كاتە كە بارەگای هێزەكە لە شلێر دەبێت، بە فەرماندەیی مامۆستا مەلا موحەممەدی رازی بۆ هاوكاری هێزی فاروق دەپەڕنەوە بۆ ناوچەی قەرەداغو كاكە ئەبوبەكریش یەكێك لەو پێشمەرگە قارەمانانە دەبێت كە بەشداری ئەم ئەركە گرنگو گەورەیەی پێدەكرێت، كاك ئەبوبەكر قەرەداغی لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا، پێشمەرگەیەكی گیانفیداو گوێڕایەڵو ئامادە دەبێتو بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەركو فرمانەكان رادەپەڕێنیو هەر لەو ماوەیەشدا بەشداری چەندان چالاكی دەكات لە سنووری قەرەداغو دەربەندیخان ، تا سەرەنجام كاك ئەبوبەكری پێشمەرگەی ئیسلامو لاوی خواویستو تاقانەی خانەوادە ئیسلامپەوەرو تێكۆشەرەكەیان لە رۆژی ١٩٨٨/٣/١٣ لە كاتی ئەنجامدانی كارێكی پێشمەرگانەدا لە ناوچەی دیوانەی قەرەداغ دەگاتە كاروانی شەهیدانو دەبێتە ئەستێرەیەكی ترۆپكی سەروەریو مەدالیای شانازی خانەوادەو میللەتو كاروانی رابوونی ئیسلامیی كوردستان، پاشان تەرمە پاكەكەی لە گوندی (مەسوی)ی قەرەداغ بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: سمکۆ مەحمود حەسەن



ساڵی ١٩٦٢ لە شاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیشی هەر لەوێ بەڕێکردووەو لە قوتابخانەی سەرەتایی (گۆران) نراوەتە بەر خوێندنو ناوەندیشی لە ناوەندیی (وەتەن) تەواوکردووە، پاشان لە دواناوەندی (سلێمانی) تا شەشەمی وێژەیی درێژەی بە خوێندن داوە، لەمەش زیاتر نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، ناچار بە کارو کاسبیو (وەستای سەرتاشی)و دوکانداریییەوە خەریک بووە.

کاتێکیش شەپۆلی بێداریی ئیسلامییو هەستانەوەی ئیسلامخوازان بەرەبەرە وەکو شەماڵێك ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێشی کوانووی جیهادو تێکۆشانو گەڕانەوە سەرخۆ گەش دەکاتەوە، دڵی کاک سمکۆش بە لای خۆیدا پەلکێش دەکاتو تا دێ زیاتر خۆشەویستیی خواو پێغەمبەری پێشەواو ئیسلامو رقو تووڕەیی لە ستەمکارانو داگیرکەران تێدا دەچێنێ.

هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو دواتر دڵو هەستو نەستو نیگای چاوەکانی بە هێزی (حەسەن بەننا)ی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوساوە پەیوەست دەکاتو لەگەڵ کاروانی ئیسلامیی کوردستانو پێشمەرگەکانی ئیسلامدا هەناسە دەداتو وەك لاوێکی ئیسلامخوازو دڵ پڕ لە باوەڕ و هیوا دەکەوێتە جموجوڵو چالاکیو بەم هۆیەشەوە دووجار لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی رژێمی بەعسەوە لە ناوچەی خورماڵ دەگیرێو حەوت ساڵ حوکم دەدرێ، بەڵام دوایی ئازاد دەکرێ، دووەمین جاریان دواجاری ماڵئاوایی دەبێت لە ژیانی دونیاو لە ١٩٨٨/٥/٦ەوە دوای گیرانو راپێچکردنیان بۆ ئەمنە سورەکە لەگەڵ هاوڕێکانیدا بێ سەرو شوێن دەبێو دواجار بە دەستی جەللادەکانی بەعس دوای سزاو ئەشکەنجەدان شەهید دەکرێت.

ئیتر نە ئەو چاوی بە کەسوکارو خانەوادەکەیان دەکەوێتەوەو نە خانەوادە بەڕێزەکەشی سۆراغێك لە گیرانیو شەهیدکرانیو تەرمەپاکەکەییو گڵکۆکەی دەزانن، شەهید سمکۆی قارەمان دوای ئەوەی کە لەلایەن دەزگا سیخوڕەکانی رژێمی بەعسی ستەمکارەوە بۆ دووەمین جار دەگیرێت، خانەوادەکەشی دەکەونە بەر رقی شێتانەی بەعسیەکانو تەنگ پێهەڵچنینو گیرانو ئەشکەنجەدانیانو رووخاندنی خانوویانو بەتاڵانبردنی ماڵیان.

نەك هەر ئەوەندە، ئەوەتا بە مەبەستی ئاشکراکردنو پەیوەندییەکانی کاک سمکۆی لاوی ئیسلامخواز لەگەڵ کەسانی تردا، بەعسیەکان بە شێوەیەکی بێ شەرمانەو

دڕندانە (بەیان خان)ی خوشکی کاك سمکۆ لە ١٩٨٨/٦/٤ دەستگیر دەکەن‌و دەیخەنە کونجی زیندانەوەو وێڕای هەڕەشەو چاولێسوورکردنەوە سزاو ئەشکەنجەیەکی زۆریشی دەدەن لە پێناو هەڵڕشتنی زانیاری‌و نهێنییەکانی ژیان‌و پەیوەندییەکانی کاك سمکۆی برایدا، بەڵام هەموو ئەم هەڕەشەو سزاو ئەشکەنجەدانانە لە بەرانبەر کێوی ورەو باوەڕی خوشکە (بەیان)دا بێسوود دەبن‌و ناچار ئازادی دەکەن.




دواجار خوشکە بەیان لە دەرەنجامی ئەم سزاو ئەشکەنجەیەوە تووشی نەخۆشییەکی سەخت دەبێت‌و ماڵئاوایی لە ژیان دەکات‌و لە گۆڕستانی (شیخ محێدین)ی شاری سلێمانی بەخاك دەسپێردرێت.

خوشکە بەیان مەحمود حەسەن ساڵی ١٩٦٨ لە سلێمانی لەدایك بووەو هەر لەوێش لە قوتابخانەی (گۆیژەی سەرەتایی)نراوەتە بەر خوێندن‌و ناوەندی‌و دواناوەندیشی تا شەشەمی زانستی لە قوتابخانەی (خانزاد) درێژە پێداوە، قوتابییەکی زیرەك بووە، بەتایبەتی لە وانەی ئینگلیزیدا شارەزاییەکی باشی هەبووە، دواجارو بەر لەوەی دواناوەندی تەواو بکات لەلایەن بەعسیەکانەوە دوای گیرانی کاك سمکۆی برای دەگیری‌و راپێچی زیندانی تەواریەکە دەکری‌و لە دەرەنجامی سزاو زیندانەوە دووچاری نەخۆشییەکی قورس دەبی‌و بەم هۆیەشەوە کۆچی دوایی دەکات‌و پاشان تەرمەپاکەکەی دەهێنرێتەوەو لە گۆڕستانی شێخ محێدین بەخاك دەسپێردرێت، بەم پێیە خۆی‌و کاك سمکۆی برای مەڵۆیەك لە سەروەریی‌و خەبات‌و بەرەنگاری‌و ورەو باوەڕو نەبەزین دەخەنە سەر خەرمانی جیهادو تێکۆشانی کاروانی ئیسلامخوازانی کوردستان بە دژی ڕژێمی بەعسی کافرو دەبنە مەدالیای شانازی بۆ بەرۆکی خانەوادەکەیان‌و ئیسلام‌و کوردستان ، شایانی باسە کاك موحەمەدی براشیان لە ڕۆژی ٧ / ٣ /١٩٩١ لە ناو ئەمنە سورەکەدا کە پێشتر لە وێدا زیندانی کرابوو ، لەلایەن بەعسیەکانەوە شەهید کرا

# شەهید: مەحمود کەریم ڕەسوڵ ڕەشید

## ناسراو بە: مەحمودی دەروێش کەریمی سیاگوێزی



ساڵی ١٩٥٩ لە گوندی سیاگوێزی سەر بە پێنجوێن لـە خانەوادەیـەکی ئایینپـەروەر چاوی بـە دونیـا هـەڵێناوە، ژیـانی منداڵیـشی لـەوێ بەسـەربردووەو لـە قوتابخانـەی گوندەکـەیان تـا سـێیەمی سـەرەتایی خوێندوویـەتی، پاشـان بـەهۆی راگواسـتنی گوندەکەیان لە ساڵی ١٩٧٨ وەك هەزارەها گوندو ئاوەدانی تـری کوردسـتان لەلایـەن رژێمـی درنـدەی بەعـسەوە لـە ئۆردوگـای زۆرەملێـی شـانەدەری نزیـك سەیدصـادق نیشتەجێ دەکرێن، بەڵام بەهۆی سەختیەکانی ژیانـەوە نـەیتوانیوە درێـژە بـە خوێنـدن بدات، بۆیە هەر لە تەمەنی دە ساڵییەوە کۆڵی کارو کاسبیو دابینکردنی ژیان لەگەڵ خێزانەکەیدا بە کۆڵـدا دەداتو دەکەوێتـە نـاو سـەختیو کوێرەوەرییـەکانی ژیانـەوەو تاڵاوی ستەمی بەعسیەکان دەچێژێ.

لەو ماوەیەدا کاك مەحمود کە لـە شـانەدەری دەیگـوزەرێنێ، گوێـچکەی بـە پـەیامی بانگـەوازی ئیـسلامیی دەزرنگێتـەوەو ئـەو بێدارییـە ئیـسلامییەی کـە دەڤـەرەکـەی گرتۆتـەوە ئـەویش بێـدار دەکاتـەوە، بەتایبـەتی رۆڵـی کاریگـەری مامۆسـتا شـێخ موحەممەد بەرزنجی کە ئـەوکات وتاربێـژی شـانەدەری بـووە، گـۆڕانی ریـشەیی بەسـەر خەڵکی ناوچەکەدا دێنیو ئیسلامی حەقیقییان تێدەگەیەنێ.

هـەروەها رۆڵـی مامۆسـتا مـەلا موحەمـمەدی شـارەزووری لـەو دەڤـەرەدا کاریگـەری تایبەتی خۆی دەبێت.

لە لایـەکی تـرەوە ناسـیاوێتیو هاتووچـۆی شـەهید مـەحمود لەگـەڵ مامۆسـتا مـەلا موحەممەدی رازی کە ئەوسا وتاربێژی گردەنازێ دەبێ، هەموو ئەمانە، وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە کاك مەحمودو لاوانی ناوچەکەدا دروست دەکەنو ئیتر لەوێوە کاك مەحمود دەبێتە هاوڕێی گیانی بەگیانی مزگەوتو زانایانی راستەقینەو رەسەنایەتیو پـەیامی خواو کاری ئیسلامی.

تەنانەت کاك مەحمود سیاگوێزی لە دەرەنجامی ئەمەوە خۆشی دەبێتە لاوێکی چالاكو هەڵسوڕاوی ئەوتۆ کە دەستی لاوانی تر بەرەو هیدایەتی خوایی دەگـرێو شـیرینایەتی ئیسلامو خۆشەویستی خواو پێغەمبەریان لەدڵدا دەڕوێنێو بـە بانگخوازانیـان ئاشـنا دەکات.

کاتێکیش بەهۆی شەڕی (ئێران ـ عێراق)ەوە ئۆردوگای شانەدەری ناچـار بـە چـۆڵکران دەکرێ، کـاك مـەحمود سـیاگوێزی لـە سلێمانی نیـشتەجێ دەبـێو لـەوێ بـە کـاری

بازرگانییەوە خەریك دەبێت، هەر لەوساشەوە پەیوەندی بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامییەوە دەکات کە بەڕابەرایەتی مامۆستا شێخ موحەممەد بەرزنجی ئیعلانی جیهادی کردبوو بە دژی رژێم و لە ساڵی (١٩٧٨)ەوە دامەزرابوو.

ساڵی ١٩٨٧ کاك مەحمودی لاوی دڵ پڕ لە باوەڕو حەماسە چیتر حەوسەڵەی ژێردەستەیی و دانیشتن لە ژێر سایەی شوومی رژێمی بەعسی نامێنێ و رێگای هیجرەت و جیهاد دەگرێتەبەرو لە هێزی خالیدو لای مامۆستا مەلا موحەممەدی رازی دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلام، دواتر وەك ئامر مەفرەزە درێژە بە خەباتی ئیسلامخوازی دەدات و لە شەڕەکانی شارباژێڕ بە دژی جەیش و جاشی رژێم بەشداری دەکات، پێش شەهیدبوونیشی یەك جار بریندار دەبێت لە ناوچەی شلێر.

کاك مەحمود سیاگوێزی دەبێتە نموونەی کەسی ئازاو دڵسۆزی ئایین و گەل و نیشتمان و پەیمان دەدات و دەڵێ: "تا گەل رزکارو دینی خوا حاکم نەبێت چەك دانانێم".

سەرەنجام کاك مەحمودی دەروێش کەریمی سیاگوێزی پێشمەرگەی قارەمانی ئیسلام و لە کڵ دەرهاتووی ناو سەختیەکان و هەورازو نشێوەکانی ژیان ، لە ساڵی ١٩٨٩ لە نزیکی گوندی سیاگوێز لەلایەن دەستێکی رەشەوە لەگەڵ میوانێکیدا لە تاریکی شەودا شەهید دەکرێ و ماڵئاوایی لە کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان و خزم و کەسوکاری دەکات، تەرمەپاکەکەشی لە گوندی (چەمپاراو) بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید مەحمود سیاگوێزی ساڵی ١٩٨٣ خێزانی پێکەوەنابوو دوای خۆی سێ کوڕی بە ناوەکانی (هێمن، خواناس، ئارام) بەجێهێشتوون.

# شەهیدی فەرماندە: عەلی موحەممەد هۆمەر
# ناسراو بە: مامۆستا مەلا عەلی سەرگەڵوویی



ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی دڵڕفێنی (سەرگەڵوو)ی دۆڵی جافایەتی لە ئامێزی خانەوادەیەکی هەژارو ئایینپەروەردا هاتۆتە دونیاوەو چاوی بە ناسۆرو ژانی میللەتەکەی هەڵێناوە، ژیانی منداڵیی لە گوندەکەیان بەسەربردووەو هەر لەوێش قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکاتو دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن روو دەکاتە سلێمانیو قۆناغەکانی ناوەندییو دواناوەندییو دواجار پەیمانگای ئیسلامیی بەسەرکەوتوویی دەبڕێ.

لەگەڵ پێهەڵچوونی تەمەنیو بڕینی قۆناغەکانی خوێندندا کەڵکەڵەی شۆڕشو کوردایەتی دێتە کەللەوەو گیانی شۆڕشگێڕیی لە ئاست زوڵمو ستەمەکانی رژێمی بەعسدا دەکەوێتە جۆشو خرۆشو ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی دەکات بە رێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوەو چالاکانە لەم بوارەدا کاردەکات تا ساڵی ١٩٨٣ بە کۆمەڵێك بڵاوکراوەی حزبەوە دەگیرێو بەرەو بەندیخانەی ئەمنی سلێمانیو پاشان ئەبوغرێب راپێچ دەکرێو دوای شەش مانگ لە گیرانی حوکمی هەتاهەتایی بەسەردا دەدرێ، بەڵام بە ویستی خوای گەورە پاش (٢٧) رۆژ لە ساڵی ١٩٨٤ بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێتو ئازاددەکرێت.

شەهید مامۆستا مەلا عەلی سەرگەڵوویی ئەم قۆناغەی ژیانی سیاسیو گیرانو بەندیخانەی بۆ دەبێتە وێستگەی بەخۆداچوونەوەیەکی نوێو فێربوونی وانەی نەبەزینو کۆڵنەدانو مکوڕبوون لەسەر خەباتو تێکۆشان بەڵام بە تێڕوانینێکی تازەوە، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٥دا پەیوەندی دەکات بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی کە لە ساڵی ١٩٨٤ەوە بە رابەرایەتی مامۆستا شێخ موحەممەد بەرزنجی جاڕی جیهادی دابوو بە دژی رژێمی بەعسی دڕندە.

هاوکات لەگەڵ ئەم کارە پیرۆزەشیدا لە گوندی سەرگەڵوو و لەسەر داوای دانیشتووانەکەی وەك پێشنوێژو وتارخوێن دادەمەزرێو بە وتاری بەهێزو پێزو خستنەڕووی ئیسلامێکی هەقیقیو رۆشن، رێنوومایی خەڵكو لاوان بە تایبەتی دەکاتو گەندەڵیو پووچی بیروباوەڕو رێبازە دەستکردەکانیش کە بازاڕیان گەرم دەبێ دەخاتە روو و جەماوەر لە چەواشەکاریو مەترسی بیردۆزەو رژێمە تاغوتیەکان ئاگادار دەکاتەوە.

بەم هۆیەشەوە زۆرجار دەکەوێتە بەر هەڕەشەو چاو لێ سوورکردنەوە، بەڵام ئەو وەك زانایەکی ئاینیی‌و ئیسلامخوازێکی سەر ڕاست، ڕاستی خۆی بە شك‌و گومانی لا ڕێبوان ناگۆڕێتەوەو بە هەر نرخێك بێ ئامادەیە پەیامەکەی بگەیەنێ‌و ئەرکی سەرشانی خۆی دەرهەق بە ئاین‌و گەل‌و نیشتمانەکەی جێبەجێ بکات.

مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٧ کاتێك مامۆستا عەلی باپیر لەگەڵ دەستەیەك سەرکردەو فەرماندەو پێشمەرگەداو لە میانی جەولەیەکدا دەکەوێتە ناوچەی جافایەتی، سەردانی گوندی سەرگەڵووش دەکات‌و لەگەڵ خەڵکی گوندەکەو مامۆستا مەلا عەلی سەرگەڵوییدا کۆدەبێتەوەو لەوێوە مامۆستا مەلا عەلی‌و دەستەیەك لە قوتابییەکانی پەیوەندی بە هێزی (حەمزە)وە دەکەن‌و چەکی بەرگری لە ئیسلام‌و گەلەکەی وەردەگرێ‌و بە فەرماندەیی ئەو دەستەیە لە سەرگەڵوو دەمێنێتەوەو درێژەش بە کاری بانگەواز دەدات.

دوای ئەوەی ڕژێمی بەعس دەستیکرد بە بەکارهێنانی کیمیایی‌و زنجیرە هێرشێك بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان‌و لە مانگی سێی ١٩٨٨یش تا دۆڵی جافایەتی‌و گوندی سەرگەڵووشی گرتەوەو ئیتر چۆڵکراو مامۆستا مەلا عەلی‌و ئەو برایانەش کە لەگەڵیدا بوون بە خانەوادەوە کشانەوە سنوورەکان‌و بەمەش قۆناغێکی سەخت‌و نوێ بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان‌و خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد هاتە پێش.

بەڵام لەگەڵ ئەو سەختیانەشدا مامۆستا مەلا عەلی‌و هاوسەنگەرانی لە ریزی ئەو پێشمەرگانەدا بوون کە تیغی ورەو ئیرادەیان کول نەدەبوو، بەڵکو بەوپەڕی بڕواو عەزمەوە خۆیان ڕێکخستەوەو هێزێکی نوێیان بەناوی هێزی (شارباژێڕ) پێکهێناو ئیتر مامۆستا مەلا عەلی وەك فەرماندەی هێز بە گوڕتر لە جاران کەوتە جموجوڵ‌و ئامادەسازیی‌و بەرنامەی نوێ بۆ درێژەدان بە خەبات‌و دابەزین بۆ قووڵایی خاکی نیشتمان‌و بەگژداچوونەوەی ڕژێم.

ئەوەبوو مەفرەزەیەکی پارتیزانی بە فەرماندەیی خۆی ئامادەکردو بەرەو دۆڵی جافایەتی‌و ناوچەی سەرگەڵوو دابەزی، بەڵام بەر لەوەی بگاتە شوێنی مەبەست، مامۆستا مەلا عەلیی زاناو فەرماندەو پێشمەرگەی ئیسلام خۆی‌و مەفرەزەکەی لە شەوی ٢٢-١٩٨٩/٧/٢٣ لە پشت گوندی (یاخیان)ی بەری مەرگەی سەر بە ناحیەی بنگرد دەکەوێتە بۆسەیەکی ڕەبیەکانی دوژمنەوەو دوای شەڕێکی قارەمانانەو دەستەویەخەو کوشتنی چەند جەندرمەیەکی بەعس، (مامۆستا مەلا عەلی)ش بە

پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو بە خوێنە ئاڵەکەی سەروەرییەکی مێژوویی بۆ خۆیو کاروانی رابوونی ئیسلامی کوردستانو خانەوادە بەڕێزەکەی لەسەر خاکی خۆشەویستی کوردستان تۆمار دەکاتو پاشان تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی (دوکان) بەخاك دەسپێردرێت.

مامۆستا مەلا عەلی سەرگەڵوویی زاناو فەرماندە لە ساڵی ١٩٨٤ خێزانی پێکەوەناوەو دوای خۆی سێ کوڕی بە ناوەکانی (راستی، راستگۆ، عەبدولخالق) لەدوا جێماونو سێ هەمینیشیان کە لە دوای شەهیدبوونی لەدایك بووە، هەر لەسەر وەسیەتی ئەو ناوی (عەبدولخالق)ی لێنراوەو هەمیشەش وەسیەتی بۆ منداڵەکانیو خانەوادەو کەسوکاری هەر ئەوەبووە کە درێژەپێدەری ئەم رێبازە بنو پەیوەستبن بە شەریعەتی خواو کاروانی خواویستانەوە.

# شەهید: حەسەن نەبی ئەحمەد حەمدان
# ناسراو بە: بە فەقێ حەسەن



لە نێوەڕاستی هەشتاکاندا دەڤەری (پشدەرە رەقە)و بەتایبەتی (گەڵوی ماخۆبزنان) سەرلەنوێ لەدایك بۆوە، بەڵام ئەمجارەیان بە شێوازێکی تازەو بە گەورەیی، چونکە بە نێو ژانی رابوونی ئیسلامیدا چاوی دەچاوە گەشەکانی کوردستانی دایکی بڕی، لەو ساڵانەدا ئەو گوندە بێ نازو لاچەپو لاپەڕە بووبووە مەکۆی ئیسلامخوازانی کوردو تەنانەت هەندێك جار عەرەبیش، لە هەموو لایەکی کوردستانو عێراقەوە، لاوانی رۆشنبیری موسڵمانو کوڕانی رابوونی ئیسلامیی، کۆمەڵ کۆمەڵ وەکو پەپوولەی عاشق لە دەوری چرای بیروبۆچوونی واقیعیو جیهایی مامۆستا عەلی باپیر کۆدەبوونەوە، کە لەو گوندە دوورەوە وەك تیرە ئەستێرە سنگی تاریکستانی سۆشیالیزمی عەفلەقی دەسمیو تۆخڕنو ئومێدی دەخستە دڵی گەلی بەشمەینەتی کوردستان.

تا وای لێهات خەڵکی ئەو گوندە، بە پیاوو ئافرەتەوە، بە پیرو لاوەوەو بەشێکی بەرچاو لە دانیشتوانی دەڤەرەکەش، بوونە پەروانەی دەوری تیشکی ئیسلامەتیو گوندو دەڤەرەکەیان کردە قەڵای لە گیرنەهاتووی باوەڕ.

جا یەکێك لەو لاوە نەبەزو مشورخۆرانەی لەو دەوروبەرە رووحانیە نوورانیەدا تێگەیشت و پێگەیشت، شەهیدی سەروەر (فەقێ حەسەن) بوو، شەهیدی ئازیز کە ناوی تەواوی (حەسەن نەبی ئەحمەد)ە، ساڵی ١٩٧١ لە گوندی (ماخۆبزنان)ی دەڤەری پشدەرەڕەقەی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەر لە ئامێزی خێزانێکی هەژارو ئیسلامپەروەردا چاوی بە ژیان هەڵێناوە.

لە منداڵیەوە نێردراوەتە بەر خوێندنی حوجرەو هەر لە گوندەکەی خۆیانو لەلای مامۆستا خدر شێخەسوورو دواتریش لای مامۆستا عەلی باپیر درێژەی بە خوێندن داوەو لەنێو کارو کاسبیو ژیانی رەوەندایەتیو گەرمێنو کوێستاندا دەبێتە زوورە پیاو و کەسێکی پێکراو و گورجوگۆڵ ، کاتێك بیرو زەینی دەکرێتەوەو خۆشەویستی رێبازی ئیسلامو کاری جیهادو تێکۆشانی لەدڵدا دەکەوێتە جۆشو خرۆش، لە ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە رێکخستنەکانو کاری ئیسلامییەوە دەکات، هەموو وزەو هەوڵی خۆی لە پێناوی روونکردنەوەی حەقیقەتی ئیسلامو هۆشیارکردنەوەی رۆڵەکانی گەلە موسڵمانەکەییو پرینگاندنەوەو رزگارکردنیان لە تەڵەو داوی کوفرو بێ بەندوباری لاڕێییو خواری دەخاتە کارو بێ باکانە ، قۆڵ لە کارو چالاکیو جموجوڵی بێپسانەوە

هەڵدەماڵیّو ترسو سامی مۆتەکەی بەعسیانو بێباوەڕانی تری دەخستە ژێرپێو لاوانی تریشی بۆ هەلگرتنی چەکی جیهادو تێکۆشانو بەگژداچوونەوەی رژێمی ستەمکارو بێباوەڕی بەعس هاندەدا.

لەبەر ئەوە کە لە مانگی ۱۹۸۷/۸دا تروسکەی جیهادی ئیسلامیی لەسەر رەوەزەکانی بناری قەندیلیش خەرمانەی داو بارەگاکانی هێزی حەمزە لە قەلاّتووکانو ناوچەکانی تری قەندیل دامەزران، وێڕای چەندەها کاروانچی دیکەی ئەو نێوە، بۆ پشتگیریی ماددیو مەعنەوی موجاهیدانو پێشمەرگەکانی ئیسلام، بەردەوام لە نێوان شارو شاخدا لە رایەڵەدا بوونو هەموو جارێ کە دەگەیشتنە خوار بنکەی پێشمەرگەکان خۆشیو شادی هەموو دڵو دەروونی دەتەنینو لافاوی سۆزو خۆشەویستی دەڕژایە سەر تەلی بیرو هەستیانو ئاوازی پڕخرۆشی (الله اکبر)یان لێ هەڵدەستاندو لەو لێڕەوارە کشو ماتەدا دەنگی دەدایەوە.

دوای ئەوەی لە بەرهاری (۱۹۸۸)ەوە گوڵزاری رازاوەی پشدەر لە دۆزەخی عەفلەقیەکاندا کەوتە هەڵپڕوکانو دەست بە کاولکاریو راگواستنی کرا، بنەماڵەی کاك فەقێ حەسەن لە ئۆردوگای زۆرەملێی حاجیاوای بیتوێن نیشتەجێ بوون، شەهیدی خۆشەویست خۆی ئاسایی وەکو جارانو بگرە بە دڵی گەرمو حەماسانەتر دەستی کردەوە بە چالاکیو جموجوڵی ئیسلامیو ئەمجارەیان هەموو چەپکە روناکیەکەی پشدەری بەرەو دەشتی بیتوێن هێنابوو و بە گژ شەوی نوتەکی جاهیلیەتو ستەمیدا دەکرد.

شەهید فەقێ حەسەنی ماخۆبزنی لەوێشەوە وەك کادرێکی بە زیرەكو ئازاو لێزانو دەلیلێکی هەمیشە ئامادەو کاروانچیەکی سەرقافڵەو پێشمەرگەیەکی گیان لەسەر دەستو تەتەرێکی کارامەو لێبڕاو بە بەردەوامی لە کارو جموجوڵدا بوو، مانای راوەستانو ترسو بەزینی نەدەزانی، بەڵام مەخابن پێش ئەوەی ئەو نەمامە شەنگەی باخی جیهادو کاری ئیسلامی بە تەواوی پێبگاتو لقو پۆ دەرکات، کەوتە بەر تەوری ستەمی بەعسیە خوێن خۆرەکانو لە مانگی (۱۰/۱۹۸۹)دا لە کاتێکدا لە گەرەکی کێوە رەشی رانیەدا لەگەڵ مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی هێزی حەمزەو پۆلێك رێکخستنی شاردا بوو،کە سەرپەرشتی ناردنەدەرەوەیانی دەکردن بۆ پێشمەرگایەتی، لە پڕێکدا بەسەر کەمینێکی چەند چڵکاوخۆرو وڵاتفرۆشو ویژدان مردوویەکدا دەکەوێتو دەستڕێژی لێدەکەنو ئەو دڵە گەورەیەی دەریایەك خۆشەویستیی خواو

چەوساوەکانی کوردستانو ئازادی نیشتمانی تێدابوو لە لێدان دەکەوێتو ماڵئاوایی لە پێشمەرگەو قەندیلو پشدەری وێرانکراو و کێوەڕەشو حاجیلەو ڕێکخستنە جەربەزەکان دەکاتو دوای شەهیدبوونیشی پۆلێك ڕێکخستنی نەبەرد بێ سڵکردنەوە دەچنە سەر تەرمی شەهیدو ئەو چەكو نامە تایبەتیانەی کە لای دەبن دەستبەجێ دەیانگوازنەوەو تەرمە پاکەکەشی بە شێوەیەکی لێزانانە بەرەو نەخۆشخانە دەبن.

هەر لەو کاتەشدا هێزەکانی ڕژێم بە گەڕەکەکەدا بڵاودەبنەوەو دەکەونە سۆراخی مەفرەزەکە.

دواتر تەرمی شەهید فەقێ حەسەن دەبرێتەوە بۆ حاجیاواو لە گۆڕستانی ئەوێ بەخاك دەسپێردرێت.



# شەهید: عەلی رەسول موحەممەد

## ناسراو بە: عەلی دێرەیی[7]



ساڵانی دۆشدامانو رامانو نائومێدی، کە لە دوای شاڵاوە خاچپەرستیەکانی بەناو ئەنفالی بەعسیە ریچارد زادەکانەوە، باڵی رەشیان بەسەر کوردەواریدا کێشاو راگوێزتنی تەواوی لادێو زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانو بەتایبەتی شوێنە ستراتیژیە شۆڕشپەرەوەکانی وەکو پشدەرو مەرگەیان لێکەوتەوە، وایانکرد پێوەندیی نێوان پێشمەرگەو جەماوەر وەك جاران نەبێتو بە زەحمەت بتوانن بە یەك بگەنو رێنوێنیو پێداویستیەکانیان بەجێبێنن..

کەم بوون ئەوانەی کە لە گێژاوی ئەو تەمابڕانە قوتاربنو کۆترە شینەی هیواو ئومێد هێلانەی دڵیان بەجێنەهێڵێو هەر ئەوانە بەو مەرەدە نەچووبوون کە لە ناخی دڵیانەوە لەگەڵ ئایەتی پیرۆزی (لا تيأسوا من روح الله....)دا دەژیانو ئیمانو باوەڕ بە خوای مەزنو کۆمەکە لە بڕان نەهاتووەکەی، ورەی بەتینترو هەنگاوی بەگوڕتر دەکردن.

لەو شەوەزەنگە تاریكوترووکەدا،(قەلاتووکان) و (قولە هەرمێ)و (گوێزێ)و چەند شوێنێکی دیکەی سەر سنوور، بووبوونە مەڵبەندی ئومێدو چەند بێشەیەك بوون چەندەها شێری ئیسلامییان تێدابوون، کە چەندەیان خواو چەوساوان خۆشدەویستن، هێندەش رقیان لە ملهوڕانو ستەمو زۆری تاغوتان بوو.

جا ئەو پۆلە هەڵۆیەی کوێستان ناوە ناوە، بەو ئەوینو رقو ئومێدەوە لەو لوتکانەوە دادەگەڕانە خوارێو بەنێو چەندان مەیدانی مینو رەبایەو کەمینی جەیشو جاشدا، دەیان کیلۆمەتری (مەنتیقەی موحەڕەمە)یان دەبڕیو خۆیان دەگەیاندە ئاپۆڕەی چەوساوە کۆیلەکراوەکانی شارو شارۆچکەو ئۆردوگا زۆرەملێکان، چەپکە گزنگی هیواو ئۆخژنو دڵنیاییان لەگەل خۆ بۆ دەبردنو ترسو لەرزو تۆقاندنو رایەڵە جاسووسیەکانی بەعسیانیان دەخستنە ژێر پێو بە هاوکێشەی بیری خواویستیو خەڵك دۆستیو تامەزرۆیی شەهیدیی، هەموویان زەربی سفر دەکردنو چالاکانە لە نێو خەڵکدا هەڵدەسووڕانو پەیامی بەرخودانو شۆڕشیان لە شاخەوە دەگەیاندە نێو شار، مزگێنی مانی شۆڕشو پێشمەرگەیان رادەگەیاندو بە کردەوە بە بەعسو نۆکەرانیان دەسەلماند، کە شارو گوند تەخت دەکرێ بەلام هەرگیز بیری راپەڕینو ئیسلامخوازییو تەسلیم نەبوون، لە دڵی نەتەوەکەی سەلاحەدینو شێخ سەعیدی پیران سەعیدی نەورەسیو هەڵگرانی (مەشخەڵی رێ)ی سەید قوتبی شەهیدا، ریشەکێش

ناکرێتو بەعسو نۆکەرانیو هاوبیرو هاو رەفتارانیان شتێکی موەقەتو ریزپەڕو زیادەنو دەبێ بارو بارگەیان بپێچنەوەو لەسەر ئەم خاکە نەمێنن.

یەکێك لەو قارەمانانەی پیاوی ئەو رۆژانەی تەنگانەو شێری ئەو شەوە رەشانەبوون شەهیدی قارەمان کاك (عەلی رەسوڵ موحەممەد)ە کە بە (عەلی دێرەیی) ناسراوە..

شەهید عەلی ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی (دێرێ)ی پشتی قەڵادزێ، لە ناوچەی ئیسلامپەروەری پشدەر، چاوی بە دونیا هەڵێناوە، لە شارۆچکەی قەڵادزێ چۆتە بەر خوێندنو لە قوتابخانەی قەڵادزێی سەرەتاییو ناوەندی ئاسۆسو دواناوەندی قەڵادزێ خوێندوویەتیو دواجار پۆلی شەشەمی ئامادەیی تەواو کردووە، چالاکیو جموجوڵی بە گوڕی ئیسلامیانەی ناوچەکەو خەرمانەی مانگی چواردەی رابوونی ئیسلامیی کە لە نێوەڕاستی هەشتاکاندا پشدەرو بیتوێنی رووناك کردبوو، کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لە وریابوونەوەو گەڕانەوە سەرخۆی کاك عەلیو پێوەندیکردن بە رێکخستنی ئیسلامیو جیهادییەوە.

کە لە ساڵی ١٩٨٧دا قەڵاتووکان بوو بە مەکۆی موجاهیدانو وەچاخەکەی سەلاحەدینی ئەیوبی لەبەری پشدەرێ روونکرایەوە، پەیوەندیی بە هێزی حەمزەوە کردو چەکی هەوێنی سەروەرییو سەربەرزیی جیهادی لەشانی کرد.

شەهید عەلی دێرەیی جگە لە ئەرکی پێشمەرگایەتی، وەك کارمەندێکی بواری راگەیاندنیش لە چاپخانەی (شەهیدان)ی سەر بە هێزی حەمزە کە کۆمەڵێك بەرهەمی لەسەردەمی شاخدا تێدا چاپکران رۆڵی کارای دەگێڕاو بەتایبەتی لەسەر ئامێری رۆنیۆ بە کارامەیی ئیشی دەکرد.

کاك عەلی بە ئازایەتی کەم وێنەو تەحەددای کۆسپو تەگەرە بەناوبانگ بوو.. ساڵی ١٩٨٩ لە کاتێکدا بە ئیشو کاری رێکخستن چووبووەوە بۆ شار، بە دەسکیسی چەند جاسووسێکی کاسەلێسی بەعس لەنێو شاری رانیە دەستگیر دەکرێتو دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی بەعسیانەی زۆر، لە رۆژی ١٩٨٩/١٢/٢٧ لە گرتووخانەی شوومی ئەبوغرێب لە سێدارە دەدرێو دەگاتە کاروانی شەهیدانو پاشان تەرمە پاکەکەی دەهێنرێتەوە بیتوێنو لە گۆڕستانی حاجیاوا بەخاك دەسپێردرێت.

ئەو خۆڕاگریو قارەمانیەتییەتی شەهید عەلی لە زیندانی بەعسیانداو لە ژێر دڕندانەترین ئەشکەنجەدا نواندی و، نەدرکاندنی هیچ نهێنییەکی کاری ئیسلامییو

پێوەنەبوونی هیچ برایەك بەهۆی ئەوەوە، نیشانەی ئیمان پتەویو ئازایەتیی ئەم وێنەی ئەو قارەمانەن..

شایانی باسە هەر لە دوای دەستگیركردنی كاك عەلی، مامۆستا عەلی باپیر لە پێناو جەزرەبەدانی جاسووسو تاوانبارانی دەستگیركرانەكەدا، بێ گوێدانە حەسەبو نەسەبو تانەو لۆمە، ئیسلامیانەو صادقانە هەڵوێستی عادیلانەی وەرگرتو فەتوای كوشتنی (عومەر)ی برای دەركرد، كە دەستی لە كەینو بەینو پیلانەكەدا هەبوو و جێبەجێشی كرد، ئەم هەڵوێستە ئیسلامیانە رەسەنەی مامۆستای بەرێز كە نیشانەی بۆ خوا ساغبوونەوەو بۆ ئیسلام یەكلابوونەوەیە، لە سەرانسەری كوردستاندا دەنگی دایەوەو بە شێوەیەكی كردەیی لەم هەڵوێستەدا فەرمایشتی (إنما المؤنون أخوة) سەلمێنرا، ئەمەش دەقی فەتواكەی مامۆستا عەلی باپیرە كە لەو بارەوە دەریكردو جێبەجێش كرا:

بسم الله الرحمن الرحيم

بەروار: ٢٨/رەمەزان/١٤٠٩

ژمارە: ٨٩٥

## ب: كوشتنی تاوانبار

الحمد لله والصلاة والسلام على محمد رسول الله وأله وصحبه ومن اهتدى بهداه

(وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَاْ أُولِيْ الأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) (البقرة : ١٧٩ )

برایانی بەشی رێكخستنی نێوەوە

السلام عليكم ورحمه الله

**پاش سەلامو رێزو هەواڵپرسین**

ئاگادارتان دەكەمەوە كەوا ئێمە هەواڵێكمان دەربارەی (عومەر باپیر) بیستووە، جا لەگەڵ هەڵگرانی نامەدا لێی بكۆڵنەوەو هەركاتێك گەیشتنە قەناعەتی تەواو و بەڵگەی شەرعیتان دەستكەوت لەسەر راستی هەواڵی ناوبراو، ئەوە فەرمانتان پێ دەكەین كە بە زووترین كات كابرای ناوبراو بەرەو دۆزەخێ بەرێ بكەن، هەڵگرانی نامە دەتوانن بۆ خۆیان بیكەن، یان هەر كەسێك بیانەوێ رایسپێرنو كارەكەی عاید بكەن، ئیشەڵڵا پاداشی هەر كەسێك كە لەو بارەیەوە هاوكاری دەكات لەلای خوا پارێزراوە.

**براتان/ عەلی باپیر**

**٢٨/رەمەزان/١٤٠٩**

تێبینی:

١- سەبارەت بە شەخسی ناوبراو ئەگەر گریمان ئەو هەواڵەش بەڵگەی شەرعی لەسەر نەبوو، بەڵام ئیسپات بوو، بە بەڵگەی شەرعی ـ کە سەر بە دائیرەی ئەمن، یان (استخبارات)ە، ئەوە لەلایەن منەوە فەتوا هەیە لەسەر کوشتنی.

٢- هەڵبەتە ئەم حوکمەش تایبەت نییە بەس بەوییەوە، بەڵکو هەموو کەس دەگرێتەوە کە سیفەتی ناوبراوی تێدا هەبێ، بەڵام ئەمن لە خۆمەوە دەستپێدەکەم.

٣- بەپێی یاسای (ما من عام إلاّ وقد خصص) چەند حاڵەتێکی تایبەتیش لەم حوکمەی سەرێ هەڵداوێرێنو (استثنا) دەکرێن.

**ئیمزا**

**عەلی باپیر**

**٢٨/رەمەزان/١٤٠٩**



# شەهیدانی داستانی دۆڵەرووت

داستانی دۆڵەڕووت یەکێك لەو داستانە دیارانەی رۆژە هەرە سەختەکانی بزاڤی رزگاریخوازیمانو کاروانی جیهادی ئیسلامخوازانی کوردستانە، ئەو رۆژە سەختانەی تیایاندا رژێمی بەعسی درندەو عەفلەقیەکان لە ئەوپەڕی بەهێزیو سەرەڕۆییدا بوونو بە ئاگرو ئاسنو جۆرەها چەکی کوشندەو قەدەغەکراوی وەکو کیمیاییو هەروەها شالاوەکانی بەناو ئەنفالو کاولکردنی هەزاران گوندی کوردستان، دەیانەویست ئیبادەی میللەتێکی هەژارو ژێردەستەو موسڵمانی وەکو کورد بکەنو شۆڕشە رزگاریخوازییەکەی لە ریشە دەربهێننو بە یەکجاری بیتوێننەوە، ئا لەو ساتو رۆژگارەدا کاروانی جیهادیی ئیسلامیی کوردستانو پێشمەرگەو هێزە خەباتکارەکانی، بە باوەڕو ورەی بەتینو پۆلاییینیانەوە بە گژ شەوەزەنگی ستەمی بەعسیەکاندا دەچوونەوەو هیواو ئومێدی سەرکەوتنیان لە دڵاندا زیندوو دەکردەوەو پەیامی نەبەزینو کۆڵنەدانیان بە گوێی دوژمناندا دەدایەوە.

جا یەکێك لەو هێزە تێکۆشەرانەی ئەوسای بزووتنەوەی ئیسلامی پێشوو وەك هێزە جەربەزەکانی تر بە تەوفیقی خوداو هیممەتی پێشمەرگە دلێرەکانی بە گژ شەوەزەنگی ستەمو نائومێدیدا چۆوەو مەفاریزی پارتیزانی دابەزاندنە نێو دێهاتو شارەکانەوە، هێزی (حەسەن بەننا) بوو، یەکێك لەو مەفرەزە پارتیزانانەی ئەم هێزە بریتی بوو لەو مەفرەزەیەی لە (٢٠/شەوال/١٤١٠ — ١٩٩٠/٥/١٥) بەرەو ناوخۆی کوردستانو شاری سلێمانی دابەزین، کە مەفرەزەیەکی (٥) کەسی بوو، پێکهاتبوو لە:

١- صابیر مەحمود حسێن (سەلمان)

٢- عوسمان کەریم سەعید (هیدایەت)

٣- عومەر صالح رەسوڵ (باوەڕ)

٤- موحەممەد سەعید مەعروف (نەصرەددین)

٥- بەهادین موحەممەد زاهیر حەمەصالح (ئازاد)

ئەم مەفرەزە قارەمانو تێکۆشەرە دوای ئەوەی بە نێو دەیان رەبیەو کەمینو بازگەی رژێمدا قۆناغ بە قۆناغ دەگەنە ناو شاری سلێمانی، دەکەونە کارو جموجوڵو راپەڕاندنی ئەرکەکانیانو پەیوەندیکردن بە رێکخستنەکانەوەو گەیاندنی پەیامو رێنوماییەکانیان

لەم ماوەیەشدا کە لە نێو شاری سلێمانیدا دەمێننەوە بەوپەڕی وریایی‌و گورج‌و گۆڵییەوە جموجوڵەکانیان ئەنجام دەدەن‌و لەمەشدا رێکخستنە دلێرەکان بەبێ ترس‌و سڵەمینەوە لە دام‌و دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس‌و بەکرێگیراوانیان لە خزمەت‌و هاوکارییاندا دەبن، تا ئەوکاتە کاروبارەکانیان کۆتایی پێدێت، کاتێکیش دەکەونە ئامادەسازیی بۆ گەڕانەوەو دەرچوون لە شار رووەو ناوچەی دۆڵەڕووت دەکەونەڕێ.

بەڵام لە رۆژی١٣/٦/١٩٩٠دا لە ناوچەی دۆڵەڕووت ئەم مەفرەزەیەی پێشمەرگەکانی ئیسلام رووبەڕووی هێزێکی سەربازی گەورەی رژێم دەبنەوەو دەکەونە ناو شەڕێکی دەستەویەخەو نابەرابەرەوە، ئەو هێزەی رژێمی بەعسی عەلمانی‌و دڕندەش پێکهاتبوو لە لیوایەك سەربازو جاش‌و ژمارەیەك تانك‌و زرێپۆش‌و فڕۆکەی هەلیکۆپتەر، لەو شەڕە سەخت‌و نابەرابەرەشدا کە چەند سەعاتێکی خایاند ئەو دەستەیەی پێشمەرگە دلێرەکانی ئیسلام وەك چیا بە رووی دوژمندا وەستانەوەو بەرەنگاری هێزەکەی رژێم بوونەوەو زیانێکی زۆری گیانیان بە بەعسیەکان گەیاند کە بریتی بوو لە کوژرانی (١٦) سەربازو ئەفسەرێك‌و (٢) جاش، کاتێکیش دوژمن لە بەرانبەر ورەو مقاوەمەتی قارەمانانەی ئەم پۆلە پێشمەرگەیەدا سەری سوڕدەمێنێ‌و خەریکە دەستەوەستان دەبێ، بە فڕۆکەی هەلیکۆپتەر تێژابیان بەسەردا دەڕژێ‌و سەرەنجام هەر پێنج پێشمەرگە قارەمانەکەی ئیسلام دوای شەڕێکی سەخت‌و گەیاندنی زیانێکی زۆر بە دوژمن، شەهید دەبن‌و بەعسیە بێدینەکان بەم شێوە ترسنۆکانەو دڕندانەیە بەرانبەر باوەڕو ورەو مقاوەمەتیان دەوەستنەوە، شەهید کۆساری شاعیر لە قەصیدەی (مانگ گیران)دا لایەك لە شەهیدانی داستانی دۆڵەڕووت دەکاتەوەو لە بەشێکیدا دەڵێ:

**کێ دەڵێ**

**چوار هەزارو حەوسەدو سی‌و یەک ئاوایی**

**بۆ شەهیدانی دۆڵەڕووت**

**نەسووتاون...؟!**

**بەم شەوگارە**

**کێ دەڵێ شەست هەزار**

**ئافرەتی کەساسی بۆسنە**

**بە مەرەدی**

**ئەنفالەکانی کوردستان نەبراون...؟!**

# شەهید: بەهادین موحەممەد زاهیر

# ناسراو بە: ئازاد



ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی (عەنەب)ی نزیك هەڵەبجەی شەهید لە خێزانێکی ئاینپەروەری سەر بە عەشیرەتی گۆران چاوی بە ژیان هەڵێناوە.

ژیانی منداڵیی لە عەنەبو هەڵەبجەی ئیسلامپەروەردا بەسەربردووە، پاشان لە قوتابخانەی سەرەتایی عەنەب نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی خوێندووە.

کاکە ئازاد هەر لە منداڵییەوە بە فیرەتی خاوێنییەوە ئاشنایەتی لەگەڵ مزگەوتو مامۆستایانو لاوانی ئیسلامخوازو کاری ئیسلامیداپەیدا دەکات، بۆیە تا دێ چاکتر دڵو چاوی رۆشن دەبنەوە، ئەوە کاکە ئازاد لە ناوجەرگەی کاروانەکەدایەو دەبینین کاتێك لە هەڵەبجە راپەڕینی رەمەزانی ١٩٨٧ بەرپادەبێت، ئەویش لەگەڵ رقو تورەییو حەماسەی جەماوەرەکەدا هەناسە دەداتو هەنگاودەنێو کاتێکیش دەیان زاناو لاوی ئیسلامخواز لەسەرووی هەموانەوە جەنابی (مامۆستا مەلا عوسمان)ی رەحمەتی رابەر بڕیاری هیجرەتو جیهاد دەدەن کاکە (ئازاد)یش بە باوەڕو ورەی بەتینەوە خۆی ڕەگەڵ ئاپۆڕای ئەو زانا موجاهیدو لاوە خوێنگەرمانە دەداتو ڕێگای جیهادو هیجرەت دەگرێتەبەرو بەمەش کاروانی جیهادو تێکۆشانی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی کوردستان گوڕوتینو تاوێکی گەورە بەخۆوە دەبینێ.

کاکە ئازاد لە سەرەتای ژیانی پێشمەرگایەتیدا لە ساڵی ١٩٨٧ لە هێزی (نەصر) چەکی ئیسلام دەکاتە شانو لای کاك (فاروق عەلی) فەرماندەی هێزو پێشمەرگەکانی هێز دڵسۆزانە ئەرکەکانی رادەپەڕێنیو جێگای خۆی لەناو دڵی ئەواندا دەکاتەوە.

کاتێکیش کاکە ئازاد لە هێزی نەصرەوە دەچێت بۆ هێزی (حەسەن بەننا) لەوێش بە هەمان نەفەسو تینو تاوەوە درێژە بە خەباتی پیرۆزی خۆی دەدات، کاکە ئازاد لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداری لە شەڕەکانی (چنارو قەندیلو کاپیلۆنو داستانی دۆڵەڕووت)دا کردووە.

کاکە ئازاد زۆر خوازیاری جەولەو مەفاریزو دابەزین بوو، ئەو دەیەویست زیان بە بەعسی داگیرکەر بگەیەنێو رۆڵی خۆی لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەرو هەڵنانیان بۆ بەگژداچوونەوەی رژێم ببینێ.

هەر لەبەر ئەمەش بوو لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دووجار دادەبەزێتە ناو شاری سلێمانی، دواجاریان لەگەڵ ئەو مەفرەزەیەدا بوو کە لە ١٩٩٠/٥/١٥ دابەزینو دوای گەیشتنیان بە سلێمانیو ئەنجامدانی کاروبارەکانیانو مانەوەی ماوەیەکی زۆر، لە سلێمانییەوە دەگەڕێنەوە ناوچەی دۆڵەڕووتو لەوێ لە ١٩٩٠/٦/١٣لەگەڵ هێزێکی


زۆری رژێمدا دەکەونە شەڕێکی سەختو نابەرابەرەوەو لە ئاکامدا دوای بەرگرییەکی قارەمانانەو گەیاندنی زیانێکی زۆری گیانی بە دوژمن، لەلایەن کۆپتەرەکانی رژێمی بەعسی دڕندەوە تێزابیان پێدادەکریٚو کاکە ئازادو هەر چوار هاوڕێکەی (کاك سەلمان، کاك هیدایەت، کاك باوەڕ، کاك نەصرەدین) بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگەن.

بێگومان ئەو داستانە پڕ لە سەروەرییەی ئەم پێنج پێشمەرگە قارەمانەی ئیسلام بە خوێنی ئاڵو گەشی خۆیان لەو رۆژگارە سەختو دژوارو قۆناغە تایبەتیەی خەباتی رزگاریخوازیماندا تۆماریان کرد، شانازییەکی گەورەیە بۆ خۆیانو خانەوادە سەربەرزەکانیانو کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان.

شایانی باسە دوای شەهیدبوونی کاکە ئازاد، تەرمەپاکەکەی دەبرێتەوە سلێمانی و لەگەڵ هاوڕێکانی لە گردی (سەیوان) بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: صابیر مەحمود حسێن[٧]

# ناسراو بە : سەلمان



ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی (کۆڵەرد)ی سەر بە ناحیەی کارێزەی ناوچەی شارباژێڕ لە خانەوادەیەکی هەژارو ئایینپەروەری عەشیرەتی جاف هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵی لە گوندەکەیانو پاشان لە سلێمانی بەسەربردووە، کاتێکیش خانەوادەکەیان لە سلێمانی نیشتەجێ دەبێت، کاک سەلمان بواری چوونە قوتابخانەی بۆ نارەخسێ، بەڵام خۆی بە وریایی خۆی هەوڵی شارەزاییو فێربوون دەداتو لە چەند بوارێکی وەکو میکانیکیو دارتاشیو تەنانەت خوێندەواریدا شارەزایی باش پەیدا دەکات.

کاک سەلمان هەر لە منداڵییەوە فیترەتی خاوێنی خۆی پاراستووە، لە سلێمانیش هۆگری مزگەوتو حوجرە دەبێو بەرەبەرە ئاسۆکانی بیرو زەینی بە رووی راستیەکانی ئیسلامدا دەکرێنەوە، هەروەها بیری شۆڕشگێڕیو خەباتی تێدا فەراهەم دێو لە کاریگەری ئەمەشەوە لە ساڵی ١٩٨٤-١٩٨٥ لە ناوچەی (کۆڵەرد) دەچێتە ریزی هێزی بەرگرییەوە.

دواتر لە رێگای مامۆستا عەبدورڕەحیمو چەند لاوێکی تری ئیسلامخوازی شاری سلێمانییەوە بە کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان ئاشنا دەبێو پەیوەندی بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەوە دەکات، مانگی ١٩٨٧/١٢ دەکاتە ساتی نەفرتکردنی یەکجاریی لە سایەی شوومی رژێمی بەعسو رێگای هیجرەتو جیهاد دەگرێتەبەرو دوای دروستبوونی هێزی (حەسەن بەننا) لە ریزی ئەو هێزە تێکۆشەرەدا درێژە بە کارو خەباتی ئیسلامیی دەداتو وەك پێشمەرگەیەکی قارەمانی ئیسلام سەنگەر لە بەعسیەکانو داگیرکەرانی کوردستانی ئازیز دەگرێ.

کاک سەلمان بە هۆی دڵسۆزیو خاویستیو پاکی خۆیەوە جێگای تایبەت لەناو دڵی هاوڕێو هاوسەنگەرانیدا دەکاتەوەو دەبێتە نموونەی پێشمەرگەی چاپووكو دڵسۆزو خاویست.

لە شەڕەکانی قەندیلو هەروەها گاپیلۆن دا رۆڵی خۆی دەبینێو هەمیشە ئامادەی گیانبەخشین دەبێ لە پێناوی ئایینو گەلو نیشتماندا، لە پێناوی خواو چەوساواندا.


کاک سەلمان بە دڵ ئاواتی شەهیدی دەخواست، ئەو دەیەویست وەك شەهید (بیلال)ی برای کە ساڵێك بەر لە خۆی شەهید ببوو و گیانی شیرینی لە پێناو ئیسلامدا بەخشیبوو، ئاوا لە پێناوی خوادا شەهید ببێ.

تا سەرەنجام كاك سەلمانی پێشمەرگەی قارەمانی ئیسلامو رۆژە سەختەكان لە رۆژی ١٩٩٠/٦/١٣ لە ناوچەی دۆڵەڕووت دوای شەڕێكی دەستەویەخە لەگەڵ بەعسیەكانو زیانێكی زۆر بە دوژمن لەگەڵ چوار برای هاوسەنگەریدا كە بریتیبوون لە (كاك هیدایەتو كاك باوەڕو كاك نەصرەدینو كاك ئازاد) شەهید بوو، هەر پێنجیان گەیشتنە ترۆپكی سەروەریو داستانێكیان لە قارەمانێتیو نەبەردی بە خوێنی گەشو ئاڵیان بۆ خۆیانو خانەوادە بەڕێزەكانیانو كاروانی رابوونی ئیسلامی كوردستانو بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد تۆماركرد.

پاشان تەرمی پاكی كاكە سەلمانی شەهید دەبرێتەوە بۆ سلێمانیو لە گردی سەیوان بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: عوسمان کەریم سەعید

# ناسراو بە: هیدایەت



ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی (نوورەیاب)ی سەر بە ناوچەی شاربازێڕ لە خانەوادەیەکی عەشیرەتی گۆران چاوی بە ژیان هەڵێناوە، ژیانی منداڵی لە گوندەکەیان و هەروەها دوای ئەوەی خانەوادەکەیان لە سلێمانی نیشتەجێ دەبن، لەگەڵ منداڵانی گەڕەکی شەهیدانی ئازادی دا بەسەردەبات، پاشان لە قوتابخانەی (کەناروێ) نراوەتە بەر خوێندن و قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە و قۆناغی ناوەندیشی لە چوارتا تەواوکردووە، ئەمجار لە ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی درێژە بە خوێندن دەدات.
کاك هیدایەت وێڕای ئەوە هۆگری مزگەوت دەبێت و ماوەیەك لە مزگەوتی هەنجیرەکە لە سلێمانی لای مامۆستا مەلا مەحمودی ئازادی دەخوێنێ، بە هۆی ئەمەو هەروەها هاوڕێیەتی لەگەڵ کۆمەڵێك لاوی ئیسلامخوازدا بە تەواوی دەبێتە هاوڕێی کاروانی نوورو ساڵی ١٩٨٨پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی ئەوکاتەوە دەکات و هەر لە هەمان ساڵیشداو لە ١٩٨٨/٥/٢١ ڕێگای هیجرەت و جیهاد دەگرێتەبەر و لە هێزی (حەسەن بەننا) دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلام و چەکی جیهادو بەرەنگاری دەکاتە شان.
ئەمجار لە ڕێگای پڕکردند ولەند و سەرو خواری پێشمەرگایەتی و شۆڕش و بەرخودانەدا دەبێتە ڕێبوارێکی چاپووك و زیتەڵ و بە کوێرەوەری و ناڕەحەتییەکان ڕادێ و بە هیوایەکی زۆرەوە درێژە بە جیهادو تێکۆشان لە پێناوی خواو چەوساواندا دەدات، لەو ڕێیەشدا گیانی خۆی دەخاتە سەر لەپی دەست و بەشداری شەڕەکانی قەندیل و گاپیلۆن و چەندان جەولەی جۆراوجۆر دەکات.
دواجار کاك هیدایەتی ڕێبواری ڕێبازی هیدایەت لەگەڵ ئەو پۆلە پێشمەرگە قارەمانەی هێزی حەسەن بەننادا لە ١٩٩٠/٥/١٥ دادەبەزنە خوارەوەو دوای گەڕانەوەیان لە شاری سلێمانییەوە بەرەو ناوچەی دۆڵەڕووت لەگەڵ چواربرای تر (کاك سەلمان و کاك باوەڕو کاك نەصرەدین و کاکە ئازاد) لە ١٩٩٠/٦/١٣ لەگەڵ هێزێکی زۆر لە جەیش و جاشی ڕژێمی بەعسدا ڕووبەڕوو دەبنەوەو دوای شەڕێکی قورسی نابەرابەرو چەند سەعاتی و گەیاندنی زیانێکی زۆری گیانی بە بەعسیەکان بە هۆی فڕۆکەی هەلیکۆپتەرەوە تێزابیان بەسەردا داکرێ و لە ئاکامی ئەمەشەوە کاك هیدایەت و هەر چوار هاوڕێکەی بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگەن و بە رووسووری و

سەرفرازییەوە دەگەڕێنەوە بۆ قاپی میهرەبانی خوداوماڵئاوایی لە خانەوادەو خزمو کەسوکارو هاوڕێو هاوسەنگەرانو کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان دەکەن.
پاشان تەرمەپاکەکەی دەبرێتەوە بۆ سلێمانیو لە گردی سەیوان بەخاك دەسپێردرێتو بە خوێنی ئاڵی ئەو و هاوڕێکانی داستانێك لە قارەمانێتیو گیانفیداییو بەگژداچوونەوەی شەوی دەیجوری ستەمو بێ دادی بۆ مێژوو تۆمار دەکرێ.

# شەهید: عومەر صاڵح رەسوڵ

## ناسراو بە: باوەڕ



ساڵی ١٩٧٠له گوندی (وڵاغ لوو)ی سەر بە ناحیەی کارێزەی ناوچەی شاربازێڕ لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەری سەر بە عەشیرەتی کافرۆش هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیی لە گوندەکەیانو پاشان لە سلێمانی بەسەربردووە.

کاك باوەڕ لە بواری خوێندنو خوێندەواریدا دەروازەکانی بە روودا نەکراونەتەوەو تەنها لای مامۆستا صالحو شەهید نەوزاد ماوەیەك خوێندوویەتی، بەڵام خۆی هەمیشە لە هەوڵی بەرەوپێشچوونو وەدەستهێنانی زانیاریدا بووە.

لە بواری کاری ئیسلامیشدا بەهۆی نزیکی لە مامۆستا (عەبدورڕەحیم)ەوە بە کاری ئیسلامی ئاشنا دەبیو ساڵی ١٩٨٦ دێتە ناو چوارچێوەی ڕێکخستنەکانەوە.

ساڵی ١٩٨٨ دەکاتە ساڵی هیممەتو بڕیاری هیجرەتو گرتنەبەری ڕێگای جیهاد دەداتو دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلامو لە هێزی (حەسەن بەننا) چەکی ئیسلام دەکاتە شان.

ئەو کە نازناوی باوەڕ بۆ خۆی دادەنێ، دەیەوێ ئیتر تەنها بە دڵی پڕ لە باوەڕو لە پێناوی باوەڕو بە چەکی باوەڕەوەو بە ڕێبازی باوەڕدا هەنگاو بنێو بە باوەڕو رووسوورییشەوە بگەڕێتەوە حزووری خودای میهرەبان.

کاك باوەڕی پێشمەرگەی ئیسلامو لاوی خواویست لەگەڵ هاوسەنگەرانیدا دڵسۆزانە ئەرکەکان رادەپەڕێنێو دەبێتە خۆشەویستو ئەوپەڕی جێگای متمانەی هاوڕێکانی.

کاتێکیش قسە دێتە سەر دابەزینی مەفرەزەیەکی پارتیزانی بۆ ناو شار، کاکە باوەڕ دەبێتە یەکێك لە پێشمەرگەکانی ئەم مەفرەزەیەو لە رۆژی ١٩٩٠/٥/١٥ دادەبەزنە خوارەوەو دوای تەواوبوونی کاروبارەکانیان لە سلێمانی بەرەو ناوچەی دۆڵەڕووت دەکەونە رێ، بەڵام لەوێ لە ١٩٩٠/٦/١٣دا لەگەڵ هێزێکی زۆری جەیشو جاشی رژێمدا رووبەڕوو دەبنەوەو دوای شەڕێکی سەختو نابەرابەری چەند سەعاتیو زیان گەیاندنی زۆر بە دوژمن بە هۆی پێداکرانی تێزابەوە بە فڕۆکە ، خۆیو چوار هاوڕێکەی تری (کاك سەلمانو کاك هیدایەتو کاك نەصرەدینو کاکە ئازاد) شەهید دەبنو داستانێك لە سەروەری بۆ خۆیانو خانەوادەکانیانو مێژوو و نەتەوەکەیانو کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان تۆمار دەکەن، دوای شەهیدبوونیشیان تەرمی پاکی کاکە (باوەڕ)یش وەك تەرمی هاوڕێکانی لە گردی سەیوان لە سلێمانی بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید باوەڕ ساڵی ١٩٨٧ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی تەنها کوڕێکی بەناوی (بیلال) بە دیاریو یادگاری بەجێهێشتووە.

# شەهید: موحەممەد سەعید مەعروف

## نا سراو بە : نەصرەدین



ساڵی ١٩٧٠ لە ئامێزی خانەوادەیەکی ئایینپەروەری عەشیرەتی جافو لە گوندی (یاخسەمەر)ی سەر بە ناحیەی کارێزەی دەڤەری شارباژێڕ هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیی لە گوندەکەیانو کارێزە بەسەربردووە.
لە کارێزە نراوەتە بەر خوێندنو دوای بڕینی قۆناغی سەرەتایی، قۆناغی ناوەندیی لە سلێمانی دەستپێکردووە.
ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کاری ئیسلامییەوە دەکاتو لەگەڵ لاوانی ئیسلامخوازی شاری سلێمانیدا ئاشنایەتی پەیدادەکاتو ڕێڕەوی راستەقینە بۆ خەباتو تێکۆشان هەڵدەبژێرێ.
ساڵی ١٩٨٨ بڕیاری دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە خەباتو بەرخودان دەداتو ڕێگای هیجرەتو جیهاد دەگرێتەبەرو لە هێزی (حەسەن بەننا) دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلام.
ئیتر کاک نەصرەدین بە سیمایەکی نوێو شێوازێکی تازەوە ڕۆڵی خۆی لە خەباتی رزگاریخوازییو کاروانی نووردا دەبینێ.
کاک نەصرەدین لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دڵسۆزانە ئەرکو فەرمانەکان ڕادەپەڕێنێو لە خزمەتی کاروانەکەدا نەقشی دیارو ئاشکرای دەبێت.
لە قەندیلو گاپیلۆن بە ڕۆڵی خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی رژێمی بەعس هەڵدەستێ.
کاتێکیش مەفرەزەیەك بۆ داخل پێکدەهێنرێ لەلایەن هێزەکەیەوە، کاک نەصرەدین دەبێتە یەکێك لە پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەم مەفرەزەیەو دوای چوونە ناو شاری سلێمانیو ئەنجامدانی کاروبارەکانیانو لە کاتی گەڕانەوەیان لە سلێمانییەوە بۆ ناوچەی دۆڵەڕووت، لەو ناوچەیە لەگەڵ هێزێکی زۆری رژێمی بەعسدا ڕووبەڕوو دەبنەوە، بەڵام دوای شەڕێکی سەختو نابەرابەری چەند سەعاتیو گەیاندنی زیانی گیانی زۆر بە دوژمن، کاک نەصرەدینو هەر چوار هاوڕێکەی (کاک سەلمانو کاک هیدایەت و کاک باوەڕو کاک ئازاد) بەهۆی پێداڕژاندنی تێزابەوە لەلایەن کۆپتەرەکانی رژێمەوە دوای تۆمارکردنی داستانێکی پڕ لە قارەمانەتیو فیداکاری شەهید دەبنو گیانی شیرینی خۆیان دەکەنە قوربانی لە پێناوی خوداو چەوساواندا، دواتر تەرمی پاکی کاک نەصرەدین، وەك هاوڕێکانی دەبرێتەوە سلێمانیو لە گردی سەیوان بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: وەعدوڵڵا ساڵح مەرعی



ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی (نبي شیث) لە شاری موسڵ لـە خێزانێکـی ئیسلامدۆست لـەدایك بـووەو ژیـانی منداڵیـشی لـەوێ بەسـەربردووە، پاشـان چـۆتە قوتابخانـەو قۆناغـەکانی خوێندنی بەسەرکەوتوویی بڕیوەو ساڵی ١٩٧٩ ئامادەیی تەواوکردووە.

شەهید وەعدوڵلا صالح لاوێکـی دینـدارو خوانـاس بـوو، خـەریکی خۆڕۆشـنبیرکردنو وەدەستهێنانی زانست بوو، بۆیە لە مزگـەوتی (نبـي شیـث) لـەلای مامۆسـتا (غـانم زەننون) دەستی بە خوێنـدنی ئیـسلامیی کـرد، وێـڕای ئـەوە خۆشـی زۆر بایـەخی بـە خوێندنەوەو موتالا دەدا.

ساڵی ١٩٨٣ لە ڕێگەی شەهید مامۆستا مەلا موحەممەد کونەفلووسەیی ـ کە ئەوسـا ئەندامو سەرپەرشتیارێکی کارای ڕێکخستنەکانی کـاری ئیـسلامی بـوو و لـە موسـڵ نیشتەجێبوو ـ کاکە وەعدوڵلا پەیوەنـدی بـە ڕێکخـستنەکانی بزووتنـەوەی پەیوەنـدی ئیـسلامی ئەوسـاوە دەکـاتو دەکەوێتـە کـارو جموجـوڵو چـالاکی، هـەروەها لـە پەروەردەکردنی نەوەی نوێو پێگەیاندنی ئەندامی نوێو وتنەوەی وانـەی جۆراوجـۆردا ڕۆڵی خۆی دەبینێ، لە کۆکردنەوەی کۆمەکیش بۆ هێزی پێشمەرگەی ئیـسلام درێغـی نەدەکرد.

شـەهید لەگـەڵ مامۆسـتا موحەممـەد کونەفلوسـەییدا پەیوەنـدی تونـدوتۆڵی هـەبوو، هاتووچۆی شارەکانی هەولێرو سلێمانیشی دەکرد، یەکێك بوو لـە ئەنـدامانی شـورای ڕێکخستنەکانی پارێزگای موسڵ، کەسێکی هەڵسوڕاو و شارەزای نـەترس بـوو، دڵـی بە کاروانی رابوونی ئیسلامی کوردستانو عێراق خـۆش بـوو، زۆر ڕقـی لـە سیاسـەتە شوومەکانی بەعس دەبووەوە.

سـەرەنجام کاکـە وەعـدوڵلا صـالح لـە ١٤/٢/١٩٩٠ لـە مـاڵی مامۆسـتا موحەممـەد کونەفلوسەیی لە هەولێر لە کاتی کۆبوونەوەیان ، دەزگای داپڵۆسێنەری ئەمنی ڕژێـم بەسـەریاندا دەداتو دەسـتگیریان دەکـات، سـەرجەم ئـەم ئەندامـە کـاراو دلێـرە دەستگیرکراوانەش کە بریتی بـوون لـە (مامۆسـتا موحەممـەد کونەفلوسـەییو دکتـۆر خـالصو عەبدوسـەمەد مـەجورم (هیـوا)و حـاجی منـورو تـاریق موسـڵیو حـازم موسڵیو خالید موسڵیو وەعدوڵلا صالح) کە سـەرجەمیان هەشـت کـەس بـوون، بـۆ ماوەی (١٠) مانگ زیـاتر دەخرێنـە کـونجی زیندانـە شـوومو تاریکـەکانی (هـەولێرو بەغـداو ئـەبوغرێب)و بـە جۆرەهـا شـێوازی نامرۆڤانـەو دڕندانـە ئەشـکەنجەو ئـازار دەدرێن.

دوای گیرانی وەعدوڵڵا صالح براکەشی کە ئەفسەری فڕۆکەوانی بوو، ئەویش لەسەر ئەو گیراو خانەوادەکەشیان بە جۆرەها شێوە دژایەتی دەکران و ئازار دەدران.

بەڵام کاک وەعدوڵڵا و هاوەڵانی بە ورەو باوەڕی پۆڵایینەوە وەك کێو لە بەرانبەر ئەشکەنجەو ئازارە سەختەکاندا دەوەستانەوەو تۆزقاڵێك لە باوەڕی خۆیان دانەدەبەزین، یاخود نهێنییەکیان ئاشکرا نەدەکرد.

بۆیە رژێم دوای ئەوەی لێیان تەمابڕاو دەبێ و دەرەقەتی کێوی ورەو باوەڕیان نایەت، لە زیندانی شوومی ئەبوغرێب - قەسابخانەی بەعسیەکان - کاک وەعدوڵڵا لە ۱۹۹۰/۱۲/۲٦ لەگەڵ پۆلێك لە هاوڕێ و هاوبیرانیدا لەلایەن جەللادەکانی بەعسەوە لەسێدارە دەدرێ و بە رووسووری و سەربەرزییەوە دەگەڕێتەوە قاپی میهرەبانی خودا.

پاشان تەرمەپاکەکەی بە بێنازی دەگەیەنرێتەوە شاری موسڵ و لە گۆڕستانی (وادی عیقاب) بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید وەعدوڵڵا صالح خێزاندار بووەو دوای خۆی چوار رۆڵەی بەجێهێشتووە.

# شەهید: سەلام موحەممەد ئەحمەد



ساڵی ١٩٦٩ لە ئامێزی بنەماڵەیەکی ئایینپەروەری عەشیرەتی ژاڵەناو لە گوندی (بانی بی) سەر بە زەڕایەن هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیی لە ژاڵەناو و زەڕایەن بەسەربردووەو پاشان نراوەتە بەر خوێندنو تا پۆلی یەکەمی ناوەندیی خوێدووە.

شەهید سەلام لە پێناو دابینکردنی ژیانیشدا شانی وەبەر کارو کاسبیو پیشەی دەستگێڕی داوە، هەروەها لە پێناو بەدەستهێنانی زانستی شەرعیو شارەزابوون لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ماوەیەك لە زەڕایەن خوێندوویەتی، لەگەڵ خەڵكو دەوروبەریشدا کەسێکی رووخۆشو کراوە بوودو حەزی بە چاکەو چاکەکاری هاتووەو دڵو دەروونی خۆی بە خۆشەویستیی خواو قورئانی پیرۆز پاراو کردووەو نزیکەی (٢٠) جوزئی لە قورئان لەبەرکردووە.

ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندیی بە کاری ئیسلامییەوە کردووەو جارێکیش لە سلێمانی تووشی گرتن هاتووە.

لەگەڵ راپەڕینی شکۆداری جەماوەرر گەلی کوردستانیشدا لە ساڵی ١٩٩١ هاتۆتە ناو ریزی هێزی پێشمەرگەی ئیسلامەوەو لە هێزی گەرمیان چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کردووەو بووە بە پارێزەری شەریعەتو بەرنامەی خوای پەروەردگارو گەلە چەوساوەکەی.

شەهید سەلام بەر لە شەهیدبوونی لەگەڵ دایکیدا وەسیەت دەکات کە هەر کامێکیان لە پێشدا مرد قوربانییەك بکەن، ئەمە لە کاتێکدا کە خۆی نازانێ لە هەگبەی غەیبدا هەواڵێك خۆی حەشارداوە، کە ئەوە خودی کاکە (سەلام)ە دەبێتە قوربانی لە پێناوی خواو چەوساواندا.

شەهید سەلامی قارەمانو رۆڵەی ئیسلامخوازی هەڵمەتبەر سەرەنجام لە ساڵی (١٩٩١)دا لە کاتی هێرشبردن بۆ سەر رژێمو بینایەی ناحیەی زەڕایەن بە گوللەی دۆشکە لەلایەن رژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسەوە شەهید دەبێتو وەك ئەستێرەیەکی ترۆپکی سەروەریی دەدرەوشێتەوەو شانازیی مێژوویی بۆ خۆیو خانەوادەکەیو کاروانی رابوونی ئیسلامی کوردستان تۆماردەکات، پاشان تەرمە پاکەکەشی هەر لە زەڕایەنو لە گۆڕستانی (شێخ صاحێب) بەخاك دەسپێردێت.

شەهید سەلام ساڵی ١٩٩٠ ژیانی هاوسەریی پێکهێناوەو دوای خۆی تەنها کچێکی بە ناوی (فریشتە) کە تەنها هەفتەیەك بەر لە شەهیدبوونی لەدایك بووە بە دیاری بەجێهێشتووە.

# شەهید: عیزەدین رەئوف رەحیم غەفور




ساڵی ١٩٧٤ لە شاری چەمچەماڵ هاتۆتە دونیاوەو هەناسەکانی ژیانی منداڵیشی هەر لە چەمچەماڵ ئاوێتەی هەناسەی قوڵو هەنسکی میللەتەکەی کردووەو دوای بڕینی قۆناغی سەرەتایی لە قۆناغی ناوەندیدا بەهۆی گیرانی باوکیەوە لەلایەن رژێمی بەعسەوە وازی لە خوێندن هێناوە،پاشان بە کارو کاسبیو دوکانداریی‌یەوە خەریک بووە.

ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە کردووەو لە ژیانیشیدا زۆر حەزی لە سەردانو تێکەڵاوی خەڵك کردووە، ئەو بێداریە ئیسلامیەی بەهۆی چەند مامۆستایەکی روناکبیرو تێکۆشەرەوە کە دەڤەرەکەی ئەوانیش دەگرێتەوە، کاریگەری راستەوخۆی بەسەر کاك عیزەدینەوە دەبێو چاکتر هۆگری کارو تێکۆشانی ئیسلامیی دەبێو بە ورەیەکی بەرزترەوە هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێ.

بۆیە دەبێتە لاوێکی هۆشیارو دڵبێداری خواویستو بە ئەڵقەکانی رێکخستنەوە پەیوەست دەبێ، تا سەرەنجام کاکە عیزەدینی قارەمانو دڵ پڕ لە ئیمان لە ساڵی ١٩٩١داو لە کەرکووك لەلایەن رژێمی بەعسەوە دەستگیر دەکرێو لەوساوە بێ سەرو سۆراغ ماوەتەوە.

# شەهید: عەبدوڕەئوف ئیسماعیل حەمەئەمین
# ناسراو بە: عەبدوڕەئوف کانی توویی



ساڵی ١٩٧١ لە گوندی (کانی توو)ی سەر بە ناحیەی (بنگرد)ی بەری مەرگە لە بنەماڵەیەکی هەژارو ئاییپەروەر چاوی بە ژیانو دیمەنە دڵڕفێنەکانی (کانی توو)و چیای سەرکەشی ئاسۆس هەڵێناوە، بەر لەوەی چاوی لە قوتابخانەو تابلۆ رەنگینەکانی گوندەکەیو ژیانی لادێو رەزو باخو تاڤگەو کانیاوەکانی دەڤەرە دڵگیرەکەیان تێربێت، گوندەکەیان وەك هەزاران گوندی کوردستان بەر شاڵاوی راگواستنو رقی دوژمنکارانەی بەعسیەکان کەوتو لە دوای مانگی ١٩٧٨/١٠ ەوە ماڵو خانەوادەکەیان لە کۆمەڵگای زۆرەملێی (توەسوران)ی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەر گیرسانەوە.

کاك (عەبدورەئوف)یش لەو کۆمەڵگایەدا وەك هەر منداڵێکی راگوێزراوی تر تۆزی غەریبیو بێ نازی لێنیشتو لە هەموو خۆشیەکانی لادێ دابڕا، هەر لەوێ قوناغی سەرەتایی تەواوکردو لە هەوڵی وەدەستهێنانی پلەی بەرزتردابوو، کاتێك لەلایەن سەدامی دیکتاتۆرو رژێمی بەعسەوە - دوژمنانی سەرسەختی ئیسلامو کوردو کوردستان - چاویان بەرینایی نەدا پشدەری مەکۆی رەسەنایەتیو کوردایەتی، بە شارەکانی قەڵادزێو سەنگەسەریشەوە ببێتە پەنای ئەو گوندە وێرانکراوانەو داڵدەیان بدات، ئەوەبوو لە بەهاری ١٩٨٩ دا وەکو خێوی شوومو نەگبەت دەستی لەو دەڤەرە رەنگینە وەشاندو پشدەری تێكو پێکداو وەکو ئاردی نێو دڕوان هەر بەشەی بە جێیەکەوە گیرسایەوەو (خەبات)و (جەدیدە)و (تۆپزاوا)و (کەورگۆسك)و (دارەتوو)ی دەشتی هەولێرو هەردوو (بازیان)ی ژمارە یەكو دوو ئەو جار بوونە پەنای ئاوارەکانی پشدەرو جێگای دڕینی کاڵەی غەریبیان، ئۆردوگای زۆرەملێی ( توەسووران) بەشی زۆری بەرەو (بازیان) راپێچکرا، ماڵی کاك عەبدورەئوفیش لە بازیانی رەقەم یەك نیشتەجێ بوو، ئەوکاتە کاك عەبدورەئوف لاوێکی (١٨) ساڵە بوو، لەبەر شەوقی تیشکی رێڕوونی ئەو جموجوڵە ئیسلامیەی کوردستانو بەتایبەتی پشدەری گرتبووەوە، رێبازی راستەقینەی خەباتو رزگاریی دیتبۆوەو شوێنی شیاوی خۆی گرتبوو، ببوو بە ئەڵقەیەکی نورانی رابوونی ئیسلامییو وەك ئەندامێکی خوێنگەرمو بە راپەڕ چالاکانە لە ریزەکانی رێکخستنی بزاڤی ئیسلامیدا کاری دەکردو شەو و رۆژ هەوڵی دەدا ببێتە چاوساغی لاوانی دیکە، بێگومان کاریگەری باوکیشی کە مجێوری

مزگەوت بوو، کەسێکی دیندارو هۆگری ماڵی خوا بوو، زۆر بەسەرەوە بوو بۆ ڕێنومایی‌و پێگەیاندنی، هەر بۆیە لە ١٩٨٧/٣/٥وە دێتە ناو ئەڵقەی ڕێکخستنەکانەوە.

کاتێکیش لە (٥/ئازار/١٩٩١)دا ڕاپەڕینی جەماوەری لە ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕینەوە نەعرەتەی لێدا، کە جەماوەر بە گشتی‌و ڕێکخستنی لایەنە شۆڕشگێڕەکان لە هەموو لاوە تەواو خۆیان ئامادەکردبوو، بۆیە لە ڕۆژی دواتر ٣/٦ دۆڵی بازیان وەڵامی نەعرەتەی کێوەڕەش‌و حاجیلەیان دایەوەو کوڕانی نێو ڕێکخستنەکانمان لە هەردوو ئۆردوگای ژمارە یەك‌و دووی بازیان لەگەڵ جەماوەری تووڕەو ڕێکخستنی لایەنە شۆڕشگێڕەکاندا چەخماخەی ڕاپەڕینیان لێداو کردیانە بڵێسەیەك تاغوتە داگیرکەرەکانی بەعسیان تەفرو توناکردن‌و دەستیان بەسەر هەموو دامودەزگاو بنکە سەربازیەکانی ڕژێمدا گرت‌و مژدەی سەرکەوتنیان دایە بەردەقارەمان‌و پیرەمەگرون‌و ئەزمەڕ.

ئا لەو کاتەدا ڕێك لە ١٩٩١/٣/٦ و لە کاتی هەڵمەت بردنە سەر مونەزەمەی تەینال کاك (عەبدولرەئوف)ی قارەمان‌و دڵ پڕ لە باوەڕ لە پێشەوەڕا بە گوللەی یەکێك لە دڵڕەشە چلکنەکانی بەعسی کافر پێکراو دوای ماوەیەك لە سەختی برینەکەی هەر لەو ڕۆژەدا گیانی لەدەستداو بە پلەی بەرزی شەهیدی گەیشت‌و گەیشتە ترۆپکی سەروەری‌و بوو بە مەدالیای شانازی بەررۆکی خانەوادەکەیان‌و جەماوەری ڕاپەڕیوو ڕێکخستنە جوامێرەکانمان‌و کاروانی ڕابوونی ئیسلامیی کوردستان، پاشان تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (کەلاشکەرانی) بازیان بە خاك سپێرا، شەهید عەبدولرەئوف خێزاندار بووەو لە ١٩٨٩/٧/٢٩ چۆتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوەو تەنها یەك کوڕی هەبووە کە دوای شەهیدبوونی‌و لە ١٩٩١/٧/١٥هاتۆتە دونیاوەو وەك یادگاری بە (یادگار) ناودێرکراوەو بووە بە گوڵاڵە سوورەی ئازادی‌و مەدالیای سەروەری.

# شەهید: موحەممەد مەحمود حەسەن رەسوڵ[٧]

# ناسراو بە:موحەممەدی حاجی مەحمود



ئەو کەسانەی هەق و هەقخوازی و ئازادی و سەرفرازی دەبێتە دروشمیان و تێکەڵاوی هەست و نەست و خوێن و دەماریان دەبێ وبڕیاریشیان وایە دەستبەرداریان نەبن، دەبێ لە پێناویاندا تێبکۆشن و کارو خەباتی بێ وچان و نەپساوە ئەنجام بدەن و هەمیشەش خاوەنی صەبرو ئارامی و خۆڕاگری بن و بە پشوو درێژی و دامەزراوییەوە ڕێگا ببڕن، چونکە هەق و هەقخوازی و ئازادی و سەرفرازی، ئامانجی بەرزو پیرۆزن و خوێن و خەبات و کوێرەوەری و ئازارو چەرمەسەری و هیجرەت و دەربەدەری و ئەشکەنجە و زیندان و گیانفیدایی و قوربانیدانیان دەوێ و بەهاو قیمەتیان گەلێك گران و سەنگینە و هەروا بە ئاسانی و هەوەنتە وەدەست نایەن.

بێگومان باوەڕبوون بە خوداو پەیامەکەی و وەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو و تێکۆشان لە پێناوی خواو چەوساواندا، لە هەرە هەقیقەتە بەرزو مەزنەکانن و هەڵدەگرن ئینسان تەواوی وجودی خۆیان لە پێناودا دانێ، بەڵکو هەر ئەوان شایستە بەوەن مرۆڤ لە پێناویاندا بژی و بمرێ.

دیارە بە درێژایی ژیانی بەشەرییەت لەسەر گۆی زەوی، وێنەی ئەو کەسانە گەلێکن و لە کوردستانی ئازیزیشماندا لەو ڕێبوارە مێرخاسانەی ڕێگا بینراون و دەبینین، کە چۆن بە باوەڕو ورەی پۆڵایینەوە رووبەڕووی سەختی و دژوارییەکان دەبنەوە و بە رقی پیرۆزەوە بەگژ ستەم و ستەمکاراندا دەچنەوە و بە دڵی پڕ لە ئومێدو هیواوە لە ئایندە دەڕوانن و بەزین و کۆڵنەدان نازانن، جا کاك موحەممەدی حاجی مەحمود یەکێك لەو ڕێبوارە هەقخوازانەیە کە بە ورەی پۆڵایین و نەعرەتەی شێرانەی لە ساتەکانی راپەڕینی جەماوەریی سلێمانیدا زەندەقی زیندان و جەللادەکانی بەعس دەبات و مژدەی رووخانی رژێم بە مدیری ئەمنی سلێمانی دەدات.

کاك موحەممەدی حاجی مەحمود ساڵی ١٩٦١ لە شاری سلێمانی، شاری هەڵمەت و قوربانی لە ئامێزی بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر چاوی بە ژیان و هیواو ئاواتەکانی میللەتەکەی هەڵێناوە، ژیانی منداڵیشی هەر لە سلێمانی و لەگەڵ منداڵانی چاوگەشی (کانێسکان) بەسەربردووە، لە قوتابخانەی سەرەتایی ئەو گەڕەکە نراوەتە بەر خوێندن و لە ناوەندی وەتەن قۆناغێکی تری خوێندنی بڕیوە و ئەمجار چووە بۆ دواناوەندی ئەزمەڕ، بەڵام نەیتوانیوە لە قۆناغی دواناوەندی زیاتر درێژە بە خوێندن

بدات، بۆیە ئەمجار دەستیکردووە بە کارو کەسابەتو دوکانداریو بەقاڵیو لەگەڵ مزگەوتی شێخ مستەفای نەقیبیشدا هۆگری پەیدادەکاتو سەرەتای ئیلتیزاماتی ئیسلامیو دەرس خوێندنیشی لەوێوە دەستپێدەکا، ماوەیەکیش لە مزگەوتی گەورە وانە دەخوێنیو دەشکەوێتە ژێر کاریگەریی مامۆستا مەلا عەلی سەرگەڵوویی شەهیدو بەمەش چاکتر بە راستییەکانی ئیسلام ئاشنا دەبێو سەرو کاریش لەگەڵ ئیسلامخوازاندا پەیدا دەکاتو لەگەڵ خۆ رۆشنبیرکردنو خوێندنەوەشدا خەریك دەبێو کەسایەتیەکی کراوەو کۆمەڵایەتی لێدەردەچێو ئاسۆکانی بیرو زەینی دەکرێنەوەو مەودای خەمو مشورو کارو چالاکیەکانی تا دێ رێکخراوترو فراوانتر دەبن.


ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو ئەندامێکی کاراو چالاکی لێدەردەچێت، تەنانەت خودی بنەماڵەکەیان دەبێتە هەڵسوڕاوێکی دیار لەو نێوەندە ئیسلامیەدا، هەر بۆیە لە ئاکامی ئەوەوە برایەكو خوشکێکی بە ناوەکانی (سمکۆ)و (بەیان) لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرکانی رژێمەوە دەگیرێنو پاشان کاکە سمکۆ لەلایەن بەعسیەکانەوە شەهید دەکرێو (دادە بەیان)یش دوای بەربوونی، بەو ئازارانەوە گیانی بەرەو قاپی میهرەبانی خودا دەگەڕێتەوە، بەڵام بەعسیەکان بە گیرانو شەهیدبوونی ئەم دوانە لەم خانەوادە ئیسلامخوازە وازناهێننو سەرەنجام کاك (موحەممەد)یش لەلایەن بەعسیەکانەوە دەگیرێو دەخرێتە زیندانی ئەمنە سوورەکەوەو سەرەڕای ئەو هەموو سزاو ئەشکەنجە گیانیو جەستەییو دەروونییەش هێشتا کاکە موحەممەدو هاوەڵانی سوورتر دەبن لەسەر رێبازو بیروباوەڕەکەیان، بۆیە کاتێك بورکانی رقی جەماوەری گەلی کوردستان لە ئازاری ١٩٩١دا بە رووی بەعسیەکاندا دەتەقێتەوە، کاك (موحەممەد)یش دەکەوێتە جۆشو خرۆشو خەریکە خوێن لە جەستەیدا گڕدەگرێ، بۆیە هەر لە بەندیخانەدا مژدەی رووخانی رژێم رادەگەیەنیو ئەم پەیامە بە گوێی مدیر ئەمندا دەداتو هێندەی تر دڵی دەهێنێتە لەرزین، بەڵام بەعسیەکان کە هەمیشە ترسنۆکانە رووبەڕووی ورەو باوەڕی ئیسلامخوازانو هەقخوازان بوونەتەوە، لە رۆژی ١٩٩١/٣/٧یشدا کە رۆژی راپەڕینی جەماوەری شۆڕشگێری شاری سلێمانییە ، بەعسیەکان لە زیندانی ئەمنە سوورەکەدا کاکە موحەممەدی خواناسو ئازادیخواز دەدەنە بەر دەسترێژی گوللەو شەهیدی دەکەنو دواتر تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی (شێخ محێدین) بەخاك دەسپێرێتو بەعسیەکانیش هەر ئەو رۆژە دەکەونە بەر خەشمی خوداو رقی میللەتو تەفرو تونا دەکرێن.

# شەهید: عومەر رەسول برایم پیرانی



ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی (پیرانان)ی ناوچەی پشدەرە رەقەی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەر لەناو بنەماڵەیەکی هەژارو ئیسلامپەروەری سەر بە عەشیرەتی ئاکۆ هاتۆتە دنیاوە، هەر لەوێش ژیانی منداڵی بەسەر بردووە.
بە هۆی دوورە دەستی گوندەکەیان‌و کارو کەسابەت‌و ئاژەڵداری‌و ژیانی گەرمیان‌و کوێستانیەوە نەنراوەتە بەر خوێندن لە قوتابخانە، بەڵام خۆشەویستی خوێندنی لە دڵدا بووە، بۆیە ماوەیەك لە حوجرەی مزگەوتی گوندەکە لەلای (شێخ عەبدوڵڵا) دەخوێنێ.
لە ساڵی ١٩٧٣دا خێزانی پێکەوەناوەو بووە بە خاوەنی سێ کورو سێ کچ بە ناوەکانی (عەلی‌و قادرو ئەبوبەکرو قەدریەو لەیلاو نەهریە)، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە کردووە.
دوای راگواستنی پشدەر لە ساڵانی (١٩٨٨-١٩٨٩)دا لەلایەن رژێمی ستەمکاری بەعسەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی دەوروپشتی هەولێرو دۆڵی بازیان، ماڵی شەهید عومەر رەسوڵ لە کۆمەڵگای (جدیدە)ی سەر بە هەولێر دەگیرسێتەوەو لە وێش وەك ئەندامێکی چالاکی رێکخستن رق ئەستوورانەتر درێژە بە کاری خۆی دەدات‌و بە هیوای رزگاری‌و دیداری زێدی باب‌و باپیرانی شەوو رۆژ دەکاتەوە.
کاتێك لە رانیەی دەروازەی راپەڕین رۆژی (٥)ی ئازار دەکرێتە رۆژی رەشی بەعسیەکان‌و راپەڕینێکی جەماوەری بەرپادەکرێت، کاك عومەر لەوێ خۆی سازو ئامادە دەکات، هەر بۆیە رۆژی ٣/١١ کە بورکانی راپەڕین لە هەولێری هۆلاکۆبەزێن‌و دەوروبەری بە رووی عەفلەقیەکاندا دەتەقێتەوە، کاك عومەری کوڕی رۆژی بەرەنگاری‌و دەستەویەخەبوونەوە، لەگەڵ جەماوەری راپەڕیو و پێشمەرگەو رێکخستنە بە بیروباوەڕەکانی ئیسلام‌و لایەنە شۆڕشگێڕەکانی تردا هەڵمەت دەباتە سەر دوژمنانی ئایین‌و گەل‌و نیشتمان‌و رقی دەیان ساڵەیان بەسەردا دەڕێژێ‌و تا دێ هەڵمەت‌و پەلاماری بە گوڕتر دەبێ‌و وەرەو حەماسەی زیاتر کڵپە دەستێنێ، تا سەرەنجام هەر لەو رۆژەداو لە ١٩٩١/٣/١١ بە گوللەی ژەنگاوی داگیرکەران بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگات‌و گیانی شیرینی خۆی بە خوای مەزن دەسپێرێ‌و بە خوێنی گەش‌و ئاڵی ، باخی باوەڕو نەمامی ئازادی دەدێرێ ، دواتر تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی ئەسحابەڕەشە لە کۆمەڵگای (جدیدە) بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: کەمال عەلی مەحمود قادر



ساڵی ١٩٧١ لە گوندی (گەڕاو)ی سەر بە سەنگاو لە ئامێزی خانەوادەیەکی ئایینپەروەری عەشیرەتی جاف هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیی لە گەڕاو و چەمچەماڵ بەسەربردووە، پاشان نراوەتە بەر خوێندن، بەڵام نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات لە قوتابخانەدا، ناچار خەریکی کەسابەت بووەو ماوەیەکیش لە چەمچەماڵ لای مامۆستا غەریب چەند وانەیەکی ئایینی خوێندووە.

ساڵی ١٩٨٨ لە ڕێگای مامۆستا حەسەن کوردییەوە دێتە ناو کاری ئیسلامییەوەو لەگەڵ لاوانی ئیسلامخوازی دەروپشتیدا پەیوەندی دەبەستێ‌و بە جموجوڵەکانی کاروانی ڕابوونی ئیسلامی کوردستان ئاشنا دەبێت.

کاک کەمال لە کاریگەری ئەو هەنگاوانەوە تا دێ چاکتر بە ئەرکی سەرشانی‌و هەقیقەتەکانی پەیامی ئیسلامی‌و کاروانی ئیسلامخوازان ئاگادار دەبێت، بۆیە ئاستی دامەزراوی‌و سیاسی‌و بیروباوەڕی گۆڕانی گەورەیان بەسەردا دێت.

شەهید کەمال لەگەڵ خەڵك‌و دەوروبەریشدا بە ڕووخۆشی‌و خۆشەویستییەوە هەڵسوکەوت دەکات‌و دەبێتە لاوێکی سەخی‌و دڵ ئاوەدان‌و هەمیشە حەز دەکات لە خزمەتی خەڵکدا بێت، لە بەرامبەردا ڕقی لە ستەم‌و ستەمکاری دەبێتەوەو لە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا ئامێز لە چەکی باوەڕ وەردێنێ‌و دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلام‌و داخی دڵی خۆی بە ڕژێمی بەعسی ستەمکار دەڕێژێ، تا سەرەنجام کاکە کەمالی پێشمەرگەی تازە نەفەسی ئیسلام‌و لاوی بە بیروباوەڕو فیداکار لە ٢٠/٣/ ١٩٩١ لە شاری کەرکوك‌و لە مەیدانی بەرگری لە ئایین‌و گەل‌و نیشتماندا لەگەڵ (شەهید عادل حەمە حەمەرەشید)دا بێ سەرو شوێن دەبێ بە دەستی ڕەشی ڕژێمی بەعس شەهید دەکرێت‌و تەرمە پاکەکەشی وەك دەیان پێشمەرگەی تری ئیسلام بەبێ گلکۆو سۆراغ دەمێنێتەوە.



# شەهید : عادل حەمە حەمەرەشید



ساڵی ١٩٧٣ لە شاری کەرکووکی خۆرە گێراوەکەی کوردستان لە ئامێزی خانەوادەیەکی هەمەوەندی چاوی بە ژیانو خەونو هیواکانی میللەتەکەی هەڵێناوە، ژیانی منداڵیشی بە گڕو کڵپەی بابەگوڕگوڕ ڕۆشنکردۆتەوەو رازو نیازەکانی لەگەڵ ئەو شارە بێنازەدا دەستەملانی یەکتر کردووە.

لە قوتابخانەی (ڕۆژ)ی سەرەتایی نراوەتە بەر خوێندنو ئەویش وەك هەزاران منداڵی کەساسو بێنازی تری کورد نەیتوانیوەو بواری ئەوەی بۆ نەڕەخساوە لە قۆناغی سەرەتایی زیاتر درێژە بە خوێندنو بدات.

کاتێکیش کاکە(عادل لە چەمچەماڵ نیشتەجێ دەبێ ، بە کارو کەسابەتەوە خەریك دەبێتو ماوەیەکیش بۆ خوێندنی چەند وانەیەکی ئایینی لەگەڵ مزگەوتی گەورەی چەمچەماڵدا دەبێتە هاوڕێو ئەمەش زیاتر هانی دەدات بۆ هاتنە ناو کاری ئیسلامیو تێکۆشان لە پێناو دینی خوداو رزگاری میللەتەکەیدا.

کاك عادل لە ساڵی ١٩٩١و لەگەڵ بەرپابوونی راپەڕینی جەماوەریو سەرتاسەری گەلی کوردستاندا پەیوەندی بە بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشووەوە دەکاتو دەبێتە پێشمەرگەو ئیتر رقی پیرۆزی خۆی بەسەر بەعسیەکاندا دەڕێژێو دواجار لە کەرکوكو لە کاتی بەرەنگاربوونەوەو بەگژداچوونەوەی هێزەکانی رژێمدا کە لەگەڵ سەدان پێشمەرگەی قارەمانی تری ئیسلام لە تەك پێشمەرگەی لایەنە شۆڕشگێڕەکانی ترو جەماوەری راپەڕیوی کوردستاندا رقیان بەسەر بەعسیە خوێنخۆرەکاندا دەباراند، لە ١٩٩١/٣/٢٠ لە بەرەنگاربوونەوەی رژێمی بەعس لە کەرکوك لەگەڵ شەهید کەمال عەلی مەحمود بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو ئەویش وەك دەیان پێشمەرگەی تری ئیسلام تەرمەپاکەکەی بێ گۆڕو گڵکۆو سۆراغ دەمێنێتەوەدو دواتر شەهیدان (مەلا یوسفو هۆشیار عەبدوڵلاو فەقێ حەسەن نەبیە سوورو ئیبراهیم حسێن ڕێزێنەییو نەوزاد هەولێریو..) چەندانی تر کە لە راپەڕینو لە باوەشی کەرکووکدا لە ١٩٩١/٣/٢٨دا شەهید بوونو تەرمە پاکەکانیان بێ سۆراغە ، دەبنە رێبواری کاروانەکەیان.

شەهید عادل حەمە حەمەرەشیدو هەموو ئەو شەهیدە قارەمانانەی گیانیان لە پێناوی خواو چەوساواندا بەخشی، تابلۆی ئازادیو سەرکەوتنیان بە خوێن نەخشاندو سەروەرییەکی گەورەو مێژووییان بۆ خۆیانو خانەوادەو کاروانی رابوونی ئیسلامی کوردستان تۆمارکرد، گۆڕیان پڕ لە نوورو رێگایان هەمیشە پڕ لە رێبواری ئەمەکدار.

# شەهید: حەسەن ئەحمەد نەبیە سوور

# ناسراو بە: فەقێ[٧] حەسەن




ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی ماخۆبزنانی دەڤەری ئیسلامپەروەری پشدەرە رەقەی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەر چاوی بە ژیانو خەونو خولیاکانی گەلی کورد هەڵێناوەو ژیانی منداڵیشی هەر لەوێ لەگەڵ ژیانی رەوەندایەتیو گەرمێنو کوێستانو لەگەڵ سروشتی پاکی کوردستاندا بەسەر بردووە، لەپاڵ ئەوەشدا نراوەتە بەر خوێندنی ئیسلامیو دەستەملانی حوجرەو فەقێیەتی بووە، بەڵام نەیتوانیوە تا سەر بەردەوام بێت، بەڵکو کارو کەسابەتو پەیداکردنی بژێوی ژیان بواری بەردەوامیی لە خوێندنی فەقێیەتی بۆ نەهێشتۆتەوە.

کاتێکیش دەڤەری قەڵاتووکانو قەندیلی سەرکەش بە نووری ئیسلامخوازانو تریفەی ئەستێرەکانی ئومێدو ئازادی رۆشن دەبێتەوە، کاک فەقێ حەسەن وەك ئەندامێکی کاراو چالاکی رێخستن تەواو هۆگری لوتکەو چیا دەبێتو هەمیشە حەزدەکات هاورێی پێشمەرگە بێ، بۆیە لەگەڵ هاورێکانیدا خەمی نەتەوەو نیشتمانو شۆرشێك، خەمی پەیامو شەریعەتێك کە ئازادیو سەرفرازی دنیاو دوارۆژی لە چاودا دەخوێنێتەوە، لەکۆڵ دەنێو سەدان شەورەویو شەونخونیان لە پێناودا دەکێشێو خۆییو خانەوادەکەی لە خزمەتی پێشمەرگەکانی ئیسلامدا دادەنێ.

دوای ئەوەش کە پشدەر بە یەکجاری بەر شاڵاوی کاولکاریو راگواستنی رژێمی بەعس دەکەوێ لە ساڵی ١٩٨٩دا، کاك فەقێ حەسەن لە کۆمەڵگای حاجیاوادا نیشتەجێ دەبێو لەگەڵ هەڵگیرسانی راپەرینیشدا ئازایانە بەشداری دەکاتو رۆڵی جوامێرانە لە رزگارکردنی ناوچەکەدا دەبینێو تا کەرکوكو موعەسکەر خالید وەك سەدان پێشمەرگەی قارەمانو رێکخستنە چاپووکەکانی ئیسلام بە شوێن بەعسیەکانەوە دەبێو رقیان بەسەردا دەبارێنێ، ئەو کاتەش کە رژێمی تێکشکاوی بەعس بە رێپێدرانی گەورە هێزان دەستدەکاتەوە بە دژە هێرش بۆ سەر کەرکوكو جەماوەری راپەریو، کاك فەقێ حەسەن ئەحمەدی قارەمان کە لەگەڵ هێزێکی قارەمانی پێشمەرگەی ئیسلامدا بە فەرماندەیی مامۆستا مەغدید لەوێ دەبێو پێش بە دوژمن دەگرێ، لە شەرێکی دەستەویەخەدا دوای بەرەنگاریەکی مەردانە لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەی تردا لە ١٩٩١/٣/٢٨ لە موعەسکەر خالید وەبەردەبرێو بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگات کە مەخابن تا ئێستاش هیچ سۆراغێك لە گۆرو تەرمەپاکەکەی نییە.

# شەهید: ئەحمەد موحەممەد عەبدوڵڵا

# ناسراو بە:هۆشیار



شەهید هۆشیار لە ساڵی (١٩٧٤) لە گوندی (شارستێن)ی بەری مەرگەی سەر بە شارۆچکەی بنگرد لە بنەماڵەیەکی سەر بە هۆزی جاف چاوی بە ژیان هەڵێناوە، ژیانی منداڵیشی هەر لەوێ بەسەر بردووە.

لە قوتابخانەی سەرەتایی گوندی (هەنجیرێ) نراوەتە بەر خوێندن، بە هۆی دەستکورتی خێزانەکەیەوە لە شەشی سەرەتایی زیاتر نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بداتو دەستی کردووە بە کارو کەسابەت، بەڵام عەشقی خوێندن لە دڵی دەرناچێت، بۆیە لە لایەکی ترەوە دەچێتە حوجرەو ماوەیەك لە دوکان لە ساڵی (١٩٨٧) لای مامۆستا مەلا رەسوڵو مامۆستا مەلا سەید عەبدوڵلا دەخوێنێو هەمان ساڵیش پەیوەندی بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەو کاتەوە دەکاتو خۆشەویستیی خواو جیهادو تێکۆشانی دژی داگیرکەرانی کوردستان لە دڵدا دەچەسپێت، بۆیە لە ساڵی (١٩٨٨)دا رێبازی پێشمەرگایەتی دەگرێتەبەرو لە هێزی ئازادی دەبێتە پێشمەرگەو دڵسۆزانە ئەرکەکانی رادەپەڕێنێو لە ناو هاوسەنگەرانیدا نموونەی مرۆڤی گوێڕایەڵو وریا دەبێت.



لەگەڵ بەرپابوونی راپەڕینی جەماوەری گەلی کوردستانیشدا کاکە هۆشیار وەك هاوسەنگەرانی تری بە رۆژی وەدیهاتنی خەونەکانی دەزانێت، بۆیە فرمانی ئامادەسازیو دابەزین جێبەجێ دەکاتو لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا دەگاتە رانیەو پێ بە پێ لە رامالێنی بەعسیەکاندا بەشداری دەکات، تا دوا وێستگەی هەڵمەتو بەرەنگاری دەبێتە شاری کەرکوكو موعەسکەر خالیدو لەوێ لە ریزی ئەو هێزە قارەمانانەی پێشمەرگەی ئیسلامدا کە شەهیدی سەرکردە مامۆستا مەغدید سەرکردایەتی دەکات بەشدار دەبێت.

مەخابن لە دژە هێرشی رژێمی بەعسدا بۆ کەرکوك لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەی جوامێرو دلێری ئیسلامدا لە ١٩٩١/٣/٢٨ وەبەر دەبڕێتو دوای مقاوەمەیەکی زۆر شەهید دەبێتو گیانە پاکەکەی لە پێناوی خواو چەوساواندا دەبەخشێتو بەخوێن مێژوویەك لە سەروەری بۆ کاروانی بزاڤی ئیسلامیی کوردستان دەنووسێتەوەو لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەدا وەك پۆلێك ئەستێرە بە ئاسمانی سەروەریەوە بۆ هەمیشە دەدرەوشێتەوەو ئەویش گڵکۆکەی بێ سۆراغ دەمێنێتەوە.

# شەهید: خدر حەمەد ئەمین فەقێ عومەر

# ناسراو بە:خدر فەلاح



ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی (نۆرێ)ی دۆڵی (ئاکۆیان)ی سەر بە قەزای رانیە لە بنەماڵەیەکی هەژارو ئیسلامپەروەر هاتۆتە دنیاوەو ژیانی منداڵیشی هەر لەوێو لەگەڵ دیمەنە رەنگینەکانی دۆڵی ئاکۆیانو بناری ماکۆکدا بردۆتەسەر ، لەبەر هەژاریی بنەماڵەکەیو سەرقاڵبوون بە کارو کەسابەتەوە تەنها لە قۆناغی سەرەتاییدا خوێندوویەتی.

دوای ئەوەی خۆشەویستیی خواو ئیسلامو جیهادو تێکۆشانی لە دڵدا دەچەسپێ بە هۆی کاریگەری سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامییو جموجوڵو چالاکی زانایانو ئیسلامخوازانی وەکو مامۆستا مەغدیدو مامۆستا عەلی باپیر، بە تەواوی گۆڕانکاریی بەسەردا دێتو رقی لە سایەی ژیانی ژێردەستەییو چەوسانەوە دەبێتەوە، بۆیە لە رۆژی ١٩٨٩/٧/١دا وەك ئەستێرە بە ناو شەوی دەیجوری ستەمدا بەرەو بەرزیو شکۆمەندی تێدەکشێو دەبێتە هاوڕێی قەندیلی سەرکەشو چەکی پڕ لە شانازی جیهاد دەکاتە شانو لە هێزی (ئازادی) دەبێتە پێشمەرگە، پێشمەرگەیەکی تا بڵێی چالاك، بەڕێزو حورمەت، شارەزاو بە ئەزموون، رەوشت بەرزو لەدڵدا شیرین، سەرەڕای ئەو خۆشەویستیو لەدڵدا شیرینیەی خۆی، لەبەر خۆشەویستیو رێزی بۆ برا پێشمەرگەکانی نەیدەزانی چۆن ناویان بێنێ، بە زۆری پێی دەوتن (برای شیرین) یا (برا شیرینەکەم).

کە راپەڕینی جەماوەرییو سەرتاسەریش لە کوردستان دەستیپێکرد، رۆژ رۆژی پێشمەرگەی ئیسلام بوو، کە دنیایەك لە رژێمی بەعس بە رق بوونو تامەزری ئەوە بوون زەبری گورچکبڕی تێ بسرەوێنن، بۆیە لە دوای ئازادبوونی رانیە کە ئاپۆڕای پێشمەرگە دەگاتەوە شارەکان، کاك (خدر فەلاح)یش یەکێك لەو قارەمانانی ئیسلام دەبێتو تا کەرکوكو موعەسکەر خالید بە شوێن بەعسیەکانەوە دەبێتو لەوێ لەگەڵ ئەو هێزەدا دەبێت کە مامۆستا مەغدیدی شەهید سەرپەرشتی دەکات.

مەخابن لە کاتی دژەهێرشی رژێمداو دوای شەڕێکی دەستەو یەخەو نابەرابەر لەگەڵ دەستەیەك لە هاوڕێیانیدا لە ١٩٩١/٣/٢٨ لەلای موعەسکەر خالیدی کەرکوك وەبەر دەبڕێتو بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو تەرمە پاکەکەشی وەك هاوەڵانی بێ سۆراغ دەمێنێتەوە.

شەهید خدر فەلاح خێزاندار بووەو دوای خۆی دوو کچو کوڕێکی بە ناودکانی (خوناو، خاوێن، سەییاف) بۆ ئیسلامو کوردستان بە دیاری بەجێهێشتوون.

# شەهید: ئیبراهیم حسێن ئەحمەد



ساڵی ١٩٥١ لە گوندی (ڕێزینە)ی دۆڵی سەرکەپکانی سەر بە ڕانیە لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەری سەر بە عەشیرەتی ئاکۆ چاوی بە ژیان هەڵێناوە، ژیانی منداڵیی لە گوندی (مێکوکە)ی هەمان ناوچە بەسەربردووە، هەژاریو دەستکورتی مۆڵەتیان نەداوە لە سێی سەرەتایی زیاتر درێژە بە خوێندن بداتو بە ناچاری ملی دەبەر کەسابەتو سەختیەکانی ژیانی لادێ ناوە، لەگەڵ خەڵکدا زۆر تێکەڵاو بووەو پاشان شارەزایی لە بواری شۆفێریدا پەیداکردووە، بە هۆی کاریگەری شەهیدی سەرکردە مامۆستا مەغدید کە برای بووە، خۆشەویستی ئیسلامو کاری ئیسلامییو میللەتپەروەری لە دڵو دەروونیدا سەری هەڵداوەو ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەوە کردووە، لەگەڵ چەخمامەی (٥)ی ئازاری ١٩٩١و تەقینەوەی بورکانی ڕاپەڕین بە رووی عەفلەقیەکاندا، کاک ئیبراهیمی قارەمانی وەك یەکێك لە ڕێکخستنە چالاکەکان لەگەڵ جەماوەری ڕاپەڕیودا بەگژ بەعسیەکاندا دەچێتەوەو دوای ئازادبوونی ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین بەشداری گرتنی فیرقەی چوارقورنەو ئازادکردنی هەولێرو پاشان ئازادکردنی شاری کەرکوکی خۆشەویست دەکات.

کاکە ئیبراهیم هەر لەگەڵ دابەزینی هێزی پێشمەرگە ، خۆشیو هیوایەکی زۆر لە دڵو دەروونی دەگەڕێتو ئەویش وەك پێشمەرگەیەکی دلێر لە نێو کاروانی نووردا خۆی دەبینێتەوە، بەشداری کاکە ئیبراهیم لە ئازادکردنی کەرکوك لە ژێر فەرماندەیی شەهیدی سەرکردە مامۆستا مەغدید دا بوو، کە بە خۆیو هێزێکی زۆری پێشمەرگەکانی ئیسلامەوە کە لە زۆربەی هێزەکان پێکهاتبوونو لەگەڵیدا بوون،بە دژی بەعس تێدەکۆشان و سەنگەریان لە داگیرکەران گرتبوو ، تا کاتێك لە گەرمەی پەلاماردانی مەعەسکەر خالیدا ، مەخابن لەلایەن زڵهێزانەوە گڵۆپی سەوز بۆ سەدام حسێن پێکراو دەستیکردەوە بە دژەهێرش بۆ سەر شارە ئازادکراوەکانو جەماوەری ڕاپەڕیو و هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ئا لەو کاتەدا هێزە جەربەزەکەی پێشمەرگەی ئیسلام کە لە سەنگەری پێشەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمدا بوون بە هۆی سەختی پەلاماری ڕژێمو کشانەوەی هێزەکانی دواوەیانو چۆلکردنی پشتیان ، دەستەیەك لە پێشمەرگە قارەمانەکانی ئیسلام وەبەربڕانو بە دەستی عەفلەقیەکان دوای مقاوەمەو شەڕێکی سەختی نابەرابەر، لە ١٤/ڕەمەزانی/١٤١١ ـ ١٩٩١/٣/٢٨ بە پلەی بەرزی شەهیدی گەیشتن کە یەکێکیان

کاکە ئیبراهیم حسێن ئەحمەدی برای مامۆستا مەغدید بوو، بەمەش بوو بە یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیان.

شایانی باسە ئەم پۆلە شەهیدەی ئیسلام بێ گۆڕو گلکۆ مانەوەو تا ئێستاش نەزانراوە لە کوێو بە چ شێوەیەك ئەسپەردەی خاك کراون.

شەهید ئیبراهیم خێزاندار بووەو دوای خۆی سێ کوڕو حەوت کچی بە ناوەکانی (موحسین، ئەحمەد، سەلمان، فاتمە، شیلان، خوناو، شەهێن، فەوزی، کۆچەر، نیگار) لە دوا بەجێماون.

# شەهید: رزگار نەجمەدین نورەدین



ساڵی ١٩٧٤ لە دێی خاڵدانی سەر بە چەمچەماڵ لە خانەوادەیەکی ئیسلامپەروەری سەر بە ساداتی پیریادی هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵی لە دێی پیریادیو چەمچەماڵ بەسەربردووە، لە قوتابخانەی سەرەتایی پیریادی نراوەتە بەر خوێندنو بەشێکی قۆناغی سەرەتایشی لە چەمچەماڵ خوێندووە.

دواتر لە لای باوکی (مامۆستا نەجمەدین پیریادی) دەستدەکات بە خوێندنی زانستە شەرعیەکانو بەمەش چاکتر لە راستیەکانی ئیسلامو ئادابە بەرزەکانو بوارەکانی عیبادەت تێدەگات، جگە لەوە لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیانیشدا بە کارو کەسابەتو کرێکارییەوە خەریك دەبێ.

هەروەها هەر لە رێی باوکی بەرێزیانەوە دێتە ناو کاری ئیسلامییەوەو تێی دەگەیەنێ کە موسڵمانەتیو دینداری بە تەنیا نوێژو رۆژوو نییە، بەڵکو موسڵمانەتی هەوڵدانیشە بۆ خزمەتکردنی موسڵمانانو ئازادی گەلو نیشتمانو سەرخستنی دینی خوای گەورەو حاکمیەتی قورئان.

هەر بۆیە دڵی پەیوەست دەبێ بە کاروانی جیهادی ئیسلامخوازانی کوردستانەوەو کاتێکیش راپەڕینی جەماوەری گەلی کوردستان لە ئازاری ١٩٩١دا بەرپا دەبێ، کاك رزگار لەو ساتە وەختەوە وەك پێشمەرگەیەکی قارەمانی ئیسلام مەیدان لە بەعسیە خوێنخۆرەکان دەگرێو بە گژ ئەو رژێمە نەگریسەدا دەچێتەوە.

هەروەها لە بنکەی شەرەفخان کە تێکەڵاوی ناو ئاپۆرای پێشمەرگەکانی ئیسلام دەبێ، کەیفو سروور سەراپای جەستەی دادەگرێو هێندەی تر ورەو حەماسەی دێتە بەر، کاك رزگار بەو ورەو حەماسەوە لەگەڵ هاوسەنگەرانیو جەماوەری راپەڕیودا بەشداری ئازادکردنی کەرکوك دەکات، لە مەعەسکەر خالیدیش قارەمانەتی بەرچاو دەبینێ.

تا سەرەنجام کاك رزگاری لاوی ئیسلامخوازو پێشمەرگەی هەڵمەتبەری ئیسلام هەر لە کەرکوکو لە کاتی بەرپەرچدانەوەی دژە هێرشی رژێم بۆ سەر جەماوەری راپەڕیو و گرتنەوەی شارو ناوچە ئازادکراوەکان، لە (قریە عصریە)ی خوار کەرکوك لە رۆژی ١٩٩١/٣/٢٨دا لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەی تری بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوودا، شەهید دەبێو سەروەریەکی قارەمانانە بۆ خۆیو گەلی کوردستانو رابوونی

ئیسلامیی‌و خانەوادە بەڕێزەکەیان‌و گەرمیانی گڕو حەماسە تۆمـار دەکـات‌و تەرمـە پاکەکەشی وەك هاوڕێ‌و هاوسەنگەرە شەهیدەکانی بێ گڵکۆو سۆراغ دەمێنێتەوە.

شەهید رزگار پیریادی خواویست‌و گیانفیدا بە جۆرێك خۆشەویستیی خواو ئیـسلامیی دەچـێتە دڵـەوە ، تامـەزرۆی شـەهیدی دەبێـت‌و تەنانـەت وەسـیەت بـۆ خانـەوادە بەڕێزەکەیان دەکات‌و دەڵـێ: "مـن شـەهید دەبم‌و رازی نـابم کـەس جلـی رەش لەبـەر بکات‌و شین‌و شەپۆڕ بکات، چونکە کاری خوایەو بەدەست کەس نییە". ئاخر ئەو (لە خەونیدا جەنازەیەکی بینیبوو پێیان وتبوو رزگار ئەوە تۆی شەهید بوویت) بۆیـە دڵـی روون بووەو قەناعـەتی وابووە کە شەهید دەبێت.

بەم شێوەیە شەهید رزگار کۆڵ‌و بـاری ژیـانی دونیـای فـانی پێـچایەوەو بـەرەو قـاپی میهرەبانی خودا، سەر بەرزانە گەڕایەوە.

# شەهید: سەمیر نورەدین عەلی
# ناسراو بە:مەلا یوسف کەرکووکی



ساڵی ١٩٦٣ لە شاری کەرکووك‌و لە ئامێزی بنەماڵەیەکی ئیسلامپەروەردا لەدایك بووە، ژیانی منداڵیشی هەر لەوێ بەسەربردووە، دواتر نراوەتە بەر خوێندن‌و تا شەشەمی ئامادەیی بەسەرکەوتوویی بڕیوە، ئەمجار کۆلێژی ئادابی لە زانکۆی سەلاحەدین تەواوکردووە.

کاك مەلا یوسف دوای ئەوەی قۆناغەکانی خوێندن بە سەرکەوتوویی دەبڕێ، چیتر ناتوانێ بە دیار زەبرو زەنگ‌و ستەمکارییەکانی رژێمی بەعسەوە دابنیشێ، بۆیە وەك لاوێکی ئیسلامخوازو رۆشنبیر رێگای هیجرەت دەگرێتەبەرو روو لە بەشە کوردستانی سەر بە ئێران دەکات، هەر لەوێ لە ساڵی ١٩٨٧ بە مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف واژەیی رابەر دەگات‌و ئیتر دەستەملانی کاروانی جیهادی ئیسلامیی کوردستان دەبێت‌و دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلام‌و لە بارەگاکانی (کەوپەڕو بادیناوا)وە وەك هەڵۆ بەرەو قووڵایی نیشتمان‌و بارەگاکانی هێزی شافیعی لە مەلەکان لەگەڵ مەفرەزە پارتیزانەکانی ئیسلامدا تێدەکشێ، لەوێ لەگەڵ هاوسەنگەرانی‌و رێبوارانی رێبازی هەقیقەتدا لە بارەگاکانی هێز لە مەلەکان‌و شیرەو کانی هەرمێ‌و سماقوڵی خۆشناوەتی ئەرك‌و فەرمانەکانی پێشمەرگایەتی جێبەجێ دەکات، ماوە ماوە لەسەر چیاکانی (کەپران‌و پانەسەرو مۆتەو هەورێ‌و بەناباوێ) لەگەڵ هاوسەنگەرانی پێش بە پەلامارو هەڕەشەکانی سوپای داگیرکەری رژێم دەگرن، جار جارەش لەگەڵ مەفرەزە پارتیزان‌و دلێرەکانی هێزی شافیعی دادەبەزنە سەر رێگای سەرەکی (هەولێر ـ کۆیە)و بۆسەیان بۆ هێزەکانی رژێم‌و بەکرێگیراوان دەنایەوەو پەیامی کاروانە جیهادیەکەیان بە رێبواران‌و سەرنشینان دەگەیاندو خەڵکیان بۆ بەگژداچوونەوەی رژێم‌و هاوکارینەکردنی هەڵدەنا.

ئەو ساتانەش کە لە دەمی بۆسەو جەولەکاندا دەکەوتنە بەر هەڕەشەی کۆپتەرەکانی رژێم رێگاکانی بەرگری لەخۆکردنیان دەگرتنەبەر، جارجارەش گوند بە گوندی ناوچەکە دەگەڕان‌و ئامانجەکانی خەبات‌و گەورەیی ئیسلام‌و پیرۆزی پەیامی ئیسلام‌و باوەڕیان بۆ روونکردنەوەو پێناسەی حزبی بەعسیان وەك حزبێکی عەلمانی‌و بێ دین‌و ستەمکار بۆ خەڵك دەکرد.

کاتێکیش رژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٨٨دا زنجیرەیەك هێرش‌و پەلاماری وەحشیانە یەك لە دوای یەکی کردە سەر ناوچە ئازادکراوەکان، ئەوە شەهید مەلا یوسف وەك قارەمانێکی کەڵەگەت لەگەڵ برا پێشمەرگەکانی‌و هێزە شۆڕشگێڕەکانی تردا رقی

بەسەر سوپاو بەکرێگیراوانی رژێمدا دەباراندو بە حەماسەتەوە بەرگری لە ئایینو ئابڕووی گەلو نیشتمان دەکرد.

کاتێکیش بڕیاری پاشەکشە بۆ هەموو ئەو هێزانەی دەڤەرەکە لەلایەن سەرکردایەتیەکانیانەوە درا، هێزی شافیعیش پێ بەپێو بە پێی پلانێکی گونجاو دەستیان بە کشانەوە کردو بەسەر چەند میحوەرێکدا دابەشبوون، کاك مەلا یوسف کەرکوکی لەگەڵ ئەو پۆلە پێشمەرگەیەدا بوون کە لە بارەگای سماقولییەوە بەرەو شێرەو مەلەکانو لەوێشەوە بەرەو دۆڵە رەقەو رانیە چوونو دوای رێنوێنیکردنو حەوانەوەیان بۆ ماوەی نزیکەی (٢٠) رۆژ لەو دەڤەرە لەلایەن رێکخستنە تۆکمەو قارەمانەکانەوە، بە شێوەیەکی زۆر رێكو پێكو بە پلانێکی سەرکەوتوو بە سنووری پشدەردا کە پڕ لە سەربازگەی رژێم بوو گەیەندرانە خەتی سونێ، دیارە ژمارەیەکی تریش لەو مەفرەزانە دوای چەند شەوو رۆژ گەیشتنە قەندیلو لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی حەمزەو چەند مەفرەزەیەکی هێزی خالیدو فاروق تێکەڵاوی یەکتر بوون، ئیتر لەوێ کەوتنەوە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی رژێم کە بۆ ئەو سنوورەش دەستی پێکردبوو.

دوای ئەوە کاك مەلا یوسف لە بارەگا سنووریەکانی پێشمەرگە لە گەسك گەسكو دواتر لە بارەگاکانی (تۆژەڵەو قوڵە هەرمێو پشکاوە)ی دۆڵی سونێو قاسمەڕەشو هەروەها لە خدراوا درێژەی بە خزمەتی پێشمەرگایەتیو رۆڵی جوامێرانەی خۆی داوەو لەو ماوانەشدا جارجارە لەگەڵ مەفرەزە پارتیزانەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی ئەوکاتدا دەکەوتنە جەولەو ئەنجامدانی چالاکی.

کاك مەلا یوسف لەبەر لێهاتووییو دڵسۆزیو لێبڕاوی کرایە سەرتیپو دواجار لە بارەگاکانی دۆڵی قاسمەرەشەوەو لەگەڵ هەڵایسانی مەشخەڵی راپەڕینی جەماوەریی گەلی کوردستان لە ١٩٩١/٣/٥، لەگەڵ ئاپۆڕای پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی ئیسلامو هێزە شۆڕشگێڕەکانی تری ئەوسای سەر گۆڕەپانی خەبات لە ٣/٦ لە کاتی هەولی دابەزیندا لەگەڵ هێزە دۆڕاوەکانی رژێم لە خەتی سۆنێ کەوتنە بەرێكو بۆ رۆژی دواتر لە ٣/٧ وەك پڵنگ خۆیان بەناو سوپای رژێمو پشدەری (موحەڕڕەمە)دا کردو خۆیان گەیاندەوە ناو جەماوەری راپەڕیوی رانیەی دەروازەی راپەڕینو بوو بە داباریینی فرمێسکی شادومانیو دانانی پلانو بەرنامەی خێراو بەپەلە بۆ راونانی هێزەکانی رژێمو رزگارکردنی شارو شارۆچکەو ناوچەکانی تری کوردستان.

بۆیە لەوێوە هێزی پێشمەرگەو جەماوەر بەرەو هەیبەت سولتان‌و کۆیەو تەقتەق‌و دێگەڵەو هەولێرو لەلایەکی تریشەوە بەرەو خەلیفان‌و سپیلك و هەروەها دوکان کەوتە جوڵەو هەڵمەت بردن.

کاك مەلا یوسف کەرکووکی دوای رزگارکردنی هەولێر رووی چەکی باوەڕو ورەو حەماسەی بەرەو کەرکووکی خۆرە گیراوەکەی کوردستان وەرسووڕاندو دیسان لەگەڵ هێزی بە بیروباوەڕی پێشمەرگەکانی ئیسلام‌و جەماوەری راپەڕیوو و هێزی پێشمەرگەی لایەنەکاندا وەك شێر کەوتنە نرکەو ناڵەو ورەو گڕی حەماسەی تێکەڵاوی گڕی بابەگوڕگوڕ کردو دوای رزگاربوونی کەرکووك‌و شادبوونەوەی بۆ ساتێکی کەم بە باوك‌و خانەوادە هەژارەکەیان، هەڵمەتی قارەمانانەی بەرەو موعەسکەر خالید دەستپێکردو قارەمانەتییەکی کەم وێنەی لەوێدا نواند.


کاتێکیش رژێمی بەعس دژە هێرشی بۆ سەرکوتکردنی جەماوەری راپەڕیوو و داگیرکردنەوەی شارو ناوچە رزگارکراوەکان بە هەڵکردنی گڵۆپی سەوز لەلایەن گەورە هێزانەوە دەستپێکرد.

شەهید مەلا یوسف کەرکووکی لەگەڵ فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەی ئیسلام‌و سەدان پێشمەرگەی قارەمانی دەست بەدەستنوێژو هێزی تری لایەنەکاندا، پێشی بە سوپای رژێم گرت‌و کەوتە شەڕی دەستەویەخە، بەڵام بەهۆی کشانەوەی زۆر لە هێزەکان‌و چۆڵبوونی پشتیان رژێم زەفەریان پێ دەباو لە شەڕێکی سەخت‌و نابەرابەردا لە ١٩٩١/٣/٢٨ کاك مەلا یوسف لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەی قارەمانی تری ئیسلامدا بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگات‌و تەرمە پاکەکەشی بێ سۆاغ‌و گڵکۆ دەمێنێتەوە، بەم پێیە شەهید مەلا یوسف کەرکووکی‌و هاوڕێکانی سەروەرییەکی مێژوویی بۆ خۆیان‌و کاروانی رابوونی ئیسلامی کوردستان‌و خانەوادە سەربەرزەکانیان تۆمار دەکەن‌و کاك مەلا یوسف سەلماندی کە کوڕی دڵسۆزو گیانفیدای ئیسلام‌و ئەم خاك‌و نیشتمانەیە.

شەهید مەلا یوسف کەرکووکی پێشمەرگەیەکی ئازاو دلێرو کەڵەگەت‌و خۆ بەکەمگرو لەخۆبردوو بوو، لە کاتی پێویست عەدەد جیهازو عەدەد دۆشکەو بیکەیسی‌و ئاربیجی بوو.

ئەو لەگەڵ ئەوەدا کە کوڕی شار بوو، بەڵام ئەوەندە خاکی‌و زوورەپیاو و بەدەست بردو پێکراو بوو، دەتگوت هەمیشە لە لادێ ژیاوەو لە جەولەو گەڕان‌و بارو

بارگەشدا زۆر خۆنەبوێرو دلێرو دەست گەرم بوو، هەمیشە حەزی دەکرد خزمەتی هەموان بکات، تەنانەت جلوبەرگو پێلاوی دەدررونەوەو پینەدەکردن، شەونوێژی دەکرد و لەبەر خودا دەپاڕایەوەو فرمێسکی دەڕشتو زۆر بە رۆژوو دەبوو، زۆر گوێڕایەڵ بوو، بە راستی پێشمەرگەیەکی نموونەیی بوو، چونکە هەموو خەسڵەتە بەرزو جوانەکانی لە خۆیدا کۆکردبوونەوە، هەر لەبەر ئەمەش بوو هەموو هاوڕێو هاوسەنگەرانی لەناخەوە خۆشیان دەویستو رێزیان لێدەگرت، دەك گیانت هەمیشە شاد، رێگات هەمیشە پڕ لە رێبوار، کاك مەلا یوسف کەرکووکی.



# شەهیدی فەرماندە: حەسەن ئەحمەد حەسەن

# ناسراو بە: زانا



ئەستێرە گەشەکانی ترۆپکی سەروەری، تەنها لە نێو دەریای پان و پۆڕی تاسەو سەرسامییو رامانو بێدەنگیەکدا جێیان دەبێتەوە، هەر ساتێکی فەرهەنگێك، وشەی سوورو دنیایەك رازو نیازە... لەو شوێنەدا کە هاژەی تاڤگەی خوێنو نەعرەتەی (الله أكبر) دەنگ دەدەنەوە، وشە زات ناکات سەر هەڵێنێ، شیعرو پەخشانو رۆمان زمانیان دەبەسترێتو لە دۆڵی خامۆشیدا کوشم هەڵدێنو بە ئارەقەی شەرمەزارییەوە سەردادەخەن..، چۆن قەتارەی وشەی رازاوە لەگەڵ ئاپۆڕەی کاروانی بەرەو خۆری شەهیداندا بەراورد دەکرێت؟! چ وشەو ئیلهامێکی ئەدەبی دەگاتە خۆگرییو راچەنینی نێو سەنگەر، کە قورمیشی مێژوو و بناغەی ئێستاو دەلاقەی دوارۆژە؟!

کام قەسیدە بە قەدەر باڵای شەهیدان کەڵەگەتە، کامە سەری کوێستانی عەزیم ئەوەندەی سەری شەهیدان بەرزە؟!

بە درێژایی مێژوو، هەر مەنتیقی شەهیدان بووە دەستو زمانی تاغوتەکانی مرۆڤخۆری بەستووەو بۆتە پەرژینی عەمەلیی بۆ چەوساوەو رەشو رووتانی بێ دەرەتان، مێژووی مرۆڤایەتی بەبێ شەهیدان ئاشی ئاو لێبڕاوەو بێجگە لە نەڕەی زاڵمانو نرکەو ناڵەو ئاهو نزوولەی هەژاران، هەستو خوستی لێ نایە.

جا کاروانی جیهادیی رابوونی ئیسلامیی کوردستان خاوەنی گەلێك لەو جۆرە مێرخاسو قارەمانانەیەو شەهید (زانا)ی فەرماندەو چەلەنگیش یەکێك لەو مێرخاسو ئەستێرە گەشانەی ترۆپکی سەروەریمانە.

شەهید (زانا) ساڵی (١٩٧١) لە گوندی (کانی بناو)ی ناوچەی دۆڵی ئاکۆیانی سەر بە قەزای رانیە لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر لە دایك بووەو ژیانی منداڵیشی هەر لەوێ بەسەربردووەو تا پۆلی سێیەمی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیانو پاشماوەی سەرەتایشی لە رانیە تەواوکردووە، قۆناغی ناوەندیشی لە ناوەندی رانیەی کوڕان خوێندووە، پاشان لە ئامادەیی پیشەسازی رانیە وەرگیراوەو ئەویشی بە کۆتایی گەیاندووە، ماوەیەکیش لە حوجرەی مزگەوتی حاجی مینە لە رانیە لای مامۆستا عەلی جەلكو مامۆستا مەغدیدی شەهید خوێندوویەتی.

شەهید زانا لە ساڵی ١٩٨٣ وە بە ئیلتیزاماتی ئیسلامییەوە پەیوەست بووەو لەگەڵ خەڵکیشدا کەسێکی کراوەو خاوەن رێزو ویقار بووەو وێڕای شارەزایی فیقهی بەشێکیشی لە قورئان لەبەرکردووە.

ساڵی ١٩٨٤ تریفەی ئاسۆی گەشی گەڕانەوە سەرخۆ، چاوو دڵی ڕوونکردنەوەو وەك لاوێکی ڕۆشنبیری وریا تێگەیشت (ئیسلام)ی بەرنامەی خوای گەورە بۆ سەرلەبەری ژیانەو خۆراکی لاشەو گیانەو مزگەوتو بازاڕو پەروەردەو جیهادو دەوڵەتو بە کوردیو بە کورتی: کەلتوری وردو درشتی کاروباری ئینسانە.. ئیدی هەر لەو دەلاقە ڕوونەوە خەرمانەی سووری جیهادی بەچاو ئەنگاوتو لە ١٩٨٨/٤/٢٢دا جێی شیاوی خۆی دیتەوەو پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی ئەوکاتەوە کرد.

کاك زانای خوێنگەرمو تێکۆشەر کە هەمیشە خوێنی جیهادو لەسەر کردنەوەی چەوساوانو بەگژداچوونەوەی ملهوڕو ستەمکاران لە دەمارەکانیدا قوڵپی دەدا، هەر دوای ناسینی ڕێبازی ڕاستەقینەی شۆڕشی ڕزگاریی میللەتەکەی لە ١٩٨٨/٦/٢٢دا چەکی مەردایەتیو شەرەفی جیهادی لەشانی کردو ئامێزی پڕ لە میهرو سۆزی لە (جیهاد)ی لوتکە هەرە بەرزەکەی ئیسلام وەرێناو پەیوەندی بە هێزی (ئازادی)یەوە کرد کە شەهید مامۆستا مەغدید لێپرسراوی بوو، شەهید زانای قارەمان لە ماوەی ژیانی پیرۆزو پڕ لە سەروەری پێشمەرگایەتیدا پێشمەرگەیەکی چوستو چالاكو فەرماندەیەکی لێزانو هێمنو وریاو بیرتیژ بوو.

لە ١٩٨٩/٧/٢٥دا کاتێك لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕێکخستنی نێوخۆی بیتوێن دەگەڕایەوە لە (کوێستانی خوار)ی مەنگوڕان بە هۆی تەقینەوەی لوغمێکەوە بریندار دەبێت.

دوای دروستبوونی مەڵبەندەکان، بەر لە ڕاپەڕین، بوو بە فەرماندەی تیپو دوای ئەوە بوو بە ئەندامی ڕابەرایەتی ڕێکخستنی پشدەر بیتوێنو لە گەرمەی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئازاری (١٩٩١)یشدا بوو بە جێگری بەرپرسی سەربازی مەڵبەندی (٣)ی ڕانیەو لە ڕاپەڕینیشدا لەگەڵ ئەو پۆلە پێشمەرگەیەدا بوو کە گەرماو گەرم لە ٧/ ٣ لەگەڵ شەپۆلی جەماوەری ڕق ئەستوری ڕاپەڕیو تێکەڵ بوون و گەیشتەوە ڕانیە .

تا دواجار کاکە زانای سوارچاکی گۆڕەپانی جیهاد، نموونەی شۆڕشگێڕیو بوێری، لە شەڕێکی نابەرابەردا کە خۆی فەرماندەیی دەکرد لە کاتی دژە هێرشە دڕندانەکەی ڕژێمی بەعس بۆ سەر کوردستان لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٣٠ لە ناوچەی (پردێ)ی سەر بە کەرکوك دوای تێکشکاندنی زیلێكو دەبابەیەك لەلایەن خۆیو هێزەکەیەوە لەگەڵ (کاکە)ی برایدا، کەوتە بەر گوللەی دوژمنانی ئیسلامو مرۆڤایەتیو داگیرکەرانی

کوردستان‌و گەیشتە ترۆپکی سەروەری‌و گیانە پیرۆزەکەی بەرەو بەهەشتی نەمران لە شەقەی باڵیدا.

ماوەیەك تەرمی پاکی ئەو و شەهید (کاکە)ی برای لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی رژێمدا مایەوەو دواتر لە رۆژی ١٩٩١/٥/٦ لە گۆڕستانی کێوەڕەش لە رانیە کە هاوکات بوو لەگەڵ شەهیدبوون‌و بەخاکسپاردنی شەهیدی سەرکردە مامۆستا جەمال ئەحمەد شارباژێڕی لێپرسراوی مەڵبەندی سێدا، هەرسێکیان بە دوای یەکدا بە خاك سپێردران، بەمەش رۆژێکی پڕ لە حوزن‌و ماتەمی بۆ هاوڕێ‌و هاوسەنگەرانیان هاتە ئاراوەو کۆڵی خەم‌و هیواکانیان بە رێبوارانی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان‌و دڵسۆزانی ئایین‌و گەل‌و نیشتمان سپارد.

# شەهید: شێروان موحەممەد جوکل

## ناسراو بە: رابەر



ساڵی ١٩٧٠ لە بنەماڵەیەكی هەژارو ئیسلامپەروەر لە گەڕەكی سەیداوای شاری هەولێری قەڵاو منارەو ڕەسەنایەتی لەدایك بووە، ژیانی منداڵیشی هەر لەوێ بەسەربردووە، لە بواری خوێندندا قۆناغەكانی سەرەتایی و ناوەندی بەسەركەوتوویی بڕیوە.
ساڵی ١٩٨٧ دوای ئەوەی بیرو هۆشی سیاسی دەكرێتەوەو بە كاری ئیسلامی ئاشنا دەبێت، پەیوەندی بە ڕێكخستنەكانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشووەوە دەكات، بەم هۆیەشەوە بە مەبەستی زیاتر خۆپێگەیاندنو خۆپەروەردەكردن تێكەڵاوی مامۆستایانو وانەو وتارەكانیان دەبێ، بەمەش شارەزایی زیاتر لە بارەی ئیسلامەوە وەردەگرێو پەیوەندیشی بە مامۆستایانو لاوانی ئیسلامخوازەوە تۆكمەتر دەبێ.
لە ماوەی ئەندامێتیدا دڵسۆزانە ئەركو فەرمانەكان جێبەجێ دەكات.
ساڵی ١٩٨٩ حاشا لە سایەی شوومی ڕژێمی بەعس دەكاتو ڕێگای جیهادو پێشمەرگایەتی دەگرێتەبەرو لە هێزی شافیعی دەبێتە پێشمەرگەو لە بارەگاكانی گۆڕەشێرو پوشكاواى نێوان (نۆكان و سونێ)ی پشدەر چەكی ئیسلام دەكاتە شانو لەگەڵ هاوڕێو هاوسەنگەرانیدا درێژە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی دەدات، هەروەها لە بارەگاكانی گەسك گەسكو بادیناوای سەرسنوور ئەركی خۆی جێبەجێ دەكرد، جارجارەش بە مەفرەزە دادەبەزیە ناوچەكانی ناودەشتو پشدەر، هەروەها لە مەفرەزە پارتیزانەكانی هێزیشدا بەشداری دەكرد ، كە بە مەبەستی گورز وەشاندن لە ڕژێمی بەعسو ڕاپەڕاندنی كاروبارەكانی ڕێكخستن بە ئاراستەی هەولێر دادەبەزین، لە كۆتایی ساڵی ١٩٨٩دا لەگەڵ مەفرەزەیەكی پێشمەرگەكانی هێزدا بە ئیشوكاری ڕێكخستن گەڕایەوە ناو هەولێرو لەوێش بە شێوەیەكی لێزانانەو بە حیكمەتەوە دەستیكردەوە بە كاروباری جارانو ڕۆڵێكی چاكی هەبوو.
بەتایبەتی لە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا بەشدارییەكی قارەمانانەی كرد لە ڕزگاركردنی شارەكانی هەولێرو كەركوكدا، هەروەها لە بەرەنگاربوونەوەی دژە هێرشی ڕژێمیشدا ڕۆڵی بینی.
كاتێك ڕژێمی بەعس لە ١٩٩١/٣/٣١ بە فیتی گەورە هێزان هەولێری داگیركردەوە كاكە ڕابەری قارەمان لە بارەگاكانی هەولێری سەر بە مەڵبەندی چوار بۆ بەرگریكردن لە جەماوەری كوردستانو دەستكەوتەكانی ڕاپەڕین لەگەڵ هاوسەنگەرانیدا مایەوە،

بەڵام بەهۆی ئەوەی تازە کار لە کار ترازابوو، بۆیە کاکە رابەرو چەندان پێشمەرگەی هاوسەنگەری وەبەربڕانو کەوتنە بەر شاڵاوی دڕندانەی هێزەکانی رژێمو ئیتر لەو ساتەوە واتە لە ١٩٩١/٣/٣١ەوە تا ئێستا سۆراغێك لە خۆیو تەرمەپاکەکەیو گڵکۆکەی نییە.

بەم شێوەیە کاکە رابەری پێشمەرگەی ئیسلام بوو بە قۆچی قوربانی لە پێناو خوداو چەوساوانو سەروەری ئایینو گەلو نیشتماندا.

# شەهیدی فەرماندە: صابر مستەفا ئەحمەد

# ناسراو بە: مەلا عومەری هەولێری



جیهادو تێکۆشان لە پێناوی خواو چەوساواندا، ئەوەندە کارێکی مەزنو پیرۆزە، پێغەمبەری پێشەوا ﷺ بە لوتکەی هەرە بەرزی ئیسلامی ناوبردووە، بێگومان ئەم گەورەیی و پیرۆزییەی جیهادو تێکۆشان لە خۆڕا نییەو بە هەوەنتە نازناوی لوتکەی هەرەبەرزی لێ نەنراوە، ئاشکرایە رێگای جیهاد پڕ لە درکو داڵو سەختیو ناخۆشیو مەترسی جۆراوجۆرە، جیهاد سەرو ماڵو گیانو خوێنی لە مرۆڤەکان دەوێو ئەوانەی دەست لە سنگی خۆیان دەدەن ببنە رێبواری ئەو رێگایە، دەبێ هەمیشە گیان لەسەردەست بنو بە پیر مەرگەوە بچنو موشتاقی دیداری خوداو پێغەمبەری خوا ﷺ بنو دەستیان لە دونیا بەردابێ، ئەوانەن کە دەتوانن ببنە رێبواری وەفاداری ئەم رێبازەو خواش (جل جلاله) بەو مرۆڤە صادقو خواویستانە دەفەرمووێ: (رجال): (مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُم مَّن قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ)، ئەم مرۆڤانەن کە بە خوێنی گەشو ئاڵی خۆیان بە هێزی بیروبازوویان، بە صیدقو ئیخلاصو پەرۆشو خواویستییان، شەوی دەیجوری نەفامیو ستەمو ناعەدالەتیو چەواشەیی دەڕەوێننەوە.

یەکێك لەو ریجالو مرۆڤە خواویستو قارەمانانە (صابر مستەفا ئەحمەد)ی ناسراو بە (مەلا عومەری هەولێری)یە،کاك مەلا عومەر لە ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی (پونگینە)ی سەر بە شارۆچکەی (بنەسلاوە)ی سەر بە شاری هەولێر لە ئامێزی خانەوادەیەکی ئایینپەروەری عەشیرەتی بلباس چاوی بە ژیان هەڵێناوە.

ساڵی ١٩٦٧ خانەوادەکەیان لە پونگینەوە گواستوویانەتەوە بۆ ناو هەولێرو لە گەڕەکی سێ تاقان نیشتەجێ بوون، بەم پێیە گرۆگاڵو گەمەو گاڵتەکانی گوندی ئاوێتەی گەمەو گاڵتەکانی منداڵانی گەڕەکی سێ تاقان کردوونو چاوی بە باڵای کەلەگەتی قەڵاو منارە رۆشن بوونەوە، لە قوتابخانەی (سۆران) نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی ناوەندیشی لە ناوەندی کۆماری خوێندووەو پاشان لە ساڵی (١٩٨٣-١٩٨٤) ئامادەیی پیشەسازی هەولێری تەواوکردووە.

کاك مەلا عومەر جگە لە خولیای خوێندن، هەر لە منداڵییشەوە خولیای وەرزشی هەبووەو ماوەی (٧) ساڵ یاریزانو کاپتینی فەریق بووە لە یانەی گەنجانی هەولێر.

کاك مەلا عومەر لە ساڵی ١٩٨٥ بە رووی دونیای خوێندنەوەو موتاڵادا دەکرێتەوە، بەم هۆیەشەوە ئاستی هۆشیاری ئیسلامییو تێگەیشتنو چاوکراوەیی بەرز دەبێتەوە، دواجار بە کاری ئیسلامیی ئاشنا دەبێ، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی

بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی پێشوودەوە دەكات، ئیتر ئازایانە قوڵ لە كاری ڕێكخستنو ڕاپەڕاندنی ئەركەكانی هەڵدەماڵیو لە میانی هەڵسوڕاندنی كاروبارەكانو تێفكرینی لە مەزڵومیەتی میللەتەكەیو فەرزییەتی جیهاد ، بڕیاری ڕۆیشتن بۆ پێشمەرگایەتیو دەستەملانبوون لەگەڵ چیادا دەدات، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ (٥) كەس لە هاوەڵانی لە ١٩٨٧/٦/٥ لە هەولێرەوە بۆ خەلیفانو لەوێشەوە بۆ مەلەكانو بارەگاكانی هێزی شافیعی بە ڕێنومایيو هاوكاریی ڕێكخستنەكان دەڕواتو لەوێ چەكی شەرەفو پێشمەرگایەتی دەكاتە شانو بە قەدو قیافە و سەرو سیمایەكی نوێوە ، بە دونیایەك هیوای جوانەوە، بە كێوێك لە باوەڕو ورەو ڕقی پیرۆزەوە، بە كۆڵێك لە خۆشەویستیو پەرۆشو سۆزەوە، بە دڵێكی پڕ لە عەشقی خودایيو سۆزی وڵاتو هۆزەوە، وەك هەڵۆ بە دەوری لوتكەی چیاكانەوە دەخولێتەوەو سروودی نەبەزینو كۆڵنەدان دەڵێتەوە.

كاك مەلا عومەر لە سۆنگەی ئەوەوە كە هەمیشە حەزی بە جموجوڵو چالاكی دەكردو كەسێكی بەتینو تاو و ڕاپەڕبوو، زووربەی ژیانی پێشمەرگایەتی لە سەرو خوارو هاتو چووندا بوو، ئەوەتا چەند ڕۆژێك دوای دەستپێكردنی ژیانی پێشمەرگایەتیو لە مانگی ١٩٨٧/٦دا لەگەڵ (١٠) پێشمەرگەی تر بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی چەند ئەركێكی پێشمەرگایەتی لە مەلەكانەوە بە سنووری وەرتێو كونەكۆترو قەندیلدا بۆ بارەگای كەوپەڕی سەر سنوور دەچێو دوای (١٠) ڕۆژ مانەوە هەمدیسان لەگەڵ مەفرەزەیەك پێشمەرگەدا بە هەمان ڕێگادا دەگەڕێتەوە مەلەكان.

دوای ئەوە لەگەڵ مەفرەزەیەكدا لە مانگی ١٩٨٧/٧ بە فرمانی هێز بارەگایەك لە دۆڵی سماقولی دەكەنەوە، دواتر لە مانگی ١٩٨٧/٨ بارەگایەكی تریان لە كانی هەرمێ كردەوە، مانگی ١٩٨٧/٩ بۆ ماوەی (١٣) ڕۆژ لەگەڵ دەستەیەك لە هاوسەنگەرانی لە چیای بەنەباوی بەشداری شەڕێكی گەورەو سەختیان كرد كە ڕژێم هێرشێكی توندی كردبووە سەر ناوچەكەو لەو بەرگریو شەڕەدا پێشمەرگەكانی ئیسلام ڕۆڵی جوامێرانەیان بینی لەبەرگری لە خاكی نیشتمانو گەلی كورد.

هەر لە میانی جموجوڵو چالاكیەكانیدا كاك مەلا عومەر لە مانگی ١٩٨٧/١٠دا ماوەیەك چووە سنووری هیران بۆ سەنگەرگرتن لە دوژمنو هێرشو پەلامارەكانی. هەر لەم ماوەیەدا بەشداری چەند جەولەیەكی تری كرد، كە تیایاندا ڕووبەڕووی زۆر مەترسی دەبوونەوە، هەروەها چەندان جار بە مەفرەزە لەگەڵ هاوسەنگەرانیدا

دادەبەزینە دەشتی کۆیەو جادەی گشتیو هەولێرو بیتوێنو خۆشناوەتی، لەسەر رێگا گشتییەکان بۆسەیان بۆ هێزەکانی رژێمو بەکرێگیراوەکانیان دەنایەوەو لە دەمی راگرتنی ئۆتۆمبیلەکانیشدا قسەو ئامۆژگارییان ئاراستەی خەڵكو هاوڵاتیان دەکردو خۆیانو پەیامو بەرنامەی کاریان پێدەناساندنو هانیان دەدان لەسەر بەگژداچوونەوەی رژێمی بەعسی کافرو رەفزکردنی سیاسەتە شوومەکانیو دەستگرتن بە ئیسلامو قورئانی پیرۆزەوەو بەرپاکردنی شۆڕشو راپەڕین لە ژێر ئالای (لا إله إلا الله ـ محمد رسول الله)دا.

کاك مەلا عومەر لە چوارچێوەی کارو چالاکیەکانیدا هاتوچۆی لە نێوان بارەگاکانی سماقوڵیو مەلەکانو بالیسانو شوێنەکانی تردا دەکردو لە چیاکانی پانەسەرو کەپرانو مۆتەو بەنەباوی... سەنگەری لە رژێم دەگرت.

کاك مەلا عومەرو هاورێکانی لەو چالاکیو مەفرەزەو جموجوڵانەدا زۆرجار رووبەرووی حاڵەتی زۆر مەترسیدارو دژوار دەبوونەوە، بۆ نموونە لە مانگی چواری ١٩٨٨ لەسەر جادەی گۆمەتاڵی دەشتی کۆیە ، لە یەکێك لە کەمینەکاندا لەناکاو شەش هێلیکۆپتەری جەنگی رژێم دەکەونە موشەکبارانیان، کە دوای چەند سەعاتێك لە شەڕ رزگاریان دەبێت.

هەروەها لە رەمەزانی ١٩٨٨ لە کاتی گەڕانەوەیان لە حوجران لە نزیك گوندی (خۆران) لەلایەن دوو کۆپتەرەوە رۆکێتباران دەکرێنو ئەو تراکتۆرەی بۆ گواستنەوە بەکاریان هێنابوو دەپێکرێو دەسووتێو خۆیان رزگاریان دەبێت.

کاك مەلا عومەری پێشمەرگەو فەرماندە بەم شێوەیە لە مەیدانی کارو جیهادی ئیسلامییدا هەڵدەسوڕاو تێدەکۆشا، کاتێکیش رژێمی بەعسی درندە لە ١٩٨٨/٨/٢٥دا هێرشێکی سەختو فراوانی دەستپێکرد بە مەبەستی داگیرکردنەوەی ناوچە رزگارکراوەکان، کاك مەلا عومەر لەگەڵ هاوسەنگەرانیدا کەوتە بەرگریو دواتر لەسەر بڕیاری سەرکردایەتیو وەك پێشمەرگەی گشت لایەنەکان بەپێی بەرنامەیەكو پێ بەپێ کەوتنە کشانەوەو گۆڕینی بەرنامەی شەڕو رووبەڕووبوونەوەو شوێنو سەنگەر، سەرەتا لە دۆڵی سماقوڵییەوە بۆ دۆڵی مەلەکانو دوای مانەوەیان بۆ ماوەیەك لەوێ لە شێوەی مەفرەزەی پارتیزانی مانەوەو دواجار لە کۆتایی مانگی



١٩٨٨/٩ لەگەڵ مەفرەزەیەکدا بە دۆڵی ئاکۆیاندا دادەبەزنە رانیەو رێکخستنەکانی ئەو سنوورە مەردانە مشوری حەوانەوەو دامەزراندنیان دەخۆن.
تا لە مانگی ١٩٨٨/١٠ لەگەڵ (٢٠) پێشمەرگەی تری هێزی شافیعیدا کە ئەوانیش کەوتبوونە ئەو سنوورە ، لەلایەن رێکخستنەکانی سنوورەکەوە رێنومایی دەکرێن‌و دەگەیەنرێنەوە سنووری سونێ‌و لەوێشەوە بە دۆڵی قاسمەڕەشدا دەچنە بارەگای گەسك گەسکی سەر سنوور.
کاك مەلا عومەر لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا دەکرێتە ئەندامی هێزی شافیعی، کاتێکیش لە مانگی ١٩٨٩/٦دا هێزەکەیان بارەگایەك دەباتە پووشکاواو گۆڕەشێری نێوان سونێ‌و نۆکان، کاك مەلا عومەر لەگەڵ ئەو بەشەی هێزەکەیاندا لەو ناوچەیە درێژە بە خەبات‌و کاری پێشمەرگایەتی دەدات‌و وەك کەسێکی دڵسۆزو بە مشوور کاروبارەکان هەڵدەسووڕێنێ، هەر لەم سنوورەشەوە چەند جارێك بە مەفرەزەی تایبەت‌و لەگەڵ دەستەیەك لە هاوسەنگەرانیدا دادەبەزێتە شارەکانی رانیەو هەولێر، بۆ نموونە مانگی ١٩٨٩/٧ لەگەڵ (٦) هاوەڵیدا دادەبەزێ‌و دوای چوونیان بۆ رانیەو هەولێر لە مانگی (٨)دا دەگەڕێنەوە بارەگاکانیان.

کاك مەلا عومەر بەهۆی چوستو چالاکیو هەڵسوڕاوییەوە بە تەواوی دەبێتە جێی متمانەی هێزو هاوسەنگەرانی ، هەر بۆیە لە مانگی ١٩٨٩/٨ دەکرێتە جێگری هێز.

مانگی ١٩٩٠/٤ جارێکی تر لەگەڵ مەفرەزەیەکدا دادەبەزێتە هەولێرو دوای چەند رۆژێكو ئەنجامدانی کارەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ بارەگاکانیان.

هەر لە ساڵی ١٩٩٠دا بەشداری کۆنگرەی پێنجەمی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکات دەکات کە لە دزڵی بەسترا.

کاك مەلا عومەر ساڵی ١٩٩٠یش چەند جارێکی تر لەگەڵ مەفرەزەی تایبەتد دادەبەزێتە هەولێر، وەکو مانگی ١٩٩٠/١٠و مانگی ١٢ی هەمان ساڵ، لە دابەزینانەدا وێڕای راپەڕاندنی چەند کاروبارێکی سەربازی پەیامو رێنوماییەکانی رێکخستنی دەگەیاندە ئەندامانی ناوخۆ، چونکە ئەو لە مانگی (١٩٩٠/٦)ەوە وەك سەرپەرشتیاری رێکخستنەکانی هەولێر دیاریکرابوو.

هەر بۆیە کاك مەلا عومەر لەسەفەری دواین جاریدا کە لە مانگی ١٩٩٠/١٢ بوو تا راپەڕین بە نهێنیو پارتیزانی لە هەولێرو دەوروبەری لەگەڵ مەفرەزەیەکدا مایەوەو کەوتنە خۆئامادەکردنو پێکهێنانی شانەی چەکداری بۆ راپەڕین، هەروەها هەمیشە لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ هێزو لە کاردابوو بۆ رێکخستنی کاروبارەکان.

کاتێکیش لە ١٩٩١/٣/١١ راپەڕین شاری هەولێری دێرینیشی گرتەوە، کاك مەلا عومەر خۆیو رێکخستنو شانە چەکدارەکانی رۆڵی کاریگەریان بینی لە پاڵ رۆڵی جەماوەرو لایەنەکانی تردا.

لە ١٩٩١/٣/١٧دا کاك مەلا عومەر لەبەر لێهاتوویی کرایە بەرپرسی عەسکەری مەڵبەندی هەولێر، ئیتر بە بەرپرسیاریەتێکی گەورەترەوە کەوتە ناو کاروبارەکانەوە، چونکە هێشتا کەرکووك ئازاد نەکرابوو و بارودۆخەکەش لەوپەڕی ناسکیدا بوو، بۆیە لە رزگارکردنی کەرکوکیشدا رۆڵی خۆی بینیو دواتریش کە رژێمی بەعس دژە هێرشی دەستپێکردەوەو گەلی کورد تووشی کۆڕەو هات، پێشمەرگەکانی ئیسلام لە بەرەنگاربوونەوەی دژە هێرشی رژێمدا رۆڵی گرنگو کاریگەریان گێڕاو کاك مەلا عومەر یەکێك لەو فەرماندە قارەمانانە بوو کە مەردانە رووبەڕووی بەعسیەکان بووەوەو بە رۆڵی خۆی هەستا، لە بەرگریەکانی هەولێرو مەلا ئۆمەرو مەصیف سەلاحەدین سەنگەری لە بەعسیەکان گرتو لە سەنگەری بەرگریدا بوو.

لە شەڕی (یەکەمی کۆڕێ)شدا لە ٤/٨ بەشدارییەکی بەرچاوی هەبوو، بەتایبەتی لە شەڕی ٤/١١ی دەربەندی کۆڕێدا کە بوو بە داستانێکی گەورە، ڕۆڵێکی زۆر قارەمانانەی گێڕا کە خۆیو چەند مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی ئیسلام لەو داستانە مێژووییەدا بەشداریان کردو تیایدا رژێمی بەعس تێکشکێنراو چەندان دەبابەو ناقیلە سووتێنرانو دەیان سەربازی رژێم کوژرانو بریندارکرانو راستەوخۆش دوای ئەو شکستەی رژێمو سەرکەوتنەی هێزی پێشمەرگەو جەماوەر دانوستانی نێوان رژێمو بەرەی کوردستانی هاتە ئاراوە.

کاك مەلا عومەری فەرماندەی قارەمانو پێشمەرگەی گیانفیدای ئایینو گەلو نیشتمان ، دوای ئەم هەموو خەباتە پیرۆزو تێکۆشانە بێ وچانە هەر لە داستانی کۆڕێو لە رۆژی ١٩٩١/٤/١١دا دوای شەڕێکی قارەمانانەو لەگەڵ کاکە (شێروان)دا بە پلەی بەرزی شەهیدی گەیشتو ئەم دوو قارەمانەی ئیسلام ، بە خوێنی گەشو ئاڵیان سەرکەوتنیان نەخشاندو بوونە مەدالیای شانازی بەرۆکی کاروانی رابوونی ئیسلامییو خاکی کوردستان، پاشان تەرمی پاکی کاك مەلا عومەری فەرماندەو کاکە شێروانیش لە گۆڕستانی شەقلاوە بەخاك سپێردران.

شەهید بێستونیش بەم پارچە هۆنراوەیە سۆزی خۆی بۆ شەهیدی فەرماندە کاك (مەلا عومەری هەولێری) دەربڕیوە کە دوای شەهیدبوونی ئەو فەرماندە دلێرە نووسیویەتی:

تۆ ئەی هەڵۆکەی نێچیرگر
بۆچی بە تەنیا جێماوی
بۆ بێدەنگو بێ هەڵمەتی
بۆ وا خەڵتانی خوێناوی !

***

ئەی نەڕەشێری هەڵمەتبەر
کوا نەڕەی دوژمن تۆقێنت
بۆ لە بێشە راناپەڕی
بۆچی وا ماتو شێواوی !؟

***

ناشێ تیری ستەمکاران
سینەی پاکی هەڵدڕیبێ

دڵت لە لێدان کەوتبێ
وا سیس‌و سپی هەڵگەڕاوی

****

دیارە بە کاروان گەیشتی
نەتهێشت کاروان رابووەستێ
گیانی خۆت بەخشی بە یەزدان
هەتا هەر بەرزبێ ناوی

****

هەوڵتدا بەرنامەی پاکی
ئیسلامەتی بچەسپێنی
شادی بۆ خەڵك وەرگێڕی
لەگەڵ عەقیدەی فەوتاوی

****

سینگت کردبوو بە قەڵغان
لەپێناوی موسڵمانان
هەموو کات رووبەڕووی مەرگ
چاوت بڕیبووە ناوچاوی

****

تاڵی‌و سوێریت گەلێ چەشت‌و
شەوڕەوی رێگاش هەر هەمان
بەڵێنێ بوو کە خۆت دابووت
هەتا لە دونیادا ماوی

****

ئاواتی بەرزی گشت کاتت
تەنها شەهیدی رێی خوا بوو
پیرۆزت بێ پایەی شەهید
بەهەشت‌و حەوزو کانیاوی

****

ئیسلام هەر سەربەرز دەبێت
تا رۆڵەی وەکو تۆی مابێ
لە سەنگەر سینە بکاتە
قەڵغانی تیری ژەهراوی

❊ ❊ ❊

کاکە عومەر ئەی پڵنگی
بازوو بەخوێنی زۆرداران
تۆ نەمردووی هەردەم زیندووی
بەڵێنی خوایە تۆ ماوی

# شەهید: مەحمود فازیل عەبدوڵا

## ناسراو بە: شەیدا



ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی (سپێرۆ)ی ناوچەی مەنگوڕایەتی پشدەر هاتووەتە دنیاوە، ژیانی منداڵی لە چوارقوڕنە بەسەر بردووەو هەر لەوێش دەنێردرێتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (ئالان)و ناوەندییشی لە ناوەندی (چوارقوڕنە)ی تێکەڵاو تەواودەکاتو دواتر لە دواناوەندی (چوارقوڕنە) درێژە بە خوێندن دەداتو تا پۆلی شەشەمی زانستی دەخوێنێ.

لە ڕێی شەهید مامۆستا ئەحمەد سینەمۆکییەوە ، سەرەتای ژیانی ئیسلامیانەی دەستپێدەکاتو لە ساڵی (١٩٨٧)ەوە دێتە ڕیزی ڕێکخستنەوەو لە زنجیرەی ڕێکخستندا بە شەهید مامۆستا ئەحمەد سینەمۆکیو شەهید (ڕەسوڵ خدر ڕەسوڵ)ەوە پەیوەست دەبێت.

لە پاڵ کاری ئیسلامییدا لەگەڵ قورئانی پیرۆزو خۆ رۆشنبیرکردندا خەریک دەبێو لە بوارەکانی کارەبایيو میکانیکییشدا شارەزایی پەیدا دەکاتو کەسێکی کراوەو خزم دۆست دەبێتو حەز بە تێکەڵاوی خەڵكو سەردانی هاوڕێکانی دەکات.

لە ١٩٩٠/١٠/٥دا خێزان پێکەوە دەنێتو دەچێنە ناو قۆناغێکی نوێی ژیانەوە.

شەهید فازیل مەحمود تا دەهات وریاو بە زیپكو ئازاترو دڵ پڕ لەقین تر دەبوو لە بەرامبەر ڕژێمی بەعسدا، دەستگەرمانەتر لەناو ڕێکخستنەکاندا هەڵدەسوڕا.

شەهید مەحمودی ناسراو بە (شەیدا)و شەیدای ئازادیو سەرفرازی، لە ژیانیدا دوو جار لەلایەن بەعسیەکانەوە تووشی گرتن هاتووە، جاری یەکەمیان لە ئەمنی ڕانیە ماوەی هەفتەیەك دەگیرێتو پاشان ئازاد دەکرێت، بەڵام جاری دووەمیان کە لە ١٩٩١/١/٨دا دەبێت لە چوارقوڕنە لەگەڵ کۆمەڵێك ئەندامی ڕێکخستنی تردا لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعسی ملهوڕەوە دەگیرێتو دوای مەنزومەی شیمالی هەولێر ، ڕەوانەی ئەمنی بەغدا دەکرێو ماوەیەکیش دەگوازرێتەوە بۆ کەرکوكو دووچاری سزای جۆراوجۆر دەبێتەوەو سەرەنجام لەسەر هەڵوێستی مەردانەو تەنازول نەکردنو سووربوونی لەسەر ڕێبازو بیروباوەڕەکەی لەلایەن ڕژێمەوە شەهیددەکرێو خانەوادە بەڕێزەکەی تەنها هەواڵی شەهیدبوونی دەبیستنەوەو تەرمەکەشی دوور لە زێدو نیشتمانو کەسوکاری بێ گڵکۆو بە نەزانراوی دەمێنێتەوە.

شەهید مەحمود فازیل بەم شێوەیە مێژوویەك لەسەروەریو کۆڵنەدانو سووربوون لەسەر خواناسيو مافی ڕەوای میللەتەکەی بە مەرەکەبی ورەو ئیمانو ئیرادەی پۆڵایین

لە زیندانەکانی رژێمو لە بەرامبەر گوللەی ژەنگاوی بەعسیە دۆڕاوەکاندا بۆ مێژوو و کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانو خانەوادەو خزمو کەسوکاری دەنووسێتەوە.

ئەمەش نموونەی نامەیەکیەتی کە بەر لە شەهیدبوونی بۆ ماڵەوەی ناردۆتەوە:

بە ناوی خوای گەورە

باوکی بەڕێزم ـ دایکی پڕسۆزم، سڵاوێك بە قەد سۆزی ئێوە بە خرۆش لە ئێوەی هێژاو بەڕێزو دلۆڤان، بابەگیان ـ دایەگیان ، داواکارم کە گەردنم ئازاد بکەنو ببەخشنو لە هەر هەڵەیەك کە لە ژیاندا بەرامبەر بە ئێوە بوومە لێم ببورن.

داوام لە ئێوە ئەی دایكو باوکی خۆشەویستم ئەوەیە ، کە بە هیچ شێوەیەك ناشکور نەبنو لە کاری خێر بێزار نەبن، بەڵکو بە پێچەوانەوە شوکرانەبژێر بن و بچنە ژێر باڵی رەحمەتو بەزەیی خوداوەو خۆتان تەسلیمی خودا بکەنو بڵێن چی خودا بیکا هەر ئەو چاکە، زۆر زۆر سوپاس بۆ خوا لەسەر هەموو شتێو لەسەر هەموو حاڵێ، دووبارە نابێ ناشوکربنو نەبەدڵو نە بە قسەو نە بە کردەوە، بۆ ئەوەی خوای گەورە لێمان نەڕەنجێو لێمان زویر نەبێتو دوعای خێریشم زۆر زۆر بۆ بکەن، چونکە دوعای دایكو باوك بۆ رۆڵەکانیان لای خوا قبوڵە، ئیتر زۆر زۆر سڵاوتان لێئەکەمو دەستەکانتان ماچ دەکەم.

سڵاو و رێزم هەیە بۆ موحەممەدو شەماڵو ئامینەو ئاکۆو نەزیرەو سیروان ، چاوەکانیان ماچ دەکەم، وە چاوی مەریوانو نەسرینو دڵپاك ماچ دەکەم، ... چاوی شیرین ماچ دەکەم.

زۆر سەلامم هەیە بۆ ماڵی خاڵۆکانم ، حەسەنو ئەحمەدو موحەممەدو حسێنو مامە، ئەحواڵیان ئەپرسم..

سەلامم هەیە بۆ ماڵی مامەکانم ، خەلیلو نوریو عزالدینو عادلو حەسەنو حسێنو ئەحواڵیان دەپرسمو سەلامم هەیە بۆ منداڵەکانیان...

سڵاوم هەیە بۆ ئامۆژنە ئامینو نەوشیروانو ئەحواڵی خۆشیان بۆ دەخوازم...

پیرۆزبایی لە گوڵزار ئەکەم..

سڵاوم هەیە بۆ ماڵی مەلاو عەلیو عەباسو ئەحواڵی ماڵەوەیان دەپرسم.

سەلامم هەیە بۆ ماڵی حاجی وسو و ماڵی ئەحمەدو هەواڵیان دەپرسم...

سەلامم هەیە بۆ موحەممەدی فەقێ وسو ئەحواڵی ئەپرسم، سڵاوم هەیە بۆ منداڵەکانیو دایکی...


ئیتر خۆشیو شادی ئاواتمە...

باوکە گیان...

زۆر بە پەرۆشم بۆ دایکم حەزدەکەم ئەمجارە لەگەڵ خۆت بێت بۆ مواجەهەمو (شیرین)یش لەگەڵ خۆتان بهێننو چاوم پێتان شادبێتو تۆزێ خەمەکانم بڕەوێتەوە...

بەس ئەبێ هەرچۆنێك بووە بە هەر شێوەیەك بێ لەگەڵ خۆت دایکمو شیرین لەگەڵ خۆت بهێنی...

زۆر سڵاوم هەیە بۆ دەروێش ئەحمەدو خێزانەکەیو ئەحواڵیان ئەپرسم..



ئیتر خۆشیتان

کوڕی خۆتان

مەحمود فازیل

تێبینی: ئەم نامەیە لە ساڵی ١٩٩٢دا ناردوویەتی بۆ ماڵەوە کە ئەوکاتە لە کەرکوك بوون.

# شەهید: موحەممەد رەسول موحەممەد عەبدوڵڵا

## ناسراو بە: دکتۆر موحەممەد




ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی (پشت ئاشان)ی دامێنی چیای سەرکەشی قەندیلی سەر بە شارۆچکەی سەرنگەسەر لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەری سەر بە عەشیرەتی ئاکۆ چاوی بە ژیانو ژانو ئاسۆرەکانی میللەتەکەی هەڵێناوە، ژیانی منداڵی لە گوندەکەیان بەسەردەباتو هەر لەوێ دەنێردرێتە بەر خوێندنو لە قوتابخانەی سەرەتایی گوندەکەیان قۆناغی سەرەتایی دەخوێنیێو پاشان لە ناوەندی سەنگەسەر درێژە بە خوێندن دەداتو کاتێکیش بە هۆی راگواستنی گوندەکەیان لەلایەن رژێمەوە ماڵیان لە چوارقورنە دەگیرسێتەوە، لە دواناوەندی رانیەی کوڕان سەرقاڵی خوێندن دەبێتو دواجار پەیمانگای تەندروستی سلێمانی تەواو دەکاتو ماوەیەك وەك یاریدەدەری پزیشکی لە نەخۆشخانەی موسڵو پاشان چوارقورنە خزمەت دەکات.
ماوەی دوو ساڵیش دووچاری خزمەتی سەربازی دەبێتەوە، جگە لەمانەش سەروکاری لەگەڵ خۆشنووسیو سەرتاشیو کرێکاریو فەلاحیدا هەبووە، پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵکیدا بەهێز بووەو بە هۆی نزیکی لە شەهید مامۆستا مەلا ئەحمەدی سینەمۆکیو کاریگەریی مامۆستا عەلی باپیر ، خۆشەویستیی کاری ئیسلامیی لە دڵدا چەسپیوەو شارەزایی لە هەندێك زانستی شەرعیدا پەیداکردووە، شەهید دکتۆر موحەممەد هەر لە سەرەتاوە خاوەنی هەستی شۆڕشگێڕی بووەو ماوەی دوو ساڵ لە ریزی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا کاری کردووە، دواتر نووری هیدایەتی خوایی بە تەواوی ئاراستەی ژیانی گۆڕیوەو هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە پەیوەندی بە رێکخستنەکانی پەیوەندی ئیسلامییەوە کردووەو لە رێنورێنی لاواندا بۆ راستە شەقامی ئیسلامو فێربوونی قورئانی پیرۆز هەڵسوڕاوەو هەمیشە بە ئومێدو گەشبینییەوە لە ئایندەی کاری ئیسلامییو ئازادی میللەتەکەی روانیوە، بۆیە تا دەهات گەرمو گوڕتر دەبوو لە کاری ئیسلامیدا، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی سێ جار لەلایەن رژێمەوە لە هەرکام لە موسڵو بەغداو کەرکوك بگیرێتو هەر بە هۆی ئەشکەنجەدانیشەوە گوێچکەی راستی لەدەست دەدات، تا سەرەنجام لە رۆژی ١٩٩١/١/٨و تەنها بە دوو مانگ بەر لە راپەڕین لە چوارقورنە لەگەڵ چەند هاورێیەکیدا لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعسەوە دەستگیر دەکرێو بۆ چەند زیندانێکی شوومی ئەو رژێمە دەگوازرێتەوەو بە هۆی سووربوونی لەسەر رێبازو بیروباوەڕەکەیو ملنەدانی بۆ هەڕەشەو سزاو ئەشکەنجەدانی جەللادەکانی بەعسی

خوێنخۆر شەهید دەکرێتو تەرمە پاکەکەیو گلکۆی وەك هاوڕێکانی بێ سۆراغ دەمێنێتەوە.

شەهید دکتۆر موحەممەد لە ساڵی ۱۹۸۰دا ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو دوای خۆی دوو کوڕی بە ناوەکانی (ئاوات و کامەران) وەك ئاواتی کامەرانی دونیاو دوارۆژ بە دیاریو یادگاری بەجێهێشتوون.

ئەمەش نامەیەکە کە بەر لە شەهیدبوونیو لە زیندانەوە دکتۆر موحەممەدی شەهید بۆ خێزانی ناردۆتەوە:



بەڕێزو خۆشەویستم بینایی دیدەم تەنیا هاوسەرو گوڵی بەهاری ژینم، خەم ڕەوێنو شادیهێنەرم، دایکی کامەران گیان، جوانترین سڵاوت ئاڕاستە دەکەم، داوام لە خوای بەخشندە ئەوەیە سەربەرزو سەرفرازی هەردوو جیهان بیت... زۆر سوپاسی هەستی بەرزت دەکەم کە سەرت لێدام، خوا پایەدارت کا... ئازیزەکەم ڕۆژگار گەلێ شاسوارو لاوچاکی لە من ئازاترو تێگەیشتووتری بە سەیرو سەمەرەیی دا بە زەویدا، زۆر بە داخەوە کە ژیانی تۆیشم تاڵ کرد، بەڵام ئومێدم وایە بە ویستی یەزدانی دلۆڤان

ئەمجارەش بۆ یەکجاری بە یەکتر شادببینەوەو جوداییroومان تێنەکا لە جیهاندا، دوای مردنیش لە بەهەشتی پانو بەریندا بە یەکەوە بژین. خۆشەویستەکەم دیاریم ئەو جزدانەیە کە بۆم دروستکردووی، چی دیکەم لە دەستنایە، تکایە ئەمجارە کلۆزێک پاکەتم بۆ بێنە لەگەڵ خواردن کە زۆرمان برسییە، وە تاعین.


هەرکەسێك هەواڵم بپرسێ سلاوو ڕێزم بۆی هەیە، لە جیاتی من پرسەی ماڵی فات چاوشینێ بکە خوا لە هەموویان خۆش بێ، خوا سێبوری دڵیان بدات، بەتایبەت بەم کارەساتەی کچەکەیان کە پێی مرد، پرسەی هەرسێکیان بکە لەگەڵ حاجی نەبی... چاوی کامەران، ئاوات، مەهدی، نیعمەت، ئەیوب، یوسف، ماچ دەکەم، دەسی دایکم ماچ دەکەم، ئەگەر کرا جارێك منداڵەکان بێنە توخوا زۆر وریایان بە، پێیان بخوێنە... نازانم لەگەڵ نەخۆشی لە چ دای، لە بیرم نەبوو لێت بپرسم، ئیتر جارێکی دیکە لەبیرمە دەگوت: "ڕۆژێك دادێ نانە ڕەقەشت دەستناکەوێ"، بەڵێ ئەمە هاتەدی.

**ئیتر خۆشیت ئاواتمە**

**خۆشەویستو هاوسەرت**

**باوکی کامەران**

# شەهید: عەبدوڵڵا خزر حەمەد



ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی (قرناقە) ی دامێنی چیای قەندیلی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەر چاوی بە ژیانو دیمەنە دلڕفێنەکانی کوردستان هەڵێناوە.
سەرەتای ژیانی منداڵیی لە ئامێزی گوندە دڵگیرەکەیاندا بە سەردەبات و پاشان بە هۆی راگوێزانی گوندەکەیان لە ساڵی ١٩٧٨دا لە لایەن رژێمی بەعسی خوێنڕێژەوە بنەماڵەکەیان لە شارۆچکەی چوارقورنە دەگیرسێتەوەو لەوێ دەنێرێتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی کارۆخی سەرەتاییو ناوەندیش لە ناوەندی چوارقورنە بە کۆتایی دەگەیەنێو بۆ قۆناغی دواناوەندیش دەچێتە دواناوەندی چوارقورنە.
شەهید عەبدوڵڵا لە ساڵی ١٩٨٨ەوە پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو وەك کادرێکی بە زیپكو ئازای رێکخستن ئەرکەکانی رادەپەڕێنێو لەپاڵ ئەوەشدا لەگەڵ خانەوادەکەیان بە کارو کاسبیو کشتوکاڵەوە خەریك دەبێتو بە هیوایەکی زۆرەوە لە ئاسۆی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانو سیمای پێشمەرگەکانی ئیسلام دەڕوانێو بە ئاواتی ئازادی گەلەکەیەوە تێدەکۆشێ، تا سەرەنجام ئەم لاوە خوێن گەرمو دڵ پڕ لە هیواو باوەڕە لە ئاکامی جموجوڵو کارو چالاکیەکانیەوە لە ١٩٩١/١/٨ لەگەڵ برایان (عەبدوڵڵا کاکە مەلا رسول، موحەممەد رەسول موحەممەد، مەحمود فازیل عەبدوڵڵا، عەلی مەحمود خدر) لە چوارقورنە لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعسەوە لە ماڵی خۆیدا دەگیرێو رەوانەی زیندانەکانی خواروی عێراق دەکرێت.
شەهید (عەبدوڵڵا خزر حەمەد)یش وەك هاوڕێکانی دەبێتە نێچیری کونجی زیندانە تاریکەکانی بەعسو سزاو جەزرەبەی بێ رەحمانەی جەللادەکانی، بەڵام شەهیدی ئازیزو خاوەن ورەو باوەڕ وەك هاوڕێیانی لە بەرامبەر ئەشکەنجەو هەڕەشەو گوڕەشەی جەللادەکاندا وەك چیا رادەوەستێو تەسلیمی ئیرادەی شەڕانگێزانەو ناهەقی ئەو خوێنخۆرانە نابێت.
سەرەنجام ئەویش دەکەوێتە بەر رقی شێتانەی دوژمنانی ئازادیو مرۆڤایەتیو بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو تەرمە پاکەکەشی بێ سۆراغو گلکۆ دەمێنێتەوەو هیواو خولیاکانی بە رێبوارانی کاروانی رابوونی ئیسلامیی و دڵسۆزانی میللەتەکەی دەسپێرێ.



# شەهید: عەلی مەحمود خدر رەسول



ساڵی ١٩٦٨ لە چوارقوڕنە لە ئامێزی خانەوادەیەکی ئایینپەروەریی سەر بە عەشیرەتی مەلازادە هاتۆتە دونیاوەو ژیانی منداڵیشی هەر لەوێ بەسەر بردووە، هەر لە چوارقوڕنە نێردراوەتە بەر خوێندنو سەرجەم قۆناغەکانی سەرەتاییو ناوەندییو دواناوەندیی لەو شارۆچکەیە تەواوکردووە، دواتر لە پەیمانگای (تمریض) لە سلێمانی وەرگیراوەو بەسەرکەوتوویی بڕیویەتیو دوای ئەوە لە نەخۆشخانە دامەزراوەو بە پێی توانا خزمەتی هاوڵاتیانی کردووە، لە لایەکی ترەوە کاکە عەلی مەحمود بە مەبەستی شارەزایی پەیداکردن لە ئایینەکەی لای مامۆستا مەلا عومەری خدران دەخوێنێ.
ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو دەچێتە ریزی رێکخستنەکانەوەو دەبێتە ئەڵقەیەکی نوورانی لە کاری رێکخراوەیی کاروانی ئیسلامخوازانی کوردستان لە دەڤەرەکەداو بە دەستەیەك هاوڕێی دیکەیەوە پەیوەست دەبێ.
ئەو شەپۆلە بێدارییە ئیسلامییەی ئەو سەردەمە کە لەسەر دەستی کۆمەڵێك مامۆستای تێکۆشەرو لاوی روناکبیر وەك مانگی چواردە لە ناوچەکەدا شەوقی دەدایەوە، رۆژ بۆ رۆژ چاکتر لە دڵی لاواندا جێگای خۆی دەکردەوەو بە تامەزرۆییو لەخۆبردووییەوە لە دەوری دەئاڵانو زۆرتر متمانەی ئەوەیان پێدەکرد کە ئەمە هەنگاوی گەڕانەوە سەر خۆو تروسکایی ئومێدی ئایندەو سەرفرازیی راستەقینەی دونیاو دوارۆژی تاكو کۆمەڵی کوردەوارییە، بۆیە سەرباری هەموو ئەو رقو داخ لەدڵییەی بەعسیەکان لە کاری ئیسلامیو ئیسلامخوازان هەیانبوو، ئەوان هەمیشە لە گوڕتربوونو بەرەو پێشەوە دەچوون.
کاك عەلی مەحمود وەك یەکێك لەو لاوە رۆشنبیرە ئیسلامخوازانە زۆر بە دڵسۆزییەوە هەڵدەسوڕاو تێدەکۆشا، تا لە رۆژی ١٩٩١/١/٨دا لەگەڵ چوار هاوڕێی تریدا کە (عەبدوڵڵا کاکە مەلا، موحەممەد رەسوڵ موحەممەد، مەحمود فازڵ عەبدوڵڵا، عەبدوڵڵا خزر حەمەد) بوون کەوتە کەمەندی دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعسی خوێنخۆرەوەو دەستگیرکرا، پاشان پێ بە پێو بە سزاو ئەشکەنجەدانەوە رەوانەی زیندانی شوومی (ئەبوغرێب) کرا، دوای ئەوەی ئامادەی هیچ جۆرە تەنازولێك نابێت لە بەرامبەر هەڕەشەو گوڕەشەو سزاو تەعزیبی جەللادەکانی بەعسداو لێی تەمابڕاو دەبن، ئەبو غرێب دەبێتە دوا وێستگەی ماڵئاواییو لەوێ شەهیدی دەکەنو تا ئێستاش

گڵکۆکەی نادیارەو بەم پێیە کاکە عەلیو هاوەڵە خۆڕاگرەکانی بوونە مەدالیای شانازیی بۆ رابوونی ئیسلامی کوردستانو نەتەوەکەیانو خانەوادە سەربەرزەکانیان.

کاکە عەلی مەحمود لە ساڵی ١٩٨٩ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی دوو کچی بە ناوەکانی (فریشتە، سومەییە) بە دیاریو یادگاریی بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێهێشتوون.

# شەهید: عیماد فەریق عەبدولحەمید کەریم



ساڵی ١٩٧٧ لە بەغدا لە بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی (دلۆی) لەدایك بووە، ژیانی منداڵیی لە شاری کفری بەسەر بردووە، لە قوتابخانەکانی (مکارم) سیروانی ئێستا قۆناغی سەرەتاییو لە ناوەندی (مکاسب)یش تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندوویەتی.

هەر لە پۆلی یەکەمی ناوەندیەوەو لە ساڵی ١٩٩٠ وەك رۆڵەیەکی ئایینپەروەر لەناو بنەماڵەو هاورێکانیدا دەرکەوتووەو حەزیشی بە هاوکاریو تێکەڵاوی ناو خەڵكو کۆمەڵگا دەکرد، زۆریش تامەزرۆی شەهیدی بوو، پێش شەهیدبوونی بە چەند ساتێکی کەم خواحافیزی لە هاورێکانی مزگەوت کردووەو هەمیشە بۆ خواحافیزی ژیانی کورتی دونیایی لە ئامادەباشیدا بووەو هاورێو دۆستانیشی لە حەقیقەتی ژیانی دونیاو سەفەری قیامەتو ژیانی هەمیشەیی ئاگادار کردوونەتەوە، کاکە عیماد کە پێشمەرگەی تیپی (موصعەبی کوری عومەیر) بوو لە ساڵی ١٩٩٢ لە کفری شەهید دەبێتو ماڵئاوایی لە ژیانی دونیاو خزمو هاوسەنگەرانی دەکات، تەرمە پاکەکەشی لە گۆرستانی باوە شاسوار لە کفری بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: مەحمود موحەممەد صۆفی عەلی



ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی (سەرگەڵوو)ی سەر بە ناحیەی سورداش هاتۆتە دونیاوە، تەمەنی منداڵیی هەر لەوێ گوزەراندووە، لەبەر ئەوەی لە تەمەنی شەش مانگیدا دەبێت کە باوکی کۆچی دوایی دەکات، هەر لە زووەوە خەریکی کارو کاسبی دەبێو بەم هۆیەشەوە ناتوانێت بچێتە خوێندن.

ساڵی ١٩٥٥ بۆ سەربازی داوادەکرێو تا ساڵی ١٩٥٩ بەردەوام دەبێو پاشان لە تەجنیدی کەرکوك کۆتایی بەسەربازییەکەی دێ.

ساڵی ١٩٧٠ خێزان پێکەوە دەنێو تا ساڵی ١٩٨٠ لە سەرگەڵوو دەمێنێتەوەو بە کارو پیشەی لادێوە خەریك دەبێ. ساڵی ١٩٨١ بە خێزانەوە روودەکاتە کەرکوكو لە هەمان ساڵدا بە پیشەی ئاسنگەریو شیشە بەست لە سایلۆکانی موصڵ دادەمەزرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی نابێتە بەعسی لە ساڵی ١٩٨٦ دەری دەکەن، بۆیە خێزانەکەی جێدێڵێو روودەکاتەوە سەرگەڵوو.

لە ساڵی ١٩٨٧دا پەیوەندی بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشووەوە دەکات.

ساڵی ١٩٨٨ بە چەکی کیمیایی بریندار دەبێو دوای کەمێك باشبوونی دەچێتەوە ناو ماڵو منداڵەکانیو لە ١٩٨٨/١٢/١٢دا حکومەتی بەعس ماڵەکەی لە کەرکوك دەردەکاتو دەگەڕێتەوە سلێمانیو لەوێ درێژە بە ژیان دەدات.

لە راپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا بەشداری دەکاتو رۆڵی خۆی لە راماڵینی بەعسیەکاندا دەبینێ، سەرەنجام کاك مەحمود موحەمەد صۆفی لە ساڵی ١٩٩٢ بەهۆی کاریگەری برینداربوونەکەی بە چەکی کیمیاییەوە دەگاتە کاروانی شەهیدان.

# شەهید: عادل حەمەشین عەبدولکەریم ئەفەندی

## ناسراو بە: سەلاحەدین



ساڵی ١٩٧٥ لە گوندی (گەزەڵان)ی ناوچەی شوان هاتۆتە دونیاوەو ژیانی منداڵیشی هەر لەوێ بەسەربردووە، دوای راگواستنی گوندەکەیان لەلایەن رژێمی بەعسەوە لە کۆمەڵگای زۆرەملێی تەکیە نیشتەجێ دەکرێن، ئەمجار لە قوتابخانەی (تەکیەی کاکەمەندی سەرەتایی) نراوەتە بەر خوێندنو دواتر قۆناغی ناوەندیشی لە ناوەندی سەرکەوتن بەسەرکەوتوویی بڕیوەو دواجار ئامادەیی پیشەسازی چەمچەماڵی تەواوکردووە.

شەهید عادل ماوەیەکیش لای چەند مامۆستایەکی ئایینی ناوچەکە دەخوێنێ، بەمەش زیاتر بەرچاوی روونـاك دەبێتەوەو تەواو هۆگری مزگەوتی گەورەی تەکیە دەبێت، تەنانەت لە ئاکامی شارەزایی‌و دڵسۆزییەوە دەکەوێتە وتنەوەی وانەی قورئان بە زیاتر لە (٥٠) قوتابی‌و کاری بانگەوازو نزیکەی سێ جوزئیش لە قورئانی پیرۆز لەبەردەکات.

هەروەها لە بوارەکانی وەستایی‌و کاری هونەرییشدا شارەزایی پەیدا دەکات، لەگەڵ خەڵك‌و دەوروبەریشدا کەسێکی کراوەو خۆش خولق‌و خاوەن هەڵوێست‌و هەڵسوکەوتی بەرزو جوان دەبێت.


ساڵی ١٩٩١و لەگەڵ بەرپابوونی راپەڕینی جەماوەریی گەلی کوردستاندا کاك عادل وەك لاوێکی پەیوەست بە خوداو هەڵسوڕاوی ناو کاری ئیسلامیی‌و دڵ پڕ لە باوەڕو ئازادیخواز ، بەشدارییەکی بەرچاو لە ئازادکردنی تەکیەو چەمچەماڵو پاشان قەرەهەنجیرو کەرکوودا دەکات، هەر هەمان ساڵ لە تیپی (٣٣)ی گەرمیانی هێزی کەرکووك درێژە بە خزمەت‌و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات‌و لێبڕاوانە لە خزمەت ئایین‌و گەل‌و نیشتماندا دەبێت‌و جێگای خۆی لە ناو دڵی هاوسەنگەرانیدا دەکاتەوە.

کاکە عادل هەر لە سەرەتای منداڵییەوە لاوێکی ئازاو چاو نەترس بووەو لەگەڵ نەبەزین‌و کۆڵنەداندا راهاتووە، ئەوەتا کاتێك لەگەڵ کەسێکی سەر بە حکومەتدا ناخۆشی دەکەوێتە نێوانیانەوە، کەسەکە شکاتی لێدەکات، کە دەیبەن بۆ مەرکەز، زابتەکە بە دارێکەوە بۆی دێت‌و دەیەوێ لێی بدات، بەڵام کاکە عادل لە رووی زابتەکە هەڵدەچێتەوەو دارەکەی لەدەست دەستێنێ‌و هەڵی دەداتە سەر مەرکەزەکە، زابتەکەش سەری لە کاری کاکە عادلی تازە لاو سوڕدەمێنێ‌و پێی دەڵێ: بڕۆ دارەکە بۆ بێنەوە لێت خۆشدەبم، لە دواییدا ماچێکیشی لێدەکات‌و ئازادی دەکات.

کاکە عادل ئاوا ژیانی خۆی بەبێ منەتیو نەبەزییەوە بەڕێکردووە، تا سەرەنجام لە کاتی دەوامو حەرەسیاتدا لەناو بارەگای تیپەکەیان لە مزگەوتی گەورەی تەکیە لەلایەن دەستێکی رەشو بەکرێگیراوێکی بەعسەوە لە ١٩٩٢/٥/٣٠ تەقەی لێدەکرێو شەهید دەکرێتو ماڵئاوایی لە هاورێو هاوسەنگەرانو خزمو دۆستانی دەکات، دواتر تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی سەید زەنوون ی تەکیە بەخاک دەسپێردرێت.



# شەهید: حسێن ساڵح ئەحمەد ساڵح



ساڵی ١٩٦٧ لە ناحیەی (جەلەولا)ی سەر بە شاری کەلار لە خانەوادەیەکی سەر بە عەشیرەتی (دەلۆ) چاوی بە ژانو ناسۆرەکانی میللەتەکەی هەڵێناوە، ژیانی منداڵیی لە جەلەولاو کەلار بەسەر بردووە، پاشان لە قوتابخانەی کەلاری سەرەتاییو ناوەندیی (سەورە)ی کوڕان تا پۆلی سێیەمی ناوەندیی خوێدوویەتی، پەیوەندیی لەگەڵ خەڵکدا باش بووەو کەسێکی کراوە بووە.

شەهید حسێن هەر لە کەلار هۆگری مزگەوت دەبێتو بە پەیامی مزگەوت ئاشناتر دەبیو جگە لەمەش بە کاروباری بازرگانییو شۆفێرییەوە خەریك دەبێت.


ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ ڕاپەڕیندا پەیوەندیی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو هەر لەو ساڵەشدا خێزانی پێکەوەناوە.

شەهید حسێن وەك گەنجێکی ئیسلامخوازو دڵسۆزی ڕێبازی خوا بە هیواوە لە ئایندەی کاروانی ڕابوونی ئیسلامیی کوردستانی دەڕوانی.

تا سەرەنجام لە (١٩٩٢/٧/٥) لە پێناو بیروباوەڕکەیدا لە ناو شاری سلێمانی تیرۆرکرا و پاشان تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی (شێخ عەبدوڕڕەحمان) لە کەلار بەخاك سپێردرا.

شەهید حسێن خێزاندار بووە، بەڵام هیچ منداڵێکی لەدوا بەجێ نەماوە.

# شەهید: بارام ئەحمەد مستەفا



شەهید بارام لەساڵی ١٩٦٧ لە گوندی (رەزواو)ی سەر بە ناحیەی قۆرەتووی قەزای خانەقینو لە بنەماڵەیەکی میکایەڵی سەر بە عەشیرەتی ئەلپارکی تایشەیی لەدایك بووەو چاوی بە ناسۆرو کوێرەوەریەکانی میللەتەکەی هەڵێناوە، هەر لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە ساتە پڕ لە بەرائەتەکانی ژیانی منداڵی تێکەڵاوی ئاوارەیی و غەریبی دەبن، لە ساڵی ١٩٦٧دا خانەوادەکەیان چوونەتە ئێرانو لە ساڵی ١٩٧٤ گەڕاونەتەوە بۆ عێراقو لە ناسریەی خوارووی عێراق جێگیربوونو لە ١٩٧٦/٧/١٠ گەڕاونەتەوە بۆ گوندی (سەید مەحمود)ی سەر بە شاری کەلار، ساڵی ١٩٧٧ چوونەتە کۆمەڵگای (ئەحمەد قادر)و لە باوەنوور نیشتەجێ بوون.

قۆناغی سەرەتاییو تا دووی دواناوەندی لە باوەنوور تەواوکردووەو لەوەش زیاتر بەهۆی کارو کەسابەتەوە بواری نەبووە چیتر بخوێنێو سەرقاڵی دابینکردنی بژێوی ژیانو پیشەی دارتاشی بووە.

ساڵی ١٩٨٤ لە کەلار نیشتەجێ بووەو لە ١٩٨٨/١٠/٢٠دا ژیانی خێزانی پێکەوەناوەو هەر هەمان رۆژیش بۆ سەعات ٩ی شەو دایکی کۆچی دوایی دەکات.

ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ راپەڕیندا ئەویش بە رووی داگیرکەراندا رادەپەڕێو لە خانەقینو رووبەڕوونەوەی بەعسیەکاندا رۆڵی جوامێرانە دەگێڕێو لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئیسلامدا سەروەریی تۆمار دەکات.

پاشان لە تیپی (عەبدوڵڵا)ی سەر بە هێزی گەرمیان دەوامی پێشمەرگایەتی دەکاتو دەبێتە نموونەی پێشمەرگەی ئەمەکدارو فیداکارو دڵبێداری ئیسلامو گیانی خۆی لە پێناوی (ئیسلام)ی راستەشەقامی ژیاندا دەخاتە سەر لەپی دەستو شەو و رۆژ لە خزمەتی رێبازەکەیدا پێکەوە گرێ دەداتو ئەوەی لە توانایدا بێت درێغی تێدا ناکات.

لە کاتی کۆڕەوەکەی گەلی کوردستاندا وەك پێشمەرگەیەکی بە هەڵوێست رۆڵی خۆی دەبینێو لە ١٩٩١/٩/٢٠ دەچێتە خورماڵو پاش ماوەیەك دەگەڕێتەوە کەلار.

تا سەرەنجام کاك (ئارام ئەحمەد) لە پێناوی بیروباوەڕەکەیداو سەرلە ئێوارەی ١٩٩٢/٧/٣١ لە کەلار شەهید دەبێتو پاشان تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی (بەرلووت) بە خاك دەسپێردرێت.

شەهید ئارام خێزاندار بووەو دوای خۆی تەنها کچێکی بە ناوی (سومەییە) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێهێشتووە.

# شەهید: جەمال رەحیم میرزا
# ناسراو بە: هۆشمەند



ساڵی ١٩٧٣ لە گوندی (مەحمود قەجەر)ی سەر بە شاری کەلار هاتووەتە دونیاوە، ساڵی ١٩٧٤ خێزانەکەیان ئاوارەی ئێران دەبێ، لە ساڵی ١٩٧٩و دوای گەڕانەوەی ماڵەکەیانو نیشتەجێبوونیان لە فەلوجە دەنرێتە بەر خوێندن، پاشان چوونەتە کەلارو لەوێ تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی (انتصار) خوێندوویەتی، دواتر بە کارو کەسابەتو هاوکاری بنەماڵەکەیەوە خەریك بووە، لە ئەنجامی ئەو بێداریە ئیسلامیەی کە کوردستانی گرتبووەوەو لاوانی بەرەو راستەڕێو کاری رێکخراوەیی ئاراستە دەکرد، کاك جەمالیش خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەکەیو ئیسلامی لە دڵدا دەڕسکێو دەستەملانی رێبازی راستەقینەی ژیان دەبێتو دەشزانێ کە دەبێ لە پێناویدا ئارەقەو خوێن برێژێ، ساڵی ١٩٩١ پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو هەر لەو ساڵەدا لە هێزی گەرمیان دەبێتە پێشمەرگە، هەمیشە لە بیری ئەوەدابوو کە بە نیەتێکی خاوێنەوە ئەرکەکانی راپەڕێنێو هاوڕێو هاوسەنگەرانیشی زۆر بۆ نیەتپاکیو خۆیەکلاکردنەوە بۆ خوا هاندەدا، هەمیشە بە هیوای شەهیدییەوە بوو. کاکە هۆشمەند بەهۆی شارەزاییو چوستو چالاکیی خۆی دەبێتە شۆفێری تیپی شەهید عەلیو جێگای خۆی لە ناو دڵی هاوسەنگەرانیدا دەکاتەوەو بەوپەڕی دڵسۆزیو گوێڕایەڵی ئەرکەکانی رادەپەڕێنێ، سەرەنجام لە رۆژی ١٩٩٢/٧/٣١دا لە کەلار لە پێناوی بیروباوەڕەکەیدا شەهید دەبێتو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی (شێخ ساڵح) بەخاك دەسپێردرێت، شایانی باسە خانەوادەی شەهید جەمال لە ١٩٩٣/١٢/٢٦ش رۆڵەیەکی تریان بە ناوی (ئەحمەد) دەبێتە شەهیدی رێبازی ئیسلامو پەروانەی دەوری رەسەنایەتی کوردستان.

# شەهید: موحسین یاسین موحەممەد

# ناسراو بە: زانا



ساڵی ١٩٧٥ وەك مژدەی هەستانەوەی دوای نسكۆ لە كفریو لە دەڤەری گەرمیانی گڕو حەماسەدا هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیشی هەر لەكفری بەسەربردووەو پاشان نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (غفران)و ناوەندیشی تا سێیەمی ناوەندی لە قوتابخانەی (الأخوة) خوێندووە.

دواتر دەستیكردووە بە كارو كاسبیو لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی شارەزاییو فێربوونی زیاتری داوەو لەگەڵ مزگەوتو ئیسلامخوازاندا ئولفەتو هاوڕێیەتی توندوتۆڵی هەبووەو بەو هۆیەشەوە بە كاری ئیسلامیی ئاشنا دەبێو پەیوەندی پێوە دەكات.

ساڵی ١٩٩١ كە راپەڕینی جەماوەریی گەلی كوردستانی تێدا بەرپادەبێ، كاكە (موحسین)یش هەڵدەستێتە سەر پێو بەگژ داگیركەراندا دەچێتەوەو هەر ئەو ساڵەش لە هێزی گەرمیاندا دەبێتە پێشمەرگەو لە بارەگای (صمود) دەوام دەكات، تا سەرەنجام لە رۆژی (١٩٩٢/٨/٢٨) لە سەرتەك لەگەڵ شەهید (عەدنان موحەمەد ناميق)دا دەگەڕێتەوە حزوری خوداو خواحافیزی لە خانەوادەو هاوڕێو خزمو هاوسەنگەرانی دەكات، پاشان تەرمە پاكەكەی دەگەڕێنرێتەوە زێدی خۆییو لە گۆڕستانی كفری بەخاك دەسپێردرێت.



# شەهید: عەدنان موحەممەد نامیق

# ناسراو بە: ئیسحاق



ساڵی ١٩٧٢ لە بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی (الوندلوی) لە کفری هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیشی لەوێ بەسەربردووەو لە قوتابخانەی (خلود) نراوەتە بەرخوێندنو تەنها شەشەمی سەرەتایی تەواوکردووە، پاشان دەستیداوەتە کارو کەسابەتو هاوکاری خانەوادەکەی، ماوەیەکیش سەربازی کردووەو لە ساڵی ١٩٩١یشدا پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە کردووەو هەر هەمان ساڵ بووەتە پێشمەرگەی ئیسلامو لە بارەگای تیپی (موصعەبی کوڕی عومەیر)ی سەر بە کفری درێژەی بە خزمەتی پێشمەرگایەتی داوەو شان بەشانی باوکی بووە بە ڕێبواری فیداکاری ئیسلامو بە گەشبینییەوە لە کاروانی ڕابوونی ئیسلامیی کوردستانو خەباتی ئیسلامخوازانی ڕوانیوەو ئازادیو بەختیاری ڕاستەقینەی میللەتەکەی لە چاوی ئیسلامدا بینیوە، بۆیە بە دڵسۆزییەوە دەستەملانی شەریعەتی خودا بووەو دڵی بە نوری قورئانو فەرمایشتە پیرۆزەکانی پێغەمبەری پێشەوا ڕووناك بۆتەوە، سەرەنجام کاکە ئیسحاقی لاوی دیندارو وەرزشکار لە ڕۆژی ١٩٩٢/٨/٢٨ لە سەرتەك لەگەڵ شەهید (موحسین یاسین موحەممەد)دا شەهید دەبێو ماڵئاوایی لە ژیان دەکاتو بەرەو بارەگای میهرەبانی خوا دەگەڕێتەوەو کۆڵی ئومێدو ئاواتەکانی کە پڕبوو لە ئاوازی ئازادیو گوڵاوی سەرفرازیو خەونی ڕەنگاڵەی گەشەداربوونی پەیامی کاروانی ڕابوونی ئیسلامیی کوردستانو نەتەوە ستەملێکراوەکەی بە هاوڕێو هاوسەنگەرانو ڕێبوارانی سەر ڕاستو دڵسۆز سپارد، دواتر تەرمە پاکەکەی دەگەڕێنرێتەوە زێدی باوكو باپیرانیو لە گۆڕستانی کفری بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: کامەران موحەممەد کەریم مەجید
## ناسراو بە: زەکەریا



ساڵی ١٩٧٢ لە شاری هەڵەبجەو لە ئامێزی بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی تاوگۆزی چاوی بە ژیان هەڵێناوە، ژیانی منداڵیی هەر لە هەڵەبجەو لەگەڵ منداڵە چاوگەشەکانی گەڕەکی (گوڵان)دا بەسەربردووە، لە قوتابخانەی ئیسلامیی سەرەتایی لە کانی عاشقان نراوەتە بەر خوێندن‌و ئیتر تەنها لەو ڕێیەوە چۆتە ناو دونیای خوێندەواری‌و شارەزایی پەیداکردن دەربارەی ئایینەکەی. هەروەها بەهۆی هۆگری لەگەڵ مزگەوتی ئەبوبەکری صدیق‌و لاوانی ئیسلامخوازدا، ئیلتیزامانی ئیسلامیی تا دێ زیاتر تێدا ڕەنگ دەداتەوەو چاویشی زیاتر دەکرێتەوە، پاشان بەهۆی هیجرەتی خانەوادە بەرێزەکەیان لە دوای ساڵی (١٩٨٧)و ڕاپەڕینەکەی ناوچەی هەڵەبجەو شارەزوور بۆ کوردستانی ئێران‌و بەجێهێشتنی سایەی شوومی بەعسیە دڕندەکان‌و هەڵبژاردنی ژیانێکی سەربەرزانە ، کاکە کامەران تێکەڵاوی ژیانی غوربەتی‌و کوێرەوەریەکانی ئاوارەیی‌و کۆچ‌و هیجرەت دەبێت‌و لەو ماوەیەشدا کە چوار ساڵ دەخایەنێ لە چەندان شوێن‌و کۆمەڵگا نیشتەجێ دەبن‌و دوای بەرپابوونی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی جەماوەری گەلی کوردستانیش خانەوادەکەیان دەگەڕێنەوە کوردستان‌و ئیتر ژیانێکی نوێی دوور لە دەستە ڕەشەکانی بەعس بەسەردەبەن.

کاکە کامەران بەم ژیانی هیجرەت و غوربەتە دەبێتە لاوێکی پێکراو و بە دەست‌و قام‌و چاوکراوەو بە تەواوی ئاشنای کاروانی نوور دەبێ‌و موشتاقی هاوڕێیەتی پێشمەرگەکانی ئیسلام دەبێ.

بۆیە لە ساڵی ١٩٩٢دا لە تیپی (ئەبا جەندەل) لە ناحیەی (زەڕایەن) دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلام‌و دڵسۆزانە ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنێ‌و بە هیوایەکی زۆرەوە ساتەکانی تەمەنی بەڕێدەکات‌و لە ئاسۆی گەشی کاروانی ڕابوونی ئیسلامی کوردستان دەڕوانێ.

کاکە کامەران موحەممەد شارەزایی لە بواری میکانیکی ئۆتۆمبێلدا هەبوو، زۆریش حەزی بە سەردان‌و بەسەرکردنەوەی خزمان‌و دۆستان دەهات.


هەروەها لە بواری شۆفێرییشدا شارەزاییەکی باشی هەبوو، شۆفێرێکی کارامە بوو، لەو ڕێگایەوە لە خزمەتی کاروانەکەدا بوو.

کاکە کامەران ناسراو بە (زەکەریا) بە ئاواتی شەهیدییەوە هەناسەی دەدا، بۆیە هەمیشە داوای لە هاوڕێ‌و هاوسەنگەرانی دەکرد کە دوعای شەهیدی بۆ بکەن.

تا سەرەنجام کاکە کامەرانی دڵو دەروون پەیوەست بە خوداوە لە ساڵی ١٩٩٣ لە پێناو پەیامو بیروباوەڕەکەیدا لە دەشتی کفری دوای ئەوەی بە برینداری دەگیرێت لەگەڵ چەندەها هاوسەنگەریدا شەهید دەکرێو خواحافیزی لە ژیانی کورتی دونیاییو خزمو کەسوکارو هاوسەنگەرانی دەکاتو دەگەڕێتەوە قاپی میهرەبانی خوداو پەیامەکەی بە رێبوارانی ئەمەکداری کاروانی نوور دەسپێرێ، پاشان تەرمەپاکەکەی لە گۆڕستانی (زەڕایەن) بەخاك دەسپێردرێت.



# شەهید: دڵشاد ئەمین قادر حەمە[7]



ساڵی ١٩٧٩ لە ئامێزی خانەوادەیەکی سەر بە عەشیرەتی هەمەوەند لە چەمچەماڵ چاوی بە ژیان هەڵێناوە، کرۆگاڵەکانی ژیانی منداڵیشی کردۆتە ئاوازێکی بەسۆزو تێکەڵاوی جریوەی پاسارییەکانی ئەوێی کردووە، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (بێتووشی) لە چەمچەماڵ تەواوکردووەو پاشان چووەتە ناوەندیی (رووناکی).

دوای ئەوەی وەك هەر تاکێکی تری کۆمەڵی کوردەواری وتازەلاوێکی خێر لەخۆ نەدیوی ئەم میللەتە ، راپەڕین دەروازەو دونیایەکی نوێی بە روودا دەکاتەوە، کاکە دڵشاد بە سیمای نوورانی رێبوارانی رێبازی تیشکی قورئان ئاشنا دەبێ‌و لەگەڵ ئاپۆرای هاورێ‌و هاوتەمەنانی خۆی لە چەمچەماڵ دڵو دەروونی بە تیشکی قورئان رۆشندەبێتەوەو هۆگری ئیسلام‌و بەرنامەی راستەقینەی ژیان دەبێت، لەگەڵ ئەمەدا بەو تەمەنەوە وەك یەکێك لە پێشمەرگەکانی ئیسلام دێتە ئەژمارو لەگەڵ هێزی کەرکوك سەروکار پەیدادەکات‌و دڵسۆزی‌و خواویستیی دەبنە سیمایەکی گەشی کاکە دڵشاد.

کاکە دڵشادی ئەویندراری رێبازی خوداو پەپوولەی دەوری چرای ئیسلام‌و رووناکی قورئان لە کاتی بەدیکردنی دژواریدا هەست‌و نەستی دەجۆشێ‌و خۆشەویستی خواو پێغەمبەری پێشەواو ﷺ ئایینی ئیسلامی لە دڵدا نوێدەبێتەوە، بۆیە لە پێناوی رێبازو بیروباوەڕەکەیدا تێدەکۆشێ‌و دەیەوێ ئەوەی فێری دەبێ بە کردەوەش بیهێنێتەدی‌و ژیانی رۆژانەی بە رەوشتە بەرزەکان برازێنێتەوە.

سەرەنجام لە ساڵی ١٩٩٣ لە چەمچەماڵ لەو رێگایەدا شەهید دەبێ‌و گیانی خۆی دەکاتە قوربانی‌و خواحافیزی لە ژیانی فانی‌و پڕ لە جەنجاڵی دونیاو خانەوادەو هاورێ‌و هاوسەنگەرانی دەکات، دواتر تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی شێخ رەسوڵ بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: جەلال نەسرەدین سەعید قادر
## ناسراو بە: مەلا جەلال



ساڵی ١٩٦٧ لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەری سەر بە عەشیرەتی جاف لە سەنگاو چاوی بە ژیانو ناسۆرەکانی میللەتەکەی هەڵێناوەو ژیانی منداڵیشی ئاوێتەی دیمەنە رەنگینەکانی سەنگاو کردووە، لە قوتابخانەی سەرەتایی (جاتەران) نراوەتە بەر خوێندنو پاشان چۆتە ناوەندی سەنگاو و ئەمجار لە دواناوەندیی چەمچەماڵ درێژەی بە خوێندن داوەو بەهۆی کارو کەسابەتو بارودۆخەوە نەیتوانیوە لەسەر خوێندن بەردەوام بێت.

ساڵی ١٩٨٧ گوێی بە زایەڵەی کاروانی ئیسلامیی کوردستان دەزرنگێتەوەو لە رێگەی مامۆستا شوانە و مامۆستا حەسەن کوردیو مامۆستا وریای شەهیدەوە پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو دەچێتە ریزی رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشووەوە.

لەگەل راپەرینی ئازاری ١٩٩١ی جەماوەری گەلی کوردستان پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی ئیسلامەوە دەکاتو رۆڵی بەرچاو دەبینێو دوای ئەوە لە تیپی (٣١)ی گەرمیانو لە بنکەی شەرەفخان لە چەمچەماڵ درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.

کاك جەلال نەسرەدین هەمیشە وەسیەتی هاوسەنگەرانی بە تەقواو لەخواترسان دەکردو لێبڕاوانە لە پێناوی بەختیاریو سەرفرازی میللەتەکەیدا کە تەنها لە ژێر سایەی شەریعەتو بەرنامەی خوادا وەدی دێت تێدەکۆشا.

سەرەنجام کاك مەلا جەلال نەسرەدینی پێشمەرگەی دڵ پڕ لە خۆشەویستی خواو باوەڕو حەماسە لە ساڵی ١٩٩٣ لە پێناوی رەسەنایەتیو بیروباوەڕەکەیدا شەهید بوو، پاشان تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی وەسمان غەزال بەخاك سپێردرا.

شەهید مەلا جەلال ساڵی ١٩٨٨ خێزانی پێکەوە نابوو، تەنها کوڕێکی بەناوی (کەیوان) بەدیاری و یادگاری بەجێهێشتووە بۆ ئیسلام.

# شەهیدی سەرکردە: مامۆستا حەمەد نەبی ڕەسوڵ
## ناسراو بە: مامۆستا مەلا ئەحمەدی سینەمۆگە



لە ئێوارەیەکی تووشا
بە دەستڕێژی نارەسەنێک
مامۆستایەکی شۆڕشگێڕ سینەی رووشا
لە بەردەمی دەروازەیەکی دنیایی
بە دەعوەتێکی خودایی
ماڵئاوایی لە ماڵ کردو وەڕێکەوت
بۆ بەهەشتی رازاوەی هەتاهەتایی
هۆ خوانەناسی ستەمکار!
بەستە زمانە
ئەوەی تۆ خۆت لە قەرەدا
ئەوە کاروانی ئیمانە
بۆ نابینی، بێ بینایی!
قافڵەی کاروان
کاروانی پەیامی خوایی
دەرو برەو چەند خۆشرۆیە
دەستەملان و دەستەو داوێنی ئاسۆیە
پەتی سێدارەی بیردۆزەو
رێچکەی پووچەڵو نامۆیە
چقڵی چاو و دڵی رەشی
هەزارانی وەکو تۆیە

شارو گوندە چکۆڵە دوورە دەستە بێ نازەکانی کوردستانی ئیسلامیی، بە درێژایی مێژوو هەوێنی بەهرەی گەورەو لانەی شێرانی موجاهیدو مەکۆی زانایانی خاوەن هەڵوێستو بە مشوورو کەڵەپیاوی وا بوون، مێژووی نەتەوەکەمان بەو پەڕی شانازییو رووسوورییەوە، لە ئامێزی گرتوونو لەسەر سەری خۆی داناون..

زۆر لەو شوێنە لاپەڕانە، لە دەلاقەی ناوو ناوبانگی گەشی رۆڵەکانیانەوە، بۆ خۆشیان چوونەتە سەر دوندو رەوەزەکانی مێژووی پڕ لە سەروەرییو گەیشتوونەتە ریزی شارە هەرە گەورەو ستراتیژییەکانو گەلێك جاران لەوانیشیان تێپەڕاندووە.

ئەو مرۆڤە زاناو بوێرو بە ئەمەکانە، بەردەوام دینەمۆی لەگەڕ نەکەوتوو و رانەوەستاوی کۆمەڵ بوو ون، روخساری مێژوویان کۆڕیوەو گۆمی مەندو داوەستاوی ژیانیان شڵەقاندووە... ئەو بەهرە مەزنانە وەك ئەستێرەی بەرەبەیان درەوشاونەوەو دڕیان بە شەوە تاریکەکان داوە...

یەکێك لە رۆژەکانی ساڵی ١٩٥٤دا یەکێك لەو ئەستێرە گەشانە بە گەردنی کێلی گوندە سەربەرزەکەی (سینەمۆکە)ی ناوچەی ناودەشتی بناری قەندیلەوە کراو بەهرەیەکی مەزن لە رووخساری کۆرپەیەکی چاوگەشدا خۆی نواند کە بە (ئەحمەد) ناودێر کراو ئەو کاتە کەس نەیدەزانی ئەو منداڵە شاخاویو کوێستان نشینە چ زاتێکی لیّ دەردەچێتو ئەو رازە هێشتا لە دنیای غەیبدا خۆی مات کردبوو... کەس هەستی بەوە نەدەکرد ئەو منداڵە ژیکەڵەی لەسەر تاشەبەردو لە بن دارمێوو گوێزو باغەکانی سینەمۆکە بە گورجو گۆڵیی دێتو دەچێتو گوێی بە هاژەی بەفراوی بەستەمەڵەو ئاشقوڵکە دەزرنگێتەوە، هەموو ئەو شتانە لە هەستو نەستیدا دەبنە هەوێنی مەیاندنی خۆشەویستیو سۆزی خواییو لە ئاوەدانکردنەوەی مینبەرەکەی مزگەوتی (صلاح الدين)ی چوارقوڕنە بە خوتبەی رەسەنی ژیرانەو روونکردنەوەی بیری لاوانی پشدەرو بیتوێنو سەنگەرگرتن لە دوژمنانی خواو چەوساوانو روونکردنەوەی وەجاخەکەی سەلاحەدینی ئەیوبیدا، بەرجەستە دەبێت... مامۆستای سەنگینو ئازیز، هەر لە سەرەتای منداڵیەوە دەبێتە پەروانەی دەوری چرای فێربوونو زانستو زۆر بە لێهاتوویی زانستە ئیسلامیەکان دەخوێنیو بۆ خوێندنیش وەك هەر مەلایەکی ئەو سەردەمەی کوردستان کەلێك شوێن گەڕاوەو لەو پێناوەدا هەر کام لە (کۆیە، کۆڕێ، ئەستریلان، خدران، بانە، لاجان)ی تەی کردووەو دواجار لە ساڵی ١٩٧٨ لە سەردستی مامۆستا مەلا عومەری خدران ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووەو لە دوای ئەوەشەوە دەستی بە هێزی ئیمانە قووڵو بیرە تیژەکەی دەگەیەنێتە کاروانی پیرۆزی رابوونی ئیسلامییو دەستدەکات بە روونکردنەوەی راستەقینەکانی ئیسلامو وردو لێزانانە دەستی سەرگەردانو لاڕێبووان دەگرێتو تەمی دڕدۆنگیو گومانیان دەڕەوێنیّ.

مامۆستا مەلا ئەحمەدی سینەمۆکی کە لە ساڵی ١٩٧٨ وە بەهۆی راگواستنی گوندەکەیان لەلایەن رژێمی بەعسەوە لە چوارقوڕنە نیشتەجیّ دەبێت، یەکێك بوو لەو

زانایانەی کە بە پەنجە ئاماژەی بۆ دەکراو رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە تێگەیاندنو پێگەیاندنی چەندەها لاوی لێهاتوو.

مزگەوتی سەلاحەدین سەنگەری قایمی مامۆستا بوو، لەوێوە سێرەی لە جاهیلیەتو هەیتووهووتە پڕ لە خەرافیاتەکەی دەگرتو دەستڕێژی وشەی رەسەنو بیری ئیسلامیی لێدەکردو هەلاهەلای دەکردو سەرباری ئەوەی کە لە وتاری رۆژانی هەینیدا دەمامکی سەر رووخساری دزێوو ناقولای ستەمکارانی بەعسو سەرپاکی جاهیلیەتی هەڵدەماڵی، گرێکوێرەی سەر دڵی سەدان کەسی دەکردەوەو ئیسلامی وەك تاقە بەرنامەی بەختەوەریی‌و سەرفرازی بە خەڵك دەناساندو بە دەرسو دەورو تێگەیاندنو پێگەیاندنی فەقێو قوتابیانیشی خزمەتێکی گەورەی رابوونی ئیسلامیی کرد.

وتارەکانی مامۆستای شەهید بەوە ناسرابوون کە چڕو پڕو کورتو پوخت بوونو بە زۆری جەختیان لەسەر بناوانی کێشەو تەنگژەکانی کوردەواریی دەکرد، کە بیرتییە لە کورتهەڵێنانی ئیسلام لە نێو جوغزی بەرتەسکی دروشمەکانداو لێ حاڵی نەبوونی وەك بەرنامەی هەمەلایەنەی ژیان.



سەید قوتبی شەهید دەڵێ: "لە هەر شوێنێك جیهاد نەبێت، دیارە بانگەوازی راستەقینە نییە، چونکە بانگەوازی راستەقینە لەگەڵ بەرژەوەندی زۆردارو ملهوڕان تێك دەگیرێتو بانگەشەوانانی خواویست ـ ئەوانەی لە چەنگی زاڵمان قوتار دەبن ـ لە پێناوی بانگەوازەکەیاندا، چەکی جیهاد هەڵدەگرن، لەبەر ئەوە مامۆستای بە مشوورو لێزان لەسەر مینبەرەوە خۆی گەیاندە جیهادی بەرزترین ترۆپکی ئیسلامو لە هاوینی ١٩٨٨دا لەگەڵ چەندەها لاوو زانای شۆرشگێری دیکەدا کە یەکێکیان شەهیدی سەرکردە مامۆستا مەغدید بوو، بڵێسەی جیهادەکەی بناری قەندیلیان زیاتر پەرەپێداو گەوەو تەلانو شیوو دۆڵەکانی پشدەریان کردنە لانەی شێرانی جاهیلیەت بەزێنو تروسکەی ئومێدی گەلی چەوساوەو وڵات وێرانکراوی کوردستانو هێزی (ئازادی)یان پێکهێناو بنکەو بارەگایان لە بناری قەندیل کردەوە، مامۆستا مەلا ئەحمەدی شەهید لەوساوە چووە ناو قۆناغێکی نوێو سەختی ژیانیەوەو خۆیو خانەوادەکەی بوونە رێبواری خەباتی رزگاریخوازییو سەختی و کوێرەوەریەکانی ژیانیان نایە کۆڵو ئازارەکانی هیجرەتیان چێشتو خودی مامۆستای شەهید جگە لە کاری پێشمەرگایەتیو بەرپرسیاریەتەکانی ئەندام هێزیو جێگرایەتی ئامرهێز، بە ئەرکی بانگەوازو وانەوتنەوەشەوە سەرقاڵ بوو، لە هیچ کارێکی خێرو چاکە سڵی نەدەکردەوە.

کاتێکیش نەعرەتەی راپەڕین لە شەقامەکانی رانیەو حاجیاواو چوارقورنە دەنگیدایەوە، مامۆستا مەلا ئەحمەدی زاناو موجاهید لەگەڵ مەفرەزەکانی پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتدا، بۆ پشتگیریی جەماوەری رق ئەستووری راپەڕیوو تەمبێکردنی بەعسیانی کافر، خۆیان گەیاندە نێو خەڵکی راپەڕیوو دوایش لە راماڵینی بەعسیاندا شار بە شارو ناوچە بە ناوچە تا رزگارکردنی کەرکوك دەستی بە هێزی پشتیوانی رەشو رووتی رق ئەستوورو درێشەی پۆڵاینی بەرامبەر مستی ستەمو زوڵمی دوژمنانی کوردو کوردستان بوون.

مامۆستای بلیمەتو شەهید وێکڕا مەردی مینبەرو سەنگەر بوو، هاوکات رێژنەی وشەی ئاگرینو گوللەی پیرۆزی جیهادی بەسەر دوژمناندا هەڵدەڕشتو سوارچاکێکی دیاری مەیدانی راگەیاندنی ئیسلامی بوو، کاتێك تەلەفزیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی وەك یەکەم تەلەفزیۆنی ئیسلامی لە کوردستاندا دامەزرا، هەتا ئەو رۆژەی رووسووریو سەروەری شەهادەتی پێبڕا، لە مینبەری تەلەفزیۆنەوە بۆنو بەرامەی

گوڵو گوڵزاری فەرمایشتەکانی پێغەمبەری پێشەوای (درودی خوای لەسەربێت) بە دیاری دەبردە ماڵ بە ماڵی دەرووبەرو بەرنامەی هەفتانەی (لەگەڵ فەرموودەکانی پێغەمبەردا)ی کردبووە تیرێژی تیژی رەواندنەوەی تەمو مژی تاریکایی نەزانیو چاوساغی سەر راستی رۆڵەکانی گەلە هەژارو بەش مەینەتەکەی، جگە لەوەش ماوەیەك وەك جێگری بەرپرسی مەڵبەندی سێو دواتریش لە (١٩٩٢/٩/٢٤)ەوە تا شەهیدبوونی وەك بەرپرسی مەڵبەندی سێی رانیە دەستبەکار بوو و دڵسۆزانە ئەرکەکانی رادەپەڕاندن، تا سەرەنجام ناحەزانی قین لە دڵ لە شەوێکی تاریكو نوتەك وەك دڵو نیازی تیرۆریستان، وەك خواستو ئاواتی رەشی ئەوانەی چاویان بە رووناکیو خۆشیو شادی هەڵنایەو رقیان لە بزەی بەختەوەریو پاکیو حەزیان لە خوێنو زووخاوە ، کە شەوی ٧-١٩٩٣/١/٨ بوو، کە باو باریشكو کڕێوە ئەوەی دەیکرد ئەو شەوە دەیکردو دیارە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتیش تاوانی دڵتەزێنو وڵات هەژێن لەبەر ئەوەی هێمای شەرمەزارییو ریسوایی بووە، هەر لەنێو هەناوی گڵاوی شەوە زەنگو تاریکیدا گووراوەو هاواری لەناکاو لە جەنگەڵی نیازی ترسەنۆکانەی مرۆڤکوژانی بوودەڵەوە، هاتووە، بەڵێ لەو شەوەدا دێوەزمەی شەڕو جاهیلیەت دەستی لە تارماییە نورانیەکەی مامۆستا ئەحمەدی زانای بە مشوورو رووسوور وەشاندو لە کاتێکدا لە دوای نوێژی خەوتنان لە چوارقوڕنە لە مزگەوت بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، لەبەردەم ماڵی خۆیدا شەهیدی دەکەن، بەم جۆرە مەرەکەبو خوێنی گەشی مامۆستا ئەحمەد تێکەڵاوی یەك بوونو وشەکانی گیانیان هاتەبەرو خەیاڵو نیازی چڵکنی تیرۆریستانیان کردە بلقی سەر ئاو.

جەماوەری موسڵمانی کوردستان تیرۆرکردنی ترسنۆکانەی مامۆستا ئەحمەدیان بە دوژمنایەتیکردنی ئیسلامو خواو پێغەمبەر ﷺ دانا، لەبەر ئەوە لە هەموو لایەکی کوردستانەوە، هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریی پۆل پۆل کۆبوونەوە بۆ نارەزایی دەربڕین لە دژی ئەو تاوانو کارە تیرۆریستیەو بۆ پشتگیریکردنی کاروانی رابوونی ئیسلامی، خۆپیشاندانێکی گەورەو بە شکۆیان لە نێو بازاڕی چوارقوڕنە ئەنجامدا کە هەزاران کەسی تێدا بەشداربوو، بە هەموو لایەکیان سەلماند تیرۆرکردنی زانایان جگە لە شەرمەزاری تاوانبارانو خرۆشانی گیانی دینداری گەلی موسڵمانی کورد هیچی تری لێ ناپشکوێتەوە.

لەو خۆپیشاندانە جەماوەریە مێژووییەشدا خەڵکی دڵگەرمو بە ئیمان بە یەك دەنگ هاواریان دەکرد:

+ شەهیدان قەت نامرن، چقڵی چاوی کافرن.

+ (لا إله إلا الله) دروشمی راپەڕینە، (محمد رسول الله) رابەری راستەقینە.

+ تیرۆریست ترسنۆکە، خاوەن بیری قرپۆکە.

بەم جۆرە لەگەڵ بەخاك سپاردنی تەرمی پاکی لە خوێندا شەلاڵی مامۆستادا، بیروبۆچوونو هەستە ئیسلامیەکەی لە دڵی کۆمەڵانی ستەمدیدەی گەلی کوردستاندا نێژراو بۆ چەندەمین جار لە مێژوودا مۆری نەمریی دینی خواو لەگەڵ ئیسلام ئاوێتەبوونی کورد، لە نێو چاوانی لوتکەو ڕەوەزدکانی کوردستان درایەوە.

تەرمی پاکی مامۆستای زاناو موجاهید مامۆستا مەلا ئەحمەدی سینەمۆکی لە مەراسیمێکی پڕ لە جۆشو خرۆشو پەرۆشدا بە ئامادەبوونی سەرکردایەتیو مەکتەبو مەڵبەندەکانو بەرپرسە سەربازیەکانو زانایانو جەماوەرێکی زۆر لە گۆڕستانی کۆمەڵگەی (چۆمان)ی چوارقوڕنە بە خاك سپێدرا.

مامۆستای شەهید لە ساڵی ١٩٨١دا ژیانی هاوسەری پێکهێنابوو، دوای خۆی دوو کوڕو سێ کچی بە ناوەکانی (بورهانەدین، سەلاحەدین، شەونم، زەکیە، شنە) بە دیاریو یادگاری بۆ کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانو کۆمەڵی کوردەواری بەجێهێشتوون.



دیمەنێك لە ڕێپێوانی مەحکومکردنی تیرۆرکرانی مامۆستا مەلا ئەحمەدی سینەمۆکە چوارقوڕنە ١٩٩٣/١/١٨

# شەهید: نورەدین عەبدورڕەحمان عەلی
# ناسراو بە: سەیاف




ساڵی ١٩٧٣ لە گوندی (شەمێران)ی سەر بە قەزای هەڵەبجەی شەهید هاتۆتە دونیاوە، سەرەتای ژیانی منداڵیی لە گوندەکەیان بە سەربردووەو دواتر کە لەلایەن رژێمی بەعسەوە راگوێزراوە بۆ کۆمەڵگای (زەمەقی)ی نزیك هەڵەبجە، لەوێ لە قوتابخانەی (وەزگێڵ)ی سەرەتایی نراوەتە بەر خوێندن، بە هۆی هەژاریی‌و کەمدەستییشەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات.

بەڵام بە پێی دەرفەت‌و بۆ لووانیش لە پێناو شارەزابوون لە ئایینەکەی لە مزگەوت خوێندوویەتی.

ساڵی ١٩٩١ پەیوەندیی بە کاری ئیسلامییەوە کردووەو لە راپەڕینیشدا رۆڵی خۆی بینیوە، لە ١٩٩١/٥/٧دا بە رەسمی لە هێزی گەرمیان دەبێتە پێشمەرگەو دڵسۆزانە ئەرك‌و فەرمانەکان جێبەجێ دەکات‌و بە ئومێدێکی زۆرەوە لە ئاسۆی ئازادیی میللەتەکەیی‌و کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان دەڕوانێ، بۆیە تا دەتوانێ خۆی بۆ خزمەتی ئایین‌و گەل‌و نیشتمانەکەی تەرخان دەکات، سەرەنجام کاك نورەدینی ناسراو بە (سەیاف) لەو رێیەداو لە پێناو ئایین‌و بیروباوەڕو بەختیاریی میللەتەکەیدا لە رۆژی ١٩٩٣/٣/١٦ لە بازگەی نێوان (کفری - کەلار) شەهید دەکرێ‌و کۆڵی خەم‌و ئاواتەکانی بە هاوسەنگەرانی‌و رێبوارانی رێبازی رەسەنایەتی دەسپێرێت، پاشان تەرمەکەشی لە گۆڕستانی زەمەقی بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهیدی سەرکردە مامۆستا عەبدوللەتیف عەبدوڵڵا عەزیز
## ناسراو بە: مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف واژەیی



زانایانی ئیسلامیی کوردستان، مێژوویەکی پڕ لە سەروەریان بۆ خۆیان‌و گەلەکەیان لە بوارەکانی زانست‌و زانیاری‌و خەبات‌و تێکۆشان‌و بانگەوازو صولح‌و ئاشتەواییدا تۆمارکردووە، لاپەڕەکانی مێژووی گەلی کوردی موسڵمان هەمیشە بە سیمای نورانی‌و کارو هەڵوێستە بەرزەکانی زانایانی ڕەسەن‌و پێشەنگی کۆمەڵی کوردەواری دەدرەوشێنەوە.

لە کاتێکدا نەخوێندەواری‌و نەفامی یەخەی بە گەلەکەمان گرتووە، ئەوان بوونەتە چرای هیواو ئومێدو بە تیشکی زێڕینی زانست‌و خوێندەواری شەوی دەیجوری نەزانی‌و دواکەوتوویان ڕۆشنکردووەتەوە.

لە کاتێکدا جەورو ستەم‌و چەوساندنەوە تەنگی بە میللەتەکەمان هەڵچنیوە، ئەوە دیسان زانایانمان، قوتابیانی قورئان‌و مزگەوت، قۆڵی مەردانەیان لێ هەڵماڵیوەو بە گژ ستەمکاراندا چوونەتەوەو شۆڕشیان بەرپاکردووە، ئەمە مێژووی مامۆستایان‌و زانایانی ڕەسەنی کوردستانە کە هەموومان شانازی پێوە دەکەین‌و دەڵێین:

**خاوەنی زۆر زانای بەرزە گەلی کورد**
**هەریەک بوونە خۆری ئاسۆو گەلی کورد**
**زانستی وان میوە دەدا چوار وەرزە**
**کورد بەو زانا بەرزانەوە سەربەرزە**
**ئاخر پایەی بڵندە مرۆڤی زانا !**
**اهل یستوی) فەرمووە زاتی دانا**
**بەڵێ دیارە بە وێنەی ڕۆژی ڕووناک**
**مەدالیای فەخرە زانا بۆ گەل‌و خاک**
**ئێستا شۆقی عیلمی پاکی ئەوانە**
**ڕۆژەو مانگ‌و گەلاوێژیش شەوانە**
**ئەمما زانا کاتێ گرەوی بردەوە**
**بیسەلمێنێ زانایە بە کردەوە!**

جا یەکێك لەو زانا جوامێرو خاوەن هەڵوێست‌و تێکۆشەرانە مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف واژەییە، کە لە ساڵی ١٩٤٢ لە گوندی (کوڕەداوێ)ی سەر بە قەزای چوارتای پارێزگای سلێمانی هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیی لە گوندی (واژە)ی ناوچەی شاربازێڕ بەسەربردووە، هەر لە گوندی واژە نراوەتە حوجرەو لەسەر دەستی

باوکیو چەند مامۆستایەکی شارەزای تری وەکو مامۆستا سەید عارف دەستیکردووە بە خوێندنی زانستە شەرعیەکان.

لە پێناو تەواوکردنی زانستەکانیشدا وەك هەر مامۆستایەکی تری کوردستان چەندان شوێن گەڕاوەو کوێرەوەری زۆری بینیوەو بووە بە مەلای (١٢) عیلمو هەروەها لای (مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای چرۆستانیو مامۆستا مەلا رەحیمی پەرخی)ش خوویندویەتی.

بەڵام مامۆستا شێخ عەبدوللەتیفی واژەیی تەنیا بەوەندە وازی نەهێناوەو ئەمجار رووی لە کۆمەڵێك ناوەندی زانستی تر کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ١٩٦٣ بڕوانامەی شەشی ئامادەیی لە پەیمانگای ئیسلامیی هەڵەبجە بەدەستهێناوە.

ساڵی ١٩٦٤ لە مزگەوتی (مەولەوی) شاری سلێمانی ئیجازەی فەتواو وانەوتنەوەی پێ بەخشراوە.

لە ساڵی ١٩٧٢دا لە هەنگاوێکی نوێدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی شەریعەی (ئیمام ئەعزەم) لە بەغدا وەرگرتووەو دوای ئەوەش بێ پسانەوە هەنگاوی بە گوڕتر دەنێو دەیەوێ بە دەریای عیلمدا رۆژچێو گەوهەرو مرواری بچنێتەوە، بۆیە تەقدیمی ماستەر دەکاتو لە ساڵی ١٩٧٤ دا لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغداد بڕوانامەی ماستەری لە (اصول الفقه)دا بە پلەی (امتیاز) بەدەستهێناوە.

ساڵی ١٩٧٥ بۆتە مامۆستای کۆلێژی (امام أعظم)ی بەغداو لە ساڵی ١٩٧٩شدا بۆتە مامۆستای بەشی زمانی عەرەبی لە کۆلێژی زانکۆی سلێمانی هەم لە سلێمانیو هەم کە راشگوێزراوە بۆ شاری هەولێر لەلایەن بەعسەوە، لە ساڵی ١٩٨٤دا لە مامۆستای زانکۆوە کراوەتە پێشنوێژو وتاربێژی مزگەوتی (عەلی کەمال) لە سلێمانی.

مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف هاوکات لەگەڵ ئەم قوناغانەی خوێندنو مامۆستایەتیدا مامۆستایەکی ئاگادارو بە جموجوڵو چالاك بووە لە بواری کاری ئیسلامییو رێکخراوەییدا، سەرهەڵدانی شۆڕشو تەوژمێکی ئیسلامیی لەپێناو رزگاری میللەتو بەرەنگاربوونەوەی ستەمو داگیرکاریدا بە پێویست زانیوەو کاری بەردەوامی لەپێناودا کردووە.

مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف کە لە ١٩٧٨ەوە چۆتە ناو کاری ئیسلامییەوە هەم لەبەر جموجوڵو چالاکیو رۆڵی کاریگەری دەبێت کە لە ساڵی ١٩٨٥ لەلایەن رژێمی

بەعسەوە دەگیرێت‌و ماوەی (٨٠) رۆژ لە ئەمنی بەغدا زیندانی دەکرێ‌و هەر لە زینداندا نزیکەی (١٠) جوزئی لە قورئان لەبەرکردووە.
دوای ئازادبوونیشی هەمیشە چاودێری دەزگا ئەمنیەکانی رژێمی بەسەرەوە دەبێ، بۆیە کاتێك دەزانێ ئیتر وادەی هەنگاو و هەڵوێستی دیکەیە بڕیاری هیجرەت‌و جیهاد دەدات‌و بە خۆی‌و خانەوادەکەیەوە لە ساڵی ١٩٨٦ سایەی شوومی بەعسیەکان جێدێڵێ‌و بەمەش هەنگاوێکی گەورەو بەگوڕ بە خەباتی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی کوردستان بە رابەرایەتی مامۆستا شێخ موحەممەد بەرزنجی دەدات، هەر ئەمەش وا لە جەنابی مامۆستا شێخ موحەممەد بەرزنجی دەکات پایەی رابەرایەتی بزووتنەوەکە بە جەنابی مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف بدات، کاتێکیش جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە مامۆستایانی ئایینی‌و خەڵکێکی زۆری شاری هەڵەبجەو دەڤەری شارەزوور هیجرەت دەکات، مامۆستا شێخ عەبدوللەیف کە دووەمین رابەری بزووتنەوە جیهادییەکە بووە، دەستبەرداری رابەرایەتیەکە دەبێت بۆ مامۆستا مەلا عوسمان‌و بەرێزیان وەك رابەری گشتی‌و سێیەمین رابەر هەڵدەبژێردرێ.
دوای ئەوە مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە سەرجەم کۆنگرەو کۆنفرانسەکاندا هەڵدەبژێردرێتەوەو بەرپرسیارێتی کۆمەڵێك نوسینگەی پێ دەسپێردرێت.
کاتێك لە ساڵی ١٩٨٨دا لێپرساوی مەکتەبی دارایی دەبێ، بە شێوەیەکی مەیدانی بەسەر هێزەکانەوە دەگەڕێ‌و سەردانی ناوچەکانی قەڵاتووکان‌و شوێنەکانی تر دەکات‌و موشتاقی دیداری پێشمەرگەکانی ئیسلام دەبێت‌و بە هیوایەکی گەورەوە لێیان دەڕوانێ ، لە دوای کیمیایی بارانی هەڵەبجەشدا وەکو سەرکردەیەك بە هانای لێقەوماوانەوە دەچێ‌و رۆڵی خۆی لەو کارەساتەدا دەبینێ‌و یەك جاریش زامدار بووەو لە شەڕەکانی ناوچەی بۆسکانیش لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی ئیسلام رۆڵی بەرچاوی بینیوە.
مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف کە خاوەنی زانستێکی قوڵ دەبێ لە بوارەکانی (أصول فقەو فەرموودە)دا ئەم زانستە تەنها لای خۆی پەزمەندە ناکات، بەڵکو دەبێتە نووسەرێکی بەتواناو لە گۆڤاری (دەنگی باوەڕ)ەوە دەستدەکات بە نووسین‌و لە



خدرئاوا ١٩٨٩/٨/٢

گۆشەی (لەژێر رۆشنایی فەرموودەکانی پێغەمبەردا ﷺ) لە راقەی فەرموودەدا خامە رەنگینەکەی دەخاتە کار.

هەروەها دواتر لای خۆشیەوە دەستدەکا بە نووسینی بابەتیی و سەرەنجام کۆمەڵێك بەرهەم ئامادەی چاپ دەکات کە یەکێکیان بە ناوی (تعارض وترجيح بين الأدلة والشريعة)یە کە بە زمانی عەرەبی چاپو بڵاوکراوەتەوەو لە چەند زانکۆیەکدا وەکو مەنهەج دەخوێندرێ.

شەهید مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف لە ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ (زەکیە حەسەن عەلی)دا ژیانی خێزانی پێکەوەناوەو خۆیو خانەوادە بەرێزەکەی لە پێناو وەدەستهێنانی زانستو وانەوتنەوەو بانگەوازو جیهاددا شانیان وەبەر سەختیەکانی ژیان داوەو کوێرەوەریو غەریبی زۆریان بینیوە، مامۆستای شەهید لە ژیانی هاوسەریدا بووە بە خاوەنی چوار کورو چوار کچ بە ناوەکانی (ئەحمەد، ئەمجەد، ماجید، زانا، مریەم، سوهەیلە، شەهلا، خەندە).

بەم شێوەیە مامۆستا شێخ عەبدوللەتیفی زاناو موجاهید دوای بەڕێکردنی تەمەنێکی پڕ بەرەکەت لە خزمەتی ئیسلامو نەتەوەکەیو کاروانی جیهادو بانگەوازدا لە رۆژی (١/محرم/١٤١٤ – ١٩٩٣/٦/٢١) کە ئەوکاتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی مەکتەبی رێنموونیو بانگەوازی ئیسلامیی بوو، لە کاتی بەدواداچوونی ئەرکێکی حزبیو ئیسلامیداو لە رێگای بۆکان بە رووداوی ئۆتۆمبێل دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێتو پەیوەست دەبێ بە کاروانی شەهیدانەوەو هەر لە هەمان رووداویشدا کاکە ئیبراهیمی پاسەوانیشی شەهید دەبێ .

پاشان تەرمەپاکەکەی دەهێنرێتەوە ولەمەراسیمێکی پرشکۆو پێشوازییەکی جەماوەریو حزبیی گەورەدا لە گۆڕستانی (دەباشان)ی شاری سلێمانی بەخاك دەسپێردرێت.

مامۆستای شەهید هەمیشە لە ژیانیدا خەریکی بەشینەوەی قسەی خێرو ئامۆژگاریو رێنمونی چاکە بوو بۆ خەڵكو بە هەمان شێوەو بەڵکو زیاتریش بە پەروەردەکردنی خێزانو خزمانیەوە سەرقاڵ بوو، ئەوەتا روو لە خانەوادەکەی دەکاو بەم شێوەیە ئامۆژگاریو وەسیەتیان بۆ دەکات: "ئامۆژگاری خۆمو خێزانمو براو خوشكو کچو کوڕەکانم دەکەم بە تەقوای خواو پابەندبوون بە شەریعەتی خواوە لە قورئانەکەیو سوننەتی پێغەمبەرەکەیو ئەوەی سەلەفی صالح لەسەری بوون؛ لە بیروباوەڕو رەوشتو عیبادەتو تەرککردنی خراپەکانو بیدعەو خورافاتو هەموو ئەو دابو نەریتانەی لە ئیسلام دوورن".

# شەهید: عوسمان ئەحمەد عەزیز
## ناسراو بە: بەختیار



ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی (خەلیفە ئەحمەد)ی سەر بە ناحیەی قۆرەتووی سەر بە شاری کەلارو لە بنەماڵەیەکی عەشیرەتی هاروونی هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیی تا تەمەنی شەش ساڵی لە گوندەکەیاندا بە سەردەبات، پاشان دەکەوێتە ژیانی دوورە دەستیو دوور لە زێدی بابو باپیری پۆلی یەکەمی سەرەتایی تا سێیەمی ناوەندی لە فەلوجەو لە قوتابخانەی (ئەبو جەعفەری مەنصور) تەواودەکاتو لەوەش زیاتر بواری خوێندنی نامێنێو بە کارو کەسابەتەوە خەریك دەبێ.

لە ساڵی ١٩٨٥-١٩٨٧ لە کارگەی ئۆتۆمبیلی ئەسکەندەریە لە شاری (حللە) دادەمەزرێت.

ساڵی ١٩٨٩ پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو هەر لەو ساڵەشدا تا سەرەتای ساڵی ١٩٩١ دوچاری سەربازی دەبێو لە (بنکەی بەکری ئاسمانی) لە بەغدا دەمێنێتەوە.

ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی جەماوەری گەلی کوردستان خەونو خولیاکانی ئەویش لەگەڵ خۆیدا دێنێو بە چاوی خۆی هەرەسی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەت دەبینێو هەناسەی ئازادی هەڵدەمژێو بە ڕزگاربوونی کوردستانەکەی سەر لەنوێ لەدایك دەبێتەوە.


هەر لە ساڵی ١٩٩١و دوای ڕاپەڕین بە ڕەسمی دەبێتە پێشمەرگەو دڵسۆزانە ئەرکەکانی جێبەجێ دەکاتو بە ڕووخۆشیو لێبوردەیی جێگای خۆی لە ناو دڵی هاوڕێو دۆستانو هاوسەنگەرانیدا دەکاتەوە، شەهید لە بوارەکانی دارتاشیو خەتخۆشیو وەستاییشدا شارەزایی هەبووە، ناوبراو هەمیشە لە هەوڵی ڕازیکردنی دڵی دایكو باوكو دڵخۆشکردنیاندا بووەو بە تەواوی تێگەیشتووە کە ڕەزامەندی خوا لە ڕەزامەندیی دایكو باوکدایە.

هەروەها لە پێناو برەودان بە بانگەوازی ئیسلامیی تۆمارگەیەك بە ناوی (ڕاستیی) لە شاری کەلار دەکاتەوەو بەمەش ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە بێدارکردنەوەی لاوانو بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی ئیسلامیدا.

دواجار شەهید (بەختیار)ی ڕێبواری ڕێبازی بەختیاریو ڕزگاری ڕاستەقینە لە پێناو بیروباوەڕەکەیداو لە ڕۆژی ١٩٩٣/٧/٣١ لە مزگەوتی سەلاحەدین لە کەلار شەهید دەبێتو ماڵئاوایی لە کەسوکارو ڕابوونی ئیسلامیی کوردستانو هاوسەنگەرانی

دەکاتو گیانە پاکەکەی بەرەو هەواری ژیانی راستەقینە لە شەقەی باڵ دەدات، پاشان تەرمەکەی لە گۆڕستانی (شێخ سالّح) لە (بەرلوت) بەخاك دەسپێردرێت.
شەهید بەختیار کە لە ساڵی ١٩٨٩ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی تەنها کچێکی بە ناوی (سازان) بە دیاری بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێهێشتووە.

# شەهید: عەبدورڕەحمان موحەممەد ئەمین بەکر
# ناسراو بە: سەید عەبدورڕەحمان



ساڵی ١٩٤٢ لە خانەوادەیەکی سەر بە ساداتی بەرزنجی لە شاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە، ساتەکانی ژیانی منداڵیشی هەر ئاوێتەی سات‌و هەناسەکانی ئەو سەردەمە دوور لە جەنجاڵیەی ئەوسای سلێمانی کردووە.

هەر لە سەرەتای ژیانیەوە شانی داوەتە بەر کرێکاری‌و کارو کەسابەت‌و کوێرەوەری‌و سەختیەکان چۆکیان پێدانەداوە، ماوەیەك لە ریزەکانی کۆمەڵەدا کاریکردووە.

لە رووی کۆمەلایەتییەوە کاك سەید عەبدوڕڕەحمان حەزی بە کاری خێرو هاوکاریی خەڵك کردووە.

ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی شالاوی بەناو ئەنفالەکانی رژێمدا لە سلێمانی لەلایەن ئەو رژێمە نەگریسەوە گیراوە و پاشان رزگاری بووە .


ساڵی ١٩٩١ دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلام‌و دەستەملانی رەسەنایەتی دەبێت‌و گیانی لەگەڵ کاروانی ئیسلامخوازان‌و کاری ئیسلامییدا بالادەکات‌و نوێ دەبێتەوە، بە ورەیەکی بەرزەوە لەگەڵ هاوسەنگەرانیدا هەنگاو دەنێ‌و رێگای رزگاری‌و بەختیاری میللەتەکەی بە رێگای ئیسلامی هەوێنی ژیان‌و ئازادی راستەقینەوە دەبەستێتەوە.

سەید عەبدوڕڕەحمان بە دڵسۆزییەوە ئەرك‌و فەرمانەکانی پێشمەرگایەتی جێبەجێ دەکات‌و لە کاتی تەنگانەشدا دەبێتە شورەی دەوری پەیام‌و رێبازەکەی.

تا سەرەنجام لە ١٩٩٣/١٠/٢٣ لە چەمچەماڵ لە پێناو بیروباوەڕو خەون‌و هیواکانیدا شەهید دەبێت‌و ماڵئاوایی لە خزم‌و کەسوکارو هاوسەنگەرانی‌و دونیای فانی دەکات‌و بەرەو قاپی میهرەبانی خودا دەگەڕێتەوە، پاشان تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی شێخ سەعید بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید عەبدوڕڕەحمان خێزاندار بووەو خاوەنی چوار کوڕو هەشت کچ بووە بە ناوەکانی (لوقمان، کارزان، کاوە، بەرزان، پەخشان، پەروین، نەسرین، فەوزی، نیان، سروە، ڤیان، سازان).

# شەهید: موحەممەد ئەمین فەتاح سەعید
# ناسراو بە: مەلا حەمە ئەمین



ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی (خوێلێن)ی سەر بە ناحیەی سەنگاو لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەری عەشیرەتی زەنگەنە هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیشی لەوێ بەسەربردووەو هەر لەقوتابخانەی گوندەکەشیان نراوەتە بەر خوێندنو دوای تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی، سێی ناوەندیی لە کەرکوك بە کۆتایی گەیاندووە.


دواتر سەرقاڵی کارو کەسابەتو جوتیاریو دوکانداری بووە، لە ساڵی ١٩٨٦ەوە هاتۆتە ناو کاری ئیسلامییەوەو ناوچەی جەباری کردۆتە مەکۆی کاری ئیسلامخوازانەی خۆی.

کاك مەلا حەمە ئەمین کەسێکی کراوەو روخۆشو بە بەزەیی بوو، بە زمانو بە کردەوەو رەفتارە جوانەکانی خەریکی بانگەواز بوو، هەروەها لە بەرگدروویيو دیوار داناندا شارەزایی هەبوو.

ساڵی ١٩٨٨ دووچاری سەربازی هاتووە، ناوبراو بێزار بووە لە سیاسەتو رەفتارە شوومەکانی رژێمو دەسەڵاتی دڕندانەی بەعسیەکان، بۆیە کاتێك لە ئازاری ١٩٩١دا راپەڕینی جەماوەری گەلی کوردستان بەرپا دەبێ، بە رۆڵی خۆی هەڵدەستێو هەر لەو کاتەشدا لە بنکەی شەرەفخان دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلامو بە دڵسۆزییەوە ئەرکو فەرمانەکان جێبەجێ دەکاتو درێژە بە خەباتو تێکۆشانی ئیسلامییانەی دەداتو تەنانەت لە تامەزرۆیی شەهیدی بە سەر بەردێکەوە دەنووسێ: (ئاواتەخوازی شەهیدیم).

تا سەرەنجام کاك مەلا حەمە ئەمین لە ١٩٩٣/١٠/٢٣ لە پێناوی پەیامو بیروباوەڕەکەیو رەسەنایەتیدا لە مزگەوتی گەورەی چەمچەماڵ دەگاتە کاروانی شەهیدانو ماڵئاوایی لە ژیانی دونیاو خزمو کەسوکارو هاوڕێو هاوسەنگەرانی دەکات، پاشان تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی گوندی (مەملەحە) بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: سۆران تاهیر خورشید فەقێ حەسەن



سالّی ١٩٧٤ لە چەمچەمالّ هاتۆتە دونیاوە، ساتە رەنگالّەکانی تەمەنی منداڵیی وەك چەپكە نێرگزێكی بەهاری داوەتە دەستی چەمچەماڵ، دواتر نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغەکانی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی هەر لە چەمچەماڵ بەسەرکەوتوویی بڕیوونو دواتر چۆتە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی، بەم پێیە ئاستەکانی خوێندنی سەرەڕای هەموو کێشەو کوێرەوەرییەکانی ژیان بە سەرکەوتوویی بە کۆتایی گەیاندوون.

کاکە سۆران لە ساڵی ١٩٩١دا هاوکات لەگەڵ راپەڕینی جەماوەریی گەلی کوردستاندا پەیوەندی بە کاروانی جیهادی ئیسلامخوازانی کوردستانەوە دەکاتو لە هێزی کەرکووك دەبێتە پێشمەرگە.

ژیانی پێشمەرگایەتیو کاری ئیسلامیی چاکتر دەروازەکانی ئاشنابوون بە قورئانی پیرۆزو بەها بەرزو بالاّکان بە رووی کاکە سۆراندا دەکەنەوەو لە سۆنگەی ئەمەشەوە چەند جوزئێك لە قورئانی پیرۆز لەبەردەکاتو ژیانیشی بە جوانیەکانی ئیسلام دەرازێنێتەوەو بە تەواوی ئامانجەکانی ژیانی دونیاو ئەرکەکانی مرۆڤی موسڵمانی لەدڵدا دەچەسپیو لە ژێر رۆشنایی ئەم دەرەنجامەشدا لاوێکی ئیسلامخوازو دڵسۆزی ئاینو گەلو نیشتمانی لیّ دەردەچێت.

کاکە سۆران ئاوا ئەرکەکانی پێشمەرگایەتی جێبەجیّ دەکاتو ئاوا ساتەکانی تەمەنی لاوێتی بە ڕێدەکاو رۆژ بۆ رۆژ زیاتر کارو کردەوەی چاکە دەخاتە سەر خەرمانی حەسەناتی خۆی، تا سەرەنجام لە ١٩٩٣/١٠/٢٣ لە کاتی بەرگریکردن لە پەیامو ڕێبازەکەیدا لە چەمچەماڵ شەهید دەبیو ماڵئاوایی لە خزمو کەسوکارو هاوڕیو هاوسەنگەرانی دەکات، پاشان تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی شێخ سەعید بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: ئەحمەد زەنون مەجید



ساڵی ١٩٧٣ لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەری سەر بە ساداتی پیرخدری لە چەمچەماڵ هاتۆتە دنیاوەو ژیانی منداڵیشی لەوێ بەسەربردووە، لە قوتابخانەی ئەختەری سەرەتایی نراوەتە بەر خوێندنو ناوەندیی لە چەمی ڕێزانی کوڕانو دواناوەندیشی لە چەمچەماڵی تێکەڵ بەسەرکەوتوویی بڕیوەو دواجار تا قۆناغی شەشەمی ئامادەیی بەشی ئەدەبی درێژەی بە خوێندن داوە.

لە ژیانیدا گرنگی بە شیعرو شاعیرانو خەتخۆشیو وێنەکێشان داوەو دۆستایەتیو تێکەڵاویشی لەگەڵ خەڵکدا لە ئاستێکی بەرزدا بووەو تەنانەت چەند ڕۆژێك پێش شەهیدبوونی بەپێ سەردانی خزمو کەسوکاریو چەند دێهاتێکی کردووە.

لە پێناو دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەشدا لە کاتی دەرفەتو نەبوونی خوێندندا دەستیکردووە بە کرێکاری.

کاك ئەحمەد ماوەی چەند مانگێك لە ریزەکانی یەکێتی دا کاری کردووە، کاتێکیش ڕاپەڕینی جەماوەری بەرپادەبێ ، وەك لاوێکی خواناس بەشداری دەکاتو لە کەرکوك ڕۆڵی ئازایانە دەبینیێو ساڵی ١٩٩٣ش دەبێتە پەرژینی دەوری ڕەسەنایەتی.

کاکە ئەحمەد دڵسۆزانە درێژە بە خزمەتو خەباتی خواویستانەی دەدات لەگەڵ هاوسەنگەرانی لە کاروانی نووردا، تا سەرەنجام لە سەعات (٩)ی سەر لەبەیانی٢٣/١٠/١٩٩٣ لە چەمچەماڵ لە پێناوی پەیامو بیروباوەڕەکەیدا لەگەڵ کاك حسێن لەتیفو چەند هاوسەنگەرێکی تریدا شەهید دەبێو ماڵئاوایی لە هاوڕێو هاوسەنگەرانو خزمو کەسوکاری دەکات، پاشان تەرمەپاکەکەی لە گۆڕستانی شێخ سەعید لە چەمچەماڵ بەخاك دەسپێردرێت.

کاك ئەحمەد بەردەوام قورئانێکی بچوکی لە گیرفاندابوو، هەرکاتێك دەرفەتی بایە دەریدەهێناو پێیدا دەچۆوەو لێی دەخوێندو کاتی بەفیڕۆ نەدەدا.

شایانی باسە شەهید ئەحمەد تەنها ڕۆژێك دواتر باوکیشی هەر لەو ڕێیەدا لە چەمچەماڵ لە سەعات چوارو نیوی ئێوارەی ٢٤/١٠/١٩٩٣ شەهید دەبێو گیانی پاکی هەردوکیان ـ ئەم باوكو کوڕە خواویستو دڵبێدارانە ـ لە شەقەی باڵ دەداو بەرەو قاپی میهرەبانی خودا دەگەڕێنەوە.

# شەهید: زەنون مەجید موحەممەد
# ناسراوبە: مام سەید



ساڵی ١٩٤٢ لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەری سەر بە ساداتی پیرخدری لە (پیریادی) سەر بە چەمچەماڵ هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵی لە پیریادیو چەمچەماڵ بەسەربردووە، لە قوتابخانەی سەرەتایی (لەیلی) نراوەتە بەر خوێندنو لەبەر باری سەختی ژیان نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، پاشان خەریکی کارو کەسابەت بووە، دواتر بە (پۆلیس) دامەزراوەو نزیکەی (٥) ساڵیش تووشی سەربازی بووە.

مام سەید زۆر هۆگری قورئان بووە، بۆیە هەوڵیداوە لەبەری بکاتو توانیویەتی چەند سورەتێکی وەکو (یس)و سەرەتای (البقرة)و (سوجدة)و (الکهف) لەبەر بکات.

لەلایەکی ترەوە مام سەید ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرزی هەبووەو زۆر حەزی بە تێکەڵاوی خەڵکو هاوکاری خزمانو دۆستانو کۆمەڵگاکەی هاتووە.

ساڵی ١٩٦٧خێزانی پێکەوەناوەو بووە بە خاوەنی چوار کچو شەش کوڕ بە ناوەکانی (پەرژین، ئامین، نەشمیل، نەرمین، شەهید ئەحمەد، مەحمود، حنون، یونس، ئەیوب، یوسف).

شایانی باسە کاکە ئەحمەدی کوڕی لە ١٩٩٣/١٠/٢٣ لە چەمچەماڵ کە یەکێك بوو لە پێشمەرگەکانی ئیسلام لە پێناوی پەیامەکەیدا شەهید دەبێت.

مام سەید لە خەباتی رزگاریخوازی کوردیدا بەشداری کردووەو ماوەیەك لە شاخ بووە، کاتێکیش کە پۆلیس بووە بە هۆی ئەوەی ماڵەکەی دەکەوێتە کەناری شارو خاوەنی هەستی نیشتمانپەروەریش بووە، بووە بە دەلیلی ئەو پێشمەرگانەی ویستوویانە بێنەوە ناو شارو دوای نانخواردنو خزمەتکردن پێشیان کەوتووە بۆ شوێنی مەبەست.

هەروەها لە هەندێك رووبەڕووبوونەوەی رژێمدا بەشداری کردووە، بۆ نموونە لە شەڕێك کە لە کەندەکەوە روویداوە بەشداربووەو تیایدا دەبابەی رژێم سوتێنراوە.

مام سەید لەو راستیە دەگات کە موسڵمانەتیو ئیسلامەتی راستەقینە بریتییە لە خزمەتکردنی ئاینو گەلو نیشتمان، بۆیە بەم تێگەیشتنەوە پەیوەندی بە کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانەوە دەکاتو وەك کەسێکی دڵسۆزو ئایینپەروەر رۆڵی خۆی لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا دەبینێ، هەروەها موشتاقی ئەوە بووە بە رووسووری بە خزمەتی خودا بگاتەوەو پلەی شەهیدی بە نسیب ببێت، تەنانەت هەفتەیەك بەر لە شەهیدبوونی لە گۆڕستانی سەید زەنون لە پیریادی لای هەندێك لە منداڵەکانی دەڵێ: "ئەگەر مردم لێرە بمنێژن، شیوەنو گریانم بۆ مەکەنو دەستان لە خەنە بگرن".

تا سەرەنجام مام سەید زەنونی بۆ خواسولّحاو لە سەعات (٤,٥)ی ئێوارەی رۆژی ١٩٩٣/١٠/٢٤ لە چەمچەماڵ شەهید دەبێو ماڵئاوایی لە خانەوادەو هاورێو خۆشەویستانی دەکاتو گیانی بە دوای گیانی کوڕە شیرینەکەیدا دەفڕێ، پاشان تەرمەپاکەکەی لە گۆڕستانی (سەید زەنون) لە پیریادی بەخاک دەسپێردرێت.

# شەهید: موحەممەد حامید ساڵح موحەممەد ئەمین
# ناسراو بە: بیلال



ساڵی ١٩٧٧ لە کانی هەنجیری ئیبراهیم ئاغای ناوچەی شێخ بزێنی لە ئامێزی خانەوادەیەکی ئایینپەروەردا هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیی لە تەکیە بەسەربردووە، ئەمەش بەهۆی گیرسانەوەو نیشتەجێبوونیان لەو کۆمەڵگەیەو دابڕانیان لە نازو خۆشیەکانی لادێ بێ نازەکەیان، دواتر لە قوتابخانەی بەردەقارەمانی سەرەتایی نراوەتە بەر خوێندنو ئیتر وەك هەزارەها منداڵە کوردی بێ نازی دی بەهۆی بارودۆخی ناهەموارو سەختی ژیانەوە لە خوێندن دابڕاوە و نەیتوانیوە لە چواری سەرەتایی زیاتر درێژە بە خوێدن بدات.

بەڵام کاکە موحەممەد حامید دابڕانی لە خوێندنو قوتابخانە لە بەهرەو داهێنانی دانەبڕیوە، بەڵکو ئەو بە بڕوا بەخۆبوونەوە دەگەڵ هونەری خۆشنووسیو شێوەکاریدا هاوڕێیەتی بەستووەو شارەزایی لەو بوارەدا پەیداکردووە.

هەروەها لە بواری دابینکردنی بژێوی ژیانو کەسابەتیشدا دەبێتە وەستای گەچکاریو لەگەڵ خەڵكو دەوروبەریشدا هەمیشە دەم بە خەندەو خۆش خوڵقو کراوە بووەو حەزی دەکرد کۆمەڵگە رۆشنبیر بێو لە بەختیاریدا بێت.

کاکە موحەممەد خولیای کاری رێکخراوەیشی دێتە کەللەوە، بۆیە ماوەی چەند مانگێكو بە جیا لە هەرکام لە ریزەکانی یەکێتیو پارتیدا کاری کردووەو هەر لەو ماوەیەشدا لە کاتی راپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا رۆڵی کارا لە رامالینی بەعسیەکانو رزگاری کوردستاندا دەبینێ.

کاکە موحەممەد لە درێژەی بەشداری لە خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەماندا هەر لە ساڵی ١٩٩١دا دێتە ناو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو و لە بارەگای تەکیەی تیپی (٣٣)ی هێزی کەرکوکدا درێژە بە خەباتو دەوامی پێشمەرگایەتی دەداتو بە باوەڕێکی قووڵەوە ئامێز بە پەیامی خوداییدا دەکاتو هەموو گیانی دەبێتە دڵسۆزیو لێبڕانو بە هەستێکی بەرزەوە دەکەوێتە کارو جموجوڵو تێکۆشان لە پێناوی ئایینو گەلو نیشتمانو گەیشتنی میللەتە چەوساوەکەی بە ترۆپکی ئازادیو سەرفرازی دونیاو دوارۆژ، تا سەرەنجام کاکە موحەممەدی ناسراو بە (بیلال)و لاوی ئیسلامخوازو فیداکار لە پێناوی پەیامو خەونو هیوا رەنگاڵەو بەرزو پیرۆزەکانیدا لە رۆژی ٢٤/١٠/١٩٩٣ هەر لە تەکیە گەیشتە کاروانی شەهیدانو ماڵئاوایی لە هاوڕێو هاوسەنگەرانو خزمو خانەوادەو بەردەقارەمان کرد، دواتر

تەرمە پاکەکەشی لە ئامێزی گۆڕستانی (کانی درێژە) لە گوندی کانی هەنجیری براماغای مەڵبەندی لەدایکبوونی بەخاك سپێردرا.

شەهید موحەممەد لە بەهاری ١٩٩١دا خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی دوو کچی بە ناوەکانی (میدیا، نەوار) بەجێهێشتوون، هەمیشەش وەسیەتو ئامۆژگاری بۆ بنەماڵەو خێزانو منداڵەکانی ئەوەبووە (کە با ئیسلام تاکە ڕێگای ژیانتان بێت).



# شەهید: فازیل عەبدولعەزیز عەبدوڵڵا
# ناسراو بە: مامۆستا فازیل



گەلێك دیمەن هەن کامێرا دەرۆستیان نایە، زۆر رووداو هەن وشە زەفەریان پێ نابات، چەندەها خورپەو هەستو سۆز هەن، هێندە گەورەن، لە چوارچێوەی هیچ شیعرو پەخشانو چیرۆكو رۆمانێکدا ناحەجمنو بەردەوام لە تەشقی ئاسمانی کەڵکەڵەی عەشقو رامانو هەژاندا وەکو هەڵۆیەکی بەرزەفڕ دێنو دەچن.

ئاخر بە چ زمانێك باسی هەڵوەرینی خونچەو کوژانەوەی چراو خەفەبوونی شمشاڵو زیندەبەچاڵ کرانی سروودی کێوی دەکرێت؟

لە نێو میللەتی بەدبەختدا چیمەن پێ پەستو گوڵ پەرپەرو کانی شلوێ دەکرێت، سێرەی رقو قین لە هێمای ژیارو پێشکەوتنو هەوێنی فەرهەنگو رۆشنبیری دەگیرێتو تیری چلکن لە دڵی دەریای چاوساغو مامۆستاکەی دەدرێت..!

ساڵی ١٩٦٣ گوندی (گورگەچاڵ)ی سەر بە کەرکووکی خۆرە گیراوەکەی کوردستان بە مزگێنی لە دایکبوونی (فازیل عەبدولعەزیز)ی کۆرپەی چاوگەش بزەی خۆشیی گرتیو گەشایەوە، پاشان بەهۆی ئەوەی ساڵی ١٩٦٣ باوکی دەبێتە وتاربێژی مزگەوتی گەورەی (چەمچەماڵ)، بۆیە بەماڵەوە دەگوازنەوە چەمچەماڵ.

خوێندنی سەرەتایيو ناوەندیی لە چەمچەماڵو خانەی مامۆستایان لە ساڵی ١٩٨٢دا لە سلێمانی تەواودەکاتو لە گوندی (خاڵدان) دەبێتە مامۆستاو بۆ پەیوەندیکردن بە رابوونی ئیسلامییەوە کاریگەری مامۆستا حەسەن کوردیو مامۆستا عەلی رەحیمی بەسەرەوە دەبێت.

لە یەکەم رۆژی راپەرینەوە چەکی جیهاد لە شانی دەکاتو لە نەبەردییەکانی کەرکوکدا رۆڵی بەرچاو و کاریگەر دەبینێ، یەکەم کەس بووە کە چۆتە ناو شەریکەی نەوتی کەرکوکەوە، لەبەر لێوەشاوەیی دەکرێتە بەرپرسی پەیوەندییەکانی بنکەی (شەرەفخان)ی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکات، پاشان دەبێتە مامۆستای گوندی (خاڵ خالان)و هەر کە یەکێتی ئیسلامیی مامۆستایانی کوردستان دامەزرا، دەبێتە بەرپرسی لیژنەی چەمچەماڵو لە کۆنفرانسی دووەمی یەکێتی ئیسلامیی مامۆستایاندا بە جێگری سکرتێری گشتیو بەرپرسی لقی کەرکوك هەڵدەبژێردرێتو زۆر حەز بە کۆڕو بۆنە ئیسلامییەکان دەکاتو شارەزایی لە علومی قورئاندا دەبێتو نزیکەی (٥) جوزئی لە قورئان لەبەربووە.

شەهید مامۆشتا فازیل وێڕای ئەوەی مامۆستایەکی لێهاتوو بوو، لە کاروباری کارەباو ئەلیکترۆنیشدا زۆر لێزان بوو، هەتا بڵێی رووح سووكو قسەخۆش بوو،

ئێستاش هاوڕێکانی قسە خۆشەکانی دەگێڕنەوە، هەروەها ماوەیەکیش بە پیشەی دوکانداری‌و سەرتاشییەوە خەریك بووە.

خۆشەویستی خەڵکی چەمچەماڵ بوو، بۆ کردنەوەی گرێ کوێرە کۆمەڵایەتی‌و شەرعییەکان پرسیان پێدەکرد.

سەرەنجام مامۆستا فازیلی پێشمەرگەو مامۆستا لە ۱۹۹۳/۱۰/۲٤ وەك خونچە گوڵێکی وەبەر شەختەی پایز کەوتوو ، لە کاتی بەرگریکردن لە ڕێبازو بیروباوەڕەکەی شەهید دەکرێت‌و ماڵئاوایی لە خزم‌و کەسوکاری‌و هاوڕێ‌و هاوسەنگەرانی دەکات‌و بەرپرسیارێتی پەیام‌و ڕێبازەکەی بە ڕێبوارانو مەشخەڵدارانی راستیی و ڕەسەنایەتیی دەسپێرێت‌و تەرمەپاکەکەشی لە گۆڕستانی چەمچەماڵ ئەسپەردەی خاك دەکرێت.

مامۆستا فازیل ساڵی ۱۹۸۷ خێزانی پێکەوەناوەو لە دوای خۆی دوو کوڕی بە ناوەکانی (ئارام، ئاکۆ) بە دیاری‌و یادگاری بۆ بەجێهێشتووین.

# شەهید: بەهادین قادر فەرەج



ساڵی ١٩٦٧ لە گەرمەی دەبەرێکڕاچوونی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردو داگیرکەرانی کوردستاندا لە شاری کەرکووکدا هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیشی هەر لە کەرکووکو لە گەڕەکی ئابلاخ بردۆتەسەر، پاشان نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی نالیو تا پۆلی سێیەمی ناوەندیشی لە ناوەندی ئیمام قاسم خوێندووەو لەوەش زیاتر بەهۆی بارودۆخی ناهەمواری سیاسیی ئەوکاتەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات.

ساڵی ١٩٨٢ بەشداری خۆپیشاندانی ئەوسای قوتابیان لە کەرکووک دەکات، کە زوربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانیان بە دژی رژێمی بەعس گرتبۆوەو رۆڵێکی گرنگ لەو خۆپیشندانانەدا دەگێڕیو بەمەش ترسێکی زۆر دەکەوێتە دڵی رژێمەوە، بۆیە دەکەوێتە دەستگیرکردنو هەڕەشەو چاو لێسوورکردنەوەیان.

کاک بەهادین هەر لە منداڵییەوە میللەتپەروەریی بە بەشێك لە دینداری خۆی دەزانیو لە ئاست زوڵمو ستەمی بەعسیەکاندا گەنجێکی خوێنگەرمو رق ئەستووری لێدەردەچیو تەنانەت ئامادە نابێ چەکی سەربازیش بۆ ئەو رژێمە بکاتەشانو فیرار دەکاتو دەڕواتە گوندی (قازان)ی ناوچەی سورداشو ماوەیەك لەلایەن یەکێتییەوە بەهۆی لێهاتووییەوە دەکرێتە لێپرسراوی هێزی بەرگری گوندی قازان.

ساڵی ١٩٨٧ کاک بەهادینی لاوی خوێنگەرمو پێکراو لە رێی شەهید مامۆستا وریا کەرکووکییەوە پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو قۆناغێکی نوێ لە ژیانیدا دێتە ئاراوەو دڵسۆزانە ئەرکەکانی سەرشانی رادەپەڕێنێ.

ساڵی ١٩٩١و لەگەڵ راپەڕینی جەماوەری گەلی کوردستاندا کاک بەهادین یەکێك لەو رۆڵە ئیسلامخوازە بەجەربەزەو ئازایانەی کاروانی جیهادی ئیسلامیی کوردستان دەبێت کە لەگەڵ هەڵمەتی هێزی پێشمەرگەی ئیسلامو رێکخستنە جوامێرەکانیدا لەتەك هێزی پێشمەرگەی لایەنە سیاسیەکانو جەماوەری راپەڕیودا هەڵمەت دەباتە سەر دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێمو تەنانەت یەکێك لەو دەستە سەرەتاییانە دەبێت کە یەکەمجار دەچنە ناو بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشو پۆلیسی کەرکووکەوەو دەستی بەسەردا دەگرن.

دوای ئەوە کاك بەهادین درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەداتو لە بارەگای (باینجان)ی سەر بە هێزی سلێمانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتە دەوام دەکاتو لە

هەمانکاتیشدا دەبێتە بەرپرسی ڕێکخراوی باینجانو وەك ئەندام ناوچەیەکی کاراش ڕۆڵی خۆی لە هۆنینەوەی ریزەکانی ڕێکخستنی سنوورەکەدا دەبینێ.

کاك بەهادین بە هەڵسوکەوتە جوانەکانیو خەسڵەتی نەرمو هێواشیو کراوەییەی لەگەڵ خەڵكو خزمدۆستیو ئازاییو بوێریو چاونەترسیەی کە هەیبوو، جێگای خۆی لە ناو دڵی خانەوادەو خزمو کەسوکارو هاوڕێو هاوسەنگەرانیو دەوروبەرەکەی بەگشتی دەکاتەوە، هەمیشەش لە هەوڵی پەیداکردنی شارەزایی زیاتردا دەبێ لە ڕێبازی ئیسلامو بۆ ئەو مەبەستەش گرنگی بە موتالاو خوێندنی زانستە شەرعییەکان دەدا.

سەرەنجام کاك بەهادین قادر فەرەجی پێشمەرگەی قارەمانی ئیسلامو ڕۆڵەی دڵسۆزی نیشتمان لە ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/٢٥ لە باینجان لەگەڵ هاوسەنگەرانی (کاك جەمیل ناسراو بە (سەیفوڵلا)و کاك فەریقو کاك ئازاد) لە کاتی بەرگری لە ڕێبازو بیروباوەڕەکەیان بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو ماڵئاوایی لە ژیانی دونیایی دەکات، تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی (کوپەلە) لە باینجان کە زێدی دێرینی بنەماڵەو بابو باپیرانیەتی بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید بەهادین کە ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ (بەهار خان) خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی کچێكو کوڕێکی بە ناوەکانی (بەنانو بەڕێز) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێهێشتوون.

# شەهید: عەلی عەبدوڕڕەحمان عەبدوڵڵا
# ناسراو بە: زوبێر



ساڵی ١٩٧٠ لە ئامێزی بنەماڵەیەکی سەر بە هۆزی جەباری لە شاری هەولێری قەڵاو منارە چاوی بەژیانو کوردستان هەڵێناوەو ژیانی منداڵیشی هەر لەوێ بەسەر بردوە، لە قوتابخانەی سەرەتایی (باداوە) دەنرێتە بەر خوێندنو شەشی سەرەتایی تەواو دەکات، دواتر لەبواری کارەباییدا شارەزایی پەیدا دەکاتو بڕوانامەی پیشەیی کارەبایی وەردەگرێت .

شەهید عەلی بەرەبەرە ئیلتیزامی ئیسلامیی تێدا بەهێز دەبێتو دڵی بە مزگەوتەوە دەبەسترێتەوەو هاتووچۆی مزگەوتی راستی دەکات.

ماوەیەکیش لای مامۆستا مەلا عەبدولفتاح چەند زانستێکی شەرعی دەخوێنێتو لەسەردانو بەسەرکردنەوەی خزمو دۆستانیشدا دەستگەرم دەبێت.


شەهید عەلی ناسراو بە (زوبێر) کە لە خۆشەویستی هاوەڵانی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێو جیهادو تێکۆشانەکەیاندا ئەم ناوەی وەك ناوێکی خوازراو بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، لە کۆتایی هەشتاکاندا پەیوەندی بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەوە دەکاتو چالاکانە ئەرکەکانی رادەپەڕێنێ، لەگەڵ دەستپێکردنی راپەڕینیشدا بە جۆشو خرۆشەوە بەشداری رامالینی بەعسیەکان دەکاتو رۆڵی ئەو بەسەر دۆشکەکەی سەربانی قوتابخانەی (نالی)یەوە، شاهیدی جوامێریو ئازایەتی ئەوە لە راپەڕیندا، هەر لەو ساتەشەوە چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانو لەگەڵ هاوسەنگەرانیدا لە میحوەری هەولێر دڵسۆزانەو بە رێكو پێکی ئەرکو فەرمانەکانی جێبەجێ دەکاتو بە ئومێدێکی زۆرەوە لە ئاسۆی ئازادی میللەتەکەییو کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان دەڕوانێو دەخوازێ گەلو نیشتمانەکەی لە ژێر سایەی ئالای (لا إله الا الله محمد رسول الله)دا بە ترۆپکی سەرفرازی بگەن.

هەر بۆیە لەو پێناوەشدا ئامادەی شەهادەتو گیانبەخشین دەبێتو دەڵێ: (ئەگەر شەهید بووم رێبازەکەم بەرمەدەن)، بەم هەستو نەستە پیرۆزەوە ژیان بەرێ دەکاتو لە دڵی هاوسەنگەرانیدا جێگای خۆی دەکاتەوە، لە زستانی ١٩٩٣شدا دەبێتە پارێزەری رێبازو بیروباوەڕەکەیو هەر لەو ساڵەشداو لە ١٩٩٣/١٢/٢٠ لە گوندی مەلەکان لەگەڵ شەهید عابدا دەگاتە کاروانی شەهیدانو ماڵئاوایی لە ژیانی فانی دنیایی دەکاتو بەرەو ژیانی نەبڕاوەو هەمیشەیی دەکەوێتە رێ، تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی (سەید مەعروف) لە هەولێر بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید زوبێر لە ساڵی ١٩٩٢دا ژیانی هاوسەری پێکهێنابوو، دوای خۆی تەنها کوڕێکی بە ناوی (نەبەز) بە دیاری بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێ دێڵێ.

# شەهید: ئەیوب حسێن عەبدوڵڵا رەسوڵ

## ناسراو بە: هیوا



ساڵی ١٩٧٣ لە گوندی (شیوەڕەز)ی دامێنی چیای سەرکەشی مامەندەی پشدەر لە ناو ئامێزی خانەوادەیەکی سەر بە عەشیرەتی ناسراو بە (مەلازادە) هاتۆتە دونیاوەو بەر لەوەی چاوی لە دیمەنە رەنگینەکانی گوندەکەیانو مامەندە تێر ببێ، بە هۆی راگوێزانیانەوە لە لایەن رژێمی بەعسەوە لە کۆمەڵگای زۆرەملێی ژاراوە دەگیرسێنەوە، لە قوتابخانەی ژاراوەی سەرەتایی تێکەڵاو دەچێتە بەر خوێندنو تا پۆلی یەکەمی ناوەندی دەخوێنێ.

لە ساڵی ١٩٨٦ەوە ئیلتیزاماتی ئیسلامیی دەستپێدەکاتو بە هۆی فیترەتی خاوێنییەوە تا دێ زیاتر خۆشەویستیی خواو پێغەمبەر ﷺ و کاری ئیسلامیی لە دڵدا دەچەسپیو خۆی لە بەرامبەر ئایینو گەل ونیشتمانەکەیدا بە بەرپرسیار دەزانیو ناتوانێ چیتر لە ژێر سایەی رەشی بەعسییەکاندا بمێنێتەوەو چاو لە ستەمو خوێنڕێژییان بپۆشێ، بۆیە شەهید هیوا شیوەڕەزی لە ساڵی ١٩٨٩دا دەبێتە هاوڕێی سەنگەرو لە هێزی حەمزە چەکی ئیسلام دەکاتە شانو سەر لە نوێ لە دایک دەبێتەوە، لەوێ دەبێتە نموونەی پێشمەرگەی دڵسۆزو گوێڕایەڵو لە ناو دڵی هاوسەنگەرانیدا جێگای خۆی دەکاتەوە.

کاتێکیش لە ١٩٩١/٣/٥دا جەماوەری گەلی کوردستان بە رووی بەعسیەکاندا رادەپەڕێ، کاکە هیوا شیوەڕەزی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی ئیسلامدا دادەبەزێو رقی پیرۆزی خۆی بەسەر دوژمندا دەبارێنێو هیممەتی مەردانە دەنوێنێ، دواتر لە مەڵبەندی سێی رانیە درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەداتو بۆ هەر شوێنێکو ئەرکێك فەرمانی پێ بکرێت شانی دەداتە بەرو دڵسۆزانە رای دەپەڕێنێ.

تا کاکە هیوا لە یەکێك لەو ئەرکانەدا کە بەمەستی دەوام لەگەڵ هێزێکی مەڵبەندی سێدا بۆ گەرمیان دەنێردرێ ، لە نەغافڵ لە رۆژی١٨/١٢/١٩٩٣ لە نێوان کەلارو کفری دەستڕێژیان لێدەکرێو سەرەنجام کاکە هیوای دڵ پڕ لە باوەڕو هیوالگەڵ سێ هاوسەریدا شەهید دەبێو دواتر تەرمە پاکەکەی هەر لە گوندی شیوەڕەز بەخاك دەسپێردرێتو بەم پێیە کاکە هیوای پێشمەرگەی دلێرو تازە لاوی ئیسلامو قارەمانی رۆژە سەختەکان،ماڵئاوایی لە ژیانی دونیاو خزمو هاوڕێو هاوسەنگەرانی دەکاتو دەگەڕێتەوە حزووری قاپی میهرەبانی خودا.

# شەهید: قادر حەممەد قادر
## ناسراو بە: عەبدولقادر سینەمۆگی



بناری قەندیلی سەرکەش جمەی دێ لە گوندی وا کە دڵو دەروونی وەکو بەفری (کەوگەزو شێخ شەرۆ) سپیو خاوێنەو بە درێژایی مێژوو بوونەتە لانەو زێدی کوڕانی خواناسی سەر راستی کوردەواریی ، کە بوونو مانی خۆیان کردۆتە قوربانی وریاکردنەوەو خزمەتکردنی رەشو رووتی چەوساوانی کوردستان.

(سینەمۆکە)ی زێدەکەی مامۆستا ئەحمەد سینەمۆکیی شەهیدی زاناو موجاهیدی فەرماندە ، یەکێك لەو گوندانەیەو هەمیشە مەکۆی لاوانی خواناسی گیان لەسەردەست بووە، یەکێك لەو رۆڵە بە ئەمەکانەی ئەو گوندە ئیسلامپەروەرەش کاك قادر حەمەد قادرە کە بە (عەبدولقادر سینەمۆکی) ناسراوە.

شەهید عەبدولقادر ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی سینەمۆکەی بناری قەندیل لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەری شاروشی سەر بە عەشیرەتی ئاکۆ لەدایك بووە، دوای راگواستنی گوندەکەیان لەلایەن رژێمی بەعسەوە خانەوادەکەیان لە چوارقوڕنە نیشتەجێ بووەو لەوێش لە قوتابخانەی (ئالان)ی سەرەتایی قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە، دواتر تەنها تا سێی ناوەندی خوێندووە، پاشان بە کارو کەسابەتو هاوکاریی خێزانەکەیانەوە سەرقاڵ بووە، لەگەڵ ئەوەشدا لای مامۆستا مەلا ئەحمەدی سینەمۆکەیی شەهید ماوەیەك لە کۆمەڵگای چوارقوڕنە خوێندوویەتی، لەمەشەوە زیاتر هۆگری ئیسلامو مزگەوتی (سەلاحەدین)ی شارۆچکەکەیان دەبێت، کاکە عەبدولقادر سینەمۆکی حەزی بە سروود وتن و هاوکاریو تێکەڵاوی خەڵك دەکرد.

لە دوای راپەڕینو لە ١٩٩٢/١٢/٢٠دا پەیوەندی بە ریزەکانی کاروانی رابوونی ئیسلامی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٩٣ بە رەسمی دەبێتە پێشمەرگەو لە تیپی (٩٣)ی سەلاحەدینی ئەیوبیو پاشان لە تیپی شەهید مامۆستا مەلا ئەحمەدی سینەمۆکی سەر بە مەڵبەندی سێی رانیە دەوامی پێشمەرگایەتی دەکاتو دڵسۆزانە ئەرکەکانی رادەپەڕێنێ، هەمیشە پەرژینی دەوری بەها باڵاکانو کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان دەبێت.

شەهید عەبدولقادر لە درێژەی دەوامی پێشمەرگایەتیدا هەر شوێنێك پێویست بوویێو بۆ هەر جێیەك راسپێرابێ لەوێ بووە، تەنانەت دڵسۆزیو حەماسەتی پێشمەرگانەی دەیگەیەنێتە کەلارو لەوێ دەبێتە پەرژینی رێبازو بیروباوەڕەکەی زستانی ساڵی ١٩٩٣ش بەشداری رێپێوانی شاری رانیە دەکاتو هەر لەو رێپێوانەداو

لە ١٩٩٣/١٢/٢٠ کاك عەبدولقادری تازە لاوو دڵ پڕ لە عەشقی خوایی‌و میللەتە چەوساوەکەی، بە دەستڕێژێك ماڵئاوایی لە ژیانی کورتی دونیایی دەکات‌و کۆڵی خەم‌و کاروانی خەبات دەداتە دەست هاوڕێ‌و هاوسەنگەرانی‌و پاشان تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی کۆمەڵگەی چوارقورنە بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: عەبدوڵڵا پیرۆت ڕەسوڵ



كـامێرای چـاوی چـیای (هەیبـەت سـوڵتان) رووداو و كارەسـاتەكانی رابـردووی تۆماركردوون، ئێستا چاووم لێیە لەسەر شاشەی بیرەوەرییەكانی، نمایشی داستانی بەرەنگاری شەهید (زانـا)و (كاكـە)و پێشمەرگە دەست بە دەستنوێژەكانی ئیسلام لەگـەڵ تانـكو زرێپـۆشو چڵكاوخۆرانی بـەعس لـە كـاتی كۆڕەوەكـەدا لـە پـردێو هەڵمەتەكانی شـەهید مامۆستا (شـەریف)و مامۆستا (جـەمال)و پێشمەرگەكانیان دەكات بۆ سەر رەبیـەكانی دۆڵـی خەلـەكان لـە پـەلامارە دڕندانەكـەی رژێم لـە دوای راپەڕین بۆ سەر كوردستان، چاوم لێیەو ئێستا هەیبەت سولتان دەستی لە ناو دەستی پۆلە شەهیدەكەی (كۆیە) كردووەو پێكەوە دەڕۆنە دیدەنی (مـەلای گـەورە)و (حـاجی قادر)، هـەر هێنـدە نـا، بـەڵكو ئـەوە هەیبـەت سـوڵتانو مەراسـیمی پـێ بەخشینی مەدالیای رێزو ئافەرینو دەستخۆشانە بۆ ئەو پێشمەرگە نورانیانەی كە وەك چۆن لـە مشتو ماڵو خاوێنكردنەوەی دڵو دەروونی خۆیان لە چڵكو چەپەری گوناهو تاوان لە كاردابوون، ئاواش لە پاككردنەوەی هەیبەت سوڵتان لەو (لوغم)انەی كە دەمێك ساڵە لە لایەن دوژمنانی كوردەوە نراونەوە كەوتبوونە خۆ، ئەوە هەیبەت سـوڵتانو ئـەوەش شەهیدان، بنۆڕن چۆن پێكەوە سروودی رەسەنایەتی خۆیان دەڵێنەوە.

یەكێك لەو شەهیدە ئازیزیانەی بـە دەم گوتنـەوەی ئـاوازی سـروودی رەسـەنایەتییەوە گیانی دەسپێریو لە هەیبەت سوڵتانەوە دەستو پەنجە لەگەڵ سەروەریدا نەرم دەكـات (عەبدوڵڵا پیرۆت) ناسراو بە (عـەبدوڵڵا مەرگەیی)یە.

ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی (مەرگە)ی بـەری مەرگـەی سـەر بـە شارۆچـكەی بنگـرد لـە ئامێزی بنەماڵەیەكی ئایینپەروەردا چاوی بە ژیان هەڵێناوە، هـەر بـە منداڵـی وەبـەر خوێندن نراوەو بووە بە فەقێ، بەڵام بـە هـۆی دەسـتكورتی خێزانەكەیـەوە نـەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بداتو شانی وەبەر كارو كەسابەتو سەختیەكانی ژیانی لادێ ناوە.

دوا بەدوای راگواستنی گوندەكەیان لە لایەن رژێمی بەعسی خوێنڕێژەوە ماڵەكەیان لە كۆمـەڵگای زۆرەملێی حاجیاوا نیشتەجێ دەبێت.

لەگەڵ راپـەڕینی ئـازاری ١٩٩١دا پەیوەنـدی بـە ریـزی رێكخـستنەكانی بزووتنـەوەی ئیسلامیی ئەو كاتەوە دەكاتو رۆڵـی خۆشی لە راپەڕیندا دەگێڕێ.

دواتر لە تیپی (٦٣)ی خالیدی كوڕی وەلیدی سەر بە مەڵبەنـدی سـێی رانیـە دەبێتـە پێشمەرگەو لە بارەگای تەقویەی تەلەفزیۆن لە هەیبەت سوڵتان دڵسۆزانە ئەركـەكانی رادەپەڕێنێ.

تا سەرەنجام کاك (عەبدوڵڵا پیرۆت)ی پێشمەرگەی ئیسلامو دونیا دیدە لە رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٢ لەگەڵ کاك (رەسوڵ نەبی ئەحمەد)دا هەر لە هەیبەت سوڵتان دەگاتە کاروانی شەهیدانو گیانی بەرزەفڕی لە شەقەی باڵ دەداو دەگەڕێتەوە قاپی میهرەبانی خوداو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی حاجیاوا بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهیدی ڕووناكبیر: موحەممەد مەحموود ئەحمەد



تریفەی بزەو نیگا ئیمانیەکەی ئاوێزانی گیانت دەبووو لە ناخەوە خۆشت دەویست: کەڵەگەت‌و سەربەرز وەکو لوولەی تفەنگەکەی شانی‌و دوندە سەرکەشەکەی (کێلێ)و نوورانی وەك تریفەی مانگەشەوی گردی (حوسنی)، گەش‌و لێو بە بزە وەکو گزنگی سەری (مامەندە)و زەردە پەڕی ترۆپکی (قەندیل)و شەبەقی تروسکەی رەنبووە بەفری (کوڕیس)و رەونەقی قەڵبەزەی (ئاوە سپی)یەکەی سەرچاوەی هەڵشۆ.

زاناو رۆشنبیر کەم نین، بەڵام تەنها ئەوانە خۆیان بە سیفەتی بێ فیزیی‌و جوامێری دەرازێننەوەو لە قەڵەمڕەوی زاتی خۆیان هەتڵە دەبن‌و بۆ بەرچاو روونکردنەوەی خەڵکی دەسووتێن ، کە لە دەلاقەی رووتی تەقواو خواناسییەوە لە شت دەڕوانن‌و دنیا بە کێڵگەی قیامەت دەزانن‌و پشت لە جاهیلیەت‌و نەفامی‌و بەتەواوی روو لە خوای میهرەبانن.

کاك موحەممەد مەحمود یەکێك بوو لەو کادیرە لێهاتوو و پێشکەوتوانەی رەفتاری پێش گوفتاری بەرەو رێگای بەختیاری کە شاڕێگەی ئیسلامە، دەبوونە چاوساغی خەڵکی دەروبەرو لە شەوی نووتەکی بیردۆزەو رێچکانی دەردەهێنان، چونکە لە ئەنجامی خۆناسین‌و خواناسینی راستەقینەیەوە بێ فیزیی‌و ئارامی‌و تەقوای لێ دەباری.

ئەو کەڵە پیاوە وەکو خونچەیەکی پاییزی لە ساڵی ١٩٦٦ لە قەڵادزێی ئامێزی پشدەری مەڵبەندی ئیسلام‌و رەسەنایەتییەوە لە نێو بنەماڵەیەکی عەشیرەتی میراودەلی کەوتە نێو دەریای ژان‌و ئاسۆری کوردەواری‌و چاوی بە ژیان هەڵێنا.

ژیانی منداڵی لەوێ بەسەر بردووەو دوای بڕینی قۆناغی سەرەتایی، قۆناغی ناوەندی لە ناوەندی ئاسۆسی قەڵادزێ‌و ئامادەییشی لە دواناوەندی قەڵادزێی کوڕان تەواوکردووەو پاشان لە ساڵی ١٩٨٦ بەشی کیمیای کۆلێژی زانستی لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر بە کۆتایی گەیاندووەدوای ڕگواستنی قەڵادزێ لە ساڵی ١٩٨٩ ، ماڵەکەیان لە کۆمەڵگای زۆرەملێ بازیان نیشتە جێ دەبێ.

شەهید موحەممەد مەحمود عاشقێکی شەیداو تامەزرۆی خوێندنەوەو فێربوون بوو، بەردەوام خەریکی خۆ رۆشنبیرکردن‌و لێکۆڵینەوە بووە، یەکێك لەوانەی هاوڕێی خوێندنی بووە دەیگوت: ئەوەندەی پێکەوە بووین هیچ شەوێکم پێ شك نایەت کاك

موحەممەد بە نووستنی خۆی نووستبێت، بەڵكو هەموو جارێ نیوەشەوێ، یان دوای نیوەشەوێ كە یەكێكمان وەخەبەر دەهاتین دەماندیت ئەوە بەسەر كتێبێكەوە خەوی لێكەوتووەو ئێمەش بەتانیەكەمان پێدا دەدا!!

لە ئەنجامی ئەو شەونخونیی و خۆ ماندووكردنەیدا بوو بوو بە رووناكبیرێكی لێهاتوو لە زانستە ئیسلامیەكانو ڕێبازە كۆنو تازەكاندا، شارەزاییەكی قوڵی پەیداكردبوو، دەورێكی بەرچاوی لە بڵاوكردنەوەی ئیسلام لە نێو قوتابیانی زانكۆدا هەبوو، لەو بارەیەوە بوو بوو بە قامك نیشان.

كاك موحەممەد مەحمود هەر لەسەرەتای هەشتاكانەوە وەك لاوێكی رۆشنبیرو مولتەزیمی ئیسلامیی دەردەكەوێتو لە سەرەتای راپەڕینی (١٩٩١)دا پەیوەندی بە بزاڤی ئیسلامیی كوردستانەوە دەكاتو دواتر لە بارەگای بازیان دەبێتە پێشمەرگەو بە ڕێبازی جیهاددا دەكەوێتە رێو دەبێتە نموونەی لاوی رۆشنبیری بە مشوورو دڵسۆزو لەو مەیدانەدا بە راپەڕو هەڵسوڕاوانە دەكەوێتە جموجوڵ، تاكو شۆقی مەشخەڵی دڵو بیرە رووناكەكەی بگەیەنێتە دەوروبەریشو تا دەكرێ خەڵك ببنە هاوبەشی تامو چێژی ئیمانەكەی.

لە هەر شوێنێك تروسكەیەكی بەدی كردبا، بە هەموو تواناو بە بەهرە مەزنەكەیەوە هەوڵی دەدا بیكاتە بڵێسەو مەشخەڵو نوورستانێكی پێ وەدی بێنێ.

دوای نیشتەجێبوونەوەی خانەوادەكەیان لە قەڵادزێو هەر لە ساڵی ١٩٩١دا لە تیپی (١)ی برایەتی سەر بە مەڵبەندی (٣) لە قەڵادزێ درێژە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی دەداتو لە پاڵ كاری پێشمەرگایەتیشدا لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ یەكەمجار لە قەڵادزێ دەرسی ئافرەتان لە مزگەوتی (ئەبوبەكری سدیق) دادەنێتو كۆمەڵێك وانەی تێدا دەڵێتەوە، ئەمە جگە لە دەرسی گشتی كە هەر لە مزگەوتی ناوبراودا بەڕێوەی دەبردو وانەی تێدا دەوتەوە.

هەروەها هەر لەبەر سەر راستیو دڵسۆزیو لێوەشاوەیی پاش كۆنگرەی شەشەمی بزووتنەوە كە لە (٢٥-١٩٩٢/٧/٢٧) لە سەرئەشكەوتان بەسترا، بە ئەندامی مەكتەبی رێكخستن هەڵبژێردراو چالاكانە دەستی بە بەرنامەڕێژییو تێرو تەسەلكردنی چالاكیەكانی رێكخستن كرد.

ساڵی ١٩٩٢ لە خولێكی كادیراندا كە لەسەر ئەشكەوتان لەلایەن مەكتەبی رێكخستنەوە كرایەوەو (٨٨) ئەندامی تێدا بەشداربوون، كاك موحەممەد تیایدا

مامۆستایەکی خولەکە بوو، وانەی تێدا دەوتەوە، ئەمە جگە لە دەورە تایبەتیەکانی بۆ تیپی یەکی برایەتی.

وێڕای ئەمە هەر لە دەورەیەکی تایبەتی کادیراندا کە لە ١٩٩٣/١٢/١ بۆ زیاتر لە (٨٠) کەس لەلایەن مەکتەبی ڕێکخستنەوە بەسەرپەرشتی مامۆستا عەلی باپیر لە ناو بارەگای مەڵبەندی سێ لە ڕانیە کرایەوەو تا ١٢/٢٠ بەردەوام بوو، کاك موحەممەد مەحمودی مامۆستاو ڕۆشنبیر وەك مامۆستا کۆمەڵێك وانەی دەوتنەوە.

جیا لەم بوارانە شەهید موحەممەد مەحمود لە بواری سوڵحو ئاشتەواییو چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیو چینایەتیەکانو خۆشکردنی نێوانی خزمانو دۆستاندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، بە هەموو شێوەیەك هەوڵی چەسپاندنی ئاشتەواییو برایەتیو یەکڕیزیی دەداو بە گژ پەرتەوازەییو پیلانی پیلانگێڕاندا دەچۆوەو تەنیا تۆوی خۆشەویستیو متمانەو ڕێزو تەبایی دەوەشاندو تا سەر ئێسقان ڕقی لە ستەمو دەمارگیریو خۆبەزلزانینو چەواشەیی دەبۆوە.

کاك موحەممەد مەردی مەیدانی بانگەوازو ڕێکخستنو جیهادو بەرەنگاری بوو، وەکو ڕەوەزە سەختەکانی کێوەڕەش خۆڕاگرو دامەزراوانە بەرگری لە ڕێبازو بیروباوەڕەکەی دەکردو بۆی تێ دەکۆشا.

سەرەنجام لە ڕۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٠دا لە پێناوی کاروانو ڕێبازو بیروباوەڕەکەیدا لە ڕانیە بە سەختی بریندار دەبێتو دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانەی ڕانیەو لە ١٩٩٣/١٢/٢٢دا گیانە پاکەکەی کە لە ناخەوە شەیداو تامەزرۆی شەهیدیو دیداری خوا بوو ، بەرەو قاپی میهرەبانی خودا لە شەقەی باڵ دەداو پاشان تەرمە پاکەکەی دەبرێتەوە بۆ قەڵادزێی قەڵای شۆڕشو بەرنگارییو هێمای ڕەسەنایەتیو لە گۆڕستانی قەڵادزێ بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید موحەممەدی پێشمەرگەو مامۆستاو ڕۆشنبیر ساڵی ١٩٩٢ خێزانی پێکەوەنابوو، تەنها کوڕێکی بەناوی (ڕابەر) کە دوو مانگ دوای شەهیدبوونی لە دایك دەبێت ، بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێ دێڵێ.

# شەهید: عەبدوڵڵا موحەممەد قادر
# ناسراو بە: عەبدوڵڵا ڕیش سپی




سالّی ١٩٧٠ لە گوندی(تەچەقەوی) سەر بە (کفری) لە بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی زەنگەنە چاوی بەژیانو دیمەنە رەنگینەکانی کوردستان هەلّێناوە، ژیانی منداڵیی لە گوندەکەیان بەسەر بردووە، تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی (گاخۆر) خوێندووە، پاشان لەگەلّ سەختیەکانی ژیاندا دەکەوێتە ململانێو نیگای هیوا لە ئاسۆی بەختەوەرییو سەرفرازی دەبڕێ، تا دێ چاکتر لەگەلّ تالّیو سوێریدا دەستو پەنجە نەرم دەکاتو قەدەری ژیان لە چەندان ویستگەی وەکو (صمود) ناحیەی رزگاریو تەپەعەلی دەیگیرسێنێتەوە.

سەرەتای ئیلتیزامی ئیسلامیی لە کۆمەلّگەی (صمود) رزگارییەوە دەستپێدەکاتو لەوێوە باشتر بە رێبازی راستەقینەی ئیسلامو کاروانی ئیسلامخوازان ئاشنا دەبێو تێ دەگات مرۆڤ لە کوێوە بە هەواریی ئازادییو بەختیاریی راستەقینە دەگاتو ئەرکی چییە لە ژیاندا، هەر لەمەشەوە هەولّی زیاتر شارەزابوون لە ئایینی ئیسلامو فەرمانو رێنومایییەکانی دەداتو دلّی بە مزگەوتو کاروانی ئیسلامخوازانەوە دەبەسرێتەوە.

شەهید عەبدوڵلا ریش سپی لە پێناو دابینکردنی بژێویی ژیانیشدا بە کشتوکالّو کرێکارییەوە خەریك دەبێ.

لەگەلّ راپەڕینی شکۆداری ئازاری ١٩٩١ یشدا دەبێتە پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو لە بارەگای تیپی موصعەبی کوڕی عومەیری سەر بە هێزی گەرمیان لە (صمود) (رزگاری)ی ئێستا و درێژە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی دەداتو بە دلّسۆزییو لێبڕاوییو ئارەقەو خوێن لە خزمەتی رێبازی راستەقینەی ژیاندا دەبێتو جێگای خۆشی لە ناو دلّی هاوسەنگەرانیدا دەکاتەوە، تا سەرەنجام لە (١٩٩٣/١٢/٢٣) لە کفری دەبێتە ئەستێرەیەکی تری ترۆپکی سەروەرییو دەگاتە کاروانی شەهیدانو دەگەڕێتەوە بەر ئاستانەی قاپی میهرەبانی خوداو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی کفری بە خاك دەسپێردرێت.

# شەهید: ستار عەلی فەتاح



ساڵی ١٩٦٥ لە گەرمەی ژانو ناسۆرەکانی گەلی کوردو لە بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی جافو لە شاری خانەقین هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیی لە ناصریەو خانەقین بەسەر بردووە، دواتر نراوەتە بەر خوێندنو تەنها تا پۆلی پێنجەمی قۆناغی سەرەتایی خوێدوویەتی، پاشان بە کارو کەسابەتەوە خەریك بووەو ماوەیەکیش دووچاری سەربازی هاتووە.

لە ساڵی (١٩٨٥-١٩٨٧) لە ریزی یەکێتی نیشتمانیدا کاری کردووەو ویستوویەتی خزمەتێك پێشکەشی نەتەوەکەی بکات.

کاتێکیش زۆرتر لە بۆتەی تاقیکردنەوەکانی ژیاندا قاڵ دەبێتەوەو لە دیدگایەکی نوێوە لە ژیان دەڕوانێ، بە کاروانی ئیسلامخوازانی کوردستان ئاشنا دەبێتو لەوێوە دڵی لەگەڵ دڵی کاروانەکەدا لێدەداتو هەمیشە لە سۆراغیدا دەبێت.

شەهید ستار لە ساڵی ١٩٩١ دا کە ئاسۆیەکی نوێ بە رووی گەلی کوردی ستەمدیدەدا دەکرێتەوەو راپەڕینێکی جەماوەریی‌و سەرتاسەریی تێدا بەرپا دەبێ، ئا لەوێوە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەو سەردەمەوە دەکاتو لە هێزی گەرمیان چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانو دڵسۆزانە ئەرکەکانی رادەپەڕێنیو گیانی لە پێناو سەرخستنی ئاڵای (لا إله إلاّ الله محمد رسول الله)دا دەخاتە سەر لەپی دەستو لە ئاستەنگەکانیشدا بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستیو جارێکیش لەو پێناوەدا بەر لە شەهیدبوونی بریندار دەبێت.

سەرەنجام کاکە ستاری پێشمەرگەی بە ئەزموونو قارەمان لە (١٩٩٣/١٢/٢٣) لە شاری کەلار بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو تەرمەپاکەکەشی لە گۆڕستانی (شێخ عەبدورڕەحمان)ی کەلار بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید ستار لە ساڵی ١٩٨٩ خێزانی پێکەوەنابوو، لە دوای خۆی کچێكو سێ کوڕی بە ناوەکانی (زەینەب، موحەممەد، ئیبراهیم، عەلی) بە دیارییو یادگاریی بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێهێشتوون.

# شەهید: مستەفا ئەمین ساڵح
# ناسراو بە: مستەفا حاجی کاکەمینی لۆتەری




**شارو گوندی کوردستانم**
**هەمووی داری ئەرخەوانە**
**هەر مێلاقەیەک دەیبینی**
**تێکرا خوێنی شەهیدانە**
**گشت رەوەزو تاشەبەردێک**
**بۆ خۆی بەردە قارەمانە**

شێخەکانی لۆتەرێ لە کوردستاندا بە ئیمانداریو رەوشتبەرزی ناسراونو لەو بنەماڵانەن بە ئیسلام پەروەرییو غیرەتی ئیسلامیی ناوبانگیان دەرکردووە، کاک مستەفای حاجی کاکەمینی لۆتەریش لە ئامێزی پاکی یەکێك لە ئەو بنەماڵە خواناسانەدا لە ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی (لۆتەر)ی بەری مەرگە هاتۆتە دنیاوەو ژیانی منداڵییشی لەوێ بەسەر بردووە، لە قوتابخانەی سەرەتایی (مەرگە) نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی لەوێ تەواو کردووەو تا دووی ناوەندیشی لە ناحیەی بنگرد خوێندووە، ساڵی ١٩٨٥ ماڵیان لەبەری مەرگەوە گواستۆتەوە بۆ رانیەو لەوێشەوە بۆ (بۆسکێن)و ئینجا بۆ کۆمەڵگای حاجیاوا، بەهۆی نزیکی لە مامۆستا عەبدورەحمان لۆتەری شەهیدەوە زیاتر بەرچاوی رۆشن بۆتەوەو خۆشەویستی کاری ئیسلامیی لە دڵدا چەسپاوە، ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانەوە دەکات، لە دوای راپەرینیش بە رەسمی لە تیپی (٦٣)ی خالیدی کوڕی وەلیدی سەر بە مەڵبەندی سێی رانیە دەبێتە پێشمەرگەو چالاکانە ئەرکو فەرمانەکان رادەپەڕێنێو وەك جێگری فەرماندەی کەرت درێژە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی خۆی دەداتو دەبێتە پارێزەری ئیسلامو رەسەنایەتی کوردستان.

سەرەنجام کاك مستەفای قارەمانو ئیسلامخواز هەر لەو رێیەداو لە ١٩٩٣/١٢/٢٤ لە (کلکەی کۆڵێن)ی نێوان رانیەو چوارقوڕنەو لە بارەگای تەقویەی تەلەفزیۆن دەچێتە ریزی کاروانی شەهیدانەوەو بەرەو میهرەبانی خواییو ژیانی راستەقینەی تا هەتایی دەگەڕێتەوە، پاشان تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی گوندی (بۆسکێن) بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید مستەفا ئەمین کە لە ساڵی ١٩٨٦ەوە خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی دوو کوڕ بە ناوەکانی (زاهیرو تاهیر) دەکاتە دیاری ئیسلامو کوردەواری.

# شەهید: ڕەسوڵ حەمەد ڕەسوڵ خدر



ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی دلڕفێنی (پشتاشان)ی بناری قەندیلی سەربڵند چاوی بە ژیان هەڵێناوە، بەڵام بەر لەوەی چاوەکانی تێر لە دیمەنە رەنگینەکانی پشتاشانو قەندیل رامێنن، گوندەکەیان لەلایەن رژێمی نەگریسی بەعسەوە رادەگوێزرێ بۆ کۆمەڵگای چوارقورنە.

لەوێ دەنێردرێتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (ئالان)ی سەرەتاییو ناوەندیی لە چوارقورنەو تا چوارەمی ئامادەییش لە دواناوەندیی چوارقورنە درێژە بە خوێندن دەدات.

دواتر بە هۆی هاوکاری خێزانەکەیانو سەرقاڵبوونی بە کارو کەسابەتو کشتوکاڵەوە بواری ئەوەی نامێنێ درێژە بە خوێندن بدات.


لە لایەکی ترەوە شەهید رەسوڵ حەزی بە کاری هونەریی هاتووەو جارجاریش لەسەر تەختەی شانۆ وەکو ئەکتەر تواناکانی خۆی خستوونەتە روو.

لەگەڵ راپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا تێکەڵاوی ئاپۆڕای ئیسلامخوازان دەبێتو دڵیشی وابەستەی مزگەوتی سەلاحەدینی شەهید مامۆستا ئەحمەد سینەمۆکی دەبێتو بە تەواوی بێ بەسەرچاوەی نوورەوە دەنیو تێر تێر لێی دەنۆشێ.

ساڵی ١٩٩٢ بە رەسمی دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلامو وەك پێشمەرگەیەکی دڵسۆز لە سنووری مەڵبەندی سێی رانیەدا بە دڵسۆزیو لێبڕاویی ئەو ئەرکانەی پێی دەسپێردرێن رایان دەپەڕێنێ.

تا سەرەنجام کاکە رەسوڵی پێشمەرگەی لاوی خوێنگەرمو سەوداسەری رێبازی رەسەنایەتی لە ١٩٩٣/١٢/٢٤ لە چوارقورنە دەگاتە کاروانی شەهیدانو خواحافیزیی یەکجاری لە ژیانی فانی دونیا دەکاتو بەرەو میهرەبانی خوداو ژیانی هەقیقیو هەمیشەیی لە شەقەی باڵ دەداتو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی کۆمەڵگای چوارقورنە بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید عەبدوڵڵا موحەممەد عەبدوڵڵا پشتئاشانی



یەکێك لە نیشانە دیارو شانازییە بەرچاوەکانی جیهادو رابوونی ئیسلامیی کوردستان ئەوەیە کە رەگو ریشەی بە ناخی کوردستانو کۆمەڵی کوردەواریدا چۆتە خواریّو هەموو چینو توێژێکی گرتۆتەوە.

ئەگەر توێژی خوێندەوارو رۆشنبیر، وەگەڕخەرو دینەمۆی رابوون بیّ، ئەوە جەماوەری بەرینی دڵو دەروون پاكو سەر راستی لادێ ، باسکی بەهێزی ئەو رابوونەنو قەڵاو شوورەی سەختو قایمی جیهادو خەباتی رەوامانن، لەبەر ئەوە شۆڕش بە هەردوو لایان دەگاتە ئەنجام و هەردوکیان دوو شاباڵەکەی فڕینی ئەو خەباتەن بەرەو ئاسۆی سەرکەوتن.

هەر لە ساڵی ١٩٧٨ەوە کە زانایانو لاوانی خواناسو بە مشووری کوردستان بۆ تێهەڵێنانەوەی نسکۆو گێڕانەوەی ئومێد بۆ دڵو دەروونی تەنگی کوردەواریی کۆستکەوتوو ، بڕیارياندا وەجاخی سەلاحەدینی ئەیوبی روونکەنەوەو جارێکی تر زەنگی کاروانی جیهادو راپەڕینی ئیسلامیی لە کوردستانی موسڵمانی برینداردا بزرنگێنەوە، پۆل پۆل رێبواری ماندوویی نەناس لە شارو لادێوە رێگای ئەم کاروانە پیرۆزەیان گرتۆتەبەرو تاجی رەسەنايەتیو سەرفرازییان ناوەتە سەر.

کاك عەبدوڵلا پشت ئاشانیش کە یەکێك لەو رێبوارانەیە لە ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی سەر سەوزو زەنوێری (پشتئاشان)ی ئامێزی قەندیلی سەر بڵند چاوی بە ژیانو ئێشو ئازاری گەلی موسڵمانی کوردستان هەڵێناوەو هەناسەی تێکەڵاوی هەوای سازگاری کوێستان کردووەو قۆناغی منداڵیشی لەگەڵ ئەو هەوا سافو سازگارەدا بەسەربردووە.

لەگەڵ ژیانی لادێدا دەستو مستی گەرم کردووەو دەرفەتی خوێندنی بۆ نەڕەخساوەو بە کارو کەسابەتو دابینکردنی بژێوی ژیانەوە خەریك بووە، دوای راگواستنی گوندەکەیان لە لایەن رژێمی بەعسەوە لە کۆمەڵگای چوارقوڕنە دەگیرسێنەوە.

ساڵی ١٩٨٨ تووشی سەربازی بووەو بەر لە راپەڕین پەیوەندیی بە ریزی رێکخستنەکانو کاری ئیسلامییەوە دەکاتو دڵی بە شەوقی بڵێسەی کاروانی نوورو هیوابەخشەکەی قەڵاتووکانو بناری قەندیل رۆشن دەبێتەوە.

ساڵی ١٩٩١ لە مەڵبەندی سێی رانیەش دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلام‌و دڵسۆزانە ئەرکەکانی سەرشانی رادەپەڕێنێ‌و شانازی بەو خزمەت‌و پێشمەرگایەتییەوە دەکات کە لە ژێر ئاڵای ( لا إله إلا الله محمد رسول الله)دا ئەنجامی دەدا.

لە زستانی ١٩٩٣شدا لەسەربازگەی سەلاحەدین لە چوارقوڕنە دەبێتە پەرژینی دەوری رێبازو بیروباوەڕکەی، تا سەرەنجام کاك عەبدوڵڵا پشئاشانی پێشمەرگەی ئازاو گیان لەسەردەست لە ٢٤-١٩٩٣/١٢/٢٥ لە سەربازگەی سەلاحەدین‌و لە چوارقوڕنە بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگات‌و ماڵئاوایی لە کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان‌و خزم‌و هاوڕێ‌و هاوسەنگەرانی دەکات‌و بەرەو بارەگای سۆزو میهرەبانی خودا دەگەڕێتەوەو تەرمە پاکەکەشی هەر لە چوارقوڕنە بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: ئیبراهیم خدر ئیبراهیم
# ناسراو بە: فەقێ[7] ئیبراهیم



بەپێی ناسنامەکەی ساڵی (١٩٧٨) لە گوندی دوو گۆمانی دەڤەری ئیسلامپەروەری پشدەرەڕەقەی ئاکۆیەتی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەر لە ئامێزی بنەماڵەیەکی هەژارو ئایینپەروەردا چاوی بە ژیان هەڵێناوە، کەمێکی ژیانی منداڵیی لە گوندەکەی خۆیان بەسەر بردووەو پاشان هۆگری قورئانی پیرۆزو خوێندنی حوجرە دەبێتو لە گوندی دوو گۆمانو کۆمەڵگای تووەسورانو شارۆچکەی سەنگەسەر لای مامۆستا مەلا عەبدوڵلاو مامۆستا حەسەن کانی تووییو چەند مامۆستایەکی تر دەخوێنێو هەندێك شارەزایی لە زانستە شەرعیەکاندا پەیدا دەکات، بەڵام شەهید فەقێ ئیبراهیم کە وەك زۆر لاوی تر چاوو دڵی بە سروەی شەماڵی بێداری ئیسلامیی دەکرێتەوەو دەبینێ جموجوڵێکی ئیسلامیی ئومێدبەخش لە ئارادایە، ئەویش خۆشەویستیی ئەم کارو کاروانە ئیسلامییەی دەکەوێتە دڵەوەو کاتێکیش دەبینێ قەڵاتووکان ئامێزی لە بەژنی قەندیل ئاسای پێشمەرگەی ئیسلام وەرێناوە، هێندەی تر گڕدەگرێو بە جارێك وەسەر حەماسەو رقی پیرۆز دەگەڕێو حەجمینی لێ دەبڕێو لە ساڵی ١٩٨٧ەوە پەیوەندیان پێوە دەبەستێ، دواترو هەر لە هەمان ساڵدا بەو تەمەنەوەو وەك فەقێیەکی زیتەڵ بە یەکجاری دەبێتە هاوڕێی چیاو سەنگەرو پێشمەرگەو جوانترین ساتەکانی تەمەنی خۆی دەکاتە قوربانی رێبازی ئیسلامو وەك مۆم لە پێناوی خواو چەوساوەیی میللەتەکەیدا دەیتوێنێتەوە.

شەهید فەقێ ئیبراهیم لەناو هێزدا پێشمەرگەیەکی کەم تەمەنو کەم ئەزموون، بەڵام پێشمەرگەیەکی گورجو گۆڵو سازو ئامادەو گوێڕایەڵ، پێشمەرگەیەکی وشتو وریاو لەسەر هەست، پێشمەرگەیەك هەمیشە زەردەخەنەی بەنێو هاوسەنگەرانیدا دەبەشیەوەو هەمیشە رقی بەسەر دوژمنانیدا دەباراندو هەمیشە دەروون ئاوەدان بە یادی خودا.

شەهید فەقێ ئیبراهیم بەم شێوەیە درێژە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی دەداتو لە داستانی قەڵاتووکانو شەڕەکانی تری قەندیلدا مەردانە بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێو ئەو رۆژانەش کە نائومێدی بەربینگ بە شۆڕشی رزگاریخوازیو گەلێك پێشمەرگە دەگرێ، فەقێ ئیبراهیمی دڵ پڕ لە ئومێدو حەماسە، بە باوەڕی بەتینو ئومێدی زۆرەوە بە گژ شەوەزەنگی نائومێدیدا دەچێتەوەو بە هیواوە لە ئایندە دەڕوانێو دڵی بۆ سەرکەوتن لێدەدات، تا کاتێك بیرۆکەی راپەڕینی جەماوەریی دێتە

ئاراوە، ئەوکاتە شەهید فەقێ ئیبراهیمیش وەك تێکڕای پێشمەرگەکانی دیکەی ئیسلام دەکەوێتە حاڵەتی ئامادەباشیو لە بارەگا سنوورییەکانی نۆکانو سونێدا خۆی لە مەخزەندا رەش هەڵدەگیرێو زەنگاڵان دادەپێچێو ئامادەی فەرمان دەبێت.

لەگەڵ دابەزینی هێزی پێشمەرگەو تیپی (٦٣)ی باوەڕدا ئەویش وەك هەڵۆ بەرەو رانیە لوور دەبێتو خۆری هیوای سەرکەوتنی فەقێ ئیبراهیم لە ئاسۆ هەڵدێو بە چاوی خۆی داستانی سەرکەوتن دەخوێنێتەوەو بە گوێی خۆی مارشی سەرکەوتن دەبیستێو بە زمانی خۆی سروودی سەرکەوتن دەڵێتەوە.

هەر بۆیە لە پێناو سەرکەوتنی زیاترو وەشاندنی گورزی کوشندەتر لە بەعسیە خوێنخۆرەکان ، لەگەڵ شەپۆلی لافاوی پێشمەرگەو جەماوەردا تا رزگارکردنی کەرکوك بە شوێن بەعسیەکاندا دەبێو لە داستانی بەرگریشدا لە بەرامبەر دژە هێرشی بەعسیەکاندا ئازایانە دەوەستێتەوە.

لە دوای راپەڕینیش لە مەڵبەندی (٣)ی رانیە درێژە بە کارو خزمەتی پێشمەرگایەتی دەداتو جوامێرانە ئەرکەکانی رادەپەڕێنێ.

تا سەرەنجام لە شەوی ٢٤-١٩٩٣/١٢/٢٥و لە سەربازگەی سەلاحەدین لە چوارقوڕنە لە کاتی بەرگریکردن لە رێبازو بیروباوەڕەکەی بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو هیواو خەمەکانی بە هاوسەنگەرانی دەسپێرێو بە یەکجاری ماڵئاوایی لە ژیانی کورتی دونیایی دەکاتو سەربەرزانەو بە دڵی پڕ لە باوەڕو توێشوویەك لە خەباتو جیهادو بەخشینی هەموو تەمەنی لاوێتیی خۆی بەرەو قاپی پڕ لە میهرەبانی خودا دەگەڕێتەوەو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی گوندی (ئاشوران)ی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەر بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: رەسوڵ عەبدوڵڵا ئەحمەد هێرۆیی

## ناسراو بە :بەهرۆز



ساڵی ١٩٧٨ لە گوندی (کولکولە)ی مەنگوڕایەتی سەر بە ناحیەی ژاراوە لە دەڤەری ئیسلامپەروەری پشدەر چاوی بە ژان و ناسۆرەکانی میللەتەکەی هەڵێناوە.
دوای ئەوەی لەلایەن رژێمەوە رادەگوێزرێن، لە کۆمەڵگای زۆرەملێی (بەستەستێن) دەگیرسێنەوەو لەوێ لە قوتابخانەی (شیلانە)ی سەرەتایی تا پۆلی شەشەم دەخوێنێ.
کاکە بەهرۆز لە پێناو دابینکردنی بژێویی ژیاندا خەریکی کارو کەسابەت دەبێت و لە بواری کارەباییدا شارەزایی پەیدادەکات و ماوەیەکیش لە مزگەوتی سەلاحەدین دەخوێنێ.
دوای راگواستنی پشدەر بە یەکجاریی لە لایەن رژێمی بەعسەوە ماڵی شەهید رەسوڵ دەکەونە کۆمەڵگای حاجیاواو بەمەش زیاتر دەستەملانی سەختیەکان و کوێرەوەرییەکانی ژیان دەبێت و زیاتر داخی بەعسیەکانی بە دڵدا دەچێ.
شەهیدی ناوبراو ماوەی یەک ساڵ لە ریزی پارتیدا کار دەکات، دوای سەرهەڵدانی راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلام و گیانفیدایانە لە پێناو شەکانەوەی ئاڵای (لا إله إلا الله ـ محمد رسول الله)دا تێدەکۆشێ.
سەرەنجام کاکە رەسوڵ هێرۆیی ناسراو بە (بەهرۆز) لە ١٩٩٣/١٢/٢٥ لە پێناو بیروباوەڕکەیداو لە ناو بارەگای تیپەکەیاندا لە حاجیاوا دەگاتە کاروانی شەهیدان و گیانی شیرینی دەکاتە خەڵاتی شەریعەتی خوداو رێبازی رەسەنایەتی و سەرفرازیی و ماڵئاوایی لە خزم و هاوسەنگەرانی دەکات و تەرمە پاکەکەشی هەر لە گۆڕستانی حاجیاوا بەخاک دەسپێردرێت.

# شەهید: سەیفوڵڵا عەبدولفەتاح موحەممەد



ساڵی ١٩٦٤ لە خانەوادەیەکی ئیسلامخواز و نیشتمانپەروەری سەر بە عەشیرەتی ئاکۆ لە گوندی ( ئەستریلان) ی سەر بەشارۆچکەی چوارقورنە و بناری حاجیلە هاتۆتە دنیاوە ، ژیانی منداڵی لە گوندەکەیان بە سەر بردووە و پاشان خانەوادەکەیان رۆیشتونەتە (سەرکەپکان) ی سەر بە رانیە و دواتریش و لە ساڵی ١٩٧٤ بە هۆی هەڵوێستی نیشتمانیی و کورد پەروەریەوە کە لە هەستی ئیسلامەتییانەوە سەر چاوە دەگرێ ، کۆچ دەکەن بۆ ئێران و ماوەی ساڵێك تا نسکۆی شۆڕش لەوێ دەمێننەوە، دوای نسکۆش لە ساڵی ١٩٧٥ ەوە بۆ ١٩٧٦ دەکەونەوە عێراق و لە شارۆچکەی ( مشخاب ) ی سەر بە نەجەف نیشتەجێ دەکرێن، بەم هۆیەشەوە کاکە سەیفوڵلای تازە پێگەیشتوو دەکەوێتە ناو گێژاوی رووداوەکانەوە و دەرفەتی چوونە قوتابخانەی بۆ نارەخسێ و لە خوێندن و خوێندەواری بێ بەش دەبێ ، هەر لە سۆنگەی ئەم سەر و خوار و ئەو دیواودیوەشەوە کاکە سەیفوڵلا لەگەڵ تاڵی و سوێری و سەختی و غوربەت و نارەحەتیەکاندا رادێ و پەند و وانەی زۆر لە ئەزموونەکانی ژیان وەردەگرێ،کاکە سەیفوڵلا بە هۆی ئەوەی هەم باوکی رەحمەتی (مامۆستا مەلا عەبدولفەتاح) زانایەکی بە ناوبانگی دەڤەرەکە وهەم مامۆستا نیعمەتوڵلا ی براشی لە هەڵسوڕاوانی سەرەتاکانی کاری ئیسلامیی ناوچەکە دەبێ ،هەر لە منداڵی یەوە وەك رۆڵەیەکی مسوڵمان پەروەردە دەبێت و لەگەڵ کاری ئیسلامییشدا دەست و پەنجە نەرم دەکات و پێی ئاشنا دەبێت و بە شوێنیدا هەنگاو دەنێت ، لە لایەکی ترەوە کاکە سەیفوڵلا کەسێکی کراوە و خەڵك دۆستی لێ دەردەچێت و حەزی خزمەت و چاکەکاری تێدا بەرجەستە دەبێت ، هەروەها لە پێناوی دابینکردنی بژێوی ژیانیشدا شان دەداتە بەر کار و کاسبی و لە بواری گەچکاریدا وەستایەکی کارامەی لێ دەردەچێت ،کاکە سەیفوڵلا کە بە تەواوی لە ژێر کاریگەری خانەوادەکەیان و بە تایبەتی مامۆستا نیعمەتوڵلای برای دا بوو، لە ساڵی ١٩٨٧ەوە دێتە ناو ریزی رێکخستنەکانەوە و دڵسۆزانە فرمانەکان جێ بە جێ دەکات و لە رژێم یاخی دەبێ و بە فیراری و نارەحەتیەوە شەو و رۆژ دەکاتەوە ،کاتێکیش ئامادەسازی بۆ راپەڕین دەست پێ دەکات ، ئەوە کاکە (سەیفوڵلا) ش وەك ئەڵقەیەکی رێکخستنە تۆکمە و چاپوکەکانی ئیسلام و بە سەرپەرشتی مامۆستا نیعمەتوڵلا ی برای کە لێپرسراوی رێکخستنەکانی سنوورەکە بوو لەو کاتەدا ،دەچێتە ناو شانە چەکدارەکانەوە و لەگەڵ یەکەم نەعرەتەی راپەڕین دا لە رۆژی ٥ / ٣ و لە شاری رانیە لەگەڵ جەماوەر وشانە

چەکدارەکاندا زەبری گورچك بڕ لـە بەعـسیەکان دەدا و بـە هـاواری( اللـه اکـبر ) و هەڵمــەتی دلێرانــە زەنــدەقیان دەبــات ،دوای راپــەڕینیش کاکــە ســەیفوڵلاّ وەك پێشمەرگەیەکی قارەمـانی ئیـسلام لـە سنووری مەڵبەنـدی سـێی رانیـە درێـژە بـە خزمـەتی ئیسلام و نەتەوەکەی دەدات ، تا سـەرەنجام ئـەو لاوە جـوامێر و دڵ پـڕ لـە باوەڕ و ورە و هیوایە، لە رۆژی ٢٥ / ١٢ / ١٩٩٣ لە رانیە لە پێناوی رێباز و بیر و باوەڕکەیدا شەهید بوو و ماڵئاوایی لە ژیـانی کـورتی دنیـایی و خانـەوادە و خـزم و کەس و کار و هاوڕێیانی و کاروانی رابـوونی ئیـسلامیی کوردسـتان کـرد و گەڕایـەوە بەردەمی قاپی میهرەبانی خودا، تەرمە پاکەکەشـی هـەر لـە رانیـە و لـە گۆڕسـتانی کێوە ڕەش بە خاك سپێردرا .

# شەهید: تاریق عەبدوڵڵا
# ناسراو بە: هێمن کۆیی



ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی (گۆمەشین)ی سەر بە شاری کۆیەی مەلای گەورە هاتۆتە دونیاوەو چاوە گەشەکانی بە ژیانو هیواو ئومێدەکانی میللەتەکەی هەڵێناوە، ژیانی منداڵیشی هەر لە شارەکەی حاجی قادر بە سەربردووە، نراوەتە بەرخوێندنو قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووەو پاشان تا ساڵی ١٩٨٨ لەبەر سەختی ژیانو گوزەران واز لە خوێندن دەهێنێ، بەڵام هیواو خولیاکانی کاکە هێمن بەوە کپ نابێ، بۆیە دواتر لە پێناو درێژەپێدانی خوێندندا لە شارۆچکەی سەروچاوە دەچێتە حوجرە، کاتێك لە خوێندنی حوجرەدا دەبێ کە ناوی بۆ سەربازی دێتەوە، بەڵام دوای چەند مانگێك لە ریزی سەربازی نامێنێو فیرار دەکاتو دەگوازێتەوە بۆ بەحرکەی سەر بە هەولێرو لەوێ درێژە بە خوێندن دەدات.
دوای راپەڕینە جەماوەرییەکەی ئازاری ١٩٩١ کاکە هێمن کۆیی دەچێتە شاری هەولێرو دیسان لەوێش لە مزگەوتی (شەهید ئیبراهیم) بە گوڕتر لەسەر خوێندنەکەی بەردەوام دەبێتو پەیوەندی بەهێزیش لەگەڵ کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان دەبەستێو بەو هۆیەشەوە خوێندنو پێشمەرگایەتی پێکەوە گرێ دەداتو لە تیپی (٦٧)ی مەلای گەورەی کۆیە دەبێتە پێشمەرگەو دڵسۆزانە ئەرکو فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات، کاتێکیش کاروانەکە تووشی ئاستەنگ دەبێتەوە کاکە مەلا هێمن بە بەرپرسیارییەوە مامەڵە دەکاتو ئەرکەکان رادەپەڕێنێ.
تا سەرەنجام کاك مەلا هێمنی پێشمەرگەو فێرخوازو دڵسۆزی ئاینو گەلو نیشتمان لە پێناو رێبازو بیروباوەڕەکەیدا لە ١٩٩٣/١٢/٢٥ لە کۆیەی زێدی لەدایکبوونی شەهید دەبێو دەگەڕێتەوە قاپی میهرەبانی خوداو خواحافیزی لە ژیانی کورتی دنیاییو خزمو کەسوکارو هاوسەنگەرانیو حوجرەو بارەگاکانی کاروانی نوور دەکاتو تەرمەپاکەکەشی هەر لە کۆیە بەخاك دەسپێردرێت.



# شەهید: ئیسماعیل موحەممەد کەریم حسێن
## ناسراو بە: یەعقوب



ساڵی ١٩٧١ لە شاری کفری هاتۆتە دونیاوەو ژیانی منداڵیشی هەر لە کفری بەسەر بردووە، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (غفران)و ناوەندیو دواناوەندیشی لە قوتابخانەی (مکاسب) خوێندووە، دواتر لە پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر وەرگیراوەو ماوەیەکیش لە کفری لای مامۆستا مەلا ئیحسان خوێندوویەتی.

لە ساڵی ١٩٨٩ پەیوەست بووە بە کاری ئیسلامییەوە، بە هیواوە لە کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانی دەڕوانی، بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابوو زیاتر پەیوەندی لەگەڵدا بەهێزبێتو چاکتر لە خزمەتیدا بێت.

بۆیە راپەڕین دەکاتە ئەو وێستگەیەی کە بە تەواوی تیایدا ئامێز لە چەكو پێشمەرگایەتی وەرێنیو گورزی خۆشی لە بەعسیەکان بسرەوێنێ.

دواتر لە هێزی گەرمیان بە رەسمی دەبێتە پێشمەرگەو دڵسۆزانە ئەرکەکانی سەرشانی لە بەرانبەر ئیسلامو میللەتەکەیدا رادەپەڕێنیو بە هیوای شەهیدییەوە لە ترۆپکی بەختەوەری خۆی رادەمێنێ.

دواجار لە پێناوی رێبازەکەیداو لە ٢٥/١٢/ ١٩٩٣ لە مەڵبەندی هەولێر کە ئەوسا قوتابی پەیمانگای مامۆستایان دەبێ ، دەبێتە پەرژینی پەیامەکەیو بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێ و بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو دواتر تەرمە پاکەکەشی دەگوازرێتەوە زێدی خۆییو لە گۆڕستانی کفری بەخاك دەسپێردرێت.



# شەهید: عەبدوڕڕەحمان سەعید تاهیر
# ناسراو بە: بیلال



شەهید بیلال خەلەكانی لە ساڵی ١٩٧٤ لە بنەماڵەیەكی ئایینپەروەر لە شارۆچكەی خەلەكان چاوی بە ژیانو دیمەنە رەنگینەكانی چیای كۆسرەتو خەونو هیواكانی نەتەوەكەی هەڵێناوە، ژیانی منداڵیشی هەر لەوێ بەسەربردووە.

قۆناغی سەرەتایی لە خەلەكان تەواوكردووەو دوای نیشتەجێبوونیان لە حاجیاوا قۆناغی ناوەندیشی لەوێ بەسەركەوتووی بڕیوەو پاشان ئامادەیی پیشەسازی تەواوكردووە.

شەهید بیلال كاتێك لە مامۆستایانی ئایینی بەڕێزەوەو بە تایبەتی مامۆستا مەلا عوزێری خەلەكانی راستییەكانی ئیسلام دەبیستێ‌و چاوو دڵی بە تەواوی بە نوورو رۆشنایی هیدایەتی خوایی‌و فەلسەفەی ژیانی دونیایی‌و هەقیقەتی رۆژی دوایی رۆشن دەبێتەوە، لەوێڕا دەبێتە نموونەی لاوی ئیسلامخوازو دڵسۆزی گەل‌و نیشتمانەكەی‌و وەك پەروانە لە دەوری قورئان‌و كاروانی رابوونی ئیسلامیی كوردستان دەسووڕێتەوە.

لە پێناو ژیان‌و گوزەرانیشدا مشووری كارو كەسابەتیش دەخوات‌و شارەزایی لە بواری كارەباییدا پەیدادەكات.

شەهید بیلال لەگەڵ راپەڕینی ئازاری١٩٩١دا دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلام‌و بە ئەركی دڵسۆزانەی خۆی هەڵدەستێ‌و ئیدی پەیمانی یەكجاریی لەگەڵ خواو میللەتەكەیدا دەبەستێ، كە تاماوە لە تێكۆشان نەوەستێ‌و بیلال ئاسا پەیامی نوور پەخش بكاتەوە.

دوای ئەوە لە فێرگەی سەربازی درێژە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی دەدات‌و رۆڵی خۆی لە فێرگەی سەربازیدا دەبینێ‌و رۆژ بۆ رۆژێ زیاتر تواناكانی لە ژیانیدا رەنگدەدەنەوەو زۆرتریش بە خەسڵەتە بەرزو ئاكارە جوان‌و ناوازەكانی ئیسلام دەڕازێتەوەو دەبێتە نموونەی پێشمەرگەی سەنگین‌و دلێر.

سەرەنجام ئەو پێشمەرگە جوامێرو لاوەی ئیسلام ، لە پێناوی پارێزگاریكردن لە بیروباوەڕەكەیدا لە رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٥ لە بارەگای تیپی (٥٧)ی شەهید (عەبدوڵڵا عەزام) لە حاجیاوا شەهید دەبێت‌و دەگاتە كاروانی سەروەران‌و گیانی پاكی بە خودای خۆی دەفرۆشێت، پاشان تەرمە پاكەكەشی لە گۆڕستانی حاجیاوای خواروو بەخاك سپێردرا.


# شەهید: ستار موحەممەد فەرەج
# ناسراو بە: حەمزە و حاجی سگران



ساڵی ١٩٧١ لە قۆرەتووی سەر بە خانەقین لە ئامێزی بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی (باجلان) هاتۆتە دونیاوە، پاشان دەستەو دامێنی کەلار دەبێتو ژیانی منداڵیی لەوێ بەسەر دەبات، لە قوتابخانەی مرواری قۆناغی سەرەتایی دەخوێنێو لە ناوەندی کەلاری کوڕانیش پێ دەنێتە قۆناغی ناوەندییەوە، بەڵام سەرقاڵیی بە پەیداکردنی بژێوی ژیانو کارو کەسابەتەوە بواری خوێندنی بۆ ناهێڵێتەوە، دواتر دووچاری سەربازیی دەبێ، پاشان بەرە بەرە هەستی شۆڕشگێڕییو ئیسلامخوازیی تێدا گەشە دەکات، بۆیە وەك لاوێکی سەر راستو دڵ رۆشن هۆگری مزگەوت دەبێتو بە خوێندنو موتاڵای زانستە ئیسلامییەکانەوە سەرقاڵ دەبێت.

ساڵی ١٩٩١ کە تێدا جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان بە رووی بەعسیەکاندا راپەڕی، ئاواتی کاك (ستار)یش هاتەدیو لەوێوە پەیوەندیی بە کاروانی جیهادی ئیسلامخوازیی کوردستانەوە کردو بوو بە پێشمەرگەی ئیسلام لە هێزی یەکی گەرمیان، پێشمەرگەیەکی ئازاو جەربەزەو گیان لەسەردەستو ئامادە، دەیەوێ بە باشترین شێوەو شارەزایی زۆرەوە خزمەتی رێبازی ئیسلامو گەلە چەوساوەکەی بکات.

کاکە ستار لە ناو برا پێشمەرگەکانیدا نیشانەی رێزو خۆشەویستییو گوێڕایەڵیی بوو، تا سەرەنجام ئەو قارەمانە ئیسلامخوازەی نازناوی (حەمزە)ی بۆ خۆی دانابوو، بە رێبازی (حەمزە)ی (سید الشهداء)دا گوزەری کردو لە رۆژی (١٩٩٣/١٢/٢٦) لە کەلار لە پێناو رێبازو بیروباوەڕەکەیدا گەیشتە کاروانی شەهیدانو ماڵئاوایی لە خزمو کەسوکارو هاوسەنگەرانو گەرمیانو کوردستانی زێدو نیشتمانو رابوونی ئیسلامیی کردو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی شێخ عەبدوڕڕەحمان لە کەلار بەخاك سپێردرا.



# شەهید: ئامانج تاهیر حەسەن گۆیی
# ناسراو بە: گۆچەر



ساڵی ١٩٦٨ لە شاری کۆیەی حاجی قادر هاتۆتە دنیاوەو چاوەگەشەکانی بە دیمەنە رەنگینەکانی هەیبەت سوڵتانو باواجی رۆشنبوونەوە، ژیانو گرۆگاڵی منداڵی لەگەڵ منداڵانی کۆیەدا بەسەربردووە، هێشتا منداڵ دەبێ کە دایکی وەفات دەکاتو لە سۆزو باوەشی گەرمی دایکی خۆشەویستی بێ بەش دەبێو لەلای ماڵە پوورانی گەورە دەبێ.

کاک ئامانج نراوەتە بەرخوێندنو قۆناغەکانی سەرەتاییو ناوەندی لە کۆیە تەواوکردووە، دواتر خولیای حزبایەتیو کاری رێکخراوەیی دێتە سەرەوەو ماوەی چەند ساڵێك دەبێتە پێشمەرگەی یەکێتیو بەشداری چەند شەڕو رووبەڕووبوونەوەیەك دەکات، کاک ئامانج لەو سەردەمەدا لە رووی بیروباوەڕەوە تووشی لاڕێییو سەرگەردانی ببوو، بەڵام کاتێك خوای گەورە هیدایەتی دەداتو بە راستە شەقامی ئیسلام ئاشنا دەبێتو دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی ئیمان، زۆر سوپاسی خوا دەکاتو سوجدەی شوکر دەبات، لەبەر ئەوەی لە لاڕێییدا تووشی مەرگو تیاچوون نەبوو و بە فیترەتی خاوێنو رەسەنایەتیو هەقیقەت شادبۆوە، کاک ئامانج لەگەڵ راپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا پەیوەندی بە بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەوە دەکاتو دێتە ناو ئاپۆڕای پێشمەرگەکانی ئیسلامەوەو رۆڵی بەرچاو لە راپەڕیندا دەگێڕێ.

کاك ئامانج لە قۆناغێکی نوێی ژیانیدا لەگەڵ (سۆزان خان)دا خێزان پێکەوە دەنێو دەبێتە باوکی دوو کوڕو کچێك بە ناوەکانی (بەڵێن، باوەڕ، نوور)، شایانی باسە (نوور)یان پێنج مانگ دوای شەهیدبوونی کاکە ئامانجی باوکی لەدایك بووە.

کاك ئامانج لە ژیانی خێزانییدا تووشی هەژاریو نەداری دەبێت، بەڵام وەك هاوسەری بەڕێزی دەیگێڕێتەوە، زۆر بە قەناعەتو نەفسیەتی بەرز بووەو هەموو جارێك ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەی وتۆتەوە کە دەفەرمووێت: (والله يَـرْزُقُ مَـن يَشَاءُ بِغَيْـرِ حِسَابٍ) (البقرة : ٢١٢ ).

هەروەها سەرباری ئەو تەنگدەستیەش زۆر حەزی بە هاوکاریو میوانداری هاتووە، لەگەڵ ماڵو خێزانیشیدا زۆر نەرمو نیانو لەسەرخۆ بووەو لە زۆر کاروباردا یارمەتی داون.


شەهید ئامانج هەمیشە ئاواتی یەکڕیزیو تەبایی نێوان موسڵمانان بوو، لە کاری ئیسلامییو خزمەتی پێشمەرگایەتیو راپەڕاندنی دەوامو ئەرکو فرمانەکاندا تا

ئەوپەڕ گورج و گۆڵ و دڵسۆز و بە راپەڕ بوو، هەوڵی دەدا خۆی و دەوروبەری و خەڵک بە گشتی بە شەریعەتی خوداوە پابەندبێ و دەیگوت: "ئەوەی کە پەیڕەوی ناکەم ئەوەیە کە نایزانم".

کاك ئامانج ساڵی ١٩٩٣ کە ماڵەکەیان لەناو بارەگای مەڵبەندی چواری هەولێردا دەبێ لەوێ و هەر جێیەکی تر کە پێویست بووبێ جوامێرانە درێژەی بە خزمەتی پێشمەرگایەتی داوەو دەبوو بە پەرژینی دەوری رەسەنایەتی و بەهابالاکانی کۆمەڵی کوردەواری و لە پێناوی رێبازەکەیدا بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستا، تا سەرەنجام هەر لەو رێبازەداو لە ١٩٩٣/١٢/٢٦ لە باغمرەی سەر بە هەولێر لەگەڵ مامۆستا کەیفی دا بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگات و دوای (١٠) رۆژ تەرمەپاکەکەی لەکۆیەی زێدی لەدایکبوونی بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید ئامانجی ناسراو بە (کۆچەر) هەمیشە وەسیەتی بۆ هاوسەری بەڕێزی ئەوەبووە کە: "ئەگەر شەهیدبووم منداڵەکان بە پەروەردەیەکی ئیسلامیی پەروەردە بکە"، هەروەها بە هاوسەرەکەی وتووە: "ئەگەر شەهید بووم دەبێ زۆر خۆڕاگرو بە ئارام بی".

# شەهید: ڕەسوڵ حەسەن ئەحمەد



ساڵی ١٩٧٣ لە گوندی (بەردانگە)ی دۆڵی شاوریی سەر بە شاری رانیەو لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر چاوی بە دیمەنە رەنگینەکانی گوندەکەیانو چیاکانی بێ ترخێنو ماکوك هەڵێناوە، ساتە جوانەکانی تەمەنی منداڵیشی ئاوێتەی جوانییەکانی گوندەکەیان کردووەو هەر لەوێش قۆناغی سەرەتایی خوێندووەو لە رانیەش چۆتە قۆناغی ئامادەیی، بەڵام سەرقاڵبوون بە کارو کەسابەتو سەختیەکانی ژیان بواری درێژەپێدانی خوێندنیان لە بەردەمدا نەهێشتۆتەوە.


شەهید رەسوڵ ماوەی یەك مانگ دووچاری سەربازیی دەبێتو دوای ئەوە فیرار دەکاتو لەوێوە بە رەوای نازانێ فەرمانبەرداری ئەو رژێمە نەگریسە بێتو حاشای لێدەکات، لە لایەکی تریشەوە بە هۆی نزیکی لە مامۆستا عەبدوڵڵای پاشقۆتەلیو مامۆستا مەغدیدی شەهیدو مامۆستا موحەممەد کرێکاری شەهیدو ئەو شەپۆلە بێدارییە ئیسلامییەی دەڤەرەکەی گرتبووەوە، باشتر بە راستییەکانی ئیسلام ئاشنا دەبێتو خۆشەویستیی کاری ئیسلامیی دەچێتە دڵەوەو دێتە ریزی ئیسلامخوازانەوەو ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەو کاتەوە دەکات.

شەهید لە رووی کۆمەڵایەتییەوە کەسێکی کراوە بووەو هەمیشە حەزی بە تێکەڵاوی دەوروبەرەکەی کردووە.

لەگەڵ راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ دا چەکی ئیسلام دەکاتەو شانو لەوێوە وەك پێشمەرگەیەکی چەلەنگو جوامێری ئیسلام لە سنووری مەڵبەندی سێی رانیە دڵسۆزانە ئەرکەکانی رادەپەڕێنێ، هەمیشەش ئامادەی گیانبەخشینو فیداکاری دەبێت لە پێناو رێبازو بیروباوەڕەکەیدا، تا سەرەنجام ئەو پێشمەرگە قارەمانەی ئیسلامو ئەولاوە زوورە پیاو و لێبڕاوە لەو پێناوەداو لە رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٦ لە (کلکەی کۆڵێن)ی نێوان رانیەو چوارقوڕنەو بارەگای تەقویەی تەلەفزیۆن بە پلەی بەرزی شەهیدی گەیشتو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی کێوەڕەش لە رانیە بەخاك سپێردرا.

شەهید رەسوڵ کە لە ساڵی ١٩٨٨ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی دوو کچی بە ناوەکانی (خەندە، سەیران) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کوردستان جێهێشتوون.

# شەهید: ئیحسان حەمەصدیق عارف



هەڵەبجە لە سەفەری بێداریدا وەك ڕێبوارێکی سەر ڕاستو زیتەڵو گورجوگۆڵ هەنگاوی دەنا، لەگەڵ (نالی)دا ئەوینی (خاكوخۆڵ)ی کردبوو بە چامەیەكو وەك بادی خۆشمرور باوەشێنی نیشتمانی پێدەکرد، لەگەڵ شنرویێدا ڕازو نیازی دەکردو خەونیشی بە باڵای بەرزی ملەخوردو سورێنیشەوە دەبینی، ساتێك هەڵەبجە دەستەملانی ڕەسەنایەتی دەبۆوەو بەگژ گێژەڵوکەی ڕەشەبای چەواشەییدا دەچۆوەو لەگەڵ هیوای ئازادیو سەرفرازیدا هەناسەی دەدا، ئا لەو کاتەدا هەر ڕۆژ مژدەی لەدایکبوونێکی نوێ بوو، هەواڵی بەرێکەوتنی کاروانێکی لە نوور دەدایە نیشتمان، سیمای نەوەیەکی پەیامداری پەخش دەکردەوە، لەدایکبوونی کاکە ئیحسانیش یەکێك بوو لەو هەواڵانە، یەکێك بوو لەو هەڤاڵانەی کە بە قەدەری خودا هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕەسەنایەتیدا ببەستێو ببێتە خونچەیەکی گوڵزاری باوەڕ.

کاکە ئیحسان حەمەصدیق لە ١٩٧١/١٢/٢٦ لە باوەشی گەرمی هەڵەبجەی ئیسلامپەروەردا هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیشی هەر لەوێ بەسەربردووە، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی دەرسیمو ناوەندیشی لە قوتابخانەی ناوەندی ئەحمەد موختار لە هەڵەبجە تەواوکردووە.

پاشان لە پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی وەرگیراوەو درێژەی بە خوێندن داوەو بەسەرکەوتوویی ئەم قۆناغانەی خوێندنی تەواو کردوون.

کاکە ئیحسان هەر لە سەرەتاوە هۆگری مزگەوتو هاوڕێیەتی ئیسلامخوازان بووەو لە مزگەوتی (شافیعی)یەوە سەرەتاکانی ئیلتیزاماتی ئیسلامی دەستپێکردووە.

لە سۆنگەی زیتەڵیو وریایی خۆیەوە لە بوارەکانی خۆشنووسیو شانۆو ئەکتەرییشدا شارەزایی پەیداکردووە.

لە سەردەمی تەمەنی قوتابێتیو خوێندنیشیدا بەشداری نارەزاییو خۆپیشاندانەکانی ئەو شارەی دژ بە ڕژێمی بەعس کردووە، لە دوای کارەساتی کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجەو سیاسەتی قڕانو جینۆساید، بەر شاڵاوی تاوانی بەناو ئەنفالی بەعسیەکان دەکەوێو ڕەوانەی گرتوخانەی (نوگرە سەلمان) دەکرێ، لە دواییدا بە بڕیاری ڕژێ لەگەڵ هەندێك لە گیراوەکان بەردەدرێو دەگەڕێتەوە کوردستان، لەبەر ئەوە تا د

زیاتر رقو تورەیی لە بەرانبەر بەعسیەکاندا دڵو دەروونیو سەراپای جەستەی دادەگرێ.

کە راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی جەماوەری گەلی کوردستان بەرپادەبێ کاکە ئیحسانیش بەشداری تێدا دەکاتو رۆڵی خۆی تێدا دەبینێ.

لە دوای راپەڕین دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلامو لە مەڵبەندی یەکی هەڵەبجەو پاشتر لە مەڵبەندی شەشی سلێمانی درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.

لەگەڵ ئەمەدا کاکە ئیحسان بە دنیای راگەیاندن ئاشنا دەبێو لە دەرکردنی رۆژنامەی (بزووتنەوەی ئیسلامیی)دا بەشداری دەکاتو وەك ئەندامێکی چالاکی راگەیاندنی ناوەندی دڵسۆزانە خزمەت دەکات.

کاکە ئیحسان مرۆڤێکی کراوەو خزم دۆست بوو، حەزی بە ژیانی کۆمەڵایەتیو سەردانی خزمو کەسوکارو ناسراوانی بە هەموو چینو توێژەکانەوە دەکرد، کەسێکی رۆشنبیر بوو، ژیرو تێگەیشتوو بوو، کادیرێکی بە توانای راگەیاندنو پێشمەرگەیەکی چەلەنگ بوو، بە دڵێکی پاکەوە تێدەکۆشا، لە ژیاندا گەشبین بوو، بە زەردەخەنەوە پێشوازی لە ژیان دەکرد، خزمەتی ئاینو گەلو نیشتمانی بە شەرەفێکی گەورە دەزانیو ماندوو نەدەبوو، تا سەرەنجام هەر لە رۆژی لەدایکبوونی لە ١٩٩٣/١٢/٢٦ لە پێناوی پەیامو رێبازە پیرۆزەکەیدا شەهید بوو و گیانی شیرینی خۆی بە خودای بەرزو مەزن بەخشیو خواحافیزی لە خزمو کەسوکارو زێدو نیشتمانو کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان کردو خەمو مشوری پەیامەکەی بە رێبوارانی دڵسۆزو ئەمەکداری رێبازی رەسەنایەتیو خواپەرستیو خەڵکدۆستی سپارد، پاشان تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی (عەبابەیلێ)ی نزیك هەڵەبجە بەخاك سپێردرا.

# شەهید: سلێمان رەشید سەعید
# ناسراو بە: موجاهید



**گوێم لێیەو (دیاربەکر) دەڵێ:**

**درێژە پێدەری شۆڕش و ڕاپەڕینی (شێخ سەعید)م**

**(ماکۆک) دەڵێ:**

**هەورە بروسکەی خوێنی ئاڵی ماموّستایان**

**(وریا)و (شەریف)ی شەهیدم**

**مزگەوتی (ناجیەخان) دەڵێ:**

**من مینبەرو بڵندگۆی ماموّستا (مەغدید)م**

**(بێ تەل) دەڵێ:**

**بروسکەی نیدای (نەجمەدین)و**

**(فێرگە)ش دەڵێ:**

**من دەسترێژی چەکی شەهید (موجاهید)م**

**کوردستانی زێدی خۆشەویستیش دەڵێ:**

**من کالانی**

**شمشێری سوپای خواویستیی (خالیدی کوڕی وەلید)م.**

ساڵی ١٩٧١ لە شارۆچکەی ڕەواندوز لەدایك بووەو چاوی بە دیمەنە ڕەنگینەکانی ڕەواندوزو چیا سەرکەشەکانی کۆڕەك‌و هەندرێن هەڵێناوە، بەر لەوەی چاوە گەشەکانی تێر لە سیمای زێدی لە دایکبوونی رابمێنن‌و گاڵتەو گەپەکانی لەگەڵ منداڵانی ڕەواندوزدا تەواو بکات، خانەوادەکەیان بەهۆی بارودۆخی سیاسیی‌و لە هەستێکی کوردپەروەرانەوەو بەر لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلول دەچنە ئۆدوگای (زێوە)ی کوردستانی ئێران، دوای نسکۆو لە ئایاری ١٩٧٥دا ناچار دەگەڕێنەوە ڕەواندوز، بەڵام ئەوەندە لەوێ نامێنننەوەو لە ساڵی ١٩٧٦دا ماڵیان دەچێتە هەولێرو لە گەڕەکی سێ تاقان نیشتەجێ دەبن، هێشتا کاکە (سلێمان)ی ناسراو بە (موجاهید) پێی لە قوتابخانە نەناوە ئەو هەموو ژیانی ئاوارەیی‌و ئەو دیوادیوو و گەرمێن‌و کوێستانەی تووش هاتووەو بە ئاسودەیی سەرخەوێکی نەشکاندووە.

دوای ئەوە کاکە سلێمان دەچێتە قوتابخانەی سەرەتایی شەهیدان، ئەمما بەر لەوەی سەرەتایی تەواو بکات جارێکی تر خانەوادەکەیان ماڵی گواستۆتەوەو لە گوندی (قۆریتان)ی باشوری هەولێر نیشتەجێ بوون‌و لەوێ لە ساڵی ١٩٨٣ قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە، دواتر قۆناغی ناوەندیی لە قوتابخانەی (پیرداود) تەواوکردووە،

لە دوای راوەستانی شەڕی نێوان (عێراق ـ ئێران) لە ساڵی ١٩٨٨ ماڵیان دێتەوە هەولێرو لە گەڕەكی سەیداوە نیشتەجێ دەبن، ئەمجار لە كارگەی مافووری هەولێر وەكو فەرمانبەر دادەمەزرێ، هەروەها لە ماوەی سێ مانگیشدا خولی چاككردنەوەی یەخچاڵ دەبینێو بە پلەی یەكەم تەواوی دەكات، ساڵی ١٩٨٩ ماڵیان دەچێتە كانی قرژاڵەو ساڵی ١٩٩٠یش دووچاری خزمەتی سەربازی دەبێتەوەو دەیخەنە بەشی زرێپۆشەوەو تەنانەت فێری شۆفێری دەبابەش دەبێ.

هەر لەو سەردەمەدا پەیوەندی بە رێكخستنەكانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوكاتەوە دەكات، كاتێكیش لە ١٩٩١/٣/١١دا جەماوەری هەولێرو دەوروبەری بە دژی بەعسیەكان رادەپەڕێ، (كاك سلێمان)یش بەشداری راپەڕین دەكاتو رۆڵی بەرچاوی تێدا دەبینێو تەنانەت بەهۆی شارەزایی پێشوویەوە مودەڕعەیەكیش دەباتەوە كانی قرژاڵە، ئەمجار لە دوای راپەڕین لە مەڵبەندی چواری هەولێری بزووتنەوە بە رەسمی دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلامو دڵسۆزانە ئەركەكانی رادەپەڕاندنو دەوامی خۆی دەكرد لە مەڵبەندو بارەگاكانی تری سەر بە مەڵبەند.

ساڵی ١٩٩٢ لە فێرگەی سەربازی (سەلاحەدین) لە بیتوێن بەهۆی شارەزایی لە بوارەكانی سەربازیدا بوو بە مامۆستایەكی دڵسۆزی فێرگەری سەربازیو خزمەتێكی بەرچاوی بە هێزی پێشمەرگەی ئیسلامو سوپای بەرگری ئیسلامییو فێرگەكە كرد.

كاكە موجاهید لە پەروەردەكردنو پێگەیاندنی پێشمەرگەدا لێزانو بە حەوسەڵەو رشت بوو، كەسێكی جەسوورو بەتواناو لێبڕاو بوو، پیاوێكی خواویستو خۆشەویست بوو، كاتی بە فیڕۆ نەدەدا، لە پێناوی خزمەتی كاروانی نووردا شەو و رۆژی پێكەوە گرێدەدا، تا سەرەنجام كاكە موجاهیدی قارەمانو پێشمەرگەی ئیسلامو مامۆستای فێركە لە پێناوی پەیامو رێبازی راستەقینەی ژیانو لە پێناوی بیروباوەڕەكەیدا لە رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٦ لە چیای هەیبەت سوڵتان شەهید بوو و گیانی پاكی بەخشی بە خودای میهرەبانو ماڵئاوایی لە ژیانی فانی دونیاییو خزمو كەسوكارو هاوڕێو هاوسەنگەران كردو پەیامەكەی دایە دەست رێبوارانی دڵسۆزو ئەمەكداری رێگای سەرفرازیو كۆڵنەدانو تێكۆشان.

كاكە موجاهید خێزاندار بووەو دوای خۆی تەنها كوڕێكی بە ناوی (ئەحمەد) بە دیاریو یادگاری لەدوا بەجێماوە.

# شەهید ئەحمەد رەحیم میرزا
# ناسراو بە: فاروق



ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی (مەحمود قەجەر)ی سەر بە خانەقین هاتۆتە دونیاوە، ساڵی ١٩٧٤ خێزانەکەیان ئاوارەی ئێران دەبیّ‌و ساڵی ١٩٧٥ گەڕاونەتەوە (فەلوجە)و ساڵی ١٩٧٩ کاکە فاروق گەڕاوەتەوە کەلارو دوای ئەم ئاوارەیی‌و کوێرەوەریانە قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (انتصار) لە کەلارو ناوەندیشی لە سیروانی کوڕان‌و دواناوەندیشی هەر لە کەلار تا شەشەمی زانستی تەواوکردووە.

شەهید فاروق دڵی بە نووری هیدایەتی خوایی رووناك دەبێتەوەو راست‌و چەپی خۆی دەناسێت‌و هۆگری مزگەوت دەبێت‌و دەزانیّ فەلسەفەی دروستبوونی مرۆڤ لەلایەن خوداوە چییە، بۆیە دەیەویّ بەندەیەکی دڵسۆزی خواو خزمەتگوزاری میللەت بێت.

ساڵی ١٩٨٩ پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکات‌و وەك ئەندامێکی چالاکی رێکخستنەکانی ناوخۆ ئەرکەکانی رادەپەڕێنیّ، لە راپەڕینیشدا بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستیّ‌و هەمان ساڵیش واتە ساڵی ١٩٩١ لە هێزی گەرمیان دەبێتە پێشمەرگە، دواجار لە ئاکامی دڵسۆزی‌و چوست‌و چالاکی‌و متمانەی هاوسەنگەرانیەوە وەك جێگری هێز دیاری دەکرێت‌و ئیتر بە خەم‌و مشوورێکی گەورەترەوە قۆڵ لە راپەڕاندنی ئەرکەکانی هەڵدەماڵیّ.

لە درێژەی ژیانی خواویستیی‌و پێشمەرگانەی خویدا هەمیشە لە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری‌و زانستیی خۆیدا بووەو هەرچیشی بەخێری دونیاو قیامەتی خەڵك‌و هاوڕێ‌و هاوسەنگەرانی زانیبیّ کروویەتی‌و وتوویەتی، بۆ ئەوەی زیاتر رۆشنایی بە دڵ‌و دەروونی خۆی‌و دەوروبەری بدات تا بۆیکراوە لە قورئان نزیك بووەتەوەو ئاوێتەی بووە، جگە لەمە شەهید ئەحمەد رەحیم ناسراو بە فاروق ویستوویەتی لەگەڵ خەڵکیشدا کراوەبیّ‌و حەزیشی بە وەرزش هاتووە.

هەروەها لە هەموو ئەو ئاستەنگ‌و هەڕەشانەی رووبەڕووی کاروانی رابوونی ئیسلامی کوردستان بوونەتەوە، خاوەنی رۆڵی دلێرانەو بەرچاو بووەو گیانفیدایانە بەرگری لە ئیسلام‌و رەسەنایەتی میللەتەکەی کردووە.

سەرەنجام کاك فاروق لە پێناو رێبازو بیروباوەڕەکەیداو لە رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٦ لە کەلار شەهید دەکریّ‌و دوای ماڵئاوایی لە ژیانی فانی دونیایی بەرەو ژیانی راستەقینەی تاهەتایی، دەگەڕێتەوەو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی (شێخ

عەبدورەحمان) بەخاك سپێردراوە، بەم پێیە شەهید فاروق دەبێتە دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیان، کە لە پێش ئەودا شەهید (جەمال)ی براشی کە بە (هۆشمەند) ناسرابوو لە ١٩٩٢/٧/٣١ هەر لە کەلار بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگات.

شەهید ئەحمەد لە ساڵی ١٩٨٩ خێزانی پێکەوەنابوو، دوو کوڕو کچێکی بە ناوەکانی (موحەممەد، فاروق، نیداء) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێهێشتوون.

# شەهید: کامەران عەلی کاک ئەحمەد عەباس



ساڵی ١٩٧٤ لە ئامێزی خانەوادەیەکی ئایینپەروەری سەر بە عەشیرەتی نەورۆڵی‌ولە گوندی (سەراو)ی سەر بە شاری هەڵەبجە هاتۆتە دونیاوە، دواتر کە خانەوادەکەیان لە کۆمەڵگای زەمەقی نیشتەجێ کراون، ژیانی منداڵیی لەوێ بەڕێکردووە، لە قوتابخانەی کامەران نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە، بەهۆی کیمیابیبارانو ئاوارەبوونو نەفیکردنی بەشێکی زۆر لە شاری هەڵەبجە، قۆناغی ناوەندیی لە (گردەچاڵ)ی نزیك هەولێر تەواوکردووە، ئەمجار لە ئامادەیی (تەمریض)ی سلێمانی درێژەی بە خوێندن داوە.

کاکە کامەران هەر لە سەرەتای منداڵییەوە بە فیترەت پاکییەوە درێژەی بە ژیان داوەو ڕیستوویەتی لە ئایینەکەی شارەزابێت، هەر بۆیە لە کۆمەڵگای زەمەقی بونیادی هەستی ئیسلامخوازانەو کاری ئیسلامیی دەنێو تێڕوانینو بیروباوەڕی دەکەوێتە نەشو نوماو شەوق دانەوە.

ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ ڕاپەڕینی جەماوەری گەلی کوردستاندا پەیوەندی بە ڕیزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەوە دەکاتو دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلامو چەکی ئیسلام دەکاتە شان، بەمەش قۆناغێکی نوێ لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمێکی نوێدا لە ژیانی کاکە کامەراندا دەستپێدەکات.

لەلایەکی تریشەوە لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیاندا بە کاری سەیدەلانییەوە خەریك دەبێتو لەم میانەیەشدا بە پێی توانا خزمەتو هاوکاری خەڵك دەکات.

کاکە کامەران شەیدای قورئانی پیرۆز دەبێتو بەهۆی مرحیببەتو تێکەڵاوی لەگەڵیدا، نزیکەی چوار جوزئی لە قورئان لەبەرکردووەو دەیەوێ بە نووری قورئان دڵو دەروونی خۆیو ساتەکانی ژیانیو ڕێبازی میللەتەکەی ڕۆشن بکاتەوە.

کاکە کامەران سەرەتا لە تیپی نەورەسیو پاشان لە سکرتاریەتی ڕابەر دەبێتە پارێزەری ڕابەری گشتیو لەم ڕێیەوە ئەرکو فەرمانەکانی پێشمەرگایەتیو پاسەوانێتی دڵسۆزانە ئەنجام دەداتو تەمەنی لاوێتی خۆی دەکاتە قوربانی ڕێبازی ئیسلامو کاروانی ڕابوونی ئیسلامیی کوردستان.

كاكە كامەران لە ژیانی پێشمەرگایەتیشدا زۆر تینووی شەهیدی دەبێتو بەردەوام ئاواتی بۆ دەخوازێ، زۆرجار سەردەخاتە كۆشی گەرمی دایكی خۆشەویسییەوەو سرودی شەهیدی دەڵێتەوە، تەنانەت هەفتەیەك بەر لە شەهیدبوونی خەونی مردنی خۆیو حەشرو گەیشتن بە حۆریەكانی بەهەشتەوە دەبینێ، سەرەنجام كاكە كامەرانی پێشمەرگەی ئیسلامو لاوی بۆ خواصولحاو لە رۆژی ٢٦ /١٩٩٣/١٢ لە پێناو رێبازو پەیامە پیرۆزەكەیداو لەگەڵ شەهید (زوبێری كوڕی مامۆستا مەلا عوسمانی رابەری گشتی) لەناو بارەگای سەركردایەتی لە سەرئەشكەوتان شەهید دەبێو ماڵئاوایی لە خزموكەسوكارو هاوڕێو هاوسەنگەرانیو كاروانی رابوونی ئیسلامیی كوردستان دەكاتو گیانە شیرینەكەی دەكاتە خەڵاتی رێبازی خوای پەروەردگار، پاشان تەرمەپاكەكەی دەبرێتەوە هەڵەبجەو لە گۆڕستانی (گوڵان) بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: نورەدین عوسمان عەلی ئەحمەد
# ناسراو بە: نووری



ساڵی ١٩٧٢ لە خانەوادەیەکی سەر بە عەشیرەتی شێخ عیسای بەرزنجی لە بەرزنجە هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیشی هەر لەوێ بەسەربردووە، هەر لە بەرزنجە نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی بەسەرکەوتوویی بڕیوە، پاشان ڕۆشتۆتە سلێمانیو لەوێش لە ناوەندی شوان (ئاگری داخ)ی ئێستا تا سێی ناوەندی تەواوکردووەو ئەمجار بەشی (معادن)ی لە ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی بە کۆتایی گەیاندووە، جگە لەمە ماوەیەکیش لە مزگەوتی عەلی کەمال لای شەهید مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف واژەیی وانەی ئاییینیی دەخوێنێ.

شەهید نورەدین لە پێناو دابینکردنی ژیانو گوزەرانیشدا دەستدەکات بە کارو کاسبیو میوەفرۆشی.

هەروەها ماوەیەکیش دەبێتە لایەنگری پارتیو لە ئاسۆی ئازادی میللەتەکەی دەڕوانێ.

ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ ڕاپەڕینی گەلی کوردستاندا پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو هەمان ساڵ دەچێتە ریزەکانی سوپای بەرگری ئیسلامییەوەو لە مەڵبەندی سلێمانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.

ساڵی ١٩٩٣ بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستیو دڵسۆزانە ئەركو فەرمانەکان رادەپەڕێنێ، تا سەرەنجام کاك نورەدین عوسمانی پێشمەرگەی خواویستو قارەمان لە ١٩٩٣/١٢/٢٦ لە شاخی گۆیژە لە پێناو ڕێبازو پەیامەکەیدا شەهید دەبیو گیانی شیرینی دەکاتە قوربانیو خواحافیزی لە کاروانی ڕابوونی ئیسلامیی کوردستانو خزمو کەسوکارو خۆشەویستانی دەکات، پاشان تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی گردی سەیوان لە سلێمانی بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: ئیبراهیم عەبدوڵڵا موحەممەد



ساڵی ١٩٧٢ لە خانەوادەیەکی سەر بە عەشیرەتی شێخ عیسای بەرزنجی لە بەرزنجە هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیشی هەر لەوێ بەسەربردووە، هەر لە بەرزنجە نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی بەسەرکەوتوویی بڕیوە، پاشان ڕۆشتۆتە سلێمانیو لەوێش لە ناوەندی شوان (ئاگری داخ)ی ئێستا تا سێی ناوەندی تەواوکردووەو ئەمجار بەشی (معادن)ی لە ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی بە کۆتایی گەیاندووە، جگە لەمە ماوەیەکیش لە مزگەوتی عەلی کەمال لای شەهید مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف واژەیی وانەی ئایینیی دەخوێنێ.

شەهید نورەدین لە پێناو دابینکردنی ژیانو گوزەرانیشدا دەستدەکات بە کارو کاسبیو میوەفرۆشی.

هەروەها ماوەیەکیش دەبێتە لایەنگری پارتیو لە ئاسۆی ئازادی میللەتەکەی دەڕوانێ.

ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ ڕاپەڕینی گەلی کوردستاندا پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو هەمان ساڵ دەچێتە ریزەکانی سوپای بەرگری ئیسلامییەوەو لە مەڵبەندی سلێمانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.

ساڵی ١٩٩٣ بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێو دڵسۆزانە ئەرکو فەرمانەکان رادەپەڕێنێ، تا سەرەنجام کاك نورەدین عوسمانی پێشمەرگەی خواویستو قارەمان لە ١٩٩٣/١٢/٢٦ لە شاخی گۆیژە لە پێناو ڕێبازو پەیامەکەیدا شەهید دەبێو گیانی شیرینی دەکاتە قوربانیو خواحافیزی لە کاروانی ڕابوونی ئیسلامیی کوردستانو خزمو کەسوکارو خۆشەویستانی دەکات، پاشان تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی گردی سەیوان لە سلێمانی بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: ئیبراهیم عەبدوڵڵا موحەممەد




ساڵی ١٩٧٣ لە گوندی رەنگینی (هەرتەل)ی ناوچەی خۆشناوەتی سەر بە ناحیەی بێتواتە لە ئامێزی بنەماڵەیەکی ئایینپەروەردا چاوی بە ژیانو دیمەنە دڵڕفێنەکانی کوردستان هەڵێناوە، ژیانی منداڵیی هەر لە نێو باوەشی گوندە رازاوەو دڵگیرەکەی هەرتەلدا بەسەربردووە.

شەهید ئیبراهیم بواری چوونە قوتابخانەی بۆ نەڕەخساوەو هەر بە کارو کاسبیو شوانییەوە خەریك بووە، بەڵام لە ماڵەوە لە لای باوکی کە مەلا بووە قورئانی پیرۆزی خوێندووەو هەر لە رێی ئەویشەوە کەمو زۆر شارەزایی لە بارەی ئیسلامەوە پەیداکردووە.

شەهید ئیبراهیم ساڵی ١٩٩١و لەگەڵ راپەڕیندا پەیوەندیی بە کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانەوە دەکاتو ساڵی دواتر لە تیپی (ئاگرین)ی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکات دەبێتە پێشمەرگەو بە دڵسۆزییەوە ئەرکەکانی رادەپەڕێنێ، لە زستانی ١٩٩٣شدا بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێو سەرەنجام کاك ئیبراهیم عەبدوڵڵا کە بەوپەڕی لەخۆبردوویی‌و گیانفیدایی‌و دڵسۆزییەوە بڕیاری خزمەتی رێبازی ئیسلامو میللەتەکەی دابوو لە ژێر ئاڵای پێغەمبەری پێشەوادا ﷺ لەم رێبازەداو لە پێناوی ئەم ئامانجە بەرزەدا لە رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٦ لە (قەڵاتك) شەهید دەبێو بەرەو قاپی میهرەبانی خودا دەگەڕێتەوەو ماڵئاوایی لە ژیانی دونیاو دۆستو یارانو خۆشەویستانی دەکات، دواتر تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی (شکارتە) بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهیدی فەرماندە: لوقمان موحەممەد ئیسلام
# ناسراو بە: لوقمان بادینی



هەر شوێنێك بەرماڵو تاتە نوێژێکی لێ بێ، مەڵبەندی رابوونی ئیسلامییەو....
بادینانیش بە قوڵایی رەسەنایەتییەکەیدا کە ئیسلامە قوڵە، بۆیە ئەمجارە تێلکەی خەمو خەونە کەسكو سوورەکانمان دەبەینە گوندی (شلی)ی (بەرواری ژێری)ی سەر بە قەزای (ئەتروش) شێخانی ئێستا، گیانی ماندوومان دەدەینە بەر شەبەنگی گیانە فریشتەییەکەی شەهیدی ئازیز کاك (لوقمان موحەممەد ئیسلام) ، کە ساڵی ۱۹۷۰ لەو گوندە دلگیرە چاوی بە مەینەتی گەلەکەی هەڵێناوەو لەبەر خۆشەویستیی بنەماڵەکەیان بۆ ئیسلام، باپیرو برایەکی ناویان (ئیسلام) بووە.

سەرەتا لەو گوندە خوێندوویەتی، دوایی ماڵیان چۆتە دهۆك، قۆناغی سەرەتاییو ناوەندیی لەوێ تەواو کردووە، کاتێك دەگاتە قۆناغی ئامادەیی لە پۆلی چوارەم لەلایەن ئەمنی رژێمەوە لە مانگی نیسانی ۱۹۸۵دا دەستگیر دەکرێتو دەخرێتە بەندیخانەوەو نزیکەی (۱٤) مانگ لە زیندان بەسەردەباتو لە حوزەیرانی ۱۹۸٦ ئازاد دەکرێت، پاش دەرچوونی لە بەندیخانەی رژێمی بەعسی دڕندە، خۆی دەگەیەنێتە گوندێکی ئازادکراوی ناوچەی بادینان، دوای ئەوەی رژێم گوندەکەیان وێرانو خاپوور دەکات، دوای ماوەیەك کۆچدەکات بۆ کوردستانی ئێرانو لەوێ خەریکی خوێندنو فێربوون دەبێو دەبێتە ئاشنای کتێبەکانی (سەید قوتب) ی شەهید.

کاتێك خەونی لە مێژ ساڵەی کورد بە ئازادبوونی کوردستان لە ساڵی (۱۹۹۱) دێتە دی، شەهید دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی زێدو نیشتمانەکەی.

ساڵی ۱۹۹۲ پەیوەندی دەکات بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتو لەبەر چالاکییو لێهاتوویی خۆی دوای کۆنگرەی شەشەم دەکرێتە بەرپرسی هەرێمی پێنجی بادینانو ئەندامی مەڵبەندی (٥)ی دهۆك، بۆ زیاتر خزمەتکردن بە ئیسلام بەشداریی خولی سەربازی لە سەربازگەی (سەلاحەدین) دەکاتو لەو بوارەدا رۆڵی چالاکی خۆی دەبینێ و دەبێتە مامۆستا سەرەتایی فێرگەکە.

شەهید بە هەگبەی پڕ لە ئاواتی پەمەییو بە ئاواتی گەیشتن بە ئاسۆی دەم کەلی شەهیدیی هەنگاو دەنێ، تا لە ۱۹۹۳/۱۲/۲٦و لە کاتی بەرگریکردن لە رێبازو بیروباوەڕەکەی لە بارەگای کۆمەڵگای شکارتەی سەر بە ناحیەی بێتواتە دەگاتە سەر ترۆپکە بەرزەکەی شەهیدییو پاشان تەرمە پاکەکەی دەگەڕێنرێتەوە زێدی باب باپیرانیو لەوێ بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: كاروان ئەحمەد عەبدوڵڵا عەبدوڕڕەحمان



ساڵی ١٩٧١ لە خانەوادەیەکی سەر بە عەشیرەتی جاف لە گەڕەکی (کانیسکان)ی شاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە، تەمەنی گڕوگاڵو گاڵتەوگەپەکانی منداڵیی لە گەڕەکەکانی کانیسکانو تووی مەلیكو تێکەڵ بە دیمەنە رەنگینەکانی ئەزمەڕو گۆیژەو هەوای سازگاری سلێمانی گوزەراندووە.

لە قوتابخانەی مەولانا خالیدی کوڕان نراوەتە بەر خوێندنو دوای بڕینی قۆناغی سەرەتایی لە ناوەندی کاوەی کوڕان سێی ناوەندی تەواوکردووە، لەوەش زیاتر نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بداتو لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیاندا ملی ناوەتە بەر کارو کاسبیو دوکانداری.


کاکە کاروان لە فیترەتی خاوێنی خۆیەوە رێگای راستەقینە دەناسێتەوەو لە هەمان کاتیشدا بە تەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەڵسوکەتو ئامۆژگارییەکانی شەهید موحەممەدو شەهید کامەرانی برا گەورەیەوە.

ساڵی ١٩٩١و لە راپەڕینی جەماوەری گەلی کوردستاندا پەیوەندی بە کاروانی جیهادیی ئیسلامی کوردستانەوە دەکاتو دەچێتە ناو ئاپۆرای ئیسلامخوازانی مەڵبەندی (٦)ی سلێمانییەوە.

کاکە کاروان بەم شێوەیە بە تەواوی دڵی بە کاروانەکەوە پەیوەست دەبێو شانازی بە بوونی خۆیو پێگەو رێبازەکەیەوە دەکاتو دڵسۆزانە ئەرکەکانی سەرشانی رادەپەڕێنێ، تا سەرەنجام کاکە کاروانی لاوی ئیسلامخوازو رێبواری کاروانی رێبازی سەرفرازی لە ١٩٩٣/١٢/٢٦ لە مەڵبەندی سلێمانی گیانی دەکاتە خەڵاتی پەیامو بیروباوەڕەکەیو شەهید دەبێت، دواتر تەرمەکەشی هەر لە سلێمانیو لە گۆڕستانی راپەڕین بەخاك دەسپێردرێت.

بەم پێیەش شەهید کاروان دەبێتە دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەی چونکە پێشتریش کاك کامەرانی برا گەورەی بەر شاڵاوەکانی بەناو ئەنفالی رژێم دەکەوێو شەهید دەبێت.

# شەهید: مستەفا موحەممەد مرادخان
# ناسراو بە: (مستەفا رووح سووک) و (خالید)




ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی (علی یەکان)ی ناحیەی مەیدانی سەر بە قەزای (خانەقین) لە بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی ئەلباکی ئایشەیی لەدایك بووەو ژیانی منداڵی لە باوەنوور بەسەربردووەو هەر لەوێش لە قوتابخانەی (سەلام) شەشەمی سەرەتایی تەواوکردووە.

دواتر سەرقاڵی کارو کاسبی دەبێ‌و ماوەی سێ ساڵیش لە ریزی یەکێتیدا دەبێتە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٩٠ پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکات‌و ساڵی ١٩٩١یش لە راپەڕیندا رۆڵی خۆی دەبینێ‌و لە خانەقین‌و جەلەولاو کفری بە رووی بەعسیەکاندا دەچێتەوە، بەهۆی پەیوەستبوونی بە خوداو ژیانی لەگەڵ ئیسلامخوازان‌و دڵبێداراندا بە تەواوی لە خەسڵەتە بەرزو بەها باڵاکان بەهرەمەند دەبێت‌و زۆریش حەز بە ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئاشتەوایی خەڵك دەکات.

هەر لە ساڵی ١٩٩١ەوە بۆتە پێشمەرگەی ئیسلام‌و لە هێزی گەرمیان چەکی ئیسلام دەکاتە شان، لە تەمموزی ١٩٩٢شدا جارێك لە کەلار بریندار دەبێت‌و ئەمەش زیاتر مکوڕی دەکات لەسەر درێژەدان بە خەبات‌و خزمەتی پێشمەرگایەتی، تا سەرەنجام کاك مستەفا موحەممەد ناسراو بە خالیدو پێشمەرگەی هەمیشە گیان لەسەردەست‌و خاوەن ئەزموون لە ١٩٩٣/١٢/٢٦ لە کەلار دەگاتە کاروانی شەهیدان‌و ماڵئاوایی لە خانەوادەکەیان‌و رابوونی ئیسلامیی کوردستان و گەرمیانی گڕو حەماسە دەکات‌و تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی کەلاری کۆن بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: حسێن ئیسماعیل ئەحمەد
## ناسراو بە: کاروان



چوارقوڕنەی چاوە گەشەکەی بیتوێنی دڵفراوانو بەخشندە، بەردەوام بە نووری ئیمان روونبۆتەوەو مزگەوتو ماڵە روونەکانی ئەم شارۆچکەیە تروسکەی نێو شەوەزەنگی بەعسیان بوونو تاریکایی جەهالەتیان دەخستە نێو زەلکاوی خەجاڵەتیو رەوینەوەوە، تا وای لێهات چوارقوڕنە بووە چقڵی چاوی داگیرکەرانی کوردکوژو ئاپۆڕەی کوڕانی ئیسلامیی رۆشنبیرو شۆڕشگێڕ، ئۆقرەی لە بەعسیان هەڵگرتبوو، ئەوەبوو لە بەرە بەری راپەڕیندا دەستی رەشیان لێوەشاندو پۆلێك کوڕی دلێری ئیسلامیان لێ راپێچی زیندانە تاریکەکان کرد، کە هەتا ئێستاش بێ سەرو شوێنن.
جا یەکێك لەو رۆڵە بەمشوورو قارەمانانەی ئەڵقەیەکی ئەو رایەڵە نوورانیە بوونو ئەوسا بەر کەمەندی بەعسیان نەکەوت، شەهیدی قارەمان کاك (حسێن ئیسماعیل)ە کە بە (کاروان) ناسراوە.
شەهید کاروان ساڵی ١٩٦٩ لە شارۆچکەی چوارقوڕنە لەدایك بووەو ژیانی منداڵیشی لەوێ بەسەر بردووە، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (ساتکۆ)و ناوەندیشی لە ناوەندی چوارقوڕنەو ئامادەییشی هەر لە چوارقوڕنە تەواوکردووەو پاشان لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر وەرگیراوەو بە لێهاتوویی قۆناغی یەکەمو دووەمی بەشی عەرەبیی کۆلێژی ئادابی بڕیوە.
شەهید کاروان لەگەڵ راپەڕینی جەماوەری کوردستاندا بەشداری دەکاتو رۆڵی خۆی تێدا دەبینێو تا رزگارکردنی هەولێرو کەرکوك بە دوای بەعسیانەوە دەبێت، دواتر لە تیپی (٧)ی راپەڕینی سەر بە مەڵبەندی سێی رانیە لە چوارقوڕنە دەبێتە پێشمەرگە، جگە لەمە ئەندامێکی چالاکی لقی بیتوێن پشدەری پەیوەندی ئیسلامیی خوێندکارانو لاوانی کوردستان بوو، لە کردنەوەی لقەکەدا لە ١٩٩٢/٩/١دا رۆڵی کارا دەگێڕێو لێپرسراوی بەشی راگەیاندنی لقەکەش بووە.
شەهید کاروان تا بڵێی کەسێکی زیتەڵو بێدار بوو، هەمیشە حەزی دەکرد ئاستی هۆشیاریو زانستی خۆی فراوانتر بکات.
هەروەها لە خولێکی مەکتەبی رێکخستندا بۆ ژمارەیەك کادیری راگەیاندن بەشداری دەکاتو بە پلەی ئیمتیاز لە خولەکە دەردەچێت.
هەر ئەم دڵسۆزیەی ئەم لاوە خواویستو زانست خوازە دەبێت وای لێبکات ئاستی پلەی خوێندنی خۆی بکاتە قوربانی رێبازەکەیو لە کاتێکدا لە قۆناغی سێیەمی

کولیەدا دەبێت لە هەولێر، هەستی بەرزی بەرپرسیاریو ئیسلامخوازیی پاڵی پێوە دەنێن لە زستانی ١٩٩٣دا ببێتە پەرژینی ڕێبازو بیروباوەڕەکەی، تا سەرەنجام لەو ڕێبازەداو لە ڕۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٦ لە گوندی (باغەمرە)ی خوارووی هەولێر لەگەڵ مامۆستا کەیفی لە سەعات چواری پاشنیوەڕۆدا دەگاتە ترۆپکی سەروەرییو بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو دواتر تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی چوارقوڕنە بەخاک دەسپێردرێت.



# شەهید: موحەممەد صاڵح قادر[٧]



ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی بۆسکێنی سەر بە شاری رانیە لە نێو ئامێزی خانەوادەیەکی ئایینپەروەری سەر بە عەشیرەتی ئاکۆ هاتۆتە دونیاوەو هەناسەکانی تەمەنی منداڵیشی تێکەڵاوی هەناسەکانی بیتوێنو بۆسکێن کردووە.

لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیانیشدا ملی بە کارو کەسابەتەوە ناوەو لە بواری وەستایی دیوارو شۆفێریشدا شارەزایی پەیداکردووە.

شەهید موحەممەد کەسێکی کۆمەڵایەتی بووەو حەزی بە تێکەڵاوی کەسوکارو خەڵکی دەوروبەر وخزمەتکردنی کۆمەڵگا کردووە.

شەهید موحەممەد صاڵح ماوەیەك دووچاری سەربازیی بووە، کاتێکیش خۆری جیهادی ئیسلامیی لە بناری قەندیلو قەڵاتووکانەوە پرشنگ دەهاوێ ، دڵی بەو نوورە رۆشن دەبێتەوە، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٧دا پەیوەندی بە رێکخستنەوە دەکات، تا دێ زیاتر بە دەوری ئەم کاروانە ئیسلامییەدا دەسوورێتەوەو بەهرەی لێ وەردەگرێ.

لەگەڵ راپەرینی ئازاری ١٩٩١یشدا کاك موحەممەد وەك رۆڵەیەکی چاپووكو رق ئەستوور لەگەڵ جەماوەری راپەریو و شانە چەکدارەکاندا لە بەعسییەکان رادەپەڕێو داخی دڵی خۆیان پێ دەرێژێ، ئا لەو کاتەوە کاك موحەممەد وەك قارەمانێکی دڵسۆزی ئیسلام دەردەکەوێ، دواتریش لە سوپای بەرگری بەشداری خولو راهێنان دەکاتو ئەمجار لە مەڵبەندی سێی رانیە درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەداتو لێبڕاوانە ئەرکەکانی رادەپەڕێنێ ، تا سەرەنجام کاك موحەممەد صاڵحی دڵ پڕ لە خۆشەویستیی خواو دڵسۆزیی گەلو نیشتمان ، لە پێناوی رێبازو بیروباوەڕو پەیامەکەیداو لە رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٦ لە (کلکەی کۆلێن) لەگەڵ شەهیدی هونەرمەند (تەها بابەکر)دا دەگاتە ترۆپکی شەهیدیو بەمەش دەبێتە دووەمین شەهیدی بنەماڵە بەرێزەکەیان ، کە پێشتر لە ١٩٩١/٣/٣٠داو لە کاتی بەرپەرچدانەوەی پەلاماری بەعسیەکاندا بۆ سەر کوردستانی ئازادکراو کاك (خدر)ی براشی لە پردێ گەیشتە کاروانی شەهیدان.

دواتر تەرمە پاکەکەی کاك موحەممەدی قارەمان دەهێنرێتەوە گوندەکەی خۆیانو لەوێ بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید موحەممەد صاڵح خێزاندار بوو، دوای خۆی چوار کچو سێ کوڕی بە ناوەکانی (ئامینە، رودیدا، سەفەر، چێنەر، دەشتی، کاروان، کارزان) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێهێشتوون.

# شەهید: موحەممەد یونس قادر



ساڵی ١٩٧٧ لە گوندی دڵ رفێنی (هەرتەل)ی ئامێزی خۆشناوەتی سەر بە شارۆچکەی بێتواتە هاتووەتە دونیاوە، ژیانی منداڵی لە گوندەکەیان بەسەر بردووەو پاشان نراوەتە بەر خوێندنو تا دووی ناوەندی لە ناوەندی سەروچاوەی تێکەڵ خوێندوویەتی، دواتر دەستی داوەتە کارو کاسبیو هاوکاری بنەماڵەکەیان، کاک موحەممەد ئەو کورە سەر بڵندەی نێو باوەشی چیاو رەوەزەکانی کوردستان تا دەهات چاوی بە مەزڵومیەتی میللەتەکەی دەکرانەوەو لە بیری ئازادیو رزگاربوون لە ژێردەستەییدا بوو، ماوەی دوو ساڵ لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانیدا کاردەکاتو پاشان پەیوەندی بە ریزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەوە دەکاتو لە دەلاقەی باوەڕبوون بە رەسەنایەتیو تیرو تەواوی شەریعەتی خواوە بۆ ئاسۆکان دەڕوانێ.

ساڵی ١٩٩٢ بە رەسمی لە تیپی (٦٨)ی سەید قوتبی سەر بە مەڵبەندی سێ لە سەروچاوە دەبێتە پێشمەرگەو لێپرسراوانە فەرمانەکان رادەپەڕێنیو بە دڵسۆزیو چوستو چالاکی خۆی، لە ناو دڵی هاوسەنگەرانیدا جێگای خۆی دەکاتەوە، لە درێژەی خزمەتی پێشمەرگایەتیو دەوامی لە بنکەو بارەگاکاندا کە ببوونە مەڵبەندی ئامۆژگاریو قورئانخوێندنو شەونوێژو ئاکاری بەرزو پەسەندو نیشتمانپەروەریو هاوکاریو رێزو خۆشەویستیی، کاکە موحەممەد بە هەموو ئەو خەسڵەتە بەرزانە زیاتر دەڕازێتەوەو نووری خۆشەویستیی خواو پێغەمبەرو رێبازە راستەکەیان لە دڵو دەروونو نێو چاوانییەوە تریفە دەداتو بە تەواوی لە هەڵسوکەتو ئاکاریدا رەنگی داوەتەوە، بۆیە هەمیشە دەبێتە پەرژینی رێبازەکەیو ئامادەی گیانبەخشین دەبێت لە پێناویدا.


لە مانگی ١٩٩٣/١٢شدا دڵسۆزانە بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێ، تا سەرەنجام لەو پێناوەداو لە رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٧ لە چیای ماکۆك لەگەڵ (شەهیدی سەرکردە مامۆستا شەریفو مامۆستا وریا کەرکوکیو کاك ئەحمەد بابەکرو کاك حاجی نەبی)دا بەیەکەوە رەمی دەکرێنو دەگاتە کاروانی شەهیدانو لەوێوە ماڵئاوایی لە هەرتەل و کاروانی رابوونی ئیسلامیی و خزم و کەسوکارو هاوسەنگەرانی دەکاتو وەك ئەستێرەیەکی ترۆپکی سەروەریی بەرەو بەرزی تێدەکشێ، پاشان تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی شکارتە بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهیدی بانگەوازکار: وریا موحەممەد سەعید
# ناسراو بە: مامۆستا وریا کەرکووکی



کەرکووکی خۆرە گیراوەکەی کوردستان بەردەوام چاوی بەخشینو قوربانیدانو هێمای رابوونو بەرەنگارییو کۆڵنەدان بووە، ئامێزە گەرمەکەی کردۆتە بنکەی پێگەیاندنی چەندان قارەمانی بە ئیمانی ماندوویی نەناس، کە کوڕی رۆژی تەنگانە بوونو لە بەرامبەر سەختترین کارەساتو هەڵدێرو هەڵەمووتو کۆسپی رێگادا، بزەیان هاتۆتیو پشت ئەستوور بەو پەروەردگارەی لە ناخی دڵیانەوە ناسیویانەو خۆشیان ویستووە، هەموو ئاستەنگو کۆسپێکیان لەبەرچاوان بچووك بۆتەوەو ترسو لەرزو زەبرو زەنگیان پێشێل کردووەو سنووری سلکردنو پرینگانەوەیان بەزاندووە، ئەو مێرخاسە دلێرانە، نەك تەنها بۆ خۆیان لە شەوەزەنگی جاهیلییەت دەرباز بوو ون، بەڵکو وەکو چرایەکی گەش دەوروبەریشیان رووناك کردۆتەوەو نەیانهێشتووە خەڵکی دیکەش بکەوێتە داوی رێچکەو کوێرە رێیانو خۆیو دونیاو قیامەتی بدۆڕێنێ.

ئەو زاتە پیرۆزو چاوساغانە، ئەوەندە لە مەیدانی مشورخۆرییو رێنومایکردنی خەڵکدا چوونەتە پێشێو دڵسۆزییان نواندووە، لەسەر لوتکە بەرزەکەی جیهادەوە ئەوەندە تاغووتو ستەمکارانیان لە پێش چاوان بچووك بوونەتەوە، گەیشتوونەتە ئەوپەڕی هەواری رازاوەی توانەوە لە خۆشەویستیی خواو چەوساوانداو هەتا گیانی پیرۆزیان نەکردۆتە قوربانی، هەدایان نەداوە.



یەکێك لەو رێبوارە سەر راستو لەخۆبردووانە شەهیدی قارەمان مامۆستا وریا کەرکووکییە، ساڵی ١٩٥٣ خەرمانەی دەوری بابەگوڕگوڕ لەگەڵ تریقەی منداڵێکی چاوگەشدا گەشتر بۆوەو شەوقی دایەوە شۆڕیجەو رەحیماواو ئیمام قاسمو دڵی گەرمی گەرمتر بۆوە.

ئەو منداڵە چاوگەشو بێنازە، لە کەرکووکی بۆتەی ستەمو چەوساندنەوەی کوردو لە پەنا هاڵاوی دۆزەخی رەگەزپەرستی ناسیۆنالیزمی عەرەبدا، بە ئەسپایی هەڵیداو گەشەی کرد، بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ ئەو کۆرپە چکۆلەیە لە خۆڕا ناوی (وریا)یان لێناوە، رۆژێك دەبێت، ببێتە سەرمەشقی هەقویستیو راستیخوازییو سەری وشەی رەسەنو هەقو گوللە وا پێکەوە نێت، هەتا هەتایە لێك نەبنەوەو بەبێ یەکتر هەڵنەکەنو هەر پێکەوەش سەرانسوێی لووتکەی سەرفرازیی مێژوو بکەنو لێی دابەزن.

خوێندنی سەرەتاییو ئامادەییو پەیمانگای مامۆستایانی لە کەرکووك تەواوکردو بە واقیعیو بە شێوەیەکی کردەیی بوو بە مامۆستا، چونکە هەر لە ساڵی ١٩٧٤ەوە وەکو رێبازو بەرنامەی ژیان لە ئیسلام حاڵی بوو، ئەو رێڕوونی کرانە خواییە بە تەواویی لە هەڵوێستو گوفتارو رەفتاریدا رەنگی دایەوەو بە هەموو توانایەوە هەوڵی دەدا تارمایی جاهیلیەت لە بیری قوتابیانو خەڵکی تریشدا راوبنێتو بیریان بە چرای گەشی ئیسلام روون بکاتەوە.

رازی نەبوو بە پێچەوانەی قەناعەتی خۆی بجووڵێتەوەو ئەوەی بە گوفتار دەیڵێ بە رەفتار ئاوەژووی کاتەوە، لەبەر ئەوە لە ساڵی١٩٨٧دا خۆی گەیاندە ناوچە دوورە دەستەکانی شارباژێڕ کە دەستی رژێمیان نەدەگەیشتیو ئامادە نەبوو ببێتە سەربازی رژێمێك کە ئیسلام بە بەرنامەی ژیان نازانێو بەر بەرەکانیشی دەکات.

مامۆستا وریا بێ ترسو سڵەمینەوە لە هیچ کۆسپێك، گوند بە گوندی ناوچەی شارباژێڕ دەگەڕاو وەك بانگەوازکارێکی زاناو بە مشوور، راستەقینەی ئیسلامی بۆ خەڵکی ڕووندەکردەوەو بەرەو شاڕێگەی خەباتو کوردپەروەریی دەستی دەگرتن.

لە دوای راپەڕین ئەو بەهرەو دلگەرمییە مەزنە، لە بیتوێن سەری هەڵداو وەك ئاوە زولاڵەکەی قولە یەکپارچە ئەو ناوەی کردە سەوزاییو ئاوەدانیو سیمایەکی دیکەی بە رانیەی دەروازەی راپەڕین بەخشی.

(تیغی رەسەن خۆی لە کالاندا راناگرێت)، بۆیە ئەویش چووە نێو ئاپۆڕەی هەزار بە هەزاری خواویستانو پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەوە کرد.

بۆ یەکەمجار کۆڕو کۆبوونەوەو ئاهەنگو میحرابی مزگەوتەکانی بیتوێنو پشدەر ئەو پیاوە کەڵەگەتە ، بەخۆوە ، سوورو سپییە ، نوورانییەیان بە خۆوە دیت، کە وتارە بەهێزو بە پێزەکانی لە چوارچێوەی دەنگە زوڵاڵەکەیدا دەبوونە جوانترین تابلۆی رێنوومایی‌و خۆشترین ئاوازی وریاکردنەوە.

دەستێکی باڵای لە فێرکردنو پەروەردەدا هەبوو، لەبەر ئەوە بێ پسانەوە هەوڵی تێگەیاندنو پێگەیاندنی رۆڵەکانی گەلەکەمانی دەداو لە مەیدانی بارهێنانو راهێنانی ئافرەتانو منداڵاندا پسپۆڕێکی لێوەشاوە بوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو ماوەیەکی زۆر لە تەلەفزیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکات لە بیتوێن ، بەرنامەی منداڵانی ئامادەو پێشکەش دەکردو لەو بوارەدا جێدەستی بە تەواویی دیارە.

گزنگی بزە ئیمانییەکەی تریفەی خەرمانەی خۆشەویستیی خواو تامەزرۆیی شەهیدیی بوو، ئەوەبوو بە نێو شەختەو کرێوەی کانوونی (١٩٩٣)داو لە رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٧ لەگەڵ شەهیدی سەرکردە (مامۆستا شەریف)و شەهیدان (ئەحمەد بابەکر ئەحمەدو نەبی مینە حەسەنو موحەممەد ونس قادر) لەسەر چیای ماکۆك وەك ئەستێرە کشاو ترۆپکی سەروەرانی نورباران کردو گیانە پاکەکەی لەسەر دوندی شەهیدیی ئارامی گرت و تەرمە پاکەکەشی لە چوارقورنە بە خاك سپێردرا.

مامۆستا وریا خێزانداربوو و دوای خۆی شەش منداڵی بەناوەکانی ( راستگۆ، ئەنەس، بەڕێز، عەبدوڵڵا، ئەحمەد، خۆگر) بە دیاری و یادگاری بۆ ئیسلام و کۆمەڵی کوردەواری بە جێهێشتوون.

# شەهید: ئەحمەد بابەکر ئەحمەد



شەهید ئەحمەد بابەکر لە ساڵی ١٩٥٦ لە گوندە خنجیلانە شەهید پەروەردەکەی (بۆسکێن)ی سەر بە شاری رانیە لە بنەماڵەیەکی ئاینپەروەرو کاسبکاری سەر بە هۆزی بلباس چاوی بە دونیا هەڵێناوە، ژیانی منداڵی لە گوندەکەیانو رانیە بەسەر بردووەو قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئاکۆ لە رانیە تەواوکردووەو لە ناوەندی رانیەش تەنها تا پۆلی یەکەمی ناوەندی خوێندوویەتی.

دواتر لە پێناو ژیانو بژێویدا دەستدەداتە کارو کەسابەتو شۆفێری تراکتۆرو جۆرەها ئۆتۆمبیلی تر، دواجار لە هێڵی نێوان رانیە - سلێمانی دەبێتە شۆفێری کۆستەرو لەناو شۆفێرەکانی ناوچەی بیتوێندا زۆر خۆشەویستو بەرێزو سەنگین دەبێو لە رێو بانو هاتووچۆی شارانیشدا بەردەوام هەوڵی دەدا ئامانجەکانی کاروانی ئیسلامیی بۆ خەڵك روونبکاتەوە.

کاك ئەحمەد بابەکر ماوەی چوار ساڵ لە سەرەتای حەفتاکانەوە لە کاری رێکخراوەییو لە ریزی یەکێتی لاواندا کاری کردووە، ساڵی ١٩٨٨ لە رێی مامۆستا حەسەن بابەکرەوە پەیوەندی بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو دەکاتو بە چاوی ئومێدو هیواوە لە کاروانی ئیسلامیی و پێشمەرگە قارەمانەکانیو بنکەو بارەگاکانیان لە قەڵاتووکانو قەندیل دەڕوانێو بە تەواوی هۆگریان دەبێت.

لە راپەڕینی ١٩٩١/٣/٥یشدا لە رانیە قارەمانانە لە ریزی رێکخستنەکاندا بەشداری دەکاتو رۆڵی کارا لە ئازادکردنی شاری رانیەو دەروبەریدا دەگێڕێو هەر بە تەنیشت ئەوەوە دەبێ کە کاك (عومەر سۆفیانی) شەهید لە راپەڕینو لە کاتی هەڵمەتبردنە سەر ئیستیخباراتی رانیەدا بریندار دەبێت.

هەروەها لە راماڵینی بەعسیەکان لە خەلیفانو هەولێرو کەرکووکدا بەشداری دەکاتو بە ئۆتۆمبیلەکەشی بەردەوام پێشمەرگەو پێداویستیو دەستکەوتەکانیشی دەگواستنەوە لە نێوان شوێنە پێویستەکانو مەڵبەندی سێی رانیەدا.

ئەمە جگە لەوەی لە رۆژی ١٩٩١/٣/٧ بە کۆستەرەکەی هەر لە یەکەم مەفرەزەوە پێشمەرگەی لە خەتی (سونێ)وە دەگواستەوە بۆ رانیەو دەروبەری.

کاك ئەحمەد بابەکر وێڕای ئەوەی لە قوتابخانەو کەمێکیش لای مامۆستا مەلا حەمەد ئەمین دەروێش عەبدوڵڵا لە گوندی بۆسکێن دەخوێنێ، بەردەوام دەیویست زیاتر شارەزا بێتو هەنگاوی بە گوڕتر بنێت، بۆیە لە کاریگەری وتارو بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی

بزووتنەوە لەو دەقەرەدا كە یەكەم كەناڵی تەلەفزیۆنی سنوورەكە بوو، زیاتر بە قورئان ئاشنا دەبێت، چاكتر ئەخلاقی ئیسلامیی و خەسڵەتە بەرزەكانی تێدا دەدرەوشێنەوە.

شەهید زۆر هەوڵی دەدا دەرو دەروونی بە سیمای موسڵمانانەو رەفتاری جوان برازێنێتەوەو گەلێك بەوە دڵگران دەبوو كە یەكێك بە سیمای ئیسلامیی و یاخود بە ناوی مەلاو مامۆستاوە كاری دزێوی بكردایەو ناوو ناوەڕۆكی وەك یەك نەبوونایە، هەر ئەوەش بوو وای لە كاك ئەحمەد كرد بە تەواوی بە خۆیدا بچێتەوەو وازی لە جگەرەكێشانو تەنانەت خواردنی ناو بازاڕیش هێنا.

كاك ئەحمەد بابەكر لە سۆنگەی ئەم خەسڵەتە بەرزو جوانانەوە خۆشەویستی خەڵك بوو، لەگەڵ خەڵكیشدا زۆر كراوەو رووخۆشو سنگفراوان بوو، بەتەنگ كێشەو گرفتەكانەوە بوو، هەمیشە دەیویست قسەی خێر بۆ خەڵك بكاتو رێگای خێرو چاكەو خواناسیان نیشان بدات، تەنانەت لە كاتی شۆفێریو لە رێگادا زۆر چاكەو چاكەكاری دەنواندو گەلێك جار سەرنشینەكانی دەگەیاندنە ناو بازاڕو شوێنی پێویست، هەرچەندە لەسەر ئەمەش هەندێك جار رووبەڕووی سەركۆنەو گلەیی هاوپیشەكانی دەبۆوە، بەلام ئەو دەیگوت من لەبەر خاتری خوا ئەوە دەكەمو فەرموون ئێوەش بیكەن.

شەهید ئەحمەد بابەكر لە یەك كاتدا هەم ئەندامێكی رێكخستنی كاراو هەم شۆفێرێكی كارامەو چاكەكارو دڵئاواو بەخشندەو هەم پێشمەرگەیەكی گیان لەسەر دەست بوو، بۆیە لە كاتی پێویستدا سوكانی ئۆتۆمبیلەكەی بەردەداو چەكی بەرگری لە رێبازو بیروباوەڕەكەی دەگرتە دەستو دەبوو بە پارێزەری ئیسلامو بەها بەرزەكانی كۆمەڵی كوردەواریی.

سەرەنجام ئەو پیاوە جوامێرو دڵ ئاوەدانو قارەمانە لە ١٩٩٣/١٢/٢٧ لەسەر چیای ماكۆك لەگەڵ مامۆستا شەریفو مامۆستا وریا كەركوكیو كاك حاجی نەبیو كاك موحەممەد یونسدا شەهید دەكرێو دواتر تەرمە پاكەكەی لە گۆڕستانی گوندی بۆسكێن بەخاك دەسپێردرێتو هەر لە هەمان زستانی تووشو لە شەوی ٢٥-١٩٩١/١٢/٢٦داو لە كلكەی كۆڵین كاك تەهای براشی بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو بەمەش دەبێتە دووەمین شەهیدی بنەماڵە بەڕێزو تێكۆشەرەكەیان.

شەهید ئەحمەدی دلێرو دڵ رووناك بە نووری هیدایەتی خوایی لە ساڵی ١٩٧٢ خێزانی پێكەوەنابوو، دوای خۆی پێنج كچو چوار كوڕی بە ناوەكانی (زولیخا، چنار، شلێر، بنار، ئەسماء، حسێن، ئیبراهیم، شەماڵ، شاهۆ) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو كوردستان بەجێ هێشتوون.

# شەهید: عەلی حسێن[٧] ئەحمەد



ساڵی ١٩٦٦ لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەرو لە گوندی مێکوکەی دۆڵی ئاکۆیانی سەر بە رانیە هاتۆتە دنیاوە، ژیانی منداڵی لە گوندی مێکوکەو سەرکەپکان بەسەربردووە، لەگەڵ گەورەبوونیدا هاوکاری خێزانەکەیانی کردووە، لە کارو کەسابەتو دابینکردنی بژێوی ژیاندا بە زۆری بە ئاژەڵداریو مەڕدارییەوە خەریك بووەو بواری ئەوەی بۆ نەڕەخساوە لە قوتابخانە بخوێنێ.

کاك عەلی کە برای مامۆستا مەغدیدی شەهیدە ، بە تەواوی کاریگەری ئەوی بەسەرەوە بووەو خۆشەویستیی خواو پێغەمبەری پێشەوا ﷺو ئایینی ئیسلامو موسڵمانانی لە دڵدا قوڵ کردۆتەوە، ساڵی ١٩٩٠ لە رێی مامۆستا مەغدیدەوە هاتۆتە ناو کاری ئیسلامییەوەو لەگەڵ راپەڕینی جەماوەریو شکۆداری ئازاری ١٩٩١یشدا بە شێوەیەکی کردەیی بووە بە پێشمەرگەی ئیسلامو دڵسۆزانە ئەرکو فەرمانەکانی جێبەجێ کردوون، هەروەها لە بارەگای تایبەتی مەکتەبی داراییو مامۆستا مەغدید لەسەر ئەشکەوتان درێژەی بە خزمەتی پێشمەرگایەتی داوە، کاك عەلی وەك کوڕێکی بەکارو جەربەزەی لادێو گۆشکراوی هەوای پاکی چیاو رەوەزەکان ، لاوێکی باوەڕدار و پێشمەرگەیەکی خواویستو دڵسۆزی لێدەردەچێ.

کاك عەلی لێبڕاوانە لە خزمەتی کاروانی نووردا دەبێتو پارێزگاری لێدەکات، تا سەرەنجام لە ١٩٩٣/١٢/٢٧ لە دۆڵی ئاکۆیان لە پێناوی پەیامو رێبازەکەیدا دوای دەستگیرکرانی شەهید دەبێتو ماڵئاوایی لە خانەوادە بەرێزەکەیانو کەسوکارو هاوسەنگەرانی دەکاتو تەرمەپاکەکەشی لە گۆڕستانی گوندی مێکوکە بەخاك دەسپێردرێت.

کاك عەلی شەهید ساڵی ١٩٩٠ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی دوو کوڕی بە ناوەکانی (کارزان، کاروان) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کۆمەڵی کوردەواریو درێژەپێدانی کاروانی نوور بەجێهێشتوون.

شایانی باسە کاك عەلی بوو بە سێیەمین شەهیدی بنەماڵە بەرێزەکەیان، چونکە پێشتر لە ١٩٩١/٣/٢٨ کاك ئیبراهیمی برای لەلای موعەسکەر خالیدی کەرکوكو هەروەها مامۆستا مەغدیدی برای لە ١٩٩٣/١٢/٢٦و رۆژێك پێش شەهیدبوونی خۆی لە سەرئەشکەوتان شەهید بوونو دواجار مام حاجی حوسێنی باوکی بەرێزیشیان بەو کۆستانەوە ماڵئاوایی لە ژیانی فانی دنیا کردو گیانە پاکەکانیان بەرەو قاپی میهرەبانی خودا گەڕانەوە.

# شەهیدی فەرماندە: جەلال عەلی قادر
# ناسراو بە: مەلا جەلال



ساڵی ١٩٦٣ لە باوەشی خانەوادەیەكی سەر بە عەشیرەتی (بستانی) لە شاری كفری هاتۆتە دونیاوەو ژیانی پڕ لە بەرائەتو پەپوولە ئاساشی لە ئامێزی كفری زێدو مەسكەنیدا بەسەر بردووە، پاشان لە قوتابخانەی (خلود) قۆناغی سەرەتایی خوێندووەو ئەمجار لە ناوەندیی كفری درێژەی بە خوێندن داوە، دواتر بە نێو هەورازو نشێوەكانی ژیاندا دەكەوێتە سەرو خوارو لە بەرامبەر سەختیو ئازارەكاندا خۆڕاگر دەمێنێتەوە، هەرچەندە ماوەیەكیش تووشی سەربازیی دەبێت، بەڵام ئەمانە تیغی ئیرادەو ئومێدی كول ناكەنو بە شوێن بەرزییو شكۆمەندییدا دەگەڕێ.

شەهید مەلا جەلال ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندیی بە ڕێكخستنەكانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوكاتەوە دەكاتو دڵسۆزانە ئەركەكانی سەرشانی بەرامبەر بە ئایینو میللەتەكەی جێبەجێ دەكاتو لە پاڵ ئەمەشدا بە كاری بانگەوازەوە بە هۆی پیشەی وتاربێژیی لە مزگەوتێكی ناوچەی ئازادكراو لە گوندی تاڵەوانی دەڤەری گەرمیان خەریك دەبێت.

لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ دا چەكی پێشمەرگایەتی دەكاتە شانو دێتە ناو ریزی پێشمەرگە قارەمانەكانی ئیسلامەوەو ڕۆڵی گرنگ لە ڕاپەڕیندا دەگێڕێو ڕقی پیرۆز بەسەر بەعسیەكاندا دەڕێژێ.

دواتر لە مەڵبەندی گەرمیان درێژە بە خزمەتی كاروانی ڕابوونی ئیسلامیی كوردستان دەداتو هاوكات لەگەل خزمەتی پێشمەرگایەتیشدا سەرقاڵی خۆ ڕۆشنبیركردنو فێربوونی زانستە شەرعییەكانو لەبەركردنی قورئانی پیرۆز دەبێت، بۆ ئەوەی هەم دڵو دەروونو هۆشو زەینی بە نووری قورئانو زانست ڕۆشنتر بێتەوەو هەم دەوروبەریشی زیاتر بەو نوورو هیدایەتە ڕۆشنتر بكاتەوە.

شەهید مەلا جەلال لە ریزی هاوسەنگەرانیدا دیارو بەرچاوو بە زیرەكو ئازا بوو، كۆڵی نەتەوەیەكی بە شاندا دابوو، هەمیشە دەیویست میللەتەكەی چاكتر بە هیدایەتی خواییو ڕێبازی ڕاستەقینە ئاشنا بێتو پارێزەریشی بێت، هەر ئەم دڵسۆزایو لێبڕانەش وای لە كاك مەلا جەلال كرد پلەكانی پێشمەرگایەتی ببڕێو ببێتە لێپرسراوی مەڵبەندی گەرمیان ، سەرەنجام كاك مەلا جەلالی فەرماندەو ئازاو جەسوورو بە مشوور لە پێناوی ڕێبازو بیروباوەڕەكەیو ئامانجە بەرزو پیرۆزەكانیدا لە ڕۆژی (١٩٩٣/١٢/٢٧) لە (هۆمەرمل) لەگەڵ پۆلە شەهیدەكەی كفری گەیشتە

کاروانی شەهیدانوماڵئاوایی لە ژیانی فانی دنیایی کردو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی کفری بە خاك سپێردراو هەر لەو ساتو رۆژەشدا برایەکیشی بەناوی (شێرزاد) لەو پێناوەدا گەیشتە کاروانی شەهیدان.

شەهید مەلا جەلال لە ساڵی ١٩٩١ دا خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی دوو کوڕی بە ناوەکانی (بیلال، هیلال) کردوونەتە دیاریی ئیسلامو کۆمەڵی کوردەواریی.

# شەهید: ئەرسەلان موحەممەد ئەمین عەبدوڕڕەحمان



کوردستانی دایکی خوێن‌و فرمێسك، زۆر جار لە لاپەڕەی یادگاریی‌و بیرەوەرییـەکانی خۆیدا ژیانی لاوێکمان بۆ رادەنوێنێ کە بە هیواو ئاواتی زۆرەوە دەچێتە ناو کـەژاوەی خێزانداریی‌یەوە ، بەڵام بەر لەوەی گوێی بە گڕو گاڵی جگەرگۆشەکانی بزرنگێتەوەو لە واقیعدابیێتە باوك، ماڵئاوایی لە ژیـان دەکـات‌و لـە دوای خـۆی قـەدەری خـوایی بـە نەوەیەکی نوێ وەچاخی رۆشن دەکاتەوە.

کاکـە ئەرسـەلان یـەکێك لـەو لاوانەیـە کـە خـۆی لـە سـاڵی ١٩٦٧ لـە ئـامێزی خانەوادەیەکی سەر بە عەشـیرەتی (شـەرەف بـەیانی) لـە شـاری دەربەنـدیخان هاتۆتـە دونیاوەو هەر لەوێش ژیانی منداڵیی بەسەر بردووە، دواتر لـە قوتابخانـەی سـەرەتایی (یەکی حوزەیران)و پاشان لە ناوەندیی دەربەندیخانی کوڕان‌و دواتریش لـە دواناوەنـدیی (سەوورە)ی کوڕان قۆناغـەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی بڕیوە، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن لە کۆلێژی شەریعەی بەغدا خوێندوویەتی‌و لەمەشەوە شارەزایی لـە زانسته شەرعییەکاندا پەیدادەکات‌و وەك لاوێکی سـەر راسـت‌و پەیامـدارو خـاوەن رەوشـت‌و ئاکاری بەرز دەناسرێ.

شـەهید ئەرسـەلان سـەردەمێك لـە ژیـانی دەکەوێتـە هەڵەبجـەی شـەهیدو زۆرتـرین کاتەکانی ژیانی هەر بە خوێنـدن‌و دیراسـاتەوە بەسـەر دەبـات‌و لـە لایـەکی تریشـەوە پەیوەندی بە رێکخستنـەکانی بزووتنـەوەوە دەکـا، لـە دوای راپـەڕینی ١٩٩١ دەبێتـە پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەو لە هەر تەنگانەو سەختیەکدا دڵسۆزانە ئەرکەکانی سەرشانی رادەپەڕێنێ، تا سەرەنجام لە ١٩٩٣/١٢/٢٧ لە شاری کەلار لـە لە پێناو رێبازو بیرو باوەڕەکەی شەهید دەبێت‌و ماڵئاوایی لە ژیانی کـورتی دنیـایی‌و خزم‌و هـاوڕێ‌و هاوسـەنگەرانی دەکـات‌و تەرمـە پاکەکەشـی لـە (زەڕایـەن) بـە خـاك دەسپێردرێت.

شەهید ئەرسەلان کـە لـە ١٩٩٣/٦/٢٧ خێزانـی پێکـەوەنابوو، تـەنها کـوڕێکی (کـە دوای شەهیدبوونی هاتۆتە دونیاوە) بە ناوی (باوەڕ) بە دیاری‌و یادگاری بـۆ ئیـسلام‌و کوردستان بەجێهێشتووە.



# شەهید: گۆران حەیدەر رۆستەم



شەهید گۆران لە گەرمیانی گڕو بلێسەو لەگەڵ هەناسە گەرمو ناسۆراوییەکانی میللەتەکەیداو لە ساڵی ١٩٧٤ لە کفریو لە باوەشی بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی (ئۆمەرملی) چاوی بە ژیان هەڵێناوە، ژیانی منداڵیشی هەر لە کفری بەسەربردووەو دواتر لە قوتابخانەی (مکارم) قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووەو تا قۆناغی سێی ناوەندییش لە قوتابخانەی (مکاسب)ی کوڕان دەخوێنێ، ئیتر وەکو زۆر لە منداڵە کوردی خێر لە خۆ نەدیوی تر ، مەودای درێژەپێدانی خوێندنی نامێنێو دەکەوێتە بەر شەپۆلی روباری تاقیکردنەوەکانی ژیان، هەر ئەمەش وای لە زۆربەی گەنجو لاوەکانی رۆژە سەختەکان کردووە ببنە زوورە پیاو و کوڕانی رۆژی تەنگانەو بتوانن بەرگەی سەختیو ناخۆشییەکانی ژیانو تاقیکردنەوەکان بگرن.

کاکە گۆران لە پێناوی دابینکردنی ژیاندا خەریکی کارو کەسابەتو دوکانداریی دەبێو لەگەڵ ئەمەشدا رێبازی ژیانو هاورێکانی دیاری دەکاتو دەزانێ لەکوێوەو لەگەڵ کێ دەگاتە کەناری ئارامییو ئاسوودەیی هەمیشەیی.

شەهید لە ساڵی ١٩٩٣ بە رەسمی دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلامو درێژە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی دەدات.

سەرەنجام لە پێناوی رێبازو بیرو باوەڕەکەیداو لە (١٩٩٣/١٢/٢٧) لەگەڵ (١٧) هاوسەنگەریدا لە گوندی ( بەلەگە ) ی نزیك گوندی (هۆمەرمل)ی سەر بە ناحیەی سەرقەڵای کفری شەهید دەبێو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی (ئۆمەرمل) بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهیدی شاعیرو پێشمەرگە: خدر موحەممەد رەشید
# ناسراو بە: خدر کۆساری



شیعر ئەمڕۆ،
وەک باسریشک و
گڤەی رەشەبای کانونێ،
گڕ لە نێو چاوی دەبارێ...
ئێستا وشەو کێش و سەروا
بروسکە دەدەن،
وەک هەوری توورەی بەهارێ...
ئەم کانونە،
شیعری راپەڕیو برایمۆکەو
کەنار (قولە)و (کوێرەکانی)
لێ حەرامەو، لە دەروازەی شار جێی نابێ
کاتی دادگای پشکنینەو
لە ترسی (یاسا)ی دارستان، شیعر مەگەر
خۆی لە نێو کانیاوی دڵی
پڕ لە باوەڕ حەشار دابێ
تەماشاکەن،
دەستی نەفامی و تاریکی
پەنجەی کۆساری دەشکێنێ...
قەڵەمەکەی کە پەرژینی کوردستانە،
لە خوێنی خۆی دەگەوزێنێ...
رووناکیی،
لە نێو شاردا قەدەغەیە...
ئاخنراوەو نەفەس نادا
چی دەلاقەو پەنجەرەیە...
بەڵام هەرگیز کوردستانم
وەجاخ کوێرو،
بێ بەهرەی زۆر مەزن نابێ
قەت شیعرو جوانی و داهێنان
لە وڵاتی،

**(خانی)و (نالی)و (مەولەوی)دا**

**نافەوتیٚ‌و شوێنە ون نابیٚ...**

ساڵی ١٩٦٧ لە گەرمەی ژان‌و ناسۆری گەلی كوردو دەبەرێك راچوونی رەش‌و سپی‌و راست‌و درۆو پێشمەرگەو كرێگرتەدا، لە رانیەی ئامێزی كێوەڕەشدا، منداڵێك چاوی بە (قولە)و (كوێرەكانی) هەڵێنا، كەس نەیدەزانی رۆژێك بەهرە مەزنەكەی وەكو كانیاو دەتەقێت‌و لە پەنا هەر دڕكێك گوڵێك دەڕوێنێت‌و كوردستانە بیٚ نازەكەی دەكاتە گوڵستان‌و سەرەنجام داستانی نەمریی ئیسلام‌و ئیسلامیی بوونی نیشتمانەكەی (شێخ سەعیدو نەورەسی) ، بە خوێنی خۆی وا بە زەقی لەسەر تاشە بەردەكانی كوردستانەكەی دەنووسیٚ، كە جاهیلییەت چاوی بە خوێن بنگوێت، وەك شەمشەمەكوێرە لە قوژبنی تاریكی نائومێدی خۆی بخزێت‌و لە وەدیهاتنی زیندە خەونەكانی تەما بڕ بێت.

دژواریی‌و سەختی ژیان مۆڵەتیان نەداوە لە پۆلی یەكەمی ناوەندی كە لە رانیە خوێندوویەتی پتر درێژە بە خوێندن بدات، ناچار شانی داوەتە بەر كارو كاسبی‌و بەینێك بە سەرتاشی‌و ماوەیەكیش بە زێڕنگەری‌و هەندێك ئیشی دیكەوە سەرقاڵ بووە.

ئەو رابوونە ئیسلامییە بە گوڕەی لە سەرەتای هەشتاكانەوە هەموو بەشەكانی كوردستانی سەر بە عێراق بەتایبەتی ناوچەی رانیەی گرتبۆوە، ژیی هەستە ناسكەكەی (كۆساری)شی وەكو چەندەها لاوی خوێنگەرمی دی لەراندەوەو ئاوازی بە سۆزی وریابوونەوەو چاوكرانەوەی لیٚ هەستاندو ساڵی ١٩٨٧ كۆساری وەك لاوێكی رووناكبیر لە باوەشی گرت‌و لە تاریكستانی جاهیلییەتی دەرهێناو خستیە سەر راستە شەقامی رێڕوونیی خودایی.



گەلێك جاران دەیگوت: (بە راستی هیدایەتدان بەس شایستەی خودای گەورەیە، من گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بووم، تاقانەی بابم بووم، زۆر نازیان دەدامێ، هەموو شت لەبەردەستی خۆمدا بوو، بە ئارەزووی خۆم هەڵسوکەوتم لە پارەو پولدا دەکرد، بەڵام هیچ تامێکم لەو ژیانە نەدەکرد).

هەر ئەو گەڕانەوەی بەرەو خوداش بوو وای لێکرد نەتوانێ لەسەر سەربازیی بەردەوام بێتو فێراکردن بە ئەرکێکی شەرعی بزانێ.

کۆساری گەلێك جار وشەی نایابو دەگمەنی بەکاردەهێنانو یاری بە وشە دەکرد، کە لەوەدا وێڕای گەڕانو سووڕانی خۆی، سوودی لە دایكو باوکی وەردەگرت، کە هەر یەکەیان سەر بە عەشیرەتو ناوچەیەکی کوردەواریی بوون، دایکی (دزەیی)و بابیشی (پشدەریی) بوو.

شەهید کۆساری زۆر بەخشندەو دڵفراوانو هەژاردۆستو دڵناسك بوو، لە دوای کۆڕەوەکە لە گەڵ هێزی پێشمەرگەی بزووتنەوە لە ناو رانیە مابووەوە، خزمەتی چەند پیرو پەککەوتەیەکی هەژاری دەکرد، لە سەردەمی رژێمیشدا مشووری پەیداکردنی خۆراکی بۆ (مام صالح) ناوێکی نابینای رانیە دەخواردو خزمەتی دەکرد، هەروەها جگە لە کۆکردنەوەی کۆمەك لە خێرخوازان زێڕی هاوسەرەکەشی لەسەر رەزامەندیی خۆی فرۆشت بۆ دەستگرتنی بنەماڵەی پێشمەرگەیەکی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو بە ناوی (حەمە سوور) کە لەلایەن رژێمی بەعسەوە گیرابوو.

کۆساری لاوێکی ئازاو چاونەترس و بە زیپك بوو، لە شانە چەکدارەکانی بزووتنەوەداو بەشداری لە راپەڕین گورجو گۆڵو هەڵسوڕاو بوو، سەرباری ئەوە خاوەنی گیانێکی پاكو لەخواترس بوو، زۆر بە نوێژی جەماعەتەوە پابەند بوو، زۆربەی رۆژانی دووشەممەو پێنجشەممان بە رۆژوو دەبوو، هەر دەگەڵ چاو روونبوونەوەی بە تیرێژی خۆری گەشی رابوونی ئیسلامیی لە ساڵی ١٩٨٧دا، گەرماو گەرم بینی بە بناوانی زوڵاڵی ئەو رابوونە پیرۆزەوە ناوەو پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی ئیسلامەوە کردووەو رۆڵێکی دیارو بەرچاوی لە فراوانترکردنی جوغزە نورانییەکەی ئەو رابوونە لە رانیەدا بینیوە، هەر هەمان ساڵیش خێزانی پێکەوەناوەو کوڕو کچێکی بە یادگاری بەجێهێشتوون بە ناوەکانی (شەیداو بەنان).

هەر زوو پەری شیعر خستوویەتە ژێر سایەی شاباڵی خۆیو کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ یەکەم شیعری بە ناوی (نیگاری خودان) نووسیوەو دواتریش شنەی راپەڕین ژیلەمۆی بەهرەی شیعری کۆساریی گەشاندەوەو چاوو دڵی تامەزرۆیانی پێ روونکردەوەو بۆ یەکەم جار نرکەی شیعری لە راپەڕینە پڕشکۆیەکەی پێنجی ئازاری رانیەدا لە بلندگۆی مزگەوتی گەورەوە بەرز بۆوەو دەروازەی راپەڕینی هەژاندو گوڕو تینی وەبەر جەماوەری راپەڕیو دەخست، هەر

لــە دەروازەی والآی راپەڕینــەوە تیــشکی زیــاتر کەوتــە ســەر شــیعرەکانیو ســالّی ١٩٩٢هەندێکیانی بە دەنگی خۆی لە کاسێتێکدا بە ناوی (سەدای کۆساری) تۆمـارکردنو لە سالّی ١٩٩٣ش بەشی دووەمی (سەدای کۆساری) ی هەر بـە دەنگـە پـڕ لـە خرۆشـەکەی خۆی بلاّوکردەوە.

سالّی ١٩٩٢ ماوەیەك سەرگەرمی نووسینو پێشکەشکردنی بەرنامـەی کۆمەلاّیـەتی تـوانج ئامێزی (لێرەو لەوێ) بوو لە تەلەفزیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی لـە رانیـە، کـە دواتـر ئـەو ئەرکەی بە شـەهیدی هونەرمەنـد (تـەها بابـەکر) سپارد ، کـە تـا شـەهیدبوونی لـە کـاتی رووداوەکەی مانگی دوانزەی ١٩٩٣دا زۆر بە گەرمو گوڕی رایدەپەڕاند.

لە زۆربەی کۆڕو ئاهەنگەکانی ناوچەکەدا جگە لە کـۆڕە شـیعرییە تایبەتییـەکانی خـۆی بـە دەنگــە زولاّلّو شــیعرە بــەهێزو پێزەکــانی گــوێگرانی دەهەژانــدو دەیخــستنە ژێــر بــەهرە گەورەکەی.

یەکێك لە دیاردە دیارو دەگمەنەکانی شاعیرێتی کۆساری ئەوەبوو کە سەرپاکی شیعرەکانی خۆی لەبەربوونو هەمیشە بێ نووسینەوەو لەبەر شیعرەکانی دەخوێندنەوە.

کاتێك لە کۆتایی کانوونی دووەمی١٩٩٣دا قەفی زنجیری تـاریکی لـە گـەردنی کێلـی کێــوەڕەش ئــالاّو دەروازەکــەی راپــەڕین ئەوەنــدە نوتــەك بــوو، تروســکەی لێــبڕاو شەقامەکان هێندە وێك هاتنەوە کە بواری هەنگاو گیرا، کۆسـاری وەك تـیرە ئەسـتێرە سنگی نەفامەتی شەوەزەنگی سمیو لـە ئـامێزی دەروازەوە خـۆی هەلّدایـە سەرشـانی دەڤەری مـەندەمەرانی ئیسلامپەروەرو لەوێ لە ئامێزی ئەودا گیرسایەوە، بەلاّم لـەوێ دەرفــەتی لــێ هێنــراو لــە گونــدی (رەســواجیان)ی نێــوان دوو گۆمــانو زەنگــلاّن لــە ١٩٩٣/١٢/٢٧ شەهید کرا، شەهید کۆساری دوای شەهیدبوونیشی هەر بۆ ئامێزە پڕ لە سۆزەکەی کێوەڕەش گەڕایەوەو لە گۆڕستانی رانیە بەو خاکەیان سپاردکە هەتا ژیا شیعری بۆ گوتو چقلّی چاوی ناحەزانی بوو.

شایانی باسە شـەهید کۆسـاری ماوەیـەکیش لـە بـواری هونـەرو شانۆشـدا کەسـێکی هەلّسوڕاو بووەو لە چەند بۆنەو چالاکییەکدا بەشداری کردووە.

ســەبارەت بــە کۆکردنــەوەو لەچــاپدانی ســەرجەم شیعرەکانیــشی، ئــەوە راگەیانــدنی مەلّبەنــدی ســێی رانیــەو بــە تایبــەتی (عەبدوللاّ عــەلی) بــە هاوکــاری خانــەوادەی کۆســاریو چــەند برایــەکی تــر لــە دوای شــەهیدبوونییەوە هەســتان بــە کۆکردنــەوەو نووسینەوەی شیعرەکانیو دوو جار بە سەرپەرشتی (شەریف وەرزێر) دیوانەکەی کە بە

ناوی (بورکانی شیعر)ەوەیە لە چاپ دراوە ،کە چاپی یەکەمیان لە ساڵی ١٩٩٨ لە چاپخانەی کریستاڵ لە هەولێرو چاپی دووەمیشیان لە ساڵی ٢٠٠٦ لە نووسینگەی تەفسیر هەر لە هەولێر ئەنجامدراوەو لە لایەن مامۆستا عەلی باپیرەوە پێشەکی بۆ نووسراوەو (ڕێبوار کوێستان)یش ژیاننامەکەی دارشتووە.

## نموویەک لە شیعرەکانی کۆساری

### با بە ناو و ناوک یەک بین

با هەر هەموومان
ناوێک بین
پێناوێک و
مێژووی بەرزی پەڕاوێکین
هەر یەکمان
یەک قومە ئاو بێت
شەپۆل و تین و تەوژمی
لافاوێکین
هەر کەسەمان
یەک شەمچە دابگیرسێنێت
ئەوساکەینێ
شەوق و تیشکی هەتاوێکین
با هەر کاممان
خونچەیەک بێت
لەو کژەدا بەبێ گوڵزاری نەوبەهار
بەبێ پەنجەی نەرمی شەماڵ
بەهارێکین
دە کەوابوو
تا کەی یەک یەک دووربین لە یەک؟!

ڕامێنن لە هەموو ڕێیەک
یەک یەک بەڵام
یەکیان ڕێیە...!
یەکیان ئاوی سازگاری
گڕی دەروونی مەی پێیە..!
نەک هەموو یەک
دەبا هەموو
هەر وەکو یەک
دڵمان گوێڕایەڵی دەنگی یەک ڕێگابێت
تاقە ڕێیەک
لەم ڕۆژەدا
یەک سەرو دەستو یەک هەستو
یەک هەڵوێستو
بە یەکەوە یەکە یەکەی دوژمن یەک یەک
دەتۆپێنین
یەک بەیداغو یەک پەرستن..!
یەک سەرکردەو
یەک گەیاندن...!
بە یەک هێرش
یەک لە دوای یەکە
سەرکەوتن
لە سەد دونیاش
یەک جار مردن...!

# شەهید: عومەر موحەممەد فەقێ خدر
# ناسراو بە: عومەر سۆفیانی



ساڵی ١٩٦٧و لە گەرمەی دەبەرێك راچوونی شۆڕشی رزگاریخوازیی کوردو داگیرکەرانی کوردستانداو لە بنەماڵەیەکی ئاینپەروەرێ سەر بە عەشیرەتی شیلانە لە گوندی (سۆفیان)ی سەر بە ناحیەی بنگردی بەری مەرگە چاوی بە ژیانو ژانو ناسۆرو کوێرەوەرییەکانی میللەتەکەی هەڵێناوە، ژیانی منداڵیی لە گوندەکەیان بەسەربردووەو قۆناغی سەرەتایی لە گوندی مەرگەو ناوەندیی لە بنگردو دواناوەندیشی لە رانیە تەواوکردووەو پاشان لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە هەولێر درێژەی بە خوێندن داوەو دواجار وەك مامۆستا دامەزراوە.

شەهید عومەر سۆفیانی هەر لە منداڵییەوە کەسێکی کراوە بووەو حەزی بە تێکەڵاویی خەڵك کردووەو کاتێکیش لە سەرەتای هەشتاکانەوە ماڵی باوکیان دەبێتە جیرانی ماڵی باوکی مامۆستا عەلی باپیر ، بەو هۆیەوە لە ساڵی (١٩٨٥)ەوە پەیوەندیی پێوە دەکاتو وانەی لەلا دەخوێنێو بە سەرەتاکانی کاری ئیسلامیش ئاشنا دەبێتو بەر لەم وادەیەش چەند ساڵێك لە ریزی حزبی سۆسیالیست کاری کردووە .

شەهید عومەر سۆفیانی لە دوای ساڵی (١٩٨٥)ەوە وەك کادیرێکی رۆشنبیرو هۆشیاری ئیسلامیيو ئەندامێکی کارای رێکخستنەکان جێگای خۆی لە ناو بزاڤی کاروانە ئیسلامییەکەی سنووری بیتوێندا دەکاتەوەو کاتێك هێزی پێشمەرگەی ئیسلام لە قەڵاتووکانو بناری قەندیل بنکەو بارەگا دەکاتەوە، بە تەواوی دەبێتە پەروانەی دەوری ئەو خۆرە ئیمانییەو لە ناخەوە هۆگری دەبێت، هەروەها ماوەیەکیش لە لای مامۆستا سەید رەزای باقلانی چەند زانستێکی ئیسلامیی لە رانیە دەخوێنێ.

شەهید عومەر سۆفیانی زۆر حەزی بە بواری سەربازییو پێشمەرگایەتی دەهاتو هەوڵی شارەزایی دەدا لەو بوارەدا، ئەمە جگە لەوەی لە بواری هونەرو شانۆشدا حەزو خولیای خۆی هەبوو هەر بەو هۆیەوەبوو ماوەیەك لە ساڵی (١٩٩٣) بەشداری بەرنامەی (لێرەو لەوێ)ی تەلەفزیۆنی دەکرد لە رانیە، ئەو بەردەوام لە هەوڵی خۆ رۆشنبیرکردنو فێربوونی زیاتری قورئانی پیرۆزو شەریعەتیشدا بوو، زۆر چالاکانەش ئەرکەکانی لە میانەی دابەزینی مەفرەزەی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ئیسلامدا لە سنووری رانیە رادەپەڕاندنو هەموو جۆرە کارئاسانییەکی بە هاوکاریی هاوڕێکانی بە

ئـەنجام دەدان، لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا لـە بـواری دابینکردنـی بـژێویی ژیانـدا دەستگەرمو بە کارو کاسب بووەو بە کشتوکاڵەوە خەریك بووە.

شەهید عومـەر سـۆفیانی وەك کـادیرێکی بـە زیـرەكو ئازاوچالاکی رێکخـستنەکان و شانە چەکدارەکانمان ، لە ئەوپـەڕی ئامادەباشـیدا بـوو بـۆ رۆژی راپـەڕین، بـۆ ئـەوەی لەگەڵ جەماوەری راپەڕیوودا زەبری کوشندە لە بەعسییەکان بووەشێنێت.

هەر بۆیە کاتێـك لـە پـێش نیـوەڕۆی ١٩٩١/٣/٥دا جـەماوەری شـاری رانیـەو شـانە چەکدارەکانو دەڤـەری بیتـوێن لـە بەعـسیەکان راپـەڕین، شـەهید عومـەر لـە ریـزی پێشەوەی هەڵمەتبەرانـدا بـوو بـۆ سـەر دامو دەزگـاو مۆڵگـە سـیخوڕییەکانی رژێـمو تەنانەت لە دەمی هێرشو پەلاماریدا بۆ سـەر بینایـەی ئیـستیخبارات لـە رانیـە لـە یەکەم رۆژی راپەڕیندا بریندار بـوو، لـەوێوە بـە پرشـنگی خوێنـە گەشـەکەی هیـوای سەرکەوتنی راپەڕینی خستە دڵـی کێـوە رەشو سـەفینو پیرەمـەگروونـەوە، پاشـان لـە مەڵبەندی سێی بزووتنەوەی ئیـسلامیی پێشوو لـە رانیـە درێـژە بـە پێـشمەرگایەتی دەداتو بە هـۆی چوسـتو چـالاکییو دڵـسۆزییەوە ماوەیـەکیش ئـەرکی پاسـەوانیو بەرپرسی دەستەی پاسـەوانانی مامۆسـتا عـەلی باپیری پـێ دەسـپێردرێتو دڵـسۆزانە ئەرکـەکانی رادەپـەڕێنیو دەبێتـە پـەرژینی دەوری رەسـەنایەتی کوردسـتانو رێبـازی راسـتەقینەی ژیـان، تـا سـەرەنجام کاکـە عومـەر سـۆفیانی ئـازاو ئیـسلامخوازو نیشتمانپەروەر ، لە پێناوی رێبازو بیروباوەڕکەیداو لە رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٧ لە دۆڵی شاوریێ شەهید دەکرێو دەگاتە کاروانی شەهیدانو کۆڵی خەمو خولیاکانی بە هاوڕێو هاوسەنگەرانی لە کاروانی رابوونی ئیـسلامیی کوردسـتان دەسـپێرێو ماڵئـاوایی لـە ژیانی دونیاو خانـەوادەو دۆسـتو هـاوڕێو زێـدو نیـشتمانی دەکـات، پاشـان تـەرمـە پاکەکەشی هەر لە رانیە لە گۆڕستانی کێوەڕەش بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید عومەر سۆفیانی کـە لـە سـاڵی ١٩٨٨ەوە خێزانـی پێکـەوە نـابوو، دوو کـچو کـوڕێکی بـە ناوەکـانی (پـەیام، پـەیمان، پـەروەر) بـە دیـاریو یادگـاری بـۆ ئیـسلامو کوردستان بەجێهێشتوون.

# شەهید: موحەممەد رەحیم شاکر
# ناسراو بە: حەمودی



ساڵی ١٩٦٩ لە خانەوادەیەکی سەر بە عەشیرەتی (هەمەوەند) لە شاری کفری هاتۆتە دونیاوەو لەوێش ساتە پڕ لە جوانیەکانی تەمەنی منداڵیی گوزەراندوون.
قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (خلود)و ناوەندیشی لە ناوەندی (مکاسب) خوێندووەو ئامادەیی پیشەسازیشی هەر لە کفری تەواوکردووە.
دواتر سەرقاڵی کارو کەسابەت دەبیٚو بەنێو دونیای هیواو ئاواتەکانی ژیانیدا دەکەوێتە گەشتی تێڕامانو وردبوونەوەو دواجار دەبێتە هاوڕێی ڕێبازی سەرفرازیو وەك لاوێکی پەیوەست بە خوداوە هەڵسوکەوتەکانی بە ڕەوشتە بەرزەکانی دەڕازێنێتەوە.
ساڵی ١٩٩٠ پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو لە ساڵی ١٩٩١یشدا ڕاپەڕین وەك هەر یەکێکی کۆمەڵی کوردەواری گۆڕانی ریشەیی لە ژیانیدا بەرجەستە دەکات ، وێڕای ئەوەی ڕۆڵی خۆی لە ڕاپەڕیندا دەبینیٚ، لە هێزی گەرمیانیش لە ڕیزی پێشمەرگە قارەمانەکانی ئیسلامدا دەبێتە پێشمەرگەو چەکی بەرگری لە ئایینو گەلو نیشتمانو ڕەسەنایەتی دەکاتە شانو بە لێبڕاویو گیانفیداییەوە ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنیٚو لە بارەگای کفری دەوام دەکات، شەهید کەسێکی بە دەستو قامو شۆفیرێکی کارامەش دەبێت، تا سەرەنجام لە گوندی (بەلەگە) لەگەڵ پۆلێك لە هاوسەنگەرانیدا لە ١٩٩٣/١٢/٢٧شەهید دەکریٚو کۆڵی خەمو خولیاکانی بە هاوسەنگەرانو ڕێبوارانی ڕێبازی ڕەسەنایەتی دەسپێریٚ، پاشان تەرمە پاکەکەشی هەر لە کفری بەخاك دەسپێردرێت.



# شەهید: سامان مەجید عەزیز




شەهید سامان لە ساڵی ١٩٧٣ لە بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی (تیلەکۆ) لە کەرکوك لەدایك بووە، ژیانی منداڵیی لە کفری بەسەر بردووەو لە قوتابخانەی سیروان نراوەتە بەر خوێندن، لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیاندا کرێکاریو بەقاڵی کردووەو بەرە بەرە چاوی بە راستیەکانی ئیسلامو نهێنیەکانی ژیان رۆشنبووەتەوە، بۆیە هۆگری رێبازی خودا بووەو دڵو دەروونی بە ئاوی سازگاری خواپەرستی تێراو کردووەو رێگای ژیانی بە نووری قورئان رۆشنکردۆتەوەو ویستووشیەتی دەوروبەریو تێکرای میللەتەکەشی لەو نوورو رۆشناییە خواییە بئاڵێنو هەرگیز دەست بەرداریشی نەبن.

شەهید سامان لە ساڵی ١٩٩١دا پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو هەر لەو ساڵەشدا لە تیپی (موصعەبی کوڕی عومەیر)ی سەر بە هێزی گەرمیان دەبێتە پێشمەرگەو دڵسۆزانە ئەرکو فرمانەکان رادەپەڕێنیو جێگای خۆی لە ناو دڵی هاوڕێو هاوسەنگەرانیدا دەکاتەوە.

سەرەنجام کاکە سامانی لاوو قارەمانو دەرون ئاوەدان بە ئیمانو دڵسۆزی ئاینو گەلو نیشتمان ، لە رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٧ لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەی هاوسەنگەری لە کفری شەهید دەبێتو دەگەڕێتەوە حزوری خوای بەدیهێنەری بوونەوەر، پاشان تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی کفری بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: سەباح جاسم حەسەن مەهدی
# ناسراو بە: عەبدوڕڕەحمان



ساڵی ١٩٧٠ لە بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی دەلۆ لە کفری لەدایك بووە، ژیانی منداڵیی هەر لە کفری بەسەربردووەو تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندوویەتی‌و دواتر سەرقاڵی کارو کەسابەت‌و دابینکردنی بژێوی ژیان بووە.
ساڵی ١٩٩٢ پەیوەندی بە کاری ئیسلامیەوە کردووەو لە هێزی گەرمیان‌و لە بارەگای کفری بووە بە پێشمەرگە، لەگەڵ خزمەت‌و دەوامی پێشمەرگایەتیدا لە بارەگادا خەریکی وانە خوێندنیش بووەو ویستوویەتی ساتەکانی ژیانی بەبێ هودە نەڕۆن، بەڵکو بەو راستیە گەیشتووە کە تەمەن تاقە دەستمایەی ژیانەو دەبێ مرۆڤی موسڵمان‌و بەتایبەتی ئیسلامخوازان بە فیڕۆی نەدەن‌و هەموو ساتێکی ژیانیان بکەنە خەرمانی چاکەو حەسەنات‌و سودێك بۆ دونیاو دوارۆژ بە خۆیان‌و دەورو بەریان بگەیەنن.
شەهید سەباح جاسم ناسراو بە (عەبدوڕەحمان) بەو هەست‌و نەست‌و دڵسۆزیەوە لە خزمەتدابوو، تا سەرەنجام ئەو لاوە جوامێرو دڵ پڕ لە هیواو باوەڕە لە ١٩٩٣/١٢/٢٧ لە پێناو بیروباوەڕەکەیداو لەگەڵ حەڤدە هاوسەنگەریدا لە گوندی (بەلەگە)ی کفری شەهید بوو و ماڵئاوایی لە کەسوکارو گەرمیان‌و کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان کرد، پاشان تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی کفری بەخاك سپێردرا.


بسم الله الرحمن الرحيم
« وجاهدوا في الله حق جهاده »
ژ: ١٥٢٤٢
ناوی سیانی / صباح جاسم حسن
پلەی پێشمەرگە / پێشمەرگە
لە دایك بوون / ١٩٧٠
پێدراوە / ١ / ٦ / ١٩٩٣
تا / ١ / ٦ / ١٩٩٤
ژمارەی چەك /

# شەهید: نازم موحەممەد تۆفیق
# ناسراو بە: عەبدوڵڵا



ساڵی ١٩٧١ لە شاری كفری هاتۆتە دونیاوەو ژیانی منداڵیشی هەر لەوێ بەسەربردووە، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی خلودو ناوەندیشی لە ناوەندی كفری تەواو كردووە، پاشان لە ئامادەیی پیشەسازی خوێندوویەتیو بەسەركەوتوویی بڕیویەتی، ماوەیەكیش دووچاری سەربازی بووەو لە پێناو دابینكردنی بژێوی ژیانیشدا كرێكاریو كارو كەسابەتیشی كردووە.

لەپاڵ ئەم هەموو هەورازو نشێوانەی ژیاندا شەهید عەبدوڵڵا وەك لاوێكی ئیسلامخوازو هۆشیارو دڵبێدار دەركەوتو دڵی پەیوەست بوو بە مزگەوتو قورئانی پیرۆزەوەو بە تەواوی دەركی بە مەزڵومیەتی میللەتەكەییو ستەمو دیكتاتۆریەتو بێدینی حزبی بەعس كردو لەولاشەوە بە بانگەوازی ئیسلامییو پەیامی جیهادو خەباتی ئیسلامخوازانی كوردستانو زایەڵەی كاروانی رابوونی ئیسلامیی بە تەواوی گوێی زرینگایەوەو تێگەیشت كە ئیتر نۆرەی راچەنینەو ناكرێ چیتر لە بەرانبەر ئەم بێدادیەدا دەستەو ئەژنۆ دانیشێ، بۆیە شەهید عەبدوڵڵای لاوی خوێنگەرمو دڵ پڕ لە باوەڕ بڕیاریدا رێگای شۆڕشو پێشمەرگایەتی بگرێتەبەرو بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ١٩٨٩ پەیوەندیكرد بە هێزی (حەمزە)ی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوكاتەوە.

ئیتر لەوەوە كاكە نازم موحەممەدی ناسراو بە عەبدوڵڵا بوو بە پێشمەرگەیەكی نموونەییو دڵسۆزو خاوەن رێزو ویقارو گوێڕایەڵ.

لە راپەڕینی ئازاری ١٩٩١یشدا بە ئەركی سەرشانی خۆی هەستاو دواتریش لە هێزی گەرمیان درێژەی بە خەباتو خزمەتی پێشمەرگایەتیدا.

سەرەنجام كاك عەبدوڵڵای قارەمانو خاویست كە هەمیشە لە خەمی بەرەوپێشچوونی كاروانی ئیسلامخوازانی كوردستانو سەركەوتنی میللەتەكەیدا بوو ، لە رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٧ لە كفری گەیشتە كاروانی شەهیدان، ئەو لاوە چەلەنگو دڵ پڕ لە هیوایەی شاخو شار ماڵئاوایی لە ژیانی فانی دونیا كردو بەرەو قاپی میهرەبانی خودا گەڕایەوە، پاشان تەرمە پاكەكەشی لە گۆڕستانی كفری بەخاك سپێردرا.

# شەهید: حەسەن رەفعەت حسێن[٧]
# ناسراو بە: حەسەن تورکمان



ساڵی ١٩٧٠ لە شاری کفریو لە بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی وەنداویی بە رەگەز تورکمان چاوی بە ژیان هەڵێناوە، ژیانی منداڵیی لە کفری بەسەر بردووەو دواتر لەقوتابخانەی (خلود)ی سەرەتایی نراوەتە بەر خوێندنو بەهۆی سەختیەکانی ژیانەوە ناتوانێ لە دوا قۆناغی سەرەتاییەوە درێژە بە خوێندن بداتو دەستدەکات بە کارو کەسابەتو کرێکاری.

ساڵی ١٩٩١ پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو هەر لەو ساڵەدا دەبێتە پێشمەرگە لە هێزی گەرمیانو لە ریزی هاوسەنگەرانیدا دەبێتە پێشمەرگەیەکی ئازاو خواویستو دڵرووناك بە نووری قورئان، بۆیە بەردەوام حەزی بە خوێندنی قورئان دەکردو بەو هۆیەشەوە بەشێکی لێ لەبەر کردبوو.

شەهید حەسەن لەبەر خۆشەویستیی بۆ خواو تامەزرۆیی بۆ وەدەستهێنانی رەزامەندی خواو پلە بەرزەکانی بەهەشت ، هەمیشە داوای دوعای شەهیدیی لە هاوسەنگەرانی دەکرد.

سەرەنجام کاك حەسەن رەفعەتی دڵ پڕ لە عەشقی خوداییو گڕو حەماسەو گیانفیدایی، لە گوندی گۆبانی سەر بە قەزای کفریو لە رۆژی (١٩٩٣/١٢/٢٧) لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەی کفریدا شەهید دەبێتو بەرەو بارەگای میهرەبانی خودا دەگەڕێتەوەو ماڵئاوایی لە ژیانی کەمو کورتی دونیاییو خزمو کەسوکارو هاوڕێو هاوسەنگەرانیو کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان دەکات، پاشان تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی کفری بەخاك دەسپێدرێت.



# شەهید: شێرزاد عەلی قادر



گەرمیان هەمیشە بە گەرمو گوڕی هەنگاوەکانیو گڕو بڵێسەی هەناوی گڕگرتوویەوە دەناسرێتەوە، گەرمیانەو هەمیشە وەك هەڵۆ بەسەر لوتکەی سەروەریی و قارەمانێتییەوە دەسوڕێتەوە ، گەرمیانەو لە راچەنینێکی نوێدا سروودی نوێی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان دەڵێتەوەو پۆل پۆل لاوی دڵبێدارو فیداکار دەکاتە رێبواری رێبازی راستەقینەی رزگاریو سەرفرازی.


یەکێك لەو لاوە دڵبێدارانەش شەهید (شێرزاد عەلی قادر)ە، کە لە ساڵی ١٩٧٠ لە شاری کفری لە بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی زەنگەنە لەدایك بووە، ژیانی منداڵیشی هەر لە کفری بەسەربردووە، دواتر لە قوتابخانەی سەرەتایی سیروان نراوەتە بەر خوێندنو تەنها شەشەمی سەرەتایی تەواوکردووەو ئیتر لە پێناوی ژیانو گوزەراندا تاوی داوەتە کارو کەسابەتو لە بواری چاکسازی ئامێری ئەلیکترۆنیدا شارەزایی پەیداکردووە.

ماوەیەکیش بووە بە سەربازو لەگەڵ راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ دا پەیوەندی بە بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەوە دەکاتو ساڵی ١٩٩٢ بە رەسمی لە هێزی گەرمیانو لە کفری دەبێتە پێشمەرگە، کاکە شێرزادی ناو ئامێزی بنەماڵە بەرێزەکەیان کە بە باخەوان ناسراون، دەبێتە باخەوانی باغی رابوونی ئیسلامییو بە دڵسۆزییەوە لە خزمەتیدا دەبێتو پاسەوانی دەکات.

لەپاڵ ئەمەشدا هەمیشە لە هەوڵی چنینەوەی زیاتری هەڵاڵەی باوەڕو میوەی رەوشتە بەرزو پەسەندەکاندا دەبێت.

تا سەرەنجام لە رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٧ لە پێناوی بیروباوەڕو رێبازەکەیدا لە ناوچەی (داودە)ی سەر بە قەزای کفری شەهید دەبێت، شایانی باسە هەر لەو رۆژە دا شەهیدی فەرماندە ،کاك (مەلا جەلال)ی براشی کە بەرپرسی مەڵبەندی (٧)ی دەربەندیخان بوو، هەر لەو پێناوەدا شەهید دەبێتو بەم پێیە دوو برای قارەمانو پێشمەرگەو دوو برای دڵ پڕ لە باوەڕو ئومێد بە یەکەوە ماڵئاوایی لە خانەوادە بەرێزەکەیانو گەرمیانی چاو بە گریانو کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان دەکەن، دواتر تەرمی پاکی شەهید شێرزاد لە گۆڕستانی کفری بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: عەباس مەحمود عەزیز رەحیم



ساڵی ۱۹۷٥ لە کفری لە بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی داودی لەدایك بووە، ژیانی منداڵی لە گوندی (کارێز) بەسەر بردووە، هەر لە کارێز نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی لەوێ بڕیوە، لە ناوەندی کفری قۆناغی ناوەندیی خوێندووەو ئامادەیی پیشەسازی لە کفری تەواوکردووە.

ساڵی ۱۹۹۲ دەبێتە هاوڕێی ژیانی راستەقینەو بە کاری ئیسلامییەوە پەیوەست دەبێت، هەر لەو ساڵەدا دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلامو لە تیپی (موصعەبی کوڕی عومەیر) لە کفری بەوپەڕی دڵسۆزیو خوێنگەرمیو حەماسەتەوە درێژە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی دەداتو لەگەڵ قورئانی پیرۆزیشدا شەوو رۆژ دەکاتەوە، تا دێ دڵی بە کەلامی خودا رۆشنتر دەبێتەوەو سینەی دەبێتە نوورستانی چەندان سوورەتی قورئانی پیرۆز، هەروەها لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیانیشدا ماوە ماوە ناچاری کرێکاری دەبێتو لەگەڵ خەڵكو دەوروبەریشدا بە رووخۆشیو کراوەیی مامەڵە دەکات.

دواجار کاکە عەباسی لاو و پێشمەرگەی چەلەنگو تینووی رەزامەندی خواو ئازادی میللەتەکەی لە رۆژی ۱۹۹۳/۱۲/۲۷ لە کفری لەگەڵ پۆلێك هاوڕێیدا شەهید دەبێتو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی کفری بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: ئیسماعیل ئەمین عەلی
# ناسراو بە: کرێکار[٧]



ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی (عەلی پەکان)ی سەر بە ناحیەی (مەیدان)ی قەزای خانەقین چاوی بە ژیانو ئاسۆی ئازادی میللەتەکەی هەڵێناوە، ژیانی منداڵیی تا تەمەنی شەش ساڵی لە ناحیەی (گەرمە)ی سەر بە فەلوجە ژیاوە، تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە باوەنوور خوێندوویەتیو دەستی بە خوێندنی قۆناغی دواناوەندیش کردووە، بەڵام نەیتوانیوە تەواوی بکات.

دواتر ماوەی ساڵێك لە کارگەی ئۆتۆمبیلی ئەسکەندەریە لە (حلله) کاری کردووە.


لە ساڵی ١٩٨٩وە وەك لاوێکی موڵتەزیمو خواناس دەرکەوتووە ، بەرەبەرە خۆشەویستیی کاری ئیسلامیی لە دڵدا رواوەو لە هەوڵی خۆڕۆشنبیرکردندا بووە، جگە لەمە لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیاندا بە دوکانداریو کارو کەسابەتەوە خەریك بووەو شارەزاییشی لە بواری وێنەکێشانو خەتخۆشیدا هەبووە.

لەگەڵ سەختیەکانی ژیاندا لە بەرێکدا بووەو تووشی ژیانی ئاوارەییش هاتووەو لە کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩٩١ لە ئۆردوگای (گردەنو)ی کوردستانی ئێران خێزانی پێکەوەناوەو دوای خۆی تەنها کچێکی بە ناوی (بەنان) لە دوا بەجێماوە.

شەهید کرێکار لە ژیانی پێشمەرگایەتی خۆیدا کە لە تیپی (شەهید عەلی) سەر بە هێزی گەرمیان بووە بە پێشمەرگە، لاوێکی گورجو گۆڵو چاونەترسو ئامادەو فیداکار بووە، بۆیە هەرکاتێك ئاستەنگو کێشەیەك رووبەڕووی رابوونی ئیسلامیی کوردستان بووبێتەوە ، ئامادەبووەو دڵسۆزانەو لێبڕاوانە مەیدانی گرتووە، لە پاڵ کاری پێشمەرگایەتیشدا وانەی قورئانی لە مزگەوتی (شێخ ئیبراهیم) لە کەلار بە کۆمەڵێك قوتابی گوتۆتەوە.

سەرەنجام شەهید ئیسماعیل ئەمین عەلی ناسراو بە کرێکار لە رۆژی (١٩٩٣/١٢/٢٧) لە دەشتی (سەید خەلیل) شەهید دەبێتو ماڵئاوایی لە ژیانی دونیا دەکات، تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی کەلاری کۆن بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: عەبدوڵڵا ڕەسوڵ موحەممەد
# ناسراو بە: عەبدوڵڵا ڕەسوڵ لۆتەری




ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی (لۆتەر)ی سەر بە شارۆچکەی بنگردی بەری مەرگە لە بنەماڵەیەکی ساداتی شێخانی لۆتەر هاتۆتە دونیاوە، پاشان وەك پەروانە خۆی لە پەنای چرای زانستو خوێندەواریدا دیتەوەو قۆناغی سەرەتایی لەوێو لە گوندی (مەرگە) تەواوکردو تا دووەمی ناوەندییش لە ناوەندی بنگرد خوێندوویەتی، بەڵام وەکو چەند کورە کوردی تر کۆتو زنجیری هەژاریو دەستکورتی دەستو پێی دەبەستنو ناهێڵن لەوە زیاتر لەسەر خوێندن بەردەوام بێت، بەهۆی رۆڵو کاریگەری مامۆستایانی دەڤەرەکە، وەکو مامۆستا مەلا سەید عەبدوڵلای لۆتەریو مامۆستا سەید عەبدورەحمانی سەرسیان ، لە بانگەوازی ئیسلامییو هۆشیارکردنەوەی جەماوەرو لاوان کە لە بەری مەرگە هەیانبوو، کاکە (عەبدوڵلا رەسوڵ)یش زیاتر بەرچاوی بە راستیەکانی ئیسلام رۆشندەبێتەوە، بەهۆی ئەمەشەوە لە ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٩ لە بنگردەوە ماڵەکەیان دەگوازنەوە بۆ گوندی (سەرسیان)و لەوێشەوە بۆ کۆمەڵگای حاجیاوا.

لە راپەرینی ئازاری ١٩٩١یشدا بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێ، هەر لە ساڵی ١٩٩١دا بە رەسمی دەبێتە پێشمەرگەی تیپی (٨٦)ی نەورەسی سەر بە مەڵبەندی سێی رانیەو بە دڵسۆزییەوە درێژە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی دەدات.

سەرەنجام کاك عەبدوڵلا رەسوڵ لۆتەری لاوی دڵ پڕ لە باوەڕو حەماسەو خۆشەویستیی خواو پێغەمبەرو گەلو نیشتمان، هەر لەو رێبازەداو لە پێناو بیروباوەڕەکەیدا لە رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٧ لە (ساوسێکان) لە مەلەکان دەگاتە کاروانی شەهیدانو بەرەو قاپی میهرەبانی خوای پەروەردگار دەگەڕێتەوەو ماڵئاوایی لە ژیانی دونیاییو هاوڕێو هاوسەنگەرانو کەسوکاری دەکات، پاشان تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی سەروچاوە بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: حامید عەبدوڕڕەحمان شەریف
# ناسراو بە: بەڵێن



ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی (کانی مانگا)ی سەر بە قەزای پێنجوێن لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر چاوی بە ژیان و دیمەنە رەنگینەکانی کوردستان هەڵێناوە، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (ناڵپارێز) تەواودەکات و ساڵی ١٩٨٣ روودەکاتە شاری سلێمانی و لەوێ نیشتەجێ دەبێت و ئیتر دەکەوێتە خەمی دابینکردنی بژێوی ژیان و کارو کاسبیکردن، خۆیی و مێزەیەك دەبنە میوانی بازاڕی وەسمان پاشاو بە قەناعەتەوە رۆژەکانی ژیانی بەڕێدەکات.

شەهید حامید هەر لە منداڵییەوە فیترەتی پاك و خاوێنی لە چڵك و چەپەری گوناهو تاوان و لاڕێیی دەپارێزێ و خولیای جێبەجێکردنی ئەرکە ئیسلامییەکان دەبێت و شیرنایەتی ئیمان و خواپەرستیی دەچێژێ.

لە راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ەوە کە تیایدا جەماوەری گەلی کوردستان بە رووی ستەم و دیکتاتۆریەتدا راپەڕی، شەهید (حامید)یش بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێ و هەر لەو ساڵەشەوە پەیوەندی بە بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەوە دەکات و ساڵی ١٩٩٢ لە ریزەکانی سوپای بەرگری ئیسلامییدا چالاکانە بەشداری دەکات و وەك پێشمەرگەیەکی قارەمانی ئیسلام ئامادەی جێبەجێکردنی فرمانەکان و گیانفیدایی دەبێ و دەبێتە پەرژینی دەوری بەها باڵاکان و رەسەنایەتی کوردستان.

شەهید حامید هەر لە سۆنگەی ئەم بڕواو ئیرادەیەوە بۆ خزمەتی ئایین و گەل و نیشتمان نازناوی (بەڵێن) لە خۆی دەنێ و بەڵێن لەگەڵ خوادا دەبەستێ کە تا ماوە لە پێناوی رێبازو بەرنامەکەیدا کە مایەی بەختیاری و سەرفرازی دونیاو دوارۆژی مرۆڤەکانە تێکۆشێ.

سەرەنجام کاك حامید عەبدوڕڕەحمانی ناسراو بە (بەڵێن) بەڵێنەکەی خۆی بردەسەرو لە ١٩٩٣/١٢/٢٧ لە پێناوی پەیام و رێبازەکەیدا لە هەوارەبەرزەی شاری سلێمانی بە پلەی بەرزی شەهیدی گەیشت و ماڵئاوایی لە خزم و کەسوکارو هاوڕێ و هاوسەنگەرانی کرد، تەرمەپاکەکەشی لە گۆڕستانی (دەباشان)ی سلێمانی بەخاك سپێردرا.

شەهید حامید ساڵی ١٩٩١ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی تەنها کوڕێکی بە ناوی (بەڵێن) بە دیاری و یادگاری بۆ ئیسلام و کوردستان بەجێهێشتووە.

# شەهید: ئاگۆ مستەفا حەمەد ئەمین پشتئاشانی



ساڵی ١٩٧٢ لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەری سەر بە عەشیرەتی ئاکۆ لە شاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە، ئەمەش بە هۆی چوونی خانەوادەکەیان بۆ ئەوێ دوای گیرانی باوکی بە سەربازو ژیانی منداڵیشی هەر لەوێ بەسەربردووە، دواتر لە قوتابخانەی کاوەی سەرەتایی نراوەتە بەر خوێندن.
کاتێکیش ماڵیان گەڕاوەتەوە چوارقوڕنە لە ناوەندیی چوارقوڕنە درێژەی بە خوێندن داوە، ماوەی ساڵو نیوێکیش دووچاری سەربازی بووە، پاشان بەرەبەرە وەك لاوێکی موسڵمان دەرکەوتووەو دڵی بە نووری قورئان رۆشن بۆتەوە.
شەهید ئاکۆ لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیاندا خەریکی کارو کەسابەتو دوکانداریی بووە.
ساڵی ١٩٩١ پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکات، هەر هەمان ساڵ لە مەڵبەندی سێی رانیە دەبێتە پێشمەرگەو دواتر لە سەرکردایەتیو لە سەرئەشکەوتان درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەداتو زۆر بە دڵسۆزییەوە ئەرکو فرمانەکان رادەپەڕێنیو لە ناو دڵی هاوسەنگەرانو برا پێشمەرگەکانیدا جێی خۆی دەکاتەوەو هەموان بەچاوی رێزو خۆشەویستییەوە لێی دەڕوانن‌و بە نموونەی پێشمەرگەی دڵسۆزو خاویستی دەزانن.
تا سەرەنجام کاکە ئاکۆی دڵ پڕ لە ئیمانو پێشمەرگەی قارەمان دوای راپەڕاندنی دڵسۆزانەی ئەرکەکانی لە سەرکردایەتیو لە کاتی سەختیو تەنگژەدا کە بە هەق پێشمەرگەیەکی قارەمانو لێبڕاو بوو، شارەزاییەکی باشی لە هەندێك لە چەکە قورسەکانو بەتایبەتی (دۆشکە) دا هەبوو و، زۆر بە سەرکەوتوویی بەکاری دەهێنا، تا دواجار لە پێناو پەیامو رێبازەکەیدا لە رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٧ لە دۆڵی سەرکەپکان دەگاتە کاروانی شەهیدانو ماڵئاوایی لە کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانو خزمو هاوڕێیانی دەکات، پاشان تەرمە پاکەکەی لە چوارقوڕنە بەخاك دەسپێردرێت.
شەهید ئاکۆ لە ساڵی ١٩٩٢ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی تەنها کوڕێکی بە ناوی هونەر وەك دیاریو یادگاری لە دوا بەجێماوە.

# شەهید: عەبدولمەناف عەبدوڵڵا ئیسماعیل


# ناسراو بە: فەرەیدون



ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی شێخانی شاری سلێمانی لەدایك بووە، بەڵام هەر لەسەرەتای منداڵییو لەدایکبوونیەوە دایکی کۆچی دوایی دەکاتو بێبەش دەبێت لە نازی دایك.
ساڵی ١٩٧٠ لە حوجرەی مەلا شێخ رەئوف دەستی بە خوێندنی قورئانی پیرۆزو زانستەکانی ئەو سەردەمەی فەقێیایەتی کردووە، ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بووە، هەر لەو ساڵەشدا چۆتە قوتابخانەی ئەزمەڕ لە گەڕەکی ئیبراهیم پاشاو لە دوو لاوە خەریکی خوێندن بووە، بەهۆی زیرەکیو لێهاتووییەوە بووە بە خۆشەویستی مامۆستاکان، بەرە بەرە قۆناغەکانی خوێندنی بڕیوەو دواجار شەشەمی زانستی تەواوکردووە، بەهۆی بارودۆخی ناهەمواری کوردستانو سیاسەتە سەرکوتکەرەکانی رژێمی بەعس واز لە خوێندن دەهێنێت.
ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە کاری ئیسلامییو رێکخستنەکانەوە دەکات، پاشان ئامێز لە چیا ودردێنیّو دەچێتە دەرەوەو لە ساڵی ١٩٨٩ بە مەبەستی راپەڕاندنی ئەرکی رێکخستن دەگەڕێتەوە ناو شارو دەکەوێتە جموجوڵو چالاکیو لە چەند چالاکییەکی دژ بە رژێمی بەعس لەناو شاری سلێمانیدا بەشداری دەکات، بەڵام لە دوای ماوەیەك دارودەستەو دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس پەی بە هەندێك کارو چالاکیەکانی دەبەنو دەستگیری دەکەنو ماوەی هەشت مانگ لە ژێر ئەشکەنجەو ئازاردا دەیهێڵنەوەو ئەمجار بێ سەرو شوێنی دەکەنو دواجار بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێ، بەڵام بە ویستی خوا بەر عەفواتێکی رژێم دەکەوێو ئازاد دەکرێت.
کاك عەبدولەنافی ناسراو بە (فەرەیدون) دوای ئازادبوونیشی لە جاران دەست گەرمانەتر دەکەوێتەوە کارو ئیشکردنو تۆکمەکردنی ئەڵقەکانی رێکخستن ، تا بەرپابوونی راپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستان لە ئازاری ١٩٩١، بۆیە لە راپەڕیندا داخی دڵی خۆی بە بەعسیەکان دەڕێژێو مەردانە هەڵمەت دەباتە سەر داموودەزگاکانی بەعسو خودی ئەمنە سورەکە بەتایبەتی، دوای راپەڕینیش کاك فەرەیدون درێژە بە کاری ئیسلامییو خەباتو تێکۆشانی خۆی دەداتو دەبێتە پەروانەی دەوری کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانو دڵسۆزانە ئەرکەکانی لەگەڵ هاوسەنگەرانیدا رادەپەڕێنێ، تا سەرەنجام لە ١٩٩٣/١٢/٢٧ بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو دواتر تەرمە پاکەکەی لە گردی سەیوان لە سلێمانی بەخاك دەسپێردرێت.
شەهید فەرەیدون کە ساڵی ١٩٩٢ خێزانی پێکەوە نابوو، دوای خۆی تەنها منداڵێکی بە دیاریو یادگاری بەجێهێشتووە.

# شەهید: ئیسماعیل عەبدوڵڵا حەمەد رەسوڵ

## ناسراو بە: مامۆستا ئیسماعیل



شەهید مامۆستا ئیسماعیل لە ساڵی ١٩٦٥ لە خانەوادەیەکی(حەیدەری) سەر بە عەشیرەتی خۆشناو لە گوندی (دواوە)ی سەر بە ناحیەی بێتواتە لەدایك بووە، ژیانی منداڵیی لە گوندەکەی خۆیانو بێتواتە بەسەربردووەو هەر لە گوندەکەی خۆشیان نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی لەوێو ناوەندیشی لە بێتواتە تەواوکردووە، دواتر لە خانەی مامۆستایانی سلێمانی وەرگیراوەو ئەویشی لە ساڵی (١٩٨٣) بەسەرکەوتوویی بڕیوە.

شەهید ئیسماعیل ماوەیەك تووشی سەربازی بووەو جارجارەش بە کارو کەسابەتو دوکانداریییەوە خەیك بووە.


ساڵی ١٩٨٨ ئیلتیزاماتی ئیسلامیی تێدا دروست بووەو ساڵی ١٩٨٩ش پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەو کاتەوە کردووە و ساڵی ١٩٩١یش لەگەڵ ڕاپەڕینی جەماوەریی گەلی کوردستاندا هاتۆتە ریزی پێشمەرگەکانی ئیسلامەوەو دواتر لە تیپی (٦٨)ی سەید قوتبو بارەگای سەروچاوەی سەر بە مەڵبەندی سێ درێژەی بە خزمەتی پێشمەرگایەتی داوەو بە پلەی (ئامر کەرت) ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات.

مامۆستا ئیسماعیل لە دەورەیەکی پێگەیاندنی کادیراندا کە بە سەرپەرشتی مەکتەبی ڕێکخستن لە ساڵی ١٩٩٣ لە سەرکردایەتی دەکرێتەوە ، بەشداری دەکاتو جێگای خۆی لەناو دڵی هاوڕێو هاوسەنگەرانیدا دەکاتەوەو هەمیشە هاوڕێکانی بەوە ئامۆژگاری دەکات کە بەردەوامبن لە درێژەدان بە خەبات لەم کاروانەدا.

سەرەنجام مامۆستا ئیسماعیلی دڵ پڕ لە ئەوینی خوداو باوەڕو هیوا ، لە ١٩٩٣/١٢/٢٧ لە پێناو بیروباوەڕەکەیدا، کە بەختەوەریی دونیاو دوارۆژی میللەتەکەی تێدا دەبینییەوە ، لە (ساوسێکان)ی ناوچەی مەلەکان بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو ماڵئاوایی لە ماکۆكو خزمو هاوڕێو هاوسەنگەرانیو کاروانی ڕابوونی ئیسلامیی کوردستان دەکاتو دەگەڕێتەوە بەر قاپی بارەگای خوای میهرەبانو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی (دواوە)ی مەنزڵگای خەونە ئەرخەوانییەکانی بەخاك دەسپێردرێت.

مامۆستا ئیسماعیل کە لە ساڵی ١٩٩٠ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی دوو کچ بە ناوەکانی (شنە، ڕۆشنا) دەکاتە دیاری ئیسلامو کۆمەڵی کوردەواریی.


# شەهید: نەوزاد عەبدولڕەزاق عەبدوڵا



ساڵی ١٩٧٠ لە بنەماڵەیەكی ئایینپەروەری شاری كۆیە و لە دامێنی چیای هەیبەت سوڵتان هاتۆتە دنیاوە ، ژیانی منداڵییشی لەوێ بە دنیایەك هیوای رەنگاڵەوە بەسەر بردووە ،پاشان نراوەتە بەر خوێندن و قۆناغەكانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە كۆیە بە سەركەوتوویی بڕیوە و دواتر لە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێر وەرگیراوە، كاكە نەوزاد هەر لە منداڵی یەوە كوڕێكی رەوشت بەرز و هێمن و زیتەڵ بووە وخانەوادەكەیان بەگشتی و(لاجان خان)ی خوشكی ، بەتایبەتی بایەخی زۆریان بە پەروەردەكردنی داوە و لە سەر دینداری وخواناسی رایانهێناوە ، كاكە نەوزادی لاوی فێرخوازو ئیسلام پەروەر لە راپەڕین دا كوڵی خەون و هیواكانی دەپشكوێ و دەروازەكانی ژیانێكی نوێ ی وەك هەر تاكێكی كۆمەڵی كوردەواری بە روودا دەكرێنەوە ،لەوێوە بەتەواوی هۆگری كاروانی ئیسلامخوازانی كوردستان دەبێ و دواجار لە تیپی (٦٧ ) ی مەلای گەورەی كۆیە دەبێتە پێشمەرگە و ئامێز بە بەژنی چەكی ئیسلامدا دەكات و دڵسۆزانە ئەرك و فرمانەكان رادەپەڕێنێ و لە ئاست ئاستەنگ و كۆسپەكانی سەرڕێ ی كاروانی نووردا ، هیممەتی مەردانە دەنوێنێ و بەدەمی پڕ لە زەردەخەنە و دڵی پڕ لە هیواوە، مامەڵە لەگەڵ دەوروبەریدا دەكات ، تا سەرەنجام كاكە نەوزادی لاوی بەتین و تاوی خواناس وپێشمەرگەی ئیسلام، لە رۆژی ١٢/٢٧/ ١٩٩٣لە ناوچەی دێگەڵەی نێوان كۆیە و هەولێر، لەگەڵ شەهید ئومێد و دوو پێشمەرگەی تردا دوای بەدیلگیرانیان شەهید دەكرێن و گیانی شەهید نەوزاد و هاورێكانی پەیوەست دەبێ بە كاروانی ئەستێرەكانی ترۆپكی سەروەری یەوە و ماڵئاوایی لە خزم وكەس و كار وكاروانی رابوونی ئیسلامیی كوردستان دەكات و تەرمە پاكەكەشی هەر لەكۆیە ی زێدی لە دایكبوونی لە گۆڕستانی ( كەكۆن ) بەخاك دەسپێردرێت .



# ئومێد عومەر رەسوڵ[٧]



ساڵی ١٩٧١ لە شاری کۆیە، لە خانەوادەیەکی ئایین پەروەر و میللەت دۆست هاتۆتە دنیاوە ، هەر لەوێش ساتە پڕ لە بەرائەتەکانی منداڵیی بەڕێکردووە، نراوەتە بەرخوێندن و یەك بەیەك قۆناغەکانی بە سەرکەوتوویی تا قۆناغی دووەمی پەیمانگای مامۆستایانی بڕیووە، کاك ئومێد هەر لە منداڵییەوە پەیوەست بووە بە مزگەوت و بەجێهێنانی نوێژەوە، بە فیترەتی خاوێنیەوە ڕۆژەکانی ژیانی بەڕێکردوون، لەگەڵ سەرهەڵدانی راپەڕینی جەماوەریی ئازاری ١٩٩١دا، راپەڕینێکیش لە ناخی کاکە ئومێد دا روودەدات و لەوێوە پەیوەست دەبێ بە کاری ئیسلامییەوە، هەر لەوێشەوە دێتە ریزی پێشمەرگەکانی ئیسلامەوە و لە تیپی ( ٦٧ ) ی مەلای گەورەی کۆیە دەبێتە پێشمەرگە و بۆ ئەمەش کاریگەری زۆری شەهید نەوزاد و کاك بێستوونی بە سەرەوە بووە ، کاك ئومێد جگە لە کاری پێشمەرگایەتی و خوێندن، لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیانیشدا لەگەڵ خانەوادەکەیاندا خەریکی کاری نانەوایی بووە، کاك ئومێد عومەر نموونەی ڕێزو سەنگینی بوو، لەگەڵ خەڵك و دەوروبەردا کراوەو رووخۆش بوو، هێمن و لەسەرخۆ بوو، بەدوای چاکەدا دەگەڕا، لە پێناوی پەیامی ئیسلام و میللەتەکەیدا ئامادەی گیانبەخشین بوو، بە کێوێك باوەڕو ورەو هیواوە هەنگاوی دەنا، تا دواجار کاکە ئومێدی لاوی ڕۆشنبیرو پێشمەرگەی دلێر، لە ڕۆژی ٢٧ / ١٢ / ١٩٩٣ لە ناوچەی دێگەڵەی نێوان هەولێرو کۆیە، لەگەڵ شەهید نەوزاد عەبدوڕڕەزاق و دوو پێشمەرگەی تردا، دوای بەدیلگیرانیان شەهید دەکرێ، بەم شێوەیە لە قۆناغی دووەمی پەیمانگاوە ماڵئاوایی لە کەس و کارو هاوڕێ و هاوسەنگەرانی دەکات و تەرمە پاکەکەشی لە کۆیە بەخاك دەسپێردرێت.



# شەهید: یاسین موحەممەد ئەمین مەحمود
## ناسراو بە: دکتۆر یاسین



ساڵی ١٩٦٧ لە نێو ژانی ئاوارەیی‌و سەختیەکانی ژیاندا لە گوندی (تەپەکەڵان) لە ئامێزی بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی جاف هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیی لە قەزای کەلار بەسەر بردووەو هەر لەوێش قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی بڕیوەو لە ئامادەیی کەلاری کوڕانیش قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە.
دواتر لە کارگەی دەرمانسازی لە (سامەڕا) دامەزراوەو لەمەوە شارەزایی لە بواری تەندروستیدا پەیدادەکات‌و بە سەلیقەو هەوڵ‌و هیممەتی بەردەوامی فێری زۆر کاروباری وەکو دەرزیلێدان‌و تەداوی‌و دەرماننناسی دەبێت‌و لەمەشەوە بە دکتۆر یاسین دەناسرێ، لە سۆنگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری‌و کراوەیی‌و دڵسۆزییەوە، جێگای خۆی لە ناو دڵی خەڵکدا دەکاتەوەو بە خەسڵەتە بەرزو پەسەندەکانیشیەوە کە لە ئیسلامەوە وەری گرتبوون‌و لە هەڵسوکەوت‌و ژیانیدا رەنگیان دابۆوە، هێندەی تر سەنگین‌و بەڕێز تر دەبێت‌و ئەمەش شیرینایەتی ئیمان‌و ئەخلاقی ئیسلامیی لەلا زیاتر دەکات‌و چاکتر رووی دڵی لە خوداو شەریعەتە پاك‌و بێگەردەکەی دەکات.
شەهید دکتۆر یاسین لە پێش راپەڕینەوە پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکات‌و دوای راپەڕینیش لە هێزی گەرمیان دەبێتە پێشمەرگەو دواجار بەهۆی دڵسۆزی‌و لێبڕاوی‌و چوست‌و چالاکییەوە پلەکانی پێشمەرگایەتی دەبڕێت‌و دەبێتە ئەندام هێز، ماوەیەکیش سەختیەکانی ژیان ناچاری کارو کەسابەت‌و دانانی دەرمانخانەی دەکەن‌و لە هەموو حاڵەتەکانیشدا دڵسۆزانە فرمانەکان رادەپەڕێنێ.
هەروەها ژمارەیەك لە برا پێشمەرگەکانیشی فێری دەرزیلێدان‌و تەداوی دەکات‌و لە هۆشیاریی تەندروستیی بەهرەمەندیان دەکات.
شەهید هەمیشە پەرژینی رێبازو بیروباوەڕەکەی بووەو هەر ئەمەش وای لێکردووە لە ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٣دا بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێ، تا سەرەنجام کاك دکتۆر یاسینی پێشمەرگەو تەندروستکار، لە ١٩٩٣/١٢/٢٨ لە کەلار لەگەڵ شەهید خالیددا دەگاتە کاروانی شەهیدان‌و تەرمە پاکەکەشی هەر لە کەلارو لە گۆڕستانی شێخ عەبدوڕەحمان بەخاك دەسپێردرێت.
شەهید دکتۆر یاسین ساڵی ١٩٩٣ خێزانی پێکهێنابوو، دوای خۆی تەنها کچێکی بە ناوی (راستی) وەك گەیشتن بە ترۆپکی راستی‌و هیوای دەستپێوەگرتنی رەسەنایەتی بەجێهێشتووە.

# شەهید: ئەکرەم عەلی ئەحمەد
# ناسراو بە: مەلا ئەکرەم



ساڵی ١٩٦٨ لە خانەوادەیەکی سەر بە عەشیرەتی گۆران لە گەڕەکی ئیبراهیم پاشای شاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیشی هەر لە شاری هەڵمەتو قوربانیدا بەسەربردووە، لە قوتابخانەی سەرەتایی رەفیق حیلمی نراوەتە بەر خوێندن، پاشان لە ناوەندی رۆژهەڵاتی کوڕان درێژەی بە خوێندن داوە، ئەمجار لە پەیمانگای ئیسلامیی لە سلێمانی قۆناغێکی نوێی خوێندن دەست پێدەکاتو دەکەوێتە ناو دونیای وەرگرتن و شارەزابوونی زانستە شەرعیەکان.

هەروەها ماوەیەکیش لە حوجرەی مزگەوتی ئەحمەدی خانی لای مامۆستا سەید ئەحمەد خوێندوویەتی.

ساڵی ١٩٨٦ چۆتە پەیمانگای باڵای دەعوەو خیتابەی بەغداو بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە، هەر لە هەمان ساڵداو لە (١٩٨٦/١٠/١) بە پلەی زۆر باشە (جیدجداً) بڕوانامەی خولی فێربوونی تەجویدی قورئانی پیرۆزی لە سلێمانی بەدەستهێناوە.

هەر لە دەرەنجامی ئەمەشەوە سەرەنجام دەبێتە ئیمامو خەتیبو شارەزایی لە زانستە ئیسلامییەکانو بەتایبەتی عەقیدەو کاروباری بانگەوازدا پەیدا دەکاتو زیاتر لە (٢٥) جوزئی قورئانیش لەبەردەکات.

هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی وەدەستهێنانی زانستەکاندا، لە ساڵی ١٩٨٩ وە پەیوەندی بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشووەوە دەکاتو ئەندامێکی چالاکو دڵسۆزی لێ دەردەچێ.


ساڵی ١٩٩١و لە راپەڕینی جەماوەری گەلی کوردستانداو دواتر لە بەربەرچدانەوەی دژە هێرشی رژێمدا رۆڵی بەرچاو دەبینێو لەگەڵ برا پێشمەرگەکانیدا لە تاسلوجەو شوێنەکانی تردا سەروەری تۆمار دەکاتو ئیتر لەو ساڵەوە جگە لە قورئان ، دەبێتە هاوڕێی گیانی بەگیانی چەکو سەنگەرو پێشمەرگەو دڵسۆزی بۆ ئایینو گەلو نیشتمان سەراپای جەستەی داگیردەکەنو لە تیپی شەهید (موحەممەد)ی سەر بە مەڵبەندی سلێمانی درێژە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی دەداتو دەکرێتە بەرپرسی بەشی پەروەردەی تیپی ناوبراوو بە زانستو رەفتارە جوانەکانیەوە کاریگەری زۆر بەسەر دەوروبەرو هاوڕێو هاوسەنگەرانیەوە دادەنێت.

شەهید مەلا ئەکرەم لە درێژەی کاری ئیسلامییدا چەند جارێك تووشی گیران هاتووەو لەگەڵ سەختیەکانی ژیاندا دەستەو یەخە بۆتەوە، تا سەرەنجام کاك مەلا ئەکرەمی پەروانەی دەوری زانستو پێشمەرگەی قارەمانی ئیسلامو دڵسۆزی میللەتو رێبواری

ڕێبازی سەرفرازی لە رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٨ لە پێناوی پەیامو بیروباوەڕەکەیدا لە گەڕەکی هەوارەبەرزەی سلێمانی شەهید دەکرێو دەبێتە ئەستێرەیەکی ترۆپکی سەروەریو پەیامەکەی بە هاوڕێو هاوسەنگەرانی دەسپێرێو ماڵئاوایی لە کاروانی رابوونی ئیسلامی کوردستانو خزمو کەسوکاری دەکاتو دەگەڕێتەوە قاپی میهرەبانی خودا، تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی گردی سەیوان بەخاك دەسپێردرێت.

شەهیدی قارەمان کاك مەلا ئەکرەم ساڵی ١٩٩٢ خێزانی پێکەوەنابوو، تەنها کچێکی بە ناوی (ژینۆ) کە بە (عائیشە)بانگیان دەکرد، دوای خۆی بەجێدێڵێ.

# شەهید: ئەنوەر عەزیز فەرەج مەحمود
# ناسراو بە: شێرکۆ



ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی (زەلکە)ی سەر بە ناحیەی مەیدانی قەزای خانەقین لە بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی (ئەلباکی) هاتۆتە دونیاوە، دواتر دەستی قەدەر لە سەفەری ژیانیدا لە شاری ناسریەی خوارووی عێراق دەگیرسێنێتەوەو قۆناغی سەرەتایی لەوێ دەخوێنێ.

کاتێکیش لە کەلار نیشتەجێ دەبن، ناوەندیو دواناوەندی لە کەلار تەواو دەکاتو دوای ئەوە لە پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی وەردەگیرێو بەسەرکەوتوویی تەواوی دەکاتو دەبێتە مامۆستاو دادەمەزرێ.

مامۆستا ئەنوەری ناسراو بە شێرکۆ هەر لە ساڵی ١٩٨٨ەوە پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو بەهۆی هۆگری بە مزگەوتی غەزالیو مامۆستایانو لاوانی دڵبێدارو ئیسلامخوازەوە، خۆشەویستیی خوداو کاری ئیسلامیی لا دروست دەبێتو دەبێتە پەروانەی دەوری چرای ئیسلامو دواتر لە ریزی رێکخستنەکاندا وەك بەرپرسی رێکخراو جێدەستی بەسەر کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانەوە دیارتر دەبێت، دوای راپەرینی ئازاری ١٩٩١ لە تیپی شەهید عەبدوڵڵای سەر بە هێزی گەرمیان دەبێتە پێشمەرگەو لە خانەقینو جەلەولاو کەلار بەشداری چەند نەبەردیەك دەکات، سەرەنجام مامۆستا ئەنوەر لە ١٩٩٣/١٢/٢٨ لە کەلار، شەهید دەبێتو بەرەو بارەگای خودای میهرەبانو ژیانی راستەقینە دەگەڕێتەوە، پاشان تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی (شێخ عەبدوڕەحمان) لە کەلار بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: موحەممەد ئەسعەد عەلی فەقێ[٧]



ساڵی ١٩٦٤ لە خانەوادەیەکی ئاین پەروەری سەر بە عەشیرەتی خۆشناو لە گوندی دلگیری (شێخ وەسانان)ی دۆڵی بالیسان چاوی بە دیمەنە رەنگاڵەکانی دەڤەرە جوانو رازاوەکەیانو ژانو ناسۆری میللەتەکەی هەڵێناوە، پاشان نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی لە بالیسانو ناوەندیو دواناوەندیشی تا شەشەمی ئامادەیی لە قوتابخانەی سەفین لە شەقڵاوە خوێندووە، هەروەها لە حوجرەش بە مەبەسی فێربوونو شارەزایی لە زانستە شەرعیەکاندا درێژەی بە خوێندن داوەو چووە بۆ کۆلێژی شەریعەی دهۆك.

هەروەها لە پێناو ژیانیشدا پیشەی شۆفێریی کردووەو ملی وەبەر سەختیەکانی ژیان ناوەو لەگەڵ خەڵكو دەوروبەریشدا مامەڵەی خۆشو کراوە بووە.

شەهید موحەممەد بەر لە راپەڕین دەچێتە ریزی رێکخستنەکانەوەو لە دوای راپەڕینو هەر لە ساڵی ١٩٩١یشەوە لە بارەگای شەقڵاوەی سەر بە مەڵبەندی چواری هەولێر دەوام دەکاتو دەبێتە پەرژینی دەوری قورئانو گولزاری بەها باڵاکانی کۆمەڵی کوردەواری، تا سەرەنجام کاکە موحەممەدی قارەمانو خواویستو رێبواری رێبازی سەرفرازیی راستەقینە ، لە کاتێکدا لە قۆناغی چوارەمی کۆلێژی شەریعەی دهۆك بوو، لە (١٩٩٣/١٢/٢٩) لە رەشکێن لە هەولێر لە پێناو رێبازو بیروباوەڕەکەی لەگەڵ مامۆستا عەبدوڕڕەحمان گوللەباران کراو گەیشتە کاروانی شەهیدانو ماڵئاوایی لە ژیانی براوەی دونیاییو دۆستو عەزیزانو کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان کردو کۆڵی خەمو هیواکانی بە هاوسەنگەرانیو دڵسۆزانی ئایینو گەلو نیشتمان سپاردو تەرمە پاکەکەشی هەر لە گۆڕستانی گوندی (شێخ وەسانان) ی زێدو مەوتەنی بەخاك سپێردرا.

شەهیدموحەممەد ئەسعەد شێخ وەسانی لە ساڵی ١٩٨٣ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی کچێكو سێ کوڕی بە ناوەکانی (شنۆ، ئاکۆ، ئاری، ئاسۆ) بە دیاریی یادگاری بۆ ئیسلام و کۆمەڵی کوردەواری بەجێهێشتوون.

# شەهید: عەدنان نوری ئەحمەد
# ناسراو بە: زەبیحوڵڵا



ساڵی ١٩٧١ لە شاری بابەگوڕگوڕو کەرکووکی خۆرە گیراوەکەی کوردستانو لە ئامێزی خانەوادەیەکی سەر بە عەشیرەتی (کافرۆش) چاوی بە ژیان هەڵێناوەو ژیانی منداڵیشی هەر لە کەرکوك‌و لەگەڵ منداڵە بێنازەکانی ئەو شارەدا گوزەراندووە.
پاشان نراوەتە بەر خوێندنو تا شەشەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئیمام قاسم لە کەرکوك خوێندووە.
کاتێکیش لە چەمچەماڵ نیشتەجێ دەبن تا دووی ناوەندی لە قوتابخانەی هەڵۆ درێژە بە خوێندن دەدات‌و ئیتر لەمە بەولاوە بەهۆی باری ناهەموار و سەختی ژیانەوە بواری خوێندنی نامێنێ‌و بە کارو کەسابەت‌و وەستای بیناسازییەوە خەریك دەبێت.
کاك عەدنان چەمچەماڵ دەکاتە ئەو وێستگەو مەڵبەندەی کە تیایدا بە راستەقینەی ئیسلام‌و کاری ئیسلامیی ئاشنا دەبێت‌و لە ساڵی ١٩٩٢دا دەبێتە پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو، لە هێزی کەرکووك‌و بنکەی شەرەفخان چەکی ئیسلام دەکاتە شان‌و تێکەڵاوی نێو ئاپۆڕای ئیسلامخوازان‌و رێبوارانی رێبازی رەسەنایەتی‌و کاروانی نوور دەبێ.
کاك عەدنانی ناسراو بە (زەبیحوڵڵا) لە ناو هاوسەنگەرانیدا نموونەی چاونەترسی‌و ئازایی‌و گیانفیدایی دەبێ، بۆیە هەمیشە لە خەم‌و پەرۆشی پارێزگاریکردنی رابوونی ئیسلامیی و سەرفرازی میللەتەکەیدا بوو لە ژێر ئاڵای دادپەروەریی خوداییدا، هەر لەبەر ئەمەش بوو بیو و بە خۆشەویست‌و جێی متمانەی هاوڕێ‌و هاوسەنگەرانی‌و بە چاوی رێزەوە لێیان دەڕوانی.
کاك عەدنان لە پێناو رێبازو بیروباوەڕەکەیدا رێگای دوورو نزیك‌و خۆش‌و ناخۆش‌و تەخت‌و هەورازی پێ وەك یەك بوون‌و لە تێکۆشان درێغی نەدەکرد.
تا سەرەنجام ئەو لاوە جوامێرو دلێرە لە ساڵی (١٩٩٤) لە گوندی قەدەفەری ناوچەی شارەزوور لەو پێناو و رێبازەدا شەهید بوو و خواحافیزی لە خزم‌و کەسوکارو هاوسەنگەرانی کردو بەرەو مەنزڵگای هەقیقی‌و میهرەبانی خودا گەڕایەوە ، کە هەمان ساڵیش بە دونیایەك هیواو ئاواتەوە خێزانی پێکەوە نابوو، دواتر تەرمە پاکەکەی دەبرێتەوە بۆ تەکیەو لە گۆڕستانی سەیدزەنوون بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: سەردار جەبار کەریم حەسەن



ساڵی ١٩٧٧ لە شاری چەمچەماڵ لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەری پیریادی ساداتی پیرخدری هاتۆتە دونیاوەو چاوی بە ستەمدیدەییو ئازارەکانی میللەتەکەی هەڵێناوەو ژیانی منداڵیشی لەوێ بەسەربردووە، لە قوتابخانەی سەرەتایی (شەهید حەسیبی تێکەڵاو) دەستی بە خوێندن کردووەو دوای بڕینی قۆناغی سەرەتایی بەسەرکەوتوویی، لە ناوەندی هەڵۆ تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندوویەتی، دواتر بە کارو کاسبییەوە خەریك بووە، پاشان لە ڕێگای شەهید مەلا قارەمانەوەو لە ساڵی ١٩٩٢ پەیوەندی بە کاروانی رابوونی ئیسلامییەوە دەکاتو لە هێزی کەرکووك دەبێتە پێشمەرگەو دڵسۆزانە ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ دەکات، تا دێ زیاتر لە باوەڕو ئەخلاقو هەڵسوکەوتدا بەرەو بەرزی دەچێو چاکتر هۆگری ئیسلامی راستە شەقامی ژیانو خەباتو تێکۆشان دەبێت لە پێناو ئازادیو سەرفرازیی راستەقینەی میللەتەکەیدا.

کاکە سەردار وەك چۆن تەمەنی لاوێتیی خۆی بە بیروباوەڕی ئیسلامیی و نوری قورئان رۆشن دەکاتەوەو گۆش دەکات، هەر واش لە خەمی لاوانی وڵاتەکەیدا دەبێو حەزدەکا ئەوانیش ببنە پەروانەی دەوری چرای ئیسلامو لە بەختیاریدا بن.

کاکە سەردار ئاوا بە خەونو هیوای زۆرەوە ببوو بە رێبواری رێبازی سەرفرازیو لەگەڵ کاروانی ئیسلامخوازانی کوردستاندا هەنگاوی دەنا، تا سەرەنجام ئەو پێشمەرگە قارەمانو لاوە جوامێرە لە ساڵی ١٩٩٤ لە چەمچەماڵ گەیشتە کاروانی شەهیدانو ئیتر خەمی پەیامو رێبازەکەی دایە دەستی هاوڕێو هاوسەنگەرانی، پاشان تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی سەید زەنون پیریادی بەخاك سپێردرا.

# شەهید: ئیبراهیم مستەفا داود
# ناسراو بە: ئازاد



زمان لاڵە، قەڵەم کوڵە
با وەدەنگ بێ
ئەم رەوەزو شاخ و دۆڵە
چاوم لێیە زەردو سووری ئێوارەیەو
پێشمەرگەیەک،
بە تفەنگ و هەشت مەخزەنەوە
بە کێوەڕەش هەڵدەگەڕێ و
کوڵی خەمی چەوساوەکانی لە کوڵە
دەیخاتە نێو کورەی دڵی پڕ باوەڕی
رەهێڵەو سەرماو سەهۆڵە
خوێنی بە ناهەق رژاو و
هاواری قورئانی سووتاو
دەکاتە هەوێنی تۆڵە
من هیچ ناڵێم، مێژوو تۆ خۆت ناوی شەهید
لەسەر تەختی تاشەبەردی کێوەڕەش و
نێو چاوانی هەیبەت سوڵتان
هەڵبکۆڵە

شەهید ئیبراهیم ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی (پیرانان)ی دەڤەری پشدەرە رەقەی ئاکۆیەتی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەر لە ئامێزی بنەماڵەیەکی هەژارو ئایینپەروەر چاوی بە ژیانو ناسۆرەکانی میللەتەکەی هەڵێناوە.

ژیانی منداڵی لە گوندەکەیان بەسەر دەبات و لە نێو زەحمەت و کوێرەوەریەکانی ژیانی لادێدا گۆش دەبێت، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و تا سێی ناوەندی لە سەنگەسەر خوێندووەو لەوەش زیاتر بواری خوێندنی نابێ، شەهید ئازاد هەر لە منداڵییەوە ئازایەتی و چاونەترسیی پێوە دیار بووەو کە گەورەش بوو بۆتە نموونەی لاوی موسڵمانی خواناس و سەر راست و لە ناخی دڵیەوە هەستی بە پەرتەوازەیی

چەوساوەیی گەلە موسڵمانەکەی کردووەو دەردو مەینەتیەکانی کوردەواری کزەیان لە جەرگی هێناوەو بۆ گرتنەبەری ڕێبازی ڕاستەقینەی کوردایەتیو ئازادیخوازیی هەڵیان ناوەو لە ساڵی ١٩٨٨دا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کاروانی جیهادیی و ئیسلامیی کوردستانەوە دەکاتو لە هێزی ئازادی کە فەرماندەکەی شەهیدی سەرکردە مامۆستا مەغدید دەبێت، دەبێتە پێشمەرگە.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئازاری ١٩٩١دا ڕۆڵێکی کاریگەرو دیاری هەبوو، وەك پێشمەرگەیەکی هەڵوسراو و بە ڕاپەڕ چالاکانە ئەرکەکانی خۆی بەجێدەهێنا.

لە دوای ڕاپەڕینیشەوە تا شەهیدبوونی مامۆستا مەغدید، ئەرکی حیمایەتی ئەو سەرکردە شەهیدەی پێ سپێردراوە.

ئەم پێشمەرگە قارەمانە بەوپەڕی دڵسۆزیو گەشبینییەوە درێژەی بە خەباتو تێکۆشانو ئەرکەکانی پێشمەرگایەتی دەداو لە زستانی ١٩٩٣شدا دەبێتە پەروانەی چرای ڕێبازو بیروباوەڕەکەیو دواتر بەرەو سنوور تێدەکشێ، تا سەرەنجام ئەم هەڵۆ بەرزەفڕە بە کۆمەڵێك هیواو خولیاوە لە دۆڵی قاسمەڕەش لە بەهاری ١٩٩٤ بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو پاشان تەرمەپاکەکەی لە گۆڕستانی (بایزبەگ)ی ئۆردوگای دێلزێی سەر بە شاری (خانێ)ی کوردستانی ئێرانو لە ئامێزی غەریبایەتیدا بە خاك دەسپێردرێت.

شەهید ئازاد ساڵی ١٩٩١ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆشی دوو کچی بە ناوەکانی (شادیو شەوبۆ) بە دیاریو یادگاری بەجێهێشتوون.

# شەهید: جەمال عەبدوڵڵا قادر
# ناسراو بە: جەمال خەلەکانی



**چاوەکانتان پڕبێ لە زیخ، سێرە لە تیشکی رۆژ دەگرن**
**رفتان لە بەرەبەیانەو دەبەر تاریکەشەو دەمرن!**

ئێستاش زەردەی بزە ئیمانییەکەی (کاک جەمال) ئاوێزانی نووری سرووده رووحیەکانی (کاک موحەممەد خەلەکانی) دەبێتو درێ بە تۆپەڵە تاریکەکان دەداتو لەسەر شانە خوێناوییەکەی (کۆسرەت)ەوە تیریژ داوێتە پێ دەشتو بنارە ئەرخەوانییەکەی (ماکۆك)و کۆڵانە نووتەکەکانی (حاجیاوا) دەکاتە نوورستانو چراخانو لە پەنا مەخفەرەکەیەوە هەموو دەشتی بیتوێن گزنگ باران دەکات.

ئێستا کۆسرەت لەسەر قەڵافەتی کاک جەمالەوە سێبەر لە قەندیل دەکاتو مەدالیای خوێنە گەشەکەی بە شانازییەوە لە بەرۆکی دەداتو ساتێك چییە چاو لە (هەیبەت سوڵتان) ناتروکێنێو شەو و نیوە شەوان بە گوێی هەموو کوردستاندادەچرپێنێ: ئەوە گوڵە مێلاقەیەکی ئامێزی من بوو لە نێو دڵی شەوەزەنگە ئەنگوستەچاوەکەدا لە عیشقان گڕی گرتو شەبەقەکەی گەیشتە بناری (کێلێ).

کاک جەمال خەلەکانی ساڵی ١٩٧٢ وەك گوڵە مێلاقەیەکی چاوگەش لە (خەلەکان)ی ئامێزی کۆسرەتی سەرکەشدا لەدایك دەبێتو دەکەوێتە نێو سۆزی بنەماڵەیەکی هەژاری ئیسلامپەروەر، شەهیدبوونی بابی لە ساڵی ١٩٧٥دا بە هۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی بەعسەوە وادەکات هەر لە سەرەتای منداڵییەوە لەگەڵ سەختیو زووریی رابێتو فرچك بە چاونەترسیو پشت بەخۆبەستن بگرێت، رێی خوێندن دەگرێتە بەرو تا پۆلی شەشەمی زانسی درێژەی پێدەدات.

لە کۆتایی هەشتاکاندا خۆی لە نێو ریزی رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوودا دەبینێتەوە، لە راپەڕینە مەزنەکەی ئازاری ١٩٩١دا بە جیهادی لوتکە هەرە بەرزەکەی ئیسلام شاد دەبێتو چەکی پڕ لە شانازیی پێشمەرگایەتی لە شانی دەکات، لە تەقاندنەوەی راپەڕین لە پێنجی ئازار لە رانیەو رزگارکردنی دەروازەی راپەڕینو چوارقورنەو حاجیاواو کەرکووکدا چالاکانە بەشداریی دەکات، لە دوای راپەڕینیش لە بەرگریکردن لە نیشتمانەکەیو بەگژداچوونی سوپای داگیرکەری بەعسیاندا رۆڵی بەرچاوی دەبێتو قارەمانانە لە شەڕەکانی (هیزۆپ)دا لە بیتوێن دوژمن تەمبێ دەکات، لە نێو پۆلە پێشمەرگەکەی تیپی (٥٧)ی (عەبدوڵڵا عەزام)ی مەڵبەندی سێدا دەبێتە قامك نیشان.

زستانی ١٩٩٣ش دەبێتە پەرژینی دەوری رێبازو بیروباوەڕەکەی، تا سەرەنجام ئەو شێرە کوڕە ئیسلامییە رۆژی ١٩٩٤/٤/٢٤لە خەلەکان لەگەڵ (کاک غەریب حەمە صالح)دا لە پێناوی پەیامو رێبازەکەیدا شەهید دەبێتو گیانە بەرزەفڕەکەی بە دیداری (کاک موحەممەد خەلەکانی)و براکانی شاد دەبێتو ماڵئاوایی لە کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان دەکاتو کۆڵی خەونو هیواکانی بە هاوڕێو هاوسەنگەرانی دەسپێرێ، تەرمە پاکەکەشی هەر لە زێدی خۆی ئەسپەردەی خاک دەکرێت.

# شەهید: سەیفور غەفور پار ئەحمەد



ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی (گردەنازێ)ی ناو دەشتی شارەزوورو سەر بە هەڵەبجەی شەهید هاتۆتە دونیاوە، پێش ئاشنابوونی بە ژیانی لادێ ماڵی باوکی لە ساڵی ١٩٧٧ دەچێتە هەڵەبجەو هەر لەوێش نراوەتە بەر خوێندن، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (مۆردانە)و تا دووی ناوەندیشی لە ناوەندیی (شارەزوور) خوێندووە، هاوکات وەك قوتابییەکی قورئان لە مزگەوتی خالید فێری خوێندنەوەی قورئان و رەوشتی ئیسلامیی دەکرێت و لە لایەن دایك و باوکییەوە کە هەمیشە هیواخوازبوون کوڕەکەیان پاشەڕۆژێکی پرشنگداری هەبێت ، هاندەدرێت بۆ پابەندبوون بە مزگەوت و فرمانەکانی ئیسلامەوە.

ساڵی ١٩٨٨و لە کیمیایی بارانکردنی شاری هەڵەبجە لە لایەن رژێمی دڕندەی بەعسەوە، سەرەڕای بریندابوونی خۆیو خانەوادەکەیان لە مردن رزگاریان دەبێتو روو لە ئێران دەکەن.

شەهید سەیفور دوای گەڕانەوەی خێزانەکەیان لە ئێرانو نیشتەجێبوونیان لە کۆمەڵگای گردەچاڵی نزیك هەولێر، سەرلەنوێ دەستدەکاتەوە بە خوێندنو پۆلی سێیەمی ناوەندیی تەواودەکاتو دواتر لە شاری سلێمانی لە ئامادەیی تەندروستی وەردەگیرێتو درێژە بە خوێندن دەداتو تەواوی دەکات.

لە راپەڕینی ئازاری ١٩٩١داو لە شاری سلێمانی هاوتای لاوانی تری نەتەوەکەی رۆڵی خۆی دەبینێتو لەوێوە پەیوەندی بە ریزی ئیسلامخوازانەوە دەکاتو دواتر لە تیپی (١١)ی (سەلمان)ی سەر بە مەڵبەندی یەکی هەڵەبجەی شەهید دەبێتە پێشمەرگەو دڵسۆزانە پارێزگاری لە ئایینو نیشتمانەکەی دەکاتو لە قۆناغە سەختەکانیشدا ئامادەی گیانبەخشین دەبێتو سڵ لە مردن لە پێناوی خوادا ناکاتەوە.

شەهید سەیفور لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا کەسێکی رێزدارو خۆشەویست بووەو زۆر حەزی بە خزمەتی خەڵك هاتووە.

بە هۆی شارەزاییو نهێنی پارێزیشیی کاری بێ تەلی پێ دەسپێردرێتو بە وریاییو رێكو پێکی رایدەپەڕێنیۆ وەك پێشمەرگەیەکی مەیدانیو بە زیكو ئازا بە خۆییو شارەزایی تەندروستیو بێتەلو چەكو باوەڕی بەتینەوە، لە گۆڕەپانی خەباتو تێکۆشانی ئیسلامیدا چالاکانە هەڵدەسووڕێ.

تـا سـەرەنجام کاکـە سـەیفوری قارەمـانو کـوڕی تاقانـەی خانەوادەکـەی لـە رۆژی ١٩٩٤/٤/٢٦ لە ناوچەی نەورۆڵی نزیك هەڵەبجەی شەهید دەگاتە کاروانی شەهیدانو دەگەڕێتەوە قاپی پڕ میهرەبـانی خـوداو تەرمـە پاکەکەشـی لـە گۆڕسـتانی (گـوڵانی سەروو) لە هەڵەبجە بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: موختار حەمەلاو ئیبراهیم



ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی (خەرپانی)ی سەر بە شاری هەڵەبجە لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەر هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیشی لەگەڵ خەونە ئەرخەوانییەکانی منداڵانی گوندەکەیاندا بەسەربردووەو هەر لەوێش دەستی بە خوێندنی قوتابخانە کردووەو تەنها تا شەشی سەرەتایی خوێندوویەتی.
پاشان بە کرێکاریو کەسابەتەوە خەریك بووەو هەر زوو شانی لەبەر کوێرەوەرییەکانی ژیان ناوە، بەڵام کاکە موختار بە باوەڕ و ورەوە رووبەڕووی سەختیەکان وەستاوەتەوە، چونکە ئەو هەر لە ساڵی ١٩٨٩)ەوە وەك لاوێکی ئیسلامخواز دەردەکەویو وەك موسڵمانێکی مولتەزیم دەناسریو بە پێی تواناش هەوڵی خۆڕۆشنبیرکردنو شارەزابوون لە ئیسلام دەدات، کاك موختار لەگەڵ راپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلامو پاشان لە هێزی (شەهید عومەر) درێژە بە خەباتو خزمەتی پێشمەرگایەتی دەداو دەبێتە جێی متمانەو رێزی زۆری هاوسەنگەرانیو بە دڵسۆزییەوە ئەرکو فەرمانەکان رادەپەڕێنیّ ، لە گردەنازیو قەدەفەریو هەر شوێنێکی کە پێویستی کردبیّ ، لەویّ ئامادە بووە بۆ بەرگریکردن لە پەیامو رێبازەکەیو خزمەتی ئاینو گەلو نیشتمانو یەکجاریش لەو پێناوەدا بریندار بووە.
کاکە موختار لەگەڵ خەڵكو دۆستو هاوسەنگەرانیدا کەسێکی کراوەو خۆش خولقو بەڕێز بووەو بە هیوایەکی زۆرەوە لە خزمەتی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانو میللەتەکەیدا بووە.
سەرەنجام کاکە موختاری پێشمەرگەی خواویستو دلێری ئیسلام، لە پێناوی بیروباوەڕو رێبازەکەیداو لە رۆژی (١٩٩٤/٤/٢٧)لە گوندی قەدەفەری ناوچەی شارەزوور شەهید دەبێتو بە یەکجاری خواحافیزی لە خزمو کەسوکارو هاوسەنگەرانی کردو گیانی پاکی لە پێناوی خوادا بەخشی، پاشان تەرمەپاکەکەشی لە گۆڕستانی گوندی (خەرپانی) زێدی لەدایکبوونی بەخاك سپێردرا.
شەهید موختار حەمەلاو ئیبراهیم ساڵی ١٩٩٠ ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو دوای خۆی دوو کوڕو کچێکی بە ناوەکانی (رابەر، جیهاد، بەنان) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێهێشتوون.

# شەهیدی فەرماندە مەحمود ئەحمەد موحەممەد ناسراو بە: مەحمود قادر پاڵەوان[٧]



ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی (سەراو)ی ناوچەی نەورۆڵی سەر بە شاری هەڵەبجەی ئیسلامپەروەر لەدایك بووە، هەر لە منداڵییەوە لە سۆزو میهرەبانیو خۆشەویستیی دایكو باوكی بێبەش بووەو دوور لە ئامێزی گەرمی ئەوان زەردەخەنەكانی منداڵیو كڕوكاڵەكانی بێناز ماونەتەوە، هەر ئەمەش بووە بە هۆی ئەوەی نەچێتە قوتابخانە، بەڵكو ناچار بووە شان وەبەر سەختیو ئاستەنگەكانو باری قورسی هەژاریو نەداری بدات، كاتێك كاك مەحمود دەكەوێتە سەر پێو تەسلیمی سەختیەكان نابێ، بەهۆی زیرەكیو تواناو لێبڕانی خۆیەوەو خولیاو هەوڵدانی بەردەوام فێری خوێندنەوەو نووسینی كوردیو عەرەبی دەبێت.

بەر لە كیمیابارانی هەڵەبجە كاك مەحمود دەچێتە ناو كاری ڕێكخراوەییو پەیوەندی بە یەكێك لە لایەنە سیاسیەكانەوە دەكات، دوای كیمیابارانی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی بەعسی خوێنخۆرەوە كاك مەحمود خۆیو خانەوادەكەی ئاوارەی دیوی كوردستانی ئێران دەبێو دوای نیشتەجێبوونی لەوێ وەرچەرخانێك لە ژیانو بیركردنەوەیدا ڕوودەداتو بە كاری ئیسلامیی ئاشنا دەبێو پەیوەندی بە ریزەكانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشووەوە دەكاتو لە هێزی (نەصر) دەبێتە پێشمەرگە، پاشان لەبەر لێهاتوویی دەكرێتە ئامركەرت، كاك مەحمود لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا زۆر بە وردەو باوەڕ بوو، پەیمانی بە خوا دابوو كە ئیتر لە پێناوی خوادا بژیو بمرێ، بۆیە دەیگوت: "ڕاوەستان مردنە بۆ موسڵمان، مردنیش شەرمەزارییە، شەرمەزاریش دۆڕانی دوارۆژی لەدوایە".

لە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی جەماوەری گەلی كوردستاندا كاك مەحمود هاوتای هاوسەنگەرانی بەشدارییەكی بەرچاو دەكاتو لە شارەزوورو دەربەندیخانو كەلارو كفریو ڕاونانی بەعسیەكاندا ڕۆڵی كارا دەبینێ.

دواتریش هەر هاوڕێی وەفاداری كاروانی ڕابوونی ئیسلامیی كوردستان دەبێو ساڵی ١٩٩٣ بە ئەركی سەرشانی هەڵدەستێو دەبێتە پەرژینی دەوری ڕەسەنایەتی.

ساڵی ١٩٩٤ لە كاتێكدا تەنها (٧٠) دیناری دەبێ، ئەویش بۆماڵو خانەوادەكەی بەجێدێڵێ و ڕوودەكاتەوە چیاو بە براو هاوسەنگەرانی پەیوەست دەبێتەوە.

دوای ئەوە بەهۆی لێهاتووییەوە بە جێگری فەرماندەی هێز هەڵدەبژێردرێ و لە راپەڕاندنی ئەرکەکانی پێشمەرگایەتیدا لە ناوچەکانی شرام‌و خورماڵ و سەیدصادق و شارەزووردا بەشداری دەکات‌و دڵسۆزانە ئەرک‌و فەرمانەکان رادەپەڕێنێ.

سەرەنجام لە رۆژی ١٩٩٤/٤/٢٧دا کاك مەحمودی پێشمەرگەی دڵسۆزی ئایین و گەل و نیشتمان ، دوای ئەوەی جارێك بریندار دەبێ و رازیش نابێ پشت بکاتە بەرەی رووبەڕووبوونەوەو بگەڕێتەوە دواوە بۆ تیمارکردن، هەروەها دوای پێکرانی بۆ جاری دووەم لەو کاتەدا بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگات و ماڵئاوایی لە خزم‌و کەسوکارو هاوسەنگەرانی و کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان دەکات‌و گیانی پاکی بەرەو قاپی میهرەبانی خودا دەگەڕێتەوە، پاشان تەرمەپاکەکەی لە گۆڕستانی (گوڵان) بەخاك دەسپێردرێت.

شەهیدی فەرماندە کاك مەحمود خێزاندار بووەو دوای خۆی شەش منداڵی بەناوەکانی (حکمەت، حەکیم،شلێر، موحەممەد، شەیما ، پێشەوا) بە دیاری‌و یادگاری بۆ ئیسلام‌و کۆمەڵی کوردەواری بەجێهێشتوون.

# شەهید: عەبدوڕڕەحیم عوسمان کەریم

# ناسراو بە: صوهەیب



ساڵی ١٩٧٣ لە شارۆچکەی سیروانی سەر بە قەزای هەڵەبجەی شەهیدو باوەشی خانەوادەیەکی سەر بە عەشیرەتی نەورۆڵی هاتۆتە دونیاوە.
ژیانی منداڵیی لە سیروانو هەڵەبجەی تازە بەسەربردووەو لە قوتابخانەی (سیروان)ی سەرەتایی تێکەڵاو نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی ناوەندیشیی لە قوتابخانەی ناوەندیی ئالان لە هەڵەبجەی تازە خوێندووەو لە ئامادەیی پیشەسازی وەرگیراوەو لەوێ درێژەی بە خوێدن داوە.
ساڵی ١٩٩١ پەیوەندیی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو لە ریزەکانی رێکخستندا رۆڵی خۆی لە خزمەتی کاروانی ئیسلامییدا دەبینێ، ساڵی ١٩٩٣ لە مەڵبەندی گەرمیانو لە دەربەندیخان دەبێتە پێشمەرگەو لێپرسراوانە ئەرکەکانی رادەپەڕێنێو جێگای خۆی لە دڵی هاوسەرنگەرانیدا دەکاتەوە.
شەهید صوهەیب لە ساڵی ١٩٩٣دا بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێو بە خۆڕاگرییو پشوودرێژییەوە رووبەڕووی کێشەو ئاستەنگەکانی بەردەم کاروانی رەسەنایەتی دەبێتەوە.
تا سەرەنجام کاك عەبدوڕڕەحمانی ناسراو بە (صوهەیب) پێشمەرگەی ئازاو کۆڵنەدەری ئیسلام لە پێناو پەیامو رێبازەکەیدا کە رێبازی راستەقینەی ژیانە ، لە مانگی (٥/١٩٩٤) لە گوندی شیرەمەڕی سەر بە ناحیەی خورماڵ شەهید دەبێتو بەرەو ژیانی راستەقینەو میهرەبانیی خودا دەگەڕێتەوە.

# شەهید: ناتق عزت عەبدولکەریم مستەفا



ساڵی ١٩٧٤ لە شاری هەڵەبجە چاوی بە ژیانو خەونو هیواکانی میللەتەکەی هەڵێناوە، بەشێکی ژیانی منداڵیی لە هەڵەبجە بەسەربردووەو پاشان خانەوادەکەیان ئاوارەی کوردستانی ئێران دەبنو لە ئۆردوگای (کامیاران) دەگیرسێنەوە.
قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (بێسارانی) خوێندووەو پاشان لە قوتابخانەی (هیجرەت) لە ئۆردوگای کامیاران درێژەی بە خوێندن داوە.
کاتێکیشماڵیان گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجە لە پەیمانگای (عەبدولعەزیز) بۆ زانستە شەرعییەکان قۆناغێکی نوێ لە خوێندن دەخوێنێو شارەزایی لە بەشێکی زانستە ئیسلامییەکاندا پەیدا دەکات، هەروەها لە مزگەوتی (شافیعی)یش وانە دەخوێنێ، نزیکەی (٢٠) جوزئی لە قورئانی پیرۆز لەبەرکردووە، لە بواری هونەرو سروودی ئیسلامیشدا خولیای خزمەتکردن دەبێت.
شەهید ناتق لە بواری کارو کەسابەتو باخەوانییشدا هاوکاریی خانەوادەکەیان دەکاتو زۆریش حەزی لە هاوکاریو بەدەمەوەچوونی نەدارانو خزمو هاوەڵانی دەبێت.
ساڵی ١٩٩٢ بە رەسمی دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلام و لە هێزی (یەك)ی هەڵەبجە دەوام دەکاتو دڵسۆزیو شارەزایی دەکاتە هەوێنی کارو چالاکیەکانی.
زستانی ١٩٩٣ بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێو بەسەختی لەگەڵ سەختیەکاندا دەکەوێتە ململانێ، تا سەرەنجام کاك ناتق عزەتی قوتابی سەنگەری زانستو پێشمەرگەی خەباتکاری ئیسلام ، لە رۆژی ١٩٩٤/٥/٥ لە هەڵەبجە دوای برینداربوونی لەگەڵ مامۆستا (سەیفەدین)و دەستەیەك لە هاوەڵانی گوللەباران دەکرێو بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو ماڵئاوایی لە خزمو کەسوکارو کاروانی رابوونی ئیسلامی کوردستان دەکاتو خەمی پەیامەکەی بە هاوسەنگەرانو رێبوارانی رێبازی رەسەنایەتی دەسپێرێ، پاشان تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی (شەهیدان) لە هەڵەبجە بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: کەمال عەبدوڵڵا نادر کەریم



شەهید لە ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی (نەیجەڵە) لە بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی زەردۆیی لە سنووری هەڵەبجەی شەهید هاتۆتە دونیاوە، تەمەنی منداڵیی لە گوندەکەی خۆیانو (تلەوەرێ) بەسەردەباتو پۆلەکانی خوێندنی تا پێنجەمی سەرەتایی لە گوندی سازانی دراوسێ گوندیان تەواو دەکات، بە هۆی راگواستنی گوندەکەیان لە لایەن رژێمی بەعسەوە ماڵی شەهید دەچێتە کۆمەڵگەی زەمەقی نزیك هەڵەبجە، دیسان شەهید کەمال دەچێتەوە قوتابخانەو پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەواو دەکات، بەڵام وەك هەر لاوێکی تری ئەم کوردستانە بە تایبەتی لاوەکانی هەڵەبجە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان ناتوانێ درێژە بە خوێندن بداتو ژیانی لاوێتیی لە کرێکاریدا بەسەر دەبات، هاوکات کاریگەریی رابوونی ئیسلامییو پایەندیی بنەماڵەکەیان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، پابەندبوونی شەهید بە ئیسلامەوە پتەوتر دەکاتو لە ساڵی ١٩٨٥ لە مزگەوتی (عومەری فاروق) لە هەڵەبجە دەبێتە قوتابی مامۆستا (صادق شێخ عوسمان).

هەر لە ساڵی ١٩٨٥دا ژیانی هاوسەریی دەستپێدەکاتو بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خانەوادەکەی دەست دەکات بە کاری کشتوکاڵو ئاژەڵداریی.

لەگەڵ جۆشو خرۆش پێدانی زیاتری کاروانی رابوونی ئیسلامیی لە کوردستان بە گشتیو ناوچەی هەڵەبجە بەتایبەتی، کاکە کەمال زیاتر شارەزای کارو جموجوڵی ئیسلامیی دەبێتو هەر لە ساڵی (١٩٨٦)ەوە پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو دەبێتە هاورێی کاروانی نوورو لەگەڵ ئیسلامخوازاندا شەو و رۆژ دەکاتەوە، لە بەرامبەر ستەمی بەعسیەکاندا رقو تورەیی دایدەگرێو دانیشتن لە ژێر سایەی شوومی ئەو رژێمە نەگریسەدا رەتدەکاتەوە، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٨دا بڕیاری دێتە سەر ئەوەی رێگای پڕ لە شکۆمەندی هیجرەتو جیهاد بگرێتەبەرو لە هێزی (نەصر) دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلام، لە تیپی (٥٦)ی شێخ مەحموددا درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەداتو لەگەڵ بەردەوامبوونی خزمەتو دەوامدا دەگوازێتەوە بۆ تیپی (٥٧)ی غەزالیو وەك فەرماندەی کەرت ئەرکەکانی خۆی دڵسۆزانە جێبەجێ دەکات.

شەهید لە سەرجەم کاتە سەختەکاندا ئامادەبووەو رۆڵی کاریگەری دیوە، بە تایبەتی لە راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداریٔ شەڕەکانی کەلارو کفری دەکاتو لە

دژی حزبی بەعسی رووخاو دەجەنگێت‌و رقی پیرۆزی خۆی بەسەر ئەو رژێمە نەگریس‌و خوێنمژەدا دەبارێنی، دواتریش هەمیشە وەك پێشمەرگەیەکی ئیسلام بە ئامادەیی تەواوەوە لە خزمەتی ئایین‌و گەل‌و نیشتمانەکەیدا دەبێت‌و درێژە بە دەوامی پێشمەرگایەتی دەدات، ساڵی ۱۹۹۳و ۱۹۹٤ بە ئەرکەکانی سەرشانی خۆی لە بەرامبەر رێبازو بیروباوەڕەکەیدا هەڵدەستێ‌و دڵسۆزانە فەرمانەکان جێبەجێ دەکات، تا سەرەنجام کاك کەمال عەبدوڵلای پێشمەرگەی بە ئەزموون‌و قارەمانی رۆژە سەختەکان ، لە رۆژی ۱۹۹٤/٥/٥دا لەگەڵ مامۆستا سەیفەدین‌و پۆلێك پێشمەرگەی تردا لە هەڵەبجە شەهید دەکرێ‌و دەگاتە ترۆپکی سەروەریی‌و ماڵئاوایی یەکجاری لە دونیای فانی‌و خزم‌و کەسوکارو هاوڕێ‌و هاوسەنگەرانی دەکات‌و بەرەو ژیانی هەمیشەیی‌و سەرفرازیی راستەقینە دەگەڕێتەوە، پاشان تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی (گولآنی سەروو) بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید کەمال خێزاندار بووەو دوای شەهیدبوونی کوڕێك‌و سێ کچی بە ناوەکانی (پێشەوا، پەیمان، بەناز، ئیمان) بە دیاری‌و یادگاری بۆ کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان جێدێڵێ ، مەخابن کاکە پێشەوای کوڕیشی دوای تەواوکردنی شەشەمی ئامادەیی، بەهۆی نەخۆشی و ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەوە، لە ساڵی ۲۰۰٥دا لە ژێر نەشتەرگەریدا گیانی دەسپێرێ و رووحی پاکی دەستەملانی گیانی پاکی باوکی شەهیدی دەبێتەوە.

# شەهید: نەبەز حسێن موحەممەد عەلی
## ناسراو بە: کاروان



ساڵی ١٩٦٨ لە شاری سلێمانی هاتۆتە دونیاودو ژیانی منداڵییشی لەوێ بەسەربردووەو دواتر نراوەتە بەر خوێندنو تا قۆناغی ناوەندی تەواوکردووە، بەڵام لەوەزیاتر بواری درێژەپێدانی خوێندنی نامێنێ.

هەر لە منداڵییەوە خولیای قورئان خوێندن بووە، قوتابییەکی گوێڕایەڵو لەسەرخۆ بووە، پاشان ماڵی باوکیان دەچێتە بەغداو دەستەملانی ژیانی غەریبایەتی دەبێت، هەر لەوێ ناوی بۆ سەربازی دەگەڕێتەوە، بەڵام کاک نەبەزی ناسراو بە (کاروان) تەسلیمی ئیرادەی رژێمی شەڕانگێزی بەعس نابێتو حاشا لە سایەی شوومی بەعس دەکاتو فیرار دەکاتو یەکسەر دەڕواتە ناوچەی قەرەداغو لە گوندی (جەعفەران) نیشتەجێ دەبێ.

کاتێك لە ساڵانی (١٩٨٦ بۆ ١٩٨٧) چەند مەفرەزەیەکی هێزی (فاروق)ی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی کوردستان کە ئەوکاتە باڵی سەربازی بە ناوی لەشکری قورئانەوە بوو، دەچێتە قەرەداغ کاکە نەبەز پەیوەندییان پێوە دەکاتو هەر لەوێش نازناوی (کاروان) وەردەگرێت.


دوای دوو ساڵ مانەوەی لە قەرەداغ و شاڵاوی بەناو ئەنفالەکان بۆ سەر ئەو ناوچانە کاک کاروان بە کاری تایبەتیو نهێنی دەگەڕێتەوە ناو شاری سلێمانی.

لەگەڵ راپەڕینی ئازاری ١٩٩١یشدا کاک کاروان هەلی بەگژداچوونەوەی رژێمی ستەمکاری بەعسی بۆ دێتە پێشو قۆڵی بەردنگاری لێهەڵدەماڵێو لە کەرەکی خەباتو لە فولکەی دەستارەکە لەگەڵ خەباتی برایدا پەلاماری چەند بەعسیەك دەداتو لە ئاکامدا ئاربیجییەك و دوو کلاشینکۆفی دەست دەکەوێت، بەم شێوەیە بە گڕی حەماسەی ئیسلامخوازانەی خۆی بەردەبێتە گیانی بەعسیە خوێن خۆرەکان.

دواتر شەهید نەبەز لە هێزی سلێمانی درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەداتو لە ئاکامی دڵسۆزیو رەوشتە بەرزەکانییەوە پلەکانی پێشمەرگایەتی تا سەرتیپی دەبڕێو جێی شایستەی خۆی لە دڵی هاوسەنگەرانیدا دەکاتەوە.

ساڵی ١٩٩٣ دەبێتە پەرزینی دەوری بیروباوەڕەکەی، ساڵی ١٩٩٤ دەبێتەوە هەڵۆی بەرزەفڕی ملەخوردو قارەمانی رەوەزەکانی وشکەناو لە ناوچەی هەورامان، تا سەرەنجام کاکە نەبەزی سەودا سەری ئیسلامو دڵسۆزی ئایینو گەلو نیشتمانو کوڕی گەورەی ماڵ لە ١٩٩٤/٥/١٢ لە وشکەناو لەگەڵ دوو برای تر بە ناوەکانی (کاك کاوەو کاك ئوسامە) دەگاتە کاروانی شەهیدان، پاشان تەرمەپاکەکەی لە گۆڕستانی گوندی (یالانپێ)ی سەر بە شارۆچکەی خورماڵ بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: خالید سەعید خدر پیرۆت[7]
# ناسراو بە: مەلا ئەگرەم



ساڵی ١٩٦٨ لە شاری سلێمانیو لە ئامێزی خانەوادەیەکی سەر بە عەشیرەتی ژاژڵەیی هاتۆتە دونیاوە، ژیانی پڕ لە بەرائەتی منداڵییشی تێکەڵاوی دیمەنە رەنگینەکانی گۆیژەو ئەزمەڕو هەناسە پڕ لە حەماسەکانی شاری هەڵەمەتو قوربانی کردووە.

هەر لەوێش لە قوتابخانەی سەرەتایی (هەرەوەز) نراوەتە بەر خوێندنو دواتر لە ناوەندی (کاژاو) درێژەی بە خوێندن داوەو ئەویش وەکو هەزاران منداڵی بێنازی کورد بەهۆی بارودۆخی سیاسیو سەختی ژیانو گوزەران، نەیتوانیوە لەوە زیاتر درێژە بە خوێندن بداتو پێ بنێتە قۆناغی ئامادەییەوەو لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیاندا بە کارو کاسبیو دوکانداریییەوە خەریك دەبێت.

لەلایەکی تریشەوە بەهۆی نزیکی لە مامۆستا مەلا ئەحمەدی شەریعەو کۆمەڵێك لاوی ئیسلام خوازەوە ، زیاتر هۆگری مزگەوتو کاری ئیسلامیی دەبێتو لە ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکات.

کاك خالید سەعیدی ناسراو بە (مەلا ئەکرەم) لەگەڵ راپەڕینی ئازاری (١٩٩١)دا وێڕای بەشداریو بینینی رۆڵی خۆی لە بەگژداچوونەوەی رژێمی بەعس، پەیوەندیش بە هێزی پێشمەرگەی ئیسلامەوە دەکاتو لە هێزی سلێمانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتە دەبێتە پێشمەرگەو لە بارەگای سلێمانی درێژە بە دەوامی پێشمەرگایەتی دەدات.


شەهید مەلا ئەکرەم جگە لەوەی خولیای وەرزشی هەبوو، زۆریش حەزی بە تێکەڵاویو بواری کۆمەڵایەتی دەهات، لە بواری پێشمەرگایەتیشدا دڵسۆزانە ئەرکەکانی رادەپەڕاندن.

شەهید مەلا ئەکرەم تا دەهات زیاتر دڵی بە خوداوە پەیوەست دەبوو، ئاواتی شەهیدی دەخواستو تەنانەت بەر لە شەهیدبوونی بە برایەکی هاوسەنگەری وتبوو: "ئەم قورئانە بۆ تۆ هەدیەبێ بەیانی من دەچمە خزمەت پێغەمبەرو هاوەڵانیو هەرچی لە دوای خۆم بەجێ دەمێنێ بۆ برا پێشمەرگەکان بێ".

تا سەرەنجام مەلا ئەکرەمی پێشمەرگەی خواویستو گیانفیدای ئیسلام لە رۆژی ١٩٩٤/٥/١٦ لە پێناو پەیامو رێبازەکەیدا لە گوندی (شیرەمەڕ)ی ناوچەی شارەزوور، لەگەڵ کاك ئەحمەدی مالیەدا شەهید دەبێت، دواتر تەرمە پاکەکەی دەبرێتەوە سلێمانیو لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەدی هیندی بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: ئەحمەد موحەممەد حەمە ساڵح[7]

# ناسراو بە: ئەحمەدی مالیە



ساڵی ١٩٦٤ لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەری سەر بە عەشیرەتی میراودەلی لە گوندی (کانی خاك)ی سەر بە ناحیەی سەنگاو هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵییشی لە ئامێزی گوندە خنجیلانەکەیاندا بەسەربردووە، دواتر لەلای باوکی دەستدەکات بە خوێندنی ئایینیو دەبێتە فەقێیەکی زیتەڵی حوجرەکەی کانی خاکی.

کاك ئەحمەد موحەممەد هەر لە منداڵییەوە کوڕێکی وریاو چاوکراوەی لێدەردەچێو هەست بە ئازارەکانی میللەتەکەی دەکاتو لەم سۆنگەیەشەوە دەچێتە ناو کاری رێکخراوەییو لە ساڵی (١٩٨٠ تا ١٩٨٦) لە ریزەکانی پارتیو یەکێتیدا کاردەکاتو بەشداری شۆڕشی رزگاریخوازی نەتەوەکەی دەکات.

لە دوای ساڵی (١٩٨٦) وەرچەرخانێك لە بیرو ئەندێشەی کاك (ئەحمەد)دا روودەداتو ئاسۆکانی تێڕوانینی بە رووی ئیسلامدا رۆشنتر دەبنەوە، هەر دوای ئەوە لە گەڕەکی شێخ عەباسی سلێمانی بە فیراری دەمێنێتەوەو بە کارو کاسبیی جۆراوجۆرو پەیداکردنی بژێوی ژیانەوە خەریك دەبێت.

لەگەڵ بەرپابوونی راپەڕینە شکۆدارو مەزنەکەی جەماوەری گەلی کوردستان لە ئازاری (١٩٩١)دا، کاك (ئەحمەد)یش بە رووی بەعسیەکاندا دەتەقێتەوەو بەشداری راپەڕین دەکاتو وەك ئەندامێکی رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو و پەیوەست بە هێزی (حەسەن بەننا)وە بە ئەرکی جوامێرانەی خۆی هەڵدەستێو لە رامالینی بەعسیەکانو رزگارکردنی خاکی کوردستاندا قۆڵی مەردانەی لێ هەڵدەماڵێ.

هەر لە ساڵی ١٩٩١ لە مەڵبەندی (٦)ی سلێمانی دەبێتە پێشمەرگەو چەکی ئیسلام دەکاتە شانو لەگەڵ کۆمەڵێك لاوی ئیسلامخوازدا، تیپێك پێکدەهێننو ئەو دەبێتە جێگری تیپەکە.

دواتر دەبێتە ئەندامی مەڵبەندو بە لێپرسراوی بەشی دارایی دیاری دەکرێو هەر لەمەشەوە بە (ئەحمەدی مالیە) دەناسرێ.

لە زستانی ١٩٩٣و ساڵی ١٩٩٤یشدا رۆڵی خۆی لە پاراستنی پەیامو رێبازەکەیدا دەبینێو دەبێتە پەرژینی دەوری رەسەنایەتی.

تا سەرەنجام ئەو پێشمەرگە مێرخاسو دڵ پڕ لە باوەڕو ئومێدەی ئیسلامو ئەم قارەمانە پێکراوەی ناو سەختیەکانی ژیانو ئەو تێکۆشەرە کۆڵنەدەرە، لە ١٦/٥/١٩٩٤ لە گوندی (شبێرەمەڕ)ی ناوچەی شارەزوور لە پێناو رێبازو

بیروباوەڕەکەیدا لەگەڵ کاك مەلا ئەکرەم دا شەهید دەبیٚو ماڵئاوایی لە ژیانی دونیاو خزمو هاوڕێو هاوسەنگەرانی دەکاتو پەیامەکەی بە ڕێبوارانی کاروانی ڕابوونی ئیسلامی کوردستانو دڵسۆزانی گەلو نیشتمان دەسپێرێ.

تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی گوندی (یالانپێ)ی نزیك خورماڵ ئەسپەردەی خاك دەکرێو دواتر دەگوازرێتەوە بۆ گۆڕستانی شێخ عەباس لە سلێمانی.

شەهید ئەحمەد موحەممەدی ناسراو بە ئەحمەدی مالیە لە ساڵی ١٩٨٦ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی دوو کوڕی بە ناوەکانی (موحەممەدو ئوسامە) کردوونە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کوردستان.

# شەهید: یاسین صاڵح کەریم
# ناسراو بە: یوسف



ساڵی ١٩٧٠ لە شاری هەڵەبجەی ئیسلامپەروەرو لە ئامێزی خانەوادەیەكی سەر بە عەشیرەتی (جاف) چاوی بە ژیانو باڵای بەرزی شنرویَ هەڵێناوە، ژیانی منداڵیشی هەر لە هەڵەبجە بەسەربردووەو بە كارەساتی بۆردومانی ئەو شارە بە ناپاڵم لە ساڵی (١٩٧٤) گوێی زرنگاوەتەوە، لە قوتابخانەی (شنرویَ) ی سەرەتایی نراوەتە بەر خوێندنو تەنها تا چواری سەرەتایی تەواو كردووە، دواتر بە كارو كەسابەتەوە خەریك دەبێتو وردە وردەش بە بانگەوازی ئیسلامیی كە لە دەڤەرەكەدا لە پەرەسەندندا دەبێت ئاشنا دەبیَو دەبێتە هۆگری كاری ئیسلامیی و لەگەڵ مزگەوتو لاوانی ئیسلامخوازی ئەو شارەدا دەستەملان دەبێت، دواجار كە بیروباوەڕی ئیسلامیی بە تەواوی لە دڵو دەروونیدا دەچەسپیَو كاریگەری گەورەی لە هەڵسوكەوتو بیرو تێڕوانینیدا بەسەردەوە دروست دەكاتو بەم هۆیەشەوە تێدەگات كە ناكریَ مرۆڤی موسڵمان لە ئاقار ئەو هەموو زوڵمو ستەمو بیَ دینییەی رژێمی نەگریسی بەعسدا دەستەودستان دانانیشیَ، بۆیە بڕیاری هیجرەتو پێشمەرگایەتی دەداتو ساڵی ١٩٨٨ دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلامو لە هێزی (سەلاحەدین) چەكی مەردایەتی دەكاتە شانو دڵسۆزانە ئەركو فەرمانەكان رادەپەڕێنیَ.
كاتێكیش جەماوەری ستەمدیدەی كوردستان بە رووی بەعسیەكاندا بوركانی راپەڕین دەتەقێننەوە، كاكە یاسین صالح جوامێرانە بەشداری راپەڕین دەكاتو رۆڵی خۆی تێدا دەگێڕیَو بە چاوی خۆی وەدیهێنانی خەونو هیواكانی دەبینیَ.
دوای راپەڕینیش شەهید یوسف هەر رێبوارێكی بە ئەمەكو دڵسۆزی رێگای رزگاریو نێو كاروانی رابوونی ئیسلامیی كوردستان دەبێتو لە ئاستەنگو ناڕەحەتیەكانی بەردەم كاروانەكەشدا بە ئەركی سەرشانی خۆی هەڵدەستیَو لە تەك هاوسەنگەرانیدا بە ئومێدی زۆرەوە لە ئاسۆی میللەتو كاروانی ئیسلامخوازان دەڕوانیَ، لەگەڵ هاوسەنگەرانیدا لە هێزی هەورامان ، ئەو دەڤەرە نووریاران دەكاتو پێشتریش لە مەڵبەندی سلێمانی هیواو پەرۆشو زەردەخەنەی دەبەشیەوە، تا سەرەنجام كاك یاسین صالحی ناسراو بە (یوسف) ئەو لاوە خواویستو قارەمانە لە رۆژی ١٩٩٤/٥/١٦ لە خورماڵ لەگەڵ كاك (صوهەیب)دا لە پێناوی پەیامو بیروباوەڕەكەیدا شەهید دەبیَو ماڵئاوایی لە خزمو كەسوكارو هاوریَو هاوسەنگەرانی دەكاتو دەگەڕێتەوە دونیای جاویدانی، پاشان تەرمەپاكەكەشی لە گۆڕستانی گوندی (ئەحمەد ئاوا) بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: عەلی موحەممەد جەلال
## ناسراو بە: عەلی جاف



ساڵی ١٩٧٢ لە بنەماڵەیەكی سەر بە عەشیرەتی جاف لە گوندی (عەینكە)ی سەنگاو لەدایك بووە، ژیانی منداڵیی لە سەنگاو بەسەربردووەو هەر لەوێش نراوەتە بەر خوێندنو نەیتوانیوە لە قۆناغەكانی تری خوێندن بەردەوام بێت، دواتر سەرەڕای سەرقاڵبوونی بە كارو كاسبیشەوە ماوەیەك لە سەنگاو لای مەلا ئەحمەدی كەتان چەند وانەیەكی ئایینی خوێندووە.

كاك عەلی جاف وەك هەر لاوێكی تری ئەم نیشتمانە زامدارە، پێبەپێ لە قۆناغەكانی نوێی ژیانیدا هەورازو نشێوی دێتە رێو بیری بەلای ئازادیو كاری رێكخراوەییدا دەچێ، بۆیە ماوەی سێ ساڵ لە ریزەكانی پارتیدا ئیش دەكات، كاتێكیش لە ئازاری ١٩٩١دا راپەڕینی جەماوەری بەرپا دەبێت بە دژی رژێمی بەعس، وێڕای بەشداریكردنی لە راپەڕیندا دەروازەیەكی نوێ بە رووی ژیانی سیاسیدا دەكاتەوەو پەیوەندی بە ریزەكانی هێزی پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوكاتەوە دەكاتو لە تیپی (٣١)ی گەرمیانو بنكەی شەرەفخانی هێزی كەركووك درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات ، ئەو كەسێكی كراوەو خەڵك دۆست بوو، شارەزایی لە وەستاییو شۆفێریدا هەبوو.

كاكە عەلی جاف وەك پێشمەرگەیەكی قارەمانو گیان لەسەردەستو خواویست، لە قۆناغەكانی كاروانی رابوونی ئیسلامیی كوردستانو سەختیو ئاستەنگەكاندا لە هەركام لە چەمچەماڵو شۆڕشو هەڵەبجەو شیرەمەڕ ، رۆڵی خۆی دەبینێو دڵسۆزانە ئەركەكانی رادەپەڕێنێ.

هەر بە هۆی ئەم لێهاتوویيو دڵسۆزیەشەوە دەكرێتە مەسئولی عەسكەری هێزی كەركووكو هەموو تواناكانی خۆی لە پێناو باشتر جێبەجێكردنی ئەركی سەرشانیو خزمەتی ئایینو گەلو نیشتماندا دەخاتە كارو بە ورەو باوەڕێكی قوڵەوە هەنگاو دەنێ.

كاك عەلی جاف بە هەفتەیەك بەر لە شەهیدبوونی نامەیەك بۆ خێزانەكەی كە ساڵی (١٩٨٩) ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پێكهێنابوو دەنووسێو هەروەها بەر لە شەهیدبوونی گەردن ئازادیی لەگەڵ هاوڕێو هاوسەنگەرانیدا دەكاتو دەڵێت: (سەفەری یەكجاری من زۆر نزیكە).

تـا سـەرەنجام کاکـە عـەلی جـافی پێـشمەرگەی قارەمـانی ئیـسلامو لاوی خواویـستو فیداکار ، لە (٢٤-١٩٩٤/٥/٢٥) لە گوندی شیرەمەڕی سەر بە ناحیەی خورمـاڵ لـە پێناو ڕێبازو بیروباوەڕەکەیدا شەهید بوو و ماڵئاوایی لە کوردستانو کاروانی ڕابوونی ئیـسلامیو خـزمو عـەزیزانی کـردو تەرمـە پاکەکەشـی لـە گۆڕسـتانی گونـدی (ئەحمەدئاوا) بەخاك سپێردرا.

# شەهید: لەتیف حەمە ساڵح عەبدولقادر
## ناسراو بە: مەلا لەتیف



ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی (مۆردین)ی سەر بە شاری هەڵەبجەی ئیسلامپەروەر هاتۆتە دونیاوە، هەر لە سەرەتای ژیانی منداڵییەوە ئاشنای مزگەوتو شەیدای قورئانی پیرۆز بووە، هەر بۆیە لە گوندەكەی خۆیان ماوەیەك لای مامۆستا (مەلا كەریمی مۆردین) خوێندوویەتی.

لە پێناو دابینكردنی بژێوی ژیاندا سەرقاڵی كارو كاسبی دەبێ، هەر لەو پێناوەشدا وەك فەرمانبەر لە فەرمانگەی كارەبا دادەمەزرێ.

كاك مەلا لەتیف تا دەهات زیاتر چاوی بە بانگەوازی خواییو ئەو بێداریە ئیسلامییەی دەڤەرەكەی گرتبووەوە رۆشن دەبێتەوە، كاریگەری چەند مامۆستایەكو لەسەرو هەمووشیانە جەنابی (مامۆستا مەلا عوسمانی) رەحمەتی بەسەرەوە دەبێت بۆ پەیوەستبوون بە كاروانی ئیسلامخوازانەوە.

كاكە لەتیف حەمە صاڵحی ناسراو بە (مەلا لەتیف) رۆژ لە دوای رۆژ خۆشەویستیی خواو شەریعەتەكەیو دڵسۆزی بۆ گەلە موسڵمانە ستەمدیدەكەی لە دڵدا دەچەسپێ، هەر ئەمەش وای لێدەكات ببێتە مرۆڤێكی تێكۆشەرو كەسێكی چالاكو خەمخۆری ئایینو گەلو نیشتمانو ئەمەشی لە مەیدانی كردەوەدا سەلماندووە، ئەوەبوو رۆژی ١٩٨٧/٥/١٦ لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر لە دانیشتووانی تێكۆشەری شاری هەڵەبجەو هەورامانو شارەزووردا رێگای هیجرەتو جیهادی گرتەبەرو وەك پێشمەرگەیەك لە پێشمەرگە قارەمانەكانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو چەكی پێشمەرگایەتی كردەشانو شانیدایە بەر زەحمەتو نارەحەتیەكانی هیجرەتو جیهاد، حاشای لە سایەی شوومی حزبی بەعسی عەفلەقی كردو لە پێناو ئازادیدا كەوتە تێكۆشان، هەمیشە بە ئاواتەوەبوو سەربەرزانە بگەڕێتەوە زێدی نیشتمانو سەركەوتنی گەلو نەتەوەكەیو شكستی ستەمكاران بە چاوی خۆی ببینێت.

سەرەنجام راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی جەماوەری گەلی كوردستان ئەم ئاواتەی كاك (مەلا لەتیف)ی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

كاك (مەلا لەتیف)یش وەك پێشمەرگەیەكی قارەمانی ئیسلام ، شەرەفی بەشداریكردنی ئەم راپەڕینە مەزنەی پێبڕاو رۆڵی خۆی تێدا بینی، دوای ئەوەش لەگەڵ قۆناغەكانی كاروانی رابوونی ئیسلامیی كوردستاندا هەنگاوی دەناو پەرژینی

دەوری رەسەنایەتیو بەها بالآکانی کۆمەڵی کوردەواری بوو، لە هەر شوێنێك پێویست بایە لەوێ بوو، بە دڵسۆزییەوە ئەرکەکانی رادەپەڕاند.

تا سەرەنجام کاك مەلا لەتیفی پێشمەرگەی قارەمانو بە ئەزموونی ئیسلامو خاراوی ناو سەختیەکان ، لە پێناو پەیامو رێبازەکەیداو لە رۆژی ١٩٩٤/٥/٢٨ لە گوندی (تەپی سەفا)ی دەشتی شارەزوور شەهید بوو و ماڵئاوایی لە کەسوکارو هاوسەنگەرانو کاروانی رابوونی ئیسلامی کوردستان کردو پەیامەکەی بە هاوڕێو هاوسەنگەرانی ئەمەکداری رێبازی خودا سپارد، پاشان تەرمەپاکەکەشی لە گۆڕستانی کۆمەڵگای (زەمەقی) بەخاك سپێردرا.

شەهید مەلا لەتیف ساڵی ١٩٧٧ خێزانی پێکهێناوەو دوای خۆی چوار کوڕو دوو کچی بە ناوەکانی (رزگار، نزار، ئازاد، ئاوات، مونیرە، مەریەم) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێهێشتوون.



# شەهید: جەلیل کەریم فەتاح



ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی (زەمەقی خواروو)ی سەر بە شاری هەڵەبجەی شەهیدو ئیسلامپەروەر هاتۆتە دونیاوەو ژیانی منداڵییشی هەر لەوێ بەسەربردووە، لە قوتابخانەی زەمەقی خواروو نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە، پاشان لە ناوەندیی (مەولەوی) درێژەی بەخوێندن داوەو تا پۆلی دووەمی خوێندووە.

کاك جەلیل لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیاندا خەریکی کارو کەسابەت دەبێتو وەك شۆفێرێکی کارامە کاری شۆفێری دەکات.

کاك جەلیل هەر لە سەرەتای منداڵیو رۆژانی ژیانی لە ئامێزی گوندەکەیاندا هۆگری خواناسیو خواپەرستی دەبێو دەبێتە هاوڕێیی مزگەوتو لاوانی ئیسلامخواز.

ساڵی ١٩٩١و لەگەڵ راپەڕینی جەماوەری گەلی کوردستاندا پەیوەندی بە ریزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەوە دەکاتو چەکی ئیسلام دەکاتە شان.

لەگەڵ هاوسەنگەرانیدا درێژە بە خەباتو تێکۆشانی ئیسلامخوازانەی خۆی دەداتو دەیەوێ میللەتەکەی بە رێبازی راستەقینەی ژیاندا کە شەریعەتی ئیسلامیو بەرنامەی خوای پەروەردگارە، بگەیەنێتە کەناری ئارامیو بەختیاری دونیاو دوارۆژی بۆ دەستەبەربێ.

کاك جەلیل لە درێژەی خەباتی پێشمەرگایەتیدا لە رێکخراوی هەڵەبجەی تازەش رۆڵی خۆی دەبینێو جێدەستی دیار دەبێ.

تا سەرەنجام کاك جەلیلی پێشمەرگەو کادیری دڵسۆزی ئیسلامو لاوی خوێنگەرمو کارامە ، لە رۆژی (١٩٩٤/٦/٥) لە (سەراوی سوبحان ئاغا) دوای بەدیلگیرانی رەمی دەکرێو گیانی خۆی دەکاتە قوربانی لە پێناو ئایینو بیروباوەڕەکەیداو پاشان تەرمەپاکەکەی لە گۆڕستانی (زەڕایەن) بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید جەلیل کەریم ساڵی ١٩٩٠ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی تەنها یەك کوڕی بە ناوی (هاوکار) بە دیاریو یادگاری جێهێشتووە.

# شەهیدی زاناو رۆشنبیر، موحەممەد بابەکر فەقێ ئیسماعیل
# ناسراو بە: مامۆستا موحەممەد کرێکار



قەڵەم پێ راناگات پەرژینی گوڵە وشە لە دەوری تریفەی هیچ ئەستێرەیەکی ترۆپکی سەروەریی هەڵچنێ، کە هەر کامیان ئاسۆی کوردەواریی دەکەنە چراخان.. بە تایبەتی ئەگەر ئەو ئەستێرەیە وەکو مانگ خەرمانەی دابێتو شوێنە هەرە لا تەریكو دوورەکانی رووناك کردبنەوە.

یادکردنەوەو ناوهێنانی هەست و هۆش دادەگرێ و دەرەقەتی نایە.

سەرجەم مێرد منداڵو لاو و پیرانی خواناسی دۆڵی شارویو بیتوێنو پشدەر، لە بیریانە چۆن ئەو لاوە خوێنگەرمە لە خواترسە، لە پڕ دەهاتە نێویان، کۆمەڵ کۆمەڵ لاوان وەکو پەپوولەی عاشق لێی دەهاڵانو هەموو لەشیان بۆ دەرسو موحازەرەو قسە خۆشەکانی، کە ئیمانیان لێ دەباری، دەکردە گوێو بە پێشەنگو سەرمەشقی خۆیان دەزانی...

هەر لە یەکەم دیداردا، خۆشەویستییەکەی لە دڵ دەچەسپاو وەکو ناسیاوێکی کۆنو ئازیز رەفتاری دەکرد، کە دەشکەوتە قسە لە ناخی دڵەروونەکەیەوە دەدواو گوفتارە شیرینەکانی دەکەوتنە ئامێزی دڵی گوێگرەکانی...

بزەی بەردەوامی سەر لێوانی، بە ئاشکرا دیاربوو رەنگدانەوەی تریفەی باوەڕە قووڵەکەی نێو دڵە گەورەکەیەتیو یەك دونیا سەفاو سەر راستیی لێ دەکەوێتەوەو دەبووە قوڵپی سۆزو خۆشەویستی...

بروسکە ئاسا، لە نێو رانیەدا حەجمینی نەبوو، وەکو پەلکە زێڕینە ئەو ناوەی رەنگباران دەکردو وەکو بارانی پەڵە هەرجارەی سەرو سیمای لوتکەو مەزرایەکی دەشردو بنارێکی پاراو دەکرد...

سروشتی پاكو سافو ساردو گەرمیو سەختیی لادێ، کە لە گوفتارو رەفتاریدا رەنگی دەدایەوە، کردبوویە کوڕێکی ماندوویی نەناسی بێ وچان... دەتگوت هەرچی ئەرکی رابوونی ئیسلامیی کوردستانە لەسەرشانی ئەوەو هەرچی وزەو توانای هەبوو بۆ تێگەیاندنو پێگەیاندنی رۆڵەکانی میللەتەکەیو قووڵکردنی رەگی ئیمانو خواناسی لە دڵو دەروونیاندا تەرخان کردبوو... ئێستاش دەرو دیواری مزگەوتی (ناجیەخان)و هەموو بازاڕو کوچەو کۆڵانو گەڕەکی رانیە، بۆنو دەنگو رەنگی ئەو کەڵە پیاوەی لێ دێتو لە هەموو شوێنێکی لەبەرچاومانەو بە گزنگی بزە شیرینەکەی نووربارانمان دەکات...

ئەو کانیە زوڵاڵەی نوورو رووناکیو سەر راستیی، ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی رازاوەی (گوڵان)ی دۆڵی شارویی سەر بە رانیە هەڵقوڵیو چاو و دڵی بنەماڵەو کەسوکاری روونکردەوە...

لە گوندەکەی خۆیان چۆتە قوتابخانەو هاوکات لەگەڵ خوێندنی قوتابخانەدا لە مزگەوتیش خوێندوویەتی، هەر لەو کاتەوەی کە وەك لاوێکی موسڵمان دەرکەوتووەو رووبەڕووی دژایەتیو ئازاردانی لا رێ بووان بۆتەوە.، هەر لە سەرەتای لاوییەوە خۆشەویستیی خواو مشوورخۆریی چەوساوانی کوردەواری، حەجمینی لێ هەڵگرتووەو بەو پەڕی چالاکییەوە لە هەڵسووڕانو چالاکیی ئیسلامخوازیدا کاریکردووە، لەبەر ئەوە نەیتوانیوە چیدی لە گوندەکەی خۆیان بمێنێتەوەو لە دوای فشارو ئازاردانێکی زۆر، لە ساڵی ١٩٨١ روودەکاتە شاری رانیەو بە تێکەڵاوبوونو پێوەندیکردن بە رێکخستنی ئیسلامییەوە، وزەو توانای چەندقات زیاد دەکاتو دەچێتە قۆناغێکی تازەی ژیانەوەو لە ساڵی ١٩٨٣دا پەیوەندی بە ریزەکانی (برایانی موسڵمان)ەوە دەکات، لە سۆنگەی هەستی شۆڕشگێڕیو عیززەتمەندییەوە لە دۆزەخی سۆشیالیزمی عەفلەقیدا هەڵناکاتو لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ بەشەکوردستانی سەر بە ئێران کۆچ دەکاتو لە گوندی (شوێ)ی سەر بە شاری بانە دەگیرسێتەوە، سەرلەنوێ لەوێ دەست بە خوێندن دەکاتەوە، پاش تەواوکردنی خوێندنی زانستە شەرعییەکان ، ئیجازەی خوێندنی ئایینی لەسەر دەستی مامۆستا مەلا ئەحمەدی بیارەیی وەردەگرێتوهەر لەو کاتەدا زیاتر لە (٢٥) جوزئی قورئانی پیرۆز لەبەردەکات، جگە لە ژمارەیەکی زۆری فەرموودە بە پێزەکانی پێغەمبەری سەروەرﷺ، ماوەیەکیش لە گوندەکانی (شوێ)و (خواجامیری) مەلایەتی کردووە.

دوای راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ دەگەڕێتەوە نێو باوەشی ئازادیی لە کوردستانو جێی شیاوی خۆی دەدۆزێتەوە، لە نێو رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتدا لە سنووری مەڵبەندی سێی رانیە دەست بە تێکۆشانو کاری بانگەواز دەکات، لەبەر سەر راستیو لێهاتوویی دەکرێتە ئەندامی مەکتەبی رێکخستنو بەوپەڕی چووستو چالاکیو لێبڕان کارەکانی ئەنجام دەداتو لە سەختیەکانیشدا گیانبەخشانە رۆڵی خۆی دەبینێ.

لە دوای زستانی ١٩٩٣ شەهید مامۆستا موحەممەد کرێکار بە هەمان گەرمو گوڕیی جارانەوە دەستدەکاتەوە بە کاری رێکخستنو پێشمەرگایەتیو تینو تاوی گەشبینی لە

نێو ریزەکانی ئەندامو پێشمەرگەکانی ئیسلامدا دەبووژاندەوەو هەموو ماندووبوونو نائومێدییەکی دەبەزاند، هەر بۆیە لە سالارەو دارەشمانە تێکەڵاوی ئاپۆڕای هاوسەنگەرانی دەبێتەوە.

شەهید مامۆستا موحەممەد کرێکاری بانگەوازکارو کادیرو پێشمەرگە کە لە ئازایەتیو دلێریو بوێریشدا کەم وێنە بوو، شەهیدبوونی لە پێناوی خواو چەوساواندا بە ئاواتی هەرە بەرزی دەزانیو هەمیشە دەیویست مۆمێك بێت لە پێناوی راستیو رەسەنایەتیدا بتوێتەوەو رێگای گەلەکەی بە نووری ئیسلام رۆشن بکاتەوە.

سەرەنجام ئەم رێبوارە سەر راستو هەگبە پڕ لە دڵسۆزییو زانستو مەعریفەیە ، لە رۆژی ١٩٩٤/٦/٧ لەگەڵ پۆلێك لە پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی ئیسلام لە قەڵادزێ گەیشتە سەر ترۆپکی سەروەرییو بەرەو ژیانی هەمیشەییو بارەگای خوای میهرەبانو دلۆڤان گەڕایەوەو توێشووی خەونو هیواکانی بە رێبوارانی رێبازی ئیسلامیی هەوێنی سەرفرازییو دڵسۆزانی ئایینو گەلو نیشتمان سپاردو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی (کێوەڕەش) بەخاك سپێردرا.

مامۆستا موحەممەد کرێکار کە لە ساڵی ١٩٨٠ خێزانی پێکەوەنابوو،دوای خۆی سێ کچو سێ کوڕی بە ناوەکانی (خوناو، خانزاد، خەرمان، خوبەیب، موجاهید، وریا) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێهێشتوون.



# شەهید عومەر ئەحمەد حوسێن
# ناسراو بە: عومەر بۆڵی



کوردستانم، هەموو گەروویەکی دەربەندەکەی بازیان و هەموو تەپۆلکەیەکی گردی سەیوان و هەموو تاشە بەردێکی هەر بەردە قارەمانە...
هەر خودا دەزانێ ئەو ئاسمانە شینەی نیشتمانم، بۆتە هەوارگەی چەند گیانی پاک و چەند قارەمانێتی و گیانبازیی لە بیلبیلەی چاویدا نەخشاندووە...
هەڵبەت هەر دەبێ واشبێ، ژان و ئاسۆری قووڵ، چارەسەری ریشەیی گەرەکە، مشوورخواردن و لێبڕانی لە ناخەوەی دەوێ...
ئاخر کام نیشتمان لەم سەرزەمینە پان و پۆڕەدا بە قەدەر کوردستانی من دڵی شەقار شەقارەو وەکو بەشە خێر بەسەر دەرو جیراندا بەشراوەتەوە؟! کام نەتەوە وەکو کورد دەلاقەی رووناکیی مێژووی لێ ئاخنراوەو لە پەراوێز خزێنراوەو بەبێ هیچ ئاڵای شەکاوە، ئاوا دیل و پرژو بڵاوە؟!



هەر لەسەر ئەوەشە رۆڵە بە هەستەکانی چاویان بەرایی نادات گەلە گورگی داگیرکەران بەربێتە نیشتمانیانو ئەوانیش دەست لەسەر دەست دانێن! ئەوەتا پۆل پۆل دەبنە قوربانیو لافاوی خوێن وەسەر دوژمنان دەگێڕنو کاروانی سووری خەبات، نەپساوە رادەگرن...

ئاخر پاراستنی رەسەنایەتی کوردانو بەرگرتنی شالاوی فەسادو لاڕێیی، ئارەقو خوێنی دەوێت، هەر دەبێ کوڕانی خواناسی بە ئەمەکی کوردەواریی شانی بدەنە بەرو لەو مەیدانەدا ببنە قەڵای سەختی لە.گیران نەهاتوو...

یەکێك لەو کوڕە جوامێرانەش، شەهیدی قارەمان، عومەر ئەحمەدی ناسراو بە (عومەر بۆڵی)یە.

شەهید عومەر بۆڵیساڵی ١٩٧٤ لە شارەدێی رازاوەی سەروچاوەی ئامێزی ماکۆکی سەرسەوزی گەردن کەش، لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەریی سەر بە عەشیرەتی (بۆڵی) چاوە گەشەکانی بە ژانو ناسۆری گەلە ستەمدیدەکەی هەڵێناوە، هێندەی دیکە بزەی خستۆتە سەر لێوی سەرچاوەو کانیاوە سازگارو روونەکانی...

هەر لە سەروچاوە نراوەتە بەر خوێندن، بەڵام مەخابن هەژارییو دەستکورتیی وەکو هەزاران منداڵە کوردی چەوساوەی دیکە، دەستی ئەویشیان بەستووەو نەیانهێشتووە لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی زیاتر درێژە بە خوێندن بداتو ناچار ملی لە کارو کاسبیو ئاژەڵداری ناوە، لەگەڵ ئەوەشدا ماوەیەك لای مەلا یوسف لە حوجرە خوێندوویەتی.

لەگەڵ راپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا دەچێتە نێو رێکخستنە دەستوەشێنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو دەبێتە قەڵبەزەیەکی توندی شەپۆلی راپەڕینی پیرۆزو زۆر مەردانە بەشداری لە پاککردنەوەی کۆیەو هەولێرو کەرکووکی خۆرە گیراوەکەی کوردستانو داستانی (پردێ)دا دەکاتو شێرانە دەستی تەمبێکردن لە بەعسیە ملهوڕەکان دەوەشێنێ، پاشان لە تیپی (٥٧)ی شەهید (عەبدوڵڵا عەززام)ی سەر بە

مەڵبەندی سێی رانیە دڵسۆزانە ئەرکە ئیسلامییەکانی رادەپەڕێنیو لە بارەگای تیپ لە حاجیاوا دەبێتە نموونەی پێشمەرگەی ئیسلام.

شەهید عومەر هەمیشە ئامادەی گیانبەخشین بوو لە پێناوی رێبازو بیروباوەڕەکەیداو قارەمانی رۆژە سەختەکان بوو، جارێك لەو پێناوەدا لە فێرگەی سەلاحەدین بریندار دەبێت، لە زستانی ١٩٩٣شدا بە ئەرکی ئیسلامییانەی خۆی هەڵدەستێ.

ساڵی ١٩٩٤ لە خەتی سالارەو پشتی قەڵادزێ وەك هەڵۆ بە دەوری دووندی سەروەرییەوە دەسووڕێتەوەو وەك پێشمەرگەیەکی چاپووكو گوێڕایەڵ درێژە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی دەدات.

شەهید چەند جارێك لای هاوسەنگەرانی وتوویەتی ئەگەر شەهیدبووم ئەم دێڕە هۆنراوەیە لەسەر قەبرەکەم بنووسن کە دەڵێ:

**تەرمی رۆڵەت هاتەوە دایە وەرە پێشوازیی**

**خەڵتانی خوێنە لاشەم لە ڕێگەی سەرفرازیی**

سەرەنجام کاك عومەر بۆڵی پێشمەرگەی ئەویندارِ رێبازی هەقیقەتو رەسەنایەتی کوردستان، لە رۆژی١٩٩٤/٦/٧ لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەی ماندوویی نەناسی هاوسەنگەریدا، سەرە پڕ لە سەودایەکەی خستە سەر سنگی لە خوێندا شەڵاڵی قەڵادزێو دوا ترپەی دڵە مەزنو پڕ لە باوەڕو ئومێدەکەی بوو بە چرپەی گوێی لەسەر هەستی ئەو شارە ئازیزەو گەیشتە کاروانی شەهیدانو ماڵئاوایی لە ژیانی کاتی دونیایی کردو بەرەو مەنزڵگای هەمیشەییو قاپی میهرەبانی خودا گەڕایەوەو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی شێخ وەفا لە سەرووچاوە بەخاك سپێردرا.

# شەهید: ساڵح ئەحمەد پیرۆت عەبدوڵڵا
# ناسراو بە: مەلا ساڵح



شەهیدی قارەمان‌و زانای موجاهید (مەلا سالّح) لە سالّی ١٩٥٤ لە گوندی (بایزاغا)ی پشدەر لە بنەمالّەیەکی ئایینپەروەر هاتۆتە دنیاوە، پاشان ژیانی منداڵی‌و سەرەتای فەقێیەتی لە گوندی سولّتانەدێ کە بنەمالّەکەیان لەوێ نیشتەجێ بووە، دەستپێکردووەو لەسەر دەستی باوکی کە مەلا بووە دەستیکردووە بە خوێندن‌و دواتر لە پێناو وەرگرتنی زانستەکاندا جگە لە سولّتانەدێ (سەنگەسەرو قەرەتەپەو چنارنەو شارستێن)و چەندان شوێنی تر گەڕاوەو دواتر ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.

لە سالّی ١٩٧٦ دا بە لوغم بریندار دەبێ‌و لاقی زیانی زۆری پێدەگات‌و بە تەواوی شوێنەواری ئەو زیانەی پێوەبەجێ دەمێنێ، بەڵام هەروەك‌و جاران لە راپەڕاندنی کاری ئیسلامییدا چالاك‌و گورج‌و گۆڵ دەبێت‌و سەرقالّی وریاکردنەوەی جەماوەر دەبێت، هەر ئەمەش وایکردووە لە چەندان شوێنی وەکو (دووکان) لە سالّی ١٩٨٥و گوندەکانی (یاران قۆز)و (یاران بەگ)ی سەر بە (سووسێ) مەلایەتی کردووەو جێدەستی لە تێگەیاندن‌و پێگەیاندنی جەماوەری چەوساوەی کوردەواریدا دیاربووە.

شەهید مەلا سالّح هەموو ئەو کارو چالاکیانەی بە هەستی ئیسلامپەروەریی‌و بەرپرسیاریی بە تەنیا ئەنجام دەدان، لە سەرەتای هەشتاکانیشەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامییدا بە گوڕو تینێکی تازەوە هاتە مەیدان‌و هەستی دەکرد لە نێو دەریای خرۆشانی لاوانی دڵگەرم‌و شۆرشگێڕی ئەم کاروانە جیهادیە ئیسلامیەدا بۆتە دەریایەکی مەندو پان‌و بەرین‌و هەموو ناوچە دێم‌و تینووەکانی کوردەواریی بوونەتە کەناری تامەزرۆو شەیدایی.


کاتێکیش بە تەواوی دەریای رقی لە بەرامبەر ستەم‌و زۆرداریەکانی رژێمی بەعسدا هەڵدەچێ، بڕیاری هیجرەت‌و پێشمەرگایەتی دەدات‌و لە سالّی ١٩٨٦دا لە ریزی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیدا دەبێتە پێشمەرگەو جگە لە کاری پێشمەرگایەتی لە بەشە کوردستانی سەر بە ئێرانیشدا لە چەند شوێنێکی وەکو سەردەشت‌و ئالّوەتان درێژە بە کاری بانگەواز دەدات‌و دواتر لە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی حەمزە لە قەلاّتووکان درێژە بە کارو خزمەتی پێشمەرگایەتی دەدات‌و هەرگیز ناتەواوی قاچی لەو هەموو سەروخوارو هەورازو نشێوەی ژیانی پێشمەرگایەتی نابێتە رێگر لە بەردەمیداو بە وەرەی پۆڵایین‌و حەماسەتی ئاگرینەوە ئەرکەکانی رادەپەڕێنێ.

لە راپەڕینە مەزنەکەی ئازاری ١٩٩١یشدا لەگەڵ پێشمەرگە قارەمانە هاوسەنگەرو هاورێبازەکانیدا رۆڵی قارەمانانەی هەبوو، لە رزگارکردنی کەرکوك‌و شارو

شارۆچكەكانی دیكەی كوردستاندا دەوری بەرچاوی گێڕاو دەستی لە دوژمنی داگیركەر وەشاندو لە پاراستنی دەستكەوتەكانی راپەڕینیشدا درێغی نەدەكردو بەردەوام بوو لە كاری بانگەوازو خزمەتی پێشمەرگایەتی لە سنووری مەڵبەندی سێی رانیە، ساڵی ١٩٩٣یش لە بەرامبەر رێبازو بیروباوەڕەكەیدا دڵسۆزانە بە ئەركی سەرشانی خۆی هەستا، پاشان لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٤ەوە هەر لە پێناو رێبازو بیروباوەڕەكەیدا لە سنووری قەڵادزێو سالارە درێژەی بە راپەڕاندنی ئەركەكانی سەرشانی خۆی وەك پێشمەرگەیەكی دڵسۆزو ئامادە دەدا، تا سەرەنجام مامۆستا مەلا ساڵحی زاناو تێكۆشەرو خاوەن ئەزموونو دڵ پڕ لە خۆشەویستیی خواو پێغەمبەرﷺ، هەر لە پێناو ئەو رێبازەدا كە بە رێبازی سەرفرازیو بەختەوەریی میللەتەكەی دەزانی لە رۆژی ١٩٩٤/٦/٧دا لە شاری قەڵادزێ لەگەڵ پۆلێك لە برا هاوسەنگەرە قارەمانەكانیدا گیانە پاكەكەی كردە قوربانیو چووە نێو ئاپۆڕای هەزار بە هەزاری شەهیدانی رێگای خواو چەوساوانو بووە ئەستێرەیەكی گەشی ترۆپكی سەروەرییو تەرمە پاكەكەشی لە گۆڕستانی (حاجیاوا) بە خاك سپێردرا.

شەهید مامۆستا مەلا ساڵح كە خێزاندار بووە ، دوای خۆی دوو كوڕو دوو كچی بە ناوەكانی (موسلیم، مەهدی، زەیتون، بوشرا) بە دیارییو یادگاری بۆ ئیسلامو كوردستان بەجێ هێشتوون.

# شەهید: ساڵح عەبدوڵڵا موحەممەد



لە ساڵی ١٩٧١ لە گەڕەکی بەرزانی شاری پێنجوێن لە ئامێزی بنەماڵەیەکی خواناسدا چاوی بە ژیان هەڵێناوە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی پێنجوێن‌و ئۆردوگای شانەدەری تەواوکردووە، بە هۆی ناهەمواریی ژیانی ئەو کاتەو رۆیشتنە دەرەوەی (مامۆستا مەلا موحەممەد رازی) برای بۆ مەیدانی جیهاد، نەیتوانیوە پەرە بە خوێندن بدات‌و هەر لەسەر دەستی مامۆستا موحەممەدی رازی‌و بە هۆی کاریگەریی ئەوەوە خۆشەویستیی خواو کاری ئیسلامیی‌و خەبات‌و تێکۆشانی لە دڵدا دەچەسپێ‌و لە سۆنگەی ئەمەشەوە ئەویش لە بەهاری ساڵی ١٩٨٧دا لەگەڵ چەند هاوەڵێکی تریدا هیجرەت دەکات‌و رێگای جیهاد دەگرێتەبەرو پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەری بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەو سەردەمەوە.

شەهید صالح لاوێکی ئارام‌و لەسەرخۆو بێدەنگ‌و گوێڕایەڵ بوو، زۆر رێزی دایك‌و باوك‌و کەسوکاری خۆی دەگرت، لە بەرامبەردا کەسێکی زۆر بەغیرەت‌و ئازاو چاونەترس بوو، شارەزایی لە یاریی کۆنفۆدا هەبوو، لە سەنگەر و مەیدانی رووبەڕووبوونەوەدا چاونەترس‌و ئازا بوو، هەرکات " شەهید مامۆستا جەمال ئەحمەد شارباژێڕی" بە مەفرەزە دەربچووایە، شەهید صالحی بە هۆی ئازایی‌و گوێڕایەڵییەوە لەگەڵ خۆیدا دەبرد،.

شەهید لە جەنگ‌و رووبەڕووبوونەوەکان لەگەڵ رژێمی بەعس هەر لە دەشتی شارەزوورو قەرەداغ‌و مەلەکان‌و کەرکوك‌و دەشتی هەولێرو باقی شوێنەکانی تردا، بەشداری کردووەو دەوری قارەمانانەی بینیوە بە شاهیدی ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون، شەهید لە هێزی (خالید)و تیپی (١١٤)و مەڵبەندی دووی هەورامانندا، لێبڕاوانە کارو چالاکیی کردووەو ئەنجامداوە، شەهید لە راپەڕینە مەزنەکەی گەلی کورد لە ئازاری ١٩٩١ دەوری کاریگەری بینیوە، کاتێ یەکەم دەستەی موجاهیدانی ئیسلام چووە معەسکەر خالید لە کەرکوك، شەهید صالح لەگەڵ شەهید مامۆستا جەمالدا لە نێو ئەم دەستەیەدا بوون و پێشەنگی هێزی پێشمەرگە بوون . شەهید صالح لە ١٩٩٤/٦/٨و لە کاتی پارێزگاریکردن لە ئیسلام‌و بیروباوەڕەکەیدا لە چیاکانی پشتی پێنجوێن لەگەڵ (مەلا موحەممەد ئەمینی ولاخ لوییی‌و کاك عەبدولباستی بانیشاری)دا شەهید دەبێت‌و بە ئاواتی خۆی دەگات کە هەمیشە ئاواتی شەهیدبوون بوو، گیانی پاکی بەرەو لای خودای پەروەردگار لە شەقەی باڵ دەدات، دواتر تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی (حاجی شێخ) ی پێنجوێنی بە خاك دەسپێردرێت.

# شەهید: عەبدولباست موحەممەد عەبدولقادر ناسراو بە: موسلیم




خەرمانەی مانگی رابوونی ئیسلامیی هەموو لایەکی کوردستانی گرتۆتەوە، شەبەقی داوەتە دوورترین گوندو شار، لە نێو دڵیاندا بۆتە تریفەی باوەڕ.
ناوچەی هەورامان لەو بوارەدا وەکو (سورێن و شنروێ) سەربەرزەو رەنگی ئیمانداریی و رەسەنایەتیی وەکو سەرچاوەکەی زەڵم قووڵە، کێ دەیزانی ئەو کۆرپە چاوگەشەی لە ساڵی ۱۹٦۹دا لە گوندی (بانیشار)ی نزیك خورماڵ دێتە دونیاوە، رۆژێك دێ ئەو ناوە نوورباران دەکات و دەبێتە سپێدەی ئاسۆ خوێناوییەکەی کوردستان؟!
شەهید عەبدولباست لە تەمەنی شەش ساڵییەوە لای باوکی و (خاتوو سارا)ی نەنکی دەستی بە خوێندنی قورئانی پیرۆزو دەرسە ئایینییەکانی دیکە کردووە، لە دوای ساڵێك چووەتە قوتابخانە، تا پۆلی سێیەمی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیانی خوێندووەو لە ساڵی ۱۹۷۹ کە گوندەکەیان وێران کرا ، لە کۆمەڵگای (شانەدەری) تا پۆلی سێیەمی ناوەندی تەواوکردووە، بەڵام فشارو زەبرو زەنگی بەعسییەکان نەیهێشت لەوە زیاتر درێژە بە خوێندن بدات.
کاك عەبدولباست هەر لە منداڵییەوە حەزی بە وەرزش بوو، تا سەرەنجام بە تایبەتی لە (کۆنگفۆو کاراتی) دا بوو بە مامۆستای وەرزش و وێڕای ئەوە بە گەرمی سەرقاڵی بانگکردنی خەڵك بوو بەرەو رێبازی بەختەوەریی مرۆڤو ئیسلامی هەوێنی رەسەنایەتیی گەلەکەی ، بۆ بەخشینی گوڕو تینی زیاتر بە هەڵسووڕان و کارەکانی، پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەو کاتەوە دەکا، دوای راپەڕینە بەعس رەتێنەکەی ئازاری ۱۹۹۱یش لەسەر لوتکەی جیهادەوە خۆی هاویشتە نێو ئاپۆڕەی پێشمەرگەکانی تیپی (۱۱٤) ی (عەلی کوڕی ئەبوتالیب) ی مەڵبەندی دووی هەورامان، بێ فیزیی و ئازایی و رووح سووکییەکەی کردبوویە خۆشەویستی هەموو برا پێشمەرگەکانی، هەر بۆیە کردیانە فەرماندەی کەرت، بەڵام ئەو قایل نەبوو، دەیویست هەر وەکو سەربازی ونی ئیسلام کار بکات و ئەو رێزو پایەی شایەنیەتی لای خوا وەربیگرێت.
شەهید عەبدولباست لە پێشدا مۆری ئازایەتی و بوێریی لە خۆیی و لە (شرام و خورماڵ و گردی گۆ)داو دواتر لە ناوچەی پێنجوێنیش ئەو مۆرە پڕ لە شانازییەی لە سینگی خۆی دا.

تا سەرەنجام لە رۆژی ١٩٩٤/٦/٨دا گەوەو لاپاڵو دوندەکانی شاخی (جنەیەر) ی ئە
دەڤەرە بەوپەڕی شانازییەوە بە خوێنە گەشەکەی روخساری خۆیان رەنگاندو ئەو کێو
لەسەر قەڵافەتی ئەو شێرە کورە ئیسلامییەوە هێندەی دی بەرزبووەوەو پاشا
تەرمەکەی لە گوندی (بانیشار) ی زێدی لەدایکبوونی بەخاك سپێردرا.

# شەهید: موحەممەد ئەمین قادر موحەممەد ئەمین

# ناسراو بە: مەلا ئەمین




ساڵی ١٩٥٣ لە شاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵییشی هەر لە ئامێزی ئەم شارەدا بەڕێكردووە، لە قوتابخانەی ئەیوبی نراوەتە بەر خوێندنو ماوەیەكیش لە حوجرەی مزگەوتی عەبدوڵلا لوتفی خوێندوویەتیو تا دێ زیاتر بەرچاوی ڕۆشنتر دەبێتەوەو بە پەیامی بانگەوازی زانایانی راستەقینەی ئیسلامیش گوێی دەزرنگێتەوەو چاكتر بە هەقیقەتی ئیسلام ئاشنا دەبێ ، لە دەرەنجامی ئەمەشەوە دێتە ناو كاری ئیسلامییەوە، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە ڕێكخیستنەكانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشووەوە دەكاتو هەر هەمان ساڵ ڕێگای هیجرەتو جیهاد دەگرێتەبەرو دەبێتە پێشمەرگە لە هێزی (حەسەن بەنا)و بەشداری چەند ڕووبەڕووبوونەوەیەك دەكات.

بەردەوام وەسیەتو ئامۆژگاری خێزانەكەشی دەكاتو دەڵێت : ئامان گەر منیش نەمام منداڵەكان لەسەر دینو ڕەوشتی ئیسلامی پێ بگەیەنە، هەروەها لەگەڵ خەڵكیشدا تێكەڵاو بووەو حەزی بە یارمەتیدانی هەژاران و ئاشتەوایی هاتووەو جارێكیش لە درێژەی كاری جیهادیدا برینددا بووەو جارێكیش گیراوە، تا سەرەنجام كاك مەلا ئەمین لە ١٩٩٤/٧/٤ لە پێنجوێن لە پێناو ڕێبازو بیروباوەڕەكەیدا دەگاتە كاروانی شەهیدانو ئەم پێشمەرگە خواویستو قارەمانەش بەم شێوەیە خواحافیزی لە خزمو كەسوكارو هاوڕێو هاوسەنگەرانو خاكی كوردستان دەكات، دواتر تەرمە پاكەكەشی لە پێنجوێن بەخاك دەسپێردرێت، بەڵام دوای هەفتەیەك لەسەر داوای دایكی دەگوازرێتەوە بۆ سلێمانیو لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەدی هیندی بەخاك دەسپێردرێتەوە.

شەهید مەلا ئەمین لە ساڵی ١٩٧٥ خێزانی پێكەوەنابوو، دوای خۆی دوو كوڕو پێنج كچی بە ناوەكانی (خالید، شیرین، مەشخەڵ، شیراز، سلێمان، فاتیمە، سەلما، زەكیە) بەجێدێڵێ.

شایانی باسە شەهید مەلا ئەمین لە پێش شەهیدبوونیدا خەون بە پێغەمبەری ئازیزەوە ﷺ دەبینێو لە خەویدا كە بۆ هاوڕێیەكی نزیكی دەگێڕێتەوە دوو دەنكە خورمای پێ دەداتو پێی دەڵێ: (بەم زووانە دەتبەم بۆ لای خۆم).

# شەهید: ئەبوبەکر موحەممەد ئەحمەد
# ناسراو بە: رێباز



ساڵی ١٩٧٨ لە چوارقوڕنە هاتۆتە دونیاوەوهەر لەوێش دەستی بە خوێندن کردووەو لە دوای بڕینی قۆناغی سەرەتایی لە ناوەندیی چوارقوڕنە درێژەی بە خوێندن داوە.
بەر لە راپەڕینو بە مەبەستی حاشاکردن لە سایەی شوومی رژێمی بەعس خانەوادەکەیان کۆچ دەکەن بۆ کوردستانی ئێرانو لە شاری خانیۆ ئۆردوگای (دێلزێ) دەگوزەرێننو لەگەڵ ئاوارەییدا دەستو پەنجە نەرم دەکەن، دوای راپەڕین خانەوادەکەیان دەگەڕێتەوە چوارقوڕنەو کاك ئەبوبەکر لەم سەروخوارو کوێرەوەرییانەی ژیاندا فێری وانەی نوێ دەبێو ئەمجارەیان هەناسەی ئازادیی هەڵدەمژێو لە تامی ئازادیی دەچێژێ، چونکە ئەو بە منداڵیش لە دەستی بەعسیەکانی بینیوەو جارێك لە چوارقوڕنە گرتوویانەو چاویان لێ سوورکردووەتەوە.
شەهید رێباز دوای ئەوەی ماوەی دوو ساڵ لە ریزەکانی یەکێتیدا کاردەکات ، لە ساڵی ١٩٩٣ پەیوەندی بە کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانەوە دەکاتو لە مەڵبەندی سێی رانیە دەبێتە پێشمەرگە، دوای زستانی ١٩٩٣ لە تیپی (هەڵۆ) ی سەر بە هێزی یەك وەك هەڵۆ بەسەر سالارەوە دەخولێتەوەو بەوپەڕی گیانفیداییو لێبڕاوییەوە دەبێتە پەرژینی بیروباوەڕەکەی، سەرەنجام کاکە رێبازی پێشمەرگەی تازە لاوی چالاكو هەڵسوڕاوی ئیسلامو عەودالی سەرفرازییو شکۆمەندییو رێبواری بە ئەمەکی رێبازی رەسەنایەتی، لە رۆژی ١٩٩٤/٨/٧ لە گوندی (دێرێ) ی پشتی قەلادزێ لەگەڵ شەهید (عەبدولهادی) دا دەگاتە کاروانی شەهیدانو دواماڵئاوایی لە ژیانی دونیایی دەکاتو بەرەو قاپی میهرەبانی خودا دەگەڕێتەوە، دواتر تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی چوارقوڕنە بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: بەهمەن عەتا مەحمود موحەممەد



ساڵی ١٩٧٤ لە هەڵەبجەی شەهیدو لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەری سەر بە عەشیرەتی زەردۆیی هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵییشی هەر لەگەڵ منداڵانی شارەکەیدا بەسەربردووە، لە قوتابخانەی (شالاو) و (بێسارانی) ی قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووەو پاشان لە قوتابخانەی ناوەندیی شارەزوور تا پۆلی سێیەمی خوێندووە، لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ خوێندنی قوتابخانەدا ماوەیەکیش لە حوجرە درێژەی بە خوێندن داوە، بەڵام بەهۆی سەختی بارودۆخی ژیانو لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیانی خانەوادەکەیاندا لە سۆنگەی ئەوەوە کە برای گەورەی ماڵەودیان بووە لە دوای ساڵی (١٩٨٨)ەوە ناچاری کارو کەسابەت بووەو لەگەڵ سەختیەکانی ژیاندا کەوتۆتە ململانێوە.

کاکە بەهمەن ئەوەندە خوازیارو خولیای خوێندنەوەو فێربوون بووە، سەرقاڵبوونی بە کارو کەسابەتو ژیانەوە، وای لێنەکردووە لە خوێندنەوە دابڕێو دووربکەوێتەوە، بەڵکو ئەو زۆربەی کتێبو نامیلکەکانی ئەو سەردەمەی وەکو بەرهەمەکانی مامۆستا (حەبیب موحەممەد سەعیدو مامۆستا موحەممەدی شارەزووریو غەیری ئەوان)و هەروەها دیوانەکانی قانیعو مەولەویو چەند کتێبێکی مێژوویی دەخوێندنەوە.

کاك بەهمەن لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا تێکەڵاو بوو، بە جۆرێك نزیکەی (٧) جوزئی لێ لەبەرکردبوو، لە رووی دۆستایەتیو تێکەڵاویشی لەگەڵ خەڵکو خزمو دۆستاندا لە ئاستێکی باڵادا بوو، زۆر هۆگری مزگەوت بوو، حەزی بە کاری ئیسلامیی و هاوڕێیەتی لاوانی ئیسلامخواز دەهات.

هەر بەو هۆیانەشەوە بوو لە ساڵی ١٩٩٢دا بوو بە پێشمەرگەی ئیسلامو لە ریزی هێزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشووداو لە تیپی (٢٧) ی غەزالیدا چەکی کردەشان، وەك پێشمەرگەیەکی قارەمانو گوێڕایەڵو دامەزراو لای شەهید حاجی عومەر دڵەمەڕی درێژەی بە خزمەتی پێشمەرگایەتی دا.

ساڵانی ١٩٩٣و ١٩٩٤ بە ئەرکی ئیسلامییانەی خۆی لە بەرانبەر کاروانی رابوونی ئیسلامی کوردستاندا هەستا، تا سەرەنجام هەر لەو رێگا پیرۆزەداو لە پێناو ئایینو رێبازو بیروباوەڕەکەیدا لە رۆژی ١٩٩٤/٨/٢٠ لە گوندی (بەشارەت)ی ناوچەی شارەزوور شەهیدکراو بە یەکجاری ماڵئاوایی لە خانەوادەو خزمو کەسوکارو هاوڕێو هاوسەنگەرانو کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان کردو گەڕایەوە قاپی پڕ لە میهرەبانیٔ خودا، دواتر تەرمەپاکەکەی لە گۆڕستانی (شەهیدان) لە هەڵەبجەی شەهید بەخاك سپێردرا.

# شەهید: عەبدوڕڕەزاق ڕەشید کەریم
# ناسراو بە: بێستون



ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی (شێر) ی ناحیەی خەباتی سەر بە هەولێری قەڵاو منارد لە خانەوادەیەكی ئیسلامپەروەری سەر بە عەشیرەتی (ئۆمەربل) هاتۆتە دونیاوە، بەشێكی ژیانی منداڵیی لەوێو پاشان لە هەولێر بەسەربردووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٩خانەوادەكەیان لە گوندەوە هاتوونەتە هەولێرو لە گەڕەكی تەیراوا جێگیربوون، لە ساڵی ١٩٧٣ چوونەتە گەڕەكی عارەبانی نوێ، دوای خوێندنی قۆناغی سەرەتایی، ناوەندیی لە قوتابخانەی (برایی) و ئامادەیشی لە (ئەربیل) تەواوكردووە، ساڵی ١٩٨٥-١٩٨٦ لە پەیمانگای پیشەسازی كیمیاوی لە شاری بەسرە وەرگیراوەو لە نیوەی ساڵی خوێندنی ساڵی دووەمیدا بەهۆی ئاڵۆزیو تۆپبارانەكانی شەڕی (ئێران ـ عێراق)ەوە گەڕاوەتەوە بۆ هەولێرو ماوەیەك خەریكی خوێندنەوەو موتاڵای كتێبو بەرهەمی ئیسلامی بووە.

ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە رێكخستنەكانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشووەوە دەكاتو ئیتر سەرقاڵی كاری رێكخراوەییو پەروەردەو هەروەها كاسبی دەبێو لەگەڵ هاوەڵانیدا چالاكو گوێڕایەڵو نهێنی پارێز دەبێت، تا لە ١٩٨٨/٩/٢٧داو لەگەڵ دوو هاوڕێی تری لە هەولێر لەسەر بڕیاری رێكخستنەكان بە مەبەستی پێشمەرگایەتی بە رانیەدا لە رێگای رێكخستنەكانی ئەوێوە دواتر بە پشدەرو قەندیلدا بە رێگای هاتو نەهاتو پڕ دڕكو داڵو دژواریدا ، رەوانەی بارەگای هێزی شافیعی لەسەر سنوورو گەسك گەسكە دەكرێ، ئەمەش لە كاتێكدا كە بەشێكی بەرچاوی هێزی لایەنە سیاسییەكان بەهۆی راوەستانی شەڕی (عێراق ئێران)و شاڵاوی سوپای رژێم بۆ سەر ناوچە ئازادكراوەكانو كشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سنوورەكانو پەڕینەوەیان لە سنوورەكان تووشی جۆرێك لە نائومێدیو بێ هیوایی ببوونو لە شاخ بەرەو شار دەخزان، كەچی تازە ئەوان لە شارەوە بەرەو شاخو شۆڕشو پێشمەرگایەتی دەچوون.

كاك عەبدوڕڕەزاق ناسراو بە (بێستون) بەم بیروبۆچوونو باوەڕو ورەوە لە پێناوی بەرزكردنەوەی ئاڵای ئیسلامو رزگاركردنی گەلە چەوساوەكەیدا وازی لە خوێندنوماڵو ژنهێنانو بەرژەوەندییە دونیاییەكانی هێناو روویكردە چیا سەركەشەكانی كوردستانو چەكی پێشمەرگایەتی كردە شان.

كاك بێستون وەك پێشمەرگەیەكی چالاكو قارەمان هەمیشە لە بیری ئەوەدابوو كە ئیتر وەك پێشمەرگە دابەزێتە ناو شارو چالاكتر لە جارانو بە سیماو ناسنامەی نوێوە بەنێو رێكخستنەكاندا بگەڕێو چالاكی بنوێنێ، بۆیە لە ١٩٨٩/٧/١٢ لەگەڵ مەفرەزەیەكی

هێزی شافیعیدا بە ڕێگای قەندیل‌و کونەکۆترو کێوەڕەشدا بە (٦) ڕۆژ دادەبەزنە ناو هەولێرو (١٢) ڕۆژ بۆ گەیاندنی پەیام‌و هەواڵ‌و تەوجیهاتی سەرکردایەتی بۆ ناوشار، بۆ ئەنجامدانی کارو چالاکی‌و بەسەرکردنەوەی ڕێکخستنەکان، بۆ بەرزکردنەوەی گیانی بەرەنگاری‌و بەرخودان، بۆ نیشاندانی ورەو باوەڕی شۆڕشگێڕی‌و زیندوویێتی هەستی ئیسلامخوازیی‌و نیشتمانپەروەریی دەمێننەوە.

کاک (بێستون)ی پێشمەرگەی چەلەنگی چیاو ئەندامی کارای ڕێکخستن، بەهۆی توانا و لێوەشاوەیی جارجارە رادەسپێردرێ بۆ موسڵ‌و بەغدا.

هەر بەو هۆیەشەوە لە ٩/١٠ لە (خان بەنی سەعد) گیراو پاشان بردیانە ئیستخباراتی بەغداو دوای دوو مانگ گواستیانەوە بۆ بەعقوبەو لەوێشەوە دەیبەن بۆ سەربازگەی خان بەنی سەعد، هەر لەوێ‌و لە مانگی ١٩٩١/٦ چەند برایەك سەردانی دەکەن‌و دەیبینن لە ژوورێکی تاریك‌و تەسکی ئینفیرادیدا بەندکراوەو لە حاڵێکی دژوارو ناخۆشدایە، بەڵام لەبەر ئەوەی کاکە بێستوون پێشمەرگەی چیاو کوڕی جەربەزەی ئیسلام بوو و ئارام‌و خۆڕاگر مابۆوە.

بەڵکو جارێك بوێرانە لە شەوێکدا دەرفەتێکی وەرگرتبوو و رایکردبوو، بەڵام لەناو سەربازگەدا گرتبوویانەوەو بەمەش زیاتر خستبوویانە ژێر چاودێری‌و ئەشکەنجەوە.

کاك بێستوونی قارەمان کۆڵنادات‌و هەمیشە لە پلاندا دەبێت بۆ دەربازبوون لە بەندیخانەو دەسەڵاتی ڕەشی بەعسیەکان‌و گەڕانەوە بۆ مەیدانی خەبات، بۆیە جارێکی تر لە هەوڵێکی سەرکەوتوودا لە مانگی ١٩٩١/٧دا بە سوودوەرگرتن لە ناسنامەیەك خۆی دەرباز دەکات‌و دەگەڕێتەوە هەولێرو بە شاری قەڵاو منارەو هاوڕێ‌و هاوسەنگەران‌و خانەوادەو خزمانی شاد دەبێتەوەو تێر تێر هەوای ئازادی هەڵدەمژێ، ئەو ئازادییەی کە لە پێناویدا تێکۆشاو خەباتی بۆ کرد.

کاك بێستون لە هەموو قۆناغەکاندا بە گیان‌و بە دڵ لەگەڵ کاروانی ڕابوونی ئیسلامیی کوردستاندا بوو، بە خەمیەوە بوو، لە سەختیەکاندا بۆی دەبوو بە قەڵغان‌و سوپەرو پارێزگاری لێدەکرد، تا سەرەنجام لە پێناوی پەیام‌و ڕێبازەکەیدا لە ڕۆژی ١٩٩٤/٨/٢٠ لە هەولێر شەهیدکراو ماڵئاوایی لە خانەوادەو کەسوکارو هاوسەنگەرانی کردو خەمی پەیامەکەی بە ڕێبوارانی ڕێبازی ڕەسەنایەتی سپارد، تەرمە پاکەکەشی هەر لە هەولێر بەخاك سپێردرا.

شەهید عەبدوڕڕەزاق ڕەشید کەریم ناسراو بە (بێستون)خێزاندار بووەو دوای خۆی دوو کوڕیەی وەك دیاری‌و یادگاری بەجێهێشتوون.

شەهید بێستوون لە بوارەکانی ڕاگەیاندنو شیعرو ڕێکخستنو پێشمەرگایەتیدا ڕۆڵی هەبووەو جێدەستی دیارە، ئەوەتا کاتێک تیپی سرودی (باوەڕ) لە شەعبانی ١٤١٠ی کۆچی بەرانبەر بە ئازاری ١٩٩٠ لە بارەگای ڕاگەیاندنی هاوبەشی هێزی حەمزەو شافیعی لە خانێ بەرهەمێکی نوێ لە کاسێتێکدا پێشکەش دەکات، کاکە بێستونی شەهیدیش بە خۆیو شیعرێکەوە بەشداری تێدا دەکات، شیعرەکەی بە ئاوازێکی حەماسییەوە لەلایەن تیپی باوەڕەوە دەگوترێ، ئەمەی خوارەوەش دەقی شیعرەکەیەتی:

**نامەوێ ژێردەستی بژیم ژینی ئازادیم دەوێ**
**تفەنگم کردۆتە شانم تاکو ئیسلام سەرکەوێ**
**حەماسەی نێو دەروونم چۆن ئەتوانێ بسرەوێ**
**کاتێ کوفر بۆ مەرگم دەجەنگێ ڕۆژو شەوێ**

***

**ڕاپەڕن ئاوا لەخەو چیتان داوە لە لینین**
**مارکس چی بۆ ئێوە کرد یا جەنابی ستالین**
**سوودیان نییە بۆ مرۆڤ بێجگە لە گریەو نالین**
**گەر سەربەستیتان دەوێ وازبێنن لە سوورو شین**

***

**لەنێو گێژاوی کوفر، دام لە شەقەی باڵ وەک باز**
**هەڵم بوارد بەرەو لوتکە دۆڵو نشێو و هەوراز**
**گرتوومە بەر ڕێبازی یاساو دەستووری ئیسلام**
**پەیمانم داوە بۆ خوا، بۆ ئیسلام ببمە سەرباز**

***

**ئەگەر ئازادیت دەوێ دەزووکە لە خەو هەستە**
**چوون لە ئیسلام تێناگا ئەوەی بێ هۆشو هەستە**
**ئەوا کوفر بەجارێ بۆ دینت تیر لە شەستە**
**کەچی تۆش هەروا هەواو ئارەزووی خۆت مەبەستە**

***

**برام دەست بخە دەستم هاوسەنگەربین هاوژیان**
**فیداکەین لە ڕێی ئیسلام سەرو ماڵو خوێنو گیان**
**دوژمنان لەنێو بەرین لە ڕووی خاکو نیشتمان**
**هاوار بکەین پڕ بە دڵ یا ئیسلام یاخود نەمان**

# شەهید: جواد مەعروف موحەممەد عەلی
## ناسراو بە: مامۆستا شاهۆ



ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی (نارنجڵە) ی دەڤەری هەورامانی سەرکەش و لە ئامێزی خانەوادەیەکی ئایینپەروەردا چاوی بە ژیان هەڵێناوە، ژیانی منداڵی لە گوندەکەیان و شارۆچکەی سیراون و هەڵەبجەی شەهید بەسەربردووە، لە قوتابخانەی (دەرسیم)ی سەرەتایی لە هەڵەبجە نراوەتە بەرخوێندن و تا دووەمی ناوەندی لە ناوەندی (هیوا) لە سیروان درێژەی بە خوێندن داوە، جگە لەمەش ماوەیەك لای هەریەك لە مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحمود و مامۆستا حەبیب موحەممەد سەعید خوێندوویەتی.

کاك جواد مەعروف ماوەیەکیش وەکو پۆلیس خزمەتی کردووە و لە سەربازیشدا تووشی کوێرەوەری و پاشان فیراری بووە و دوو جاریش لەلایەن ئەمنە چاوسوورەکانی رژێمەوە گیراوە و پاشان بەربووە، هەروەها لە بواری کۆمەڵایەتیدا حەزی بە تێکەڵاوی خەڵك و چاکەکاری و هاوکاری و بەهاناوەچوونی خەڵك کردووە، بە سەلیقەی خۆشی لە بوارەکانی خۆشنووسی و وێنەکێشاندا شارەزایی پەیداکردووە.

سەرباری هەموو ئەمانە کاك جواد مەعروف لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیاندا کشتوکاڵ و باغداری و کۆڵبەری لەسەرسنوور کردووە و بە ئارەقەی نێوچاوانی خۆی و مەچەك و بازووی نەخشی ژیانی کێشاوە.

کاك جەواد ساڵی ١٩٩٣ بڕیاری هاتنە ناو کاروانی رابوونی ئیسلامخوازانی کوردستان دەدات و دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلام و دڵسۆزانە ئەرك و فەرمانەکانی پێشمەرگایەتی رادەپەڕێنی و لەناو ریزی هاوسەنگەرانیدا لە هێزی تایبەتی شەهید مەلا زوبێر بە دڵسۆزی و کارو تێکۆشان و خواویستی ، ئاسۆی کاروانی نوور دەدرەوشێنێتەوە و لە گردی گۆ و سەیدصادق و زنجیرە چیای شرام و خورماڵ و گوڵپ دەبێتە پەرژینی دەوری بەهابالاکان و رەسەنایەتی لە یەخەی خاکی نیشتمان دەدات.

کاك جەواد مەعروف وەك پێشمەرگەیەکی قارەمان و تێکۆشەر هەمیشە ئامادەی ئەوە دەبێت گیانی خۆی لە پێناوی خوا و میللەتە چەوساوەکەیدا ببەخشێ و تەنانەت ئەوەندە ئامەزرۆی شەهیدی دەبێت و ئەوەتا چەند رۆژێك بەر لە شەهیدبوونی وەك بۆ مامۆستا مەهدی ی هاوڕێ گێڕاوەتەوە، وتوویەتی: "خەوم بینیوە مامۆستاگیان من شەهید دەبم"، هەر بۆیە لەو چەند رۆژەدا گەردن ئازایی لە زۆر کەس کردووە، تا سەرەنجام کاکە جەوادی پێشمەرگەی چەلەنگ و فیداکاری ئیسلام لە رۆژی ١٩٩٤/٨/٢٣ لە پێناوی پەیام و رێبازەکەیدا لە (سەراوی سوبحان ئاغا)ی نزیك سەیدصادق شەهید دەبێت، پاشان تەرمەپاکەکەشی لە گۆڕستانی (ملەی چنارە)ی شارۆچکەی بیارە بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: موحەممەد عەبدوڵڵا مستەفا
## ناسراو بە: هیوا



ساڵی ١٩٧١ شارەکەی هەڵمەتو قوربانی بەوپەڕی شادییەوە باوەشی بۆ بنەماڵەیەکی (پشت ئاشان) ی پشدەریێ گرتبۆوەو دەستی سۆزو میهرەبانیی بەسەردا دەهێنا.

ئەزمەڕو گوێژە لە جیاتی قەندیلو ئاسۆس سێبەریان لێدەکردو بۆی بووبوونە پەناگە، هەر لەو ساڵەدا سلێمانی مزگێنی لەدایکبوونی منداڵێکی ژیکەڵەی دایە سەنگەسەرو چاوو دڵی بەو مژدەیە روونکردنەوە.

کاکە موحەممەد لە تەمەنی چوار ساڵیدا بوو کە پیلانو فێڵو تەڵەکەی ناحەزان کاری خۆی کردو گەلی کورد تووشی نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ بوو، ئیدی وەکو چەندین بنەماڵەی سەرگەردانی دیکە، خێزانەکەی ئەوانیش روویکردە کوردستانی ئێرانو تا ساڵی ١٩٧٩نەگەڕانەوە کوردستان.

کاك موحەممەد لەو ساڵەدا لە شارەدێی سەنگەسەری ناوچەی پشدەر دەست بە خوێندن دەکاتو تا پۆلی سێیەمی ناوەندی درێژەی پێدەدات.

لە دوای زمانەکێشانی گڕو کڵپەی دۆزەخی سۆشیالیزمی عەفلەقیو دەست وەشاندنی دڕندانەی رژێمە هارەکەی بەغدا لە گەلی کورد لە ساڵی ١٩٨٨دا، دیسان بنەماڵەکەیان بەرەو کوردستانی ئێران سەری خۆیان هەڵدەگرن، هەر لەو کاتەدا کاکە موحەممەد چوارچێوەی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان دەکاتە جێی هەڵسوڕانو ئەنجامدانی چالاکییەکانیو مەکۆی خەونو خەمو ئاواتە رەنگاوڕەنگەکانی.

دوای ئەوەی لە ئازاری ١٩٩١دا بەسەر شەپۆلی راپەڕیندا گەیشتەوە کەناری زێدو نیشتمانە ئازیزەکەی، چەکی باوەڕو رەسەنایەتی دەکاتە شانو وەك پێشمەرگەیەکی ئیسلامیی رۆڵی خۆی دەبینێو لە هێزی پشدەر درێژە بە دەوامی پێشمەرگایەتی دەدات.

شەهید موحەممەد لە رووی کۆمەڵایەتییشەوە کەسێکی کراوەو رووخۆش بووەو لە بواری دابینکردنی بژێوی ژیانو کشتوکاڵیشدا هاوکاری بنەماڵەکەیانی کردووە.

شەهید موحەممەد لە ئاستەنگو سەختیەکاندا هەمیشە دەبوو بە پەرژینی دەوری رەسەنایەتی کوردستانو بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستا، بە تایبەتی لە زستانی ١٩٩٣دا، دواتر لە ١٩٩٤/٦/١١یش وەك هەڵۆ لە (سالارە) ی پشتی قەڵادزێ دەنیشێتەوەو ئامێز لە چەكو پێشمەرگایەتیو کێوی هیوا وەردێنێتەوەو لە تیپی

نەورەسـی سـەر بـە هێـزی یـەك ، ئـەرك‌و فەرمانـەكانی پێـشمەرگایەتی دڵـسۆزانە رادەپەڕێنیّ.

سەرەنجام كاك موحەممەد عەبدوڵڵا ئاكۆیی پێشمەرگەی دلێرو جوامێرو كوڕی ڕۆژە سەختەكان ، لە شەوی ٢٣-١٩٩٤/٨/٢٤ لە شاخی (مانگا كێوی) پشتی دارەشمانـە ، لەگـەڵ كـاك (موحەممـەد عەبـدوڕەڕەحمان) دا بـە پلـەی بـەرزی شـەهیدی گەیشت‌و ماڵئاوایی لە ژیـانی دونیـاكردو كـۆڵی خەمـەكانی نیـشتمانی دایـە هاوسـەنگەرانی، دواتر تەرمە پاكەكەی لە سەرنگەسەر بەخاك سپێردرا.

# شەهید: ئیسماعیل ئەحمەد ئیسماعیل



کەلێك جاران قەندیل راچەنیوەو تەزووی گەرمی بە قەدەر بەفرە ئەستوورەکەی سەر سنگی، بە هەناویدا هاتووەو لە شادییان شاگەشکە بووەو هێندەی نەماوە شامەرگ بێت و هیچ وشەو دەنگ و چرکەیەك لە رووی نەهاتووە ببێتە چوارچێوەی تابلۆی ئەو خۆشییەو تەنها لە سیماو روخسارە گەشە سپیەکەیدا رەنگی داوەتەوە.

ئەو کێوە گەردن کەشە، فێنکی و ساردیی رەنووی گەوەو دۆڵو بستووەکانی، لەگەڵ گەرمایی ئەوینی دەروونی، پارسەنگی یەکدی رادەگرن و گڕی ئەو ئەوینەش هەر جارەی بە رەنگێك خۆ دەنوێنێ...

(سوورەدێ)و (ئاشقوڵکە)و (سەرگەینێڵ)و (سینەمۆکە)و (کاسکان)و (یەندزە)و (لێوژە)و گوندەکانی دی، هەموویان بە داوی نەپسێنی سۆزو ئەوینەوە کراون، بوونەتە ملوانکەی تریفە بارێنی گەردنی کێلی قەندیلی سەربەرزو لەدڵ زیندوویی و شەو بێداریدا، پێشبڕکێ دەکەڵ گەلاوێژو کاروانکوژەو پێرو و تەرازوان دەکەن و حەوتەوانە دەخەو دەکەن و لەگەڵ ئەستێرەی رۆژێ چاو دەترووکێنن...

ئەو دێهاتانە، چەندە روخساریان سادەو ساکارە، هێندەش نێوەڕۆکی پڕ لە کاکڵیان گەش و نورانیەو هەر دەڵێی پەڵە بەفری نسارانن، وەکو باخ و رەزەکانیان جوان و رازاوەن.

بە خۆڕایی نییە نێوە نێوە جگەرگۆشەیەکی بەسۆزیان دەکەنە دەستەچیلەی روونکردنەوەی وەجاخی کوردەواریی و بەو کارەیان سەری خۆیان و قەندیلی پاڵپشتیان هێندەی دی بڵند دەکەن، تروسکایی مێژووی پێشینانی خواناسی بە مشوورمان ئەوەندەی تر دەگەشێننەوە.

ساڵی ١٩٦٧ گوندە خنجیلانەکەی (یەندزە)ی نێو ئامێزی قەندیل و ناوچەی ناودەشتی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەر، بۆ یەکەمجار کۆرپەیەکی چاوگەشی لە باوەش گرت، کە بێ ئەوەی بزانن رۆژێك دێ بە رێبازی (ئیسماعیل) پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)دا هەنگاو هەڵدێنێ و گیانی بۆ بە قوربان کردنی خوای وەدیهێنەر بە هەرزان دەزانێ، رۆژێ لە رۆژان رێگای پێغەمبەری پێشەوا (درودی خوای لەسەر بێت)و موجاهیدانی کۆن و نوێ بە خوێنی خۆی دەڕەنگێنێ، ناویان لێ نا (ئیسماعیل).

کاك ئیسماعیل ژیانی منداڵی لە گوندی خۆیان بەسەر دەبات‌و دوای دەستپێکردنی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی، گوندەکەی ئەوانیش وەك زۆربەی دێهات‌و ناوچەکانی کوردستان بەر شاڵاوی راگواستنی بەعسیەکان دەکەوێت‌و لە ئۆردوگای زۆرەملێی رانیەی دەشتی بیتوێن نیشتەجێ دەکرێن، لەوێش درێژە بە خوێندن دەدات‌و تا پۆلی چوارەمی ئامادەیی دەخوێنێ‌و بە هۆی سەربازیەوە لەوە زیاتر دەرفەتی خوێندنی قوتابخانەی نامێنێ‌و لە چەند قۆناغێکدا دەکەوێتە شاری موسڵ‌و شارۆچکەی چوارقورنە، دوای ئەوە و لە لایەکی تروە ، ماوەیەکیش لەلای مامۆستا مەلا سەید رەزا چەند وانەیەکی شەرعی دەخوێنێ.

هەر کە لە ساڵی ١٩٨٧دا تریفەی جیهادی ئیسلامیی لە سنووری قەڵاتووکانیشەوە دەبێتە خەرمانەی ئاسمانی کوردەواری‌و ئومێدی شۆڕشی رزگاریخوازیی راستەقینە لە نێو دڵاندا نوێ دەبێتەوە، کاك ئیسماعیلیش هەر لەو ساڵەدا پەیوەندی بە رێکخستنەکانی ئەم کاروانە ئیسلامییەوە دەکات‌و چالاکانە لە ئەنجامدانی کارو ئەرکەکانیدا هەڵدەسوڕێ‌و دڵی بە چیاو پێشمەرگەو باوەڕەوە دەبەسترێتەوە.

هەروەها لە پێناو ژیان‌و گوزەرانیشدا بە کارو کاسبی‌و شۆفێرییەوە سەرقاڵ دەبێت، تا ئەو کاتەی راپەڕینی جەماوەری کوردستان لە ٣/٥دا وەك گڕکان بە رووی بەعسیەکاندا دەتەقێتەوە، ئا لەو کاتەدا کاك ئیسماعیل ئەحمەدی لاو و چوست‌و چالاك‌و ئەندامی کارای رێکخستنەکان، هاوشانی هاورێکانی‌و لەگەڵ جەماوەری راپەڕیودا دەورێکی بەرچاو لە رزگارکردنی رانیەی دەروازەی راپەڕین‌و بیتوێن‌و راماڵینی دوژمنانی گەلەکەیدا دەگێڕێ.

پاشان لە تیپی (٨٦)ی نەورەسی سەر بە مەڵبەندی سێی رانیەدا درێژە بە دەوامی پێشمەرگایەتی دەدات‌و ماوەیەکیش لە سەرئەشکەوتان کە دەوامی تیپەکەیان لەوێ دەبێ وەك حیمایەی مامۆستا عەلی باپیر لەگەڵ تیپەکەیدا ئەرکی پێشمەرگایەتی رادەپەڕێنێ.

زستانی ١٩٩٣ش دەبێتە شورەی دەوری رێبازو بیروباوەڕەکەی‌و دواتر ملی چیا دەگرێ‌و لە سالارەو پشتی قەڵادزێ دەگیرسێتەوەو هەر لە تیپی ٨٦ی نەورەسی سەر بە هێزی یەك، وەك جێگری تیپ دیاری دەکرێ‌و دڵسۆزانە ئەرکەکانی رادەپەڕێنێ‌و لەناو هاوسەنگەرانیدا دەبێتە کەسێکی خۆشەویست‌و لە دڵدا شیرین‌و بەرێزو ویقار تا سەرەنجام ئەو هەڵۆ بەرزەفڕو لاوە دڵ پڕ لە هیوایە، لە پێناو رێبازو بیروباوەڕکەیدا

لە رۆژی ١٩٩٤/٨/٧داو لە گوندی (گردە سپیان)ی پشتی قەڵادزێ بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگات‌و كۆڵی مشورو خەونەكانی دەداتە دەست هاورێ‌و هاوسەنگەرانی‌و تەرمە پاكەكەشی دوای بردنەوەی بۆ رانیە لە گۆڕستانی كێوەڕەش بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید ئیسماعیل كە لە ساڵی ١٩٨٥ خێزانی پێكەوەنابوو، دوای خۆی دوو كچ‌و كوڕێكی بە ناوەكانی (شەیماو فریشتەو دیاری) بە دیاری‌و یادگاری بۆ ئیسلام‌و كوردستان بەجێ هێشتوون.

# شەهید: عومەر فەرەج سەعید
# ناسراو بە: عومەری مەلا فەرەج



ساڵی ١٩٥٦ لە ئامێزی خانەوادەیەکی ئایینپەروەر لە گوندی (عەبابەیلێ) ی نزیك هەڵەبجە هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیشی لە گوندەکەی خۆیان بەسەربردووەو هەر لەوێش قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە، پاشان لە قوتابخانەی (شارەزوور) قۆناغی ناوەندیی بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، پاشان پەیمانگای کشتوکاڵی بەکرەجۆی بە کۆتایی گەیاندووە، دوای ئەوە لە فەرمانگەی کشتوکاڵی هەڵەبجە دامەزراوە.

کاتێکیش ئاوارەی دیوی ئێران دەبێ ، ماوەیەك لای مامۆستا سەید ئەحمەد چەند وانەیەکی ئایینی دەخوێنێ، کاك عومەری مەلا فەرەج لە بواری کارو کەسابەتدا دەست گەرم بووەو شارەزاییشی لە وەستاییێتی تەختەوداردا هەبووە.

ساڵی ١٩٨٨ لە بواری کاری رێکخراوەییو سیاسیدا ماوەی (٦) مانگ لە ریزەکانی پارتیدا کاری کردووە، پاشان پەیوەندی بە ریزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەوە کردووە، لە دوای راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی جەماوەری گەلی کوردستانو لە ساڵی ١٩٩٢ دا لە (هێزی تایبەت) بۆتە پێشمەرگەی ئیسلامو دلێرانە ئەرکو فەرمانەکانی راپەڕاندوون، ساڵانی (٩٣-٩٤)، لە بەرانبەر ئەو ئاستەنگو ئازارانەی کە دێتە رێی کاروانی رابوونی ئیسلامی کوردستان، پشوو درێژو دامەزراو و بە راپەڕو ئامادە دەبێتو دەبێتە شورەی دەوری بەها باڵاکانی کۆمەڵی کوردەواری.

کاك عومەری مەلا فەرەج لە دۆستایەتیو لایەنی کۆمەڵایەتیشدا کەسێکی کراوەو خزمدۆست بوو، حەزی بە خزمەتی خەڵكو خزمان دەکرد، لە بەجێهێنانی سیلەی رەحمیشدا دەست گەرم بوو، لەگەڵ هاوسەنگەرانیشیدا بەرێزو ویقار بوو، خاویستو دڵفراوان بوو، بە جەرگو فیداکار بوو، لە ژیانی پێشمەرگایەتیداو لە رێی بیروباوەڕەکەیدا جارێك لە گوندی قەدەفەری بریندار بووە.

کاك عومەر بەم شێوەیە درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتیو ژیانی ئیسلامخوازانەی خۆی دەداتو خۆییو خانەوادەکەی دەخاتە خزمەتی ئایینو گەلو نیشتمانەوە، تا سەرەنجام هەر لە پێناوی ئەو پەیامە بەرزو پیرۆزەی کە هەڵیگرتبوو، لە رۆژی ١٩٩٤/٨/٢٤ شەهید دەبێو خواحافیزی لە دۆستو عەزیزانو هاوسەنگەرانی

دەکاتو پاشان تەرمەپاکەکەی لە گۆڕستانی (شەهیدان) ی هەڵەبجە بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید عومەری مەلا فەرەج ساڵی ١٩٨٠ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی دوو کوڕو کچێکی بە ناوەکانی (نەریمان، کاروان، رەیان) وەك هێمای درێژەدان بە کاروانی رەسەنایەتیو هیوای گەیشتن بە رەزامەندی خواو بەهەشتی نەبڕاوە بەجێهێشتوون.



# شەهید: سکران عەباس حسێن[7]
# ناسراو بە: حاجی سکران



ساڵی ١٩٥٢ لە شاری کفریو لە بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی داودی هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵییشی لەوێ گوزەراندووەو رازو زەردەخەنەکانی رۆژانی پڕ لە بەرائەتو پاکی منداڵیی ، وەك سروەی شەماڵی ژیانێکی نوێ بە دڵی گەرمیانو مەملەکەتێکی گەرمەسێر سپاردوون.

حاجی سکران هەر لە سەرەتاوە هۆگری خوێندنی حوجرە دەبێ، بۆیە هەر لە کفری لای مامۆستا (مەلا سەید عەبدوڵڵا) دەستدەکات بە خوێندنو لەمەشەوە بە تەواوی دڵی بە مزگەوتو ماڵی خواوە دەبەسرێتەوەو دواجاریش بە پیشەی بانگبێژیی لەسەرمیلاکی ئەوقاف دادەمەزرێو لەگەڵ ئەمەشدا بەردەوام خەریکی شارەزابوون لە شەرعو فیقە دەبێتو بە لەبەرکردنی قورئانیشەوە خەریك دەبێت.

شەهید زۆریش حەز بە تێکەڵاویی خەڵك دەکاتو لەگەڵ دۆستو خزمو هاوڕێیانیدا کراوە دەبێ، ماوەیەکیش حاجی سکران وەك زوربەی هەرە زۆری گەنجو لاوەکانی ئەم نیشتمانە بێ نازە لەو سەردەمەدا تووشی سەربازیی دەبێت.


شەهید حاجی سکران هەر بەوەندە نامێنێتەوە کە وەکو تاکێكو لە زاتی خۆیدا ئەرکە ئیسلامییەکانی جێبەجێبکات، بەڵکو بە تەواوی تێدەگات کە موسڵمانەتیی راستەقینەو خزمەتی ئیسلام بە تەنیا ناکرێو بەڵکو پێویستی بە کاری دەستەجەمعیو رێکخراوو بە بەرنامە هەیەو کورد گوتەنی (تەقە سوارە تۆزێ ناکا)و دەبێ ببێتە کارێکی گشتییو هەرەوەزیی، ئا لەمەوە کاك حاجی سکران لە ساڵی ١٩٩٠دا پەیوەندیی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو دەبێتە ئەڵقەیەکی مەحکەمی ئەم زنجیرەیەو ئیتر دەست لە دەستو قودت لە خوا بەرەو ترۆپکی ئامانجە بەرزو پیرۆزەکانی دەڕوا.

لە راپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا چەکی پێشمەرگایەتی لە ریزی پێشمەرگە قارەمانو وڵات پارێزەرەکانی ئیسلامو لە تیپی موصعەبی کوڕی عومەیری سەر بە هێزی گەرمیان دەکاتە شانو بە لەخۆبوردوویی و گیانفیدابییەوە ئەرکەکانی رادەپەڕێنێو چەكو قورئان بە یەکەوە بەرزدەکاتەوەو تفەنگی شانی بە ئاراستەو رێنومایییەکانی قورئان دەکاتە پارێزەری ئیسلامو گەلو نیشتمانەکەی.

تا سەرەنجام ئەم پێشمەرگە دڵ پڕ لە هیواو هەڵۆ چاو تیژەی رێگای سەرفرازیی ، لە (١٩٩٤/٩/٦) لە پێناوی بیروباوەڕەکەیدا شەهید دەبێو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی (سەرکارێز) لە سلێمانی بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید حاجی سکران کە لە ساڵی ١٩٩٠ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی دوو کوڕی بە ناوەکانی (یەحیا، سەیفوڵڵا) وەك دوو نەمامی هیواو دوو یادگاریی بەجێهێشتوون.

# شەهید: موحەممەد حەسەن ئەحمەد
# ناسراو بە: موحەممەد بەستەستێنی



ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی (سیدەڵان) ی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەر لە ناوچەی مەنگوڕایەتی چاوی بە ژیان هەڵێناوە، ژیانی منداڵیی لە گوندی بەستەستێن بەسەر بردووەو هەر لەوێش نراوەتە بەر خوێندن‌و پاشان لە قوتابخانەی (چواس) ی سەرەتایی‌و ناوەندی سەنگەسەر قۆناغەکانی خوێندنی بڕیون‌و تا شەشەمی زانستی لە دواناوەندی قەڵادزێ خوێندوویەتی، بەڵام زوڵم‌و ستەمی بەعسیان ناچاری دەکات دەست لە خوێندن هەڵبگرێ‌و تا دێ زیاتر دڵ‌و دەروونی بە نووری هیدایەتی خوایی رۆشنتر دەبێتەوەو حەماسەتی ئیسلامیی و لەسەر کردنەوەی مەزلومان سەراپای جەستەی دادەگرێ، بۆیە لە ساڵی 1987 لە هێزی حەمزە ،کە بە فەرماندەیی مامۆستا عەلی باپیر بارەگاکانی لە قەڵاتووکان‌و بناری قەندیل دەبێت ،دەبێتە پێشمەرگەو شێرانە لە نەبەردیەکانی گردی رەمکان‌و بناری قەندیلدا بەشداری دەکات‌و بە رقی پیرۆزو حەماسەی ئاگرینی گڕ بەسەر بەعسیە هێرشبەرەکان‌و نۆکەرانیاندا دەبارێنێ‌و دواتر بۆ کاروباری رێکخستن دەچێتەوە نێو شارو چالاکانە ئەرکە ئیسلامیەکانی رادەپەڕێنێ‌و لە راپەڕینیشدا بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێ، زستانی ١٩٩٣ش بە ئەرکی سەرشانی هەڵدەستێت‌و درێژە بە کارو خزمەتی ئیسلامیانەی خۆی دەدات.

سەرەنجام کاک موحەممەد بەستەستێنی قارەمان‌و پێشمەرگەی دێرین لە رۆژی ١٩٩٤/١٢/٣١ لە حاجیاوا بەهۆی تەقینەوەیەکەوە لەگەڵ (ئەحمەد) ی برایدا شەهید دەبێت‌و تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی حاجیاوا بەخاک دەسپێردرێت.

کاک موحەممەد بەستەستێنی شەهید لە ساڵی ١٩٩١ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی تەنها کوڕێکی بە ناوی (بەرهەم) بە دیاری بۆ ئیسلام و کوردستان بەجێهێشتووە.

# شەهید: موحەممەد مەحمود رەشید مارف



ساڵی ١٩٥٠ لە خانەوادەیەکی سەر بە عەشیرەتی نەورۆڵی لە گوندی (هانەژاڵە) ی سەر بە شاری هەڵەبجەی ئیسلامپەروەر هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵی لە گوندەکەیاندا بەسەربردووەو هەر لەوێش نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووەو لە هەڵەبجە چۆتە قۆناغی ناوەندیو تا پۆلی سێیەمی خوێندووە.

کاك موحەممەد هەر لە منداڵییەوە شەیدای خواناسیو خواپەرستی بووەو ماوەیەکیش لە گوندی هانەژاڵە لای مەلا مەحمودی چرۆستانە خوێندوویەتی، ئیتر لەوێوە هۆگری ئیسلامو قورئانو مزگەوت بووەو سەرەنجام نزیك بە (١٠) جوزئی قورئانی پیرۆزی لەبەرکردووە.

لە سۆنگەی ئەم نزیکبوونەوەیەشی لە ئیسلامەوە، لە هەڵسوکەوتو پەیوەندی بەستنی لەگەڵ خەڵكو دەوروبەردا زۆر باش بووەو کەسێکی خۆشەویستو کراوە بووە لەگەڵ خەڵکدا.

هەروەها تا ئەندازەیەکیش شارەزایی .هەبووە لە شەرعدا، لە پێناوی دابینکردنی بژێوی ژیانیشدا هەوڵی کارو کەسابەتی داوەو لە بواری شۆفێریشدا شارەزا بووە.

کاك موحەممەد ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە کردووەو کاتێکیش رژێمی بەعس دەستدەکات بە شاڵاوەکانی بەناو ئەنفالو قڕانی کوردو کیمیابارانی هەڵەبجە، کاك موحەممەد بە خانەوادەکەیەوە کۆچ دەکات بۆ کوردستانی ئێرانو لە سەقز نیشتەجێ دەبێ.

ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ راپەڕینی جەماوەری گەلی کوردستاندا وێڕای بەشداریکردنی لەو راپەڕینەدا دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلامو لە ساتە سەختو دژوارەکاندا دەبێتە پەرژینی دەوری کاروانی نوورو بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێ.

کاك موحەممەد بە هۆی دڵسۆزیو لێهاتووییەوە دەکرێتە سەرتیپو لێبڕاوانە کاروبارەکانی رادەپەڕێنێو جێگای خۆی لە ناو دڵی هاوڕێو هاوسەنگەرانیدا دەکاتەوە.

تا سەرەنجام کاك موحەممەدی پێشمەرگەی خواویستو دڵسۆزی ئاینو گەلو نیشتمان لە ١٩٩٥/٣/١٧داو کاتێك لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگەدا دەیانەوێ بە ئەرکێکی پێشمەرگانەوە لە رێگەی شاخی (شنروێ) وە دابەزنە ناو شار، بەڵام بەهۆی زۆری بەفرو سەرماوسۆڵەو گێژەڵوکەوە پێش ئەوەی بگەنەوە شار، لەگەڵ شەهید

(نەجمەدین میر عەبدوڵڵا)دا شەهید دەبن‌و دەگەڕێنەوە قاپی میهرەبانی خوداو ماڵئاوایی لە خانەوادەو خزم‌و كەسوكارو هاوڕێ‌و هاوسەنگەران‌و كاروانی رابوونی ئیسلامیی كوردستان دەكەن‌و پەیامەكەیان بە ڕێبوارانی وەفاداری ڕێگا دەسپێرن.

دوای شەهیدبوونی، تەرمی كاكە موحەممەد دەهێنرێتەوە هەڵەبجەو لە گۆڕستانی (گوڵانی خواروو) بەخاك دەسپێرێت.

شەهید موحەممەد مەحمود ساڵی ١٩٦٥ خێزانی پێكەوەنابوو، دوای خۆی سێ كچ‌و دوو كوڕی بە ناوەكانی (روناك، رووخۆش، رێنما، فاضیل، فاروق) بەجێهێشتوون.

شایانی باسە هێشتا شەهید موحەممەد هەر لە ژیاندا دەبێ كە كوڕێكی تری بەناوی (فاخر) لە تەمەنی (١٣) ساڵیدا لە (بیر) ی زەراعیدا دەخنكێ‌و ئەمەش كاریگەری زۆری بەسەرەوە دادەنێ.

# شەهید: ئیبراهیم حاجی حەمەساڵح سەعید



ساڵی ١٩٧٣ لە شاری هەڵەبجەی ئیسلامپەروەر لە ئامێزی بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی کۆکۆیی چاوی بە ژیان هەڵێناوە، ژیانی منداڵیی هەر لەوێ بەسەربردووەو هەر لە هەڵەبجەش نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە، دوای کیمیابارانو راگواستنی خەڵکی هەڵەبجە بۆ دەوروبەری هەولێر، تا پۆلی دووەمی ناوەندی لە کۆمەڵگای (گردەچاڵ) خوێندووە، جگە لەمەش لە مزگەوتی بوخاری لە هەڵەبجە خوێندوویەتی.

دواتر لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیانیشدا دەستیکردووە بە کارو کاسبیو شانیداوەتە بەر سەختیەکانی ژیانەوە.

شەهید ئیبراهیم لە بواری وەرزشیشدا وەرزشوانێکی کارامە بوو، خاوەنی رۆڵی دیاربوو لەو بوارەدا.

هەروەها کەسێکی خزمدۆستو خۆشەویستو راستگۆ بوو، حەزی بە چاکەو چاکەکاریو بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەهات، لە خزمەتی قورئاندا بوو، وێڕای خوێندنیو خوێندنەوەی چەند جوزئێکی قورئانیی پیرۆزیشی لەبەربوونو وانەشی بە چەند قوتابییەك دەگوتەوە.

کاکە ئیبراهیم بەر لە راپەڕین وەك لاوێکی ئیسلامخواز لەبەر شەوقی خۆری کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانو لە هەڵەبجەی ئیسلامپەروەردا هەنگاوی دەناو بە هیوایەکی زۆرەوە لە ئاسۆی ئازادی میللەتەکەیو کاروانی نووری دەڕوانی.

لەگەڵ راپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا پەیوەندی بە بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشووەوە دەکاتو لە تیپی مەشخەڵی سەر بە مەڵبەندی یەکی هەڵەبجە دەبێتە پێشمەرگەو چەکی ئیسلام دەکاتە شان.

ئیتر لەوێوە کاك ئیبراهیم وەك پێشمەرگەیەکی دڵسۆزی ئاینو گەلو نیشتمان دێتە مەیدانەوەو لەگەڵ هاوسەنگەرانیدا دەیەوێ باشترین خزمەت پێشکەش بکات، هەنگاوەکانی ئاوێتەی هەنگاوەکانی کاروانەکە دەکاتو دەبێتە پەرژینی دەوری بەها باڵاکانی کۆمەڵی کوردەواری، لە هەر شوێنێك پێویست بێ لەوێ روخساری نورانی شەوق دەداتەوە، لەوێ هەناسە پڕ لە هیواکانی لێدەدەن.

کاکە ئیبراهیم لە کاری پێشمەرگایەتیدا جارێکیان لە وشکەناو بریندار دەبێ کە ئەوسا بە خۆیی‌و قەناسەکەیەوە نیگای لە سیمای ئاییندە بڕیبوو.

کاکە ئیبراهیم ـ ئەم لاوە ئیسلامخوازو پێشمەرگە قارەمانە تا دەهات هەنگاوی بە گوڕتری دەناو ئومێدی زیاتر لە دڵو دەروونیدا چەکەرەی دەکرد، تا سەرەنجام لە رۆژی ١٩٩٥/٨/٣١ بە کارەساتێکی دڵتەزێن لەگەڵ کاکە (ناتق عەلی ئەحمەد) ی هاوسەنگەریدا شەهید دەبێت‌و بەرەو قاپی میهرەبانی خودا دەگەڕێتەوەوماڵئاوایی لە خزم‌و خانەوادەو هاوسەنگەرانی دەکات، دواتر تەرمەپاکەکەشی لە گۆڕستانی (گوڵانی سەروو) لە هەڵەبجە بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: ئەمیر جەمیل موحەممەد ساڵح[٧]



ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی (سەراو) ی ناوچەی نەورۆڵی لە شاری هەڵەبجەی شەهید چاوە گەشەکانی بە دونیا هەڵێناوەو دوای ڕاگواستنی گوندەکەیان لە لایەن ڕژێمی داگیرکەری بەعسەوە ماڵیان دێتە هەڵەبجەو قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (سەرکەوتن) دەخوێنێ‌و لەوەش زیاتر بواری خوێندنی نامێنێ‌و بە کارو کەسابەتەوە خەریك دەبێت.

ساڵی ١٩٩١و لەگەڵ ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستاندا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات‌و دەچێتە ریزەکانی یەکێتییەوە تا ساڵی ١٩٩٤.

ساڵی ١٩٩٥ دەبێتە قوتابی قورئان‌و لە مزگەوتی (ئەبوبەکری صدیق) ەوە دەست بە فێربونی زانست‌و خوێندنەوەی قورئان دەکات‌و هاوکات وانەش بە کۆمەڵێك منداڵی مزگەوت دەڵێتەوە، هەر لەو ساڵەشدا واتە ساڵی ١٩٩٥ پەیوەندی بە ریزەکانی پێشمەرگەی ئیسلامەوە دەکات‌و لە تیپی (تۆڵە)ی هێزی یەکی هەڵەبجە دەبێتە پێشمەرگەو بەوپەڕی لەخۆبردوویی‌و گیانفیداییەوە دەبێتە پارێزەری ڕەسەنایەتی‌و بەها بەرزەکانی کۆمەڵی کوردەواریی‌و بەختیاریی خۆی‌و نەتەوەکەی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام‌و ڕێبازی پێغەمبەری پێشەوادا ﷺ دەدۆزێتەوە.

شەهید ئەمیر لە درێژەی کاری پێشمەرگایەتی‌و ئیسلامخوازییدا هەم لەگەڵ هاوسەنگەرانی‌و هەم لەگەڵ خەڵکی دەوروبەرو خزم‌و دۆستانی کەسێکی کراوەو قسەخۆش‌و ڕووح سووك‌و نەرم و نیان بووەو بەم خەسڵەتە بەرزانەشەوە زیاتر جێگای خۆی لە ناو دڵی خەڵکدا دەکاتەوە.

لە لایەکی ترەوە شەهید ئەمیر لە بوارەکانی وەرزش‌و شانۆدا شارەزایی‌و سەلیقەی پەیدادەبێ‌و تیپی وەرزشی لاوانی گوڵان دروست دەکات‌و پەرە بە گیانی وەرزشی دەدات.

هەروەها شەهید ئەمیر لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییە ریشەییانەی کە لە بیرو ئەندێشەو ژیانیدا ڕوویانداوە، بە ئەندازەیەك خۆشەویستیی خواو ئایینی ئیسلامیی لە دڵدا دەچەسپێ تامەزرۆی شەهیدیی دەبێ، ئەوەتا کاتێك هەفتەیەك پێش شەهیدبوونی قاتێك جلی تازە دەکات، بە خزمەکانی دەڵێ ئەم قاتە یەکەم جارو کۆتا جار دەیکەمە بەر چونکە شەهید دەبم.

هەر بەم شێوەیە کاکە ئەمیری پێشمەرگەی ئیسلام‌و دڵسۆزی ئایین‌و گەل‌و نیشتمان لە رۆژی (١٩٩٦/١/١٠) لە شاری هەڵەبجەی شەهید لە پێناوی بیروباوەڕەکەیدا شەهید بوو و ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانی‌و خزم‌و کەسوکارو هاوڕێیانی دەکات‌و بەرەو بارەگای میهرەبانی خودا دەگەڕێتەوەو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی (گوڵانی خواروو) هەر لە هەڵەبجە بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: رەسوڵ قوربانی ئیبراهیم
# ناسراو بە: باوەڕ قوربانی



شەهید باوەڕ ساڵی ١٩٧١ لە ئامێزی بنەماڵەیەکی ئایینپەروەریی سەر بە عەشیرەتی ئاکۆ لە (سەرکەپکان) ی سەر بەرانیە چاوەکەشەکانی بە ژیانو ماکۆكو کێوەڕەشو حاجیلە هەڵێناوەو دواتر بەهۆی گواستنەوەی خانەوادەکەیان بۆ رانیە ژیانی منداڵیی لەوێ بەسەربردووەو لە قوتابخانەی (شاران) ی سەرەتایی نراوەتە بەر خوێندن، ناوەندییشی لە ناوەندی رانیەی کوڕان خوێندووەو دواجار لە ئامادەیی پیشەسازی رانیە درێژەی بە خوێندن داوە.

کاکە باوەڕ لە منداڵییەوە کوڕێکی زیتەڵو کراوە بووەو هەمیشە حەزی لە فێربوونی شتی نوێ دەکردو بە دیقەتەوە لە شتەکانی دەڕوانیو لێیان ورد دەبووەوە، هەر بۆیە دەنگو سەدای ئەو حاڵەتە ئیسلامییەی کە لەسەر دەستی مامۆستایانی بەڕێز، دەڤەرەکەی گرتبووەو تا دەهات بە گوڕتریش دەبوو، سەرنجی کاکە باوەڕ بە لای خۆیدا رادەکێشێو لە دەرەنجامی ئەمەشەوە لە ناخەوە دڵی بۆی دەجوڵێو عاشقی دەبێتو هەر لە ساڵی ١٩٨٦دەوە پێیەوە پەیوەست دەبێو بە چاوی ئومێدەوە لێی دەڕوانێ.

دوابەدوای دامەزراندنی بنکەو بارەگاکانی هێزی (حەمزە) لە قەندیلو قەڵاتووکان، شەماڵی بێداریو حەماسە زیاتر دڵی ئیسلامخوازانی دەڤەرەکە دێنێتە جۆشو خرۆش، هەر بۆیە لەگەڵ دامەزراندنی هێزی ئازادی لە لایەن مامۆستا مەغدیدی شەهیدو چەندان مامۆستاو لاوی تێکۆشەری ترەوە کاکە باوەڕیش وەك گەنجێکی بە راپەڕ دەچێتە ناو ئاپۆڕای ئیسلامخوازانەوەو پەیوەندی بەو هێزەوە دەکاتو دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلامو بەوپەڕی دڵسۆزییو کرێرایەتییەوە ئەركو فرمانەکان رادەپەڕێنێو شەوو رۆژ لە پێناو خزمەتی ئاینو گەلو نیشتماندا پێکەوە گرێدەدات.

لەگەڵ راپەڕینی ئازاری ١٩٩١یشدا لەگەڵ ئاپۆڕای پێشمەرگە گیان لەسەردەستو قارەمانەکانی ئیسلامدا ، لە سنووری پشدەرەوە دادەبەزێتە خوارەوەو رۆڵی خۆی لە جۆشدانی راپەڕینو راماڵینی بەعسیەکاندا دەبینێو بە رزگاری نیشتمانەکەیو هەرەسی دیکتاتۆریەت سەر لە نوێ لەدایك دەبێتەوە، پاشان لە داستانی (پردێ) شدا لە ١٩٩١/٣/٣٠ کە تییدا پێشمەرگە قارەمانەکانی ئیسلام سەروەرییەکی گەورە لە بەرەنگاربوونەوەی دژە هێرشی رژێمدا تۆمار دەکەن، بریندار دەبێو لە دوای راپەڕینیش لە سۆنگەی ئەوەوە کە لە بواری (فەننی) و ئەلیکترۆنیاتدا هەندێ شارەزایی پەیدادەکات، لەگەڵ دەستپێکردنی دەزگای تەلەفزیۆنی بزووتنەوەی

ئیسلامی کە یەکەمین کەناڵی دەڤەرەکە بوو رۆڵی خۆی دەبینێو وەك یەکێك لە فەننیەکان درێژە بە خزمەتی دڵسۆزانەی دەداتو لە خەمی بانگەوازی ئیسلامیدا دەبێتو وەك پێشمەرگەیەکی فیداکاریش ئامادەی گیانبەخشین دەبێت لە پێناویدا.

زستانی ۱۹۹۳ دەبێتە پەروانەی دەوری رێبازو بیروباوەڕو پەیامەکەیو کۆڵی خەمو ناسۆرەکانی دەکاتە شان.

کاکە باوەڕ هەروا بە وێنەی رێبوارێکی ماندوویی نەناس لەگەڵ کاروانەکەدا بە گورجو گۆڵی رێگا دەبڕێ، کاتێکیش مەڵبەندی سێی رانیە و بەشی ڕاگەیاندنی ، لە ساڵی ۱۹۹٥ رادیۆیەك دادەنێ ، کاکە باوەڕ دیسان لە بواری فەننیدا لەگەڵ چەند شارەزایەکی تردا رۆڵی خۆی دەبینێو تێیدا هەڵدەسووڕێ.

تا دواجار کاکە باوەڕی پێشمەرگەو راگەیاندکارو دڵ پڕ لە خۆشەویستیی پەروەردگارو پەرۆشی میللەتەکەی ، لە ۱۹۹٦/۱/۲۲ لە پشدەر دەگاتە کاروانی شەهیدانو کۆڵی خەمو ئاواتەکانی بە هاوسەنگەرانیو کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان دەسپێرێو ماڵئاوایی لە ژیانو خزمو دۆستانی دەکاتو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی کێوەڕەش لە رانیە بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: خدر نەبی ئەحمەد
## ناسراو بە: هیوا



لە مێژە کوردستان فرچکی بە ئیسلام گرتووەو خواویستیی بە قوڵایی ناخیدا رۆچووە، لە خۆڕا نییە هەر لە شاری گەورەو ئاوەدانییەوە، تا دەگاتە گوندە لا چەپو بێ نازەکانی بوونەتە چراخانی خەرمانەی رابوونی ئیسلامیی و رۆڵە بە ئەمەکەکانی پۆل پۆل لەو رووناکیە دەهاڵێنو ئامادەن ببنە قوربانی لە پێناویدا.

یەکێك لەو رۆڵە بە ئەمەکانەش شەهید خدر نەبی ئەحمەدە، کە وەك چۆن بە هیوا ناسراوە ئاواش بە هیواوە ژیاوە.

شەهید هیوا ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی (جەلکان) ی دەڤەری پشدەرە رەقەی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەر هاتۆتە دونیاوە، پاشان بەهۆی گۆڕانکاریەکانی شۆڕشەوە ماڵیان دەکەوێتە ئێرانو لەوێشەوە بۆ قەزای (شامیە) ی سەر بە پارێزگای دیوانیە لە خوارووی عێراق دەگوازنەوە ، بەو شێوەیە ژیانی منداڵیی تێکەڵی غەریبایەتیو ئاوارەیی دەبێتو هەر لە قەزای شامیەش دەنرێتە بەر خوێندن.

دواتر دەگەڕێتەوە پشدەرو لە تووەسوران درێژە بە ژیان دەداتو دوای راگواستنی پشدەریش لەلایەن بەعسیەکانەوە ماڵیان لە کۆمەڵگای زۆرەملێی (جەدیدە) ی سەر بە هەولێر دەگیرسێتەوە.

بەڵام شەهید هیوای قارەمان بەر لە راگواستن بە تەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەری شەپۆلی ئەو بێداریە ئیسلامیەی دەڤەرەکەی گرتبووەوەو خۆشەویستیی کاری ئیسلامیی لە دڵدا دەچەسپێ، هەر لە کاریگەری ئەمەوە لە ساڵی ١٩٨٧دا پەیوەندی بە رێکخستنەکانەوە دەکاتو دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ ماوەی نزیك بە ٦ مانگ لە هێزی حەمزە لە قەڵاتووکان چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانو دڵسۆزانە لەو ماوەیەدا ئەرکەکانی رادەپەڕێنێ.

دواتر بە کاری رێکخستن دەگەڕێتەوە ناو شارو ئیتر چالاکانە کاروبارەکان بەڕێوەدەبات، بەو هۆیەشەوە لە ساڵی ١٩٨٩ لەلایەن رژێمەوە دەستگیردەکرێتو ماوەی ٥ مانگ لە زیندانەکانی بەغداو ئەبوغرێب بەسەردەبات.

لە کاتی راپەڕینیشدا رۆڵی خۆی لە رێکخستنی جەماوەرو گرتنی بنکەو بارەگاکانی دوژمندا دەبینێو یەکێکیش بوو لەو سەدان پێشمەرگە گیان لەسەردەستانەی ئیسلام کە سەروەریی رزگارکردنی کەرکوکیان پێبڕا.

پاشان لە تیپی ۹۱ ی شەهیدانی سەر بە مەڵبەندی سێی رانیەدا درێژەی بە خزمەتی پێشمەرگایەتیداو دواتر بوو بە جێگر تیپی ٤٧ی کێوەڕەش.
زستانی ساڵی ۱۹۹۳ش دەبێتە پەرژینی رێبازو بیروباوەڕەکەی ، سەرەنجام کاکە هیوای پێشمەرگەی ئیسلام و لاوی پڕ لە هیوا، هەر لەو رێیەداو لە رۆژی ۱۹۹٦/۹/۱۰ لە (سالارە) ی پشتی قەڵادزێ پێکراو گەیشتە کاروانی شەهیدانو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی سەنگەسەر بەخاك سپێردرا.
شەهید هیوا لە ساڵی ۱۹۹۳ خێزانی پێکەوەنابوو، کوڕێك‌و کچێکی بە ناوەکانی (شاکار، شاناز) وەك مەدالیای شانازی بۆ بەرۆکی ئیسلام‌و کوردستان بەجێهێشتوون.
شایانی باسە شەهید هیوا دووەم شەهیدی بنەماڵە بەڕێزەکەیەتی‌و شەهید (رەسوڵ) ی براشی لە ۱۹۹۳/۱۲/۲۲ لەسەر چیای هەیبەت سوڵتان لە بارەگای پاسەوانی تەقویەی تەلەفزیۆن دەگاتە کاروانی شەهیدانو بەم پێیە وەك دوو پێشمەرگەی فیداکاری کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان بەسەر شانی چیاوە سەفەری سەروەریی دەستپێدەکەنو بەرەو بەرزی و ژیانی راستەقینە دەفڕن.



# شەهید: ئاراس شەریف
# ناسراو بە: حەمزە عەباس



ساڵی ١٩٧٦ لە گەڕەکی مەجیدبەگی شاری سلێمانی لە خێزانێکی خواناس و نیشتمانپەروەردا لەدایك دەبێت. ژیانی منداڵیشی لە ئامێزی شارە خۆشەویستەکەی سلێمانی، شاری هەڵمەت و قوربانیی و لە پەنای سیمای رازاوە و دەستی نازی گۆیژە و ئەزمەڕدا گوزەراندووە، دواتر نراوەتە بەر خوێندن و قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی دەباشان بەسەرکەوتوویی دەبڕێ و پاشان تا دووی ناوەندی لە ناوەندیی کاژاوی کوڕان درێژە بە خوێندن دەدات و لەمەش زیاتر بەهۆی کار و کەسابەت و هاوکاری خانەوادەکەیان بواری خوێندنی نامێنێ.

لەگەڵ راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی جەماوەری گەلی کوردستاندا زیاتر ئاسۆکانی بیر و ئەندێشەی کاکە حەمزە دەکرێنەوە و بە بەژنی گەلەگەتی پێشمەرگەکانی ئیسلام چاوی رۆشن دەبنەوە.

ساڵی ١٩٩٢ بە تەواوی دەستەملانی کاروانی ئیسلامخوازانی کوردستان دەبێت و لە مەڵبەندی (٦) ی سلێمانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکات دەبێتە پێشمەرگە، هەر لەو ساڵەوە بەهۆی خولیا و لێهاتوویی و دڵسۆزییەوە دەکەوێتە ناو خولەکانی سەربازییەوە و یەکەمین جار بەشداری خولی سەربازی شەهیدانی کەلار دەکات و لە کۆتایی (١٩٩٣) شدا دەنێردرێت بۆ فێرگەی سەبازی و سنووری سەرکردایەتی، هەر لەو ساڵەشدا بە ئەرکی سەرشانی خۆی لە پاراستنی رەسەنایەتی هەڵدەستێ.

ساڵی ١٩٩٤ هەورامان دەکاتە مەڵبەندی پێشمەرکایەتی و لە هێزی سلێمانی درێژە بە خزمەتی دەدات و کار و فەرمانەکان بە رێکوپێکی و دیققەتەوە ئەنجام دەدات و لەبەر کارامەیی و دڵسۆزی دەکرێتە فەرماندەی کەرت.

ساڵی ١٩٩٥ سەرلەنوێ بەشداری چەند خولێکی سەربازی دەکات و زانیاری و شارەزایی نوێ و تایبەت لەسەر جۆرەها چەکی سووك و قورس و پلانی سەربازی دەبینێ و پسپۆڕی لە هەندێك بواردا پەیدا دەکات و ئەمجار وەکو مامۆستایەك دەکەوێتە کردنەوەی خول و بە سەرپەرشتی هێزی سلێمانی ، خولی سەربازی (تۆڵەی شەهیدان) دەکاتەوە و دوای خولەکە دەکرێتە سەرتیپ و ئەندامی هێزەکە.

شەهید ئاراس وێڕای ئەوەی کە لە فیقهی جیهاد و زانستە ئیسلامییەکاندا شارەزاییەك پەیدا دەکات، لە بواری نووسینیشدا ئەسپی خۆی تاودەداو لە دۆستایەتی و خزمەتی خەڵك و هاتوچۆی دۆستان و خزمانیشدا دەستگەرم دەبێ.

شەهید ئاراسی ناسراو بە (حەمزە) هەمیشە وەك پێشمەرگەیەکی ئامادەو گیانفیدای ئیسلام لە هەر شوێنێك پێویست بووبێ ، بۆی ئامادەبووەو هەر کارێکی پێی سپێردرابێ ، دڵسۆزانە ناوی خوای لێهێناوەو ئەنجامی داوە.

تا سەرەنجام کاکە حەمزەی پێشمەرگەی قارەمانی ئیسلامو دڵسۆزی ئایینو گەلو نیشتمان ، چوار مانگ دوای پێکەوەنانی خێزانو لە ١٩٩٦/١٠/٩ لە ئەحمەدئاواو لە بارەگای هێزی سلێمانی لە کاتی ئەنجامدانی کارێکی پێشمەرگانەدا لەگەڵ کاك (شوان حەمە صالح) ی فەرماندەدا گەیشتە کاروانی شەهیدانو ماڵئاوایی لە هاورێو هاوسەنگەرانو خزمو عەزیزانی دەکات، پاشان تەرمە پاکەکەشی لەگەڵ شەهید شواندا لە گردی سەیوان لە شاری سلێمانی بە شکۆوە بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهیدی فەرماندە: شوان حەمە ساڵح دەروێش شەریف



کوردستانی مەڵبەندی ڕەسەنایەتیو بەرخودان، ئەوەندەی بەدەست جەورو ستەمی زۆرداران‌و هێزە داگیرکەرەکانەوە گیرۆدە بووەو تاڵاوی چەوساوەییو ژێردەستەیی چەشتووە، ئەوەندەو بگرە زیاتریش بە رۆڵەی گیانبازو مرۆڤی خاوەن باوەڕو ئیرادەو لاوی قارەمان‌و وڵاتپارێزو کەڵە پیاوی مەرگ بەزێنەوە دەنازێ.

جێی خۆیەتیو دەبێ ئەو شانازییە بە خۆیەوە بکات، چونکە ئەو لەگەڵ ئەوەیدا هەمیشە بە ئاگری شەڕی ستەمکاران بۆتە سوتماک‌و ماف‌و ئازادیو سەروەریی لێ زەوت کراوەو خەڵکەکەی بە جۆرەها شێوە هەوڵی قڕان‌و لەنێوبردنی دراوەو سەدان داو و پیلانی شوومی بۆ نراوەتەوە، هێشتا گیانی بەرەنگاریو شۆڕش‌و ڕاپەڕین زیاترو زیاتر لە لای رۆڵە بە ئەمەکەکانی جۆشی سەندووەو باوەڕبوون بە خوداو سەرکەوتن‌و ئازادی لا قوڵتر بۆتەوە.

شەهید شوان حەمە صالح یەکێك لەو رۆڵە قارەمانانەی نیشتمانە ، کە بەدەم ئازارەکانی نیشتمانەوە ژیاوە.

ساڵی ١٩٦٥ لە گەڕەکی سەرکارێزی شاری هەڵمەت‌و قوربانی هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیی لە گەڕەکی سەیوان بەسەربردووە.

لە قوتابخانەی پیرەمێردی سەرەتایی نراوەتە بەر خوێندن‌و قۆناغی ناوەندیشی لە ناوەندی ئازادی کوڕان بەسەرکەوتوویی بڕیوە، پاشان لە دواناوەندی ئەزمەڕی کوڕان تا (٥) ی ئامادەیی خوێندوویەتی.

ساڵی ١٩٧٩ لە دەرەنجامی هەستکردن بە چەوساوەیی میللەتەکەی دەچێتە ناو کاری رێکخراوەییەوەو پەیوەندی بە رێکخستنەکانی پارتییەوە دەکات‌و تا ساڵی ١٩٨٥ چالاکانە کارەکانی ئەنجام دەدات.



لە ئاکامی جموجوڵو چالاکیەکانیەوە لە ساڵی ١٩٨٣ لە ئیستیخبارات دەگیرێتو ماوەی (١٢) رۆژ زیندانی دەکرێ.

هەروەها لە ساڵی ١٩٨٥یش بۆ دووەمین جار لەلایەن ئەمنەوە دەگیرێتەوەو (٩) رۆژ دەمێنێتەوە. دواتر فیرار دەکاتو تا ساڵی ١٩٨٦ لە ناوچەی بەرزنجە دەمێنێتەوە، پاشان دەگەڕێتەوە ناو شار، لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ جاری سێیەم لە سلێمانی لەلایەن جەللادەکانی بەعسەوە دەگیرێتەوەو لەلایەن ئەمنی سلێمانییەوە رەوانەی ئەمنی عامو حوکمی ئیعدام دەکرێ، پاشان بە لێبوردن نێردراوەتەوە بۆ سەربازی بۆ سنووری (کوەیت - سعودیە) و لەگەڵ هەلایسانی جەنگی کەنداودا دەرفەتی فیرارکردنی بۆ دەڕەخسێتەوەو لە رۆژی ١٩٩١/٣/٥دا دەگاتەوە سلێمانی.

کاتێك دەیەوێ بەرەو ماڵی خۆیان بڕواتەوە دەبینێ ماڵەکەیان پڕە لە ئەمنو ئەمن دەستی بەسەردا گرتووەو ئەویش خۆی قوتار دەکاتو بۆی دەردەکەوێت کە بەهۆی ئەوەی لە تەنزیمی ئیسلامیدا بووە، ئیخباری کراوەو بەعسیەکان باوكو دایکیان دەرکردوونو سێ براشی بە ناوەکانی (رێبوارو هاوڕێو هێرش) راپێچی زیندان کراون.

بۆیە ئەمیش دەستبەجێ پەیوەندی بە هێڵەکانی رێکخستنی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەوە دەکاتەوەو خۆی بۆ راپەڕین ئامادە دەکاتو لەگەڵ سەرهەڵدانی راپەڕیندا لە (١٩٩١/٣/٧) لە سلێمانی رۆڵی خۆی دەبینێو پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی ئیسلامەوە دەکاتو بە تەواوی سێرە لە جاهیلیەت دەگرێ.

شەهید شوان حەمە صالح لە بواری کۆمەڵایەتیدا زۆر حەزی بە خزمایەتیو تێکەڵاویو هاموشۆی مەڵك دەکرد، ئەمە جگە لەوەی لە بواری موتاڵاو خۆ رۆشنبیرکردنیشدا لە هەوڵی بەردەوامدا بوو، کەسێکی دەست گەرمیش بوو لە ئیشو کارداو شارەزاییشی هەبوو لە بواری تەسجیلو رادیۆ سازیدا.

شەهید شوان حەمە صالح هەر لە سەرەتای پەیوەندیکردنی بە کاری ئیسلامیی لە ژێر کاریگەری شەهید (موحەممەدی حاجی مەحمود)ەوە تا ساتەکانی شەهیدبوونی هەمیشە لەبەرەوپێشچووندا بوو، هەنگاوی بە گوڕی لە بوارەکانی سەربازیو رۆشنبیریو ئەزموونی هەمەجۆردا دەنا، بەتایبەتی کاتێك لە دوای راپەڕینەوە کە مەڵبەندی سلێمانی دەبێتە مەڵبەندی کارکردنی، توانا و سەلیقەکانی بەرەبەرە دەپشکونو باڵای کەڵەگەتی بیرو ئەندێشەی چرۆ دەکاتو بەرەو بەرزی دەڕواو ئامازەکانی فەرماندەیی تێدا دەردەکەون.

هەر لە سەرەتای کارکردنی لە مەڵبەندا، تیپی (٨) ی شەهید موحەممەد لەگەڵ کۆمەڵێك لاوی ئیسلامخوازدا دادەمەزرێنیو خۆی دەبێتە براگەورەو سەرتیپییان.

ساڵی ١٩٩٣ بەهۆی لێهاتووییەوە دەبێتە لێپرسراوی بەشی سەربازی مەڵبەندەکەو لە زستانی ١٩٩٣شدا لە سەرئەشکەوتان بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێ، لە ساڵی ١٩٩٤یش دەبێتە فەرماندەی هێزی سلێمانی.

شەهیدی فەرماندە شوان حەمە صالح هەمیشە بیری بەلای پلانو هەنگاوی نوێدا دەچوو، ئەمەش لەم روانگەیەوە بوو کە ئەو خەمی سەرەتاو کۆتایی خزمەتی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانو هۆشیارکردنەوەو سازدانی لاوان بوو بۆ کۆبوونەوە لە دەوری کاروانەکەو هیوای سەرکەوتنی کارو پرۆژەی ئیسلامیی بوو لە پێناو راستەڕێکردنو بەختەوەری میللەتەکەیدا.

سەرەنجام کاکە شوانی پێشمەرگەو فەرماندەی خۆشەویستی ناو هاوڕێو هاوسەنگەرانی ، لە کاتی ئەنجامدانی کارێکی پێشمەرگانەدا لە ئەحمەدئاوا لەگەڵ (ئاراس شەریف)ی ناسراو بە (حەمزە) لە ١٩٩٦/١٠/٩ شەهید دەبێو کۆڵی خەمو خولیاو ئاواتەکانی بە هاوسەنگەرانی دەسپێرێو ماڵئاوایی لە کاروانی رابوونی ئیسلامی کوردستانو خزمو کەسوکاری دەکات، پاشان تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی گردی سەیوان لە سلێمانی لە مەراسیمێکی پڕشکۆدا بەخاك دەسپێردرێت. شەهید شوان حەمە صالح ساڵی ١٩٩٢ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی کوڕێكو کچێکی بە ناوەکانی (عەبدوڵلا، نیگا) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێهێشتوون.

شەهید شوان لە پێش راپەڕینەوە هەستی شیعرنووسینی هەبووە، بەڵام زۆر لەوانەی لەو سەردەمەدا دەیانووسیێ لێیان رازی نابێتو دەستبەرداریان دەبێت.

ئەمەی خوارەوە چەند کۆپلەیەکە لە شیعرێك کە لە سەردەمی بەناو ئەنفالەکانەوە بە ناوی (وەڵلا لە کاروان دواناکەوین) بە دژی رژێمی بەعس نووسیویەتی:

**زمانی کۆرپەکانمان لە بنەوە دەربێنن**

**تا لە باوکی نادیاریان بێدەنگ بن**

**ئافرەتانمان دوای دەستدرێژی**

**لەسەرەمەرگیشا با هەر بەندبن**

**قوڕگی کیژانی براکوژراوەکان**

**ریشەکشێش کەن تاکو مەنگ بن**


**چاوەکانمان هەڵبکوڵن**

کوێرو روشاو و لەنگ بن
قاچەکانمان ببڕنەوە بە یەکجاری
تا نا شیرین تا لاسەنگ بن
وەڵلا لە کاروان دواناکەوین
ئەو رۆژە دێت هەمووتان بە پەنگ بن

❊❊❊

بیسوتێنە خاکی سەنگاو بە کوردەوە
با ئەنفال بێ بە ژن‌و منداڵی وردەوە
گەرمیانەکەم با رۆ رۆی بێ
بۆ سەبایانی بێ سەرو شوێن
شارەزووریش هەر خۆزگەی بێ
ئاخۆ لە کوێن
گۆپ تەپەی من
لە گۆمی خوێن قوڕ بپێوێ
خاکی کوردیش
خاچپەرستی لەنێو خەوێ
سەرگەڵووی زام بگری بە کوڵ
بۆ سەدەها پیری جێماو
بادینانیش بسووتێنرێ
بە یەکسەری بە پیرو لاو
بەرزانییەکان
هەموو خوێنیان دەربهێنن
بۆ سەگە زامارەکانی
نێو قادسیەی بەکاربێنن
ماندوونابم هاوار ئەکەم
ولاتەکەم.... ولاتەکەم.
وەڵلا لە کاروان دواناکەوین
ئەو رۆژە دێت چاوەڕوان بە
کە دوژمنی تۆ پەت ئەکەم

# شەهید: شەریف موحەممەد مراد ئەحمەد



زۆرن ئەوانەی دەژین تەنها بۆ ئەوەی بخۆن‌و بخۆنەوە، بەڵام کەمن ئەوانەی دەیانەوێت ژیان بکەنە کێڵگەی چاندنی خۆراکی رۆح‌و توێشووی سەفەرێکی ئەبەدی.

بەڕێکردنی تەمەن بەسەربەرزی‌و سوربوونی خەرمانی کار لە ترۆپکی چیای ژیانا، خەڵاتێکە بە هەموو کەس نادرێ، کاڵایەکە بۆ باڵای هەموان نابێ، پەرداخێك ئەوینی ئیلاهییە، نۆشکردنی شەهامەت‌و لێ بڕانی دەوێ.

شەهیدی شنەی بایە، بە سارای دڵی هەمووماناا نایە، کە سەریشی کرد بە ماڵی هەر دڵێکا، رۆحی لە بەرامەی باخەکانی فیردەوس‌و ئاوی کەوسەر هەڵدەکێشێ، ئیدی هەتا ئەبەد وشەی سوتان لە فەرهەنگی بونیا ئەسڕێتەوەو دۆستایەتی لەگەڵ پەیامبەرانا پێ ئەبەستێ‌و پشوودان دەکاتە پیشەو گشت هەفتەیەك پەیامی لیقای خوا رادەگەیەنێ.

ئەوەی لە دوا هەناسەو هەنگاوەکانی سەفەری دونیادا سیمای شەهید ببینێت، روباری هەنگوین‌و شەرابی بێ مەستی‌و شیری کافوری‌و بێ رەنگی ئاوی بەهەشت، لە شەپۆلی خەندەی روخساریا بەدی دەکا، داواکارین پەروەردگارا، ئەم شەهیدەو تێکڕای شەهیدانی رێبازی پاکی ئیسلام لە تریفەی میهرەبانی خۆت هەڵکێشی‌و لەو کەسانە هەژماریانکەی کە خۆت لە قورئانا دەفەرمووی: (مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُم مَّن قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلاً) (الأحزاب : ٢٣ ).

شەهیدی ناوبراو ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی (کواوە)ی سەر بە پێنجوێن لە بنەماڵەیەکی ئیسلامدۆستی سەر بە عەشیرەتی گۆران چاوی بە دونیا هەڵێناوە، لە تەمەنی شەش ساڵیدا لەبەر نەبوونی قوتابخانە لە گوندەکەیان دەچێتە حوجرەو هەر زوو قورئان خەتم دەکات.

لە تافی لاویداو لە ساڵی ١٩٧٦ دەگیرێت بە عەسکەر، پاشان لەوێ دەچێتە دەورەوەو تا پۆلی شەشی (نەهێشتنی نەخوێندەواری) بەسەرکەتووانە دەبڕێت، پاش چەند ساڵ لە دەستی رژێم فیرار دەکاو دواتر پەیوەندی دەکات بە یەکێتی نیشتمانییەوەو لە ماوەی کەمتر لە ساڵێك لەناو یەکێتیدا چەندین جار بەشداری شەڕی بەعسی کردووەو هەروەها یەکێك بوو لەوانەی لە شەڕی هەکاریدا رزگاری بووە.

شەهید شەریف بە کەسایەتییەکی رووخۆش‌و سەخی تەبیعەت‌و بە رەحم لەناو خەڵکیدا ناسرابوو.

ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی دەکات بە کاری ئیسلامییەوەو دەبێتە تاکێکی بە ئەمەك بۆ ئایین‌و خاك‌و نەتەوەو بە کردەوە بەشداری خەم‌و خۆشیەکانی گەلەکەی دەکاو بێ وچان تێدەکۆشێت.

شەهید شەریف لە ١٩٩٦/١٠/٢٠ لەکاتێکدا پاسەوانی مەڵبەندی بزووتنەوەی راپەڕینی پێشوو بوو، بە غەدر نەورەسی رۆحیان هەڵفڕاندو بە پلەی بەرزی شەهیدی گەیشت، پاشان تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی (عەواڵ) بەخاك سپێردرا.

شەهید شەریف لە ساڵی ١٩٨٤ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی دوو کچ‌و دوو کوڕی بە ناوەکانی (شادان، شۆخان، موحەممەد، ئوسامە) بەجێهێشتوون.

# شەهید: غەفور موحەممەد مستەفا حسێن
# ناسراو بە: خوبەیب



ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی (بنگرد) ی سەر بە شاری چەمچەماڵ لە ئامێزی بنەماڵەیەکی ئایینپەروەری عەشیرەتی هەمەوەند هاتۆتە دونیاوە، پشان نراوەتە بەر خوێندن ودوای بڕینی قۆناغەکانی سەرەتاییو ناوەندی چووەتە ئامادەیی پیشەسازیو لەوێ درێژەی بە خوێندن داوە، ماوەیەکیش لە حوجرە لە چەمچەماڵ لە مزگەوتی (شێخ کاکە حەمە) لای چەند مامۆستایەکی ئایینی خوێندوویەتی.

شەهید (خوبەیب) وەك لاوێکی خواناسو دڵبێدار لەناو لاواندا دەردەکەوێ، هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٩٢دا لەگەڵ دوو برای تردا قوتابخانەی (تیشکی قورئان) لە گەڕەکی سەرشەقام دادەنێو ژمارەیەکی زۆر قوتابی وانەی قورئانو زانستە ئیسلامیەکانی تێدا دەخوێنن.



لە شەوی (٢١-١٩٩٣/٦/٢٢) لەگەڵ (١٨) قوتابیدا بەهۆی هاوانەوە لە چەمچەماڵ بریندار دەبێ.

ساڵی ١٩٩٤و دوای زستانی ٩٣، کاکە خوبەیب دەبێتە هاوڕێی سورێن و شارەزوورو دواتر دەگەڕێتەوە چەمچەماڵو بە وانەوتنەوەو شارەزاکردنی منداڵە چاوگەشەکانی نەتەوەکەی لە قورئانی پیرۆزو دینو شەریعەتی خودا خەریك دەبێت.

ساڵی ١٩٩٦ سەرلەنوێ بەهۆی زەرورەتی کاری ئیسلامییو هەلومەرجی ئەوساوە دەچێتەوە سنووری شارەزوور و لە بەرزی چیاوە ئیلهامی سەربەرزی وەردەگرێو وەك هەڵۆ بە دەوری لوتکەی هیواکانیەوە دەخولێتەوە.

تا لە ئاکامدا لە پێناوی بیروباوەڕو رێبازەکەیداو لە ساڵی ١٩٩٧ لە گوندی (عامورە) ی بناری چیای سورێن شەهید دەبێو بە تیشکی قورئانو گەوهەری ئیمانو توێشووی تێکۆشانەوە ، بەرەو قاپی میهرەبانی خودا دەگەڕێتەوەو تەرمە پاکەکەشی لە گوندی (یالامپێ) ی نێو چیا سەرکەشەکانی هەورامان بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: ئەمین کاکە حەمە جەبار

# ناسراو بە: هێمن[7]



ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی (عەلی مستەفا) ی سەر بە چەمچەماڵ لە خانەوادەیەکی جەباری هاتۆتە دونیاوەو ژیانی منداڵیشی لەوێ بەسەربردووە، بواری ئەوەشی بۆ نەڕەخساوە بنێردرێتە بەر خوێدنی قوتابخانە.

شەهید ئەمین لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیاندا شانی داوەتە بەر کەسابەتو کرێکاریو ماوەیەکیش چووە بۆ سەربازیو یەك ساڵیش لە ریزی حزبی سۆشیالیستدا کاری کردووە، پاشان کاکە ئەمین هۆگری مزگەوت دەبێتو بەم هۆیەشەوە زیاتر ئیلیزاماتی ئیسلامیی تێدا رەنگ دەداتەوە.

ساڵی ١٩٩٢ پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو هاوڕێیەتی لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا دەبەستێتو لەلای مامۆستا جەلال دەستدەکات بە خوێندنو دڵی بە نووری قورئان دەکرێتەوە، دواجار نزیکەی (١٧) جوزئی لە قورئانی پیرۆز لەبەرکردووە.

کاکە ئەمینی ناسراو بە (هێمن) ساڵی ١٩٩٣ لە بنکەی شەرەفخان لە چەمچەماڵ دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلامو پاشان دەگوازرێتەوە بۆ هێزی کەرکووكو لەوێ درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.

کاك ئەمین وەك پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو فیداکاری ئیسلام ، هەمیشە ئامادەی راپەڕاندنی ئەرکەکانی پێشمەرگایەتی دەبێت.

لە ساڵی ١٩٩٣ و ١٩٩٧دا رێبوارێکی بە ئەمەکی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان دەبێو لێبڕاوانە دەکەوێتە کارو چالاکی، تا سەرەنجام کاك ئەمین حەمە جەباری ، پێشمەرگەی خواویستو قارەمان هەر لەو رێیەو لە ساڵی (١٩٩٧) لە ملەی عامورەی سەر بە شارۆچکەی خورماڵ، شەهید دەبێو دەچێتە ناو ریزی ئەستێرەکانی ترۆپکی سەروەرییەوەو پەیامەکەی بە رێبوارانی رێبازی رەسەنایەتی دەسپێرێو پاشان تەرمە پاکەکەی دەبرێتەوە بۆ چەمچەماڵو لە گۆڕستانی وەسمان غەزال بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید ئەمین ساڵی ١٩٦٩ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی دوو کوڕ بە ناوەکانی (جەعفەر، حەیدەر) وەك دوو نەمامی هیوا بەجێدێڵێ.

# شەهید: ئاریان عەبدوڕڕەحمان موحەممەد
# ناسراو بە: عەبدوڵڵا



ساڵی ١٩٨٠ لە گەڕەکی بەنزینخانەی شاری هەڵەبجەی شەهید لە بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی هاروونی هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیی لە گوندی جەرداسنەو کانی شێخو ناحیەی سیروانو هەڵەبجەی تازە بەسەربردووە.

قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی دەرسیمو ناوەندیشی لە ناوەندیی (ئالان) ی کوڕان خوێندووە، ساڵی ١٩٩٥ پەیوەندیی بە کاری ئیسلامییەوە کردووە، هەروەها لەگەڵ بنکەی رۆشنبیری ئاسۆ لە هەڵەبجەی تازە پەیوەندیو هاتووچۆی هەبووە، تیایدا وانەی خوێندووە، لە ١٨/٥/١٩٩٦ لە هێزی شەهید عومەر لە هەڵەبجەی شەهید دەبێتە پێشمەرگەو چەکی ئیسلام دەکاتە شانو دواتر بە هۆی شارەزاییو دڵسۆزیی دەکرێتە عەدەد جیهازی هێزەکەو پاشان دەگوازرێتەوە بۆ هێزی شارەزوورو ئەمجار هێزی دووی گەرمیانو لە هەرکام لەو هێزانەش هەر بە پلەی یەکەم بە کاری عەدەد جیهازییەوە خەریك دەبێتو لەو بوارەدا دڵسۆزانەو بە نهێنی پارێزییەوە خزمەت دەکات.

شەهید ئاریان کە سەرەتای تەمەنی لاوێتیی خۆی بە ئیسلام بەخشیو لە خواپەرستیو ئیسلامخوازییدا نەشونومای کردو تا دەهات ئاسۆی بیرو فکری فراوانتر دەبوو، دڵی بە نووری قورئانو هیدایەتی خوایی رۆشنتر دەبۆوەو گیانی فیداکارییو تێکۆشانی تێدا بە جۆشو خرۆشتر دەبوو.

هەر بۆیە لە ئاستەنگەکاندا رۆڵی خۆی بە هیممەتی بەرزەوە دەبینیو ساڵی ١٩٩٧یش فیداکارانە دەبێتە پەرژینی دەوری رەسەنایەتی، تا سەرەنجام کاکە ئاریانی تازە لاو و دڵ پڕ لە باوەڕو هیواو پێشمەرگەی تیپی (شێخول ئیسلام) ی هێزی دووی گەرمیانو لە کاتی واجبو دەوامی پێشمەرگایەتیی لەگەڵ هاوڕێی پێشمەرگەی (سامان رەحمەاللە) ی کفری بە هۆی تەقینەوەی گوللە هاوەنێکەوە شەهید دەبێتو ماڵئاوایی لە ژیانی دونیا دەکاتو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی شێخ (صاحێب) لە زەڕایەن بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: والی فارس حسێن[7]




سالّی ١٩٧٣ لە گوندی (گردەنازێ) ی سەر بە شارۆچكەی سەیدصادق و لە خانەوادەیەكی سەر بە عەشیرەتی هارونی لە ئامێزی شارەزووردا چاوی بە ژیان هەڵێناوەو رازو نازی منداڵیشی هەر لەگەڵ گردەنازێ و باڵای كەڵەگەتی سورێندا گۆڕیوەتەوە، پاشان هەر لە گوندەكەی خۆیان نراوەتە بەر خوێندن و دوای قۆناغی سەرەتاییش لە ناوەندی سەیدصادق درێژەی بە خوێندن داوەو تەنها تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندوویەتی و قوتابییەكی گەلێك زیرەك و بە رەوشت و وریا بووە.
شەهید والی لە سۆنگەی ئەوەوە كە لە بنەماڵەیەكی ئایینپەروەر لەدایك بووە، هەر لە منداڵییەوە هۆگری مزگەوت و نوێژو خواپەرستی دەبێ، بۆیە لە دوای خوێندنیش وێڕای كارو كاسبی و هاوكاری خێزانەكەیان خەریكی خۆشارەزاكردن دەبێت لە ئایینی خواو لەگەڵ قورئانی پیرۆزو فەرموودەكانی پێغەمبەری پێشەواو فیقهی ئیسلامیدا ئاشنایەتی پەیدا دەكات و لێیان دانابڕێ.
شەهید والی فارس ماوەیەكیش دووچاری سەربازی دەبێ.
هەر لە تەمەنی (١٧) ساڵییەوە دێتە ناو كاری ئیسلامییەوەو لە ریزەكانی (برایانی موسڵمان)دا تا ساڵی ١٩٩٥ كاردەكات، لەو ساڵەدا ریزەكانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو بۆ تێكۆشان و كاری ئیسلامیی هەڵدەبژێرێ و هەر لەو ساڵەدا لە هێزی (شەهید موحەممەد)ی سەر بە مەڵبەندی یەكی هەڵەبجە دەبێتە پێشمەرگەو دڵسۆزانەو لێبڕاوانە ئەرك و فەرمانەكان رادەپەڕێنێ و دەبێتە رێبوارێكی چالاكی رێگای كاروانی جیهادو تێكۆشانی ئیسلامخوازانی كوردستان.
شەهید والی كەسێكی گەلێك سەخی و هەژاردۆست و میوان نەوازیش بووەو زۆر حەزی بە هاوكاری خەڵك و هەژاران كردووەو چیی لەدەست هاتبێ لەو بوارەدا لە رۆژانی گرانی و سەختیدا كردوویەتی، شەوانەش دەستی بەخشندەیی درێژكردووە بۆ ئەوەی دووربكەوێتەوە لە ریا، تەنانەت لە كاتی گرانیەكەدا نزیك بە (٦) تەن گەنمی خۆیان دەبەخشێ و دەیداتە هەژاران.
شەهید والی بەم ئەخلاقە بەرزو جوانانەوە بە گەرم و گوڕی لە كاردا بوو، ببووە خۆشەویستی خەڵك و دەوروبەری و نموونەی لاوی ئیسلامخوازی میللەتپەروەر.
شەهید والی لەناو هاوسەنگەرانیشیدا وێڕای ئەم سیفەتە بەرزانە بە پێشمەرگەی ئازاو گیانفیدا ناسرابوو، ئەمەش لە درێژەی خزمەتی پێشمەرگایەتیدا سەلماندبوو، سەرەنجام

کاك والی پێشیمەرگەی دڵسۆزی ئایین‌و گەل‌و نیشتمان‌و لاوی ئیسلامخوازو چاکەکارو بەخشندە لە سەعات ٩,٤٥ دەقیقەی شەوی ٢٢-١٩٩٧/١/٢٣ لە پێناو بەرگری لە بیروباوەڕو پەیامە پیرۆزەکەیدا هەر لە گردەنازێی زێدی لەدایکبوونیدا شەهید کراو گیانی شیرینی بە میهرەبانی خوداو ژیانی ڕاستەقینەو هەمیشەیی پەیوەست بووەوە، تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی سەیدصادق بەخاك سپێردرا.

شەهید والی کە خاوەنی چەند شیعرو دەستوونسێك بووە، هەموویان فەوتاون‌و، پەیماننامەیەك لەگەڵ بوونی بە پێشمەرگە بەدەستی خۆی دەنووسی‌و تیایدا پەیمانی نیەتپاکی‌و برایەتی‌و ڕاوێژو پاراستنی نهێنی‌و گوێڕایەڵی دەدات.

ئەمە بەشێکیەتی:


بسم الله الرحمن الرحیم.

بابەتی پەیمان"

١- بڕیار بێت هەموو کارەکانمان لەپێناوی ڕەزامەندی خوای گەورەو لە پێناوی ئیسلام و [illegible] بێت.

٢- بڕیار بێت برایەکی ڕاستەقینەی [illegible] پاك و [illegible] بێت لە [illegible].

٣- بڕیار بێت هیچ کارێکی دنیایی [illegible] و هیچ کارێك بەبێ یەك [illegible] نەدەین [illegible]

٤- پاراستنی نهێنی و ئامادە [illegible]

# شەهید: دیاری والی تاهیر فەتحوڵڵا
## ناسراو بە: ڕەشاد



ساڵی ١٩٧٢ لە گەڕەكی سەرشەقامی شاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە، پاشان نراوەتە بەر خوێندنو تا پۆلی یەكەمی ناوەندی لە ناوەندی گۆران خوێندوویەتیو دوای ئەوە زۆر خولیای كۆنفۆو یاری كاراتی دەبیٚو توانایەكی باش لەو بوارەدا بەدەستدەهێنیٚ، ساڵی ١٩٩١ بەشداری راپەڕین دەكاتو بەگژ بەعسیەكاندا دەچێتەوە.
دواتر بە پۆلیسی ناوخۆ لە سلێمانی دادەمەزرێتو بە پلەی (مفەوەز) درێژە بە خزمەت دەداتو دڵسۆزانە فرمانەكان رادەپەڕێنیٚ، هەر لەبەر دڵسۆزیو چوستو چالاكی لەلایەن مدیری شورتەوە داوای لێدەكریٚ بەردەوامبێتو پلەی بەرزبكرێتەوەو بكرێتە (ئەفسەر) ، بەڵام ئەم رەتی دەكاتەوەو پاشان واز لە پیشەكەی دێنیٚ.
رەمەزانی ١٩٩٤ دەبێتە وێستگەی وەرچەرخانو بەخۆداچوونەوەی كاك دیاریو لەوێوە بڕیاری پابەندیو گەڕانەوە بۆ ئامێزی خوای میهرەبان دەداتو لە هەموو ئەم خەسڵەتو هەڵسوكەوتو تێڕوانینە نادروستانەی كە هەیبوونو زۆرجار ئازاری دایكو خێزانەكەیانی لێدەكەوتەوە، دەستبەردار دەبێتو لاپەڕەیەكی نویٚ لە ژیانی هەڵدەداتەوە.
هەر لەو مانگە پیرۆزەی رەمەزانیشدا دەبێت كە بڕیاری پەیوەندی دەدات بە بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوساوەو بەرەو ئەحمەدئاوا دەكەوێتە ریٚو لە هێزی سلێمانی دەبێتە پێشمەرگەو بۆ ماوەی (٦) مانگ لەویٚ دەبێت، كاتێك دەگەڕێتەوە بۆ ناو خانەوادەكەیان دەبینن گۆڕانێكی گەورە لە هەڵسوكەوتیدا وەدیهاتووە.
شەهید رەشاد لەگەڵ راپەڕاندنی ئەركەكانی پێشمەرگایەتیشدا بە وەرزشی كۆنفۆوە خەریك دەبێتو وێڕای ئەوە، خۆشی دەكەوێتە كردنەوەی خولی كۆنفۆیی.
كاكە رەشاد وەك پێشمەرگەیەكی ئامادەو فیداكار لە تەنگژەو سەختیەكانی بەردەم كاروانی رابوونی ئیسلامیی كوردستاندا ، بە ئەركی سەرشانی خۆی هەڵدەستیٚو لە پێناو زیندووراگرتنی پەیامەكەیدا پەیمانی تێكۆشانو بەردەوامیو گیانفیدایی لەگەڵ خوای گەورەدا دەبەستیٚ.
تا سەرەنجام كاكە دیاری پێشمەرگەی قارەمانی ئیسلامو ساغبۆوەی ناو سەختیەكانی ژیان لە (٧/٤/ ١٩٩٧) لە زەمەقی نزیك هەڵەبجە گیانی خۆی كردە دیاری پەیامە رێبازەكەیو بە پلەی بەرزی شەهیدی گەیشتو پاشان تەرمەكەی لە ئەحمەدئاوا بەخاك دەسپێردرێت، بەڵام دواتر خانەوادەكەیان تەرمەكەی دەگوازنەوە بۆ گردی

سەیوان لە شاری سلێمانی، دایکی لەو بارەوە دەڵێت: "دوای چوار پێنج رۆژ تەرمەکەیان گواستەوەو بۆنی میسکی لێدەهات"، هەروەها دایکی دەڵێ: "ئاخر هەینی پێش شەهیدبوونی پێی وتم : دایەگیان ئەگەر ئێمە شەهید بووین، هەرگیز نەکەی لەخۆت بدەیتو یەخەی بدڕیت، وەکو جاهیلەکان، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: ( ليس منا من ضرب الخدود وشق الجيوب ودعى بدعوة الجاهلية ) سوپاس بۆ خوا ئێمەش هیچ بێ فەرمانی خوامان نەکرد لە کاتی پرسەکەیدا".

# شەهید: حەمە ئەمین عەبدوڕڕەحمان موحەممەد فەرەج



ساڵی ١٩٧٣ لە شاری هەڵەبجەو لە ئامێزی خانەوادەیەکی ئایینپەروەری سەر بە عەشیرەتی نەورۆڵی هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیی لەوێ بەسەربردووەو لە قوتابخانەی (باڵامبۆ) ی سەرەتایی نراوەتە بەر خوێندن، پاشان لە ناوەندیی (دیراساتی ئیسلامیی) تا پۆلی سێیەم درێژەی بە خوێندن داوە.

کاکە حەمە ئەمین عەبدوڕڕەحمان هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دەستی بە خوێندنی قورئانی پیرۆز کردووەو وەك رۆڵەیەکی موسڵمان دەرکەوتووەو هۆگری مزگەوتو قورئانو کاری خێرو چاکەو هاوڕێی رەوشت بەرز بووە.

دوای کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە رێگای هیجرەتو جیهاد دەگرێتەبەرو پەیوەندی بە ریزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەو کاتەوە دەکاتو بەیداخی جیهاد دژ بە رژێمی نەگریسی بەعس بەرزدەکاتەوەو لە چەندان چالاکی جیهادیدا بەشداری دەکات، لە راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی جەماوەری شۆڕشگێڕی گەلی کوردستاندا بەشداری دەکاتو رۆڵی جوامێرانە لە ناوچەکانی هەڵەبجەی تازەو گەرمیاندا دەبینێ.

لە دوای راپەڕین لە مەڵبەندی یەکی هەڵەبجە درێژە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی دەدات، ئەمجار لە سکرتاریەتی رابەرو هێزی دووی شەهید موحەممەد دڵسۆزانە ئەرکەکانی رادەپەڕێنێ، لەبەر ئازاییو لێهاتوویی دەکرێتە لێپرسراوی تیپی شەهید (نەجمەدین) لە هێزی شەهید موحەممەد.

هەروەها لەبەردەم ئاستەنگەکانی بەردەم کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستاندا دلێرانە وەستاوەتەوەو بە باوەڕی بەهێزو ورەی پۆڵایینەوە بەرگری لە رەسەنایەتیو بەها باڵاکانی کۆمەڵی کوردەواری کردووە.

کاکە حەمە ئەمین کە بۆ خۆی رێبواری سەر راستی رێبازی سەرفرازیو کامەرانی راستەقینە بوو، دەیویست نەتەوەکەشی تا سەر دەست بەم رێبازەوە بگرێتو پێیەوە پابەندبێت، بۆ ئەوەی سەرکەوتوو و سەرفرازی دونیاو دوارۆژ بێت، بۆیە زۆر شانازی بەوەوە دەکرد کە پێشمەرگەی ئیسلامەو بە بیروباوەڕی ئیسلامییەوە لە خزمەت ئایینو گەلو نیشتماندایە.

شەهید زۆر حەزی بە ئاشتەواییو کاری ئیصلاحی دەهات، لەو پێناوەشدا خاوەنی پەرۆشێکی قوڵ بوو.

کاکە حەمە ئەمین عەبدوڕڕەحمانی لاوی بە هەڵوێستو پێشمەرگەی دێرینو دلێری ئیسلام بە دونیایەك خەونی رەنگاڵەو خولیای پیرۆزەوە دەژیاو تێدەکۆشا، تا سەرەنجام

ئەم لاوە خواویستو لێبڕاوە لە ڕۆژی ١٩٩٧/٤/٧دا لە هەڵەبجەی شەهید ، شەهیدکراو ماڵئاوایی لە ژیانی کورتی دونیاییو خزمو هاوڕێو هاوسەنگەرانی کردو گیانی شیرینی لە پێناوی خوادا بەخشی، دواتر تەرمەپاکەکەشی هەر لە هەڵەبجەو لە گۆڕستانی (گوڵانی خواروو) بەخاك سپێردرا.

شەهید حەمە ئەمین ساڵی ١٩٩٠ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی کوڕێكو دوو کچی بە ناوەکانی (ئەدهەم، ئەمەل، خوشکان) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کۆمەڵی کوردەواری بەجێهێشتوون.

# شەهید: عەزیز موحەممەد ئەمین ئەحمەد
# ناسراو بە: خالید گۆپتەپەیی



ساڵی ١٩٧٦ لە گوندی (گۆپتەپە) ی سەر بە چەمچەماڵ هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیی لە گوندەکەیان بەسەر بردووەو هەر لەوێش تا شەشی سەرەتایی خوێندوویەتی، کاتێکیش لە (تەکیە) نیشتەجێ دەبێ ، ماوەیەك لە حوجرە دەخوێنێ،

کاك خالید گۆپتەپەیی لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیاندا بە کشتوکاڵ کردنەوە خەریك بووە، لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە حەزی بە سەردانو بەسەرکردنەوەی خزمانو دۆستان کردووە.

لە کاتی شاڵاوەکانی بەناو ئەنفالو کیمیایی بارانی گۆپتەپەدا کە لەلایەن رژێمی درندەی بەعسەوە ئەنجامدران، کاك خالید لە گوندی گۆپتەپە لەگەڵ دایکیو خزمانی تردا دەگیرێو پاشان ئازاد دەکرێت.

کاك عەزیز موحەممەد ئەمین ناسراو بە (خالید گۆپتەپەیی) دوای ئەوەی دڵو دەروونی بە نووری خۆشەویستیی خواو پێغەمبەری پێشەوا ﷺ رۆشن دەبێتەوە، هۆگری رێبازی راستەقینەی ژیان دەبێو دەخوازێ لە پێناویشیدا بە سەرو ماڵ تێکۆشێو پارێزگاریشی لێبکات.

بۆیە لە ١٩٩٥/٣/٥دا دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلامو لە هێزی حەمرین قۆڵی خزمەتو خەباتی لێهەڵدەماڵێ و ساتەکانی تەمەنی لاوی ئاوێتەی ساتە نوورانیەکانی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان دەکات، بەم شێوەیە لەگەڵ هاورێو هاوسەنگەرانیدا لە ئاسۆی ئازادیو سەرفرازی راستەقینە دەروانێو سەرکەوتنی میللەتەکەی بەسەر پیلانو ستەمکارییەکاندا بە ئاوات دەخوازێ.

تا سەرەنجام کاك خالید گۆپتەپەیی لە ١٩٩٧/٤/١٣ لە پێناو پەیامو بیروباوەرەکەیدا لە گوندی (گێڵەك) لە شارەزوور شەهید دەبێو پاشان تەرمە پاکەکەی بەرەو گۆپتەپەی زێدی خۆشەویستی دەبرێتەوەو لەوێ بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید عەدنان عەزیم سەعید
# ناسراو بە: هێرش



ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی (باخ هەنارە) ی سەر بە ناحیەی (مەیدان) ی قەزای خانەقین لە بنەماڵەیەكی سەر بە عەشیرەتی (باوەجاف) ی لەدایك دەبێت ، بەر لەوەی چاوە گەشەكانی تێر لە سیمای گەرمیان رامێنیّ، هەر لە هەمان ساڵی لەدایكبوونیدا خانەوادەكەیان بە هۆی ئاڵۆزیی بارودۆخی سیاسیی ئەو سەردەمەوە ئاوارەی ئێران دەبیّو لە خوڕەم ئاباد دەگیرسێنەوە، هەر لەویّ كاكە عەدنان دەنرێتە بەر خوێندن، دوای گەڕانەوەیان لە قوتابخانەی ئەحمەد موختار بەگی جاف ، قۆناغی سەرەتایی تەواو دەكاتو دواتر لە ناوەندیی عەنەب لە هەڵەبجە درێژە بە خوێدن دەدات.

شەهید عەدنان ناسراو بە (هێرش) ماوەیەكیش لە حوجرە بە مەبەستی شارەزابوون لە ئیسلام ، لای مامۆستا حەسەن شەمێرانی لە كۆمەڵگای زەمەقی دەخوێنیّ.

شەهید عەدنان بە ئەم هەموو سەروخوارانەی ژیانو هیجرەتو ئاوارەیی خۆییو خانەوادەكەی ، كە هەر لەگەڵ یەكەم ساڵی لەدایكبوونییەوە ئاوێتەی ژیانی بووە و هەر كام لە باخ هەنارەو ئێرانو قەزای حەدیسەی رومادیو زەمەقیو هەڵەبجەی شەهیدو كویّو كویّ دەبن بە وێستگەكانی ژیانی، بوو بە كەسێكی چاوكراوەو شارەزاو پیاوی سەختیەكان.

شەهید عەدنان ساڵی ١٩٩١ كە تیایدا راپەڕینی جەماوەریی گەلی كوردستان بەرپاكرا، رۆڵی خۆی دەبینیّو هەر لەو ساڵەدا پەیوەندی بە كاروانی رابوونی ئیسلامیی كوردستانەوە دەكاتو لە راپەڕین ئامێز لە بەژنی كەڵەگەتی پێشمەرگەی ئیسلامو چەكو سەنگەر وەردێنیّو لە تیپی (شەهید عەبدوڵلا)ی سەر بە هێزی گەرمیان دەبێتە پێشمەرگەو پاشان لەبەر لێهاتووییو دڵسۆزیی دەبێتە ئەندامی هێزی گەرمیانو خۆی بۆ خزمەتی ئیسلامو گەلە موسڵمانەكەی تەرخان دەكات ، لە سەختیەكاندا جێدەستی دیار دەبیّو ساڵی (١٩٩٢ و ١٩٩٣ و ١٩٩٤و ١٩٩٧) بە ئەركو فرمانەكان هەڵدەستیّو ئەركی خۆی لە ئاست پەیامو رێبازەكەیدا جێبەجیّ دەكاتو رۆڵی خۆی دەبینیّ.

تەنانەت خواویستیو دڵسۆزیی كاك عەدنان دەگاتە ئاستێك كە تامەزرۆی شەهیدی دەبیّو داوای دوعای شەهادەت لە هاوڕیّو خانەوادەو خوشكەكانی دەكات.


تا سەرەنجام كاك عەدنانی پێشمەرگەی دلێرو جوامێری ئیسلام ، دوای دووجار بریندار بوون لە سەیدصادقو هەڵەبجەی شەهید ، لە رۆژی ١٩٩٧/٤/٢٥ لەگەڵ

شەهید هیجران کەلاری دەگاتە کاروانی شەهیدانو تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی خورماڵ بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید عەدنانی ناسراو بە (هێرش) لە ساڵی ١٩٩٥ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی تەنها کچێکی بە ناوی (روەیدا) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێهێشتووە.



# شەهید عەبدوڵڵا ڕەسوڵ ڕەشید
# ناسراو بە: نەبەز مەرگەیی



ساڵی ١٩٧٣ گوندی (سەرتەنگ) ی دامێنی ئاسۆس و سەر بە شارۆچكەی (بنگرد) ی بەری مەرگە، لەگەڵ زریكەی منداڵێكی چاوگەشدا راچەنی و بزەی خۆشیی گرتی، ئەو منداڵە ناوی عەبدوڵڵای لێنراو ئەو كاتە ئەو نهێنییە هەر لە جیهانی غەیب دابوو كە ئەو كۆرپە ژیكەڵە رۆژێك دێ بە (نەبەز) دەناسرێت و ناوی خۆی بەخۆوە دەبێت و مەرگ و تاریكی دەبەزێنێت.

شەهید نەبەز هێشتا چاوی لە دیمەنە جوانەكانی (سەرتەنگ) و ئاسۆسی سەركەش تێر نابێ ،كە رژێمی بەعس لە درێژەی سیاسەتی شوومی راگواستن و كاولكاریدا گوندەكەی ئەوانیش لە ساڵی ١٩٧٨دا بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی بنگرد رادەگوێزێ و ماڵیان لەوێ نیشتەجێ دەبێت، لەوێ قۆناغی سەرەتایی تا دووی ناوەندی دەخوێنێ و پاشان پۆلەكانی سێی ناوەندی و چواری ئامادەیی لە ئۆردوگای رانیە تەواودەكات.

شەهید نەبەز كە هەر لە سەرەتای منداڵییەوە هێمن و ئارام و شەرم بەخۆ بوو و بە پەروەردەیەكی ئیسلامیی گۆشكرابوو، لە ساڵی ١٩٨٧ەوە پەیوەندی بە رێكخستنەكانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوكاتەوە دەكات و گوێی بە زایەڵەی سەدای جیهاد دەزرنگێتەوە و دڵی بە سیمای نورانی شێرە كوڕانی ئیسلامیی لە بناری قەندیل و قەڵاتووكان دەگەشێتەوە ، بەو هۆیەشەوە ئازایانە ئەرك و كارەكانی رادەپەڕێنێ.

رۆژی ١٩٨٨/٥/٢١یشدا كاڵەو پێتاوی پێشمەرگایەتی لێ دادەپێچێ و بە یەكجاری نەفرەت لە سایەی شوومی بەعسیەكان دەكات و رێگای جیهادو سەرفرازی دەگرێتەبەر و لە هێزی حەمزەو لە قەڵاتووكان دەبێتە پێشمەرگە، لە كاتی رێكردن و خواحافیزیدا بابی موسڵمان و خواویستی دەیگوت: (خۆزگە رۆڵەیەكیانم لە پێناوی ئیسلامدا شەهید دەبوو، بۆ ئەوەی منیش خێرو پاداشتێكی لەسەر وەربگرم).

شەهید نەبەز لەگەڵ كارو ئەركی پێشمەرگایەتیشدا لە سۆنگەی هەوڵ و ماندووبوون و زیرەكییەوە فێری خۆشنووسی بوو، لەبەر ئەوە بەرەبەرە خۆی لەناو مەكتەبی راگەیاندندا دۆزییەوەو لە كاروباری (فۆتۆ) شدا سەلیقەیەكی ناوازەی هەبوو، لە دەركردنی گۆڤاری (دەنگی باوەڕ) یشدا رۆڵی دەگێڕا.

لە راپەڕینە مەزنەكەی جەماوەری گەلی كوردستانیشدا شەهید نەبەز وەك پێشمەرگەیەكی دلێر رۆڵی بینی و رقی خۆی بەسەر داگیركەرانی كوردستاندا دەباراندو

دواتر لە مەڵبەندی سێی رانیە درێژەی بە خزمەتو راپەڕاندنی ئەرکەکانیدا تا دامەزراندنی دەزگای تەلەفزیۆن، ئیتر لەوێوە وەك ئەندامێکی کارای تەلەفزیۆنەکە لە بوارەکانی خۆشنووسیو دەرهێنانو کامێراو وێنەگریدا خزمەت دەکاتو شەوو رۆژ پێکەوە گرێ دەدات و دەبێتە پەروانەی دەوری چرای بانگەوازی ئیسلامیی.
زستانی ١٩٩٣ش بەرگری لە رێبازو بیروباوەڕکەکەی دەکاتو بەهاری ١٩٩٤یش لەسەر دوندەکانی کێلێو سالارەو پشتی قەڵادزێ دەستەملانی هاوسەنگەرانی دەبێتەوەو سروود بە باڵای سەروەریدا هەڵدەڵێو لە راپەڕاندنی ئەرکەکانیدا دڵسۆزو بە راپەڕ دەبێ ، ماوەیەکیش وەك حیمایەی مامۆستا عەلی باپیر ئەرکی پێشمەرگایەتی رادەپەڕێنێ، پاشان لە دوای دامەزراندنی کەناڵی تەلەفزیۆن لە هەڵەبجەی شەهید ، دەستدەکاتەوە بە خزمەتەکانی لە بواری راگەیاندنو بانگەوازی ئیسلامییدا، لە مانگی ١٩٩٧/١یشدا خێزان پێکەوە دەنێو پێدەخاتە ناو قۆناغێکی نوێی ژیانەوەو لاپەڕەکانی هیوا هەڵدەداتەوە، بەو پێیە شەهید نەبەز لە درێژەی تەمەنی پێشمەرگایەتیدا بەپێی زەرورەتی قۆناغەکان خزمەتی کردووەو هەرکاتێك مەترسییەك رووبەڕووی کاروانەکە بووبێتەوە ، ئەو بێ سڵەمینەوەو بەوپەڕی نەبەردیەوە رووبەڕووی بۆتەوە، تا سەرەنجام لە شەوی ٢٦-١٩٩٧/٤/٢٧ لە ناوچەی دێگەڵەی سەر بە پارێزگای هەولێر بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو پاشان تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی (سەید ئەحمەد) ی شاری هەولێر بەخاك دەسپێردرێ.
شەهید نەبەز لە بواری وەرزشو بنێشت کردنیشدا شارەزاو بە سەلیقە دەبێو هەمیشە بە کراوەییو زەردەخەنەوە لەگەڵ خەڵكو هاوەڵانیدا دەدواو ئەستێرەی هیواو گەشبینیو باوەڕو متمانە لە رووخسارییەوە دەدرەوشایەوە.

# شەهید: گۆران کەریم



ساڵی ١٩٧٦ لە شاری مەلای گەورەو حاجی قادر، شاری كۆیەی ئەدەب و هونەر، لە خانەوادەیەكی ئایین پەروەر چاوی بە ژیان هەڵێناوە ، ژیانی منداڵییشی لەگەڵ منداڵانی شارەكەیدا بە سەر بردووە و پاشان نراوەتە بەرخوێندن و تا سێی ناوەندی لە دوا ناوەندی كۆیەی كوڕان درێژەی بە خوێندن داوە، (نەجیبەخان)ی دایكی لە بارەی گۆرانی كوڕیەوە دەڵێت ( هەر لە منداڵیەوە گوێڕایەڵی و ژیریی پێوە دیار بوو ، ئارەزووی نوێژو قورئان خوێندنی هەبوو ، زۆر ئارام و لە سەرخۆ بوو ،هیچ ئازارێكی نەداوم ، بە دڵی من هەڵس و كەوتی دەكرد ،زۆر ئامۆژگاری دیینی دەكردم و زۆر زۆرم خۆش دەویست ، زۆر یارمەتی من و خوشك و براكانی دەدا ، تەنانەت لە ئیشی ماڵەوەدا زۆر هاوكاری دەكردین ، دەیگوت ئیسلام فەرمانمان پێ دەكات كە لە گەڵ كەس و كارمان باش بین و بیان پارێزین بە ئامۆژگاریكردن و فێركردنی ئاینەكەمان لە ئاگری دۆزەخ و توڕەبوونی خوا .

كاكە گۆران لە دوای ڕاپەڕین و لە ساڵی ١٩٩٤ ەوە دەبێتە هاوڕێی كاروانی نوورو وەك ئەندامێكی دڵسۆزی ڕێكخستن بە ڕێك و پێكی و دڵسۆزانە ئەرك و فرمانەكان ڕادەپەڕێنیٚ و بە خۆپەروەردە كردن و خزمەتی خانەوادەو دەورو بەرەوە خەریك دەبێت ،تا سەرەنجام كاكە (گۆران) ی لاوی ئیسلامخوازو ئەندامی ڕێكخستنەكانی كاروانی نوور، لە ڕۆژی ١٩٩٧/٤/٢٧ داو لە كۆیە و لە ماڵەكەی خۆیدا ، دەستبەسەر دەكرێت و دەبرێت و پاشان بێ ڕەحمانە شەهید دەكریٚ و ماڵئاوایی لە خزم و كەس و كارو هاوڕێ و دۆستان و كاروانی ڕابوونی ئیسلامیی كوردستان دەكات و گیانی شیرینی پەیوەست دەبێتەوە بە دنیای هەقیقی و قاپی میهرەبانی خوداوە ، تەرمە پاكەكەشی هەر لە كۆیەو لە گۆڕستانی دەروێش خدر بە خاك دەسپێردریٚ .

(ڕێزان خان) ی خوشكی لە بارەی شەهیدبوونیەوە دەڵێ :

بەڕاستی شەهید بوونی كاكە گۆران زۆر شتی لە ناخمدا گۆڕی و گوڕو تینێكی ڕیشەیی بە سەر ژیا نمدا هێنا و وای لێكردم كە زیاتر ڕێبازی ئەو بگرم و زیاتر خۆم ماندوو بكەم بە ئاینە پیرۆزەكەی ئیسلام و جێبەجێكردنی لە خۆمدا و پاشان بانگەوازی خەڵكی بكەم بۆ ئەم دینە پاكە .

# شەهید: سەید عەتار ئەحمەد خدر



ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی (تورکە) ی ناوچەی شوان لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەری سەر بە ساداتی پیرخدری هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیی لە گوندەکەی خۆیانو تەپەی مەلا عەبدوڵڵای کەرکوك بەسەربردووە، پاشان نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە، ئەویش وەك هەزارەها منداڵی بێ نازی تری کورد نەیتوانیوە لەوە زیاتر درێژە بە خوێندن بدات، لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیاندا خەریکی کارو کاسبیو دوکانداری دەبێت.

ماوەی ساڵێك لە ریزەکانی پارتیدا کاریکردووەو لە راپەرینەکەی ١٩٩١دا رۆڵی خۆی بینیوە، پاشان لە ساڵی ١٩٩٢ پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو لە ساڵی ١٩٩٣دا دەبێتە پێشمەرگە لە تیپی (تەوحید)ی سەر بە هێزی کەرکوکی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکات.

کاك سەید عەتار لە بواری هەڵگرتنەوەی (مین) دا شارەزایی پەیدادەکاتو لەو بوارەدا بڕوانامە وەردەگرێ، لە رووی کۆمەڵایەتییشەوە لەگەڵ خەڵكو دەوروبەریدا کراوە بووەو حەزی بە چاکتربوونی بارو گوزەرانی خەڵك کردووەو لە خەمیاندا بووە.

کاك سەید عەتار کە لەبەر زەرورەتی کاری ئیسلامییو کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان ماڵو دەوامی دەکەوێتە شارەزوور، هەڵدەگرێ ناوی لێبنرێ موجاهیدی ماڵ بەکۆڵ، ئەم موجاهیدو پێشمەرگە خواویستە هەردەم گیانی لەسەردەستدا بوو، دوای ئەوەی ژیانی هاوسەریی پێکهێنا خۆیو هاوسەرەکەی بە دەعوەو چاکەکاریو خزمەتی خەڵکەوە خەریك بوون.

هەر شوێنێك لە گوندەکانی شارەزوور پێویست باو راسپێردرابان ، بارو بارگەیان بۆ ئەو شوێنە دەپێچایەوەو بە بانگەوازو دابینکردنی بوارەکانی تەندروستی وەکو (دەرزیلێدان و تەداوی) و هەروەها وانە وتنەوە بە کچان و منداڵان بەخۆی و هاوسەرەکەیەوە خزمەتی خەڵکەکەیان دەکرد، بێگومان بۆ ئەوساش ئەو خزمەتانە گرنگ بوون، بەتایبەتی بۆ گوندە لاچەپو بێ نازەکان، هەر بۆیە بەهۆی ئەو خزمەتو دڵسۆزییەوە ببوونە خۆشەویستی خەڵکەکەو لە کاتی گواستنەوەیاندا پەرۆشی زۆریان بۆ دەردەبڕین.

کاك سەید عەتار بەم شێوەیە دڵسۆزانەو لەخۆبردووانە بە خۆیو خێزانەوە چالاکانە خزمەت دەکاتو وەك پێشمەرگەیەکی قارەمانو گوێڕایەڵ لە خزمەتی ئیسلامو هاوڵاتیاندا دەبێت.

تا سەرەنجام کاك (سەید عەتار) ی خواویستو خەڵك دۆست، لە ڕۆژی (٤/شەوال/١٤١٨- ١٩٩٨/٢/١) لەگەڵ پۆلێك هاوسەنگەریدا لە گوندی (گردی گۆ) بە کارەساتێك دوا سلاوی ماڵئاوایی لە ژیانی فانی دونیا دەکاتو دەچێتە ریزی کاروانی شەهیدانەوە.

شەهید عەتار لە ١٩٩٦/١/٢٠ ژیانی هاوسەریی پێکهێنابوو، دوای خۆی دوو کوڕی بە ناوەکانی (بوخاری، موسلیم) بە دیاریو یادگاری بەجێهێشتوون.



# شەهید: موحەممەد صابر کەریم



ساڵی ١٩٧٥ لە شاری چەمچەماڵ چاوی بە ژیانو خەمو ناسۆرەکانی گەلەکەی هەڵێناوە، ژیانی منداڵیشی لەوێ بەسەربردووە، لە قوتابخانەی (رۆژ) ی سەرەتایی سەرەتای رۆژەکانی خوێندنی دەستپێکردووەو وەك زۆر لە منداڵە کوردی تر نەیتوانیوە لە قۆناغی سەرەتایی زیاتر درێژە بە خوێندن بداتو ناچار بە کارو کەسابەتو سەوزەفرۆشییەوە خەریك بووەو شانی داوەتە بەر زەحمەتو کوێرەوەرییەکانی ژیان.

راپەڕین خەونو هیواکانی کاکە موحەممەدیش لەگەڵ خۆیدا دێنێتەدیو هەڵاتنی خۆری ئازادی بە چاوی خۆی دەبینێ، هەر بۆیە ئاسۆیەکی نوێ بە رووی ژیانی ئەویشدا دەکرێتەوە.

کاك موحەممەد صابر لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا حەزی بە سەردانو یارمەتیو هاوکاریی خەڵكو خزمان کردووە.


ساڵی ١٩٩٦ پەیوەندی بە کاروانی ئیسلامخوازانی کوردستانەوە دەکاتو لە ساڵی ١٩٩٧ لە هێزی کەرکوك دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلامو بەرێكو پێکی ئەركو فەرمانەکانی جێبەجێ دەکاتو لەناو دڵی هاوسەنگەرانیدا جێگای خۆی دەکاتەوەو تیشکی سیما نوورانییەکەی لە شارەزوور تریفە دەداتو هەموو ناڕەحەتیو کوێرەوەرییەك لە پێناو پەیامەکەیدا لەخۆ دەگرێت.

کاك موحەممەد صابر لەگەڵ هاوسەنگەرانیدا بەو بیروباوەڕو ورەیەوە رێگای دەبڕیو ئەمڕۆی بە دوێنێ دەسپارد.

تا سەرەنجام لەگەڵ حەوت برای هاوسەنگەریداو لە رۆژی(٤/شەوال/١٤١٨-١/٢/١٩٩٨) لە گوندی (گردی گۆ) بەهۆی کارەساتێکەوە گیانە پاکەکەی بەرەو بارەگای خودا پەرواز دەکاتو دەچێتە ریزی کاروانی شەهیدانەوەو ماڵئاوایی لە خانەوادەو خزمو هاوڕێیانیو کوردستان دەکات، پاشان تەرمەکەی دەگوازرێتەوە بۆ چەمچەماڵو لە گۆڕستانی شێخ سەعید بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید موحەممەد صابر لە ساڵی ١٩٩٣ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی دوو کچو کوڕێکی بە ناوەکانی (چرۆ، سومەیە، یوسف) بەدیاریو یادگاری بەجێهێشتوون.

# شەهید: عەبدوڵڵا عەباس حەمە ئەمین
# ناسراو بە: ئیبراهیم عەباس



ساڵی ١٩٧١ لە گوندی (گورگەیی چاوسوور) ی سەر بە چەمچەماڵ لە خانەوادەیەكی هۆزی شێنكی لەدایك بووەو ژیانی منداڵیی لە گوندەكەیانو لە شاری چەمچەماڵ بەسەربردووەو لە قوتابخانەی سەرەتایی (پەروەردە) نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی تەواوكردووە، پاشان لە قۆناغی یەكی ناوەندی وازی لە خوێندن هێناوەو نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات و لەپێناو دابینكردنی بژێوی ژیاندا خەریكی كارو كەسابەتو دوكانداری بووە.

ماوەی (١٠) مانگ لە ریزەكانی پارتی دیموكراتدا كاری كردووە، لە راپەڕیندا رۆڵی خۆی لە ئازادكردنی چەمچەماڵو كەركوكدا دەبینیو بۆ ئازادی میللەتەكەیو شكستو رووخانی دەسەڵاتی رژێمی بەعس لە سنووری تواناى خۆیدا تێدەكۆشێ.

كاك عەبدوڵلا عەباس تا دێ چاو و دڵی بە سیمای ئیسلامخوازان رۆشن دەبێتەوەو چاكتر لە هەقیقەتی ئیسلام تێدەگاتو دەزانێ هەر ئەم ئایینە پاكە رێبازی راستەقینەی ژیانەو دەبێ لە پێناویشیدا خەباتو تێكۆشان بكرێ.

هەر بۆیە لە ١٩٩٢/٤/١دا دێتە ناو كاری ئیسلامییەوەو پەیوەندی بە بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشووەوە دەكاتو لە هێزی (كەركووك) و لە تیپی (تەوحید) دەبێتە پێشمەرگەو لەوێود وەك رێبوارێكی ماندوویی نەناسو ئەمەكداری كاروانی رێبازی رەسەنایەتی دەناسرێو دڵسۆزانە ئەركو فەرمانەكان لە چوارچێوەی هێزی كەركوكو بارەگای مەڵبەندی هەشتی كەركوكدا جێبەجێ دەكاتو لە سەختیو دژوارییەكانی سەر رێگای كاروانی نوور بەشدار دەبێو بە گوێڕایەڵیو دڵسۆزیو خواویستیی، چەمچەماڵو شارەزوور پێكەوە دەبەستێتەوەو لە ساڵانی ١٩٩٣و ١٩٩٤و ١٩٩٧ لێبڕاوانە لە خزمەتی كاروانەكەدا دەبێو لەو پێناوەشدا جارێك بریندار بووە.

لەگەڵ خەڵكو دەوروبەریشدا كەسێكی كراوە بووەو حەزی بە گفتوگۆ بووە.

تا سەرەنجام كاك عەبدوڵلا عەباسی ناسراو بە (ئیبراهیم) لە پێناوی پەیامو بیروباوەڕەكەیو لە رێی ئامانجە بەرزو پیرۆزەكانیدا دەگاتە دوا مەنزڵو لە ١٩٩٨/٢/١ لەگەڵ هاوسەنگەرانیدا لە (گردی گۆ) لە ئاكامی كارەساتێكی دڵتەزێندا شەهید دەبێو هەنگاوەكانی سەفەری دونیا كۆتایی پێدێنێو یەكەمین هەنگاوی سەفەری دونیای هەقیقەت بە توێشووی خەباتو خواویستییو دڵسۆزییەوە دەستپێدەكاتو خەمی پەیامەكەی بە هاوڕێو هاوسەنگەرانی دەسپێرێو ماڵئاوایی

لە خێزان‌و خزم‌و بنەماڵە خۆشەویستەکەی دەکات، پاشان تەرمە پاکەکەی دەبرێتەوە بۆ چەمچەماڵ‌و لە گۆڕستانی شێخ سەعید بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید عەبدوڵڵا عەباس لە ١٩٩٥/١٠/١ خێزانی پێکەوە نابوو، دوای خۆی دوو کوڕ بە ناوەکانی (سوهەیب، موحەممەد) بە دیاری‌و یادگاری بۆ ئیسلام‌و کۆمەڵی کوردەواری بەجێدێڵێ.

# شەهید: عومەر عەزیز حەمە حەسەن



ساڵی ١٩٧٣ لە گوندی (قادراوا) ی ناوچەی سەنگاوی سەر بە شاری چەمچەماڵ لە خانەوادەیەکی سەر بە عەشیرەتی جاف هاتۆتە دونیاوە،ژیانی منداڵیشی هەر لەوێ بەسەربردووەو لە سەنگاو نراوەتە بەر خوێندنو بەهۆی بارودۆخو سەختیەکانی ژیانەوە تەنها قۆناغی سەرەتایی بۆ تەواو کراوە، دواتر خەریکی کارو کاسبی دەبێت، جگە لەمەش دەچێتە ناو کاری ڕێکخراوەییەوەو بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ریزی یەکێتیدا کاری کردووە.

لە راپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا کە تیایدا جەماوەری حەماسەسازێنی کوردستانو هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئەوسای سەر گۆڕەپانی خەبات ، دەسەڵاتی رەشی بەعسییەکانیان پێچایەوە، کاک عومەر عەزیز بەشداری کارا دەکاتو وەك رۆڵەیەکی وەفادارو ئیسلامخواز لە نێو ریزی پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتدا خۆی دەبینێتەوەو رقی خۆی بەسەر بەعسیەکاندا دەڕێژێو دواتر لە تیپی (تەوحید) و لە بنکەی شەرەفخان لە چەمچەماڵ درێژە بە کارو خزمەتی پێشمەرگایەتی دەدات ، دەبێتە لاوێکی دڵ پڕ لە ئەوینی خودا، لە هەموو ئەو ئاستەنگو کێشانەی کە دێتە سەر رێگای کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان بە ئەرکی سەرشانی هەڵدەستێو لێبڕاوانە تێدەکۆشێ.

ساڵی ١٩٩٦ خێزان پێکەوە دەنێو بەهۆی دەوامی پێشمەرگایەتیو بارودۆخەکەوە ماڵی لە هەڵەبجە نیشتەجێ دەبێت.

کاک عومەر عەزیز بە خەونو خولیایەکی زۆرو ئومێدو هیواوە هەورازو نشێوەکانی ژیانی دەبڕینو بەختیاری لە جیهادو تێکۆشانو کارکردندا دەبینییەوە.

تا سەرەنجام کاک عومەر عەزیزی دڵسۆزی ئیسلامو پەروانەی دەوری رەسەنایەتی لە رۆژی (٤/شەوال/١٤١٨ ـ ١٩٩٨/٢/١) و رۆژێك دوای جەژنی رەمەزانی ئەو ساڵە ، لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەی ئیسلامدا کە بریتی بوون لە (عەبدوڵڵا عەباسو موحەممەد صابر کەریمو حسێن موحەممەد صالحو سەید عەتا ئەحمەدو عاصی موحەممەد فەرەجو سالار کاکەبرا عەبدولکەریم) لە گردی گۆی ناوچەی شارەزوور لە رووداوێکی دڵتەزێندا شەهید بوو، پاشان تەرمەپاکەکەشی لە گۆڕستانی شێخ سەعید لە چەمچەماڵ بەخاك سپێردرا.

# شەهید: خەلیل موحەممەد ئەمین حەسەن
# ناسراو بە: زانا قەرەداغی



ساڵی ١٩٧٥ لە گوندی (واری زیاین) ی سەر بە قەرەداغ لە ئامێزی خانەوادەیەکی سەر بە ساداتی پیر خدری چاوی بە ژیان و ژان و ناسۆرەکانی میللەتەکەی هەڵێناوە.
ژیانی منداڵی تا تەمەنی پێنج ساڵی لە گوندەکەیان و پاشان لە قەرەداغ بەسەربردووە و لەگەڵ دیمەنە رەنگینەکانی ئەو دەڤەرە و لوتکە چیا سەرکەشەکانیدا سەرەتاتکێی کردووە.
لە قەرەداغ نراوەتە بەر خوێندن و دوای قۆناغی سەرەتایی لە ناوەندیی قەرەداغی تێکەڵاو دەخوێنێ، بەڵام بەهۆی بارودۆخ و سەختی ژیانەوە ناتوانێ درێژە بە خوێندن بدات.
دواتر لە کارگەی ( موصەیفی بەغدا بۆ ئەشیای ئۆتۆمبیل ) دادەمەزرێ و بەم هۆیەشەوە لە داگرتنی مەکینەی ئۆتۆمبیل شارەزایی پەیدا دەکات، هەروەها بەسەلیقەی خۆی لە سەعاتسازی و کارەبایی و ماتۆڕسازیشدا شارەزا دەبێت و وەك کەسێکی لێزان و صنعەتکار دەردەکەوێ، زۆر لەگەڵ خۆیدا خەریك بوو بۆ ئەوەی شارەزایی زیاتر پەیدا بکات و لە هەموو ئەو شوێن و وێستگانەی وەکو (قەرەداغ و سلێمانی و باینجان) لێی دەوەستێتەوە کات و بە فیڕۆ نادات و هەنگاو بۆ پێشەوە دەنێ.
ساڵی ١٩٩١ ساڵی راپەڕینی جەماوەری و سەرتاسەری گەلی کوردستان پەیوەندی دەکات بە بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەو کاتەوە و رۆڵی بەرچاو لەو راپەڕینەدا دەبینێ و دواتر لە تیپی تەکیەی هێزی کەرکوك درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات و بەرەبەرەش شارەزایی زیاتر لە ئیسلام پەیدا دەکات و بەپێ تواناش وانەی ئیسلامیی دەخوێنێ و چاو و گوێ و دڵی بە تەواوی بە رووی راستیەکاندا دەکرێنەوە.
لە سۆنگەی دڵسۆزی و لێهاتووییەوە دەبێتە جێگای متمانەی لێپرسراوەکانی و کاری عەددەد جیهازی پێ دەسپێرن و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کار و فەرمانەکان رادەپەڕێنێ.
هەروەها بە گیان و ماڵ لەگەڵ کاروانەکەدا قۆناغەکان دەبڕێ و لە هەر کام لە سلێمانی و عەربەت و یالانپێ و خورماڵ ، رۆڵی خۆی لە پاراستنی رابوونی ئیسلامییدا دەبینێ و وەك پێشمەرگەو لاوێکی زیتەڵ و فیداکار لە نێو هاوسەنگەرانیدا دەردەکەوێ.

کاك زانا قەرەداغی زۆر رقی لە ناکۆکی و لێکترازانی ریزی موسڵمانانو ناتەبایی خەڵكو بنەماڵەکان بوو، بۆیە لەگەڵ هەر هەنگاوێکی ئاشتەوایيو یەکڕیزیدا دونیایەك خۆشحاڵ دەبوو، هەروەها زۆر هیوای دەخواست کە کۆمەڵگەی کوردەواری بە رەوشتە بەرزەکانو دینداری برازێتەوە.

کاتێك گەورە یا بچووکی لە چاکەو هاوکاری بۆ حزب یا کۆمەڵگەو هاوڕێکانی بکردایە زۆر خۆشحاڵ دەبوو، ئەگەر کەسێك لێی عاجز ببوایە زوو ئاشتی دەکردەوە، ئەگەر خەتای بەرامبەرەکەشی بایە دەیوت مردن چاوەڕێمانەو با بە تاوانەوە نەمرینو هەر کردەوەی باشو نیەتی باش بە هانامانەوە دێو هەموو کات دەیوت : موسڵمان دەبێ هەوڵبدات هەقی بەرامبەرەکەی نەخواتو زوڵمی لێنەکات، با هەقیشی بخورێتو زوڵمیشی لێبکرێت، هەروەها دەیوت: موسڵمان دەبێ لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیەدا بێت کە زیاتر پابەندی شەرعی خوان.

کاکە زانا بەم خەسڵەتو بەها بەرزانەوە، بەم شارەزاییو لێزانینەوە، بەم دڵسۆزیو باوەڕە بەتینەوە دەژیاو تێدەکۆشا، تا سەرەنجام لە ١٩٩٨/٣/٤ لە بیارە بە کارەساتی تەقینەوە شەهید دەبێتو خەمی پەیامو رێبازەکەی بە هاوسەنگەرانی دەسپێرێتو ماڵئاوایی لە خزمو کەسوکارو کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان دەکا، دواتر تەرمە پاکەکەی دەبرێتەوە بۆ گوندی (واری زیاین) ی زێدی لەدایکبوونیو لە گۆڕستانی (ئەصحاب) بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: بەهادین میرزادین قادر ئەحمەد



ساڵی ١٩٧٤ لە چەمچەماڵ لەدایك بووە، ژیانی منداڵییشی هەر لە باوەشی گەرمی چەمچەماڵدا بەسەربردووە، لە قوتابخانەی (سپی حەسار) نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی تەواوكردووە، دواتر وەك هەزاران منداڵی بێنازی كورد نەیتوانیوە لەوە زیاتر درێژە بە خوێندن بدات.

كاكە بەهادین لەگەڵ ژیاندا دەكەوێتە ململانێو بە هەورازو نشێوەكانیدا گوزەر دەكاتو هەستی موسڵمانەتیو خواپەرستی دەیكەنە هۆگرو هاوڕێی مزگەوتی (پشت قەڵا)و لەوێوە وەك لاوێكی مولتەزیم لە نێو كۆمەڵگادا دەردەكەوێ.

ساڵی ١٩٩٧ دێتە ناو كاری ئیسلامییەوەو هەر لەو ساڵەشدا دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلام و بە تامەزرۆییو هیوایەكی نوێوە هەنگاو بەرەو دیداری ئاسۆی سەرفرازیو بەختیاری راستەقینە دەنێو لە راپەڕاندنی ئەركو فەرمانەكاندا بە دڵسۆزیو دەستگەرمییەوە دەكەوێتە كارو دەیەوێ خەرمانی چاكەو حەسەناتو تووێشووی سەفەری دونیای هەقیقی دەوڵەمەند بێ و ئەو پەیوەندییە پڕ لە موحیببەتو گیانی بەگیانییەی نێوان خۆیو هاوسەنگەرانی بكاتە پەیوەندییەكی هەمیشەییو جاویدانیو بەردەوام لە هەڵكشانو فڕین دابێ بەرەو دوندی سەركەوتنو سەرفرازی، تا سەرەنجام كاك بەهادینی دڵ پڕ لە باوەڕو هیوا لە ١٩٩٩/٣/٧ لە گوندی (یالانپێ)ی سەر بە شارۆچكەی خورماڵ شەهید دەبێ و ماڵئاوایی لە خزم و كەسوكارو هاوڕێ و هاوسەنگەرانی دەكات و پەیامەكەی دەداتە دەست رێبوارانی ئەمەكداری ئەم كاروانە، پاشان تەرمە پاكەكەشی دەبرێتەوە زێدی خۆی و لە شاری چەمچەماڵ و لە گۆڕستانی (سەید زەنون) بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: فەرهاد هاشم ئیبراهیم عەبدوڵڵا
# ناسراو بە: سەمیر وەرتی



ژیان بۆ هەموو مرۆڤێك بەپێی سوننەت‌و حیکمەتی خودایی جێگاو مەیدانی تاقیکردنەوەو کارو هەڵوێستە، مرۆڤ لەهەر سات‌و سەردەم‌و شوێن‌و جێگایەك بژیت، هەر لە نێو هۆڵی تاقیکردنەوەی ژیاندایەو ناتوانێ لێی دەربازبێت، ئەوە هەر خودی خۆشیەتی بە ناخ‌و کارو هەڵوێستەکانی ، سەرەنجام‌و ئایندەی خۆی دەنەخشێنێ، کەواتە مرۆڤ لە هەر حاڵەتێکی خۆش‌و ناخۆشی ژیاندا بێ، یا لە هەر سەردەم‌و جێ‌و شوێنێك بێ، دەتوانێ‌و ئەوەی لە ئیختیاردایە بەو شێوەیە بژی کە خوا دەیەوێ یا بە پێچەوانەوە...

هەورازو نشێو و سەختیەکانی ژیان، کۆسپ‌و لەمپەرو تۆڕو تەڵەو داوەکانی رێ، ئەوەندە زۆرن هەمیشە پێویست دەکا مرۆڤی رێبواری رێگای ژیان، چوار چاو و هۆشیارو بە ئاگا بێ، تا نەکەوێتە نێو چاڵ‌و پیلانەکانی نەفس‌و شەیتان‌و دونیاوەو رێی لە کوێرە رێیان نەکەوێ‌و هەڵنەدێرێ، بۆ ئەوەی لە تاقیکردنەوەی ژیاندا، لەم پێنج‌و دوو رۆژەی ژیانی دونیادا، سەرکەوتوو بێ‌و رووسوورو سەرفراز بێتە دەرێ.

جا کاکە سەمیر وەرتی یەکێك لەو رێبوارە سەر راست‌و بە ئاگایانەی ژیان بوو کە تا ژیا هۆشیارو لەسەر هەست بوو، رەزامەندی خوای مەبەست بوو، گیانی لە پێنای خوادا لەسەر دەست بوو.

کاك سەمیر وەرتی ساڵی ١٩٦٦ لە گەڕەکی (عارەبان) ی شاری هەولێری قەڵاو منارەو هۆلاکۆ بەزێن‌و لە ئامێزی خانەوادەیەکی مەلازادەو ئیسلامخواز هاتۆتە دونیاوەو نەوەی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای دێرەبڕوشەی خۆشناوەتییە، ژیانی منداڵیی لە هەولێر بەرێکردووەو لە قوتابخانەی هەڵگوردی سەرەتایی نراوەتە بەر خوێندن‌و قۆناغی ناوەندیشی لە ناوەندی کۆماری تەواوکردووە، دواجار لە ئامادەیی کوردستان بەشی زانستی لە ساڵی (١٩٨٤-١٩٨٥) بەسەرکەوتوویی بڕیوە.

کاك سەمیر وەرتی کە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە حەزی بە دینداری‌و خواپەرستیی دەهات، لە تەمەنی هەرزەکاری‌و لاوێتیدا چاکترو باشتر هۆگری مزگەوت‌و قورئان‌و مامۆستایان‌و لاوانی ئیسلامخواز بوو و کەوتە دەرس خوێندن.

ساڵی ١٩٨٦ لە رێگای مامۆستا (سەلمان) ەوە پەیوەندی بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی ئەوکاتەوە دەکات‌و زیاتر بە خۆڕۆشنبیرکردنەوە خەریك دەبێ‌و دەکەوێتە جموجوڵ‌و چالاکی، لە ئاکامی ئەمەشەوە لە مانگی

١٩٨٧/٥ لەلایەن دەزگای ئەمنی رژێمەوە لە هەولێر دەگیرێو ماوەی مانگێك دەکەوێتە کونجی زیندانە تاریکەکانی بەعسەوەو رووبەڕووی جۆرەها سزاو ئەشکەنجەدان دەبێتەوەو پاشان ئازاد دەکرێ، ئەم گیرانو تاقیکردنەوە سەختو دژوارو پڕ مەترسیەش وەرچەرخانێك لە ناخی کاکە سەمیردا دروست دەکاتو رقو تورەیی زیاتری لە بەرانبەر بەعسیەکاندا بۆ دروست دەکات، بۆیە هیوای خوێندنو ژیانی شارو ژێردەستەیی وەلا دەنێو رێگایەکی چاکتر بۆ ژیانو سەرفرازی هەڵدەبژێرێو لە مانگی ١٩٨٧/٩دا لە رێگای رێکخستنەوە بە ناوچەی خەلیفاندا رێگای جیهادو شاخو پێشمەرگایەتی دەگرێتەبەرو پەیوەندی بە هێزی شافیعییەوە دەکات لە مەلەکانو دەچێتە ناو ئاپۆرای پێشمەرگەکانی ئیسلامەوە، لەوێ بە کاری پێشمەرگایەتیو خۆپەروەردەکردنو راهێنانو زانستە شەرعیو سەربازییەکانەوە خەریك دەبێ.

لە مەفرەزە پارتیزانەکانی هێزدا بەشداری دەکاتو لە میانی جەولەکاندا دێ بەدێ دەگەڕێو بانگەوازی ئیسلامیی و زەرورەتی کاری ئیسلامیی بۆ خەڵك بە پێی توانای خۆی روون دەکاتەوە.

چیاکانی سماقوڵیو مۆتەو شەونسو پانەسەرو کەپرانی لای بێتواتە دەکاتە سەنگەری بەرگریو پارێزگاری لە ئایینو گەلو نیشتمان، لەگەڵ هاوسەنگەرانیدا قارەمانانە بە گژ هێرشو پەلامارەکانی رژێمدا دەچێتەوە، ماوەیەك لە هێزدا بە ئەندامی لیژنەی دارایی هێز دیاریدەکرێو بەرپرسیارێتی بنکەو بارەگاشی پێ دەسپێردرێ.

دوای راوەستانی شەڕی (عێراق ـ ئێران)و دەستپێکردنی شەڕو پەلامارەکانی رژێمی بەعسی ستەمکار بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانو بارەگاکانی هێزی پێشمەرگە، کاکە سەمیر یەکێك لەو پێشمەرگە قارەمانانەی هێزی شافیعی دەبێت کە دوای بەرگری بە شەڕی پارتیزانیو بەرنامەیەکی رێکوپێکەوە لەگەڵ مامۆستا عەبدولقادری برایەتی بەرپرسی هێزدا بەرەو سنوور دەڕواو ماوەیەك لە گوندەکانی (گوڵانو سپیاوو پاشقۆتەڵو کانی کەلان)ی دۆڵی ئاکۆیان دەمێنێتەوەو پاشان بە هاوکاری تەواوی رێکخستنە جوامێرەکانی بیتوێن ، دوای حەواندنەوەیان بۆ ماوەیەك بەرەو سنوور دەڕۆنو دواجار لە بارەگای گوندی گەسك گەسکی سەر سنوور درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.

ساڵی ١٩٨٩ لە بارەگاکانی (تۆژەڵەو پوشکاوە) ی دۆڵی قاسمەڕەش‌و نۆکان جوامێرانە ڕۆڵی خۆی لە کاروانەکەدا دەبینێ‌و ئەو ڕۆژە سەختانەی خەباتی رزگاریخوازیی کورد بە ورەو باوەڕی بەتینەوە بەڕێ دەکات.

هەر هەمان ساڵ وەك ئەندامی راگەیاندنی هاوبەشی هێزەکانی حەمزەو شافیعی کاردەکات، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەوە ئەو زیاتر حەزی بە جوڵان‌و دابەزین‌و چالاکی دەکرد ، لە مانگی ١٩٨٩/٧دا لەگەڵ شەهید سەلاحەدین‌و سەیفەدین‌و سەیدو موحەممەدو عەبدوڕڕەحیم حاجی‌و چەند پێشمەرگەیەکی تر بەرەو شار دادەبەزن‌و لە ڕێگادا دوچاری بۆسەی ڕەبیەیەکی دوژمن دەبن‌و لە ئاکامدا هەڵمەت دەبەنە سەر پێگەکەی رژێم‌و بەو هۆیەشەوە چەند سەبازێك دەکوژرێ‌و یەکێکیش بە دیل دەگرن‌و چەند پارچە چەك‌و جیهازێکی راکاڵیش دەستکەوتیان دەبێت‌و خۆشیان بە سەلامەتی دەگەڕێنەوە بارەگاکانیان، دیسان جارێکی ترو لە مانگی ١٩٨٩/٨دا لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك دادەبەزنەوە بۆ ناو شارو بە هەمان شێوە بەسەر کەمینێکدا دەکەونەوە.

جگە لەمە جارێکی تریش لە مانگی ١٩٨٩/٩دا کاکە سەمیری پێشمەرگەی قارەمان لەگەڵ (شەهید سەلاحەدین‌و شەهید هیوا مەجروم‌و شەهید رابەرو چەند پێشمەرگەیەکی ترو (٨) پێشمەرگەی هێزی خالید ، بە نیازی سلێمانی لە سنوورەوە دادەبەزن، کەچی هەمدیسان بە هۆی چڕی کەمین‌و سەختی ڕێگاو زۆری سوپای رژێمەوە بەسەر کەمیندا دەکەونەوە، هەر لەو مەفرەزەیەداو لە ڕێگادا لەسەر ئاوێك دەوری سێ سەربازی رژێم دەدەن‌و بە دیلیان دەگرن‌و دوای چەککرانیان ئازادیان دەکەن‌و مەفرەزەکەش بەسەلامەتی دەگەڕێنەوە.

وێڕای بەشداری لەم مەفرەزانەدا، کاکە سەمیر لە ئازاری (١٩٩٠) دا لەگەڵ شەهید مەلا عومەرو عەبدولستار مەجیدو شەهید بێستون و دوو پێشمەرگەی تردا لە دۆڵی قاسمەڕەشەوە بە ناوچەی پشدەردا دادەبەزنە رانیەو لەوێشەوە بۆ هەولێر دەڕۆن و کۆمەڵێك کاروبارو چالاکی ئەنجام دەدەن‌و پاشان کاکە سەمیر بە کاری ڕێکخستن‌و چالاکی لە هەولێر تا راپەڕین دەمێنێتەوە.

لە راپەڕینیشدا لە سۆنگەی ئەوەوە کە کاکە سەمیر ئاگاداری بارودۆخەکان‌و ڕێنومایییەکان بوو، خۆی بە کردەوە لە خۆئامادەکردندا هەڵدەسوڕا، بۆیە ڕۆڵی جوامێرانەی تێدا گێڕاو ٣/١١ لەگەڵ قەڵاو منارەی شێخی چۆلی‌و جەماوەرو

پێشمەرگەدا دەستیان لە دەستی یەك کردو ئیتر تا کەرکوك نەفرەتیان بەسەر بەعسیەکاندا باراند، دوای راپەڕینیش لە مەڵبەندی چواری هەولێر هەر بە گوڕو تاوەوە درێژەی بە خزمەتی کاری ئیسلامی دا، چەند رۆژێك بەر لە کۆڕەوەکە بەشداری پێشانگایەکی کرد لە کتێبخانەی هەولێرو رۆڵی سەرەکی لە ئامادەکردنیدا گێڕا، دوای کۆڕەویش لە شەقلاوەو سۆران و دواتر لە هەولێر لە خزمەتی کاروانەکەدا بوو، ئەو لەبەر پەرۆشو دڵسۆزی لە ساڵی (١٩٩١) دا دوو سێ جار لە بەندیخانەیەکی بەغدا سەردانی شەهید (بێستون)ی کرد، کە پێشمەرگەیەکی دێرین بوو لەوێ دوای گیرانی لەلایەن بەعسیەکانەوە زیندانی کرابوو.

ساڵی ١٩٩٢ کرایە جێگری بەرپرسی ناوچەو دواتر بۆ ماوەیەك بە بەرپرسی ناوچەیەکی مەڵبەندی هەولێر دەستنیشانکرا.

مانگی ١٩٩٢/٦ لە سەردانێکیدا بۆ سوریاو مانەوەی مانگێك لەوێ سەردانی چەند کەسایەتییەکی ئیسلامی وەکو شێخ ئەحمەد کفتارۆی موفتی سوریاو موحەممەد سەعید رەمەزان بوتی دەکات.

زستانی (١٩٩٣) ش دەبێتە پەروانەی دەوری چرای کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانو دڵسۆزانە ئەرکەکانی رادەپەڕێنێ.

کاکە سەمیر لەپاڵ ئەم هەموو هەورازو نشێوو سەرقاڵیانەدا ، هێشتا مەسەلەی خوێندنەکەی کە بەر لە راپەڕین بەهۆی جیهادو پێشمەرگایەتییەوە وازی لێهێنابوو لەبیر نەچووبووەوە، بۆیە لە ساڵی (١٩٩٣-١٩٩٤) بەشی ماتماتیکی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین تەواوکردو بۆ ماوەیەکیش لە قوتابخانەی دواناوەندی حەسارۆست بوو بە مامۆستای وانەبێژ، هەروەها لە بواری زمانزانیشدا وێڕای زمانی دایك زمانەکانی عەرەبیو تورکی دەزانی.

کاکە سەمیر وەرتی لە مانگی ١٩٩٦/٥ دوای پرسو راوێژ قۆناغێکی تری ژیانی دەستپێدەکاتو بەرەو ئەڵمانیاو هەندەران بەڕێدەکەوێت، لەوێ دوای ماوەیەك دەستدەکات بە کاری بانگەوازو لە مزگەوتی مەغریبییەکانو تورکەکان بە زمانەکانی عەرەبیو تورکی ئامۆژگاریو وتە پێشکەش دەکات.

هەروەها لە هەولێکی تریدا لەگەڵ چەند موسڵمانێك دەزگایەکی خێرخوازی بەناوی (دەزگای هاواری مرۆڤایەتی) پێکهێناو کۆمەکیان بۆ هەژارانو لێقەوماوان کۆدەکردەوەو هاوکاری ماڵە شەهیدانیان دەکرد.


مانگی ١٩٩٩/٣ خۆیو خێزانی لە ئەڵمانیاوە فەریزەی حەجیان بەجێهێنا، شایانی باسە لەم سەفەرەی حەجدا زۆر لە خزمو کەسوکارو هاوڕێیانی دەبینێو وەك هەست بە دوارۆژەکانی تەمەنی بکات بە دایکی دەڵێ: "من دەمرمو ئەوەش راسپاردەکانمە"و هەندێ ئەمانەتی کە لایەتی دەداتەوە برادەرانی"، هەر ئەو رۆژەش بە خێزانەکەی دەڵێ: "ئەمشەو لە خەونمدا سێ کەس پەلکێشیان دەکردمو خەونێکی سەیرو سەرسوڕهێنەرم دیوە".

سەرەنجام کاك فەرهاد هاشمی ناسراو بە (سەمیر وەرتی) پێشمەرگەی قارەمانو کادیری بە تواناو چالاك و دامەزراو، لە شەوی (٥-١٩٩٩/٥/٦) بە رووداوێکی سامناكو دڵتەزێن و لەلایەن دەستێکی رەشو چەپەڵەوە کاتژمێر دەی هەمان شەو زۆر دڕندانە شەهید دەکرێو بۆ شاردنەوەی تاوانەکەش تەرمەکەی فڕێدەدەنە سەر هێڵی شەمەندەفەرو بۆ بەیانی ٥/٦ هەواڵی شەهیدبوونی بەماڵەوەیان دەگاتەوەو هاوڕێو دۆستانو جالیەی ئیسلامیی لە خەڵکی هەمەجۆری کوردو عەرەبو تورك... دەچنە ماڵی شەهیدو پەرۆش و خەم و دڵنەوایی بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراوو بێ پێشینە لە ئەڵمانیا بۆ شەهید سەمیر دەردەبڕن، دواتر تەرمەپاکەکەی بە هاوکاری دەفتەری دیمەشقی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو و خزمو کەسوکارو هاوڕێیانو دەزگای خێرخوازیی هاواری مرۆڤایەتی ، لە ١٩٩٩/٥/٢٣ لە رێگای سوریاوە گەیشتەوە هەولێرو دوای پێشوازی گەرم لە مەراسیمێکی شکۆدار لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەدی شاری هەولێر بەخاك سپێردرا.

شایانی باسە هەواڵی شەهیدبوونیو ئەو کارەساتە دڵتەزێنو تاوانە دڕندانەیە وێڕای کوردستان لە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانی ئەڵمانیاو رۆژنامەی (الجسر)ی عەرەبی هۆڵەندیو گۆڤاری نەوا بڵاوکرایەوە.

شەهیدی قارەمانو مەزڵوم، شەهید سەمیر وەرتی لە ١٩٩٠/٧/٩ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی دوو کوڕی بە ناوەکانی (موحەممەد، حەسەن) وەك دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێهێشتوون.

# شەهید: کەمال صدیق موحەممەد قادر
## ناسراو بە: خالید



ساڵی ١٩٧٣ لە ئامێزی خانەوادەیەکی ئیسلامپەروەری شارۆچکەی خورماڵ هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵییشی هەر لەوێ لەگەڵ دیمەنە رەنگینو دلڕفێنەکانی سورێنو ملەخوردو هەورامانو پێدەشتی شارەزووردا بەسەربردووە، هەر لە خورماڵ نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکاتو لەوەش زیاتر بواری نابێت درێژە بە خوێندن بدات.

لەگەڵ سەرقاڵبوونی بە کارو کەسابەتەوە ، لە ئامێزی خێزانەکەیو مزگەوتەکانی خورماڵدا بە رەوشتە بەرزەکانی ئیسلام گۆش دەبێتو خۆشەویستیی خواو پێغەمبەرو رێبازەکەیانی دەچێتە دڵەوەو دەشیەوێ ئەم خۆشەویستییو خواویستییو خەسڵەتە بەرزانەی ئیسلامیش ، لەناو گەنجو لاوەکانی شارۆچکەکەیدا رەنگ بداتەوە، بۆیە هەر لەو کاتەوە کۆڵی خەمەکانی ئیسلام دەنێتە شانو دڵسۆزانە لەگەڵ راپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا دەبێتە رێبواری رێبازی کاروانی ئیسلامخوازانی کوردستانو پەیوەندی بە بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەوە دەکاتو وەك ئەندامێکی دڵسۆز دەردەکەوێ، ساڵی ١٩٩٧ لە هێزی دووی گەرمیان دەبێتە پێشمەرگە.


شەهید کەمالی ناسراو بە (خالید) لەپاڵ کاری پێشمەرگایەتیدا هەم لە بواری بانگەوازو هەم لە بواری کارو کەسابەتو نانەواییدا قۆڵی لێ هەڵدەماڵیو وەك لاوێکی بە راپەڕ لە پێشڕەویدا دەبێو دڕ بە سەختیەکانی ژیان دەدات.

تا سەرەنجام لە ٢٠٠٠/٨/١٤ ماڵئاوایی لە ژیانی کورتی دونیاییو هاوڕێو هاوسەنگەرانو خزمو کەسوکاری دەکاتو دەگەڕێتەوە ژێر سێبەری میهرەبانی خودا، پاشان تەرمە پاکەکەی لە خورماڵ بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید کەمال لە ساڵی ١٩٩٨ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی تەنها کچێکی بە ناوی (خەنسا) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێهێشتووە.



# شەهید ئەحمەد مەحمود عەزیز رەحیم
# ناسراو بە: دکتۆر ئەحمەد



ساڵی ١٩٧٠ لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر لە کفری لەدایك بووە، ژیانی منداڵیی لە گوندی (کارێز) بەسەربردووە، قۆناغی سەرەتایی لە کارێزو ناوەندیی لە کفریو دواناوەندیشی لە قوتابخانەی (مکاسب) تەواوکردووەو دواتر پەیمانگای تەکنیکی لە موسڵ بەسەرکەوتوویی بڕیوە.

کاك دکتۆر ئەحمەد هەمیشە لە هەوڵی بەرەوپێشبردنی ئاستی هۆشیاریی و رۆشنبیریی خۆیدابووەو بەهۆی موتاڵای قورئانی پیرۆز پەیوەندی توندی لەگەڵدا گرێدەدات و لەگەڵیدا دەژی، ئەمەش وای لێدەکات رەوشتو هەڵسوکەوتەکانی ببنە جێگای سەرەنجی دەوروبەریو ئاستێکی بەرزی کۆمەڵایەتی وەدەست دێنێو لە بواری پزیشکییشدا شارەزایی پەیدادەکات و ئەمەش چاکتر ئامادەی دەکات و هانی دەدات بۆ ئەوەی زیاتر لە خزمەتی میللەتەکەیدا بێت.

ساڵی ١٩٩١ لە راپەڕینی جەماوەری گەلی کوردستاندا بەشداری دەکاتو بەتایبەتی لە کفری مەردانە بەگژ بەعسیەکاندا دەچێتەوە.

شەهید دکتۆر ئەحمەد لە دوای راپەڕینیشەوە وەك پێشمەرگەیەکی قارەمانی ئیسلام لە کفری درێژە بە خەباتو پێشمەرگایەتی دەداتو لە ژیانی پێشمەرگایەتیشیدا دووجار بریندار دەبێتو جارێکیش لەسەر رێبازو بیروباوەڕەکەی لەلایەن ناحەزانی میللەتەکەیەوە دەگیرێ.

سەرەنجام دکتۆر ئەحمەدی رۆشنبیرو دڵسۆزی ئایینو گەلو نیشتمان، لە کاتی سەفەرێکیدا بۆ بەغدا بە مەبەستی راپەڕاندنی ئەرکێکی حزبی لە ساڵی (٢٠٠٠)دا لە بەغدا لەلایەن رژێمی نەگریسی بەعسەوە دەستگیر دەکرێتو دەکەوێتە بەر رقی شێتانەی بەعسییەکانو دوای ئەشکەنجەو زیندانیکردنی لە ٢٠٠٢/٦/١٥ هەر لە بەغدا لەسێدارە دەدرێتو پاشان تەرمە پاکەکەی دەهێنرێتەوە کفریو لەوێ بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید دکتۆر ئەحمەد لە ساڵی ١٩٩٦ خێزانی پێکەوەنابوو، سێ کوڕی بە ناوەکانی (ئەنەس، ئەیمەن، عەباس) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کۆمەڵی کوردەواری بەجێهێشتوون.

# شەهیدی سەرکردە: عەبدوڵڵا ڕەسوڵ
# ناسراو بە : مامۆستا عەبدوڵڵای قەصرێ



ئێوارەیەو
کەچی لە جیاتی زەردەپەڕ
بایە قووشی وێرانیو شەڕ
لە نزیک دەروازەی شاری شێخ مەحمودا
پێکوڵ دەکا
لە هەنگاوێکی شێتانەو شوورەیی دا
لەگەڵ ئیبلیسی نەگریسا
یەکدەگرێو قۆڵ لە قۆڵ دەکا
لەبەردەمی ئەزمەڕو پیرەمەگروونا
بە بەر چاوی ئازادییەوە
ڕەوە کۆترێک
خەڵتانی خوێنو خۆڵ دەکا

***

ئێوارەیەو
خۆر.....
ڕێبواری سەفەری ئاوابوونە
لە چاو ون بوو
ئۆتۆمبیلێک
ڕێبواری بەرەو ماڵچوونە
کەچی تووشی کارەساتێکی مەزن بوو
لە ناوی دا
بە هاڵاوی هەناوی ڕەشی بایەقووش
چەپکێک نێرگز
دەبێتە پووش!

ئیسلام وەك شەریعەتو پەیامێکی خودایی گشتگیرو هاوسەنگ، ساتێك لە لایەن هەر تاكو کۆمەڵگایەکەوە وەکو خۆی جێبەجێ دەکرێو لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا ڕەنگی پێدەدرێتەوەو لە سەرچاوە سەرەکییەکانیەوە وەردەگیرێو هەواو نەفسو خورافیاتو دابو نەریتی جاهیلانەی تێکەڵاو ناکرێ، دەبینین تاکی نموونەییو خێزانی

نموونەیی‌و کۆمەڵگەی نموونەیی‌و نایاب بە بەرزترین ئاستەکانی بەها مرۆڤایەتییەکانەوە دێنێتە بەرهەم‌و پێشکەشی دەکات.

نموونەی ئەم تاك‌و خێزان‌و کۆمەڵگایانەش لە لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، ئەوەی کە بە ئایین‌و بەرنامە خواییە یەك لە دوای یەکەکانەوەو بەتایبەتی دوایین ئایین‌و پەیام‌و شەریعەتیان کە بۆ پێغەمبەری پێشەواو خاتەم ﷺ نێردراوە، رەنگڕێژ کراوە، دێنێتە بەرچاو و هەموو هۆشێکی بێدارو ویژدانێکی زیندوو و دڵێکی ئاوەدان ، بە چاوی رێزو قەدرزانییەوە لێیان دەڕوانی‌و شانازییان پێوە دەکات.

کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانیش کە بە بەیداخی پەیامی خوداوەو بە شوێن رێبازی پێغەمبەری پێشەواوە ﷺ لە پێناو بەختیاری‌و سەرفرازی دونیاو دوارۆژی گەلی کوردی موسڵماندا هەنگاو دەنێ، لە پێشکەشکردنی مرۆڤی کامڵ‌و هاوسەنگ‌و رازاوە بە جوانترینی خەسڵەت‌و بەها بەرزو باڵاکانەوە بە کۆمەڵی کوردەواری ، درێغی نەکردووەو دەبینین سیمای نوورانی ئەو مرۆڤە دانسقەو هەڵکەوتووانە بە ئاسمانی هەقیقەتەوە پرشنگ دەداتەوەو سەرەڕای هەموو هەوڵە چەواشەکارییەکان‌و سێبەری شوومی هەورە رەشەکان بۆ کوژاندنەوە، یاخود شاردنەوەو شێواندنی ئەو سیما نوورانیانە، هێشتا بە تەشقی ئاسمانەوە دەدرەوشێنەوەو لە ئاوێنەی ویژدانە زیندووەکان‌و دڵە بێدرەکاندا تریفە دەدەن.



بێگومان لەلایەکی تریشەوە مێژوو بە کۆنو نوێیەوە ئەوەی تۆمار کردووەو خوداش بە راشکاوی ئەو هەقیقەتەی راگەیاندووە ، کە خواستو هەوڵو تەقالای نەیارانو سەرلێشێواوانو خۆبەخوازانان ئەوەبووە نووری خوا بە فۆی دەمیان بکوژێنێتەوەو رێبوارانی سەرڕاستو هەقخوازانی راستەقینەش سەرکوتکەنو بە جۆرەهای پیلان بەرەنگارییان ببنەوە، دیارە پێغەمبەرانی خوداش (سەلاتو سەلامی خوایان لێبێت) لە هەموو کەس زیاتر تووشی ئەو دژایەتیکردنو کۆسپو لەمپەرو تاقیکردنەوە سەختانەی ژیان بوونەتەوە، ئەمەش ئەو راستیەیە کە دەبێ هەمیشە لە گوێماندا بزرنگێتەوە، کە ئەم رێبازە خواییە، رێیەکی پڕ لە هەورازو نشێو ودڕكو داڵەو تێراڕۆیشتنی ورەو باوەڕی پۆڵاینو قوربانیدانو گیانبەخشینو مەردایەتیو کۆڵنەدانو نەبەرزینو تووێشووی تەقواو یەقینی دەوێ، دەبێ ڕێبوارەکانی خۆڕاگرو پشوودرێژ بن و بە حیکمەتو وریاییەوە هەنگاو بنێن، جا یەکێك لەو رێبوارە هەڵکوتوو و سەر راستانەی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان ، کە بە گیانو ماڵ و زانست و مەعریفەو هەموو تواناکانیەوە بە شێوەیەکی رێكو پێكو هاوسەنگ لە خزمەتی کاروانەکەو کۆمەڵی کوردەواریدا بوو، شەهیدی سەرکردە مامۆستا عەبدوڵڵای قەصرێ بوو ، مامۆستا عەبدوڵڵای قەصرێ ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی (سەرکان) ی دۆڵی باڵەیان لە دامێنی قەندیلو کۆدۆداو لە ئامێزی خانەوادەیەکی ئایینپەروەردا هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیی لەوێ تێکەڵ بە هەوای سازگاری ئەو دەڤەرە رەنگینە کردووە.

ساڵی ١٩٧٨ ماڵەکەیان بە هۆی راگوێزانیانەوە لەلایەن رژێمی بەعسەوە لە کۆمەڵگای زۆرەملێی (شاوێس)ی سەر بە هەولێر نیشتەجێ بووە، چۆتە قوتابخانەو قۆناغی ناوەندیی لە شاوێس تەواوکردووەو بەهۆی زیرەکییەوە زۆربەی ساڵەکان عەفوی عام کراوە، لەلایەکی ترەوە دەستیکردووە بە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزو سەرەنجام لە ساڵی ١٩٨٥-١٩٩١ هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەرکردووە، هەر لە شاوێسو لە هەشتاکاندا بە گەرمی دەستیکردووە بە خوێندنی زانستە شەرعییەکانو لای چەندان مامۆستای وەکو (مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای قەڵات، مەلا ئەحمەدی رەوەندۆك) خوێندوویەتی، لە وەرگرتنی زانستەکاندا زیرەكو خێرا بووەو هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو، مامۆستاو هاوڕێکانی زۆریان خۆشدەویست.

ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشووەوە دەکاتو ئەو ماوەیەش تا ڕاپەڕین جارێکی تر بە هیممەتێکی بەرزو تێڕوانینێکی نوێوە لە خۆپەروەردەکردنو وەرگرتنی زانستی زیاتردا هەنگاو دەنێ.

لە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١یشدا ڕۆڵی خۆی دەبینێو تا کەرکووکی خۆشەویست بە شوێن بەعسیەکانەوە دەبێت، حەماسەی تێکەڵاوی حەماسەی پێشمەرگەکانی ئیسلامو هاوڕێکانی دەکاتو لە مەڵبەندی چواری هەولێر وەك پێشمەرگەیەکی قارەمان درێژە بە تێکۆشان دەدات.

مانگی ١٩٩١/٩ بەهۆی لێهاتوویيو دامەزراوییەوە دەکرێتە سەرتیپی (عەبدوڵڵا عەزام)ی سەر بە مەڵبەندی هەولێرو لە قەصرێ بارەگا دەکاتەوەو چەند مانگێك سەرپەرشتی بارەگاکانی قەصرێو خانەقاو چۆمان دەکات، هەر لە قەصرێ دەبێتە وتاربێژی مزگەوتی ئەوێ، لەوێش ناوی نرا (مامۆستا عەبدوڵڵای قەصرێ) هاوسەرەکەی (ساراخان) لە بارەی ئەو ناونانەیەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: "شەوێکیان مامۆستا لە ماڵ نەبوو، لە خەونمدا کەسێکی نووورانیو جوان لە دەرگای داو وتی، مامۆستا عەبدوڵڵای قەصرێ لەوێیە؟ منیش وتم: نەخێر، تۆ کێی؟ وتی: من پێغەمبەری خودام ﷺ کە مامۆستا هاتەوە سەلامی منی پێ بگەیەنە". لەو ڕۆژەوە بەبێ ئەوەی بە هیچ کەس بڵێم بەو نازناوەوە بانگی دەکرێو ناوی دەهێنرێ!

ساڵی ١٩٩٢ هاتۆتە هەولێرو بە ئەندامی مەڵبەندی هەولێر دانراوەو لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٩٣) دا کراوە بە بەرپرسی مەڵبەندی چواری هەولێر.

لە زستانی (٩٣) شدا بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێو دڵسۆزانە ئەرکەکانی رادەپەڕێنێ، ساڵی ١٩٩٤ لە سالارەو بادین باڵی پشتی قەڵادزێ لەگەڵ برا پێشمەرگەکانیو مامۆستا عەلی باپیردا وەك پێشمەرگەو فەرماندەیەك ئەرکەکانی ئەو قۆناغە سەختە جێبەجێ دەکاتو دوای ئەو قۆناغە سەختەش جارێکی تر دەکرێتەوە بە لێپرسراوی مەڵبەندی هەولێر، دواتر لە کۆنفرانسی بزووتنەوەدا بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو وەك ئەندامی سەرکردایەتی متمانەی ئەندامانی وەرگرت.

لە موئتەمەری حەوتەمیشدا کە لە (٢١-١٩٩٧/١٢/٢٦) لە هەڵەبجەو خورماڵ بەسترا، بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە.

ساڵی ١٩٩٨ کرایە بەرپرسی مەڵبەندی رانیەی بزووتنەوەی پێشوو، دوای کرانەوەی بارەگای مەڵبەندیش لە ١٩٩٩/٨/١٩ لە رانیە کە بەهۆی بارودۆخە سیاسیەکانەوە لە (٩٧) ەوە گواسترابۆوە هەولێر، هەر بە بەرپرسی مەڵبەند مایەوەو بەو بەرپرسیارێتییەوە درێژەی بە خزمەتی کاروانەکە دا، لەو ماوەیەدا جگە لە راپەڕاندنی ئەرکەکانی تری بە کۆمەڵێك بابەتیش لە بلاوکراوەی (هەڵوێست) دا کە بلاوکراوەیەکی مانگانەی مەڵبەندی رانیە بوو، بەشداری دەکرد، پێشتریش خاوەنی ئیمتیازی بلاوکراوەی (سەدای جیهاد) ی مەڵبەندی چواری هەولێر بوو.
دوای راگەیاندنی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامییش ، مامۆستا عەبدوڵلای قەصریٚ هەر لەسەر پۆستی لێپرساوێتی مەڵبەندی رانیە بەردەوام بوو.
ساڵی ١٩٩٩ لەگەڵ راپەڕاندنی کارو بەرپرسیارێتیەکانیشدا ماڵی گواستەوە بۆ رانیەو لەویٚ نیشتەجیٚ بوو، ئیتر خۆشەویستیی خەڵکی دڵسۆزی ناوچەکە زیاتر بۆ مامۆستا عەبدوڵلا پەرەی سەندو ماڵەکەشی تا دوای شەهیدبوونی هەر لەویٚ مایەوە.
لە کۆنگرەی ساڵی (٢٠٠٠)ی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامییشدا، کە لە شارۆچکەی (تەوێڵە) گرێدرا، لەبەر خۆشەویستیی و متمانەی ئەندامان، دەنگی یەکەمی بەدەستهێناو بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوەو دیسان هەر بە لێپرساوی مەڵبەندی رانیە دیاریکرایەوە.
مامۆستای سەرکردەو لێهاتوو یەکێك بوو لەو پایە دامەزراوانەی ئیعلانکردنی (کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان) لە ٢٠٠١/٥/٣١داو پاشان رۆڵی گەورەو گرنگی بینی لە کۆکردنەوەی موجاهیداندا لە نێو ریزەکانی کۆمەڵی ئیسلامییدا.
مامۆستای شەهید لە سەرەتای راگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامییدا کرا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، دواتریش بوو بە خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەی (کۆمەڵ) ی زمانحاڵی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانو لە هەمان کاتیشدا کرا بە لێپرساوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی و لە ساڵی (٢٠٠٢)ش کە لقێکی مەکتەبی سیاسی لە هەولێر کرایەوە، کرایە بەرپرسی ئەو لقەی مەکتەبی سیاسی.
شەهید مامۆستا عەبدوڵلای قەصریٚ شەوانەش لە شاشەی کەناڵی رانیەی تەلەفزیۆنی (کۆمەڵ) ەوە خزمەتێکی گەورەی بە جەماوەری دەڤەرەکە دەکرد، بەرچاوی رۆشندەکردنەوەو راستیەکانی بۆ روونکردنەوە، بە هێواشیو حیکمەتەوە لەگەڵیاندا

دەدوا، ئەو وتارانەی لە مزگەوتی مەڵبەندی رانیە رۆژانی هەینی ئاراستەی ئامادەبووانی دەکرد، لە کەناڵی تەلەفزیۆنی (کۆمەڵ)ەوە راستەوخۆ پەخشدەکران، بەمەش زۆرینەی خەڵکی بەرێزی ناوچەکە بیسەرو بینەری بەرنامەو وتارەکانی بوون، بەرنامەی (ئیسلام و ژیان) و (هەڵسوکەوتی خواپەرستان لە قورئاندا)و (وتارەکانی نوێژی هەینی)و (کۆڕو بۆنەو بیرەوەرییەکان) کە لە رێی شاشەی نورانی کەناڵی رانیەی تەلەفزیۆنی (کۆمەڵ) ەوە پەخشدەکرانەوە، کاریگەرییەکی زۆرو گەورەیان بەسەر هەستو هۆش و دڵو دەروونی خەڵك و جەماوەرەوە هەبوون و هەموو ئەمانەش زیاتر خۆشەویستیو رێزو ویقاری مامۆستا عەبدوڵڵای سەرکردەو وتاربێژو خەمخۆری ئایین و گەل و نیشتمانیان لە دڵو دەروونەکاندا دەڕواند.

کاتێکیش ئەو وتارو بەرنامانەی مامۆستا عەبدوڵڵای قەصریێ کە لە رانیە پێشکەشی کردبوون لەلایەن کەناڵی رانیەی تەلەفزیۆنی (کۆمەڵ) ەوە خرانە سەر سیدی، لە کەناڵەکانی تری کۆمەڵی ئیسلامییەوە ، لە هەموو ناوچەکانی کوردستان پەخشدەکرانەوە، بە شێوەیەکی فراوان لەلایەن خەڵکی ناوچەکە بەتایبەتیو زۆربەی ناوچەکانی کوردستان پێشوازیی لێکراو گوێی بۆ دەگراو خەڵکێکی زۆر لێی سوودمەند بوون، ئێستاش ئەو وتارانەی لەلایەن (بوخاری) کوڕی مامۆستاوە دەنووسرێنەوەو بەرگێکیشی لێ چاپو بڵاوکراوەتەوە.

مامۆستای شەهید ئەو بوارانەی ئەسپی خۆی تێدا تاودەدان بوارێك و دوو بوارو مەیدانێك و دوو مەیدان نەبوون، بەڵکو ئەو لە پاڵ کاری بەرپرسیارێتیو سەرپەرشتیاریو بانگەوازو رێکخستندا، لە بواری وەدەستهێنانی زانستو زانیاری زیاتردا کاتی بە فیڕۆ نەدەدا، بۆیە هەر لە ساڵی (٢٠٠٢)دا خوێندنی (کۆلێژی شەریعەی دهۆك)ی تەواوکرد.

هەروەها لە بواری کۆمەڵایەتیو صولحو ئاشتەواییشدا خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێزو بە هەیبەتو رێزو لێدوانی کاریگەرو بە پیتو پێز بوو.

ئەو جگە لە چارەسەری کێشەکان و لێکنزیککردنەوەی دڵەکان و ئاسوودەییو ئاشتەوایی مرۆڤەکان و وەدەستهێنانی رەزامەندیی خوای میهرەبان، شتێکی تری لە هەوڵەکاندا مەبەست نەبوو.

شەهید مامۆستا عەبدوڵڵای قەصرێ لە سۆنگەی ئەم دڵسۆزیو پاكیو ئەخلاقە جوانو خەسڵەتە بەرزانەوە ببوو بە ئاوێنەیەكی باڵا نوومای ئیسلامو كۆمەڵی ئیسلامیی كوردستان لە ناو خەڵكو جەماوەردا.

مامۆستا جگە لە زمانی كوردی شارەزاییەكی باشی لە زمانی عەرەبیدا هەبوو، بەشداری چەندان كۆڕو كۆبوونەوەو وەفدی كردووە لەگەڵ لایەنە سیاسیەكاندا، تا دەگاتە وڵاتانی (ئێران، سعودیە، كوێت، ئیمارات).

مامۆستا لە زانستە شەرعیەكانو زانستەكانی سەردەمیشدا زۆر بەئاگا بوو، لەگەڵ قورئاندا دەژیا، لەگەڵ فەرموودەكانی پێغەمبەری پێشەوادا ﷺ دەستەملان بوو، لەگەڵ زانایانی پێشینو بەرهەمو كەلەپوورە گرانبەهاكانیاندا هاورێ بوو، لەگەڵ تێكڕای چینو توێژەكانی كۆمەڵگاو بە تایبەتی زانایانی ئایینیو ریش سپیو پیاوماقوڵانو دایكانو خوشكانو گەنجو لاوانداو تەنانەت لەگەڵ منداڵانیشدا بە سەنگینیو رێزو خۆشەویستییەوە مامەڵەی دەكرد.

لە مەفاهیمە ئیسلامییەكاندا قوڵ ببووەوەو خاوەنی دڵێكی رووناكو بێدار بوو، لە یەكێك لە وتارەكانیدا تەفسیرو راڤەی بڕگەی (إن الله)ی ئایەتی (الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُواْ إِنَّا لِلّهِ وَإِنَّـا إِلَيْهِ رَاجِعونَ) دەكات، بەڵام پاش یەك هەفتە لە پێشكەشكردنی ئەم وتارە بە قەدەری خودا خۆی لە رۆژی ٢٠٠٢/٤/٢١دا لە نزیك گوندی (گردجان)ی سەر بە چوارقوڕنە ئۆتۆمبیلەكەی وەردەگەڕێت.

هەروەها لە دواین وتاریدا لە نوێژی هەینی كە چوار رۆژ بەر لە شەهیدبوونی باسی (كوشتنی بە ناهەق) دەكاتو حوكمەكانی ئەم تاوانە گەورەیە بۆ خەڵك رووندەكاتەوە.

ئاوا مامۆستا عەبدوڵڵای قەصرێ بە دڵێكی پەیوەست بە خوداوە، بە بیروباوەڕێكی قایمو نەلەخشاوەوە، بە ورەیەكی پۆڵایینەوە، بە سیمایەكی نورانییەوە، بە بیرو زەینێكی رۆشنو تیژو كراوەوە، بە دەستگەرمیو دڵنەرمییەوە، بە زمانێكی پاراو بە زیكرو دوعاوە، بە توێشوویەك تەقواو پەرۆشو دڵسۆزییەوە، بە كێوێك لە ئازایەتیو مەردایەتییەوە، بە دەستی نازو هەستو سۆزەوە، بە پەیامێكی پیرۆزەوە، رێگای دەبڕیو دڕی بە شەوەزەنگی ستەمو تاریكی دەداو رووناكی پەخشدەكردەوە، تا سەرەنجام لە سەروبەندی رۆژانی یادو بیرەوەری بەرپابوونی راپەڕینی جەماوەرییو سەرتاسەری گەلی كوردستانداو لە دەستپێكی سەریساڵی كۆچیداو لە ئێوارەی (٢٠٠٣/٣/٤ — ١/محرم/١٤٢٤)دا لەو كاتەی مامۆستای سەركردە بە خۆیو چوار

پێشمەرگەی پاسەوانەوە بە ئارامیی‌و دڵنیاییەوە لە (ئەحمەدئاوا)وە بەرەو رانیە دەگەڕێتەوە، لە نەغافڵ لە بازگەی (تاسڵوجە) لە هەر چوارلاوە دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللەو خۆی‌و هەر چوار هاوڕێکەشی بە ناوەکانی (مەلا ئەحمەد، عەبدولجەبار پیرانی، شێخ توانای شێخ حەسەن، کاکە سیروان) شەهید دەبن‌و دەستبەجێ ئەم هەواڵە دڵتەزێن‌و خەمناکە بە هەموو کوردستاندا بڵاودەبێتەوەو پەرۆش‌و نیگەرانی قوڵ سەراپای جەستەی جەماوەر دادەگرێ، رۆژی دواتر واتە ٣/٥ دوای ئەوەی تەرمی پاکی مامۆستا عەبدوڵڵای قەصری‌و هەر چوار هاوەڵەکەی دەبرێنە بارەگای مەڵبەندی سلێمانی کۆمەڵی ئیسلامیی، بە رێزو شکۆیەکی زۆرەوەو بە مەراسیمێکی گەورەوە تەرمی مامۆستا عەبدوڵڵای قەصریێ بەرەو هەولێرو هەر چوار پاسەوانەکەشی بۆ سنووری رانیە دەبرێنەوە.

پاشان تەرمی مامۆستای شەهیدی سەرکردە، بە بەشداری سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیی و سەرکردایەتی لایەنە سیاسیەکان‌و کەسوکارو خانەوادەی بەڕێزیان‌و جەماوەرێکی زۆر لە زانایان‌و چین‌و توێژەکانی تر لە گۆڕستانی (شاوێس) بەخاك دەسپێردرێت، پاشان پرسەکەشی لە مزگەوتی گەورەی شاوێس بەڕێوەچوو، لە مەڵبەندی رانیەش مەراسیمێکی پرسەی بە شکۆوە لەلایەن برایان‌و خوشکانەوە بۆ سازدرا.

ئەم کارەساتە دڵی هەموو دڵسۆزێکی راچڵەکاند، شین‌و گریانی کردە میوانی زۆربەی ماڵەکان‌و فرمێسکیان بۆ دەڕشت، سۆزیان بۆ دەردەبڕی، زیاتر لە کۆچی خۆشەویستانی خۆیان پەرۆشیان بوو، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو کە مامۆستا عەبدوڵڵا لە سۆنگەی ئەخلاقی بەرزو وتارو ئامۆژگارییەکانیەوە چووبووە ناو دڵیانەوەو سوودی دونیایی‌و قیامەتی پێ دەگەیاندن، هەروەها لەبەر ئەوەبوو بە ناهەق شەهید کرابوو.

شەهیدی سەرکردە مامۆستا عەبدوڵڵای قەصریێ خێزاندار بوو، دوای خۆی چوار کوڕو دوو کچی بە ناوەکانی (موسلیم، ئەیوب، بوخاری، موحەممەد، هودا، بوشرا) بە دیاریی‌و یادگاری بۆ کوردستان‌و ئیسلام‌و کاروانی نوور بەجێهێشتوون.

# شەهید: عەبدولجەبار موحەممەد پیرۆت
# ناسراو بە: عەبدولجەبار پیرانی



ساڵی ١٩٧٧ لە گوندی (پیرانان) ی دەڤەری ئیسلامپەروەری پشدەرەڕەقەی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەرو لە ناو ئامێزی خانەوادەیەکی ئاینپەروەرو هەژاردا چاوی بە ژیانو ناسۆرەکانی میللەتەکەی هەڵێناوە، ژیانی منداڵیی لەوێ بەسەردەباتو دواتر بە کارو کاسبیو دابینکردنی بژێوی ژیانەوە لەگەڵ خانەوادەکەیدا خەریك دەبێت.
ساڵی ١٩٨٩ دوای ئەوەی گوێچکەی بە بانگەوازی بێداری ئیسلامیی و زەنگی کاروانی جیهاد دەزرنگێتەوە، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەوە دەکاتو دڵی لەگەڵ دڵی پێشمەرگەکانی ئیسلام لەو دەڤەرەدا کە لە قەڵاتووکانو قەندیل وەك مانگی چواردە تریفە دەدەن لێدەدات.
لە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا وێڕای بینینی ڕۆڵی خۆی هەر لەو ساڵەدا لە تیپی (٨٦)ی نەورەسی سەر بە مەڵبەندی سێی ڕانیە دەبێتە پێشمەرگەو بەوپەڕی لێبڕاویو دڵسۆزییەوە ئەرکەکانی پێشمەرگایەتی لە ڕانیەو تەقویەی تەلەفزیۆنی هەیبەت سوڵتانو سەرئەشکەوتانو هەر شوێنێکی تر کە پێویست بووبێ ڕادەپەڕێنێ.
ساڵی ١٩٩٣و ١٩٩٤یش دەبێتە پەروانەی دەوری پەیامو بیروباوەڕەکەیو دواتر لە تیپی تایبەتی مەڵبەندی سێی ڕانیە درێژە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی دەدا.
ساڵی ١٩٩٧ بە هۆی ئاڵۆزیی بارودۆخی سیاسییەوە بە خێزانەوە هیجرەت دەکات بۆ هەولێرو تا ساڵی ٢٠٠٠ لەوێ دەمێنێتەوەو لە مەڵبەندی هەولێر دەوامی پێشمەرگایەتی دەکات، ئەمجار لە ساڵی (٢٠٠٠) ەوە تا ڕۆژی شەهیدبوونی وەك پێشمەرگەی پاسەوانی لای شەهیدی سەرکردە مامۆستا عەبدوڵڵای قەسریێ مەردانەو لێبڕاوانە لەسەر ئەرکی جیهادو خزمەتی پێشمەرگانەی خۆی دەمێنێتەوەو بە دڵی پڕ لە بیروباوەڕو هیواوە بەرەنگاری سەختیەکانی ژیانو ئاستەنگەکانی بەردەم کاروانی ڕابوونی ئیسلامیی کوردستان دەبێتەوە، لە پێناو بەختیاریو سەرفرازی دونیاو دوارۆژی میللەتەکەیدا وەك پێشمەرگەیەکی دڵبێدارو فیداکار تێدەکۆشێ، تا سەرەنجام کاك عەبدولجەبار پیرانی کوڕی بەدەستو بازوو و لاوی ئیسلامخوازو نیشتمانپەروەر لە ئێوارەی ڕۆژی (١/محرم/١٤٢٤ — ٤/ئازار/٢٠٠٣) لەگەڵ شەهیدی سەرکردە مامۆستا عەبدوڵڵای قەسریو کاك مەلا ئەحمەدو شێخ توانای شێخ حەسەنو کاك سیروانداا لە بازگەی (تاسلوجە) لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ ڕانیە لە نەخافڵو نابەحەق دەستڕێژیان لێدەکرێو شەهید دەکرێنو دەچنە ڕیزی کاروانی

شەهیدانی سەر بڵندەوە، دواتر تەرمی پاکی شەهید عەبدولجەبار پیرانیو هاوڕێکانی لە سلێمانییەوە بە ڕێزو شکۆوە دەهێنرێتەوە بیتوێنو تەرمی پاکی کاك عەبدولجەباری شەهید لە گۆڕستانی کێوەڕەش لە ڕانیە بەخاك دەسپێردرێت.
شەهید عەبدولجەبار پیرانی ساڵی ١٩٩٤ خێزانی پێکەوە نابوو، دوای خۆی دوو کچو دوو کوڕی بە ناوەکانی (فاتیمەو زەیتونو وریاو وشیار) بەجێهێشتن.



# شەهید: دلێر حەسەن ئیسماعیل
# ناسراو بە: شێخ توانا



ساڵی ١٩٧٧ لە گوندی (سەیدە فەقیرە) ی ناسراو بە (سەیداوا)ی نزیک رانیە لە ئامێزی بنەماڵەیەکی ئایینپەروەری سەر بە شێخانی بەرزنجە هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵییشی لەوێ بەسەر بردووەو لە قوتابخانەی سەرەتایی بیتوێن نراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتایی بڕیووە، پاشان لە ناوەندی کێوەڕەشی تێکەڵ خوێندوویەتی، بەڵام گرفتەکانی ژیان بواری بەردەوامیان پێی نەداوە، لە ساڵی ١٩٩٣ بەدواوە بەرە بەرە بەهۆی تریفەی بانگەوازی ئیسلامیی و کاروانی ئیسلامخوازانەوە زیاتر هۆگری مزگەوتو کاری ئیسلامیی دەبێتو لەگەڵ شەریعەتی خوادا دەبێتە دۆستێکی گیانی بە گیانی.

ساڵی ١٩٩٤ لە تیپی ٨٦ ی نەورەسی سەر بە مەڵبەندی سێی رانیە دەبێتە پێشمەرگەو وەك لاوێکی چالاكو بێدارو دلێرو دڵ رووناك ئەرکەکانی رادەپەڕێنێ.

دوای ساڵی ٢٠٠١یش لە بەرنامەی (لێرەو لەوێ) ی کەناڵی رانیەی تەلەفزیۆنی بزووتنەوەی یەکبوون وەك ئەکتەرێك رۆڵ دەبینێو لەم دەروازەیەشەوە هۆگری کاری نواندنو دونیای هونەر دەبێت، لێرەوە کاك شێخ توانای شێخ حەسەن هەم پێشمەرگەیەکی چالاکەو هەم ئەکتەرێکی کارامە، بۆیە لە هەردوو لاوە درێژە بە خزمەت دەدات، هەر لەو کاتانەشدا دەبێتە پارێزەری شەهیدی سەرکردە مامۆستا عەبدوڵڵای قەسرێو سەرەنجام هەر لەگەڵ ئەویشداو لە رۆژی ٢٠٠٣/٣/٤ لە بازگەی تاسلوجە شەهید دەکرێو لەگەڵ هاوڕێکانی (کاکە سیروانو عەبدولجەبار پیرانیو مەلا ئەحمەد)دا سەفەری سەروەرییو یەجگاری بەرەو ژیانی راستەقینەو بارەگای میهرەبانی خوا دەکاتو توێشوویەك لە باوەڕو خواویستیی و میللەتپەروەری لەگەڵ خۆیدا دەباتو کۆڵی خەمو خولیاکانیشی بە هاوسەنگەرانو رێبوارانی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان دەسپێرێ، تەرمە پاکەکەشی لە زێدی باب و باپیرانی و لە گۆڕستانی گوندی (سەیدە فەقیرە) ی خۆرهەڵاتی رانیە بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید شێخ توانا ساڵی ١٩٩٥ خێزانی پێکەوەناوەبوو، دوای خۆی کچێكو کوڕێکی بە ناوەکانی (موحەممەدو ئیمان) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کوردستانو کۆمەڵی کوردەواری جێهێشتوون.

# شەهید: موحەممەد ئەمین موحەممەد رەسوڵ

# ناسراو بە: سیروان



ساڵی ١٩٧٥ لە گوندی (دێلێژە) ی بەری مەرگەی سەر بە ناحیەی بنگرد لەدایك بووە، بەشێکی ژیانی منداڵیی لە گوندەکەیان بەسەر بردووەو هەر لەوێش نراوەتە بەر خوێندنو تەنها ئەوەندەشی بۆ رەخساوە شەشی سەرەتایی تەواو بکات، دوای راگواستنی گوندەکەیان لەلایەن رژێمی بەعسەوە لە کۆمەڵگای زۆرەملێی حاجیاوا نیشتەجێ دەبن، ئەمجار لەگەڵ کرێکاریو جوتیاریو سەختیەکانی ژیاندا دەستەویەخە دەبێتەوە، لە راپەرینیشدا رۆڵی خۆی دەبینێو شکستی بەعسیەکان شاگەشکەی دەکات، بە دوای راپەرینی ئازاری ١٩٩١ لە تیپی (٦٣) ی خالیدی کوڕی وەلیدی سەر بە مەڵبەندی سێی رانیە دەبێتە پێشمەرگەو بە رێکوپێکی ئەرکو فەرمانەکان جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٩٣ش بە ئەرکی پێشمەرگایەتی خۆی هەڵدەستێت، دواتر لە هێزی (هەندرێن) درێژە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی دەداتو ماوەیەك لە سنووری (حاجی ئۆمەران) دەوام دەکات، دوای ئەوە وەك پێشمەرگەیەکی چەلەنگی (هێزی راپەرین) لە سنووری سیروانو خورماڵ ناوچەی شارەزوور ئەرکەکانی پێشمەرگایەتی رادەپەڕێنێو ساڵی ١٩٩٧یش وەك هەمیشە پەرژینی رزێبازەکەی دەبێت.

شەهید سیروان جگە لەوەی پێشمەرگەیەکی دلێرو فیداکار دەبێت، شۆفێرێکی کارامەو شارەزاشی لێدەردەچێت، هەر بۆیە دواجار دەبێتە شۆفێری مامۆستا عەبدوڵلای قەسریو سەرەنجام هەر لەگەڵ ئەویشدا وەك هاورێکانی (شێخ توانای شێخ حەسەن، مەلا ئەحمەدو عەبدولجەبار پیرانی) لە بازگەی تاسڵوجەو لە ٢٠٠٣/٣/٤دا شەهید دەکرێو دواتر تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی حاجیاوای خوارو بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید سیروان ساڵی ١٩٩٨ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی کچێكو کوڕێکی بە ناوەکانی (کەلسوم، عەبدوڵلا) بە دیاریو یادگاری بەجێهێشتوون.

# شەهید: ئەحمەد حەسەن حەمەد
## ناسراو بە: مەلا ئەحمەد



١

ساڵی ١٩٧٧ لە گوندی (سەرگەینێڵ) ی بناری قەندیلی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەر هاتۆتە دونیاوە، بەهۆی ئەوەی بنەماڵەکەیان وەك زۆربەی خەڵکی گوندە بێ نازەکانی کوردستان کاڵەی غەریبی لە زۆر جێگا کردووەتەوە، ژیانی منداڵی تێکەڵاوی غەریبیی‌و کۆچ‌و کۆچبار بووە، بۆیە قۆناغی سەرەتایی لە (دۆڵە رەقە)و ناوەندیی لە سەرکەپکان‌و دواناوەندیش تا چوارەمی ئامادەیی لە هیران دەخوێنێ‌و لەوە زیاتر بواری خوێندنی قوتابخانەی نامێنێ.

دواتر بە کشتوکاڵ‌و کارو کەسابەتەوە سەرقاڵ دەبێت‌و لەپاڵ ئەمەشدا ماوەیەك لای شەهید مامۆستا مەلا ئەحمەد سینەمۆکی لە چوارقوڕنە دەخوێنێ‌و لە سۆنگەی ئەمەو پەیوەستبوونی بە کاری ئیسلامییەوە بە (مەلا ئەحمەد) دەناسرێت‌و لە ساڵی ١٩٩١ دەبێتە پێشمەرگەی مەڵبەندی سێی رانیەو بە دڵسۆزی‌و لەخۆبوردوویی ئەرك‌و فرمانەکانی رادەپەڕێنێ.

شەهید مەلا ئەحمەد بەهۆی لێبڕاوی‌و دڵسۆزی‌و گوێڕایەڵی‌و کراوەییەوە جێگای خۆی لە ناو دڵی هاوڕێ‌و هاوسەنگەرانیدا دەکاتەوە، لە ساڵی ١٩٩٣ش لە درێژەی خزمەتی پێشمەرگایەتیدا بە خەمی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانەوە دەبێت. ئیتر پێ بەپێ‌و قۆناغ بە قۆناغ هەنگاو لەگەڵ کاروانەکەدا دەنێ‌و ئیلهامی لێوە وەردەگرێ‌و رووسووری خۆیی‌و میللەتەکەی لە چاوی ئیسلام‌و پەیامە ناوازەکەیەوە دەبینێ، بۆیە تا دێ توندتر ئامێزی لێ وەردێنێ‌و لە دەوری دەگەڕێ.

تا لە کۆتاییدا دەبێتە پاسەوانی شەهیدی سەرکردە مامۆستا عەبدوڵڵای قەسری‌و سەرەنجام هەر لەگەڵ ئەویشدا لە رۆژی ٢٠٠٣/٣/٤دا لە بازگەی تاسڵوجەی سەر بە سلێمانی مەزڵومانە بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگات، دواتر تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی حاجیاوای خوارو بەخاك دەسپێردرێ .

شەهید مەلا ئەحمەدی قارەمان‌و هاوڕێی سەفەری سەروەریی ، لە ساڵی ١٩٩٣ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆشی سێ کچ‌و کوڕێکی بە ناوەکانی (سومەیەو سۆڵین‌و سۆنیاو هێدی) لە دوا جێماون.

# شەهید: ئومێد حەمەئەمین حەمەصاڵح

# ناسراو بە: مامۆستا ئومێد



مامۆستا ئومێد لە ١٩٧١/٥/٢١ لە گوندی (هانەژاڵە) ی سەر بە شاری هەڵەبجەی شەهیدو ناسنامەی مەزڵومییەتی میللەتی کورد ، لە خێزانێکی خواناس‌و رەوشت بەرزی دەڤەری (نەورۆڵی) هاتۆتە دونیاوە، لە ئامێزی خوورەوشتی ئەو خێزانە خواناسەدا پەروەردە بووەو تەمەنی منداڵیی هەر لە گوندی هانەژاڵە بەسەردەبات‌و وەکو هەر منداڵێکی تری کۆمەڵی کوردەواریی دەخرێتە بەر خوێندن، پۆلی یەکەم‌و دووەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی (گوندە)ی سەرەتایی نزیک گوندەکەی خۆیان بە سەرکەوتوویی دەبڕێت.
بەڵام لە ساڵی ١٩٧٨ گوندەکەی ئەوانیش وەك هەر گوندێکی تری ئەم کوردستانە لە لایەن بەعسیە خوێنمژەکانەوە رادەگوازرێ‌و لە کۆمەڵگای زۆرەملێی (سیروان)ی نزیك هەڵەبجە نیشتەجێ دەبن، بۆیە مامۆستا ئومێدیش قۆناغەکانی تری سەرەتایی لە قوتابخانەی (هەرێز)ی سەرەتایی لە سیروان دەبڕێت‌و ناوەندیی‌و دواناوەندیش لە هەریەك لە شارۆچکەکانی سیروان‌و زەڕایەن‌و هەڵەبجەی تازە بە سەرکەوتوویی تەواو دەکات .
مامۆستای قەڵەم دۆست‌و بیر رووناك ، سەرەڕای نەهامەتی‌و مەرگەساتە نەبڕاوە یەك لە دوای یەکەکانی ناوچەکەیان، هێشتا کۆڵنەدەرانە بەردەوام دەبێت لەسەر خوێندن‌و ئاوارەیی‌و کیمیایی باران‌و راکردن‌و ماڵوێرانی‌و نەبوونی‌و هەژاریی کۆڵی پێنادەن، تا دەگاتە قۆناغی زانکۆ، پاشان بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بەشی مێژوو لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی صەلاحەدین لە ساڵی ١٩٩٧دا بەدەست دەهێنێت.
دواتر وەك مامۆستا لە (دواناوەندی سوورێن) لە شارۆچکەی سیروان دادەمەزرێت، مامۆستایەکی دڵسۆزو خەمخۆر بووەو زۆر بە لێهاتوویی‌و شارەزاییەوە بەردەوام بووە لە وانە وتنەوە، بە درێژایی ٥ ساڵ وەك چرایەك رووناکی دەبەخشیە قوتابیانی ئەو ناوچەیە.
مامۆستا ئومێد ماوەیەکی زۆر دابڕاوە لە ئەندامانی خێزانەکەی ، چونکە ماڵی باوکی لە کۆڕەوەکەی ١٩٩١ کە روویان لە ئۆردوگاکانی ئێران کردبوو، نەگەڕابوونەوە بۆ کوردستان تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٨.
مامۆستای نووسەرو قەڵەم دۆست لە ماڵی باپیری (حاجی حمە ساڵح فەتاح سەعید) بووە، کە یەکێك بووە لە پیاو ماقوڵ‌و ناودارانی ناوچەکە.

هەر لە ماڵی باپیریدا بەبێ ئەوەی سەختیو نەهامەتییەکان زەرڕەیەك کاریگەری لە رۆحی قەڵەمدۆستی بکەن ، بەردەوام دەبێت لەسەر خوێندن تا ئەوکاتەی بووە بە مامۆستا.

هەر ئەو دوورییەی خێزانەکەی بووە کە وای لە مامۆستا ئومێد کردووە، قۆناغی سێیەمی زانکۆ بۆ ماوەی دوو ساڵ دوا بخاتو بگەڕێتەوە بۆ لای خێزانەکەی لە ئێران.

مامۆستا ئومێد هەردەم خۆشەویستیی بۆ نیشتمانەکەیو خەمخۆریی بۆ گەلەکەی هەبووە، بۆیە هەردەم لە وانە وتنەوەکانیدا بە تامەزراوەییەوە باسی لە گەلەکەییو نیشتمانە ئازیزەکەی کردووە، هەمیشە ئاواتی سەرکەوتنو پێشکەوتنی کوردستانەکەی بووە، وەك هەموو گەلو نەتەوەکانی جیهان، زۆر بە حەماسەوە باسی لە رووداو و کەسایەتییە ناودارەکانی کورد کردووە، بە تایبەت زۆر تامەزرۆی شۆڕشگێڕی مەزنی کورد (شێخ مەحمود) بووە.

هەر ئەو خۆشەویستیەی بووە بۆ شێخ مەحمود ، کە رووداوەکانی ساڵی (١٩٢٢-١٩٢٥)ی کردووە بە لێکۆڵینەوەی دەرچوونی لە زانکۆ، کە دواتر پلەی (إمتیاز) ی تێدا هێناوە .

مامۆستای نووسەر لە رووی کۆمەڵایەتییەوە کەسێکی دەرکەوتووی ناوچەکە بووەو خاوەنی رێزو پلەوپایەیەکی تایبەتی خۆی بووە لە سنوورەکەدا، ئەو رەوشت بەرزییو رووخۆشیو زانیاریە فراوانەی کە هەڵی گرتبوو، خۆشەویستییەکی رادەبەدەری لە دڵی هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانناسی هەبوو، بە تایبەتی لە لای خزمو کەسوکارو سەرجەم مامۆستایانی هاوڕێو قوتابیەکانی.

سەرەتای پەیوەندی بە رێکخستنی ئیسلامیی و کاری سیاسیی مامۆستا ئومێد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی دوای راپەڕین، مامۆستا دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٢ لە زانکۆ وەردەگیرێ ، لەو ماوەیەدا کاریگەرییەکی باشی لەسەر هاوڕێکانی بووە، بە تایبەتی مامۆستا خاوەنی کەسێتییەکی بەرز بوو، رووخۆشیو دڵسۆزیی بۆ بەرامبەر لە خەسڵەتە جوانەکانی ئەو بوون، دوای تەواوکردنی زانکۆ بە سەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە بۆ شارۆچکەی سیروانو دەبێتە مامۆستای دواناوەندی سورێن، لەگەڵ دڵسۆزی لە کارەکەیدا کە پەروەردەو فێرکردن بوو، هەمیشە بە تەنگ هاوڕێکانیو قوتابیانەوە بوو، بە هیوای پێگەیاندنی نەوەیەکی خاوەن ئاکاری بەرزی ئیسلامی.

لەبەر لێهاتوویی‌و چالاكیی بووە بە ئەندامی ناوچەی سیروان‌و بەرپرسی بەشی قوتابیان ، لە دوای راگەیاندنی بزووتنەوەی یەكبوون‌و دواتریش كۆمەڵی ئیسلامیی بە هۆی لێهاتوویی‌و دڵسۆزیی‌و كاریگەریی لە ناوچەكەدا دەكرێتە كارگێڕی ناوچەی سیروان‌و بە هەستكردن بە لێپرسراوێتییەوە ئیش‌و كاری ناوچەی بەڕێوە دەبرد، مامۆستای خاوەن هەڵوێست‌و خۆشەویست لای هاوڕێكانی ماندوویی نەناسانەو بە لێبڕاوییەوە لە خزمەتی بانگەوازی ئیسلامیی دا بوو.

مامۆستا ئومێد یەكێك بوو لە پێشەنگەكانی (كۆمەڵی قوتابیانی ئیسلامیی كوردستان) (رێكخراوی قوتابیانی كوردستان) ی ئێستاو لە یەكەمین كۆنفرانسیدا دەورێكی گاریگەری هەبووە.

كۆسپ‌و لەمپەرەكانی رێگە ، كە پشكێكی گەورەیان لە ژیانی مامۆستادا هەبوو ، هیچ كاتێ لەو كاروانە پیرۆزە چۆكیان پێ دانەدا لە مەیداندا، تا سەرەنجام مامۆستای روناكبیرو كادیری بەتواناو پێشمەرگەی گیان لەسەردەست‌و لاوی ئیسلامخوازو خواویست ، لە شەوی ٢١-٢٢/٣/٢٠٠٣ لەگەڵ پۆلێك لە فەرماندەو پێشمەرگەی ماندوویی نەناسی كۆمەڵی ئیسلامیی لە (ئەحمەدئاوا) ، كەوتنە بەر هێرشی مووشەكی ستەمكارانەی ئەمریكاو گەیشتە كاروانی شەهیدان‌و گیانە پاكەكەی بەرزبووەوە بەرەو ئاسمانی نەمریی.

مامۆستا ئومێد خێزاندار بووەو پاش خۆی خونچەگوڵێكی بە ناوی (رائید) بۆ باخچەی ئیمان‌و كوردستانی خۆشەویست بەجێهێشتووە.

# شەهید: عومەر ئەحمەد کاک عەبدوڵڵا
# ناسراو بە: ئوسامە



ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی گرتکی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەر لە بنەماڵەیەکی (بنزێری)یانی سەر بە عەشیرەتی ئاکۆ هاتۆتە دونیاوە.
ژیانی منداڵیی لە گوندەکەیاندا بەسەر بردووەو هەر لەوێش تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندوویەتیو بەهۆی سەرقاڵبوون بە ژیانو کارو کەسابەتەوە لەوە زیاتر بواری خوێندنی نابیٚو پاشان ماڵەکەی لە سەنگەسەر نیشتەجیٚ دەبێت.
دوای راگواستنی پشدەر بە سەرجەم قەزاو ناحیەو گوندەکانیەوە لە ساڵی ١٩٨٨-١٩٨٩ لەلایەن رژێمی نەگریسی بەعسەوە، ماڵی شەهید عومەر لە کۆمەڵگای حاجیاوا دەگیرسێتەوەو بە کاروباری شۆفێریو کرێکاریو فەلاحیەوە سەرقاڵ دەبێت.
سەرهەڵدانی راپەڕینی جەماوەریی کوردستان لە ئازاری ١٩٩١ دا ، خەون و ئاواتەکانی کاکە (عومەر)یش لەگەڵ خۆیدا دێنێتە دیو بە چاوی خۆی شکستی داگیرکەرانو کاولکارانی زێدو نیشتمانەکەی دەبینیٚ، بۆیە ئەویش چی لە توانایدا بیٚ لەو پێناوەدا دریغی ناکات.
دوای راپەڕین ماڵی شەهید عومەر دەچێتەوە سەنگەسەرو لەویٚ درێژە بە ژیانی دەدات، ساڵی ١٩٩٥ بە رەسمی لە هێزی پشدەر دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلام و ساڵی ٢٠٠٠ دەگوازێتەوە بۆ هێزی ئازادی.
شەهید عومەر لە میانی خزمەتی پێشمەرگایەتیدا ، لە هەرکام لە شوێنەکانی (سالارەو دارەشمانەو چۆمانو حەسەناواو سەرگەتو گولپو بەستۆڕەو بارەگای مەڵبەندی سێی رانیە) دەوام دەکاتو بە دڵسۆزیو لێبوردەیی ئەرکەکانی رادەپەڕێنیٚو لەناو هاوسەنگەرانیدا کەسێکی رووخۆشو کراوە دەبێتو لە پێناو رێبازو بیروباوەڕەکەیدا گیانی خۆی دەخاتە سەر لەپی دەستو بە ورەوە بە ناو سەختیەکانی ژیاندا گوزەردەکات.
تا سەرەنجام کاك عومەر ئەحمەدی پێشمەرگەی ئازاو تێکۆشەر، لە شەوی ٢١-٢٠٠٣/٣/٢٢ لە کاتی دەوامیدا بە موشەکبارانی ستەمکارانەی ئەمریکا ، گیانی لە پێناو رێبازە پیرۆزەکەیدا دەسپێریٚو لەگەڵ دەیان فەرماندەو پێشمەرگەی تری کۆمەڵی ئیسلامیدا بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو دواتر تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی سەنگەسەر بەخاك دەسپێردرێت.
شەهید عومەر خێزاندار بووەو سیٚ کوڕو سیٚ کچی بە ناوەکانی (هێمن، هێدی، موحەممەد، چیمەن، هێرۆ، ئاجەرە) لە دوای خۆی بە دیاریو یادگاری بەجێهێشتوون.

# شەهید: عەلی حەسەن واحید عوسمان
# ناسراو بە: سەید عەلی



ساڵی ١٩٧٣ لە گوندی (قەرەیناغا) ی سەر بە شارۆچکەی چوارقوڕنە لەنێو خێزانێکی ئایینپەروەردا هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیشی هەر لەوێ بەسەربردووە، هەر لە منداڵییەوە بووە بە هاوڕێی مزگەوتو هۆگری خواپەرستی بووە، قۆناغی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیانو (کانی ماران) خوێندووە، لە چوارقوڕنەش درێژەی بە خوێندنی قۆناغی ناوەندی داوە.

کاک سەید عەلی لەلایەکی تریشەوە لەلای باوکی ماوەیەك چەند وانەیەکی ئایینی خوێندوون، ئەمەش کاریگەری زۆری بەسەرەوە بەجێهێشتووە، لەبارەی راستەڕێ بوونو شارەزایی لە ئایینەکەیدا.

لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیانیشدا بە کشتوکاڵو فەلاحییەوە خەریك دەبێو لەگەڵ سەختیو کوێرەوەرییەکانی ژیاندا رادێ.

لەگەڵ راپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا پەیوەندی بە ریزەکانی کاروانی ئیسلامخوازانو بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەوە دەکات.

دوایی چەند ساڵێك لە هێزی راپەڕین درێژە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی دەداتو دڵسۆزانە ئەرکەکانی رادەپەڕێنێ.

هاوکات لەگەڵ پێشمەرگایەتیشدا هۆگری وەدەستهێنانی زانستی شەرعیو خۆڕۆشنبیرکردندا دەبێو بۆ ئەو مەبەستەش ساڵی ١٩٩٩ لە پەیمانگای (عەبدولعەزیز) بۆ زانستە شەرعییەکان لە هەڵەبجە دەخوێنێ.

دواتر لە پەیمانگای (عەبدوڵڵای کوڕی عومەر) بۆ زانستە شەرعییەکان لە خورماڵ درێژە بە خوێندن دەداتو چەكو قەڵەمو کتێبوفیشەکدان، بارەگاو پەیمانگاو خولی راهێنانو خوێندن، سەنگەرو فێرگە ، لە گوڵدانی جیهادو تێکۆشاندا دەکاتە چەپکە گوڵێکی هەمەڕەنگو ئاوێتەی یەکتریان دەکات.

بەم شێوەیە کاك سەید عەلی لێبڕاوانەو بە کۆمەڵێك هیواو ئومێدو کێوێك باوەڕو ئیرادەوە لەگەڵ کاروانی نووردا رێگا دەبڕێو لە پێناو سەرفرازی میللەتەکەیداو حەسانەوەی لە ژێر ئاڵای ئیسلامدا تێدەکۆشێ.

تا سەرەنجام کاکە سەید عەلی لە شەوی (٢١-٢٠٠٣/٣/٢٢)دا لە خورماڵ بەر موشەکبارانی زاڵمانەی ئەمریکا دەکەوێو لەگەڵ دەیان فەرماندەو پێشمەرگەی قارەمانو خواویستی هاوڕێیدا بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو ماڵئاوایی لە خزمو

کەسوکارو هاورێو هاوسەنگەرانی دەکاتو پەیامو هیواکانی دەداتە دەست رێبوارانی دڵسۆزو ئەمەکداری رێبازی ئیسلام، دوای شەهیدبوونیشی تەرمە پاکەکەی بۆ قەرەیناغای زێدی لەدایکبوونی دەبرێتەوەو هەر لەوێش بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید سەید عەلی کە پێشمەرگەیەکی دلێرو زانستخوازێکی زیتەڵ و خاوەنی کەسایەتییەکی سەنگینو کراوەو کۆمەڵایەتی بوو، ساڵی ٢٠٠٢ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی تەنها کچێکی بە ناوی (بەسۆز) کە مانگێك پاش شەهیدبوونی لەدایکبووە، بە دیاریو یادگاری بەجێهێشتووە.

# شەهید: عەلی مستەفا حەمەخان
# ناسراو بە: سەید عەلی



ساڵی ١٩٧٠ لە ئامێزی خانەوادەیەکی ئایینپەروەر لە گوندی (ئۆچ تەپان) ی سەر بە سەیدصادق هاتۆتە دونیاوە، رازو نازی منداڵییشی هەر تێکەڵاوی ئاو و هەوای گوندەکەیان کردووەو لە قوتابخانەی (شانەدەر)یش نراوەتە بەر خوێندنو تەنها تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندوویەتیو بەهۆی کارو کەسابەتو جوتیاریو بارودۆخەکەوە لەوە زیاتر دەرفەتی درێژەپێدانی خوێندنی نابێتو ئیتر هەر لە گوندەکەی خۆیان دەمێنێتەوە.


لە دوای راپەرینو لە ساڵی ١٩٩١ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی راپەرینی ئیسلامیی پێشووەوە دەکاتو دەبێتە ئەندامێکی چالاکو لە هەوڵی زیاتر شارەزابوونی خۆیدا دەبێت لە ئایینو بەرنامەکەیو تادێ زیاتر چاوی دەکرێتەوەو باشتر ئاشنای کاری ئیسلامیی و ئەرکەکانی سەرشانی دەبێ.

هەروەها وەك لاوێکی ئیسلامخوازیش زۆر حەز بە تەباییو برایەتی نێوان خەڵك دەکاتو هەموو خۆشیو کامەرانیەکی خۆیو نەتەوەکەشی لە شەریعەتی خوادا دەبینێتەوە، بۆیە ساڵی ٢٠٠١ لە هێزی سەیدصادق دەبێتە پێشمەرگەو دڵسۆزانە ئەرکەکانی لەگەڵ براکانی لە کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستاندا رادەپەڕێنێ، تا سەرەنجام کاك عەلی پێشمەرگەی گیان لەسەردەستی ئیسلام لە شەوی ٢١-٢٠٠٣/٣/٢٢ لە خورماڵ بەهۆی موشەکبارانی ستەمکارانەی ئەمریکاوە لەگەڵ دەیان فەرماندەو پێشمەرگەی ئیسلامدا شەهید بوو و گەیشتە ترۆپکی سەروەریو ماڵئاوایی لە خزمو کەسوکارو هاورێو هاوسەنگەرانی کرد، دواتر تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی سەیدصادق بەخاك سپێردرا.

شەهید عەلی مستەفا لە ساڵی ١٩٨٩دا لەگەڵ (رووناك خان) دا خێزان پێکەوە دەنێو دوای خۆی دوو کچو سێ کوڕی بە ناوەکانی (ئەسماء، ئاسیا، ئامانج، ئیسماعیل، حەمزە) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلام و کوردستان بەجێهێشتوون.

# شەهید: ئالب رەسوڵ موحەممەد صاڵح

## ناسراو بە: چیا




ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی (حاجیتان) ی ناحیەی سورداشی سەر بە قەزای دوکان لە ئامێزی خانەوادەیەکی ئایینپەروەری سەر بە عەشیرەتی گۆران هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیشی هەر لەوێ بەسەربردووە، پاشان لە قوتابخانەی گوندەکەیان نراوەتە بەر خوێندنو تا پۆلی سێیەمی سەرەتایی لەوێ خوێندوویەتی، دواتر گوندەکەیان بەر شاڵاوی بەعسیەکان دەکەوێو بەم هۆیەشەوە خانەوادەکەیان دەچێتە سلێمانیو لە گەڕەکی ئابلاخ نیشتەجێ دەبنو لە قوتابخانەی بەرانان درێژە بە خوێدن دەداتەوەو شەشەمی سەرەتایی تەواو دەکات، لەوەش زیاتر بەهۆی دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەیانەوە بە کرێکاری بواری تەواوکردنی خوێندنی نامێنێت.

ساڵی ١٩٩٣ دەچێتە ناو کۆمیتەی کاسبکارانی یەکێتییەوە، ساڵی ١٩٩٤ وەرچەرخانێك لە بیرو تێڕوانینی کاکە( تالب)دا ڕوودەداتو خۆشەویستیی کاری ئیسلامیی لا دروست دەبێتو بەرە بەرە دەستدەکات بە خوێندنی وانەی جۆراوجۆری ئایینی و سەرەنجام لە بەشی عەسکەری بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامیی پێشوو دەبێتە پێشمەرگەو دواتر دەبێتە ئامرکەرتو تا ساڵی ١٩٩٧ لەناو مەڵبەندو هەروەها وەکو پێشمەرگەی پاسەوان درێژە بە کارو خزمەتی خۆی دەدات، بەڵام کە لە ساڵی ١٩٩٧دا باوکی کۆچی دوایی دەکات ناچار دەبێ لە پێناو سەرپەرشتی خانەوادەکەیاندا جارێکی تر بچێتەوە گوندی (حاجیتان)و ئیتر لەگەڵ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی پەیوەست بە خانەوادەیان، قۆڵ لە کاری ئیسلامیی و پێگەیاندنی چەند قوتابیەك هەڵدەماڵێو لە گوندەکەیانو هەروەها لە پیرەمەگرون دەبێتە هاوڕێی قورئانو مزگەوتەکانی ماڵی خوداو چرای دەوروبەری ، چەند جارێکیش لەسەر ئەم هەڵوێست و کارو چالاکییانە تووشی لێپێچانەوەو بانگکرانو گیران دەبێ، هەروەها لە گەیاندنی موچەی بێ باوکانی دەزگای خێرخوازیی لە ناوچەی دوکانو چەمچەماڵ ڕۆڵی باش دەبینێ.

ساڵی ١٩٩٩ش دوای ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی و دواتریش کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان ، درێژە بە خەباتو کاری ئیسلامیی خۆی دەداو سەرەتا لە هێزی قەرەداغو دواتر بەر لە شەهیدبوونی لە هێزی ڕاپەڕین وەك فەرماندەی تیپ لە خزمەتدا دەبێ، بەو ستەمانەی لە کۆمەڵی ئیسلامیی دەکرێن ئەو ئاستەنگانەی دەیهێنە ڕێ، خوێنێکی تازە لە دەمارەکانی دەگەڕێو تامەزرۆیی

شەهیدیشی لا دروست دەبێت، تا سەرەنجام کاکە تالب رەسوڵ لە پێناو بیروباوەڕەکەی و بەختیاری میللەتەکەیدا ، لە شەوی ٢١-٢٠٠٣/٣/٢٢ بەهۆی موشەکبارانی زاڵمانەی ئەمریکاوە لەگەڵ دەیان فەرماندەو پێشمەرگەی قارەمانی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستاندا لە خورماڵ شەهید دەبێت،و گیانی بەرزدەفڕێ بەرەو بارەگای خودا گەڕایەوە، پاشان تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی گوندی (حاجی تان)ی زێدی لەدایکبوونی بەخاك سپێردرا.


بسم الله الرحمن الرحيم

بۆ هاوسەری خۆشەویستی خۆم گوڵستان

پێشەکی زۆر سەلامت پێ دەگەیەنم و ئەحواڵت دەپرسم ئازیزەکەم داوا لە خوای گەورە دەکەم وورەیەکی بەرزت پێ ببەخشێت و صەبرێکی وات پێ بدات بتوانی [illegible]

[illegible]

کاران دەداتەوە

لەکۆتاییدا داوای سەرکەوتن [illegible] لە خوای گەورە دەخوازم

[illegible] هاوسەرت

تالب

٢٠٠٣/٣/١٩

شەهید تالب لە ژیانی کۆمەلایەتیدا کەسێکی کراوەو تێکەڵ بوو، خۆشەویستی خەڵكو خزمانی بوو، لە کاری سیاسیو تێکۆشانیشدا بە هۆشیاریو دڵسۆزییەوە ببوو بە ڕێبوارێکی چالاکی کاروانی ئیسلامخوازانو لەلای هاوڕێو هاوسەنگەرانی خۆشەویستو ڕێزدار بوو.

شەهید تالب لە ۱۹۹۲/۱/۲۱ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی دوو کوڕو کچێکی بە ناوەکانی (ڕێبەر، ڕامیار، شۆخان) وەکو خونچەی گوڵ بۆ باخچەی ئیمان جێهێشتوون.

شەهید تالب تەنیا دوو ڕۆژ لە پێش شەهیدبوونیو لە ۲۰۰۳/۳/۱۹دا وەسیەتنامەیەك بۆ (گوڵستان)ی هاوسەری دەنووسێو لەسەر خۆڕاگرییو دامەزراوییو چاکەکاری هانیدەدات، ئەمەش دەقی وەسیەتنامەکەیە:

بسم الله الرحمن الرحيم

بۆ هاوسەری خۆشەویستی خۆم گوڵستان، زۆر سەلامت لێدەکەمو ئەحواڵت دەپرسم، ئازیزەکەم داوا لە خوای گەورە دەکەم وردیەکی بەرزت پێ ببەخشێتو سەبرێکی وات پێ بدات بتوانی بەسەر ناڕەحەتییەکانی ژیاندا خۆبگریتو دڵفراوان بیت، خۆشەویستم ئەمڕۆ ڕۆژی چاکەو خێرە، ئاگات لەماڵەکە بێتو ئەو خزمانە ڕوودەکەنە ئەوێ،

ئەو خزمەی ڕوویکردە ئەوێ بە دڵێکی فراوانەوە فەرموویان بکەو ئەو ئیشانەی پێم ڕاسپاردیت بە دڵسۆزییەوە ئەنجامی بدە، لە کۆتاییدا ئەم داواکاریەم لێتە ئەگەر نەنکم هاتە ئەوێ وەك کچەزایەکی دڵسۆز ئاگات لێبێت لەبەر خوا، دڵنیاشت دەکەم لەوەی کە گومانی تێدا نییە خوای گەورە چاکەی چاکەکاران دەداتەوە.

لە کۆتاییدا داوای سەرکەوتن هەر لە خوای گەورە دەخوازم.

**ئیتر سوپاس**

**هاوسەرت**

طالب

**۲۰۰۳/۳/۱۹**



# شەهید: موحەممەد رەسوڵ حەمەد عەبدوڵڵا
# ناسراو بە: موجاهید



ساڵی ١٩٧٧ لە گوندی (دەروە کۆتر)ی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەر هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵییشی هەر لەوێ بەسەربردووە، پاشان نراوەتە بەر خوێندنو پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیانو گوندی (قادراوا) تەواوکردووە.
ساڵی ١٩٨٨ خانەوادەکەیان بە هۆی پەرەسەندنی زوڵمو ستەمی بەعسیەکانەوەو سیاسەتی کاولکاریو راگواستنەوە کۆچ دەکەن بۆ بەشە کوردستانی سەر بە ئێرانو حاشا لە سایەی شوومی رژێمی بەعس دەکەنو لە ئۆردوگای پەنابەرانی (دێڵزێ) ی سەر بە (خانێ) نیشتەجێ دەبن.
کاکە موحەممەد لەوێ دیسان جارێکی تر روودەکاتەوە قوتابخانەو ماوەیەك دەخوێنێ، دواتر بەو هۆیەشەوە شارەزایی زیاتر لە ئیسلام پەیدادەکاتو بەرە بەرە ئاستی رۆشنبیریی و چاوکراوەیی زیاتر دەبێت.
لە دوای راپەڕینە جەماوەرییە شکۆدارەکەی ئازاری ١٩٩١ی گەلی کوردستان، خانەوادەکەیان سەربەرزانە دەگەڕێنەوە زێدی نیشتمان و سەرلەنوێ لە (دەروەکۆتر) نیشتەجێ دەبنەوەو کاك (موحەممەدی) یش دەبێتەوە هاوڕێی گیانی بە گیانی مزگەوتو بە دەرسو دەورەوە خەریك دەبێتەوەو ساڵی (١٩٩٤)یش پەیوەندی بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەوە دەکاتو بە رێکوپێکی کارو فەرمانەکان رادەپەڕێنێو قۆڵ لە خزمەتی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان هەڵدەماڵێ.
ساڵی ٢٠٠٠ بە رەسمی دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلام و لە پاڵ ئەرکی پێشمەرگایەتیشدا درێژە بە خوێندنی زانستە شەرعییەکانو خۆ رۆشنبیرکردن دەداتو بە تەواوی هۆگری قورئان دەبێتو بە بۆنو بەرامەی گوڵزاری فەرموودەو فەرمایشتەکانی خواو پێغەمبەری پێشەوا ﷺ مەست دەبێتو دەخوازێ هەر کۆڕو کۆبوونەوەو مەجلیسێکیش بەو بۆنو بەرامەیە بۆنخۆش بکات.
شەهید موحەممەدی ناسراو بە (موجاهید) لە نێو ریزی برا پێشمەرگەکانیدا دەبێتە پێشمەرگەیەکی نموونەییو بەو هۆیەشەوە دەکرێتە ئەندام هێزی (ئازادی) سەر بە لەشکری (حەمزە) ی کۆمەڵی ئیسلامیی .

جگە لەمە لە ریزی رێكخستنەكانیشدا رۆڵی خۆی دەبینی، بەتایبەتی لە ناو گەنج و لاوەكانی گوندەكەی و دەوروبەریدا، هەمیشە دەیویست وەكو لاوێكی پێشەنگ بێت و لە ناخیشیەوە تامەزرۆی شەهیدی بوو، ئەو لە خۆڕا نەبوو نازناوی (موجاهید) ی بۆ خۆی دانابوو.

سەرەنجام كاك موحەممەد دەرەكۆتری لە كاتی دەوامی هێزەكەیان لە خورماڵ لە شەوی ٢١-٢٠٠٣/٣/٢٢ بە هۆی موشەكبارانی زاڵمانەی ئەمریكاوە لەگەڵ دەیان فەرماندەو پێشمەرگەی تری كۆمەڵی ئیسلامیی كوردستاندا شەهید دەبێت و ماڵئاوایی لە ژیانی دونیاو خزم و هاوسەنگەرانی كرد، پاشان تەرمە پاكەكەی هێنرایەوە زێدی باب و باپیرانی و لەگوندەكەی خۆیان بەخاك سپێردرا.

# شەهید: عەلی ئیسماعیل نەبی عەبدوڵڵا




سالّی ١٩٨٧ لە بنەماڵەیەکی ئیسلامپەروەری سەر بە عەشیرەتی ئاکۆ لە (سەروچاوە) لەدایك بووە، هەر لەوێش قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی سەروچاوەی سەرەتایی تێکەڵاو خوێندووەو پاشان تا پۆلی دووەمی ناوەندیی لە قوتابخانەی ناوەندیی سەروچاوەی کوران درێژەی بە خوێندن داوە.

شەهید عەلی هەر لەسەرەتاوە کوڕێکی ژیرو هۆشیار بووە؛ بەرەبەرە فێری خوێندنی قورئانی پیرۆز بووەو خولیای وەرزشیشی هەبووە.

شەهید عەلی هەستی خواویستیی و دڵسۆزیی بۆ ئیسلام و کاروانی ڕابوونی ئیسلامیی کوردستان، پێش تەمەنی کەوتبۆوەو ئەو گەنجانە بوو کە دڵی بە تەواوی بە خواو مزگەوتو کاروانی نوورەوە پەیوەست بوو، هەر بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٣دا لە هێزی ڕاپەڕین دەبێتە پێشمەرگەی کۆمەڵی ئیسلامیی و بە هەستێکی خاوێنەوە دەبێتە ڕێبوارێکی ڕێبازی هەقیقەت، لە هێزیشدا هەرچەندە لە ئەرکو فرمانەکاندا لە سۆنگەی کەمی تەمەنییەوە زۆر موراعاتی دەکەن، بەڵام ئەو هەر بە لە خۆڕاپینینەوەو بە تەواوی ئامادەباشییەوە موشتاقی بەجێهێنانی فەرمانەکان دەبێت.

سەرەنجام کاکە عەلی تازە لاوی بەتینو تاوو دامەزراوی ڕێگەی خواناسیی و ئیسلامخوازیی ، لە شەوی ٢١-٢٠٠٣/٣/٢٢ دوای بەسەربردنی ماوەیەکی کەم لە تەمەنی پێشمەرگایەتی، لە ناو بارەگای هێزی ڕاپەڕیندا لە ناوچەی خورماڵو ئەحمەدئاوا، بەر موشەکبارانی ستەمکارانەی ئەمریکا دەکەوێتو لەگەڵ دەیان کادیرو فەرماندەی تری کۆمەڵی ئیسلامیی ، دەگاتە ترۆپکی سەروەریی و بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگات، پاشان تەرمە پاکو لە خوێندا شەڵاڵبووەکەشی لە گۆڕستانی خورماڵ بەخاك دەسپێردرێت.



# شەهید: خدر وەتمان عەلی حەمەد
# ناسراو بە: مەلا خدر



ساڵی ١٩٧١ لە ناحیەی هێرۆی سەر بە شاری قەڵادزێ لە نێو خانەوادەیەکی سەر بە عەشیرەتی نوورەدینی چاوی بە دیمەنە رەنگینەکانی هێرۆو گردە بێناسو شاخە رەش هەڵێناوەو دواتر نراوەتە بەر خوێندن
بنەماڵەکەیان دوای راگواستنی هێرۆ لەلایەن بەعسی داگیرکەرەوە، لە کۆمەڵگەی (پیماڵك) ی سەر بە قەڵادزێ نیشتەجێ دەبن، هەر لەوێ لە قوتابخانەی (بنار) قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکاتو لە قەڵادزێو پاشان بازیان بە هۆی راگواستنی بەشێکی پشدەر بۆ ئەوەی لە لایەن بەعسەوە ، تا پۆلی سێیەمی ناوەندی دەخوێنێو لەوەش زیاتر بواری خوێندنی نامێنێ..
شەهید وەك زۆربەی رۆڵە خێرو خۆشی لە خۆ نەدیوەکانی ئەو سەردەمە ، بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، شان دەداتە بەر کارو کەسابەتو کرێکاری.
لەگەڵ راپەرینی ئازاری ١٩٩١دا پەیوەندی بە ریزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەوە دەکاتو دەبێتە هاورێیی نوورو رەسەنایەتی.
ساڵی ١٩٩٧ لە ناوچەی قەڵادزێ دەبێتە پێشمەرگەو جێگای خۆی لە دڵی هاوسەنگەرانیدا دەکاتەوەو دەبێتە نموونەی پێشمەرگەی دڵسۆزو گوێڕایەڵو هیوای سەرکەوتن بۆ کاروانی خواویستان دەخوازێ، لەو پێناوەشدا ئامادەی گیانبەخشین دەبێو لە سەختیەکاندا دەبێتە پەرژینی دەوری بەها باڵاکانی کومەڵی کوردەواری.
سەرئەنجام کاك مەلا خدر لە شەوی ٢١-٢٠٠٣/٣/٢٢ لە کاتی دەوامی پێشمەرگایەتیدا لەناو هێزی راپەرین لە خورماڵ و بناری چیا سەرکەشەکانی هەورامان لەگەڵ دەیان فەرماندەو کادیری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستاندا بەر موشەکبارانی بە ناهەقی ئەمریکا دەکەوێ و دەگاتە ترۆپکی شەهیدیو بۆ حزووری خودای میهرەبانو دلۆڤان دەگەرێتەوە، پاشان تەرمە پاکەکەی دەهێنرێتەوە قەڵادزێو لە گۆرستانی گەرەکی راپەرین بەخاك دەسپێردرێت.
شەهید مەلا خدر لە ساڵی ١٩٩٧ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی دوو کورو کچێکی بە ناوەکانی (رابەر، موحەممەد، رەییان) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێچهێشتوون.

# شەهید: عومەر جوننەت ئەحمەد ئیبراهیم

## ناسراو بە: سەربەست



ساڵی ١٩٧٤ لە (هەڵشۆ) ی دامێنی سەرچاوەی سپیی و چیای بلفەتو بە تەنیشت مامەندەی سەرکەشی سەر بە قەڵادزێوە لە ئامێزی خانەوادەیەکی سەر بە عەشیرەتی نوورەدینی چاوی بە دیمەنە رەنگینەکانی هەڵشۆو پشدەری مەکۆی رەسەنایەتی هەڵێناوە.

دوای راگواستنی هەڵشۆو گوندەکانی تری دەڤەرەکە لە لایەن رژێمی بەعسەوە لە ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩ ، بنەماڵەکەیان لە کۆمەڵگای زۆرەملێیی پیماڵکی سەر بە قەڵادزێ نیشتەجێ دەبنو هەر لەوێش لە قوتابخانەی (بلفەت) ی سەرەتایی دەنێردرێتە بەر خوێندن.


شەهید لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیانیدا کرێکاریو کارو کەسابەتی کردووە.

ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ راپەڕینی گەلی کوردستاندا پەیوەندیی بە رابوونی ئیسلامیی کوردستانەوە کردووە، ئیتر بووە بە پێشمەرگەی تیپی (١) ی برایەتی سەر بە مەڵبەندی سێو بەوپەڕی شەوقو زەوقو دڵسۆزییەوە ئەرکو فەرمانەکانی جێبەجێ دەکردن.

لە ساڵی ١٩٩٣شدا بە ئەرکی ئیسلامیانەی خۆی لە بەرامبەر کاروانی ئیسلامیدا هەستاوەو لە هەر قۆناغێکدا بە پێی توانای دەسەڵاتی خۆی لە پارێزگاریکردنو خزمەتی کاروانی نوور درێغی نەکردووەو بە بەردەوامی پێیەوە پەیوەست بووە.

سەرەنجام کاکە (سەربەست) ی پێشمەرگەی قارەمانو دلێری ئیسلام لە شەوی ٢١-٢٠٠٣/٣/٢٢ لە بارەگای هێزی راپەڕین لە خورماڵ و لەگەڵ دەیان فەرماندەو پێشمەرگەی قارەمانی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستاندا بەهۆی موشەکبارانی ستەمکارانەی ئەمریکاوە بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو دەبێتە ئەستێرەیەکی دیکەی ترۆپکی سەروەریی، دواتر تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی گەڕەکی راپەڕینی قەڵادزێ بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید عومەر جونەت لە ساڵی ٢٠٠١ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی تەنها کچێکی بە ناوی (شیفا) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێهێشتووە.



# شەهید: موحەممەد حەسەن حەمە باهۆمەر
# ناسراو بە: رێباز



ساڵی ١٩٧٣ لە ناحیەی هێرۆی سەر بە قەڵادزێ لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەریی سەر بە عەشیرەتی (نوورەدینی) هاتۆتە دونیاوە.

دوای راگواستنی هێرۆ لەگەڵ سەرجەم گوندەکانی بناری پشدەر لەلایەن رژێمی بەعسی ستەمکارەوە لە ساڵی ١٩٧٨ - ١٩٧٩ بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکان، ماڵی شەهید رێباز لە کۆمەڵگای زۆرەملێی پێماڵك دەگیرسێتەوەو هەر لەوێش لە قوتابخانەی (بنار)ی سەرەتایی دەچێتە بەر خوێندنو شەشی سەرەتایی تەواو دەکات.

بەڵام سەرقاڵبوون بە ژیانو دابینکردنی بژێوییەوە بواری درێژەدان بە خوێندنی لەبەردەمدا ناهێڵنەوەو بە کارو کەسابەتو کشتوکاڵ کردنەوە خەریك دەبێت.

دوای راگواستنی تەواوی پشدەر لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٩ لەلایەن رژێمی داخ لەدڵی بەعسەوە، خانەوادەی شەهید رێباز ماڵیان دەچێتە کۆمەڵگای حاجیاواو ماوەی ساڵێکیش لە ریزی یەکێتیدا کاری کردووە.

ساڵی ١٩٩١ پەیوەندیی بە کاری ئیسلامییەوە دەکاتو ساڵی ١٩٩٣ش لە تیپی یەکی برایەتی سەر بە مەڵبەندی سێی رانیە دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلام.

شەهید لە رۆژە سەختەکانی (١٩٩٣ ، ١٩٩٧)دا بەرامبەر بە پەیامەکەی بە ئەندازەی توانا بە ئەرکی سەرشانی هەڵدەستیو سەرفرازیی خۆیو میللەتەکەی لە شەریعەتی خوادا دەبینێتەوەو دەبێتە پەروانەی دەوری ئەم هەقیقەتە.

شەهید رێباز دواتر لە هێزی راپەڕین درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەداتو لە هەر شوێنێك پێویست بووبێ بۆ ئەوێ دەست بە سنگیەوە دەنێ و کەمتەرخەمی لە خۆی ناوەشێنێتەوە، سەرەنجام کاکە موحەممەدی پێشمەرگەی رێبازی خوداو رێبازی سەرفرازیی راستەقینە لە شەوی ٢١-٢٢/٣/٢٠٠٣ لە بارەگای هێزی راپەڕین لە خورماڵو لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەو کادیری تری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستاندا بە ناهەق بەر موشەکبارانی زاڵمانەی ئەمریکا دەکەوێتو شەهید دەبێتو گیانە پاکەکەی دەکاتە خەڵاتی شەریعەتی خوداو پاشان تەرمەپاکەکەی دەگوازرێتەوە قەڵادزێو لە گۆڕستانی گەرەکی راپەڕین بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید رێباز لە ساڵی ١٩٨٩دا خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی چوار کچو کوڕێکی بە ناوەکانی (نەورۆز، نێرگز، چنار، شێواز، حەسەن) بە دیاریی و یادگاری بەجێهێشتوون.

# شەهید: یاسین عەلی موحەممەد ئەمین
# ناسراو بە: شێخ[7] یاسین



ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی (باقلان) ی سەر بە ناحیەی خەلەکان لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەری ساداتی گڵەزەردەیی هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵی لەوێ بەسەربردووە، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (باقلانو باداوان) تەواوکردووە، ناوەندیی لە ناوەندی (خەلەکان) و هەروەها لە قوتابخانەی کۆماری هەولێر بڕیوە، لە دواناوەندیی چوارقورنەش ئامادەیی خوێندووەو دواجار لە پەیمانگای تەکنیکی (حەویجە) وەرگیراوە.

لە ساڵی ١٩٨٦ەوە کاتێك ماڵیان لە کۆمەڵگای چوارقورنە بووە ، پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە کردووە، هەروەها ماوەیەکیش لە گوندی (کلاّو سوران) گوزەراندوویەتی.

کاتێك لە ساڵی ١٩٩١ ماڵی لە چوارقورنە دەبیّو چەند ئەلقەیەکی رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتە لەوێ ئاشکرادەبنو دەگیرێن، ناوی کاك( شێخ یاسین) یش دەدرێ ، بەڵام ئەو خۆی قوتار دەکاتو ئەو ماوەیە لە گوندی (سورەپەل) خۆی بە شوانییەوە خەریك دەکات، بۆیە بەم داخو رقە پیرۆزەوە لە سەروبەندی راپەڕیندا خۆی ئامادە دەکاتو لەگەڵ دەستپێکردنی راپەڕیندا دەستپێدەکاو تا رزگارکردنی کەرکوك بە شوێن بەعسیەکانەوە دەبێتو رقیان بەسەردا دەبارێنێ.

دواتر لە تیپی (٧) ی راپەڕینی سەر بە مەڵبەندی سێی رانیە دەبێتە پێشمەرگە ، کە ئەم تیپە ئەرکی پاسەوانی بارەگای تەلەفزیۆنی لە چوارقورنە لە ئەستۆدا دەبێتو لەمەوە زیاتر کاك شێخ یاسین هۆگری کاری ئیسلامیی دەبێت، بۆیە لە پاڵ ئەرکی پێشمەرگایەتیشدا وەکو یەکێك لە کادیرە فەنیەکانی تەقویەی تەلەفزیۆن لە کلکەی کۆڵێن دەستبەکار دەبیّو لێبڕاوانە ئەرکەکانی رادەپەڕێنێ.


ساڵی ١٩٩٣ش وەك هەمیشە دەبێتە پەرژینی دەوری بەها باڵاکانو لە روخساری نوورانی کاروانی ئیسلامخوازنەوە سەروەری دونیاو دوارۆژو ئاسوودەیی کۆمەڵی کوردەواریی دەخوێنێتەوە، بۆیە بە تەواوی هۆگری دەبێتو شەوو رۆژی لەگەڵدا دەکاتەوە، بە هەر شێوازێك بۆی بگونجێ لە خزمەتیدا دەبێت ، بۆیە ماوەیەکیش لە گوندی باداوان بە کاری وتاربێژی رۆژانی هەینییەوە خەریك دەبیّو رۆڵی بانگخوازێك دەبینێ.

شەهید شێخ یاسین ماوەیەکیش لە هێزی راپەڕین وەك فەرمانده‌ی هێز دەستبەکار دەبێ‌و جوامێرانە ئەرکەکانی رادەپەڕێنی‌و تۆوی دڵسۆزی‌و بڕواو متمانە لەنێو دڵی هاوسەنگەران‌و هاوڕێکانیدا دەچێنی‌و هەمیشە بە ئامۆژگاری‌و وتەی بەنرخ بیرو زەینیان رووناکتر دەکاتەوەو فێری وانەی نەبەزین‌و دامەزراوی‌و فیداکاریان دەکات‌و خۆشی سەرمەشقی ئەو خەسڵەتە بەرزانە دەبێت، تا سەرەنجام کاك شێخ یاسینی فەرماندەو پێشمەرگەی قارەمان‌و خواویست ، لە شەوی ٢١-٢٠٠٣/٣/٢٢ لە بارەگای هێزی راپەڕین لە خورماڵ بەهۆی موشەکبارانی بەناهەقی ئەمریکاوە شەهید دەبێت‌و بەرەو قاپی میهرەبانی خودا دەگەڕێتەوە، تەرمە پاکەکەشی لە گۆڕستانی گوندی (باداوان) ی سەر بە ناحیەی خەلەکان بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید شێخ یاسین کە لە ساڵی ١٩٩٥ بۆتە خێزاندار، دوای خۆی کچێك‌و سێ کوڕی بە ناوەکانی (ئیسڕا، عەبدوڵڵا، عەبدوڕڕەحمان، موسڵیح) کردوونە دیاری ئیسلام‌و کۆمەڵی کوردەواری.



# شەهید ئیسماعیل عەبدوڵڵا حەمەد
# ناسراو بە: مەلا رەشاد



ساڵی ١٩٨٣ لە گوندی (بێراوە)ی ناوچەی خۆشناوەتی سەر بە ناحیەی بێتواتە لە بناری چیای (بەردبێراوە) چاوی بە ژیان هەڵێناوە، دواتر ماڵەکەیان بە هۆی راگواستنی گوندەکەیان لەلایەن رژێمی داگیرکەری بەعسەوە لە کۆمەڵگای زۆرەملێی شکارتە نیشتەجێ دەبن، لەوێ لە قوتابخانەی (پیرمام) قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە.

لە دوای راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ بە هۆی گەڕانەوەیان بۆ گوندو نا هەمواری بارودۆخی ژیانەوە ، دەستی لە خوێندنی قوتابخانە هەڵگرتووە.

شەهید مەلا رەشاد هەر لەو کاتەوە وەکو گەنجێکی رێگە رۆشن‌و بەرچاوڕوون‌و تینووی سەرچاوەی زوڵاڵی باوەڕ ، رووددەکاتە قورئان‌و مزگەوت‌و لەلای مامۆستا مەلا کەمالی بێراوە دەستدەکات بە خوێندنی حوجرەو فێربوونی قورئانی پیرۆزو هەر لەو تامەزرۆیی‌و موحیببەتەشەوە دەبێت، کە نزیکەی دوانزە جوزئی قورئانی لەبەرکردووە.

بەهۆی رۆحسووکی‌و خوێن شیرینی‌و دڵسۆزی‌و رەوشت بەرزیشیەوە، دەتوانێ گەنجانێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوەو سەرنجیان بەلای راستیەکانی ئیسلام‌و رەوشتە بەرزەکاندا راکێشێ‌و خۆشەویستیی خواو پێغەمبەرو رێبازی ئیسلام‌و خاک‌و میللەتیان لە دڵدا بڕوێنێ، چونکە ئەو هەر لە سەرەتاوە هەستی بەوەکرد ئەرکی سەرشانی چییە لە بەرامبەر خواو میللەتەکەیداو دەیزانی بۆچی دروستکراوەو دەبێ چی بکات، هەر ئەم هەست‌و بیروبۆچوونە پاکەش وای لێکرد لە ساڵی ١٩٩٨دا بێتە ریزی رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو لە ساڵی ١٩٩٩شدا لەپاڵ ئەرکی فێربوونی زانستەکاندا چەکی ئیسلامیشی کردە شان‌و لە هێزی راپەڕین درێژەی بە خەباتی پێشمەرگایەتیدا.

شەهید مەلا رەشاد دوای شەهیدبوونی مامۆستا عەبدوڵڵای قەسری‌و بیستنی هەواڵەکەدا، لە بەرەبەیانێکی زوودا خۆی دەپێچێتەوەو بەر لە رۆیشتنی سەردانی خزم‌و دۆست‌و برادەرانی دەکات‌و پێیان دەڵێ گەردنم ئازاد بکەن‌و دوعای شەهیدبوونیشم بۆ بکەن، بەم وشانە کۆتایی بە مۆڵەتەکەی دێنێت‌و دەگەڕێتەوە ناو هاوسەنگەرانی لە هێزی راپەڕین لە خورماڵ.

تا سەرەنجام ئەو لاوە خواناس و دڵبێدار و ئیسلامخوازەی کە هەموو تواناو وزەی خۆی لە پێناو ڕێبازی خوادا بوو، هیواو ئاواتی ئەوە بوو میللەتەکەی لە ژێر ئاڵای (لا إلـه الا الله محمد رسول الله) دا بجەسێتەوە، لە شەوی ٢١-٢٠٠٣/٣/٢٢دا لە خورماڵ و لە ناو بارەگای هێزی ڕاپەڕیندا بەهۆی موشەکبارانی بەناهەقی ئەمریکاوە لەگەڵ دەیان فەرماندەو پێشمەرگەی تری کۆمەڵی ئیسلامیدا بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگات، دواتر تەرمە پاکەکەی لە زێدی باب و باپیرانی و لـە گۆڕستانی (باسکی ئاشان) لـە گوندی (بێراوە) بەخاك دەسپێردرێت. شەهید مەلا رەشاد کە لـە ٢٠٠٢/١٠/٢٣ دا خێزانـی پێکـەوەنابوو، دوای خـۆی تـەنها کـوڕێکی بـە نـاوی (جیهـاد) کـە دوای شەهیدبوونی لەدایك بووە، بە دیاری و یادگاری بۆ ئیسلام و کوردستان بەجێهێشتووە.

(فاتمە حەمەد عەلی) کە هاوسەری شەهید مەلا رەشاد بوو، لـە بارەیـەوە دەڵـێ: زۆر ڕێزمان لە یەکتر دەگرت و زۆر ڕێزی دەورووپشتی دەگرت، زۆرجار دەیگوت دوعـام بـۆ بکە بۆ ئەوەی شەهیدبم، چونکە شەهید یەکەم دڵۆپی خوێنی گوناه پاك دەکاتەوە.

هەروەها دەڵێ: (جیهـاد لـە سـکمدا دوو مـانگ بـوو، بەیانیـەك لەخـەو هەسـتاو وتـی: ئەمشەو دەتگوت پێیان گوتم (کوڕتان دەبێ بەڵام تۆ نایبینی)، منیش دڵخۆشیم دایەوەو وتی: ئەگەر کوڕ بوو ناوی (جیهاد) یان (موجاهید)ە، ئەگەر کچ بوو ناوی (ئیمان) ی لێ دەنێم. کە مامۆستا عەبدوڵڵای قەسـرێ شـەهید بـوو، ئـیتر ئـەو شـێوا، کـە شـەوی ٢٠٠٣/٣/٥ لەخەو هەستا گوتی: فاتمە گەردنم ئازاد بکە، نەوەك یەکتر نەبینینـەوە!، لەو ماوەیەشدا چەند کاغەزی بۆ ناردم و دەینووسی: (من بە دڵی خۆم دێمەوە)!!.



# شەهید: عەبدوڕەحمان عەبدوڵڵا عومەر
# ناسراو بە: عەبدوڕەحمان بازاوایی



سـاڵی ١٩٧١ لـە گونـدی (ئەبوبـەكرێ) ی سـەر بـە شارۆچـكەی سەنگەسـەر لـە بنەماڵەیەكی كاسـبكارو ئایینپـەروەری سـەر بـە عەشیرەتی ئـاكۆ هاتۆتـە دونیـاوە، هێشتا تێر لە دیمەنی جوانی گوندەكەیانو باڵای قەندیلی نەڕوانیبوو، كە ناوچـەكەیان دووچاری شاڵاوی ڕاگواستنی بەعسیەكان دەبێتەوەو لە چوارقوڕنە نیشتەجێ دەكرێن، لەوێ قۆناغەكانی خوێندنی سـەرەتاییو ناوەنـدیو ئامـادەیی تـا شەشـەمی زانستی تەواو دەكاتو دواتر لە پەیمانگای تەكنەلۆژیای كەركوك وەردەیگرێ، بـەڵام دەرفـەتی خوێندنی لە بەردەمدا هەموار نابێو ناتوانێ لەوە زیاتر بخوێنێ.

سەرباری سەرقاڵبوون بە باخەوانیو فەلاحەتو كرێكاری ، كەمێكیش لای مامۆستا مەلا ئەحمەد سینەمۆكی شەهید، زانستی شەرعی دەخـوێنێ، هـەروەها بـە سـەلیقەو خۆمانـدووكردنی زۆر لـە بـواری ڕاگەیانـدنو كارەبـاییو تـەداویو دەرزیلێدانیـشدا هەنـدێك شـارەزایی پەیـدا دەكـاتو سـەفەری ژیـانو كوێرەوەریـەكانی جگـە لـەم وێستگانە، بە سەنگەسەرو خەباتو كەڵەكی سەر بە هەولێریشی ئاشنا دەكەن.

كاك عـەبدوڕڕەحمان بـازاوایی لاوی دینـدارو ڕەوشـت بـەرز لـە ڕاپـەڕینی جـەماوەریی ١٩٩١ دا پەیوەندی بە ڕیزەكانی بزووتنەوەی ئیـسلامیی پێشوو دەكـاتو دڵـسۆزانە ڕۆڵی خۆی دەبینێو دوای دامەزراندنی یەكەمین كەناڵی تەلـەفزیۆنی ئیـسلامیش لـە سنووری بیتوێن ماوەیەك لەو كەناڵەدا وەكو لاوێكی هۆشـیارو دڵبێـدار ئیشدەكاتو لێبڕاوانە خزمەت بە بانگەوازی ئیـسلامییو میللەتەكەی دەكات.

ساڵی ١٩٩٣ش لە بەرانبەر ڕێبازو كاروانی ڕابوونی ئیسلامییدا بە ئەركی سەرشـانی خۆی هەڵدەستێ.

دوای ڕاگەیاندنی كۆمەڵی ئیسلامیی لە ٢٠٠١/٥/٣١دا كاك عەبدوڕەحمان بـازاوایی لە هێزی ئازادی بەویەڕی دڵسۆزییەوە شـان وەبـەر ئـەركو فرمانـەكان دەداتو لـەناو دڵی هاوسەنگەرانیدا جێگای خۆی دەكاتـەوەو دڵـی بـە تـەواوی پەیوەسـت دەبـێ بـە خواوە.

سەرەنجام كاك عەبدوڕەحمان بازاوایی ، پەپوولـەی دەوری ڕۆشـناییو ڕێبـواری ڕێبـازی هیدایەتی خواییو گەشتیاری دەریـای دڵنیـایی ، لـە شـەوی ٢١-٢٠٠٣/٣/٢٢ لـە

(ئەحمەدئاوا)ی ناوچەی شارەزوور ، بەهۆی موشەکبارانی ستەمکارانەی ئەمریکاوە لەگەڵ دەیان فەرماندەو پێشمەرگەی مەزلومی کۆمەڵی ئیسلامیی بە پلەی بەرزی شەهیدی دەگاتو دواتر تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی سەنگەسەر بە خاك دەسپێردرێت.

شەهید عەبدوڕەحمان بازاوایی ساڵی ١٩٩٤ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی سێ کوڕو کچێکی بە ناوەکانی (ئیسماعیل، ئیبراهیم، خالید، خەندە) وەك دیاری بە ئیسلامو کوردستان دەبەخشێ.

کاك عەبدوڕەحمان بازاوایی شەهید تەنها بە هەشت رۆژ پێش شەهیدبوونیو لە شەوی (١٣-٣/١٤ لە خورماڵ وەسیەتنامەیەك کە ئاراستەی خزم و کەسوکاری کردووە دەنووسێو ئەو بە دڵێکی بێدارەوە لەوێوە ماڵئاوایی لە ژیانی فانی دونیایی دەکات، ئەمەش بەشێکی وەسیەتنامەکەیەتی:

بسم الله الرحمن الرحيم

**وەسیەتنامە**

أشهد أن لا اله الا الله وأشهد أن محمداً رسول الله

وەسیەت دەکەم بۆ ئەو خزم و کەسوکارەم کە لە دوام بەجێماون ، وە بۆ ئەو برا دینیانەی کە هاوخەباتو هاوسەنگەرم بوون، تکاتان لێدەکەم کە ئەم ئامۆژگاریانەم جێبەجێ بکەن:

١- هەرگیز دەستبەرداری ئەم دینە پاکە نەبنو بە ماڵو بە گیان لە خزمەتی ئیسلامدا بن، چونکە هەموومان بەو ئیسلامەوە سەربەرزین لە هەردووك جیهان.

٢- دوای مردنم یان شەهیدبوونم ئەگەر خوای گەورە بە نسیبم بکات، داوا لە خزمو کەسوکارم دەکەم هیچ ناشەرعیەك نەکەن لە بەخاك سپاردنو تەعزیەو دوای تەعزیەش، گۆڕەکەم نەڕازێننەوە بە هیچ شتێك.

٣- داوا لە خزمو کەسوکارم دەکەم گەردنم ئازاد بکەن لە هەر هەڵەو کەمو کورتیەك کە هەمبووە لە بەرامبەریان، دوعای خێرم بۆ بکەن، گەردنی هەموو موسڵمانێك ئازاد بێت.

٤- داوا لە باوکمو خێزانمو منداڵەکانم دەکەم کە پارەی ئەو کەسانە قەرزدارم کە کاتی خۆی لێم وەرگرتووت کە (١) قەرزەکەم بۆ بدەنەوە یان (٢) گەردنم ئازاد بکەن

٥- وەسیەت بۆ منداڵەکانم دەکەم دەست لە خوێندن هەڵنەگرن‌و ڕێگەی ئیسلام بگرن، بەردەوام خەریکی قورئانخوێندن‌و کاری باش‌و خاوەنی ئەخلاق و ڕەوشتی باش بن، لە دوعای خێر بێبەشم نەکەن، ئەو زەوی‌و موڵك‌و باخچەی هەمانە نەیفرۆشن‌و چاك خزمەتی بکەن بۆ سوودی خۆیان‌و خێری نەبڕاوەی دەبێ بۆمان.

داوا لە خێزانەکەم دەکەم ڕێگەی ئیسلام بەرنەدەیت‌و منداڵەکان بە پەروەردەیەکی ئیسلامی پەروەردە بکەیت‌و خۆت لە هەموو گوناهێکی گەورەو بچووك بپارێزیت.

٦- هەروەها داوا لە خێزانەکەم دەکەم کە دوای مردنم یان شەهیدبوونم ئینشائەڵڵا گەردنم ئازاد بکات لەو حەقە مارەییەی کە لە سەرم بووەو توانام نەبووە بۆی بکەم، لە هەر حەقێکی تر کە بەسەرمەوە بووبێت.

٧- داوا لە باوکم دەکەم گەردنم ئازاد بکات لە هەر مافێکی ئەو کە بەسەرمەوە بووەو پێم جێبەجێ نەبوو، وەعد ئەدەم ئەگەر شەهیدیم بەنسیب بێت، یەکەم کەس کە شەفاعەتی بۆ بکەم، باوك‌و دایکم ئەبن ئینشائەڵڵا، چونکە شەهید شەفاعەت بۆ (٧٠) کەس لە خزم‌و کەسوکاری ئەکات، دوایش بۆ خێزانم‌و خوشك‌و براکانم‌و منداڵەکانم داوای شەفاعەت ئەکەم.

خاڵی کۆتایی من لە شەوی ١٣-٢٠٠٣/٣/١٤ ئەم وەسیەتنامەیەم نووسی لە تەندروستیەکی باشدا بووم دوور لە هەموو نەخۆشی‌و کەم‌و کوڕی عەقڵی، لە خوا داواکارم لە هەموو هەڵەو کەم‌و کوڕیەکانم خۆشبێت.

**عەبدوڕەحمان عەبدوڵڵا عومەر**

**١٣-٢٠٠٣/٣/١٤ خورماڵ**

# شەهید: عەبدوڵڵا خدر پیرۆت



كە تۆ رۆیشتی لێرە ئێمەت بە بۆنی هەنارەكان بۆندار كرد، كە تۆ رۆیشتی ئێمەت بە بۆنی دار سێوەكان بۆندار كرد، گە تۆ سەفەرت كرد ئیتر ئێمە لێرە دەستو پەنجەو سەروسیمامان بۆنی میسكو بۆنی جوانیو گوڵەباخی گرت، كە تۆ رۆیشتی نیشتمان گریاو ئێمەت لێرە عەزادار كرد.


تەماشا چۆن كۆچی ئەم گەنجە لە كۆچی نێرگز دەچیّ، تەماشا چۆن كۆچی ئەم گوڵخونچەیە لە سەفەری دار سێو دەچیّ، بشكێ ئەو دەستەی باڵی ئەم پاساریەی شكاند، بشكێ ئەو دەستەی بەهاری ئەم نیشتمانەی لەم نێرگزە بەپایز كرد.

ئەو گەنجەی كە لە حەقدەهەم ساڵی تەمەنیدا یەك یەك گەڵاكانی خۆی سپاردە ئەو دەریایەی دەیان سەدەیە رێگە دەبڕێ، كاكە (عەبدوڵڵا خدر پیرۆت) ە، كە لە ساڵی ١٩٨٦ لە ئۆردوگای زۆرەملێی (بەستەستێن) ی دەڤەری پشدەر لە بنەماڵەیەكی ئیسلامپەروەر چاوی بە ژیان هەڵێناوە، دوای راگواستنی پشدەر لەلایەن بەعسیەكانەوە ماڵی كاكە عەبدوڵڵا لە كۆمەڵگای زۆرەملێی حاجیاوا نیشتەجێ دەبێتو دوای راپەڕین لە (ژاراوا) دەگیرسێتەوەو هەر لەوێش لە قوتابخانەی ژاراوەی سەرەتایی دەنێرێتە بە خوێندنو قۆناغی سەرەتایی تەواو دەكات، ماوەیەكیش بە كاری شوانیو كۆمەكی خێزانەكەیەوە لە كارو كاسبیدا سەرقاڵ دەبێت، كاكە عەبدوڵڵا لاوێكی كردارو گوفتار شیرینو رەوشت بەرز بوو، هەر لە سەرەتاوە خۆشەویستیی خواو پێغەمبەری خوای درودی خوای لەسەر بێ لە دڵدا سەوز ببوو، بۆیە لە ٢٠٠١/٦/١ وەو دوای راگەیاندنی كۆمەڵی ئیسلامیی ، لە هێزی راپەڕین دەبێتە پێشمەرگەو هەرگیز كەم تەمەنی لەبەردەم ئەم هەنگاوەیدا بە رێگر نازانێو تەنانەت ئەو لە دەوامی پێشمەرگایەتیشیدا ئەوەی بەلاوە گرنگ نابێ كە لە ماڵو حاڵی دوور دەكەوێتەوەو دەبێ لە شارەزوورو خورماڵ بەهۆی لەوێ بوونی باردگای هێزەكەیانەوە بمێنێتەوە.

بەم پێیە كاكە عەبدوڵڵای دڵ پڕ لە حەماسەو موحیببەتی ئیسلام ، لەسەر كارو خزمەتی پێشمەرگایەتی بەردەوام دەبێت، تا لە شەوی ٢١-٢٠٠٣/٣/٢٢دا لە باردگای هێزەكەیاندا لە خورماڵ بەر موشەكبارانی ناهەقی ئەمریكا دەكەوێو بە سەختی بریندار دەبێتو هەر هەمان شەو لەبەر سەختی برینەكەی لە چیای ملەخورد گیانی بە خوا دەسپێرێو دەگاتە كاروانی شەهیدان.

پاشان تەرمی پاكی كاكە عەبدوڵڵای شەهیدی مەزلوم دەهێنرێتەوە ژاراوەو لە گۆڕستانی (سەیدسمایل) بەخاك دەسپێردرێت.

# شەهید: عومەر مستەفا نادر کەریم
# ناسراو بە: عومەرە سوور



ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی (نەیجەڵە) ی سەر بە شاری هەڵەبجەی شەهید لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەریی سەر بە عەشیرەتی زەردۆیی هاتۆتە دونیاوە، تەمەنی منداڵیو لاوێتیی لە گوندەکەی خۆیاندا بەسەر بردووەو نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندنو تەنها بە ئیشو کارو کشتوکاڵو باخەوانییو ئاژەڵدارییەوە خەریك بووە.

ساڵی ١٩٧٨ بە هۆی راگواستنی گوندەکەیان لە لایەن رژێمی درندەی بەعسەوە ماڵەکەیان لە کۆمەڵگای زۆرەملێی (زەمەقی) نیشتەجێ دەبێت، هەر لەوێو لە ساڵی ١٩٨١ ژیانی خێزانی پێکدێنێو دەبێتە فەرمانبەری فەرمانگەی کشتوکاڵ.

ساڵی (١٩٨٣و ١٩٨٤) یش دەبرێتە سەربازیی، بەڵام ئامادەنابێت چیتر ببێتە سووتەمەنی ئەم رژێمە نەگریسە، بۆیە بریاری وازهێنان دەداتو فیراردەکات.

شەهید عومەر بە هۆی کاریگەریی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانو مامۆستایانی ئیسلامخوازی دەڤەرەکەیەوە و هۆگری خۆی بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلامو قبوڵنەکردنو بێزاری ستەمو خوێنرێژیی بەعسییەکانەوە، دوای کیمیایی بارانکردنی شاری هەڵەبجەو لە ساڵی ١٩٨٨ بریاری دەرچوون لە ژێر سایەی رەشی رژێمی بەعس دەداتو پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی ئیسلامەوە دەکاتو لە تیپی (٢٧ی غەزالی) سەر بە هێزی (نەصر) ی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو دەبێتە پێشمەرگە ، زۆر ئازایانەو قارەمانانە درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەداتو ئامادەی گیانبەخشین دەبێت لە پێناوی خواو میللەتە چەوساوەکەیدا.

لە راپەرینی بەهاری ١٩٩١یشدا مەردانە بەشداری دەکات، بە تایبەتی لە شەرەکانی کەلارو کفری دا رۆڵی جوامێرانە دەبینێ.

دوای ئەوە وەك رێبوارێکی سەر راستو خواویستی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان بەردەوام دەبێتو لە ساڵی (١٩٩٣و ١٩٩٤و ١٩٩٧) دەبێتە پەرژینی دەوری رێبازو بیروباوەرەکەی.

تا سەرەنجام کاك عومەر مستەفای کەڵەپیاوی رۆژە سەختەکانی خەباتی شاخو پێشمەرگەی خاوەن ئەزموون ، هەر لەو رێبەداو لە پێناوی پەیامە پیرۆزەکەیداو لە بەرواری (٢١-٢٢/٣/٢٠٠٣) دا لە بارەگای مەکتەبی عەسکەریی کۆمەڵی ئیسلامیی لە خورماڵ لەگەڵ دەیان فەرماندەو پێشمەرگەی تر ،

بە هۆی موشەکبارانی زاڵمانەی ئەمریکاوە شەهید دەبێت، دواتر تەرمە پاکەکەی لە گۆڕستانی (گوڵانی سەروو) لە هەڵەبجە بەخاك دەسپێردرێت.

شەهید عومەر ناسراو بە (عومەرە سوور) دوای خۆی سێ کوڕو دوو کچی بە ناوەکانی (عیرفان، گۆران، دیمەن، رابەر، دیدەن) بە دیاریو یادگاری بۆ ئیسلامو کوردستان بەجێهێشتوون.

# شەهید: ئازاد ئیسماعیل حسێن
## ناسراو بە: گۆساری



شەهید ئازاد لە ساڵی ١٩٨٦ لە گوندی (مەمەنداوە) ی بەری مەرگەو لە بنەماڵەیەکی ئیسلامپەروەر هاتۆتە دونیاوە، دوای راگواستنی گوندەکەیان لە لایەن رژێمی بەعسەوە بۆ کۆمەڵگای زۆرەملێی حاجیاوا لەوێ تا شەشەمی سەرەتایی دەخوێنێ، پاشان بەهۆی کاریگەری ئەو بێدارییە ئیسلامییەی کە دەڤەرەکەی گرتبووەوەو بە تایبەتی لە رێگای مامۆستا مەلا سەید عەبدوڵلاوە خۆشەویستیی ئیسلامو کاری ئیسلامیی لە دڵدا دەچەسپێو دێتە ناو کاری ئیسلامییەوە، لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیانو هاوکاری خێزانەکەشیدا سەرقاڵی کارو کەسابەتو کشتوکاڵ دەبێ، پاشان پەیوەندی دەکات بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوکاتەوە.
ساڵی ١٩٩٩ش لە هێزی هەندرێن دەبێتە پێشمەرگەو دڵسۆزانە دەوامی پێشمەرگایەتیی دەکاتو فەرمانەکان رادەپەڕێنێ، دواتر لە هێزی راپەڕین کە بارەگاکەی لە خورماڵ دەبێ بەردەوام دەبێت لەسەر خزمەتی رێبازو بیروباوەڕەکەیو دەخوازێ زۆرترین خزمەتی میللەتەکەی لەم رێگایەوە بکات.
شەهید ئازاد وەك هەر ویژدانێکی زیندوو، شەهیدبوونی مامۆستا عەبدوڵلای قەسریو هاوەڵانی زۆر کاریگەری بەسەرەوە دادەنێو هەستی دەروونی خۆی لە ئاقار ئەم رووداوەدا دەردەبڕێو دەڵێ:


**فرمێسکی ئاسمان تك تك دەبارێ**
**سەوزایی کێوەڕەش زەرد بوو بە جارێ**
**چاوی گەشی مامۆستاو هاوەڵانی**
**بزر بوو لەبەر دیدی خەڵك لە ناکاوێ**

شەهید ئازاد ناسراو بە (کۆساری) لە (٩/محرم/١٤٢٤-٢٠٠٣/٣/١٢ کە لە بارەگای هێز دەبێ لە ئەحمەدئاوا لە دەروونێکی بێدارەوەو کاتێك ئاسۆکان بە لێڵی دەبینێ، تاو دەداتە قەڵەمو وەسیەتنامەیەك دەنووسێ، لە وەسیەتنامەکەدا هاتووە:
بە ناوی خودای بەخشندە، ئەم وەسیەتنامەیە پێشکەی بۆ دایکم کە هەڵگری غەمو پەژارەی من بووە، پاشان باوکم کە سەبەبی ژیانی من بووە، بۆ هەردوو خوشکەکانم کە هەڵگری خۆشەویستیو مەبەستو مەرامو ئاواتەکانن، پاشانیش هەر سێك براکانم، وەسیەتم وایە کە لە دوای شەهیدبوونی من هیچ غەمو پەژارەیەك نەیانگرێ بە هیچ شێوەیەك قسەیەکی وا نەکەن کە خودای بەخشندە پێی ناخۆش بێ، وە

وەسیەتیشم ئەوەیە کە باوکم دوای شەهیدبوونم ئەو ڕێگایەی من گرتوومە بزری نەکاتو ئاگاداری هەر سێك براکانم بێتو پێیان بخوێنێتو پاشان هانیان بدات تاوەکو دەبن بە موجاهید، وەسیەتم ئەوەیە لە دایكو باوکم کە خوشکەکانم پێشکەشی هەر کەسێك بکەن کە موجاهید بێت، وەسیەتم بۆ هەر کەسێك لە خزمو دۆستو هاوڕێیانم بێ فرتو فێڵ چەك هەڵگرن لە پێناو خوادا.

شایانی باسە خانەوادەی ئیسلامپەروەریی شەهید ئازاد کە بەر لە شەهیدبوونی ئەویش بە دوو ساڵ دوو خوشکی بە یەکەوە لە ئاودا دەخنکێن، بە ئارامگریو سوپاسو حەمدو سەنای خواوە ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەکان بوونەتەوە، بۆیە لەگەڵ شەهیدبوونی کاکە ئازادیشدا کە تەنها ٩ ڕۆژ دوای نووسینی وەسیەتنامەکەیو لە شەوی ٢١-٢٠٠٣/٣/٢٢ لە بارەگای هێزەکەی لە خورماڵ بە هۆی موشەکبارانی بە ناهەقی ئەمریکاوە شەهید دەبێت، بە هەمان سەبرو ئارامگرییەوە ڕووبەڕووی ئەم تاقیکردنەوەیەش دەبنەوەو بە دروشمی (إنا لله و إنا إليه راجعون) پێشوازی لەم بەسەرکردنەوەیە دەکەنو تەرمی پاکی کاکە ئازادی شەهیدیش لە گۆڕستانی حاجیاوای خواروو بەخاك دەسپێرن.

# شەهید: ئەبوبەکر حەمەد ئەحمەد




ساڵی ١٩٨٤ لە گوندی (ماخۆبزنان) ی دەڤەری ئیسلامپەروەریی پشدەرەڕەقەی سەر بە سەنگەسەر ، لە خانەوادەیەکی سەر بە عەشیرەتی ئاکۆ هاتۆتە دونیاوەو ژیانی منداڵیشی هەر لە گوندەکەی خۆیانو تێکەڵ بە رەوەندایەتی بەسەربردووە.


کاکە ئەبوبکر فیترەتی پاكو خاوێنیو گەشەو بەرەوپێشچوونەکانی کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستانو پەیامە راستو رۆشنەکەی، یەکانگیر دەبنو ئیتر بەو هۆیەوە تەواو راستەڕێ دەبێتو ناشیەوێ بە نەشارەزایی ببێتە رێبواری کاروانەکە، بۆیە دەستدەکات بە خوێندنی زانستە شەرعییەکانو تا پۆلی سێیەمی پەیمانگای عەبدوڵڵای کوڕی عومەر لە خورماڵ دەخوێنێو بەردەوامیش دەبێ، لە لایەکی ترەوە وەك ئەندامێکی کارای رێکخستن ئەرکەکانی رادەپەڕێنێو رۆڵی خۆی لەو بوارەدا بە جوانی دەبینێ.

شەهید لە کاتی سەختیەکانیشدا تیغی رەسەن دەبێو سەرکەوتنی خۆییو میللەتەکەی لەسەرکەوتنو گەشەداربوونی رابوونی ئیسلامیی کوردستاندا دەبینێو هەمیشە دەخوازێ لە بەرزیدا بێو پارێزەریشی بێ.

سەرەنجام کاك ئەبوبەکری رێبواری زانستو کادیری سەر راستو پێشمەرگەی ئیسلام ،لە شەوی ٢١-٢٠٠٣/٣/٢٢ لە بارەگای هێزی راپەڕین لە ناوچەی خورماڵو ئەحمەدئاوا ، لەگەڵ دەیان قارەمانی تری کۆمەڵی ئیسلامیدا بە هۆی موشەکبارانی بە ناهەقی ئەمریکا شەهید دەبێو دەگاتە ترۆپکی سەروەرییو بە خوێن شایەدی لەسەر راستیو پاکیزەیی رێبازو بیروباوەڕەکەی دەداتو دواتر تەرمە پاکەکەی دەبرێتەوە گوندی ماخۆبزنانی زێدی باوكو باپیرانیو لەوێ بەخاك دەسپێردرێت.



# شەهید: قارەمان موحەممەد ئەحمەد
# ناسراو بە: مەلا قارەمان



ساڵی ١٩٧٥ لە گوندی (تەیمەزاوە) ی ناوچەی شوانی سەر بە چەمچەماڵ هاتۆتە دونیاوەو چاوی بە ژانو ناسۆرو نسکۆی کورد هەڵێناوە، ژیانی منداڵیی لە گەڕەکی شەهیدانی چەمچەماڵ بەسەربردووە، لە قوتابخانەی سەرەتایی شەهید حەسیب دەستی بە خوێندن کردووەو دواتر چووە بۆ ناوەندی هەڵۆ، پاشان لە حوجرەو لە مزگەوتی شەهیدان درێژە بە خوێندن دەداتو دواجار دەبێتە قوتابی پەیمانگای عەبدوڵڵای کوڕی عومەر لە خورماڵ.

کاک مەلا قارەمان لە ساڵی ١٩٩١و کاتی راپەڕینەوە دەبێتە پێشمەرگەی ئیسلامو لە تیپی تەکیەی هێزی کەرکوک درێژە بە خەباتو دەوامی پێشمەرگایەتی دەدات ، دواتر لەگەڵ قۆناغە سەختەکانی کاروانی جیهادی ئیسلامیی کوردستاندا دەبێتە هاوڕێی گیانی بەگیانی.



کاك مەلا قارەمان هەمیشه شۆڕشی زانستو پێشمەرگایەتی پێکەوه گرێدەداتو لە هەردوو رێگاوه بەرەو ئاسۆ رێگا دەبڕێ، هەر بۆیه له خورماڵیش لەگەڵ بەردەوامبوونی له خوێندنی زانسته شەرعیەکان له پەیمانگای عەبدوڵڵای کوڕی عومەر، له خەباتی پێشمەرگایەتیش بەردەوام دەبێو بەرەبەرە ئاستی شارەزایی بەرزتر دەبێتەوەو تەنانەت دواتر له کۆلێژی شەریعه بەردەوام دەبێ لەسەر خوێندن.

کاك مەلا قارەمان بەهۆی دڵسۆزیو لێهاتوویی و شارەزاییەوه دەکرێته ئەندامی مەڵبەندی کەرکوكو ئەندامی لیژنەی فەتوای مەڵبەندەکە.

تا سەرەنجام ئەم رێبوارە ئەمکدارەی رێبازی زانستو سەنگەری مەردایەتیو رەسەنایەتی له شەوی ٢١-٢٠٠٣/٣/٢٢ لەناو بینایەی مەکتەبی عەسکەری له خورماڵ له ئاکامی موشەکبارانی زاڵمانەی ئەمریکاوه بریندار دەبێو به ژێر دیواری مەکتەبەکەوه دەبێو دواتر له دەرەنجامی ئەو حاڵەتەوەو له رۆژی ٢٠٠٦/٣/٢٦ گیانی بەرەو قاپی میهرەبانی خودا لەشەقەی باڵ دەداتو دەچێته ریزی کاروانی نەمرانەوە، دواتر تەرمە پاکەکەی دەبرێتەوه چەمچەماڵو له گۆڕستانی سەید زەنوونی پیریادی بەخاك دەسپێردرێت.

کاك مەلا قارەمان ساڵی ١٩٩٨ خێزانی پێکەوەنابوو، دوای خۆی کوڕێكو دوو کچی به ناوەکانی (عەبدوڵڵا، ئیسرا، مەروە) دەکاته دیاریو یادگاری ئیسلامو کوردستان.

# شەهیدی سەركردە: موحەممەد رەزا موحەممەد پیرخدری

## ناسراو بە: مامۆستا موحەممەد سەنگاوی



دڵێک پڕ لە کلوی نووسین..... پڕپڕ لە پەلکە گیای وشە[2]
قەڵەمێک رەنگین بە ئەوین
عاشقێک زیاد لە (دووسەد ژوانی) لەگەڵ ئێمەدا بەستبوو
کەسێک پڕ لە کایەی جوان
ئەو هەمیشە چاوی لە نێو کتێبێکا چینەی ئەکرد
پەنجەکانی لە نێو دەشتی لاپەڕەیەکی سپیدا گوڵی وشەیان لێئەدا
لە هەر لایەک گوڵعەنبەرێکی ئەبینی
ئەو بەستەیەک شیعری مەولەوی ئەدایە
لە هەر کۆڕێکا (حەبیبە) پەرداخێک شیعری فێنکی بگێڕایە
ئەو پڕ بە هەردوو دەستەکانی شیعری (نالی) ئەخواردەوە
خوا ئەزانێ ئەو لە (مەنتیقەی خەزرا)دا چەندجار شیعری بادی سەبای بۆ (پیرخدر) ناردۆتەوە
یاخود چەندجار لەناو هۆڵی پەرلەمانا
شیعرێکی حاجی قادری داوە لە زامی نیشتمان
دواجار شەوێکی رەمەزان
شەوێکی پڕ لە تریفەو تەڕاویح و ورشەی ئاسمان
ئەستێرەیەک لەوێ لە پایتەختی وڵات
هەواڵی مەرگی غەمگینی تۆی نووسییەوەو
بردی بۆ رۆژنامەی (مانگ)
مانگ بە مانشێت هەواڵەکەی بڵاوکردەوەو
ئەستێرەکان رۆژنامەکەیان دابەشکردو
بەشی کوردستانیان دایە دەستی حەمرین
حەمرینیش سەرو رۆژنامەی دایە کەرکوک و سلێمانی

---

[2] شیعری کوردە موحەممەد، رۆژنامەی کۆمەڵ، ژمارە (٢٤٣).

**هەواڵەکە لێرە لەگەڵ تەراویح و پارشێوانا**
**هاتە بەر دەرگای ماڵمان، هاتە سەر سفرەو خوانمان**
**لە نیوەی رێی رەمەزانا، ئەو وەختەی دڵ پڕە لە ئیمان**
**هەواڵی مەرگی ئازیزێ چاوی پڕکردین لە گریان.**

کاروانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان، لە سۆنگەی پابەندبوونی بە رەسەنایەتیو هاوڕێیەتی لەگەڵ ئازارەکانی نیشتمانو توانەوەی لە پێناو بەختیاریو ئاسوودەیی دونیاو دوارۆی میللەتدا، هەمیشە کەسانی دڵسۆزو خواویستو مەشخەڵدارانی شکۆو سەروەری لە ئامێز گرتوونو بە دونیایەك پەرۆشو میهرەبانییەوە پێشکەشی کۆمەڵی کوردەواری کردوونو لە رێی راستیو گەیشتن بە ترۆپکی سەرفرازی ژیاونو مردوون.یەکێك لەو کەسە هەڵکەوتووانەی ناو ئاپۆرای ئەم کاروانە خواویستو خەڵك دۆستەدا، شەهیدی سەرکردە (موحەممەد رەزا موحەممەد) ی ناسراو بە (مامۆستا موحەممەد سەنگاوی) یە.



هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوای پێشکەشکردنی وتەیەك

ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی (مەسۆیی بەرگەچی) ناوچەی سەنگاو لە ئامێزی خانەوادەیەكی ئایینپەروەری شێخانی پانی مۆردو ساداتی پیرخدری هاتۆتە دونیاوە، ژیانی منداڵیی لە گوندەكەیان بەسەربردووەو پاشان لە سلێمانی قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندیی ئیسلامیی بەسەركەوتوویی بڕیوە، دوای ئەوە زیاتر تامەزرۆی زانستو زانیاری دەبێ، بۆیە لە بەغدا پەیمانگای باڵای ئیسلامیی بۆ پێگەیاندنی پێشنوێژو وتاربێژ تەواودەكات، پاشان بڕوانامەی دبلۆمی باڵا لە وتارو زانستە ئیسلامییەكاندا بەدەستدەهێنێو هەر لە هەمان بواردا بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە كۆلێژی ئیمام ئەعزەم لە بەغدا بەدەستهێناوە ، دوای روخانی رژێم و لە قۆناغێكی نوێشدا دەبێتە خوێندكاری زانكۆی (سانت كلیمێنتس)ی بەریتانی لە كەركوك.

مامۆستا موحەممەد سەنگاوی لە ساڵی ١٩٨٤دا پەیوەندی بە رێكخستنەكانی كاری ئیسلامییەوە دەكات، لە راپەڕینی ئازاری (١٩٩١) یش رۆڵی بەرچاو دەبینێو هەر لەو كاتەشەوە دەبێتە هاوڕێی گیانی بە گیانی پێشمەرگەی ئیسلامو مەڵبەندی سلێمانی دەكاتە مەكۆی ئیسلامخوازیی و خزمەتی پێشمەرگایەتی.

بەڵام هەر لەسەرەتاوە بەهۆی دڵسۆزیو لێهاتووییەوە پلەكان دەبڕێو هەر لە ساڵی ١٩٩١ دەبێتە جێگری بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەوكاتە، لە ساڵی (١٩٩٢) شەوە تا ساڵی ١٩٩٤ دەبێتە ئەندامی مەكتەبی رێكخستنو بەرپرسی هەرێمی سلێمانی، دواتر بووە بە سەرپەرشتیاری هەرێمەكانی رێكخستن.

لە ساڵی ١٩٩٦دا لە كۆنفرانسی مەكتەبی رێكخستندا بە بەرپرسی بەش هەڵبژێردراوە، لە ساڵی ١٩٩٨دا بووە بە جێگری مەكتەبی كۆمەڵایەتی، دوای راگەیاندنی كۆمەڵی ئیسلامی، بە ئەندامی سەركردایەتیو بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی هەڵبژێردراوە، لە ساڵی ٢٠٠٣و دوای رووخانی رژێمی بەعس كراوەتە بەرپرسی مەڵبەندی كەركوكی كۆمەڵی ئیسلامیی.

لە هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق لە ٢٠٠٥/١٢/١٥دا وەك نوێنەری كۆمەڵی ئیسلامیی و لەسەر لیستی هاوپەیمانی كوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردراوەو لەو بوارەدا كەسایەتییەكی سەنگینو كاراو دڵسۆز بووە لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانو لیستی هاوپەیمانی كوردستاندا.

مامۆستا موحەممەد سەنگاوی لەلایەك پێشمەرگەو لەلایەکی ترەوە کەسێکی بانگەوازکارو سوارچاکی مەیدانی بانگەواز بوو بۆ ئاشناکردنی رۆڵەکانی میللەت بە راستە شەقامی ژیان.

هەروەها لە بواری صولْح و صەلاحەت و ئاشتەواییشدا کەسێکی بەتوانا و هەڵسوڕاو بوو، جێگای متمانەی خەڵك بوو، لەلایەکی ترەوە لە بواری نووسیندا خاوەنی فکرێکی رۆشن و قەڵەمێکی بە بڕشت بوو، بوو بە خاوەنی دەیان بەرهەمی بەپێزی جۆراوجۆر کە بریین لەمانەی خوارەوە.

بەرهەمە چاپکراوەکانی:

١- روناکبیری لاوانی موسڵمان، ساڵی ١٩٨٩ لەچاپ دراوە.

٢- سەلامکردن ١٩٩٣.

٣- شایەتیم بۆ مێژوو ١٩٩٧.

٤- کوشتنی تاغوتێك ١٩٩٨.

٥- زانایەکی سەرکردەو لاوێکی فیداکار ١٩٩٨.

٦- کورتەیەك دەربارەی بنەماڵەی شێخ ئیسماعیلی عەوالان ١٩٩٨.

٧- وەڵامێك بۆ نووسەری کتێبی (عمر أمة الأسلام) ١٩٩٩.

٨- فەزڵ و پلەوپایەی پێغەمبەر ﷺ و بنەماڵەی بەڕێزی و هاوەڵانی دڵسۆزی چاپی یەکەم ١٩٩٩.

٩- ئەبو بەصیر فەرماندەی مەفرەزە پارتیزانەکانی پێغەمبەر ﷺ ١٩٩٩.

١٠- موحەممەدی کوڕی مەسلەمە پێشڕەوی دەزگای تایبەتی پێغەمبەر ﷺ ١٩٩٩.

١١- گەشتێك بۆ نێو موسڵمانانی چین ١٩٩٩.

١٢- عەبدوڵلای کوڕی ئونەیس ٢٠٠١.

١٣- حوکمی جوێن و قسەوتن بە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکانی ٢٠٠٢.

١٤- فەزڵ و پلەوپایەی پێغەمبەر ﷺ و بنەماڵەی بەڕێزی و هاوەڵانی دڵسۆزی چاپی دووەم ٢٠٠٣.

بەرهەمە چاپ نەکراوەکانی:

١- هەوڵەکانی تیرۆرکردنی پێغەمبەر ﷺ.

٢- ئەدەبی میوان.

٣- ئەدەبی میواندار.

٤- مافەکانی دراوسێ.
٥- پێغەمبەر ﷺ لە شیعری کوردیدا.
٦- توێشووی رێگا بۆ رێبواری بەئاگا.
٧- قەڵای رازیانە.
٨- سەردانی لاوان لە بەهەشتدا لە ژیان و بەسەرهاتی پێشەوایان حەسەن و حوسەین (رضي الله عنهما).

شایەنی باسە لە رۆژنامەی (کۆمەڵ)یشدا گۆشەیەکی بە بەردەوامی بە ناوی (ژوانگەی سەروەران) دەنووسیی ، کە زیاتر لە (٢٠٠) ئەڵقە بوو، تا شەهیدبوونی بەردەوام بوو، دواتر لە دووتوێی کتێبێکدا لەلایەن رۆژنامەی ناوبراوەوە هەر بە ناوی (ژوانگەی سەروەران)ەوە چاپ و بڵاوکرایەوە.

ئەمە جگە لە نووسینی دەیان بابەتی تر لە رۆژنامەکاندا.

شەهید مامۆستا موحەممەد سەنگاوی لە سۆنگەی خوێندن و بایەخی زۆری بە خۆ رۆشنبیرکردن و فێربوونی زانستەکاندا، شارەزاییەکی باشی لە بوارەکانی فیقهـو عەقیدەو دەعوەدا هەبوو، نزیك بە نیوەی قورئانیشی لەبەربوو.

لە لایەکی تریشەوە ئەندامی کاراو دەستەی دامەزرێنەری سەنتەری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی (ساداتی پیرخدری) بوو، ئەو هەموو ژیانی خۆی بە ئایین و گەل و نیشمان بەخشیبوو، نەیدەزانی پشوودان چییە، بە جۆرێك خۆشەویستیی خوداو پێغەمبەری پێشەوای بەدڵدا چووبوو، هەموو ئازارێکی لە پێناو سەرخستنی ئایینی خواداو گەیاندنی پەیامەکەیدا لەخۆ دەگرت، هەمیشە ئومێدو هیوا لە بزە ئیمانییەکەیەوە دەباری، تا سەرەنجام مامۆستا موحەممەد سەنگاوی قارەمان و سەرکردەو نووسەرو سیاسەتمەدارو بانگەوازکارو خۆشەویست ، لە پێناو خزمەتی ئایین و گەل و نیشتمانیدا لە ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە (١٣/رەمەزان/١٤٢٧ — ٥/١٠/٢٠٠٦) لە شاری بەغدا لەگەڵ کاکە (سەلاح ئیسماعیل حسێن)ی شۆفێریدا لەلایەن دەستێکی دژ بە خواو مرۆڤایەتی و رەش و تیرۆریستەوە ، تیرۆرکران و گەیشتنە ترۆپکی سەروەری و چوونە ریزی کاروانی شکۆداری شەهیدە سەربەرزەکانمانەوە.

هەواڵی شەهیدبوونیان ویژدانی هەموو لایەکی راچڵەکاندو ناوەندە حکومی و حزبی و پیشەیی و جەماوەرییەکان لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان بەتایبەتی ئەم تاوانە چەپەڵەیان بە توندی مەحکوم و ریسوا کرد.

پاشان تەرمی هەردوو شەهیدی مەزلّووم بەرێزو شکۆوە هێنرایەوە کوردستانو تەرمی شەهیدی سەرکردە مامۆستا موحەممەدی سەنگاوی لە شاری سلێمانی بە بەشداری نوێنەرانی حزبیو حکومیو جەماوەرێکی زۆرو سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامییو زانایانو ئەهلی تەریقەتو ساداتەوە ، لە مەراسیمێکی شایستەدا لە گۆڕستانی (کاك ئەحمەدی بۆنخۆش) بەخاك سپێردرا.

مامۆستا موحەممەد سەنگاوی لە ١٩٩١/٨/٢٢ خێزانی پێکەوە نابوو، دوای خۆی سێ کوڕو دوو کچی بە ناوەکانی (ئەحمەد، عەبدوڕڕەحمان، عەبدوڵلا، بەهەشت، پەیام) بە دیاریی و یادگاریی بۆ ئیسلام و کوردستان بەجێهێشتووە.


# شەهید سەڵاح ئیسماعیل حسێن




ساڵی ١٩٧٩ لـە شارۆچـکەی خورمـاتوو هاتۆتـە دونیـاوە، وەك کـوڕێکی پێدەشتی گەرمیان لەگەڵ سەختیەکانی ژیاندا هەناسەی داوە.
دواتر نراوەتە بەر خوێندن، بەڵام نەیتوانیوە لە قۆناغی دووی ناوەندی زیاتر درێژە بـە خوێندن بداتو بە کارو کاسبیو دابینکردنی بژێوی ژیانەوە خەریك دەبێت.
کاکە سەلاح لە ساڵی (١٩٩٨) ەوە لە بەغدا نیشتەجێ دەبێت، لە دوای هەڵبـژاردنی مامۆستا موحەممەد سـەنگاوی بـە ئەنـدامی ئەنجومـەنی نیـشتمانی عێـراق، دەبێتـە شـۆفێری تایبـەتی مامۆسـتای شـەهیدو تـا سـاتی شـەهیدبوونی دڵـسۆزانە ئـەرکو فرمانـەکان رادەپـەڕێنیو بـە وریـایی لەگـەڵ بـارودۆخی ئـاڵۆزو شـڵەژاوی بەغـدای پایەتەختدا مامەڵە دەکات، وەك شۆفێرێکی کارامـەو چاوکراوەو شـارەزا پەیوەست دەبێ بە کارو دەوامو رێنوماییەکانیەوە، تـا سـەرەنجام لـە ئێـوارەی رۆژی پێنجـشەممە (١٣/رەمەزان/١٤٢٧ – ٥/١٠/٢٠٠٦) هەر لەگەڵ مامۆستا موحەممـەد سـەنگاویدا لەلایـەن چەندتیرۆریـستێکەوە دەڕفێنـرێنو تیرۆردەکـرێنو دەگەنـە کـاروانی پـڕ لـە سەروەری شەهیدان، دواتر تەرمی پاکی بەڕێزو حورمەتەوە دەهێنرێتـەوە کوردسـتانو لە زێدی خۆیان بەخاك دەسپێردرێت.


# چەند پۆسکارتێکی هونەرڕی کە بۆ پۆلێک شەهیدی سنووری هەندێک مەلبەند درستکراون




من المؤمنين رجال صدقوا ما عاهدوا الله عليه


من المؤمنين رجال صدقوا ما عاهدوا الله عليه







# فەهرەست



| لاپەڕە | ناوی شەهید | ژمارە |
|---|---|---|
| ٣ | سوپاس و پێزانین | ١ |
| ٥ | ئاگاداری و داواکاری | ٢ |
| ٧ | پێشەکی | ٣ |
| ٩ | پوختەیەك دەربارەی شەهید | ٤ |
| ٢٠ | ئەوانە کێن؟ | ٥ |
| ٢٣ | عەزیز رەسوڵ عەزیز | ٦ |
| ٢٧ | ئازاد شێخ عەزیز محێدین | ٧ |
| ٣٠ | بابەشێخ صدیق ئیسماعیل | ٨ |
| ٣٥ | بەختیار جافر تەها حەسەن | ٩ |
| ٣٨ | ئیبراهیم حەمزە عەبباس | ١٠ |
| ٤٠ | مەحمود نادر کەریم | ١١ |
| ٤٢ | مەلا کاوە مستەفا حەیدەر عەلی | ١٢ |
| ٤٦ | عەبدوڕڕەحمان مستەفا عەبدوڵڵا | ١٣ |
| ٤٨ | گوڵ ئەحمەد موحەممەد عەلی | ١٤ |
| ٥٠ | زەینەدین قوتبەدین عەلی | ١٥ |
| ٥٣ | صابر موحەممەد رەشید | ١٦ |
| ٥٦ | ئەبوبەکر حەمە عەبدولقادر رەسوڵ قەرەداغی | ١٧ |
| ٥٨ | سمکۆ مەحمود حەسەن | ١٨ |
| ٦١ | مەحمود کەریم رەسول رەشید | ١٩ |
| ٦٤ | عەلی موحەممەد هۆمەر | ٢٠ |
| ٦٨ | حەسەن نەبی ئەحمەد حەمدان | ٢١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٢ | عەلی رەسوڵ موحەممەد | ٧٢ |
| ٢٣ | شەهیدانی داستانی دۆڵەرووت | ٧٧ |
| ٢٤ | بەهاددین موحەممەد زاهیر | ٧٩ |
| ٢٥ | صابیر مەحمود حسێن | ٨١ |
| ٢٦ | عوسمان کەریم سەعید | ٨٥ |
| ٢٧ | عومەر ساڵح رەسوڵ | ٨٨ |
| ٢٨ | موحەممەد سەعید مەعروف | ٩٠ |
| ٢٩ | وەعدوڵڵا صاڵح مەرعی | ٩٢ |
| ٣٠ | سەلام مەموحەممەد ئەحمەد | ٩٥ |
| ٣١ | عیزەددین رەئوف رەحیم | ٩٧ |
| ٣٢ | عبدوڕەئوف ئیسماعیل حەمەئەمین | ٩٩ |
| ٣٣ | موحەممەد مەحمود حەسەن | ١٠٢ |
| ٣٤ | عومەر رەسوڵ براین پیرانی | ١٠٥ |
| ٣٥ | کەمال عەلی مەحمود | ١٠٧ |
| ٣٦ | عادل حەمە حەمەرەشید | ١٠٩ |
| ٣٧ | حەسەن ئەحمەد نەبییە سور | ١١١ |
| ٣٨ | ئەحمەد موحەممەد عەبدوڵڵا | ١١٣ |
| ٣٩ | خدر حەمەد ئەمین فەقێ عومەر | ١١٦ |
| ٤٠ | ئیبراهیم حسێن ئەحمەد | ١١٨ |
| ٤١ | رزگار نەجمەددین نورەددین | ١٢١ |
| ٤٢ | سەمیر نورەددین عەلی | ١٢٤ |
| ٤٣ | حەسەن ئەحمەد حەسەن | ١٢٩ |
| ٤٤ | شیروان موحەممەد جوکل | ١٣٣ |
| ٤٥ | صابر موستەفا ئەحمەد | ١٣٦ |
| ٤٦ | مەحمود فازڵ عەبدوڵڵا | ١٤٥ |
| ٤٧ | موحەممەد رەسوڵ موحەممەد | ١٤٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٨ | عەبدوڵڵا خزر حەمەد | ١٥٣ |
| ٤٩ | عەلی مەحمود خدر | ١٥٥ |
| ٥٠ | عیماد فەریق عەبدولحەمید | ١٥٨ |
| ٥١ | مەحمود موحەممەد سۆفی عەلی | ١٦٠ |
| ٥٢ | عادل حەمەشین عەبدولکەریم ئەفەندی | ١٦٢ |
| ٥٣ | حسێن ساڵح ئەحمەد | ١٦٥ |
| ٥٤ | بارام ئەحمەد موستەفا | ١٦٧ |
| ٥٥ | جەمال رەحیم میرزا | ١٦٩ |
| ٥٦ | موحسین یاسین موحەممەد | ١٧١ |
| ٥٧ | عەدنان موحەممەد نامیق | ١٧٣ |
| ٥٨ | کامەران موحەممەد کەریم | ١٧٥ |
| ٥٩ | دڵشاد ئەمین قادر حەمە | ١٧٨ |
| ٦٠ | جەلال نەسرەدین سەعید | ١٨٠ |
| ٦١ | حەمەد نەبی رەسوڵ | ١٨٢ |
| ٦٢ | نورەددین عەبدوڕەحمان عەلی | ١٨٩ |
| ٦٣ | عەبدوللەتیف عەبدوڵڵا عەزیز | ١٩١ |
| ٦٤ | عوسمان ئەحمەد عەزیز | ١٩٧ |
| ٦٥ | عەبدوڕڕەحمان موحەممەد ئەمین بەکر | ٢٠٠ |
| ٦٦ | موحەممەد ئەمین فەتتاح | ٢٠٢ |
| ٦٧ | سۆران تاهیر خورشید | ٢٠٥ |
| ٦٨ | ئەحمەد زەنون مەجید | ٢٠٧ |
| ٦٩ | زەنون مەجید موحەممەد | ٢٠٩ |
| ٧٠ | موحەممەد حامد ساڵح | ٢١١ |
| ٧١ | فازیڵ عەبدولعەزیز عەبدوڵڵا | ٢١٤ |
| ٧٢ | بەهاددین قادر فەرەج | ٢١٧ |
| ٧٣ | عەلی عەبدوڕڕەحمان عەبدوڵڵا | ٢٢٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٧٤ | ئەیوب حسێن عەبدوڵڵا | ٢٢٢ |
| ٧٥ | قادر حەمەد قادر | ٢٢٤ |
| ٧٦ | عەبدوڵڵا پیرۆت رەسوڵ | ٢٢٧ |
| ٧٧ | موحەممەد مەحمود ئەحمەد | ٢٣٠ |
| ٧٨ | عەبدوڵڵا موحەممەد قادر | ٢٣٤ |
| ٧٩ | ستار عەلی فەتاح | ٢٣٦ |
| ٨٠ | موستەفا ئەمین ساڵح | ٢٣٨ |
| ٨١ | رەسوڵ حەمەد رەسوڵ خدر | ٢٤٠ |
| ٨٢ | عەبدوڵڵا موحەممەد عەبدوڵڵا پشتئاشانی | ٢٤٢ |
| ٨٣ | ئیبراهیم خدر ئیبراهیم | ٢٤٥ |
| ٨٤ | رەسول عەبدوڵڵا ئەحمەد هێرۆیی | ٢٤٨ |
| ٨٥ | سەیفوڵڵا عەبدولفەتاح موحەممەد | ٢٥٠ |
| ٨٦ | تاریق عەبدوڵڵا | ٢٥٣ |
| ٨٧ | ئیسماعیل موحەممەد کەریم | ٢٥٥ |
| ٨٨ | عەبدوڕڕەحمان سەعید تاهیر | ٢٥٧ |
| ٨٩ | ستار موحەممەد فەرەج | ٢٥٩ |
| ٩٠ | ئامانج تاهیر حەسەن کۆیی | ٢٦١ |
| ٩١ | رەسوڵ حەسەن ئەحمەد | ٢٦٤ |
| ٩٢ | ئیحسان حەمەصدیق عارف | ٢٦٦ |
| ٩٣ | سلێمان رەشید سەعید | ٢٦٩ |
| ٩٤ | ئەحمەد رەحیم میرزا | ٢٧٢ |
| ٩٥ | کەمال عەلی کاک ئەحمەد | ٢٧٥ |
| ٩٦ | نورەددین عوسمان عەلی | ٢٧٨ |
| ٩٧ | ئیبراهیم عەبدوڵڵا موحەممەد | ٢٨٠ |
| ٩٨ | لوقمان موحەممەد ئیسلام | ٢٨٢ |
| ٩٩ | کاروان ئەحمەد عەبدوڵڵا | ٢٨٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠٠ | مستەفا موحەممەد مورادخان | ٢٨٦ |
| ١٠١ | حسێن ئیسماعیل ئەحمەد | ٢٨٨ |
| ١٠٢ | موحەممەد ساڵح قادر | ٢٩١ |
| ١٠٢ | موحەممەد یونس قادر | ٢٩٣ |
| ١٠٤ | وریا موحەممەد سەعید | ٢٩٥ |
| ١٠٥ | ئەحمەد بابەکر ئەحمەد | ٢٩٩ |
| ١٠٦ | عەلی حسێن ئەحمەد | ٣٠٢ |
| ١٠٧ | جەلال عەلی قادر | ٣٠٤ |
| ١٠٨ | ئەرسەلان موحەممەد ئەمین | ٣٠٧ |
| ١٠٩ | گۆران حەیدەر ڕۆستەم | ٣٠٩ |
| ١١٠ | خدر موحەممەد ڕەشید ( خدر کۆساری) | ٣١١ |
| ١١١ | عومەر موحەممەد فەقێ خدر | ٣١٨ |
| ١١٢ | موحەممەد ڕەحیم شاکر | ٣٢١ |
| ١١٣ | سامان مەجید عەزیز | ٣٢٣ |
| ١١٤ | سەباح جاسم حەسن | ٣٢٥ |
| ١١٥ | نازم موحەممەد تۆفیق | ٣٢٧ |
| ١١٦ | حەسەن ڕەفعەت حسێن | ٣٢٩ |
| ١١٧ | شێرزاد عەلی قادر | ٣٣١ |
| ١١٨ | عەباس مەحمود عەزیز | ٣٣٣ |
| ١١٩ | ئیسماعیل ئەمین عەلی | ٣٣٥ |
| ١٢٠ | عەبدوڵڵا ڕسوڵ موحەممەد | ٣٣٧ |
| ١٢١ | حامد عەبدوڕڕەحمان شەریف | ٣٣٩ |
| ١٢٢ | ئاکۆ مستەفا حەمەد ئەمین پشتئاشانی | ٣٤١ |
| ١٢٣ | عەبدوڵمەناف عەبدوڵڵا ئیسماعیل | ٣٤٣ |
| ١٢٤ | ئیسماعیل عەبدوڵڵا حەمەد ڕەسوڵ | ٣٤٥ |
| ١٢٥ | نەوزاد عەبدوڕڕزاق عەبدوڵڵا | ٣٤٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢٦ | ئومێد عومەر ڕەسوڵ | ٣٤٩ |
| ١٢٧ | یاسن موحەممەد ئەمین | ٣٥١ |
| ١٢٨ | ئەکرەم عەلی ئەحمەد | ٣٥٣ |
| ١٢٩ | ئەنوەر عەزیز فەرەج | ٣٥٦ |
| ١٣٠ | موحەممەد ئەسعەد عەلی | ٣٥٨ |
| ١٣١ | عدنان نوری ئەحمەد | ٣٦٠ |
| ١٣٢ | سەردار جەبار کەریم | ٣٦٢ |
| ١٣٣ | ئیبراهیم موستەفا داود | ٣٦٤ |
| ١٣٤ | جەمال عەبدوڵڵا قادر | ٣٦٧ |
| ١٣٥ | سەیفور غەفور یارئەحمەد | ٣٧٠ |
| ١٣٦ | موختار حەمەلاو ئیبراهیم | ٣٧٣ |
| ١٣٧ | مەحمود ئەحمەد موحەممەد | ٣٧٥ |
| ١٣٨ | عەبدوڕڕەحیم عوسمان کەریم | ٣٧٨ |
| ١٣٩ | ناتق عزت عەبدولکەریم | ٣٨٠ |
| ١٤٠ | کەمال عەبدوڵڵا نادر کەریم | ٣٨٢ |
| ١٤١ | نەبەز حسێن موحەممەد عەلی | ٣٨٥ |
| ١٤٢ | خالید خدر سەعید پیرۆت | ٣٨٧ |
| ١٤٣ | ئەحمەد موحەممەد حەمەساڵح | ٣٨٩ |
| ١٤٤ | یاسین ساڵح کەریم | ٣٩٢ |
| ١٤٥ | عەلی موحەممەد جەلال | ٣٩٤ |
| ١٤٦ | لەتیف حەمەساڵح عەبدولقادر | ٣٩٧ |
| ١٤٧ | جەلال کەریم فەتاح | ٤٠٠ |
| ١٤٨ | موحەممەد بابەکر فەقێ ئیسماعیل | ٤٠٢ |
| ١٤٩ | عومەر ئەحمەد حوسێن | ٤٠٦ |
| ١٥٠ | ساڵح ئەحمەد پیرۆت عەبدوڵڵا | ٤١٠ |
| ١٥١ | ساڵح عەبدوڵڵا موحەممەد | ٤١٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥٢ | عەبدولباست موحەممەد عەبدولقادر | ٤١٥ |
| ١٥٣ | موحەممەدئەمین قادر موحەممەدئەمین | ٤١٨ |
| ١٥٤ | ئەبوبەکر موحەممەد ئەحمەد | ٤٢٠ |
| ١٥٥ | بەهمەن عەتا مەحمود موحەممەد | ٤٢٢ |
| ١٥٦ | عەبدوڕڕەزاق رەشید کەریم | ٤٢٤ |
| ١٥٧ | جواد مەعروف موحەممەد عەلی | ٤٢٨ |
| ١٥٨ | موحەممەد عەبدوڵڵا موستەفا | ٤٣٠ |
| ١٥٩ | ئیسماعیل ئەحمەد ئیسماعیل | ٤٣٣ |
| ١٦٠ | عومەر فەرەج سەعید | ٤٢٧ |
| ١٦١ | سکران عەباس حسێن | ٤٤٠ |
| ١٦٢ | موحەممەد حەسەن ئەحمەد | ٤٤٢ |
| ١٦٣ | موحەممەد مەحمود رەشید مارف | ٤٤٤ |
| ١٦٤ | ئیبراهیم حاجی حەمەساڵح سەعید | ٤٤٧ |
| ١٦٥ | ئەمێر جەمیل موحەممەد ساڵح | ٤٥٠ |
| ١٦٦ | رەسوڵ قوربانی ئیبراهیم | ٤٥٣ |
| ١٦٧ | خدر نەبی ئەحمەد | ٤٥٦ |
| ١٦٨ | ئاراس شەریف | ٤٥٩ |
| ١٦٩ | شوان حەمەساڵح دەروێش شەریف | ٤٦٢ |
| ١٧٠ | شەریف موحەممەد موراد ئەحمەد | ٤٦٧ |
| ١٧١ | غەفور موحەممەد موستەفا حسێن | ٤٧٠ |
| ١٧٢ | ئەمین کاکە حەمە جەبار | ٤٧٣ |
| ١٧٣ | ئاریان عەبدوڕڕەحمان موحەممەد | ٤٧٥ |
| ١٧٤ | والی فارس حسێن | ٤٧٧ |
| ١٧٥ | دیاری والی تاهیر | ٤٨٠ |
| ١٧٦ | حەمە ئەمین عەبدوڕڕەحمان موحەممەد | ٤٨٣ |
| ١٧٧ | عەزیز موحەممەد ئەمین | ٤٨٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٧٨ | عەدنان عەزیم سەعید | ٤٨٨ |
| ١٧٩ | عەبدوللا رسول رشید | ٤٩١ |
| ١٨٠ | گۆران کەریم | ٤٩٤ |
| ١٨١ | سەید عەتار ئەحمەد | ٤٩٦ |
| ١٨٢ | موحەممەد صابر کەریم | ٤٩٩ |
| ١٨٣ | عەبدوللا عەباس حەمە ئەمین | ٥٠١ |
| ١٨٤ | عومەر عەزیز حەمەسور | ٥٠٤ |
| ١٨٥ | خەلیل موحەممەد ئەمین | ٥٠٦ |
| ١٨٦ | بەهادین میرزادین قادر | ٥٠٩ |
| ١٨٧ | فەرهاد هاشم ئیبراهیم | ٥١١ |
| ١٨٨ | کەمال صدیق موحەممەد | ٥١٨ |
| ١٨٩ | ئەحمەد مەحمود عەزیز | ٥١٩ |
| ١٩٠ | عەبدوللا رەسول قەصری | ٥٢١ |
| ١٩١ | عەبدولجەبار موحەممەد پیرۆت | ٥٣٠ |
| ١٩٢ | دلێر حەسەن ئیسماعیل | ٥٣٣ |
| ١٩٣ | موحەممەد ئەمین موحەممەد | ٥٣٥ |
| ١٩٤ | ئەحمەد حەسەن حەمە | ٥٣٧ |
| ١٩٥ | ئومێد حەمەئەمین حەمەسالح | ٥٣٩ |
| ١٩٦ | عومەر ئەحمەد کاك عەبدوللا | ٥٤٣ |
| ١٩٧ | عەلی حەسەن واحید | ٥٤٥ |
| ١٩٨ | عەلی موستەفا حەمەخان | ٥٤٨ |
| ١٩٩ | تالب رسول موحەممەد | ٥٥٠ |
| ٢٠٠ | موحەممەد رسول حەمەد | ٥٥٤ |
| ٢٠١ | عەلی ئیسماعیل نەبی | ٥٥٧ |
| ٢٠٢ | خدر وتمان عەلی | ٥٥٩ |
| ٢٠٣ | عومەر جونئەت ئەحمەد | ٥٦١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠٤ | موحەممەد حەسەن حەمە باهۆمەر | ٥٦٣ |
| ٢٠٥ | یاسن عەلی موحەممەد | ٥٦٥ |
| ٢٠٦ | ئیسماعیل عەبدوڵڵا حەمە | ٥٦٨ |
| ٢٠٧ | عەبدورڕەحمان عەبدوڵڵا عومەر | ٥٧١ |
| ٢٠٨ | عبدوڵڵا خدر پیرۆت | ٥٧٥ |
| ٢٠٩ | عومەر موستەفا نادر | ٥٧٧ |
| ٢١٠ | ئازاد ئیسماعیل حسێن | ٥٨٠ |
| ٢١١ | ئەبوبەکر حەمەد ئەحمەد | ٥٨٣ |
| ٢١٢ | قارەمان موحەممەد ئەحمەد | ٥٨٥ |
| ٢١٣ | موحەممەد ڕەزا موحەممەد پیرخدری | ٥٨٨ |
| ٢١٤ | سەلاح ئیسماعیل حسێن | ٥٩٥ |
| ٢١٥ | فهرەست | ٦٠١ |